# دەولەت و میرگەهێن کوردی

## ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا

# الدول والإمارات الكُردية

## في العصرين الوسيط والحديث




کۆمەکا ڤەکۆلەران

مجموعة باحثين



Zakho Centre for Kurdish Studies


بەرگێ ئێکێ

UNIVERSITY OF ZAKHO

زانكۆيا زاخۆ

Zakho Centre
for Kurdish Studies

سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# دەولەت و میرگەهێن کوردی

# ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا

کۆمەکا ڤەکۆلەران

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکۆلینێن کوردی

سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

| | |
|---|---|
| پەرتووك | دەولەت و میرگەهێن كوردی ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا |
| ژ نڤیسینا | كۆمەكا ڤەكۆلەران |
| بەرگ | بەرگێ ئێكێ ٢٠٢٣ |
| بەرگ و سەرپەرشتییا دیزاینێ | وارهێل عەبدولباقی<br>رمزیە خلیل احمد |
| دەستەكا دیزاینێ | شرین غریب صالح<br>ئیمان عبد محجوب<br>رێزان قاسم حسێن<br>فاطمە خالد عزیز<br>سارە فیاض طیب<br>دلژین مستەفا یوسف<br>هێژا فاخر سەعید |
| رێكخەر | پالە عیسا |
| ISBN | 978-9922-661-15-5 |
| ژمارا سپاردنێ | D- \2344 \ 23 |

مافێ چاپێ یێ پاراستیە بۆ ©
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی
zcks@uoz.edu.krd +964 (0) 751 536 1550
Iraq-Kurdistan Region, Zakho- Univesity of Zakho




**سحر السيد عبد العزيز سالم و ابراهيم محمد علي مرجونة، تاريخ الاكراد: دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية، الاسكندرية، ٢٠١٠.**

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# پێشکێشکرن

هوگر طاهر توفيق | نزار أيوب حسن

ئاراس محمد صالح
أجقو علي
بشار اكرم جميل
پەخشان سابير حەمەد
ثريا محمود عبد الحسن
حسين عثمان عبدالرحمن
خضير عباس المنشداوي
خطاب إسماعيل أحمد
درويش يوسف حسن
زرار صديق تۆفيق
سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
عبدالباسط سيدا
عبد الغنى عبد الفتاح زهرة
عثمان احمد محمدعلي
عمار يوسف عبدالله
عوسمان دەشتی
فايزة محمد حسن ملوك
فرست مرعي إسماعيل
فرهاد حاجي عبوش
كامران أورحمان مجيد
کەیوان ئازاد ئەنوەر
محمد الطاهر بنادي
محمود صالح سعيد
نزار علوان عبدالله
هيمداد حوسێن بەکر
ابوبكر دێوانه حمد بالەکی
توفيق رشيد يوسف
دەريا جەمال حەوێزی
سروشت جەوهەر
شهلة برهان عبدالله
طارق محمد أورحيم
عماد عبدالعزيز يوسف

قحطان احمد فرهود
لوقمان رەئووف
محمد علي صالح ويس
محمد محمود محمود حمد الدودانى
هدار سليم صالح
یەدوڵلا پەشابادی
أحمد سعيد السيد زيدان
بزار عثمان أحمد
پەروین رەئووف هادی
حسام السيد ذكى شلبى
شريف محمد مراد
صدرالدين عبدالرحمن قادر
عبد الباري عزيز عثمان
علي رحمتى
محسن إبراهيم أحمد الدوسكي
محمد مولود متي
نعمەت شەهاب حاجی
ئیسماعیل خالند ناوخۆش
امين غانم محمد
جەمیل محەمەد ئەنوەر شێلازی
خالد مغديد كانبى
ژیهات قادر حەسەن
شاين حمد امين صادق
شمال خمو خضر
صالح زاهير محمد
عبدالخالق عبدالله عثمان
کۆڤان رێسان حەسەن
نێچیروان جاسم ولی
هێرش کەمال رێکانی

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پشتی هەلبژارتنا ڤەکۆلینان ژلا یێ لیژنەیا زانستیڤە، لیژنەیا ژێرێ ب کارێ سەرپەرشتی و ئامادەکرنا ڤەکۆلینان ژ پێخەمەت دیزاینکرن و بەلاڤکرنێ ڕا بوو. لیژنە ژ ئەڤان بەڕێزان پێکهاتییە:

١. پ. د. هوگر طاهر توفیق
٢. . پ. هـ. د. نزار أیوب حسن
٣. پ. د. عبدالسلام نجم الدین عبداالله
٤. پ. د. حسین عثمان عبدالرحمن

ئەڤ پەرتووک کە (دەولەت و میرگەهێن کوردی ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا) کۆ مەکا ڤەکۆلینان ب خوە ڤە دگریت، کو بۆ هەڤ تەمین کۆنفرانسێ ناڤدەو لەتییێ سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی یا سەر ب فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی ل زانکۆیا زاخۆ، ل ڕۆژێن ٣ و ٤ێ گولانا ٢٠٢٣ێ هاتینە پێشکێشکرن. ڤەکۆلینێن گەهشتینە کۆنفرانسێ ژلایێ لیژنەیا زانستیڤە هاتینە هەلسەنگاندن و ڤەکۆلینێن هەژی بۆ بەلاڤکرنێ هاتینە دەستنیشانکرن. لیژنەیا زانستییا کۆنفرانسێ ژ ئەڤان بەڕێزێن ل خوارێ پێکدهێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پ. د. هوگر طاهر توفيق | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ کۆنفرانسێ |
| پ. د. عبدالسلام نجم الدين عبدالله | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی |
| پ.هـ. د. نزار أيوب حسن | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ لیژنەیا زانستی |
| پ.د. خليل علي مراد | صلاح الدين | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. حسين عثمان عبدالرحمن | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. فاخر حسن يوسف | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ. هـ. د. ديار عبدالكريم سعيد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. فرست مرعي اسماعيل | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. شوكت عارف محمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. خضير عباس محمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. خطاب إسماعيل احمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.د. شێرزاد زكريا محمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. لولاف مصطفى سليم | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. غسان وليد مصطفى | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. طارق احمد شيخو | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. عثمان عبدالكريم عمر | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. اڤين محمد حسن | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. محمد عبد القادر حسين | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. کامران إبراهيم خليل | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| پ.هـ. د. حيدر لشكري | کۆیە | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| د. هيمن عمر احمد | سۆران | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| د.ئیسماعیل شمس | علامه طباطبایی | ئیران | ئەندام |
| پ.هـ.د. سەبری ئاتەش | S.Methodist. Uni | ویلایەتێن ئێکگرتییێن ئەمریکا | ئەندام |
| پ.هـ.د. فاتح گەنچەر | Bitlis Eren. Uni | کۆمارا تورکیا | ئەندام |
| پ.هـ.د. ئەرجان گوموش | Mardin Artuklu. Uni | کۆمارا تورکیا | ئەندام |
| پ.هـ.د. ئەرجان چاغلایان | Muş Alparslan . Uni | کۆمارا تورکیا | ئەندام |

Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | | | |
|---|---|---|---|
| پ.هـ.د. عومەر توكوش | Bingöl . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| پ.هـ.د. مەتين ئاتماجا | Ankara Sosyal Bilimler . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. خلات موسى | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| د. ئەردال چيفتچى | Mardin Artuklu . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. فەسيح دينچ | Mardin Artuklu . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. ئەكرەم ئاكمان | Mardin Artuklu . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. نەوزاد كەلەش | Bingöl. Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. يالچن چاكماك | Munzur. Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. يووسف بالوكەن | Yozgat Bozok . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. ساشا ئەلسەنجاكلي | Inalco‹s Eurasian Studies | كۆمارا فەرەنسا | ئەندام |
| د. ياشار كاپلان | Hakkâri . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| د. عەبدولسەلام ئەرتەكين | Dicle . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |
| م. عەبدوللاهـ دەمير | Bingöl . Uni | كۆمارا توركيا | ئەندام |

## ليژنەيا ئامادەكار

| | | |
|---|---|---|
| پ. هـ. د. ماجد محمد يونس | سەرۆك | زانكۆيا زاخۆ |
| د. شورەشڤان عادل | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| د. ژيروان سەعيد | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| پ. هـ. د. شڤان قاسم حسن | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| پ. هـ. د. كاوان خليل اسماعيل | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. جمعة محمد قادر | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. وارهيل إسماعيل عمر | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. كاروان صالح ويسي | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. هژار عبد الله حسين | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. سليمان شفيق | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. عمر عبد الرحمن عمر | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. ژێهات قادر حسن | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. وحيد نعمت رمضان | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. پالە عيسى | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. دلێر كمال | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. محەمەد عيسى | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. وارهيل عبدالباقي كامل | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. جەگەرخوين جميل امين | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |
| م. محمد حجي حميد | ئەندام | زانكۆيا زاخۆ |

# ناڤەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| پێشگۆتن | پ. د. هوگر طاهر توفيق<br>پ. هـ. د. نــزار أيــوب حسن | ١ |
| میرنشینەکانی کوردستان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ناوی میر و هۆزەکان و باژێڕ و کەلهەکان | پ. د. زرار صديق تۆفيق | ٧ |
| کاریگەری کۆچ و کۆچپێکردن لە سەر هەرێمەکوردنشینەکان لەنێوان سەدەکانی (٥-٦ک/ ١١-١٢ز). | پ. ی. د. ئەبوبکر دێوانە<br>حەمەدحەسەن باڵەکی<br>ئیسماعیل خالند ناوخۆش | ٣١ |
| شوێنەواری شەدادیەکان لەشاری ئانی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە | پ. هـ. د.طارق محمد ئەورەحیم | ٥٧ |
| دەولەتا دوستەکی – مەروانی (٣٧٢-٤٧٨مش/٩٨٢-١٠٨٥ز) د پەرتوکا (العبر) دا یا ئیبن خەلدونی (م:٨٠٨مش/١٤٠٥ز) | صالح زاهير محمد زێباری | ٨٣ |
| هۆکارە ناوخۆییەکانی ڕووخانی میرنشینە کوردییەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاستد میرنشینیە کوردییەکانی سەردەمی خیلافەتی عەباسی بە نموونە (٣٣٤-٥٩٥ك/٩٤٥-١١٩٠ز) | پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | ١١٣ |
| هەڤبەندیا دناڤبەرا ناووسك و دێراندا!! (دەڤەرا ئامێدییێ وەك نموونە) | م. جەمیل محەمەد شێلازی | ١٤٧ |
| بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە میرایەتی بادیناندا | پ. د. ئاراس محمد صالح | ١٧٧ |
| ژ دەق و دەستنڤیسێن ب زمانێ کوردی ل سەردەمێ میرگەها بەهدینان ل سەدێ ١٦- ١٨٤٢ز | هێرش کەمال ڕێکانی | ١٩٩ |
| میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندەییەکاندا (١٧٥١-١٧٩٤) | د. نعمەت شەهاب حاجی | ٢٣١ |
| ڕۆڵی زانستی و سەربازی ئافرەتانی کورد لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩ زاینیدا "توێژینەوەیەکی مێژوویيە" | د. بژار عوسمان ئەحمەد | ٢٥٩ |
| میرنشینی بابان و داگیرکاریی عوسمانی لە قەسیدەیەکی سالم دا | پ. د. هیمداد حوسێن بەکر<br>پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن | ٢٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆڵی میرگەهێن کوردی لە سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکیی کوردیدا (بۆتان . بابان) بە نموونە | پ. د. عوسمان دەشتی<br>پ. ی. د. دەریا جەمال حەویزی | ٣٢٥ |
| ڕۆشنبیری زمان و ئەدەبی کوردی لە سایەی میرنشینی بۆتان و میرنشینی بابان دا | پ. د. پەخشان سابیر حەمەد | ٣٤٧ |
| ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان لە گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان بەنموونە | پ. ی. د .لوقمان رەئوف عەلی<br>پ. ی. د. سروشت جەوهەر حەویز | ٣٨٣ |
| ڕەنگڤەدانا بەرخودانا کەلا دمدم د فۆلکلۆرێ کوردیدا و بەراوردکرنا ئەوێ لگەل ژێدەرێن دیرۆکی | پ. د. حسين عثمان عبدالرحمن | ٤٠٧ |
| میر و میرگەهـ د روانگەها خانیدا | م. ژیهات قادر حەسەن | ٤٣٥ |
| ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان لە ئەدەبی کوردیدا | م. ی. نێچیروان جاسم ولی | ٤٥٩ |
| رولێ میرێن هوزانڤان د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیا سەریدامیرگەهێن بەهدینان و هەکاری وەك نموونە | د. پروین رووف هادی | ٤٩٣ |
| ڕەنگدانەوە و ڕۆڵی یوفیمیزم لە گوتاری میری بۆتان لە چوارچێوەی "مەم و زین" ی ئەحمەدی خانیدا | أ. م. خالد مغديد كانبى<br>أ. م. شاين حمدامين صادق | ٥١٩ |
| هەولێن شێخ حەسەنێ ئادانی (١١٩٤ – ١٢٤٦)ز بۆ چێکرنا قەوارەیەکی سەربەخۆ (ل دویف ئەدەبیات و کەلتوورێ ئێزدیان) | کۆڤان ڕێسان حەسەن<br>شمال خمو خضر | ٥٤٧ |
| ڕەنگدانەوەی مێژووی میرانی کورد لە شیعری حاجی قادری کۆییدا | د. یەدوڵلا پەشابادی | ٥٧٥ |
| بررسی جایگاه ایل زعفرانلو در درگیری‌های نظامی و چالش‌های سیاسی عصر افشار | علی رحمتی | ٥٩١ |
| اهمیت ژئوپولیتیک مناطق کردنشین ایران در قرون نهم و دهم هجری | یووسف تەکین<br>سلیمه افراسیابی | ٦٢١ |
| تقديم | أ. د. هوگر طاهر توفيق<br>أ. م. د. نزار أيوب حسن | ٦٤٣ |
| أطباء الدويلات والمدن الكوردية ودرهم في تقدم علم الطب | أ. د. خضير عباس المنشداوي | ٦٤٩ |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

| | | |
|---|---|---|
| ألقاب الأمراء الكُرد ودلالاتها الدينية – السياسية خلال القرنين (٤-٥هـ/١٠-١١م) | أ. د. فرهاد حاجي عبوش | ٦٨٣ |
| تمرد الأمير شروه بن مم | پ. د. درويش يوسف حسن | ٧٠٥ |
| أثر الصراعات الداخلية للإمارة العنازية على سياستها العامة | أ. د. بشار اكرم جميل | ٧٢٣ |
| أخبار الحسنويين الكُرد أصحاب الإمارة الحسنوية من خلال كتاب الكامل في التاريخ لإبن الأثير دراسة تاريخية | أ. د. خطاب إسماعيل أحمد | ٧٣٣ |
| نساء بني مروان في تاريخ ميافارقين للفارقي (ت بعد٥٧٧/١١٨١م) | م. د. هدار سليم صالح | ٧٧٩ |
| الأمير أحمد بن مروان رائد التأسيس للعمل الإنساني في الإمارة المروانية الكردية | ا. د. علي أحمد أجقو | ٧٩٩ |
| الامارات الكردية في كتاب مرآة الزمان في تواريخ الأعيان لسبط ابن الجوزي- دراسة تحليلية مقارنة | پ. د. فرست مرعي إسماعيل<br>أ. عبدالخالق عبدالله عثم | ٨٢١ |
| الإمارات الكردية في مسالك الابصار لابن فضل الله العمري (ت: ٧٤٩هـ/ ١٣٤٩م) | أ. م. محمد علي صالح الشرابي | ٨٥٧ |
| منهج المؤرخين فى تناول تاريخ الأكراد: ابن خلدون نموذجاً دراسة تحليلية ونقدية | ا. د. عبد الغنى عبد الفتاح زهرة | ٨٦٩ |
| أتابكية لورستان الكُرديةمن خلال رحلة ابن بطوطة | أ. د. خطاب إسماعيل أحمد<br>ا. م. د. توفيق رشيد يوسف | ٨٩٥ |
| دور السلطان صلاح الدين القيادي في تأسيس واتساع الدولة الأيوبية وتماسكها | عبدالباسط سيدا | ٩٢٣ |
| جهود السلطان صلاح الدين الأيوبي في نشرها المذهب السني الأشعرية أنموذجاً | د. شريف مراد البوطاني | ٩٤٩ |
| دور الاديرة العلمية في المناطق الكوردية في القرن ٣-٦هـ/ ٩-١٢م | پ. هـ. د. شهلة برهان عبدالله | ٩٧١ |
| دور علماء الكرد في تدوين ونشر العلوم الإسلامية النقلية والعقلية . | د. عبدالباري عزيز عثمان | ١٠٠١ |

| | | |
|---|---|---|
| آراء أحمد بن إسماعيل الكوراني في مصطلح الحديث من خلال كتابه الكوثر الجاري إلى رياض البخاري | د. محسن إبراهيم أحمد الدوسكي | ١٠٢١ |
| التراث الثقافي والحضاري الكردي في كتابات الرحالة دراسة في كتابات خلال القرن السابع عشر الميلادي، الرحالة "أوليا جلبي" إلى كردستان ١٠٦٥هـ/ ١٦٥٥م | د. أحمد سعيد السيد زيدان | ١٠٥٥ |
| بهدينان في كتابات مؤرخي الموصل في القرن الثامن عشر ياسين بن خير الله العمري انموذجاً | أ. د. محمود صالح سعيد | ١٠٨٧ |
| عوامل تراجع الامارة البابانية عن حالة الازدهار والتقدم في عهد امارة سليمان باشا (١٨٢٨-١٨٣٨) | ا. د. نزار علوان عبدالله | ١١٠١ |
| الامارة البابانية دراسة في احوالها الداخلية وعلاقاتها الخارجية حتى عام ١٨٥١م (دراسة تاريخية) | أ. د ثريا محمود عبد الحسن الخزعلي<br>أ. م. د. قحطان احمد فرهود | ١١١٣ |
| مساهمات النساء في الشؤون الإدراية والدينية في إمارة أردلان ماه شرف خانم (مستوره) نموذجاً | أ. د. كامران أورحمان مجيد<br>د. محمد مولود متي | ١١٤٣ |
| الإمارات الكُردية في المصادر الأمريكية المعاصرة خلال النصف الأول من القرن التاسع عشر الميلادي | د. حسام السيد ذكي الإمام شلبي | ١١٩١ |
| صراع النفوذ البريطاني _ الروسي في كردستان خلال النصف الاول من القرن التاسع عشر واثره على الامارات الكردية ١٨٠٠-١٨٥١ | ا. د. عمار يوسف عبدالله | ١١٩١ |
| الانتفاضات الكردية في كردستان في النصف الاول من القرن التاسع عشر | أ. م. د. عماد عبدالعزيز يوسف<br>م. م. امين غانم محمد | ١٢٠١ |
| الابعاد الدولية لحركة الأمير بدرخان باشا ١٨٤٢-١٨٤٧ | ا. د. عثمان علي<br>م. د. صدرالدين قادر | ١٢٤٧ |
| واقع كردستان في ظل المعاهدات الإيرانية-العثمانية (١٥١٤ - ١٨٤٧) م | پ. د. محمد الطاهر بنادي | ١٢٧٧ |
| الأوضاع الاقتصادية والاجتماعية للإمارات الكردية في مذكرات جيمس بكنغهام وجيمس ريج | أ. د. م محمد محمود محمود حمد الدودانى | ١٣٠٧ |
| سياسة الدولة العثمانية تجاه الإمارات الكردية في كردستان (١٥١٤-١٨٥١م) | أ. د. فائزة محمد حسن ملوك | ١٣٢٣ |


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# پێشگۆتن

پ. د. هوگر طاهر توفیق
پ. هـ. د. نزار ئەیووب حەسەن

گۆتنەك د ناڤەندێن ئەكادیمی و گشتیدا بەلاڤ بوویە ئەوژی؛" كوردان د مێژوویێدا چ دەولەت نەبوون"، یان ژی دەولەت و میرگەهێن كوردان د سەردەمێن بووریدا (نیمچە دەولەت) بوون و نە خودان بڕیارا خوە یا مەركەزی بوون و ئەڤ گۆتنە د سەردەمێ سەرهلدانا دەولەتێن نەتەوەییدا ل سەدەیێن ١٩ و ٢٠ پتر بەلاڤ بوو نەخاسمە پشتی كوردان نەشیاین دەولەتەكێ بۆ خوە ل سەر ئەردێ خوە (كوردستانێ) ئاڤا بكەن.

ل سەر بناخەیێ ئەڤێ هزرێ وئەڤێ بۆچوونا دیرۆكێ سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی بڕیاردا كو كۆنفرانسێ خوە یێ حەفتێ ل ژێر ناڤێ (دەولەت و میرگەهێن كوردی ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا" بگێڕیت، داكو ب كووراتی بچیتە د ناڤ ژیان و شارستانی و كاریگەرییێن ئەواندا و ئەڤا ل خوارێ كورتییەكە ژ ئەوان دەولەت و میرگەهێن كوردانە ئەوێن د چارچووڤێ جوگرافیا كوردستانێدا پەیدا بووین:

-١-

## دەولەتێن كوردان ل سەردەمێ ناڤەڕاستا ئیسلامیدا

د سەردەمێ خیلافەتا عەبباسیدا پێنج دەولەت و دەولەتۆكێن كوردان پەیدا بوون كو د ڕێڤەبرنا كاروبارێن خوەیێن ناڤخۆیی و دەرەكیدا سەربخۆ بوون، ئەوژی:

١- دەولەتۆكا ڕەووادی (٣٣٧-٤٦٣هـ/٩٤٩-١٠٧١م)، ئەوا ل ئازەربیجانێ ل ڕۆژهەلاتا كوردستانێ پەیدا بووی وئەڤە كەڤنترین دەولەتا كوردییە ل ڕۆژهەلاتا ئیسلامی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

و پایتەختێ ئەوێ باژێرێ تەبریز بوو، سەبارەت ئەوان ئیبن ئەثیر دبێژیت: "کوردێن ڕەووادی ل ئازەربیجانێ پەیدا بوون و ئەو ژ پێشکێش و بەراهیێن کوردانە" و ژ گرنگترین میرێن ئەوان محەمەد کوڕێ حسێنێ ڕەووادی، دەیسەم کوڕێ ئیبراهیمێ ڕەووادی، ئەبی لهەیجاء کوڕێ مەملان".

٢- دەولەتا شەددادی ل ئاران (ئێریڤانێ) (٣٤٠-٥٩٥هـ/٩٥١-١١٩٨م): دکەڤیتە باکوورێ رۆژهەلاتێ کوردستانێ، کوردان شیان دەولەتەکا سەربخۆ ل ئارانێ کو پارچەیەکا سەر ب هەرێما ئازەربیجان وئەرمەنستانێیە ئاڤا بکەن وژ مەزنترین میرێم ئەڤێ دەولەتێ: محەمەد کوڕێ شەدادێ کوردی، محەمەد کورێ مەرزبانێ کوردی، ئەبولحەسەن عەلی کورێ مووسایێ لەشکەری.

٣- دەولەتا حەسنەوییە ل هەمەدانێ (٣٤٨-٤٠٦هـ/٩٥٩-١٠١٥م)، ژ گرنگترین میرێن ئەوێ؛ حەسنەوییە کوڕێ حسێنێ بەرزگانی، بەدرێ کوڕێ حەسنەوییەی.

٤- دەولەتا عەیاری (عەنازی) (٣٨١-٥١١هـ/٩٩١-١١١٧م)، ل باژێرێ حەلوانێ- زەهاو ل نزیکی باژێرێن جەلەولاء وخانەقین و قەسر شیرینێ ل باشوورێ کوردستانێ هاتییەدانان، ژ گرنگترین میرێن ئەوێ: ئەبولفەتح محەمەد کوڕێ عیاز، ئەبولشەوک، ئەلشەوق کوڕێ ئەبولفەتح محەمەد کوڕێ عیازی.

٥- دەولەتا دەستکی- مەروانی (٣٧٣-٤٨٩هـ/٩٨٣-١٠٩٦م)، ل دیاربەکر ل باکوورێ کوردستانێ هاتیە دامەزراندن وگەلەك باژێر ب سەرڤە بوون وەك سێرت، خیزان، حسنکێفا، جزیرا بۆتان، نسێبین، میافارقین، مەلازگرد وئەرجیش.... دامەزراندنا ئەوێ ل سەردەستێ باد کوڕێ دوستکێ کوردی بوو، باد سەرکردەیێ کوردێن حەمیدی بوو وناسناڤێ (بابێ عەبدوللاهی وبابێ شوجاعی) هەبوون. دەربارەی ئەوی ئیبن ئەثیر دبێژیت:" ئەوی ل تخووبێن دیاربەکرێ گەلەك غەزوە دکر، ئەو خودانێ ڕەوشتەکێ مەزن بوو، لەوڕا خەلك ل دور ئەوی کومبوون... هەروەسا ئەو کەسەکێ مەرد بوو وپەزێ خوە ژ بۆ خوارنا خەلکی سەردبڕی، لەوڕا ناڤودەنگێ مەردینیا ئەوی ل هەمی جهان بەلاڤ بوو، ڤێجا مروڤێن ئەوی زێدە بوون وهەردەمێ دەستکەفتەك یان تالانەك ب دەست کەڤتبا ئێکسەر ل سەر زەلامێن خوە دابەش دکر... ژبەر حەزا مللەتێ ئەوی یێ کورد بۆ ئەوی ئەو د حوکمێ خوەدا سەرکەفتی بوو". هەروەسا دیرۆکنڤیس ئەلفارقی دبێژیت: "ئەو زەلامەکێ جەببار بوو". ژ میرێن ئەڤێ دەولەتێ: باد کوڕێ دوستکی، ئەبو عەلی حەسەن کوڕێ مەروانی، ئەبو نەسر ئەحمەد کوڕێ مەروان.

پتریا ئەڤان دەولەت ودەولەتووکان ل سەر دەستێ تورکێن سەلجوقی پشتی هێرشێن ئەوان بۆ سەر جیهانا ئیسلامی ل دووماهییێن سەردەمێ عەبباسی هاتنە ژناڤبرن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## میرنشینێن کوردان ل سەردەمێ نوو

کوردستان ل سەدەیێن ١٣ و١٤ کەڤتە بەر هێرشێن مەغول وتەتاران و پتریا دەڤەرێن کوردستانێ ل سەر دەستێ تەیموور لەنگی (١٣٣٦-١٤٠٤ز) هاتنە وێرانکرن، ئەو تەیموورێ گەلەك ژ میرگەهێن کوردان ئێخستینە ژێر ڕکێفا خوە. و پشتی ڤان ڕوودانان دوو دەولەتێن تورکمانی دەرکەڤتن کو حوکم ل کوردستانێ دکرن ئەو ژی قەرەقوینلو (پەزێ ڕەش) (١٣٨٠-١٤٦٨م) کو بازێڕێ تەبریز وەکو مەلبەند بۆ خوە هەلبژارتبوو وئاق قوینلو (پەزێ سپی) (١٣٧٨-١٥٠١) کو پایتەختێ ئەوان دیاربەکر بوو، پاشی ل سالا ١٥٠٨ کوردستان کەڤتە دبن ڕکێفا دەولەتا سەفەوی، لێ ئەڤ ڕەوشە گەلەك نەڤەکێشا و ل سالا ١٥١٤ شەڕەکێ ڤەبڕ ل دەشتا چالدیرانێ د ناڤبەرا سەفەوی و دەولەتا عوسمانیدا ڕوودا و ژ ئەنجامێ ئەوێ پتریا کوردستانێ کەڤتە ژێر دەستهەلاتا عوسمانیدا و بەشا ڕۆژهەلاتا کوردستانێ دبن حوکمێ سەفەویدا ما و ئەڤ دوخێ دابەشبوونێ هەتا سەدەیێ ٢٠ بەردەوام بوو.

د قۆناغا دەستپێکێ ژ سەردمێ نوودا، هەروەك دیرۆکنڤیسێ کورد شەرەفخان ددەتە دیارکرن، د کوردستانێدا ول هەر دوو پشکێن سەفەوی و عوسمانیدا ٤٨ میرگەهێن کوردی هەبوون و دبیت گرنگترین میرگەهـ ل کوردستانێ ئەوبن ئەوێن بەدلیسی ب گۆتنا " حاکمێن کوردستانێ ئەوێن هەرچەندە بانگەشەیا سولتانی و سەربخۆیێ نەدکر، لێ هندەك جاران ئەوان ب تەنا سەرێ خوە خوتبە ب ناڤێن خوە خواندیە و پارە ب ناڤێن خوە لێدایینە" بەحسێ ژێ کریە، ئەو ژی: ئەردەلان، هەکاری، ئامێدی، جەزیرە و حسنکێف بوون".

ئەڤ میرگەهە هەر ژ سەدەیێ ١٦ تا ناڤەڕاستا سەدەیێ ١٩ خودانێ پەیڤا دووماهیێ د ژیانا سیاسییا کوردستانیدا بوون، و دبیت تشتێ ژ هەمی پتر ئەڤ میرگەهە جیاواز کربیت بابەتێ شارستانیێ بیت کو پێشبڕکییا هندەك ژ دەولەتێن ئەوی سەردەمی دکر، ژ ئەوان شارستانیا میرگەها بەدلیسێ هەروەك گەڕوکێ تورك ئەولیا چەلەبی ل ١٦٥٥ بەحس کری کو ل سەردەمێ میرێ ئەوێ عەبدال خانی بەدلیسێ بازاڕەکێ ئاڤا و شارەکێ ب ڕەوش بوو کو چەندین قەسر و پر و پەرتووکخانە و... تێدا هەبوون، ول ئەوی دەمی ئەوی گۆتنا خوە یا ناڤدار گوت:" ئەز گەڕوکەکم کو ٤٠ سالە ل وەلاتان دگەڕم، لێ ئەڤ تشتە من ل چ وەلاتەکێ دی نەدیتیە".

مژارا شارستانیا کوردی گەلەک گرنگترە، ژبەر کو گەلەك ژ لایەنێن ئەوێ نەهاتینە ڤەکۆلین، هەروەسا بابەتێ شارستانیا دەولەت و میرگەهێن کوردان د پەراوێزا مژارێن سیاسیدا دهێنە بەحسکرن، لێ د ڕاستیدا شارستانی ئەو خۆدیکە و ئاستێ هزر و ئاڤەدانییا هەر مللەتەکێ دیار دکەت، و مللەت و گەل ب ئاستێ وەرارا شارستانییا خوە و تێگەهشتنا خوە بۆ کەتواری و پشکدارییا ئەوی د خزمەتکرنا مروڤایەتییێدا دهێنە پیڤان،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بێ گومان كوردان ل ئەوی سەردەمی شارستانیا تایبەت ب خوەڤە هەبوو ژبەر كو شوونوارێن هەبوونا شارستانی ل كوردستانێ هند گەلەكن كو هەتا نوكە بەرماییێن ئەوان ب چاڤ دهێنە دیتن و هژمارا ئەوان هند زورە كو د شیاندا نینە هەموو د پەرتووكەكێدا بهێنە تۆماركرن، چونكە ب ڕاستی كوردستانی دكەڤیتە سەر چیایەكی ژ شوونوارێن مێژوویی، لێ كێماسیا شارستانیا كوردان ئەوە كو د دەمێ خوەدا نەهاتینە تۆماركرن و رۆلێ ئەوان یێ دیرۆكی چ ل كوردستانێ یان ل دەرڤەی وێ ب دروستی نەهاتییە ئاشكەرا كرن.

-٣-

## كەڤتنا میرگەهێن كوردی ل ناڤەڕاستا سەدەیێ نوزدەیێ

نیڤا ئێكێ ژ سەدەیێ نوزدەیێ پەیدابوونا سێ بزاڤێن مەزن ب خوەڤە دیت كو ژلایێ میرێن كوردڤە ل دژی دەولەتە عوسمانی هاتنە ئەنجامدان، و ئارمانج ژئەڤان بزاڤان بەرفرەهكرنا سنورێ میرگەهێن خوە و وەرگرتنا پتر سەربەخوییێ د بڕیاراندا بوو

**بزاڤا ئێكێ**: ئەو بزاڤ بوو ئەوا ژلایێ عەبدولرەحمان پاشایێ بابانی (١٧٨٩-١٨١٣) هاتییە ئاراستەكرن وئەو ژ بهێزترین میرێن میرگەها بابان بوو، ئەوی دەستهەلات ل ١٧٨٩ وەرگرت، لێ پتر ژ شەش جاران ژ حوكمێ خوە هاتە لادان، ئەو ژی ژبەر هەڤڕكیێن ناڤخویی یان دەستێوەردان و لەشكەركێشەیا هەردوو دەولەتێن ئیران و عوسمانی. بهێزترین سەردەمێ ئەوی د ناڤبەرا ١٨١٠-١٨١٢ بوو دەمێ داخواز ژێ هاتییە كرن كو ببیتە والیێ بەغداد لێ ئەوی ڕەدكر. عەبدولرەحمان پاشا ژ نشكاڤە ل ١٨١٣ وەفات كر وپشتی مرنا ئەوی میرگەهـ بەرەڤ لاوازیێ چوو ول سالا ١٨٥١ هاتە هەلوەشاندن.

هوزانڤان شێخ ڕزایێ تالەبانی (١٨٣٥- ١٩٠٩) سەبارەت ئەڤێ میرگەهێ دبێژیت:

له بیــرم دێ ســولەیمانی كه دارولمــولكی بابــان بــوو
نه مەحكوومی عەجەم، نه سوخرەكێشی ئالێ عوسمان بوو

**بزاڤا دوویێ**: ئەو بزاڤا مەزن بوو ئەوا ژلایێ میرێ سۆران محەمەد بەگی (میرێ گەورە- میرێ كۆرە) (١٨١٣-١٨٣٦) هاتیە ئەنجامدان، ئەوی ل دەستپێكێ گرنگی ب چێكرنا چەكان ب تایبەت توپان دا، وپشتی دەستنیشانكرنا بەرەیێ خوە دەست ب ڤەگرتنا میرگەهێن بابان، بەهدینان و بۆتان كر و باژێڕێن كەركووك، هەولێر و سێرت ستاندن. دهندەك ژ ژێدەرێن دیرۆكیدا هاتیە كو هەژمارا لەشكەرێ میر محەمەدی نزیكی ١٣٠ هزار سەربازان بوو، پشتی ئەوان سەركەفتنان دەولەتا عوسمانی هەوەكا مەزن ب سەرۆكاتییا والیێ سیواس محەمەد ڕەشید پاشای هنارتە سەر میر محەمەدی و ژ بەر نەهەڤسەنگییا هێزێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

دەولەتا عوسمانی شیا هەتا سالا ١٨٣٦ حوكمێ میر محەمەد و میرگەها سۆران ب دووماهی بینیت.

كونسولێ بەریتانی جیمس برانت ل سالا ١٨٣٥ سەبارەت میر محەمەدێ ڕەواندوزی دبێژیت:"من پرسیار كر چەوا هند رووقاییم بوویە كو بشێت بەرسینگێ محەمەد ڕەشید پاشای براوەستیت، ددەمەكیدا كو پاشای دەستهەلاتا خوە ژ سولتانی وەرگرتبوو؟ د بەرسڤدا حەجییەكی [كەسەكێ كورد] گۆتە من: نە ئەوی نە بابوكالێن ئەوی چ جاران خوە بۆ پاشایان نەچەماندبوو و چ جارا باج نەدابوون سولتانی، لەوڕا ئەو نزانین بۆچی نەچارە كو نوكە وەبكەت! لەوڕا هندی ژ ئەوی دهێت دێ بەرگریێ ژ خوە كەت".

**سەبارەت بزاڤا سێیێ:** ئەو بزاڤە بوو كو ژلایێ میرێ بۆتان بەدرخان بەگی (١٨٣٨-١٨٤٧) ل دژی دەستهەلاتا عوسمانی هاتیە ڕاگەهاندن، پشتی شیای هندەك ژ میرگەهێن باكورێ كوردستانێ د قولپەكا موكومدا كۆم بكەت بڕیار دا كو سنوورێ خوە بەرفرەهـ بكەت، لەوڕا دەولەتا عوسمانی هەوەكا مەزن ژ ٢٥ هزار سەربازان ب سەرۆكاتییا عوسمان پاشا ل گولانا ١٨٤٧ هنارتە سەر بۆتان، ژلایێ خوەڤە بەدرخان بەگی نەشیا خوە ل بەر هێرشا عوسمانی بگریت و ل ٢٠ تیرمەها ١٨٤٧ خوە ڕادەستی دەولەتێ كر، پاشی بۆ ئیستانبولێ هاتە هنارتن و ژ ئەوێرێ بۆ گزیرتا (گریت) هاتە دوورخستن، پاشی زڤڕی بۆ شامێ و ل سالا ١٨٦٨ل باژێڕێ دیمەشقێ وەفات كر.

ب ئەڤان ڕوودانێن مەزن سەردەمێ میرگەهان ل كوردستانێ ب داوی هات وكوردستان كەڤتە دبن حوكمێ ڕاستەوخویێ دەولەتا عوسمانیدا و ل دووماهێ د كارین ئەگەرێن كەڤتنا میرگەهێن كوردی د ئەڤان خالاندا كورت بكەیت:

١- لاوازبوونا میرگەهێن كوردان هەر ژ دووماهیێن سەدەیێ هەڤدە هەتا دەستپێكا سەدەیێ نوزدە.

٢- هەڤڕكیێن ناڤخویی د ناڤ میرگەهاندا كو وەكر هەر میرەك دەلیڤەیێ ل میرەكێ دی هەلبێخیت.

٣- هەڤڕكی و ململانێیا د ناڤبەرا میرگەهێن كوردیدا كو ل دووماهییێ بوونە ئەگەرێ لاوازبوون و نەمانا ئەوان.

٤- میرگەهێن كوردی ل ئەوی دەمی – نەخاسمە ل دەستپێكێن سەدەیێ نوزدە- كەڤتنە ژێر كاریگەرییا سیاسەتا نێڤدەولەتی و كوردستان بوو ئێك ژ مەیدانێن هەڤڕكییێ د ناڤبەرا دەولەتێن زلهێزێن ئەورووپی نەخاسمە بەریتانیا، فەرەنسا و ڕوسیا قەیسەریدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

٥- ل ژێر گڤاشێن دەولەتێن زلهێز، دەولەتا عوسمانی دەست ب سەپاندا سیستەمێ مەلبەندی ل کوردستانێ کر وئێك ژ مەزنترین ئەنجامێن ئەوێ کەڤتنا میرگەهێن کوردان بوو.

یا گرنگ د ئەڤی ڤەگێڕانا دیرۆکێدا نە ب تنێ دیارکرنا دەولەت ومیرگەهێن کوردانە، بەلکو یا مە دڤێت تەکەزیێ ل سەر بکەین ئەوە کو ئەردێ کوردان (کوردستان) بەردەوام ددەستێ کورداندا بوو و ئەوان حوکم لێدکر و میرگەهـ و دولەتێن خوە ل سەر ئاخا ئەوێ ئاڤا کربوون، تەنانەت ئەو دەمی کوردستان دبوو پشکەك ژ ئیمپراتورییێن عەبباسی و سەفەوی و عوسمانی و ئیرانی ژی کورد هەر خودانێ ئەردێ خوە بوو، ئەڤ ئەردێ د ژێدرێن دیرۆکیدا ب ناڤێ "کوردستان|" هاتییە نیاسین و ئەڤە کاکلکا مەبەستا مەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# میرنشینەکانی کوردستان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ناوی میر و هۆزەکان و باژێڕ و کەلهەکان

پ. د. زرار صدیق تۆفیق

ک. زانستێن مرۆڤایەتی- زانکۆیا دهۆک/ کوردستانا عیراقێ

**پۆختە:**

هەروەك دیار نوخبەی خوێندەواری کورد بە درێژایی سەدەکانی مێژووی ئیسلامی گرنگییەکی کەمیان بە کۆدکردنی مێژووی گەلەکەیان و نیشتمانەکەیان داوە. و هەموو ئەو زانیاریانەی لە بارەی میرنشین و قەوارە سیاسیەکانی کورد بە شێوەی پچڕ پچڕ لە ڕێگای ژێدەرە عەرەبیە و فارسییەکان پێمان گەیشتووە، ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بۆ مێژووی کورد، بەلام لەم ژێدەرانەشدا ناوی شازادە و سەرکردەکانی کوردیان هەروەها ناوی ئەو هۆز و شارۆچکە و قەلایانەی کە ملکەچی ئەوان بوون، بەپێی یاسا و بناغەکانی زمانی عەرەبی دانراون، و ئەو پیتانەیان گۆڕیوە کە لە زمانی عەرەبیدا بوونیان نییە بەو پیتانەی کە لە بێژەکردندا لێی نزیکن یان لە فۆرمدا هاوشێوەی ئەو پیتانەن، وەک چۆن دەستکارییان لە پیتی (و) کراوە (واو المفتوحة)، کە یەکێکە لە گرنگترین نیشانەکانی ناوی تایبەت لە زمانی کوردیدا، بۆ (ویە).

توێژەرانی هاوچەرخیش ئەم ڕێبازەیان پەیڕەو کردووە و هەمان ئەو ناوە کەسیی و جوگرافییانەیان نووسی کە سەر بە میرنشین و هۆزە کوردەکانن بە هەمان فۆرمولەی مێژوونووسانی کۆن.

بەم پێیە ئەم توێژینەوەیە دەستپێشخەرییەکی جدییە و هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە، بو دیارکردنی هۆکارەکان و گرنگترین حاڵەتەکان کە تێیاندا ناوە غەیرە عەرەبییەکان بۆ عەرەبی گۆڕدراون ، و بو پەیدا کرنی شێوەی رەسەنی ئەو ناوانە پشتبەستن بە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان و بەڵگە زمانەوانییەکان کراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *میرانی کورد، هۆزەکانی کورد، باژێڕەکانی کوردستان، راستکردنەوەی ناویان*

## پێشگۆتن:

لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەهەمی زاییەوە و تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، میران و سەردارانی هۆزەکانی کورد، دەهان دەوڵەت و میرنشین و دەستەڵاتداریی گەورە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بچووکیان دامەزراند و لە ژێر سایە و داننانی دەوڵەتانی ناوەندا، حوکمی پانتاییەکی فراوانی کوردستانیان دەکرد و بەڕێوەیان دەبرد، لای هەمووان ئاشکرایە کە مێژوو و سەربوردەی ئەم قەوارە سیاسییانە پتر سەرچاوەی بیانین و خەڵکانێکی غەیرە کورد بە زمانی عەرەبی و فارسی و پاشتریش لە سەردەمی عوثمانی بە تورکی دایاننـاوە کە هەرچۆنێک بێت بێڕادە خزمەتی مێژوو و کەلتوری کوردییان کردووە و ئەگەر ئەوان نەبانەیە، ئەوا چمان بۆ نەدەمایەوە و شتێکی وامان لەبارەی بەسەرهاتی رابردووی گەلەکەمان نەدەزانی، بەڵام ئەم سەرچاوانە هاوکات لە خەوش و ناتەواوی بەدەر نین و یەکێکیان ئەوەیە کە لە تۆمارکردنی ناوی زۆربەی میر و ناودارانی کورد و شوێنە جوگرافیەکانی کوردستان کە لە ژێر دەستی میرنشینە خۆجێهەکان بوون، راستییان نەپێکاوە و بەپێی دەستووری زمانی فارسی و عەرەبی نووسیویانە، ڤەکۆلەرانی هاوچەرخی مێژووی کوردیش سەرنجی ئەم پرسەیان نەداوە و کاریان بۆ راستکردنەوەی نەکردووە و چ ناوێکی کوردیی پەیوست بە میرنشینەکان، تا هەنوکە هاوشێوەی سەرچاوەکان دەنوسرێن.

ئەم بابەتە، تۆژینەوەیەکی ئۆنۆماتالۆگی و تۆپۆنیمیە و دەستپێشخەرییێکە بۆ دیڤچوونی ئەم مژارە و بەپێی بۆچوون و تێگەهیشتنی خۆمان و بە مەبەستی خزمەتکردنی چاند و زمانی کوردی، هەوڵمان داوە بنەکۆکی کوردیی ئەم ناوانە ساخ بکەینەوە.

- گرنگیی بابەت:

گومانی تێدا نیە کورد گەلێکی دێرین و رەسەنە و خاوەند ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیەتی و زمانەکەشی بەڵگە و بنەمایەکی هەرە گرنگی رەسەنایەتیەتی، دیارە زمانی کوردییش وەک هەر زمانێکی زیندووی دی لە جیهان هەر لە کۆنەوە، خاوەند رێزمانی سەربەخۆیە و بۆ هەر دیاردە و پرسێکی زمانەوانی یاساو و رێسا تایبەتی خۆی هەیە کە بە درێژایی مێژوو پەیدابووە و گەشەی کردووە و گەلاڵەبووە، لەوانەش پرسی ناولێنان، چ ناوی کەسەکان و گیانلەبەران و شوێنەکان و چ ناوی خواردن و خورادنەوە و روەک و ئامێر و کەرەستە و جلوبەرگ...هتد.

لای هەمووومان ئاشکرایە کە کورد هەندە هەستی بە بەها و بایەخی مێژوی خۆی نەکردووە و دەگمەن نەبێت دەربەستی نووسینەوەی نەبووە و ئەوەی نوسراوە و بۆ ئێمە ماوەتەوە، خەڵکانی غەیرە کورد و بە زمانانی دی تۆماریان کردووە بە تایبەتی هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی، بۆیەش چ پەیڤ و ناو و دەستەواژەی کوردی هەیە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە میرنشینەکانی کوردەوە هەیە، نەشیاون وەک خۆی بیانگوازنەوە، بەڵکو بەپێی چۆنیەتی گۆکردنیان لە زمانی ئاخافتنی خۆیان وەریان گرتووە ئێستاش دەمی ئەوە هاتووە چیتر نەکەوینە ژێر باندۆری زمانی عەرەبیەوە و ئەو ناوانە بگەڕێننەوە بۆ ئەصڵە

کوردییەکەیان و پێویستە وەک باب و باپیرانمان بیانبێژین و بەکاریان بهێنین نەوەک چاو لەوان بکەین.

پێم وایە ئەگەر کۆی ئەم ناوانە ساخ بکرێنەوە و بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی وردی وشەناسیەوە، دەشێت پەی بە راست و رەوانیی هەر یەکێکیان ببرێت، بەمەش چەندین پەیڤی دێرینی کوردی لە فەوتان و لەناوچوون رزگار دەکرێن و زیندوو دەکرێنەوە و خەرمانی پەیڤی رەسەنی کوردییان پێ دەوڵەمەند دەکرێت و خزمەتێک بە زمانی نەتەوایتیمان دەگەهێنرێت. نەخاسمە ئەگەر ئاگامان لەوەبێت کە چ دەقێکی کوردیی وا شک نابەین بگەرێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمانی دەسەڵاتداریە خۆجهیەکانی کوردستان تا بیکەینە کەرەستەی لێکۆڵینەوە بۆ هەر مژارێکی پەیوەندیدار بە دیرۆکی کوردەوە، روونە ئەمەش کێشەی هەرەمەزنی توێژەری بواری مێژوو و ئیتمۆلۆجیای زمانی کوردییە.

**یەکەم: فۆرمی فارسیی ناوی شوێنەکانی کوردستان:**

دیارە زۆربەی دەڤەرە کوردنشینەکان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا و بۆ ماوەی پتر لەچوار سەدە(٢٢٦- ٦٥١ز)، بەشێک بوو لە قەڵمرەوەی دەوڵەتی ساسانی و لەم دەوڵەتەش، فارسی زمانی رێڤەبەری و حوکمداری بوو و بێگومان ناوی قەڵا و باژێر و شارەکانی کوردستانیش لە دەفتەر و تۆمارەکانی دەوڵەتدا هەر بەو زمانە دەنوسران کە هەرچەند لەگەڵ کوردیدا دەستەخوشکن، بەڵام جگە جیاوازیی رستەسازی و وشەسازی، لە گۆکردنی چەند دەنگ و پیتێکیشدا جیاوازن و دەنگەکان لە نێوانیاندا دەگۆڕدرێن، دواتر پاش فەتحی ئیسلامی، عەرەبە فاتحەکان ئەم ناوانەیان هەر لە تۆمارەکانی دەوڵەتەوە یان لە رێگای کارگێران و فەرمانبەرانی فارسەوە وەرگرت و هاوشێوەی ئەوان تۆماریان کردن و لە نامە و پەیام و نوسراوە فەرمیەکان و لە سەرچاوەکان جێگیر کران و تا هەنوکە ئاوەهاش ماونەتەوە.

لێرە تەنها لە دیاترین ئەم جیاوازییانە دەدوێین کە گرنگە بۆ ئێمە و راستەخۆ پەیوەستە بە تۆژینەوەکەمان، یەکێکیان ئەوەیە کە لە وشەگەلێکدا وەک هەموومان دەیزانین، پیتی (ب)ی فارسی لە کوردیدا دەبێتە(و) نەخاسە لە کۆتاهی ناوەکە:( شەب وئاب وسیب...هتد) دەبنە (شەو و ئاو و سێو یان شەڤ و ئاڤ و سێڤ) ، لە هەندێک لەهجەیەکی باشووری کوردستاندا، ئەم گۆڕانە زەقترە: باران- واران ، تابستان- تاوستان، بە- وە...هتد.

ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەوەیە کە زۆرجار ئەو (ب)یەی لە سەرەتا و کۆتاهی ناوی میرانی کورد و ناوی قەڵا و شار و گوندەکانی کوردستان دەبینرێت، لە بنەڕەتدا و بە کوردی (و) و (ڤ) بووە. هەروەها پاشبەندی(ئاباد) و ( رود) کە بە ناوی زۆر شوێنەوە دەلکێنران، دەنگی(د) لە کوردیدا دەسوێت و نامێنێت و دەبنە(ئاوا) و(رو- رۆ) و پولاد دەبێتە پۆلا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ سەلماندنی ئەمەش نموونە زۆرن و وابزانم هێنانەوەی دوو سێیەکیان مەبەست بەدەستەوە دەدات، ئەوەتا شەقڵاوا بە(شقلاباذ)[١] و عەنکاوا- عەمکاوا بە (عمكاباذ)[٢] و زەهاو بە(زهاب و ذهاب) و سیساوا بە (سيساباد) و باداوا بە(باداباد) هاتوون[٣]، ئەم دوو گوندەی دواهی موڵکی میرنشینی سۆران بوون و دواتر کەوتنە دەست کاربەدەستانی عوثمانی لە هەولێر، ناوچەی زەنگابادی گەرمیان لە کۆتاهی سەردەمی عەباسییەوە ناسراوە و لە سەرچاوە فارسیەکاندا بە زەنگیئاباد ناوی هاتووە[٤] چ گومانێکمان نییە کە ئەو دەمانەش کوردی ناوچەکە بە پێیان گوتووە زەنگاوا- زەنگاواد و لە هەواڵێکیشدا وا هاتووە، بەڵام بە هۆی هەڵەی نەسخکردنەوە بووە بە رانکاوا[٥] و قەڵای(بەهار) یەکەم پایتەختی ولایەتی کوردستان- ناوەڕاستی سەدەی٧ک /١٣ز-[٦] لای مێژوونوسێکی ئەو سەردەمە بە (وەهار) ناو براوە کە دیارە لە زاری خەلکانێکی کوردەوە بەرگوێی کەوتووە[٧] و میر سورخابی کوڕی بەدری کوڕی موهەلهەلی کوڕی محەمەدی شادنجان (٤٦٧- ٥٠٠ک /١٠٧٤- ١١٠٦ز) خاوەندی قەڵای خوفتیان- خەفتیدەکان لە رۆخی زێی خوارو و ناوچەکانی ئاغجەلەر و کۆیە[٨]، بەخۆی ناوی سورخاو بووە و پێم وایە چەمی سورخاوشان- سورخاو شاهان کە دەڕژێتە ناو زێوە یادگاریی ئەوە[٩]، لە بەیتە شیعرێکی کوردیی سەدەی ١١ک/١٨ز ناوی بنەماڵەی خانەدانی سورخاو هاتووە:

کەی صنعەت کەی طەبع، کەی ئاسا کەی خوو
نەسڵ خانەدان سورخاو مامو[١٠].

بەم پێیە دەکرێت کۆی ناوکانی دیش راست بکەینەوە و بیانگەڕێنینەوە بۆ ئەصلە کوردییەکەیان،

دارائاباد یەکێک بوو لەو سێ شارۆچکەیەی شارەزور کەوا لە دەمی فەتحی ئیسلامی ئاوەدان بوون و فەتح کران و بە ناوی شاه دارای ئەخمینیی بنیادنەریەوە ناونراوە و لە سەدەی ٤ک/١٠ز کەوتە دەستی میرانی حەسەنۆیی بەرزەکان، لە کوردیدا داراوا بووە[١١] و بنەماڵەی شبانکارەی کورد کە لە ناوەڕاستی سەدەی ٥ک/١١ز دا، دەسەڵاتداریەکیان لە بەشێکی هەرێمی فارس و ئەسپەهان دامەزراند، ناوی دروستیان شوانکارەیە[١٢] و ئێستاش خێڵێکی کوردی دانیشتووی شارەزور بەم ناوەوە هەرماوە و گوندی شوانکارەش هەیە و دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پاوەوە. کەلهی خۆشاب بارەگای میرانی مەحمودی[١٣] نەدورە بە کوردی خۆشاف بوبێت، کەچی یاقوتی حەمەوی(م: ٦٢٦ک/١٢٢٩ز) کردوویەتی بە خەوشەب[١٤]، هەروەها کەلهی ئامێدیی بارەگای میرانی هەکاری لە سەردەمی عەباسی، بە قەڵای(جلاب)یش دەناسرا[١٥]، نەدوورە ئەمەش بەفارسیکردن یان شێوەی فارسیی ناوەکە بێت و گەلئاف- گەلاف یان گولاف بووە وەک چۆن ناوی گوندی (رێژاو)ی کوردستانی رۆژهەڵات لە دەقە فارسیەکان و نوسراوە رەسمییەکانی دەوڵەتانی ئێراندا کراوە بە (ریجاب)،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ناوی هەردوو روباری سپیرود(أسبیروذ)[١٦] و جوانرود لە کوردیدا سپیرۆ و جوانرۆ بوونە لە شیوەی تانجەرۆ، وشکەرۆ، ناوی جوانرۆ ئێستاش لای خەڵکەی هەر وەک خۆی ماوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو حاڵەتە گۆڕانەی بەسەر ئەم ناوانە هاتوون، دەکرێت چ ناوێکی پەیوەست بە مێژوومانەوە هەیە و لە نووسراوە فارسییەکاندا هاتوون، بیگەڕێنینەوە بۆ شێوە کوردییەکەی.

**دووهەم: عەرەب و کردنی پاشگری(ۆ)ی ناوی کوردی بە (ویە):**

راستییەکی بەڵگەنەویستە کە عەرەب بە درێژایی مێژوویان لە پێش و پاش ئیسلامدا، سەدان وشەیان لە گەلانی دیکەوە وەرگرت و پاش گونجاندنیان، بەکاریان هێنان و تێکەڵی زمانی خۆیانیان کردن و دەبوو بەپێی دەستور و رێزمانی عەرەبی سەرەدەریی لەگەڵ بکەن و دەستکاریی بنیادی بکەن و پیتەکانی بگۆرن، ئەو وشانەی زوو وەرگیرابن و لە ئاخافتنی کۆنی عەرەبی پێش ئیسلام، شوێنی خۆیان گرتبێت و پاشتر لە قورئان و فەرموودە راستەکانی پێغەمبەر و شیعری سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامی هاتبن کە بە سەردەمی گەواهیهێنانەوە(عصر الاستشهاد) دەناسریت، بە بەعەرەبیکراو (معرب) دادەنرێن و چونکە لە قورئاندا بەکار هاتوون و چەند جارێکیش جەخت لەوە کراوەتەوە کە قورئان بە عەرەبیەکی پەتی و رەوان هاتۆتە خوارەوە، بۆیە زۆربەی زمانەوان لە کۆنەوە لەگەڵ داننانیان بە رەگوریشەی ناعەرەبیی ئەم وشانە، نەدەشیان نکۆڵی نەکەن و بە موڵکی عەرەبیان دادەنێن و ئەحکامی زمانی عەرەبیی بەسەر دەچەسپێنن[١٧]، ئەم جۆرە وشانە جیاوازن لە وشەی بیانی(دخیل) و دروستکراو(مولد)، ف. عەبدولڕەحیم ساخکەرەوەی کتێبی(المعرب من كلام الأعجمي) دانراوی ئەبو مەنصوری جەوالیقی(م: ٥٤٠ک/١١٤٥م)، بە وردی لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە و زانیاریی بەکەڵکی خستۆتە روو[١٨]، لە ئاکامی ئەمەدا، ئەو میرە کوردانەی لەم سەردەمەدا دەرکەوتوون، ناویان هەر بە فۆرمە عەرەبیکراوەکەی براوە و وەک سەدان ناوی دی بوونەتە وشەی (معرب) و پاشتریش هەر وا ماوەنەتەوە و بە پێویست نەزانراوە وەک خۆیان لێ بکرێتەوە و ئێستاش دوا قالبی خۆیان وەرگرت. تەنانەت لە وشەگەلێکدا، دەستکاریکردن چەند پیتێکی دەگرتەوە تا وای لێ دەهات تەواو دەگۆڕاو و بە ئاسانی ئەصلەکەی ناناسرێتەوە.

ئەگەر کتێبە مێژوویی و ئەدەبیەکانی سەردەمی ئیسلامی بپشکنین و چاوێکی خێرا بە هەواڵەکانی چوار سەدەی یەکەمی سەردەمی ئیسلامی ١- ٤ک/ ٧- ١٠ز بگێڕین، دەبینین دەهان کەسایەتی ناسراو هەن لە زمانەوان و دانەر و زانا و فەقیهـ و موفەسیر و میر و بەرپرسی بە نەژاد ئێرانی، خۆیان یان یەکێک لە باب و باپیرانیان، هەڵگری چەشنە ناو یان ناسناوێکن بە پاشگری(ویە) کۆتا دێت: (بالویە، خالویە، خمارویە، درستویە، راهویە، زادویە، زنجویە، زیلویە، سیبویە، شاهویە، شیرویە، قولویە، کاکویە، مردویە، ماهویە، ماسویە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

متویه، مسکویه، مهرویه،... هتد)، پێشتر ئەم پاشگرە لای عەرەب تەواو نامۆ و نەناسراو بوو و لە سەردەمی جاهیلی و بەر لە تێکەڵبوونی عەرەبە فاتحەکان بە گەلانی بیانی، چ شوێنەوارێکی لە زمانی عەرەبی نەبووە، بەڵام پاشتر تەنانەت دەخرایە دووی چەند ناوێکی عەرەبییش و دەبوو بە پشکێک لە ناوەکە: (حربویە، حسنویە، حمدویە، زکرویە، عمویە، عمرویە، فضلویە، نفطویە...هتد).

لەمێژە زانایان و زمانەوانی موسڵمان هەڵوەستەیان لەسەر ئەم حاڵەتە کردووە و بایەخیان پێداوە و چونکە لایان نامۆ بووە، را و لێکدانەوەی جیاوازیان لەبارەیەوە خستۆتە روو لەبارەی دروست گۆکردنی بە(ویە، ە ویە، وەیە، ویە)، یان سەبارەت بە ئەحکامی ئیعرابکردن و گەردانکردنی، ئەمەش بەردەوام گەنگەشە و مشتومڕی هێناوەتەکایەوە، بەڵام گشتیان کۆک و یەکدەنگن لەمەڕ ئەوەی ئەم پاشگرە چ رەگوڕیشەیەکی لە زمانی عەرەبی نییە و بە لێزیادکردنەوە لە فارسییەوە وەرگیراوە و لەگەڵ بنیاد و رێزمانی عەرەبیدا گونجێنراوە، توێژەرێک بە سەرلەبەری را و سەرنجەکانی زمانەوان چۆتەوە و هەڵی سەنگاندوون و توێژینەوەیەکی قوولی لەسەر ئەم مژارە ئەنجامداوە[١٩].

لێرە پێویستە ئەوەش بڵێین لە فەرهەنگی(لسان العرب)ی(ابن منظور: م٧١١ک/١٣١١ز) و فەرهەنگەکانی دی و لە سەرجەم کەلتوری عەرەبدا، هەر وشەیەکی بەعەرەبیکراو و وەرگیراوی ئێرانی هەیە و چووبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بێ سێودوو گەڕێنراوەتەوە بۆ زمانی فارسی و بە(فارسي معرب) هەژمار کراوە و چ حیسابێک بۆ کوردی و زمان و زارەکانی دیکەی سەر بە خێزانی زمانە ئێرانییەکان نەکراوە، کەچی بڕێکی بەرچاوی ئەو وشانە زیاتر لە کوردییەوە نزیکن نەک لە فارسی[٢٠].

ئەوەی جێگای باسە و پەیوەستە بە دیرۆکی میرنشینەکانی کورد، ئەوەیە ژمارەیەک لەو میر و سەرکردە کوردانەی دەگەڕێنەوە بۆ چوارسەد ساڵی یەکەمی دیرۆکی ئیسلامی، بە هەمان شێوە ناویان بە (ویە) کۆتاهی دێت و ئاشکرایە کاتی خۆی چ حیکایەتخوانان و هەواڵزانان و چ بنووسان و باجگران و فەرمانبەرانی دەوڵەتی ئیسلامی بە دەستکارییەوە تۆماریان کردووە تا بەگوێرەی سیستمی زمانی عەرەبی بخوێرێنەوە و بە ئاسانی لێیان تێ بگەن و دواتریش لە سەرچاوەکان بەم چەشنە یاداشت کران:

- جیلویە: سەرکردەیەکی کورد بوو ساڵی ١٩٦ک/٨١٢ز کوژرا[٢١].
- فاذویە: کابرایەکی نەناسراوی کوردە- ناوەڕاستی سەدەی ٣ک/٩ز[٢٢].
- سەرکردەی خەواریج ئیبراهیم شادکویە- نیوەی دووەمی سەدەی٣ک/٩ز- ناسناوی بە سێ شێوە هاتووە: شاذکویە[٢٣]، شاذلویە[٢٤]، شادلویە[٢٥] و دەبێتە باوکی دەیسەمی کورد میری ئادەربیجان (٣١٥- ٣٤٥ک/٩٢٧- ٩٥٦ز) کە ناسراوترین میری قۆناغی بەرایی دەسەڵاتداریی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کـورده و لە پێشـەنگی ئەو میـرانەیە کە دراوی بە نـاوی خـۆیەوە نەخشـاندووە و لەسـەر ئاستی خیلافەی عەباسی و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەناووبانگ بوو[٢٦].

- شکویە: میر جەعفەری کوڕی شکویەی هەدبانی- هەدبان، خودانی شاری سەڵماس بوو و لە هەواڵەکانی ساڵی ٣٣٢ک/٩٤٤ز دەنگوباسی هاتووە[٢٧]، شکویە هەر جکویەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ناوەکە چکۆ بووە و پیتی(چ) دەکرا بە(ج) یان(ش)[٢٨].
- بانویە: باوکی میری قەڵای ئەردەمشت صالحی کوڕی بانویە- سەدەی ٤ک/١٠ز[٢٩].
- حسـنویە: کـوڕی حوسـێنی بەرزەکـان(٣٤٨- ٣٦٩ک/ ٩٦٠- ٩٨٠ز) دامەزرێـنەری میرنشـینی حەسنەویهی لە هەرێمی چیا و شارەزور کە هەر بە ناوی خۆیەوە ناوزەد کراوە[٣٠].
- جکویـە- چکـویە: موصـەکی کـوڕی جکـویە یەکەم میـری ناسـراوی هەدبانەکـانی هەولێر و رەنگە میری دامەزرێنەریش بێت و ساڵی ٣٨٧ک/٩٩٧ز دا، میری هەولێر بووە[٣١].
- شـیروە- شـیرویە کـوڕی مەم: سـاڵی ٤٠١ک/١٠٠٩ز میر(ممهـد الدولـة) سـەعیدی کـوڕی مەروانـی کوشـت و بـۆ نـزیکەی سـاڵێک حـوکمی میرنشـینی مەروانیـی گـرتە دەسـت و نازناوی (الواثق بالله) لێنرا و دراوی حبە ناوی خۆیەوە لێدا.
- فضـلویە: لە میرانـــی کـــوردی شـــوانکارە لە هەرێمـــی فـــارس، و فەضـــلۆیی هـــۆزێکی لوڕستانە[٣٢].
- دیلـویە: سـەردارێکی نەناسـراوی کـوردە و قەڵایەکـی بەدەسـتەوە بـووە کە بە مەزنـدە دەکەوتە شوێنێکی نزیک مەندەلی و حلوانەوە و هەر بە ناوی خۆیەوە نـاو نـراوە: دزدیلـویە واتـا دژ یـان قەڵای دیلـویە و دواتـر ئەم قەڵایە کەوتـۆتە ژێـر دەسـەڵاتی میرانـی عەننـازیی شادنجانەوە و لە روداوەکانی ساڵانی ٤٣٧- ٤٣٩ک/١٠٤٥- ١-٤٩ز دەنگوباسی هاتووە[٣٣].

ئێمە وای بـۆ دەچـین تـا رادەیەکـیش دڵنیـاین لەوەی کە سـەرلەبەری ئەم نـاوانە لە بنەڕەتـدا و بە زمـانی خۆمـاڵیی کـوردی، بە(ۆ) کۆتاهییـان هـاتووە نەک بە (ویــە) و دەنگەکانی(ج، ف، ذ) لە بنەکۆک و پێش گۆڕینیان (گ، چ، پ، د) بوونە، ئەگەر بخوازین وەک باب و باپیرانمان ناویان بهێنین، دەبێت بێژین: ( گیلۆ، پادۆ، شادکۆ- شادلۆ، چکۆ، بـانۆ، حەسـەنۆ، چکـۆ، شێرۆ، فەزڵۆ، دیلۆ) و رەنـگە هـۆزی دەلـۆ لە هۆزەکـانی گەرمیـان پەیوەندییەکی بەم میرە دیلۆ- دەلۆ ناوەوە هەبێت.

ئەگەر نەکارین بەڵگەی مێژوویی پێویست بۆ سەلماندنی راستیی ئەم بۆچوونەمـان سەبارەت بە گشت ئەم ناوانە بهێنینەوە، ئەوا دەشێین بێ دوودڵی، سەبارەت بە سێ چوارێکیـان بەڵـگە گومـانبڕ بخەینـەڕوو، حەسـنەویەی بەرزەکـان یەکێـک لە میـرە هەرە ناسـراوەکانی کـوردە و لە سـەرتاپای سـەرچاوە عەرەبییەکانـدا نـاوی بە(حسـنویە) هـاتووە و نەقشـبەندی گەهیشـــتۆتە ئەو ئەنجـــامەی کە دروســـتەکەی (حەسنەویهـــ)یە[٣٤]. کەچـــی دانەری



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کتێبی(مجمل التواریخ والقصص) کە خەڵکی ئەسەدئابادی کوردستانە و لە نیوەی دووەمی سەدەی ٥ک/١١ز و نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ک/١٢ز ژیاوە و ساڵی ٥٢٠ک/١١٢٦ز کتێبەکەی داناوە، ناوی بە شێوە کوردیەکەی حەسەنۆ (حسنو بن الحسین البرزکان) نووسیوە[٣٥]، بگەرە ناوی میر بەدر(٣٦٩- ٤٠٥ک/٩٧٩- ١٠١٤ز)ی کوڕ و جێگرەوەیشی، بە (بدر حسنو)- بەدری حەسەنۆ نووسیوە[٣٦]، ساخکەرەوەی کتێبەکە وایزانیوە وشەکە ناتەواوە و لە هەردوو شوێنەکەدا رابووە (یە)ی بۆ زیاد کردووە، روونە ئەم مێژوونووسە کە زۆر نزیکە بەخۆیشی کورد بێت، ناوی ئەم میرەی هاونیشتمانی لە زاری خەڵکە کوردەکە وەرگرتووە، دەکرێت بە دڵنیایەوە بڵێین میر بەدر، لە ناوخۆی کوردستان و هەرێمەکانی ئێران بە بەدری حەسەنۆ ناوی رۆیشتووە، عومەری خەیام لە نەورۆزنامەکەیدا و لە بازیار- بازەوان عەلی کامە دەدوێت دەڵێت لە خزمەت(بدر حسنو)- بەدری حەسنۆ بووە[٣٧]. وەلێ مخابن بەهۆی هەڵە و نەزانینی ناسخانی دەستخەتی نەورۆزنامەکەوە، ناوی شێوێنراوە و دیارە ساخکەرەوەکەش ناشارەزا بووە و بە(بدر خستو) خوێندویەتیەوە، بێئاگا لەوەی لە رۆژگاری عومەری خەیامدا واتا لە سەدەکانی ٥-٦ک/١١-١٢ز، چ دەسەڵاتدرێک بەم ناوە نەبووە کە هیچ واتایەکیش بەدەستەوە نادات، زیاد لەمەش ئەم عەلی کامەیە هاودەمی میر بەدر و سەرای لە شاری راگ- رەی هەبوو[٣٨].

سەبارەت بە(جکویە، شکویە) کە ناوێکی باوبوو لەکن کوردانی هەدبان، راستەکەی چکۆ یان چەکۆیە وەک لە سەرچاوەکانی سەردەمی ئەیوبی هاتووە و میر عیزەدین موسەکی کوڕی چەکۆ(م: ٥٨٥ک /١١٨٩ز)، خالۆزای سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی بوو، واتا خاڵێکی سوڵتان ناوی چەکۆ بووە، صەدیقی کوڕی چەکۆ سەرکردەیەکی کورد بوو لە سوپای ئەیوبی و ساڵی ٥٧١ک/١١٦٧ز کوژرا[٣٩] و سیف الدین ئیبراهیمی کوڕی شروە- شیرۆ کوڕی عەلی کوڕی مەرزەبان کوڕی کلۆل چەکۆ، میرێکی دیکەی کوردبوو لە لەشکری ئەیوبی[٤٠]، ئەمە جگە لەوەی چەکۆ یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکی ئەڤینداریی مەم و زین.

هەروەها فارقی(م: پاش ٥٧٧ک/١١٨١ز) کە خەڵکی میافارقینە و لە کوردستان لەدایک بووە و ژیاوە، ناوی مامێکی میر نصر الدولة ئەحمەدی کوڕی مەروان(٤٠١-٤٥٣ک/١٠١٠- ١٠٦١ز) بە شێوە کوردییەکەی هێناوە: بلاشۆ کوڕی کەک[٤١]، میر شێرۆی کوڕی مەم، بەخۆی ناوی فەرمیی شێروین بووە وەک لە تاکە دراوێکی دۆزراوەی نەخشێنراوە، کەچی بە شروە- شێروە نوسیویەتی کە هەر شێرۆی کوردییە و تا ئێستاش لە کرمانجی سەروودا، هەر کەسێک بڕگەی یەکەمی ناوی شێر بێت وەک: شێروان، شێرزاد، شێرکۆ بە شێرۆ گاز دەکرێت، فارقی ناوی کوڕێک و نەوەیەکی میر ئەحمەدی کوڕی مەروانیشی بە(عیسکوە) نوسیوە: عیسکوە کوڕی دەرباس کوڕی عیسکوە[٤٢] و دیارە لەبەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

نەبوونی (ۆ) لە عەرەبی، ناچاربووە ئەم دوو ناوە: شێرۆ، عیسکۆ بە(وە) بنوسێت کە شێوەی فارسیی(ۆ) یە بیانکات بە شروە و عیسکوە. جیلویە ناوی زۆمێکی کوردە لە هەرێمی پارس و راستەکەی گیلۆیە و کێوی گیلۆ کە بە فارسی کراوە بە (کوە گیلویە)[٤٣].

سەبارەت بە شاهویە، شاهۆ ئێستا زنجیرە کێوێکی ناسراوە و دەکەوێتە نێوان هەردوو ئوستانی کرماشان و کوردستان- سنە و نشینەگەی پیرخدری شاهۆ بووە کە بە مەزندە لە سەدەی ٦ک/١٢ز ژیاوە، گومانێکی وام نییە شاهۆ لە بنەڕەتدا، ناوی کەسە نەک ناوێکی تۆپۆنۆمی و دەبێت شاهۆ ناوێک پەیوەندیی ئەم کێوەوە هەبێت تا ئەو ئاستەی بە ناویەوە ناوزەد کراوە، هەندەی ئێمە پێی بزانین لە سەدەکانی ٣-٤ک/٨- ٩زدا، دوو کەسی ئێرانی ناویان شاهۆ- شاهوە بووە و لە دەقە عەرەبیەکاندا کراون بە شاهویە[٤٤].

پاش بڕانەوەی رۆژگاری هەژموونی زمان و چاندی عەرەبی و بەسەرچوونی(عصر الإستشهاد)، جێبەجێکردنی رێزمانی عەرەبی بەسەر ناوە ناعەرەبیەکاندا نەما یان کز و سست بوو و ئەگەر هەشبوایە ئەوا بە بەرنامە نەدەکرا، لەم چوارچێوەیەشدا، گونجاندنی (ۆ)ش نەما و وەک خۆی دەنوسرا و لە سەردەمی ئەیوبییەوە ناوی چەند کوردێک بۆ دەستکاری و وەک خۆیان هاتوون:

- بلاشۆ: عیسای کوڕی بلاشۆ(م:٥٨٤ك/١١٨٨ز) والیی حەلەب بوو.
- ملکیشۆ: کوڕ و نەوەکانی میر و کاربەدەست بوون لە کوردستان و لە سوپای ئەیوبی[٤٥].
- ئیبن بوبو: زانایەکی کورد بوو لە بەغدا[٤٦].
- مەندۆ: مەندوە، شێخ مەندۆی کورد خاوەند قەڵای ئەرقین لە چارەکی یەکەمی سەدەی ٨ک/١٤ز[٤٧] و دامەزرێنەری میرنشینی مەنتشا- مەنتەشاهی کە هەر بە ناوی ئەوەوە ناونرا.
- هندۆ: باوکی بەدرەدین حەسەنی کوڕی هندۆ کە دەسەڵاتدارێکی ناسراوی کورد و حاکمی شنگار بوو و ساڵی ٧٤٨ک/١٣٤٧ز موصڵی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و پاش شەش ساڵێک هاتەکوشتن[٤٨].

کورد بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو ئەم دەستورەی ناونانەیان بەسەر ناوە عەرەبی و ئیسلامیەکانیشدا سەپاند و بە لکاندنی پاشکۆی(ۆ) پێیانەوە، دەیانکردن بە خۆماڵی و روخساری کوردەواییان پێ دەبەخشین، بۆ نموونە(شیخ)یان دەکرد بە شیخۆ و ئەم حاڵەتە تا ئێستاش هەر بڵاوە و شێخۆ ناوێک ماوەیەک پاش حەسەنی کوڕی هندو بووە حاکمی شنگار بوو[٤٩] و(زید) یان دەکرد بە زەیدۆ و شێخ زەیدۆی زەرقی- زەرکی یەکەم پێشەوای مەشیخەی زەرقی بوو[٥٠] کوردی واش هەبوو (محمد) و (سلیمان)ی دەکردن بە محەمەدۆ و سلێمانۆ[٥١]، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ناوە عەربیەکان کورت دەکرایەوە ئەوجا (ۆ) دەخرایە پاڵ نەخاسمە ناوە لێکدراوەکان، بەدلیسی راستیی پێکاوە دەمێک دەڵێت کورد خولیای کوردکرنەوەی ناوەکانن[٥٢]، زمانەوانی عەرەبیش لەزووەوە هەستیان بە دیاردەیە

کردبوو و زانیویانە ئەم پاشگرە رۆڵی کورتکردنەوە و گازکردنیش دەگێڕێت[٥٣]، ئەگەر بڕوانینە لیستی ناوی میرانی کورد، لە سەدەکانی ٨-١٣ک/١٤- ١٩ز، دەبینین کورد بە دەگمەن ناوە درێژەکانیان لە کورتکردنەوە بواردووە:

- بە میر بەدرەدینی بوختی- بوهتانی میری جزیرەی بوهتان(م: ٨٧٣ک/١٤٦٩ز) یان دەگوت بەدرۆ و ئاوەهاش مێژوونوسێک گوێی لێبووە[٥٤] و بە میر غرز الدینی سلێمانی- سلێڤانییان دەگوت غەرزۆ کە یەکەم میری ناسراوی سلێڤانییە و رەنگە میری دامەزرێنەری میرنشینی سلێڤانییش بێت، بە هەمان دەستور، ناوی میران: سیف الدین و عز الدین و شمس الدین و خلیل و جەمشید و ئەبدال ...هتد، کران بە سەیفۆ، عەزۆ، شەمۆ، خەلۆ، جمۆ، ئەبدۆ[٥٥].

حاڵی حازر ئەم پاشگرە وەک خۆی ماوە و هەمان رۆڵ دەگێڕێت و لە کرمانجیی سەروودا زۆر چالاکە و بەچڕی بەکاردێت و تا ئەم ساڵانەی دوایی ناوی رێژەیەکی بڵندی خەڵکی ناوچەرگەی کوردستان ئەم پاشگرەی پێوەبوو، نەخاسمە لە نێوان کوردانی داسەنی- یەزیدی و خێڵە کۆچەرەکان ئەوانەی هۆگری دەشت و هەرد و کێوەکان بوون و هەندە تێکەڵی خەڵکانی بیانی نابوون و مۆرکی خۆڕسکی کوردەوارییان پاراستبوو. تەنانەت بە میرانی فەرمانڕەوا و خانەدانی هەکاری دەگوترا شەمۆ و بە میرانی ساسۆنیش دەگوترا بنەماڵەی حەزۆ- عەزۆ[٥٦].

ناوی میر حەسەنۆش باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم ئامرازە پێشتر لە لەهجەکانی ناوچەکانی شارەزور و کوردستانی رۆژهەڵاتیش هەبووە، هەرچەند بەرەبەرە کاڵ بۆتەوە و ئێستا هەندە بەرچاو ناکەوێت، سەبارەت بە لەهجەی هەورامییش، کاکۆ زەکەریا دەناسین کە رێبەرێکی ئاییینی پایەبەرز و بەشکۆی هەورامان بووە و لە سەدەی ١١ک/١٨ز ژیاوە و ئێستاش زێد و شوێنی لەدایکبوونی بە گوندی کاکۆزەکەریا و نەوە و شوێنکەوتووەکانی بە کاکۆزەکەریایی دەناسرێن و شاعیر سەید یەعقوبی ماهیدەشتی(١٨٠٨- ١٨٨١) بە سەید یاقۆ ناوی دەرکرد و بووە ناسناوی[٥٧].

بەڵگەکان هەندە روونن و هەندە زۆرن بە زیادەوە بایی ئەوە هەن بتوانم بڵێم لکاندنی(ۆ) بە کۆتاهی ناوی کەسییەوە واتا ئۆنۆماستیک (اسم علم)، لەوە زەقتر بووە بە دیاردە یان دۆخێکی زمانی ناوبرێت، بەڵکو لەمێژەوە و پێش ئەوەی لە دووتوێی سەرچاوە بیانییەکان یاداشت بکرێت، وەک هەر یاسایەکی زمانەوانی، لە زمانی کوردی خەملیوە و جێگیر بووە و ئەگەر لەو کورتە راپۆرتەش ورد بینەوە کە مەلا مەحمودی بایەزیدی(١٧٩٧- ١٨٧٠) بۆ " ئیسم و ناڤێ کورمانجیان کو تمام و بێ کێماسی دبێژین" رێکی خستووە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کرمانج- واتا کۆچەری و گوندنشیانی کورد، چ ناوێکی عەرەبی هەبووە و راستەخۆ پاش کورتکردنەوەی، ئامرازی ناونانی کوردییان خستۆتە سەر:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عبدالله- عەبۆ، عبد القادر- قەدۆ- قادۆ، عبد اللطیف- لەتۆ، حیدر- حەیدۆ، جعفر- جەعفۆ...هتد[٥٨].

لێرەوە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین لە زووەوە لای گەلی کورد بووەتە ئامرازی ناونان، وەک چۆن لە گەلێک زمانی ئەمڕۆی جیهاندا ئامرازی تایبەت هەیە بۆ ناونان وەک ئامرازی (ڤیچ) و(ۆڤ) لە زمانە سلاڤییەکان. با لێرە ئەوەش نەبوێرین لە ژێر کاریگەریی کوردا، ناوانەکانی عەبدۆ، سەعدۆ، حەجو، حەمۆ، لەناو عەرەبی سوریا و لوبنانیش پەیدا بوون و چەندین کەسایەتیی ناسراوی عەرەب هەن ناویان بە(ۆ) کۆتا دێن.

**سێهەم - گۆڕینی پیتێک یان زیاتر لە ناوی کوردی:**

جەوالیقی کتێبی(المعرب من کلام الأعجمي علی حروف المعجم) لەبارەی وشە وەرگیراو و بەعەرەبیکراوەکان داناوە و دەڵێت عەرەب زۆرجاران ناوە ئەعجەمیەکان- ناعەرەبیەکان دەگۆڕن و ئەو پیتانەی نییانە لای دەبەن و نزیکترین پیتی خۆیان لێیەوە، لە جێگای دادەنێن و دەبوو ئەم رەفتارە پێویستەش بکەن تا پەیڤی بیانی وا نەچێتە نێو ئاخافتنیانەوە، کە پیتی وەهای تێدایە ئەوان نییانە[٥٩]، لەوانەش پیتی(پ) کە دەنگەکەی دەکەوتە نێوان (فاء) و(باء)ەوە لە عەرەبی نییە و بە بائی فارسی و (الباء المهموسة) ناویان دەبرد، بۆیە عەرەب ئەم پیتەی لە سەرەتای هەر وشەیەکی بیانی خوازراودا دەکرد بە(ف) تا لەگەڵ زمانەکەی خۆی بیسازانێت[٦٠]، وەک: پارس- فارس، سوپاهان، ئەسپاهان- ئەصفەهان، پەهلە و پەهلەویات- فەهلە و فەهلەویات، پولاد- فولاذ، پالودە- فالوذة، پیرۆز- فیروز... هتد. جاری واش هەبوو بە(ب) دەیانهێشتەوە.

بێگومان ئەم پیتگۆڕکێیە ناوی میر و کەسایەتیە کوردەکانیشی گرتەوە، کوردێکی لایەنگری دوا ئیمامی شیعەی دوازدە ئیمامی، ناوی بە (فاذویە الکردي) هاتووە[٦١]، دەشێم بە دڵنیاییەوە بێژم ئەم کوردە گومناوە هەرگیز ناوی دروستی ئاوا نەبووە، بەڵکو پادۆ بووە و ئەوانەی دیویانە یان گوێبیستی دەنگوباسی بوونە، ناویان خستۆتە ژێر بنەماکانی بەعەرەبیکردنی ناوی ئەعجەمی و سێ گۆڕاکاریان بەسەر پیت یان دەنگەکانی هێناوە و (پ) و (د) و (ۆ) لەدووی یەک کردووە بە(ف) و (ذ) و (ویە) و سەرئەنجام پادۆ بوو بە (فاذویە). لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پادۆ- پاد هەرچەند لە زمانی کوردیی هاوچەرخ نەماوە و نانرێت چ واتایەک دەگەهێنێت، پەیڤێکی دێرینی کوردی بووە و لە گشت ناوچەکانی کوردستان بۆ ناونانیش بەکار هاتووە.

لە لایەکی دیکەوە، ڤەکۆڵەرانی کورد بەخۆمەوەش، باوەر ناکەم پێشتر درکیان بە چۆنیەتی وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانی کردبێت کە عەرەبەکانەوە پەیڕەویان دەکرد لە زمانی گەلانی دی بە تایبەت فارس و کورد و سەرنجی ئەوەمان نەدابوو کە ئەم خواستنە یاسا و رێسای خۆی هەیە و هەڕەمەکی نەبووە و لە ناشارەزاییەوە وامانەزانی ناوی هەر هۆز و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەسایەتیەکی کورد، یان ناوی هەر بازێر و گوندێکی کوردستان ئەگەر پیتی(ذ)ی تێدابوو، ئەوا پیتە راستەکەی(ز) و دەبێت بەم پیتە بنوسرێت تەنها بە پاساوی ئەوەی ئەم دوو دەنگە لێک نزیکن و دەهان ساڵە لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانماندا وامان دەکرد، هەر بۆ نموونە محەمەد ئەمین زەکی، دەنگوباسی میر بادی کوڕی دۆستەک(باذ الكردي) و هۆزی هەدبانیی لە کتێبی (الكامل في التأريخ) ورگرتووە و ناویانی کروون بە(باز) و (هەزبەنی)[٦٢]. پێدەچێت ناوی دروستی ئەم میرە پاد بووبێت نەک (باد)[٦٣] و(باذ)[٦٤]، وەک لە سەرچاوە عەرەبیەکان هاتووە و توێژەر عەبدولرەقیب یوسف چەند ساڵ لەمەوبەر گەهیشتبووە ئەم ئەنجامە[٦٥]. پادی کوڕی دۆستەک میرێکی ناسراو و کەسایەتیەکی کاریزمایە لە مێژووی کورد و بە خەباتی سەختی شییا میرنشینی دۆستەکی- مەروانی دابمەزرێنێت و لە رێگای بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ساڵی ٣٨٠ک/٩٩٠ز هاتە کوشتن. یان ئەو کەسە باد ناوەی گوندی باداوەی رۆژهەڵاتی هەولێری ئاواکردووە و بەناوی خۆیەوە ناونراوە باداوە- بادآباد.

بەڵام ئەوە جێگای سەرنجە ناوی دوو میری ناسراوی کورد: میر شاووری کوڕی فەضلونی شەدادی هەدبانی(٤٤١- ٤٥٩ک/١٠٤٩- ١٠٦٧ز) و وەرامی گاوانی(م: ٤٠٣ک/١٠١٢ز) یەکەم میری ناوبراوی کوردانی گاوان، دەستکاری نەکراون وەک خۆیان و بە شیوە کوردیەکەی ماونەتەوە، شاوور شێوەی کوردیی شاپورە و وەرامیش سووککراوەی وەهرام- بەهرامە و دوو سێ میری دیی گاوانی هەر ناویان وەرام بوو.

هەر لەمبارەیەوە، ناوی باپیرە هەرەگەورەی شێخ صەفیەدینی ئەردەبیلی(م: ٧٣٥ک/١٣٣٤ز)ی باپیری صەفەوییەکان پیرۆز- پیرۆزشاهی کورد بووە[٦٦] و ئەم وشەیە تا ئێستاش لە کوردی وەک خۆی ماوە و بۆ ناونانی ژنانیش بەکار دێت، کەچی لە دەستپێکی ئیسلامەو تا ئەمرۆ لە عەرەبی و فارسیدا هەر بە فەیروز دێت و فەیروزی دەیلەمی(م: ٥٣ک/٦٧٣ز) یەکێکە لە هەڤالانی پێغەمبەر وەک چۆن ناوی گەل و وڵاتی پارسیش بە یەکجاری بووە فارس. هەروەها ناوی باپیرەگەورەی قاضی صەدرەدین عەبدولمەلیکی کوڕی عیسای مارانی(م: ٦٠٥ک/١٢٠٨ز) بە (فیر) هاتووە[٦٧]، کە چ واتا و رامانێک بەدەستەوە نادات و نەدوورە راستەکەی (پیر) بێت بە واتای پیاوچاک و رێبەری ئایینی.

**سێهەم: ناوی هۆزە دسەڵاتدارەکان:**

هەموو دەزانین کورد وەک گەلانی دیی دەرهاوسێ لە دەمی دەرکەوتنیەوە تا ئێستا، لە سەدان هۆز و خێڵ و تیرە و ئێل پێکدەهات و دەنگوباسی دەهانیان لە سەرچاوەکاندا هاتووە بەو ئەگەرەی کە پشکدارییان لە چێکردنی روداو و گۆڕانکاریەکانی کوردستان کردووە و چەند میرنشین و دەسەڵاتدارییێکی خۆجێهییان بنیاد ناوە، ئەوەی لێرە مەبەستە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

ناوی ژمارەیەکیان بە فۆرمی عەرەبی نووسراوە نەک وەک خۆیی و بە فۆرمە کوردیەکەی و ئیمە هەوڵ دەدەین بە دیتنی تێگەهیشتنی خۆمان پەی بە ناوی دروستیان ببەین، دەستپێک پێویستە ئەوەش بزانین، کە هۆزەکانی(الهدبانیة، البرزیکانیة، الشادنجانیة، الجاوانیة، السهرانیة...هتد) (ویة) نسبەی بۆ ناویان زیاد کراوە وپێم وایە ناوی دروستیان وانەبووە، بەڵکو(هەدبان، بەرزەکان، شادنگان، جاوان- گاوان، گۆران، سوهران) بووە وەک چۆن هۆزگەلێکی دی ناوی رەسەنی خۆیان پارستووە و بێ دەستکاری هاتوون، وەک:(البلاشجان- بلاشگان، الجورقان، المازنجان، المزدانکان- المستکان، بالکان)، ئەوەتا ناوی هۆزەکەی میر حەسنۆی کورد لە سەرچاوەکان بە(البرزیکانیة) هاتووە، کەچی بە خۆی بەرزەکان بووە[٦٨].

### ١- هەدبان- هەدبانی(الهذبانیة):

هەدبان یەکێکە لە هۆزە گەورە و ناودارەکانی کورد و چەند خێڵ و تیرەیەکی لێ بۆتەوە و هەوار و نیشتمانیان لە دەشتایی نێوان هەردوو زێیەوە درێژ دەبۆوە تا زۆزانەکانی سەڵماس و شنۆ و ئورمێ و مەراغە لە هەرێمی ئادەربیجان، پاشان لە سەدەی سێهەمی کۆچی/ نۆهەمی زایینەوە بەرەبەرە چەند لق و تیرەیەکیان نیشتەجێ بوون و بوونە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا و سێ میرنشینیان دامەزراند، میرانی شەدادی لە ئەڕان- ئالان و ئەرمینیا و میرانی رەوادی لە ئادەربیجان و میرانی هەدبانی لە هەولێر لە سێ بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی ئەم هۆزە بوون و رۆڵی مەزنیان گێڕا لە مێژووی حوکمڕانیی کورد و بنەماڵەی ئەیوبییش هەر کوردی رەوادی بوون کە خێڵێکی هەدبانییە و لە ئەرمینیا گیرسابۆوە. ناوی ئەم هۆزە لە سەرجەم هەواڵەکاندا بە (الهذبانیة) هاتووە دوو سێ جارێکیش شێوێنراوە و کراوە بە (الهذیانیة) و (الهلبایانیة؟).

سەبارەت بەم ناوە، وەک ئاشکرایە عەرەب گەلێک جاران لە دەمی وەرگرتنی وشە ناعەرەبیەکان، پیتی(د) یان دەکرد(ذ) و ئەم گۆڕینە زۆر باو و کارپێکراو بوو و سەدان ناو و وشەی جۆربەجۆری زمانە ئێرانیەکانی گرتەوە لەوانەش کوردی، لە ناوی کەسایتی و ناوی شوێن و خواردن و خواردنەوە و ئامێر و کەلەپەل.. .هتد تا وەک دیاردەیەکی زمانەوانی لێهات و زمانەوانان لێی دوواون، بەڕادەیەک کەم وشە هەن ئەم دیاردەیە نەی گرتبێتنەوە، بە ئاخافتنێکی وردتر ئەو وشانەی ئەم گۆڕینەیان بەسەردا هات زۆرترن لە وشە نەگۆڕێنراوەکان.

من وای بۆ دەچم و رەنگە کەسانی دییش پێشتر هەمان بۆچوونیان هەبووبێت کە هۆیەیەکی سەرەکیی ئەم پیتگۆڕکیە و کردنی(د) بە(ذ) و (س) بە (ش) ئەوە بێت کە تا سەردەمانی بەرایی ئیسلام، هێشتا خاڵبەندی بۆ پیت و وشەکانی زمانی عەرەبی نەکرابوو و عەرەب هەر بە بەهرەی خۆڕسک و بە سەلیقە وشەکانی زمانەکەیان دەناسیەوە و لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چوارچێوەی رستەکەوە، دەیانزانی پیتە هاوشێوەکانی هەر پەیڤێک چۆن بخوێننەوە تا واتایەک بەدەستەوە بدات، بەڵام کاتێک پاش فەتحی ئیسلامی و وڵاتگیریی هەرێمەکانی ئێرانزەمین، بەم هەرێمانە بڵاوبوونەوە و تێکەڵی گەلانی دی بوون و بێ ئەوەی ئاشنای زمانی ئەم گەلانە بن و بەمەزندە و بەگوێرەی دەستوری زمانی عەرەبی وشەکانیان دەخواست و بەکاریان دەهێنا[٦٩]، ئەمەش کارێکی وای کرد کە پیتی(د) و(س)ی لە زۆر وشە بە(ذ) و (ش) بخوێنرێنەوە و ئەوجا تۆمار بکرێن. پاشتر ئەم گۆڕانە وەک یاسایەکی زمانەوانی لێهات و زۆربەی جاران پیتی(د)ی ناو وشە ئێرانییەکان بە(ذ) دەنوسرا و دەخوێنراوە.

ئەگەر نەمر محەمەد ئەمین زەکی، لەبەر سەرقاڵی و نەپرژانی هەستی بەمە نەکردبێت، دەبوو ئێمە زووتر سەرنجی ئەم دیاردەمان بدایە و بە دروستی بماننووسایە، مخابن ئێمەمانانیش لەسەر ئەم رێچکەیە رۆیشتین و (الهذبانیة) (الهذباني)مان کرد بە هەزبانی بە بیانووی ئەوەی ناوی نزیکە لە وشەی هۆز و گوایا ناوی لە هۆزەبان- هۆزەوانەوە هاتووە بە واتای سەرۆکی هۆز یان لە دەستەواژەی(ئەزبەنی) یەوە داڕێژراوە کە لە کرمانجیدا بۆ رێزلێگرتن بەکاردێت و ئاگامان لەوەنەبوو کە عەرەب هەرگیز پیتی(ز)ی هیچ ناوێکیان ناکرد بە(ذ)، چونکە وێنەی ئەم دوو پیتە لێکەوە دورن، بۆ نموونە ناوی شەهرەزور و زاب و زۆزان و ئەرزن... هتد وەک خۆیان مانەوە و دەستکارییان نەکران. واتا ناوی رەسەن و کوردیی ئەم هۆزە هەدبان بووە، ئەمەش پشتیوانیی ئەو بۆچوونەی کوردناس ڤلادمیر فیۆدۆرۆفیچ مینۆرسکی(١٨٧٧- ١٩٦٦) دەکات کە هەدبانی گرێ دەدات بە ناوی کۆنی وڵاتی هەولێر: هدیاب- حدیاب و پێدەچێت وشەکە بەم چەشنە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت: هدیاب- هدیابان- هەدبان.

## ٢- شادنگان(الشاذنجان):

شادنگان هۆزێکی دیکەی ناوداری کوردە و نیشتەجێی بەرازاییەکانی حلوان و دەرەتەنگ بوو و لە سەرەتای سەردەمی بوەیهییەوە بووە هێزێکی خێڵەکیی کاریگەر و کۆنترۆڵی رێگای مەزنی خوراسانی کرد کە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەبرِی و میرانی شادنگان: (ابو الشوک) و (ابن ابی الشوک) و(ابو الفتح) محەمەدی کوڕی عەنناز(٣٨١-٤٠١ک/٩٩١- ١٠١٠ز)، بە هێز و کۆششی لەشکریی خۆیان شیان بناغەی میرنشینی عەننازیی شادنگانی دابرِێژن[٧٠].

ئاشکرایە ناوی ئەم هۆزەش دووچاری هەمان گۆڕین بووە سەرەڕای گۆڕینی(د) بۆ (ذ) و لە گشت هەواڵەکان بە فۆرمە بەعەرەبیکراوەکەی هاتووە و توێژەرانی کورد لێرەش بەهەڵەدا چوون و ناویان کرد بە شازنجان گوایا ئەمە کوردیەکەیەتی، بەڵام راستەکەی شادنگانە کە ئاستەمە بزانرێت واتای چی بووە و لە چ وشەیەکەوە داڕێژراوە رەنگە لە شاد-شادییەوە وەرگیرابێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣- گاوان(الجاوان) و گۆران(الجورقان) گەلاڵی(الجلالية):

راستیەکی بەڵگەنەویستە کە (گ) لە عەرەبیدا نییە و عەرەب ئەم پیتەیان لە هەر وشەیەکی وەرگیراو بدیتایە، بە ناچاری دەیانکرد بە (ج) یان (ک) یان( ق)، ئەوەتا گەوهەر و گوێز و گۆرەوی لە عەرەبیدا کراون بە (جوهر، جوز و جورب)[٧١].

ۆربەی ئەو ناوانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەنگی(ج) یان، تێدایە، لە کوردیدا(گ)بووە، بۆ نموونە لە چەندین دەقدا ناوی دوو هۆزی گەورەی کورد بە شێوەی جۆرەقان(الجورقان)[٧٢] و (الجاوان- الجاوانية)[٧٣] و هاتووە، کەچی یەکەمیان لە سەرچاوەیەکی خۆماڵی کە دانەرەکەی خەڵکی ئەسەدئابادە بە گۆران و گۆرانان هاتووە[٧٤] و لە سەرچاوەکانی سەردەمی مەملوکیدا، ناوبردنی بە جۆرەقان نامێنێت و تەنها بە گۆرانی(الكورانية) دێت و ئاشکرایە ئێستا گۆران هەم هۆزێکی گەورەیە و هەم بەشێکی بنەڕەتیی گەلی کوردن، ناوی هۆزی دوهەمیشیان چ واتایەکی نییە لە کوردیدا و ئاشکرایە هەر گاوانە و دەبێت لە سەرەتای پەیدابوونی، پیشەی زۆربەیان گاوانی بووبێت بۆیە ئەم ناوەیان بەسەردا بڕاوە، بە هەمان شێوە گەلاڵی هۆزێکی دێرینی کوردە و لە سەدەی سێی کۆچی/ دەهەمی زایینیەوە نیشتەجێی شارەزورە و لە دەقە عەرەبیەکاندا بە (الجلالية) ناوی براوە[٧٥] کەچی دواتر ناوی بە (الكلالية) دێت و بەشێکیان لە گوندەکانی دەوربەری هەولێر[٧٦] و شوێنی دی بڵاو بوونەوە، لە دەورانی هێرشەکانی مەغۆلدا، برایان شەرەفەدین سەلار و تاجەدین شێروان لە میرانی گەلاڵی بوون لە هەولێر، ئەم هۆزە ئێستاش گەلاڵی بە هەمان ناوەوە ماوە و نیشتەجێی شەهرەزور و هەولێرە.

دیاردەیەکی دی زیادکرنی پیتی (ق)ە بۆ چەندین وشەی ئێرانی و لێرەش وایان لە گۆران کردووە من وای بۆ دەچم ناوی راست و دروستی وتابعیی ناوداری کورد جابان، گاوان بووە ولای فارسەکان بووە بە گابان و دواتر لای عەرەب بووە بە جابان، واتا بە دوو قۆناغی گۆران تێپەڕیوە.

### ٤- چوبی و بەژنەوی(البشنوية):

چوبی لە هۆزە بەدەسەڵاتەکانی هەرێمی جەزیرە بوو و میرنشینێکی بچووکی پێکەوە نابوو و لە چەندین دەقدا بە(الجوبية) هاتووە و دەگەڕێنەوە بۆ کابرایەکی کورد بە ناوی چوب(جوب الكردي) کە رەنگە پەیوەندیی بە چوپان- شوانەوە هەبێت[٧٧]، ناوی لە کوردیدا چوبی یان چوپی بووە بە بەڵگەی ئەوەی (ابن الصابوني: م٦٨٠ك/١٢٨١ز) دەڵێت ئەم هۆزە بە شۆبی(الشوبية)ش ناو دەبرێت[٧٨] و ئاشکرایە جاروبار لە عەرەبیدا، (چ) نەک(ج) دەکرێت بە(ش)، وەک چۆن ناوی میر جەعفەری کوڕی چکۆ کرا بە (جعفر بن شكويه).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەشنەوییش هۆزێکی دەسەڵاتداری دیکەیە لە هەرێمی جەزیرە و ناوی بە (البشنوية) هاتووە[٧٩]، کەچی ناوی دروستی بەژنۆیی بووە و لە شەرەفنامەدا بووە بە بەجنەوی[٨٠].

**چوارەم: ناوی جوگرافی- تۆپۆنیمی:**

گۆڕینی ناوەکان، بە ناوی میر و هۆزەکانەوە رانەوەستا، بەڵکو ئەم سنورەی بەزاند و ناوی جوگرافی- تۆپۆنیمیشی گرتەوە، لەوانەش ناوی ژمارەیەک شار و شارۆچکە و قەڵای کوردستانی ژێر حوکمی میرنشینەکان و بەگوێرەی ئەو حاڵەتانەی وا باسکران، ئەمانیش زۆر و کەم دەستکاری کران و پیتێک یان زیاتریان گۆڕدران و لە شێوەی کوردی و رەسەنی خۆیان تا رادەیەک دوور خرانەوە تا عەرەب بشێن بە ئاسانی گۆیان بکەن و لە تۆمار و نووسراوەکان بەکاری بهێنن، بگرە بەغدادیش لە چەند دەقێکدا کراوە بە(بغداذ) و ناوی چەند شوێنێک بە یەکجاری گۆڕان و فۆرمە نوێ و بەعەرەبیکراوەکەیان چەسپا، دیارترین نموونەش ناوی هەرێمی ئاتەربیگان- ئادەربیگانە کە بەیەکجاری گۆڕدراو بە ئاذەربیجان جێگیر بوو و تا ئێستاش هەروا ماوەتەوە. ناوی هەر شار و گوندێک ئەگەر بە پاشگری رو- رود و ئاوا- ئاباد کۆتا هاتبێت، ئەوا ئە دەبوون بە (روذ) و(آباذ)، وەک: رودراوەر- روذراور، سپیرود- أسبیروذ، مرورود- مرو الروذ، ئیسترائاباد- إستراباذ، ئەسەدئاباد- أسدآباذ...هتد[٨١].

سەبارەت بە کوردستان و قەڵەمڕەوی میرانی کورد، ئەو شار و کەلهانەی بە (ۆ) کۆتا بهاتایە، وەک ناوی کەسایەتی(إسم علم) کە پێشتر باسکرا، سەرەدەریی لەگەڵ دەکرا و یەکسەر دەکرا بە (ویە)، شنۆ کە بارەگای میرانی زەرزاری- زەرزا بوو، کرا بە ئوشنەوە، ئوشنەویە(أشنوە، أشنويە)[٨٢] و لەو دەمەوە تا هەنوکە لە فارسیدا وا مایەوە و لە تۆماری دەوڵەتانی ئێراندا جێگیر کرا، کەچی کورد لەمێژە هەر دەڵێت شنۆ، لەمیانەی ئاخافتنی یاقوتی حەمەوی خویا دەبێت، کە هەوڵدراوە ناوی ئورمێش بە پێوانەی زمانی عەرەبی بخوێنرێتەوە و بکرێت بە ئورمەوە- ئورمویە، بەڵام وا دیارە دەستی ئەم دەستکاریەی نەداوە و کرا بە أورمیە، کەچی ئورمێ شێوەی عەجەمیی ناوی شارەکە بوو[٨٣]. قەڵای بەرزویە(برزويە) کە لە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچی/ نۆهەمی زایینیەوە تا ساڵی ٣٣٧ک /٩٤٩ز بە دەست میرانی کوردەوە بوو، رەنگە لە بنەڕەتدا بەرزۆ یان بەرزێ بوو بێت و خەڵکی پێیان دەگوت بەرزیە[٨٤] و بەپێی کردنی (پ) بە (ف)، لە چەند دەقێکدا ناوی شارۆچکەی پاوە بە (فاوج) هاتووە[٨٥].

لە ناوی دیدا، (ش) کراوە بە(س) ئەمەش دیاردەیەکی دەنگیی زێدە باوە لە وشە خوازراوەکاندا و دەهان پەیڤی جۆربەجۆر ئەم گۆڕینەیان لەسەر کراوە[٨٦]. ناوی شنگار لە گشت دەقەکاندا دوو پیتی گۆڕدراوە و بە(سنجار) هاتووە، کەچی کورد تا ئێستاش هەر دەڵێت شنگار، دیارە ئەمەش شێوە کۆن و رەسەنەکەیەتی، حەمزەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەسپەهانی(م:٣٦٠ک/٩٧١ز) دەڵێت سنجار بەعەرەبیکراوی شنگارایە. هەروەها قەڵای شێروانە کە بارەگایەکی پتەو سەنگەری پشتەوەی میرانی شادنگان بوو و لە زۆربەی هەواڵەکاندا بە (السیروان) هاتووە[٨٧]، بەخۆی ناوی شێروان بوو وەک لە تاکە هەواڵێک هاتووە کە باس لە بەندکردنی (الملک الرحیم)ی دوا شاهی بوەیهی دەکات لەم قەڵایە و دواتر گواستنەوەی بۆ شوێنێکی دی، سەرچاوەی ئەم هەواڵەش کتێبە مێژووییە فەوتاوەکەی محەمەدی کوڕی هیلالی صابیئی ناودار بە(غرس النعمة: م٤٨١ک/١٠٨٨ز)یە کە هاودەمی رووداوەکە بووە[٨٨]، ئاشکراشە تا ئێستاش هەر بە کەلهی- قەڵای شێروانە دەناسرێت، پێویستە لێرە ئەوەش بڵێین کە مەلا جەمیلی رۆژبەیانی(١٩١٣- ٢٠٠١) پێشتر درکی بەمە کردووە و دروست بۆی چووە کە قەڵای سیروان هەر قەڵای شێروانەیە، بەڵام د. حسام الدین نەقشبەندی رەخنەی لەم بۆچوونە دروستەی گرتووە و رەتی کردۆتەوە، مخابن ئەویش ئەم سەرنجە نادروستەی لەبەرچاو گرتووە و پەسندی کردووە و ئەم لێکدانەوە راستەی خۆی بە هەڵە داناوە"... ئێمە بەهەڵەدا چووین و وامانزانی(سیروان) هەر ئەو (شێروانە)یە کە بەسەر ئاوی سیروانەوەیە"[٨٩].

**ئەنجام:**

ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە وجێگای داخیشە، ئەوەی لە مێژوومان ماوەتەوە، زۆربەی هەرەزۆری بە خامەی کەسانی غەیرە کورد نوسراون و ئەگەر ئەوان نەبوونایە رەنگە ئەوەندەشمان بۆ نەمایەتەوە، دیارە ئەوانیش بە گوێرەی دەستوری زمانی خۆیان، چ ناوێکی کەسی و تۆپۆنۆمیی کوردی هەیە تۆماریان کردووە بۆیە رێژەیەکی بەرزی ئەم ناوانە بە شیوە رەسەنەکەی نەهاتووە ئەوەی لای کورد بەکارهاتووە، ئێمە لێرە هەوڵمانداوە بگەهینە ئەنجامگەلێک و گرنگترینیان بریتیە لە وەی پیتی(و)ی ناوە کوردییەکان لە دەقە فارسیەکاندا، کراوە بە(ب) و هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو پیتانەی وا لەم ناوانە هاتوون و لە ئەلفەبای عەربی نین، لە دەقە عەرەبیەکاندا دەستکاری کراون یان گۆڕدراون بۆ پیتی دی، و ناوی هەر هۆزێک بە(یة النسبة) کۆتا بێت، ئەوا لە بەخۆی و لای کورد وانەبووە، لەمانەش گرنگتر بە بەپشتبەستن بە بەڵگە و هەواڵە مێژوویەکان، بۆمان خویا بوو ناوی چ کوردێک پاشگری(وه) فارسی و(ویە) عەربی پێوە بێت، ئەوا لە کوردیدا(ۆ) بووە، بۆیە لەمەودوا ئەرکی سەرشانی گشتمانە ئەم ناوانە وەک خۆی بیان نووسین و کورد چۆن گوتویەتی و بەکاری هێناوە ئێمەش ئاوەها بەکایان بهێنین.

- **لیستی سەرچاوەکان:**
- **بە عەرەبی:**

- ابن الأثير، عزالدين علي بن محمد الجزري(ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٢م).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

- الكامل في التاريخ، دار المعرفة (بيروت: ٢٠٠٧).
- اللباب في تهذيب الأنساب، مكتبة المثنى (بغداد: د. ت).
- الاصفهاني، القاضي(ت: حوالي ٥٩١هـ/١١٩٥م).
- البستان الجامع (المنسوب خطأ الى العماد الأصفهاني)، المكتبة العصرية (بيروت: ٢٠٠٢).
- الباخرزي، أبو الحسن علي بن الحسن بن علي(ت ٤٦٧هـ/١٠٧٤م).
- دمية القصر وعصرة أهل العصر، دار الجيل (بيروت: ١٤١٤هـ).
- البدليسي، الأمير شرفخان بن شمس الدين الروژكي (ت: ١٠١٠هـ/١٦٠١م).
- شرفنامه، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروزبياني، ط٢ (اربيل: ٢٠٠١).
- التنوخي، المحسن بن علي بن محمد(ت: ٣٨٤هـ/٩٩٤م).
- الفرج بعد الشدة، ت: عبود الشالجي، دار صادر( بيروت:١٩٧٨).
- الجواليقي، ابو منصور موهوب بن أحمد(ت: ٥٤هـ/ ١١٤٥م).
- المعرب من كلام الأعجمي، مقدمة وتحقيق ف. عبدالرحيم، قدار القلم(دمشق: ١٩٩٠).
- الجوهري، ابو بكر احمد بن عبدالعزيز(ت:٣٢٣هـ/٩٣٥م).
- السقيفة وفدك، شركة الكتبي للطباعة والنشر (بيروت: بلا).
- الحصني، الحسن بن إبراهيم (ت: بعد٨٢٢هـ/١٤١٩م).
- تاريخ حصن كيفا، تحقيق يوسف بالوكن، دار نوبهار (إسطنبول: ٢٠١٩).
- ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل النصيبي (ت: ٣٦٧هـ/٩٧٧م).
- صورة الأرض، دار مكتبة الحياة (بيروت: ١٩٩٢).
- الخفاجي، شهاب الدين أحمد بن محمد بن عمر(ت: ١٠٦٩هـ/١٥٥٩م).
- شفاء الغليل فيما في كلام العرب من الدخيل،المطبعة المنيرية (القاهرة: ١٩٥٢).
- دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل سنة ٩٤٩هـ /١٥٤٢م، ترجمة د. خليل علي مراد، الأكاديمية الكردية (أربيل: ٢٠١٥).
- رمضان رمضان متولى، عيد النوروز عند الفرس وتأثيره في المجتمعات العربية(القاهرة:٢٠١٣).
- زين الدين عبدالباسط الحنفي (ت: ٩٢٠هـ/١٥١٤م).
- المجمع المفنن بالمعجم المعنون، المطبعة العصرية (بيروت: ٢٠١١).
- سبط ابن الجوزي، شمس الدين أبي المظفر يوسف بن قزاوغلي(ت:٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
- مرآة الزمان في تاريخ الأعيان، الجمعية التاريخية التركية (أنقرة : ١٩٦٨).
- ابن الشعار، كمال الدين المبارك ابن الشعار الموصلي (ت: ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
- قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٥).
- أبن الصابوني، جمال الدين أبي حامد محمد (ت٦٨٠هـ/١٢٨١م).

- العباسي، نزهة المالك والمملوك، المكتبة العصرية(بيروت: ٢٠٠٣).
- تكملة اكمال الاكمال، عالم الكتب (بيروت ١٩٨٦).
- عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ج٢(السليمانية: ٢٠١٤).
- ابن العديم، كمال الدين عمر بن أحمد العقيلي(ت: ٦٦٠هـ/١٢٦٢م).
- بغية الطلب في تأريخ حلب، تحقيق د. سهيل زكار، دار الفكر (بيروت: بلا).
- العرضي، ابو الوفاء محمد بن عمرالحلبي(ت: ١٠٧١هـ/ ١٦٦١م).
- معادن الذهب في الأعيان المشرفة بهم حلب، تحقيق عبدالله الغزالي(الكويت: ١٩٨٦).
- العماد الأصفهاني، ابوحامد محمد بن محمد(ت:٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
- زبدة النصرة ونخبة العصرة، إختصار الفتح بن علي البنداري(ليدن: ١٨٩٩).
- العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله (ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).
- مسالك الأبصار فى ممالك الأمصار، المجمع الثقافي (أبوظبي: ١٤٢٣هـ).
- الفارقي، أحمد بن يوسف بن علي (ت: بعد ٥٧٧هـ/١١٨١م).
- تاريخ ميافارقين، مطبعة نوبهار (استانبول: ٢٠١٤).
- القلقشندي، أحمد بن علي(ت: ٨٢١هـ/ ١٤١٨م).
- صبح الأعشى في صناعة الإنشا، دار الكتب العربية(بيروت: ١٩٨٧).
- ابن المستوفي، شرف الدين المبارك بن احمد (ت: ٦٣٧هـ/١٢٣٩م).
- تاريخ أربل، ج٢، دار الرشيد للنشر (بغداد: ١٩٨٠).
- المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي(ت : ٣٤٦ هـ/٩٥٧م).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار المعرفة (بيروت: ٢٠٠٥).
- التنبيه والإشراف، دار مكتبة الهلال (بيروت ١٩٨١).
- مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: ٤٢١هـ/١٠٣٠م).
- تجارب الأمم، تحقيق: أبو القاسم إمامي، سروش، ط٢(طهران: ٢٠٠٠).
- مؤلف مجهول (القرن٨هـ/١٤م).
- كتاب الحوادث، دار الغرب الإسلامي (بيروت:١٩٩٧).
- المنذري، زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت:٦٥٦هـ/١٢٥٨م).
- التكملة لوفيات النقلة، مؤسسة الرسالة، ط٤ (بيروت: ١٩٨٨).
- النقشبندي، حسام الدين علي غالب، الكرد في لرستان الشمالية وشهرزور(السليمانية: ٢٠١١).
- ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم(ت:٦٩٧هـ/١٢٩٨م).
- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، ج١-٥(القاهرة: ١٩٥٣-١٩٧٥).
- ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي (ت: ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

- معجم البلدان، دار أحياء التراث العربي (بيروت: بلا).
- اليعقوبي، أحمد بن إسحاق بن جعفر (توفى بعد٢٩٣هـ/٩٠٦م).
- تاريخ اليعقوبي، مطبعة شريعت (قم المقدسة: ١٤٢٥هـ).
- اليونيني، قطب الدين أبو الفتح موسى بن محمد (ت: ٧٢٦ هـ/١٣٢٦م).
- ذيل مرآة الزمان، دار الكتاب الإسلامي، الطبعة الثانية (القاهرة: ١٩٩٢ ).

**ب- به فارسى و كوردى:**

- ابن بزاز أردبيلى، درويش توكلى بن إسماعيل بزاز (سال٧٥٩هـ/١٣٥٨م).
- صفوه الصفا، مصحح غلامرضا طبابايى، چاپ تك (تهران: ١٣٨٦ش).
- حمدالله مستوفى قزوينى (ت: ٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- تاريخ گزيده، بأهتمام عبدالحسين نوائى، أمير كبير(تهران: ١٣٨١ش).
- نزهه القلوب، تصحيح محمد دبير ساقى، حديث أمروز (قزوين: ١٣٨١ ش).
- عمر خيام، نوروزنامه، مطبعة روشنائى(طهران:١٩٣٣).
- محمد نوربخش، محمد بن عبدالله قطيفى (ت: ٨٦٩هـ/١٤٦٥م).
- سلسلة الأولياء، بإهتمام محمد تقى دانش پژوه (تهران: ١٣٩٧ش).
- مؤلف ناشناخته( سال٥٢٠هـ/١١٢٦م).
- مجمل التواريخ والقصص، بتصحيح ملك الشعراء بهار(تهران ١٣١٨ش).
- شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی(سلێمانی: ٢٠١٠).
- فەرهاد پیربال، مەلا مەحمودی بایەزیدی، دەزگای ئاراس(هەولێر: ٢٠٠٠).

**پەراویز:**

(١) ياقوت الحموي، معجم البلدان(بيروت: بلا)، ١٥٠/٥.

(٢) ابن الشعار، قلائد الجمان (بيروت: ٢٠٠٥)، ٢٧٥/١.

(٣) دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل سنة ٩٤٩هـ /١٥٤٢م (أربيل: ٢٠١٥)، ص١٩٤- ١٩٥.

(٤) مستوفى قزوينى، نزهة القلوب(قزوين: ١٣٨١ش)، ص٨٢.

(٥) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث (بيروت: ١٩٩٧)، ص ٢٨٥.

(٦) مستوفى قزوينى، تاريخ گزيده(تهران: ١٣٨١ش)، ص٥٥٦، نزهة القلوب، ص١٦٢.

(٧) مؤلف مجهول، كتاب الحودات، ص٢٣٠.

(٨) ابن الأثير، الكامل في التاريخ، (بيروت: ٢٠٠٧)، ٤٤٧/٨- ٤٤٨.

(٩) بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەم: لەبارەی مێژوو و کەلتوری کوردییەوە (سلێمانی: ٢٠٢١)، ل٣٥٦- ٣٥٧.

(١٠) شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی(سلێمانی: ٢٠١٠)، ل٤٢٨.

(١١) البلاذري، فتوح البلدان(بيروت: ١٩٧٨)، ص٣٢٩، ابن الأثير، الكامل في التأريخ، ٣١/٣.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

[12] بگەڕێرەوە بۆ: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، چوار دەوڵەتی کورد(هەولێر: ٢٠٠٠)، ل٧٥- ١١٢.

[13] البدليسي، شرفنامه، ٥٠٣- ٥١٢.

[14] معجم البلدان، ٢٦١/٢.

[15] الكامل، ٧٠٣/٨- ٧٠٤، ابن واصل، مفرج الكروب، ٥٥/١- ٥٦.

[16] معجم البلدان، ١٤٢/١- ١٤٥.

[17] الخفاجي، شفاء الغليل، ص٢٤-٢٥.

[18] المعرب من كلام الأعجمي (دمشق: ١٩٩٠)، ص١٣- ٨٨.

[19] د. عبدالله بن محمد الأنصاري، حقيقة العلم المختوم ب(ويه) واحكامه النحوية، مجلة العلوم العربية، جامعة الامام بن سعود، العدد(٣٤)/ محرم ١٤٣٦هـ، ص٧١- ١٢٤.

[20] بڕوانە: الخفاجي، شفاء الغليل فيما في كلام العرب من الدخيل (القاهرة: ١٩٥٢)، أدى شير، الألفاظ الفارسية المعربة، ط٢(القاهرة: ١٩٨٨).

[21] اليعقوبي، تأريخ اليعقوبي، (قم المقدسة: ١٤٢٥هـ)، ٣٠٩/٢.

[22] الجوهري، السقيفة وفدك (بيروت: بلا). ٣٣٠/٢، ٣٤٧.

[23] الباخرزي، دمية القصر وعصرة أهل العصر(بيروت: ١٤١٤هـ )، ٤٤١/١.

[24] ابن حوقل، صورة الأرض، ص٣٣٤، ٣٥٤.

[25] المسعودي، مروج الذهب، ١٠٠/٣.

[26] لەبارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی(هەولێر: ٢٠٢٠)، ل١٠٣- ١٠٤، ١٢٣- ١٢٤.

[27] مسكويه، تجارب الأمم، ٩٨/٦.

[28] ئێستا (چ)ی وشە بیانییەکان زیاتر دەکرێت بە(ش) و (تش): چەرچل- شەرشل، چیک- تشیک، چیڵسی- تشیلسي.

[29] التنوخي، الفرج بعد الشدة( بيروت:١٩٧٨)، ١٨٦/٢.

[30] الكامل في التأريخ، ٥٣/٧، ١٢٤.

[31] المصدر نفسه، ٢٢٨/٧.

[32] تاريخ گزيده، ص٤٢٥، ٤٣٣، ٥٥٠.

[33] الكامل في التأريخ، ٩٢/٨، ٩٥، ٩٨.

[34] الكرد في لرستان الشمالية وشهرزور خلال العصر الوسيط(السليمانية: ٢٠١١)، ص١٣١، ١٤٤.

[35] مؤلف ناشناخته، مجمل التواريخ والقصص (تهران ١٣١٨ش)، ص٣٩٤.

[36] مجمل التواريخ والقصص، ٣٩٨.

[37] عمر خيام، نوروزنامه، مطبعة روشنائى(طهران:١٩٣٣)، ص٤٤-٤٥، رمضان رمضان متولى، عيد النوروز عند الفرس وتأثيره في المجتمعات العربية(القاهرة:٢٠١٣)، ص١٢٥.

[38] مستوفى قزوينى، تاريخ گزيده، ص٤٢٩.

[39] الأصفهانى، البستان الجامع، ص٤١٢.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٤٠) اليونيني، ذيل مرآة الزمان،٣/٨٩.

(٤١) الفارقي، تاريخ ميافارقين(استانبول: ٢٠١٤)، ص٥٣٩- ٥٤٠.

(٤٢) تاريخ ميافارقين، ص٤٦٠- ٤٦١، ٥٣٩- ٥٤٠.

(٤٣) حاڵی حازر(كوه گيلويه و بوير أحمد)، ئوستان- پارێزگايەكی ئێرانە و دەكەوێتی نێوان ئوستانەكانی ئەسپەهان و خوزستان فارسەوە.

(٤٤) بڕوانە: التنوخي، نشوار المحاضرة، تحقيق: عبود الشالجي، دار صادر (بيروت: ١٩٧١)، ٣/١٣٩، ٤/٩٤-٩٦، البيروني، الآثار الباقية عن القرون الخالية، دار العراب (دمشق: ٢٠١٣)، ص٧٨، ٢٧٣.

(٤٥) ابن واصل، مفرج الكروب، ٤/٢٥٧، ٥/٨٠.

(٤٦) المنذري، التكملة لوفيات النقلة(بيروت: ١٩٨٨)، ٢/٦٠٣.

(٤٧) العباسي، نزهة المالك والمملوك(بيروت: ٢٠٠٣)، ١/٢٣٧.

(٤٨) بڕوانە: كردستان في العهد الجلائري، الاكاديمية الكردية(أربيل: ٢٠٢٢)، ص٨٣- ٨٥. ئەم ناوە بە فۆرمە كوردييەكەی لای فارسيش هەبوو، باپيری نوژدار و ئەديب(ابو الفرج بن حسين هندۆ: م٤٢٠ك/١٠١١ز) خەڵكی قووم ناوی هندۆ بوو.

(٤٩) القلقشندي، صبح الأعشى، ٧/٢٩٧.

(٥٠) الحصني، تاريخ حصن كيفا، نوبهار(أستانبول: ٢٠١٩)، زەيدۆ دەشێت زێدانيش بێت.

(٥١) ابو الوفاء العرضي، معادن الذهب(الكويت: ١٩٨٦)، ص٢١٩.

(٥٢) شرفنامە، ص٣٨٠.

(٥٣) حقيقة العلم المختوم ب(ويه) واحكامه النحوية، ص٨٨.

(٥٤) زين الدين الحنفي، المجمع المفنن بالمعجم المعنون، ٢/١٨٣.

(٥٥) الحصني، تاريخ حصن كيفا، ص١٤١، ١٦١-١٦٢، ١٦٧، ٢٤٤، ٢٨٩... هتد، البدليسي، شرفنامە، ص٣٨٠.

(٥٦) شرفنامە، ص٢٣٣، ٣٦٣.

(٥٧) عەلائەدين سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، بڵاوكردنەوەی كوردستان(سنە: ١٣٨٩ش)، ل٣١٤-٣٢٠.

(٥٨) بگەڕێرەوە بۆ: فەرهاد پيرباڵ، مەلا مەحمودی بايەزيدی(هەولێر: ٢٠٠٠)، ل١٥٧- ١٥٨.

(٥٩) المعرب من كلام الأعجمي، ص٩٤.

(٦٠) المعرب من االكلام الأعجمي، ص٩٥، الخفاجي، شفاء الغليل، ص٢٥.

(٦١) الجوهري، السقيفة وفدك، ٢/٣٣٠، ٣٤٧.

(٦٢) خولاصەيەكی تاريخی كورد و كوردستان، بنكەی ژين(سلێمانی: ٢٠٢٠)، ل٢٤٧- ٢٤٨، ٢٥١، ٣٦١، ٦٨٩- ٦٩٣.

(٦٣) تأريخ ميافارقين، ص٤٤٩- ٤٥٣.

(٦٤) الكامل فى التأريخ، ٧/١٥٠- ١٥٢، ١٧٧- ١٧٨.

(٦٥) الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ج٢(السليمانية: ٢٠١٤)، ص٧٠٢- ٧٠٤.

(٦٦) ابن بزاز الأردبيلي، صفوة الصفا، ص٧٠.

(٦٧) المنذري، التكملة لوفيات النقلة، ٢٥٦- ٢٥٨.

(٣) مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٤.

(٦٩) لەمبارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ: ابراهيم جمعة، قصة الكتابة العربية، دار المعارف(القاهرة:١٩٤٧)، ص٤٩-٥٥.

(٧٠) بۆ پتر زانیاری بگەڕێرەوە بۆ: النقشبندي، الكرد في لرستان الشمالية، ص٢٠٥- ٢٥٤.

(٧١) المعرب من كلام الاعجمي، ص٩٤، ٢٣٥- ٣٣٨.

(٧٢) المسعودي، التنبيه والإشراف(بيروت ١٩٨١)، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢، ابن الأثير، اللباب في تهذيب الأنساب (بغداد: د. ت)، ٣٠٧/١، الكامل في التأريخ، ٣٩٢/٧، ٣٩٧.

(٧٣) بگەڕێرەوە بۆ: مصطفى جواد، جاوان القبيلة الكردية المنسية، مطبعة المجمع العلمي الكردي (بغداد ١٩٧٣).

(٧٤) مؤلف ناشناخته، مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٩.

(٧٥) الكامل في التاريخ، ٦٨/٦، ٣٢١.

(٧٦) معجم البلدان، ٢٦١/١

(٧٧) اللباب في تهذيب الأنساب، ٣٠٧/١. بۆ پتر پێزانین بڕوانە کتێبەکەم: القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، ط٢، دار الزمان(دمشق:٢٠١٦)، ص٩٤- ١٠٠.

(٧٨) ابن الصابوني، تكملة إكمال الإكمال، ص١٠٥.

(٧٩) اللباب في تهذيب الأنساب، ١٥٧، بۆ پتر پێزانین بڕوانە: القبائل والزعامات القبلية الكردية، ص٥٣- ٦٠.

(٨٠) شرفنامه، ص٣٠٥، ٣١٠، ٣١٩- ٣٢٠.

(٨١) معجم البلدان، ١٤٢/١- ١٤٥.

(٨٢) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٥١/١، ٧٠، معجم البلدان، ١٦٤/١، نزهة القلوب، ص١٢٧، ١٣٢- ١٣٣.

(٨٣) معجم البلدان، ١٣٢/١- ١٣٤.

(٨٤) معجم البلدان، ٣٠٤/١، ٤١٣/٣، ابن العديم، زبدة الحلب، ٩٤١/٢.

(٨٥) محمد نوربخش، سلسلة الأولياء (تهران: ١٣٩٧ش)، ص٤٦.

(٨٦) هەر بۆ نموونە: ئاوریشم، شەروال، سەرپۆش، تەشت، کران بە أبريسم، سروال، شربوش- طربوش، طست.

(٨٧) العماد الاصفهاني، زبدة النصرة، ص١٩، الكامل، ٦٣/٨، ٩٠، ١٢٥، ١٦١.

(٨٨) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، الحوادث الخاصة بالسلاجقة، ص٥.

(٨٩) بگەڕێرەوە بۆ: توێژینەوەکانی دیداری مەلا جەمیل رۆژبەیانی، کەلار ١١- ١٢/ ٢/ ٢٠٢١، ل١٩٩.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## الامارات الكردية
## قراءة جديدة لأسماء الأمراء والقبائل والمدن والقلاع

**الملخص:**

من المعروف ان النخبة المثقفة من الكرد عبر عصور التأريخ الإسلامي، لم تولى اهتماما يذكر بتدوين تأريخ شعبهم وبلادهم وكل ما وصلتنا حول تأريخ الأمارات والكيانات القبلية الكردية، عبارة عن أخبار مبعثرة وروايات متناثرة بين المصادر العامة التي كتبت من قبل المؤرخين والكتاب العرب والفرس وغيرهم، فقدموا بذلك خدمة كبيرة للتأريخ الكردي، غير انهم ثبتوا اسماء الأمراء والزعماء الكرد وكذلك اسماء القبائل والبلدات والقلاع التي خضعت لهم، وفق قواعد واسس اللغة العربية في الغالب وبدلوا الحروف التي لا توجد في العربية بالحروف القريبة منها في اللفظ او شبيهة لها في الشكل كما حوروا الواو المفتوحة التي هي من أهم علامات اسماء الأعلام في اللغة الكردية الى(ويه). وسار الباحثون المعاصرون على هذا النهج وكتبوا كل الأسماء الشخصية والجغرافية التي تخص الإمارات والقبائل الكردية بنفس الصيغة المثبتة لدى المؤرخين القدامى.

وبناءا على ذلك، فهذا البحث هو مبادرة جادة ومحاولة أولية لدراسة هذه الظاهرة مبينا حسب رأي الباحث اسبابها وأهم الحالات التي تعرب فيها اسماء الأعلام أو يغير فيها الأحرف الأعجمية الى العربية، وبالتالي الى الإهتداء الى أصلها الكردي وذلك بالإعتماد على المصادر المعنية والشواهد اللغوية.

**الكلمات الدالة:** *ألامراء، والعشائر الكردية، مدن كوردستان، تصحيح*

## Kurdistan Emirates
## A new reading of the names of emirs, tribes, cities and castles

**Abstract**

It is known that the educated elite of the Kurds throughout the ages of Islamic history paid little attention to codifying the history of their people and their country. This is a great service for Kurdish history, except that they fixed the names of the Kurdish princes and leaders, as well as the names of the tribes, towns and castles that were subject to them, according to the rules and foundations of the Arabic language mostly, and they replaced the letters that do not exist in Arabic with letters that are close to it in pronunciation or similar to it in form, as they altered the (ۆ) Which is one of the most important signs of proper nouns in the Kurdish language to (weh).

Contemporary researchers followed this approach and wrote all the personal and geographical names that belong to the Emirates and Kurdish tribes in the same formula proven by ancient historians. Accordingly, this research is a serious initiative and a preliminary attempt to study this phenomenon, indicating, according to the researcher's opinion, its reasons and the most important cases in which proper names are expressed or the non-Arabic letters are changed to Arabic, and thus to the guidance to its Kurdish origin, depending on the relevant sources and linguistic evidence.

**Key words**: *Kurdish princes and tribes, Kurdistan cities, correction*

# کاریگەری کۆچ و کۆچپێکردن لە سەر هەرێم ەکوردنشینەکان لەنێوان سەدەکانی (٥-٦ک/ ١١-١٢ز)

**پ. ی. د. ئەبوبکر دێوانە حەمەدحەسەن بالەکی**

بەشی زانستی کومەلاتیەکان ـ فاکولتی پەروەردە ـ زانکوی سوران ـ سوران/کوردستان

**ئیسماعیل خالند ناوخۆش**

بەشی میژوو ـ فا کولتی ئاداب ـ زانکوا سوران ـ سوران/کوردستان

**پوختە:**

ئەم تـویژینەوە لەژێـر ناونیشـانی؛"کاریگەریی کـۆچ و کـۆچپێکردن لەسـەر هەرێمەکوردنشینەکانە". کۆچکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆنە، دەکرێت ئاماژە بەوەی بکەین لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکەیە، کۆچ سروشتێکی تێکەڵبووی مرۆڤ بووە، بە تێپەربوونی کات هۆکار و ئامانجەکانی و لێکەوتەکانی هەمەجۆربوونە، هەڵبژاردنی ئەو بـابەتە بـۆ ڕووداوێکـی گرنـگ لە مێـژووی کـورد دەگەڕێـتەوە ئەویـش لێکەوتەکـانی کۆچکردنە، کە نەبووەتە بابەتی سەرەکی تویژینەوە لە لای توێژەرانی کورد. دیاریکردنی سـەدەی(٥-٦ک/ ١١-١٢ز)ش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو ڕووداوە سیاسـیی و سـەربازییانەی لەو دوو سەدەیەداڕوویانداوە. ئەم تـویژینەوەیە لە پێشـەکی و سێ بـاس پێکـدێت: لە باسـی یەکەم؛ وشـەی کـۆچ و کـۆچپێکردن لە ڕووی زاراوە و زمـانەوانی دەناسـرێت. لە باسـی دووەمـدا؛ بـۆ خۆپاراستن لەدووبارەبوونەوە بەکورتی هەرێمەکوردنشینەکان دەخرێنە بەر ناساندن. لە باسی سێیەمدا؛ باسـی کـاریگەریی ئەو کـۆچ و کـۆچپێکردنە دەکرێت لەسـەرلایەنی سیاسـی و کۆمەلایەتی و سەربازی و زانستی، هەروەهاله کۆتایی تویژینەوەکە ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کۆچ، کۆچپێکردن، کاریگەری، هەرێمە کوردنشینەکان، سیاسی.*

**پێشەکی:**

کـۆچ لە مێـژووی گەلانـدا بە گشـتی بـوونی هەیە، هەنـدێک کـات وەک چارەسەرێکی ناچاری بەرۆکی مرۆڤی گرتووەوە و ناچاری کردووە ڕێگەی هات و نەهات بگرێتەبەر، ئەم ڕێـگەیەش دەشێ هەنـدێکجار مـایەی ڕزگـاربوونی بێـت، بەڵام لەوانەشـە دەروونی ئارام نەبێت، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە لە کوێ لەدایک بوویێت، ئەو شوێنە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

نیشتمانێکی ئارام بەخشە بۆی. ئەو کۆچکردنەش بەبێ کاریگەریی نامێنێتەوە، بێگومان کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە.

ئەم تـوێژینەوەیە لە سـێ بـاس پێکـدێت؛ لە باسـی یەکەم وشـەی کـۆچ و کۆچپێکردن لە ڕووی زاراوە و زمـانەوانیی خـراوەتە بەر بـاس، لە باسی دووم بەکورتی باسی هەرێمەکوردنشـینەکان دەکەیـن بـۆ خۆپاراسـتن لە دووبـارەبوونەوە هەر یەک لە هەرێمی ئازەربایجـان، ئـاران، ئەرمینیـا، چیـا و جەزیـرە و، لە باسی سێیەمدا هەر یەک لە لێکەوتەی کۆچکردن لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی.

گرفتەکـان زۆرن وەک هەر تـوێژینەوەیەکی دیـکە، بە تـایبەت کەمـی زانیـاری لە هەندێ بابەت و پەرشوبڵاوی زانیارییەکان، هەروەها مێژوونووسانی ئەو کاتی ئیسلامی زیاتر گرنگیـان بە ڕووداوە سیاسـییەکان و ژیاننـامەی کەسـایەتییەکان داوە، کەمتـر پـرژاونەتە سەر لایەنی کۆمەلایەتی و زانستی، نەخاسمە ئەم زانیارییانە لەمەڕ هەرێمەکوردنشینەکان بن کە لە بنەڕەتدا مێژووەکەی بە کەمی سەرچاوە دەناڵێنێت، ئەمە وایکرد هەندێک کات ناچار بووین لە سێبەری ڕووداوەکان و بەکارهێنانی ژێدەرەکان زانیـاری نوێ بخەینە ڕوو، هەر ئەمەش هۆکارێک بوو وایکرد کە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم توێژینەوە ماندووبوونێکی زۆری بوویت.

تـوێژەران لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵیـان داوە، کـاریگەریی کـۆچ و کـۆچپێکردن لەسەرلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی لە هەرێمە کوردنشیەنەکان دیاری بکـات، چ کـاریگەرییەکی هەبووە بەسـەریانەوە و، چـۆن کـرداری کـۆچ و کۆچپێکردنیـان ئەنجام داوە؟ ئەو کات ئامرازەکانی گواستنەوە سادەبوون؟ ئایا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەبووە بەسەر هەرێمەکوردنشینەکان؟.

میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی مێژوویی شیکاری وبەراودکاری بە کارهاتوە.

مەبەست لە کاریگەری سیاسی وکۆمەلایەتی وسەربازی وزانستیە.

## باسی یەکەم: چەمکی کۆچ لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:

### ١- لە ڕووی زمانەوانییەوە:

وشـەی کـۆچ لە فەرهەنـگی کوردیـدا لە پیتەکـانی (ک، ۆ، چ) پێکـدێت، ئەم زاراوەیە بـۆ چەنـد مەبەسـتێکی جیـا بەکـار دێـت، ئەویـش دوای ئەو گۆڕانکـایـانەی بەسـەر وشەکە دادەهێندرێت، بە هۆی خستنەسەری پێشگر یان پاشـگر، یانیش لێکدراو وەک ئەم نموونـانە: (کـۆچ، کۆچـاوکۆچ، کـۆچکردن، کـۆچەر، کـۆچەراتی، کـۆچەری، کۆچبـار و ...تاد)، دەبینین هەر یەک لەم وشانە سەرچاوەی سەرەکی لە وشەی کۆچەوە دروست بووە، هەر

یەکەیان بۆ مەبەست و واتایەک بەکار دەهێندرێت.(خاڵ، ٢٠٠٥ز:٣٦٤؛شەرەفکەندی، ١٣٦٩ک: ٦٢٦)

وشەی کۆچ لە زمانی عەرەبیدا (الهجرة) یان (الهجر) گوزارشتی لێ کراوە، لە پیتەکانی (الها، والجیم، والراء)، کە هەر یەک لەم پیتانە بنەمایە و بناغەیەکە بۆ پچڕان و پچڕاندن، ئەوەی دیکەیان ئاماژەیە بۆ توووندکردنی شتێک و بەستنەوەی، جا یەکەمیان (الهجر) پێچەوانەی پەیوەستبوونە بەهەمان شێوەش (الهجران)(ابن فارس، ١٩٧٩م: ٦/ ٣٦؛ ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥) (وهجرة، هجرا، وهجرانا) بەجێی هێشت یان پچڕاندی، وازی لێ هێنا، یان لێی دوور کەوتەوە (ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ آبادی، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥).

**٢- لە ڕووی زاراوەییەوە:**

کۆچ بە واتای گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی بکرێت، ڕۆیشتنی کەسێک لە شوێنی ڕەسەنی خۆی و ئەو شوێنەی تێدا ژیاوە، یان تێدا لەدایک بووە بۆ شوێنێکی دی، ئەوسا کۆچەکە لە وڵاتێکەوە بێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لە گوندەوە بێت بۆ شار، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، یان لە هەرێمێکەوە بێت بۆ هەرێمێکی دیکە، پێی دەگوترێت کۆچکردن، لەبەرئەوەی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێڵاوە. (ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥).

**کۆچپێکردن (التهجیر) لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:**

**_ لە ڕووی زمانەوانیی:**

کۆچپێکردن لە زمانی کوردیدا، لە بنەڕەتدا لە وشەی کۆچ وەرگیراوە، لە زمانی کوردی هەندێک وشە پێشگر یان پاشگری بۆ زیاد دەکرێت، یانیش وشەکان لێکدەدرێن، وشەیەکی دیکەیان لێ دروست دەکرێت. کۆچ (چاوگی داڕێژراوی پێ کردن) بۆ زیاد کراوە، کۆچ+ پێکردن= کۆچپێکردن، کە بە مانای ناچار دەبێت کۆچ بکات (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٦-٢٩)، بەهۆی هەر بارودۆخێکی نەخوازراو ڕوو بدات، جا لە ڕووی ئابووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی و سەربازیی ڕوو بدات.

**_ لە ڕووی زاراوەییەوە:**

کۆچپێکردن بە واتای ناچار دەکرێت کۆچ بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەسێک ناچار بێت شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بگۆڕێت، جا لە گوندەوە بێت بۆ شار، لە شارێکەوە بێت بۆ شارێکی دیکە، لە هەرێمێکەوە بێت بۆ هەرێمێکی دیکە، یان لە وڵاتێکەوە بێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لە ئەنجامیبوونی بارودۆخێکی نەخوازراو وەک بارودۆخی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی، سەربازیی، سروشتیی ...هتد، ئەو بارودۆخە دەبێتە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆکارێک ناچاری دەکات کەوا شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بگۆڕن (ابن فارس، ١٩٧٩م، ٦/ ٣٦- الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥- عزیز، ٢٠١٥م: ٢٠).

**باسی دووەم: ناساندنی هەرێمەکوردنشینەکان:**

گەڕان بەناو سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت هیچ هەرێمێک نەبووە، هەموو دانیشتووانەکەی سەد لە سەد لە ڕەگەزی کورد بن، بەڵام لە هەندێک هەرێم زۆرینەی دانیشتووانی لە ڕەگەزی کورد بووینە، هەر یەک لەم هەرێمانەش کۆمەڵێک شار و مەڵبەند لەخۆ دەگرن، ئێمە هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو شار و مەڵبەندانەی ئەم هەرێمانە بناسێنین، بەکورتی شوێنی جوگرافییان بخەینەڕوو، پاش گەڕان بەناو سەرچاوە ڕەسەنەکان بۆمان دەرکەوت کە ئەم پێنج (٥) هەرێمانە زۆرترین شار و گوند، هەروەها دانیشتووانی کورد بووینە، ئەم هەرێمانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: هەرێمی ئازربایجان:**

هەرێمی ئازربایجان هەرێمێکی دیار و فراوانی ئەو سەردەمی بووە، کەوا زۆرینەی دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، کەوتبووە خۆراوای دەریای خەزەر و وڵاتی دەیلەم و خۆرهەڵاتی هەرێمی چیا و باکووری هەرێمەکانی ئەرمەنستان و ئاران (ڕان). (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٧٨-٢٨٥؛ مؤلف مجهول، ١٩٩٩م: ١١٩؛ زادە، ٢٠٠٨م،١٣٤)لە گرنگترین مەڵبەند و شارەکانی ئەم هەرێمە بریتیین لە: تەورێز، مەراغە، ئەردەبیل، میانج، ئورمیە، خۆی، سەلماس، سراو، مەرەند، شنۆ، جابروان، موقان، ورثان و برزندە. ئەم شار و ناوچانەی سەرەوە هەرێمی ئازربایجانیان پێکدەهێنا. (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٨٥-٣٠٤- مؤلف مجهول، ١٩٩٩م، ١١٩-١٢٠- الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٣٦- ابن المستوفی، ١٣٤٢ە: ٨٠- الحمیری، ١٩٨٤م: ٥٣٥؛ کی لسترنج، د.ت، ١٩٥)

**دووەم: هەرێمی ئاران:**

هەرێمی ئاران یەکێکی دیکەیە لە هەرێمەکوردنشینەکان، کە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکووری ئازربایجان و خۆراوای ئەرمەنستان و باکووری باکووری خۆرهەڵاتی جەزیرە. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٨٧؛ الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٣٦؛ ئەنوەر، ٢٠١٥ز: ٢٥)، کە چەند شار و مەڵبەندی کوردنشین لەخۆ دەگرێت، گرینگترینشیان بریتیین لە: بەرزغە، کەنجە، شەماخی، ئانی، دبیل (دوین) ، (باب الابواب)، نشوی بەو ناوانەش هاتووە؛ (نخشیفان، نخشوان و نقجوان)، باکۆ، شروان و تفلیس. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٨٥-٣٠٤؛ مجهول، ١٩٩٩م: ١١٩-١٢٠؛ المقدسی، د.ت، ٣٧٥؛ ابوالفدا، ١٨٤٠م: ٤٠٥؛ البروسی، ٢٠٠٦م: ١٨٥) هەر یەک لەم شار و مەڵبەندانە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**سێیەم: هەرێمی ئەرمینا:**

هەرێمی ناوبراو یەکێکی دیکەیە لە هەرێمەکوردنشینەکان، کەوا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، سنووری جوگرافیای ئەم هەرێمە لە ڕۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی ئاران، لە سنووری ڕۆژاوای لەگەڵ جەزیرە، لە باشوور هاوسنوورە لەگەڵ ئازربایجان، لە سنووری باکووری هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ڕۆم. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٩٥)، هەرێمی ئەرمینیا کۆمەڵێک شار و مەڵبەندی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کەوا کوردەکان ڕێژەی زۆری دانیشتووانی ئەم شار و مەڵبەندانەیان پێکدەهێنا لە ماوەی سەردەمی توێژینەوەکەدا، گرنگترین ئەوە شار و مەڵبەندانەی ئەم هەرێمە ئەمانەن: (خلاط)، مەلازگرد، بەدلیس، (ارزن)، (ارجیش)، بەرگری، موش، مەعدەن. (مؤلف مجهول، ١٩٩٩م: ١٢٠-١٢٣؛ ابن عساکر، ١٩٩٣م: ١٥١؛ الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٥٠،٣/ ٣٨٠، ٥/ ٢٢٣؛ مؤلف مجهول، ٢٠١٠م: ١٢٠)

**چوارەم: هەرێمی چیا:**

مەبەست لە هەرێمی چیا ئەو ناوچە بەرفراوانە بووە، کە کەوتبووە بەری خۆرهەڵاتی ناوچەکانی خوراسان و ئەسفەهان و فارس و باکووری خۆرهەڵاتی خوزستان، لە بەری باکووریش ناوچەکانی دەیلەم و قەزوین و ڕەی، لە باشوور عێراق و خوزستان دەورەیان دابوو. (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٣٠٤)، ئەم هەرێمە کۆمەڵێک شار و مەڵبەندی گرنگ لەخۆ دەگرێت، گرینگترینیان بریتیین لە: دینەوەر، قەرمیسین، نەهاوەند، بروجەرد، هەمەدان، حەلوان، خانەقین، مەندەلی، شارەزوور، سیروان، جەلەولا، و (الصمیرە). (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٣٠٨؛ مهلهل، ١٩٥٥م، ١٤؛ الحموی، ١٩٩٧م، ١/ ٤٠٤، ٢/ ١٥٦، ٣٤٠/ ٥/ ٣١٣؛ الحمیری، ١٩٨٤م، ٤٥٤).

**پێنجەم: هەرێمی جەزیرە (الجزیرة الفراتیة):**

یەکێکە لە هەرێمەکوردنشینەکان، مەبەست لە هەرێمی جەزیرە، ئەو ناوچە بەرفراوانەیە کە کەوتبووە کەنار و نێوانی بەری باکووری هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، ناوچەکانی (جەزیرە، مووسڵ و ئامەد) دەگرتەوە و هاوسنووری هەرێمی ئاران و چیا بووە. (مجهول، ١٩٩٩م، ١١٧؛ الحموی، ١٩٩٧م، ٢/ ٢٩٤؛ کی لسترنج، د.ت، ١٤٧-١٤٨؛ خۆشناو، ٢٠١٣ز، ١٣٢؛ ڕەسوول، ٢٠٢٠ز، ٤٧) ئەم هەرێمە کۆمەڵێک شار و مەڵبەند لەخۆ دەگرێت کە ئەمانەن: مووسڵ، سنجار (شنگار)، داسن، ئامەد، میافارقین، نوسەیبین، ڕوها، (حصن کیف)، فاقان، ماردین، جەزیرەی ئیبن عومەر، مەلاتییە، حەران، زۆزان، ئاکرێ (عقرە)، هەولێر، سعرد سێرت، باجرمی کەرکووک، بینون. (المقدسی، د.ت، ١٤١؛ الحموی، ١٩٩٧م، ١/ ١٣٨، ٥٣٥، ٢/ ٢٦٥، ٣/ ١٠٦، ٤/ ٤٤٦- ابوالفداء، ١٨٤٠م، ٢٧٧؛ جعفر، ١٩٨١م، ١١٣)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**باسی سێیەم: کاریگەری کۆچ و کۆچپێکردن لە سەر لاینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی**

**یەکەم- لێکەوتە لەسەرڕەوشی سیاسی:**

هەرێـمە کوردنشـینەکان لەژێـر کـاریگەریی سیسـتەمی خێڵەکـی و شـێوازی بەڕێوەبردنی ڕەوشـی سیاسـی و سـەربازی، خـاوەن هێزێکـی گەورەی مرۆیـی بـوون، هـیچ هـۆز و میرنشینێک نەبووە خـاوەن هێـزی تـایبەت بە خـۆی نەبووبێت(الفارقي، ١٩٥٩م، ص٩٣_١٠٠؛ ابن الاثـیر، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٢_٢٣) و،دەوڵەت و میرنشـینە ناکوردییەکـانیش سـوودیان لە توانـای سـەربازی کـورد وەرگـرتووە(ابن الجـوزي، ١٣٥٩هـ،ج١٦/ص ١٢٥؛ مؤيدالـدين، سـيرة المؤالـدين، د.ت، ص١٣٧ )، هەر کـاتێک پێگەیـان یـان سـنووری فەرمانڕەوایيـان تووشـی مەترسـی بووبێت بێهەڵوێسـت نەبـوون، بە گـوێرەی توانـای خۆیـان هەڵوێسـتیان هەبـووە و بەرپەرچـی هێـزی داگیرکەریـان داوەتەوە(ابـن الجـوزي، ١٣٥٩هــ،ج٨/ص٥٠ ؛ ابـن الاثيـر، ٢٠١٢م، ج٧/ ص٥٧٤، ٧٤٠)،بـۆ نمـوونە؛"میر فەزلـۆنی یەکەم" (٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز) فەرمـانڕەوای میرنشـینی شەدادی بووە، لە ماوەی فەرمانڕەوایدا توانیـویەتی بەرپەچـی ئەرمەنییەکـان بـداتەوە، هەروەهـا هێرشـێکی بەرفـراوان بکـاتە سـەر چەنـد نـاوچەیەکی ئەرمەنـی و باجیـان بەسـەردا بسەپێنێت(کسروی، ١٣٨٨هـ، ص٢٧١).

خەڵـک دەیانەوێت ستەمیان لێنەکرێت، کەسـێک بیانپارێزێت(مەکیاڤیلی، ٢٠١٥، ل٨٤)، ئەویـش میـرە یـان پاشـایە(ئیبن خلـدون، ٢٠١٥، ب١/ل١٩٦)، بەرگریکـردن لە مـاڵ و گیانیـان داوەتە دەسـت فەرمانڕەوایـان، گەر فەرمانڕەواکەیـان نەیتـوانی بیانپارێزێـت، ئەوا خەڵـک بە ناچـاری ڕێـگەی کـۆچکردن دەگـرنەبەر(ئیبن خلـدون، ٢٠١٥، ب١/ل٣٥٠)، بـۆ نموونە"میر نەسرودەولە مەڕوانـی" (٤٠١-٤٥٣ک/١٠١١-١٠٦١ز) میـری میرنشـینی مەڕوانیـی بـوو، تـوانی پارێزگـاری لە خەڵکـی خـۆی بکـات لە هێـزی دەرەکـی، لە نـاوخۆی میرنشـینەکە گرنگـی بە لایەنـی ئاوەدانی، زانسـتی، کـاری خێرخـوازی، دادپەروەری و گیروگرفتەکـانی خەڵکیدا، بۆیە لە ڕۆژگاری ئەودا شاری میافارقینی پایتەخت و شارەکانی تر جمەیان دەهات لە قەلەباڵغیدا(الفارقي، ١٩٥٩م، ص١٤١_١٧٦)، کەواتە میری ناوبراو توانیویەتی پارێزگـاری لە خەڵکی بکات.

بەڵام ئەو ڕەوشـەی بەسـەر هەرێمە کوردنشـینەکان هـات، بـووە هـۆی کـۆچکردنی سەدان میر و هەزاران سەربازی لێکەوتەوە، ئەمەش کـاریگەریی گەورەی کـردە سـەر ڕەوشـی سیاسی لە هەرێمە کوردنشینەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاقڵمەنـدی سیاسـی، ڕۆشـنبیران، میـران و سـەربازان، کە داینەمـۆی جـوڵانەوەی سیاسـی بـوون لە هەرێـمە کوردنشینەکان، بەمەش هیوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتیخۆجێیی لە هەرێمە کوردنشینەکان هیـوابڕاو بوو(مجهـول، ٢٠١٠م، ص٢٠٥، ٢١٠_٢١١، ٢٣٨، ٣٠٠)، ئەمە بـووە هـۆی ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داگیرکەرانی هەرێمە کوردنشینەکان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان هەرێمە کوردنشینەکان بەڕێوەببەن(ابن الاثیر، د.ت، ص٧٩؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٤٩_٢٥٠)، چونکە دەسەڵاتێک و میرنشینێک نەبوو بتوانێت بەرپەرچیان بداتەوە، سەرەڕای ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان باجیان لە خەڵک وەردەگرت، وەک لە ناوچەکانی؛ (ماردین، جزیرە، حەسەن کێفا و مووسڵ)(ابن القلانسي، د.ت، ص٢١٨؛ الرواندي، ٢٠٠٥م، ص٢٦٠)، پێشتر ئەو ناوچانە لە لایەن میر نەسرەدولەی مەڕوانی دەپارێزران، کەچی ئێستا باجیان لێوەدەگرن، لێرەدا کاریگەریی کۆچ بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت.

هەروەها کۆچکردنی میر و جەنگاوەران نەمانەوەیان لە زێدی خۆیان هەوڵنەدانیان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێزی کوردی، ئەمەش زیاتر دەرفەتی ڕەخساند بۆ گێرەشێوێنی و تاڵانکاری، بۆ نموونە"تورکمانی بابەکری"[١]، بە مەرومالاتەوە ڕوویان کردە هەولێر(اربل) بۆ ماوەی سێ ساڵ(٥١٧-٥٢٠ک/ ١١٢٣-١١٢٦ز) فەرمانڕەوای هەولێریان دەکرد، لەو ماوەیە بە ویست و ئارەزووی خۆیان فەرمانڕەواییان لە خەڵکی هەولێر و دەوروبەریان دەکرد(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ص٢٧٣؛ ابن أبي هیجاء، ١٩٩٣م، ص١٨٠_١٨١ )، لێرەدا ئەگەر میرێکی بەهێز هەبایە لە ڕووی سیاسی و سەربازی ئەوا نەیاندەتوانی بەو شێوەیە خەڵکی بچەوسێننەوە.

دانیشتوانی شار پشت بە هێزی سوپا و پاسەوانەکان دەبەستن لە کاتی مەترسی، ئەگەر نەیانتوانی بیان پارێزن، ئەوا کۆچ دەکەن(ئیبن خلدون، ٢٠١٥، ب٢/ ل٥٨)،بۆ نموونە قەرەبولیی (القرابلی) سەرداری هۆزی سولغوری تورکمانی لەگەڵ "میر سورخاب کوڕی بەدر" (٤٦٧- ٥٠٠ک/ ١٠٧٥- ١١٠٧ز) میری میرنشینی عەنازی، لەسەر لەوەڕگا دەبێتە شەڕیان، تورکمانەکان ژمارەیەکی زۆری سەربازانی میر سورخابیان کوشت؛ ناچار بە کۆچکردنیان کرد و ناچاربوون هەڵبێن بۆ ناوچە چیایەکان، گشت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر سورخابیان گرت، تەنها داقوق وشارەزوور نەبێت(ابن الاثیر، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٤٧٦)، هەروەها سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کورد و تورکمانەکان کە کوشتوکوشتارێکی زۆریان لە یەکتری کرد و بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەردوو ڕەگەز،شەڕوئاژاوە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکانی گرتەوە، شارەکانی وەک مووسڵ، شارەزوور، نوسەیبین(ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ٢٠١٠، ل١١)، دیاربەکر، تورعابدین، جەزیرە،ئازەربایجان، شام، مەلاتیە و چەند شارێکی تری گرتەوە(الاصفهاني، ٢٠٠٣م، ص٤٢١_٤٢٢؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٨٦). نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە(الاصفهاني، ٢٠٠٣م، ص٤٢١_٤٢٢؛ ابن الاثیر، ٢٠١٢م، ج١٠/ص ١٣٦؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٨٦)، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی هێزێکی سیاسی بەهێز کە فەرمانڕەوای هەرێمە کوردنشینەکان بکات و، بتوانێت بە شێوەیەکی بەهێز بەرپەرچیان بداتەوە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم باسەی سەرەوەدا لەوە تێدەگەین کەوا کۆچکردنی میر و سەربازانی کورد کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر ئاسایشی تاکی هەرێمە کوردنشینەکان و، دەرفەتی زیاتری بۆ هێزەداگیرکەرەکان ڕەخساندووە بۆ ستەمکردن لە خەڵکی بێتاوانی هەرێمە کوردنشینەکان، هەروەها کاریگەریی نەرێنی لەسەر خامۆشبوونی دەسەڵاتیخۆجێیی و درەنگ هەڵسانەوەی جولانەوەی دەسەڵاتە خۆجییەکان لە هەرێمە کوردنشینەکانەبووە.

**دووەم-لێکەوتەی سەربازی:**

هەرێمە کوردنشینەکان لەژێر کاریگەریی سیستەمی خێڵەکی و شێوازی بەڕێوەبردنی ڕەوشی سیاسی و سەربازی، خاوەن هێزێکی گەورەی مرۆیی بوون، هیچ هۆز و میرنشینێک نەبووە خاوەن هێزی تایبەت بە خۆی نەبووبێت(الفارقي، ١٩٥٩م، ٩٣_١٠٠؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٢_٥٣)، هەر کاتێک پێگەیان یان سنووری فەرمانڕەواییان تووشی مەترسی بووبێت بێ هەڵوێست نەبوون، بە گوێرەی توانای خۆیان هەڵوێستیان هەبووە و بەرپەرچی هێزی داگیرکەریان داوەتەوە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ، ج٨/ ص٥٠؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٧/ ص٥٧٤، ٧٤٠)، ئیبن خلدون دەڵێت پاسەوانی دەوڵەت لە لایەن پاشاوە دەکرێت( ابن خلدون، ٢٠١٥، ب٢/ ل١٠٣)، میر "ئەبو هیجا حوسێن کوڕی محەممەد ڕەوادیی" (٣٤٤-٣٧٨ک/ ٩٥٥-٩٨٨ز) فەرمانڕەوای میرنشینی ڕەوادیی بوو لە هەرێمی ئازەربایجان، لە ساڵی(٣٧٧ک/ ٩٨٧ز) هەڵمەتێکی سەربازی کردە سەر ئەرمینیا زیاتر لە سەد(١٠٠) هەزار جەنگاوەر دەبوون و توانیان چەند ناوچەیەک داگیربکەن و، باج و سەرانە بخەنە سەر دانیشتووانی ئەرمەن و پاشاکەیان "باگراتۆنی" ناچار کرد ملکەچی بۆ میری ڕەوادی نواند(حوزنی، ٢٠٠٧، ب٢/ ل٢١٥)، هەرچەندە کەمێک پێش سەردەمی توێژینەوەکەی ئێمەیە، و ڕەنگە ئەم ژمارەیە زیادەڕەویی تێدابێت، بەڵام بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەو میرنشینە سوپایەکی گەورە و بەهێزی هەبووە.

هەروەها نموونەیەکی تر؛ "میر فەزلۆنی یەکەم" (٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز) فەرمانڕەوای میرنشینی شەدادی بووە، لە ماوەی فەرمانڕەواییدا توانیویەتی بەرپەرچی هێرشی دەرەکی بداتەوە، هەروەها توانیویەتی سنووری فەرمانڕەوایی خۆی فراوان بکات(کسروی، ١٣٨٨هـ، ص٢٧١)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەم میرە هێزی سەربازی باشی هەبووە تا بتوانێت ئەو هێرشەی پێ ئەنجامبدات.

هەروەها "میر نەسرودەولە ئەحمەدی کوڕی مەڕوان" (٤٠١-٤٥٣ک/ ١٠١١-١٠٦١ز) میری میرنشینی مەڕوانی، توانی عوقەیلییەکان[٢] تێکبشکێنێت کاتێک لە ساڵی(٤٠٤ک/١٠١٣ز) هێرش دەکەنە سەر تورعابدین لە نزیک ماردین، بەڵام دوای ماوەیەک ئاشتی لەنێوانیان بەرقرار بوو(رشینایا، ١٩٧٠م، ص٢٠٥؛ محمد، ٢٠١٨، ل١٤٩)، ئەمەش بەڵگەیە کەوا ناوبراو سوپایەکی بەهێزی هەبووە.

دوای ئەوەی دانیشتووانی هەرێمە کوردنشینەکان کۆچیانکرد جا بە هەر هۆکار و ئامانجێک بێت، هەروەک لە بەشی سێیەم لە تەوەرەی یەکەم لە کاریگەریی کۆچ و کۆچپێکردن لەسەر دیمۆگرافیای هەرێمە کوردنشینەکان ڕوونمان کردووە، کەوا؛ کۆچکردن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی سەربازی، کەمبوونەوەی هێزی سەربازیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی میر و فەرمانڕەواکان. بۆ نموونە تورکمانی بابەکری(٥١٧-٥٢٠ک/ ١١٢٣-١١٢٦ز) فەرمانڕەوای هەولێریان دەکرد لەو ماوەیەدا بە ویستی خۆیان باجیان بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٢٧٣؛ ابن أبي هيجاء، ١٩٩٣م، ص١٨٠_١٨١). ئەگەر هاتوو کوردەکان خاوەن هێزێکی سەربازیی بەهێزبوونایە، ئەوا تورکمانەکان نەیاندەتوانی بەو شێوەیە فەرمانڕەوایی هەولێر بکەن.

هەروەها "میر ئەحمەدیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی وەهسوزانیی ڕەوادی"، شاری مەڕاغەی کە یەکێکە لە شارە ئاوەدانەکانی هەرێمی ئازەربایجان بەدەستەوەبوو، بەڵام لەساڵی (٥١٠ک/ ١١١٦ز) لە شاری بەغداد تیرۆرکرا، بەم تیرۆرکردنە کۆتایی بە دەسەڵاتی کوردەکان لەوێ هات(ابن القلانسي، د.ت، ص١٩٨؛ الصفدي، ١٩٩١م، ج٨/ ص ٣٠٣_٣٠٤)،لە ڕووی سەربازی لاواز بووە بۆیە، تیرۆرکراوە، ئەو نموونەیە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ "میر ئەبو هیجا حوسێن ڕەوادی" کایگەری کۆچ لەسەر لایەنی سەربازی بەڕوونی بەدیاردەکەوێت، کەوا زۆر لاواز بوونە میرە کوردەکان.

بە دامەزراندنی ئەتابەگییەکان لەسەر خاکی هەرێمە کوردنشینەکان، بە تەواوی خۆری دەسەڵاتە کوردییەکان بەکۆتاهات، ئەتابەگییەکان چاوتێبڕینیان بۆ داگیرکاری و گەیشتن بە دەسەڵات وردتر و توندتر بوو(ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٧٤)، لە ئەنجامی ئەمەدا گەلێک میر و سەربازی کورد بێکار مانەوە؛ ئەو بێکارییە کاریگەریی گەورەی کردە سەر ژیانیان، بۆیە هەندێک لەمانە چوونە ڕیزیسوپایی داگیرکەر خزمەتیان کرد(ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٤٩٦_٤٩٧).

"شاهنشای کوڕی مەحموود"فەرمانڕەوای شاری ئانی[3] لە ساڵی(٥٥٦ک/ ١١٦١ز) گرتە دەست، لە ساڵی(٥٩٦ک/ ١١٩٩ز) ئەرمەنەکان هێرش دەکەنە سەر شاری ئانی دەیگرن، و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن(کسروی، ١٣٨٨هـ، ٣١٧_٣١٨)، پێشتر کوردەکان دەیانتوانی باج لە ئەرمەنییەکان وەربگرن، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە ئەرمەنەکان ناوچەکوردنشینەکان داگیردەکەن.

کاریگەریی کۆچ و کۆچپێکردن لەسەر لایەنی سەربازی لە هەرێمە کوردنشینەکان، بووە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانیش دەبێتە، هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازان و لاوازی هێزیی سەربازی،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

کەمبوونەوەی هێزی سەبازیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی میر و فەرمانڕەوایانی هەرێمە کوردنشینەکان، لاوازبوونی میر و فەرمانڕەوایانی هەرێمە کوردنشینەکان، ڕێگە لە بەردەم هێزەداگیرکەرەکان خۆشدەکات، تا ئەو شوێنانەی مەبەستییانە داگیری بکەن، بە ویستی خۆیان لەوێ فەرمانڕەوایی بکەن.

**سێیەم: - لێکەوتەی کۆمەڵایەتی:**

کۆچکردنی هەر گەلێک لە زێدی خۆیەوە بۆ هەر شوێنێک، گەلێک لێکەوتەی جیاجیا دەهێنێتە بوون، یەکێک لەو لێکەوتانە لێکەوتەی کۆمەڵایەتیە کە لە لێکەوتە زۆر دیار و کاریگەرەکانە، لەبەرئەوەی ئاشنابوونی فەرهەنگ و کەلتووری گەلێک بە فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەکانی دیکەیە، بە یەکەوە شارستانییەتێکی هاوبەش بنیاتدەنێن، کە ئەو شارستانیی بنیاتیان ناوە بە شارستانیی ئیسلام ناسراوە.

ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێمە کوردنشینەکان داهات، بووە هۆی کۆچ و کۆچپێکردن جا بە هەر هۆکار و ئامانجێک بێت و هەندێکیان هەر بە ناچاری تێکەڵی گەلانی تر بوون(ابن أبي هيجاء، ١٩٩٣م، ٢٠)، کوردیش لەو ئاوێتەبوونە پشکی گەورەی بەردەکەوێت(الحويري، ١٩٧٩م، ٤٦)، بەوەی لە ڕێی قوتابخانەکان ئاشنای زانا و مامۆستایان بووە، لە ڕێی مزگەوت ئاشنای خەڵکی و تەواوی چینوتوێژەکان دەبوون، لە یەکەکانی سوپا و دامودەزگا کارگێڕییەکان، ئاڵوگۆڕی گەورەیان لە کایەکانی زمان و پۆشاک و دابونەریتی دانیشتووان و خواردن هەبووە، بە کورتی باس لە هەندێکیان دەکەین:

**أ- ژن و ژنخوازی:**

دوای ئەوەی خەڵکی هەرێمە کوردنشینەکان بۆ شوێنەکانی دیکەکۆچیانکرد، لەگەڵ دانیشتووانی شوێنی کۆچبۆکراو ئاشنای یەکتر بوون و تێکەڵبوون لە زمانی یەکتر، مرۆڤەکان کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی کەسانێک بدۆزنەوە تاوەکو بتوانن پێداویستییەکانی خۆیان پێ پڕبکەنەوە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ٢٥٩)، دەبینین لێرە و لەوێ ئافرەتی غەیرە کورد دەبێتە جێی سەرنج و دڵخوازی کەسایەتییەک و سەردارێکی کورد. بۆ نموونە؛ لە ساڵی (٥٦٤ک/ ١١٦٨ز) سوڵتان سەلاحەددین هاوسەرگیری لەگەڵ کچی شاوەری وەزیری فاتمیی کردووە، (المقريزي، ١٩٧١م، ج٣/ ٢٩٢؛ حسن، ١٩٩٧م، ٢١) هەروەها سوڵتانسەلاحەددینی ئەیوبی هەڵساوە بە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو؛ (عەصمة الدين كچی مير معين الدين)کردووعصمة الدين كچی مير معين الدين: ئافرەتێکی چاکەکار، خێرخواز و ڕاستگۆ بوو، یەکێک بووە لە ئافرەتە دیارەکانی شام. کە پێشتر هاوسەری "نورەددین مەحموود" بووە، دوای کۆچی دواییکردنی نورەددین مەحموود هاوسەرگیری لەگەڵ سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبیی کرد(ابن شاهنشاه، د.ت، ٢٢٧) هەروەها "مەلیک سالح نەجمەددین ئەیوبی" هاوسەرگیری لەگەڵ کەنیزەیەکی خۆی (شجر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

الدر)کرد(اليونيني، ١٩٩٢م، ج٤٥/١)، له بەرانبەر ئەو هاوسەرگیرییەی کە کوردەکان لەگەڵ ژنانی غەیرە کورد کردوویانە، بە هەمان شێوە ئافرەتانی کوردیش هاوسەرگیرییان لەگەڵ پیاوانی بێگانە کردووە، بۆ نموونە"ست شام" خوشکی سوڵتانسەلاحەددینی ئەیوبی هاوسەگیری لەگەڵ"عومەر کوڕی لاجین" کردووە(ابن خلكان، ١٩٧٨م، ج١/ ٣٠٧).

هەروەها لە ساڵی (٦٣٥/ ١٢٣٧ز) لەسەر داوای "غەیاسەددین کەیخسرو"سوڵتانی ڕۆم "غازیە خاتوون کچی مەلیک عزیزی ئەیوبی" شووی پێکرد(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٥/ ١٨٣)، هاوسەرگیریی ئافرەتانی کورد لەگەڵ ڕەگەزی بێگانە بەردەوام بووە، بۆ نموونە "مەلیک ظاهر بیبرس" هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی شارەزووری کردووە، بەڵام لە ساڵی (٦٥٨ک/ ١٢٦٥ز) لێی جیابووەوە(ابن شداد، ١٩٨٣م، ٢٣٢).

هەڵبەت ژن و ژنخوازی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر لە ئەنجامی کۆچ و کۆچپێکردنەوە دروست بوو، ئەو ژن و ژنخوازییەش لێکەوتەی تری بەدوای خۆیدا هێناوە، وەک ئەمانە:

١- لە ڕووی سیاسی و سەربازی پێگەی کوردی بەهێزکرد.

٢- لە ڕووی کۆمەلایەتیشەوە کرانەوە بە ڕووی کۆمەڵگەکانی ترەوە.

٣- دروستبوونی نەوەیەک کە بەرهەمی ئەو تێکەلاوییە بوو.

٤- ئاسانکاری بۆ کاروباری بازرگانی.

**ب- ئاوێتەبوونی زمان:**

کورد وەک هەر گەلێکی تر خاوەن زمانی تایبەتی خۆی بووە کە زمانی کوردییە، کە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە بووە. دیارە هەموویان زمانی عەرەبیان نەدەزانی، بۆیە هەندێکجار پەنایان بۆ وەرگێرەکان بردووە بۆ لێکتێگەیشتن(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١، ص١٥٨_١٥٩) ،سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن کەوا مەلیکەکانی ئەیوبی خۆبەخۆ و لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیان هەندێجار بە زمانی عەجەمی قسەیان کردووە(ابو شامة، ٢٠٠٢م، ج٣/ ص٦٦)، کە ئەو زمانەش کوردی بووە(ابو شامة، ٢٠٠٢م، ج٣/ ص٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل١٥٤_١٥٥).

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ناوە کوردییەکانیش لەناو ناوەکانی شارستانیی ئیسلامی بەرەو توانەوە چوون، چونکە کوردیش بەشێک بووە لە شارستانیەتی ئیسلامی، ناوە پیرۆزەکان وەردەگیران، یان کورت دەکرانەوە دەستکارییان دەکرا بە هۆی خستنەسەری ئامرازەکانەوە(الفارقي، ١٩٥٩م، ص١٧٩؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل١٦٢_١٦٥)، لە پاڵ ئەوەشدا زمانی کوردی لە ڕێگەی کوردە کۆچکردووەکان دزەی کردووەتە ناو فەرهەنگی زمانەکانی تر. بۆ نموونە؛"چوخ-چوخکی"، جلی میرانی کوردی(ابو شامة، تراجم رجال القرنين، ١٩٧٣م، ص٦٦ )، جفتە= جوتە- دووانە، جاشنگر- چێژگر، ئەو کەسەی پێش سوڵتان چێژی

خواردنەکە دەکات نە بادە خواردنەکە ژەهراوی کرابێت(القلقشندي، ١٩١٤م،ج٣/ ص٨_٢٥)، زاراوەی خاتوون= خاتوون لە زمانی فارسی و تورکیدا یەک واتای هەیە کە مەبەست دانانی ڕێزە لە ئافرەت(الخطيب، ١٩٩٦م، ص١٥٥)، لە زمانی کوردیش بە هەمان مەبەست بەکاردەهات(هەژار، ١٣٦٩ک، ل١٥٥).

یەکێک لە ئەنجامەکانی کۆچ و کۆچپێکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان ئاوێتەبوونی زمانی کوردیە لەگەڵ زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی، هاوشانی ئەوان چەندان وشەی کوردی بوونە بەشێک لە فەرهەنگی شارستانیی ئیسلامی، بە پێچەوانەشەوە چەندان وشەی زمانەکایی تر هاتنە ناو زمانی کوردی، ئەگەر چی زمانی کوردی زمانی نووسین نەبوو، بەڵام دواجار توانی ببێتە زمانی گفتوگۆ.

### ج- لکاندنی ناوی کوردی بە شوێنەکان:

لکاندنی ناوی کورد و هۆزەکان و میر و سەردارانی کورد، تێکهەڵاوبوونی شارستانیی کورد بە شارستانیی شوێنەکانی تر وەک؛ بەغداد،میسر، شام و خوراسان. هەڵبەت ئەم ناوانەی کوردی لە غوربەت بە زیندوویی هێشتووەتەوە، بۆ نموونە گەڕەکی کوردان (حارة الاكراد)لە دیمەشق(الشهابي، ١٩٩٩م، ج١/ص ٢١٨)، (حي الخلاطيين) لە قاهیرە(چەلەبی، ١٩٧٩، ل١٦٠)، گەڕەکی (حي الاكراد) لە شاری حەلەب(ابن شداد، ١٩٩١م، ج١/ ص١٩٨)، کۆڵانی مەهرانی(المهراني)(النعيمي، ١٩٩٠م، ج٢/ ص ١٥١).

هەروەها مزگەوت و قوتابخانە و شوێنەکانی دی بە ناوی هۆزەکوردییەکان دەکران، بۆ نموونە؛ مزگەوتی مەهرانی (مسجد المهراني)، مزگەوتی زەرزاری (مسجد الزرزاري)، مزگەوتی بەشنەوی(مسجد البشنوين)، مزگەوتی ئیبن ئەبی هیجا (مسجد ابن ابي الهيجاء) و سابق کوردی (مسجد السابق الكردي)(ابن شداد، ١٩٩١م، ج١/ ص ١٩٨_١٩٩، ٢٢٣_٢٢٤)، ئەمانە بەشێکن لە دەسکەوتی شارستانیی کوردی کە ئاوێتەی شارستانیی شوێنەکانی تر بووە لە چوارچێوەی شارستانیی ئیسلامیدا.

ناوی شوێنەوارەکان بە بەشێکی گرنگ لە کەلتوور و فەرهەنگی شارستانیی گەلان دادەندرێت، بۆیە ئەم شوێنەوارانە بە ناوی جیا جیای کوردییەوە، خەرمانێکی گەورەیە لە مێژووی ڕابردووی هەرێمە کوردنشینەکان.

### د- ناساندنی جلوبەرگی کوردی بە شوێنەکانی کۆچ بۆکراو:

لەگەڵ کۆچ و کۆچپێکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان، بێ ویستی هەمووان پۆشاکی کوردی بە فەرهەنگ و کەلتووری بییانی ناسێنرا، دواتر پۆشاکی کوردی بووە بەشێک لە شارستانیی ئیسلامی، کە جیاواز بوو لە هی گەلانی تر، بۆیە بە(زي الاكراد) ناوی هاتووە(ابن شعار، ٢٠٠٥م، ج٤/ ص٢٤٠)، بۆ نموونە؛ (محمد بن ابي الهيجاء بن محمد



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

الامير الفاضل عز الدين الهذباني الكردي.٧٠٠ک/١٣٠٠ز) ناسراو بە؛ "ئیبن ئەبی هیجا"، لە دووریی نشتیمان جەمەدانی خڕی لەسەر دەنا و پرچی تا سەر شان بەرداوە، بەمەش پۆشاکی کوردی بە گەلانی ترناساندووە(الصفدي، ١٩٩١م، ج٥/ ص١١٢)، هەروەها میران و سەرکردە کوردەکانی سوپای ئەیوبی مەندیلیان لەسەر دەنا، مەندیل بۆ لەپشتکردن و سەرپێچانەوەش بەکار دەهێندرا. هەروەها "مەلیک کامل محەممەد" مەلیکی میسر(٦١٥-٦٣٥ک/ ١٢١٨-١٢٣٧ز) ئەویش مەندیلی لەسەردەنا(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص١٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٥٨_٢٥٩)، هەروەها "مەلیک ئەشرەف مووسا کوڕی مەلیک عادل ئەیوب"، لە دیمەشق(شاش) نیشانداری لەسەر ناوە، کە لە ناوەڕاستییەوە بە مەندیلێک پێچرابوو(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٤/ ص٢٢٨)، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندنی پۆشاکی کوردی بە گەلانی دیکە.

شەرواڵی کوردیش کە شێوەیەکی پانوبەرینی هەیە، لە ناوەڕاستەوە بەرەو خوارەوە دادەپۆشێت(العبيدي، ١٩٨٠م، ص١٩٩)، میران و پاشایانی ئەیوبی لە پۆشینی شەرواڵ بەردەوام بوون، هاوشانی پۆشاکەکانی دیکە(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٦٠_٢٦١)، هەروەها چۆخ-چۆخکێ یەکێکە لەو پۆشاکە کوردەواریانەی لە ڕێگەی ئەیوبیەکان بە جیهانی ئیسلامیدا ناسرا، کە لە خوری دروستدەکرێت، چۆخیش تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە کوردستان دەپۆشرێت، زیاتر بۆ خۆپأراستن لە تەڕبوون لە ڕۆژانی باراندا لەبەردەکرا(المقريزي، د.ت، ج٣/ ص١٧٨؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٦٨)، کاتێک "میر جەناحی هەکاریی" لە ساڵی(٦٠٥ک/ ١٢٠٨ز) مرد، هەموو ئەو میر و سەرکردە کوردانە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردن و پرسەکەی ئامادەبوون، هەموویان چۆخ-چۆخکیان لەبەرکردبوو و مەندیلیان لەسەر نابوو(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص٦٦). هەروەها هەندێک پۆشاکی هاوبەشی گەلان هەبووە. بە نموونە؛ کەوی (کەوا) قۆڵی هەبووە لەسەر کراس لەبەردەکرا، کوردانی ئەیوبیش لە دوورە نشتیمان هاوشانی گەلانی دیکە کەوایان لەبەر دەکرد(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٣/ ص١٨٠_١٨١).

دەشێت زۆرێک لەو پۆشاکە کوردییانە بۆ شوێنی کۆچ بۆکراو، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەر شێوازی دروویین دروستکردنیان هاتبێت، بە سوودوەرگرتن لە پۆشاکی گەلانی نیشتەجێ، بەمەش کەلتوورێکی نوێ لەو پۆشاکە کە هاتووەتە ئاراوە، لە لایەکی تر بەشێک لە پۆشاکە کوردییەکان گرنگیان پێ دراوە، لەبەرئەوەی قایم و بەهێز دروستدەکران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی جوگرافیای هەرێمە کوردنشینەکان و سەرماوسۆڵەکەی، بەمەش دەتوانین بڵێین کۆچ و کۆچپێکردن کاریگەیی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەرێمە کوردنشینەکان هەبووە لە ماوەی سەردەمی توێژینەوەکەمان.

## چوارەم- لێکەوتەی زانستی:

### أ- لێکەوتەی نەرێنی

بواری زانستیش وەک هەموو بوارەکانی دیکە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کۆچڕەوی دانیشتووان، ئەندێشەی مرۆڤیش عەودالی بەدەستهێنانی پێویستییەکانە، بۆیە کۆشش دەکات و دەگەڕێت بۆ ئەوەی مرۆڤانێک بدۆزێتەوە تا ئەو بۆشاییەی لە پێویستییەکانیداهەیە بە زانیاریی ئەوان پڕ بیکاتەوە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٥٩).کەوا چەندین قوتابی، زانا و ئەوانەی حەزی فێربوونی زانستیان هەیە لە هەرێمە کوردنشینەکان کۆچیان کردووە بۆ مەڵبەندە گرنگەکان لە بواری زانست و زانیاری. ئیبن خەلدوون پێیوایە؛ زانستە گەورە و قووڵەکان لە شارەگەورەکان باویان هەیە،لە شارە گەورەکاندا بەدەستهێنانیان ئاسان ترە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٧٢). بەشێک لە زانایان و قوتابییان لە شارە گەورەکان نەگەڕاونەتەوە لەوێ خزمەتیان کردووە؛ لەبری ئەوەی ئەو خزمەتەی لە زێدی خۆیان بکەن. بۆ نموونە؛ یەکێک لە زاناکان بە ناوی؛"محەممەد کوڕی عەلی کوڕی محەممەد کوڕی عوسمان" ناسراو بە؛ (ابوالفتح الحلوانی) لە ساڵی (٤٣٩ک/ ١٠٤٧ز) لەدایکبووە، زانستی فقهی خوێندووە تا بووەتە زانایەکی بەناوبانگ لە شاری بەغدا لەسەر مەزهەبی "حنبلی"یەوە، لە ساڵی(٥٠٥ک/ ١١٢٦ز) کۆچی دوایی کردووە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ، ج٨/ ص١٧٠؛ ابن رجب، ١٩٥٢م، ج١/ ص١٠٦). ئەو زانایە لە شاری بەغداد خزمەتی کردووە نەک لە شارەکانی هەرێمە کوردنشینەکان؛ ئەگەر لەوهەرێمانە خزمەتی کردبایەڕەنگە توانیبایە زیاتر زانست و زانیاری لە هەرێمە کوردنشینەکان پێش بخات.

نموونەیەکی تر؛ "فەزڵ کوڕی عومەر کوڕی ئەبی مەنسور ئەبومەعافی حەلوانی"، کەوا شارەزایی باشی لە زانستی قورئان خوێندنەوە هەبووە، چەندین کەسی فێری قورئان خوێندن کردووە، هەروەها فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە، لە هەمان کاتدا زۆر شتی نووسیوە. لە ساڵی(٥٤١ک/ ١١٤٦ز) لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد(الجزیري، ١٩٣٣م، ج٢/ ص١٠_١١؛ یاسین، ٢٠١٣ز، ل١٥٥)، لەوێ خزمەتی قورئان کردووە، و خەڵکی فێرکردوون.

مارانییەکانیش کە بنەماڵەیەکی کوردی زانستدۆست بوون و چەندین زانا و کەسایەتیی شارەزایان هەبووە، پێگە و جێگەیان لە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیریدا دیار و بەرچاو بووە، ئەوانیش هەولێر(اربل)یان بەجێهێشت کۆچیانکرد بەرەو دیمەشق، بەمەش درزێکی گەورە کەوتە نێو ڕەوشی زانستی لە هەرێمە کوردنشینەکان بە گشتی و بە تایبەتی شاری هەولێر و دەوروبەری(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق٢/ ص٣٦٩؛ ابن خلکان، وفیات الاعیان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٢). بۆ نموونە؛ "ئەبو عومەر عوسمان کوڕی دەرباس کوڕی فیر کوڕی جهم کوڕی عبدوس مارانی(م٦٠٨ک/١٢١١ز)"شەرعزانێکی شافعیی مەزهەب بووە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

دواتر بوو به قازی قاهیره(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق٢/ ص٣٦٩؛ ابن خلكان، وفيات الاعيان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٢؛ ابن قاضي شهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ص٧٠_٧٦)، له میسر خزمەتی کردووە.

هەروەها زمرزارییەکانیش کە لە ڕۆشنبیران و زانایانی ناوداری هەرێمە کوردنشینەکان بوون، خزمەتی زانست و ڕۆشنبیریی هەرێمە کوردنشینەکانیان کردووە، لە ئەنجامی کۆچکردنیان، ئەو خزمەتەیان گواستووەتەوە ئەو شوێنانەی کۆچیان بۆ کردووە، وەک؛میسر، شام و بەغدا(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٢٣٠، ٢٧١، ٢٧٣، ٢٧٤). بۆ نموونە؛ "ئەحمەد کوڕی عوسمان کوڕی عەلی کوڕی مهدی کوردیی زارزاری" (م٥١٩ک/ ١١١٨ز) ئیمامێکی گەورە بووە، بە هۆکاری زانستی کۆچیکردووە بۆ مسر و شام، ئیمام بووە لە زانستی قورئان(الهسنياني، ٢٠١٢م، ص٨٥).

گەشەسەندنی ئاوەدانی گەشەسەندنی شار و خوێندن و فێربوونە(ئیبن خلدون، ، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٠٧)، هەولێر (اربل) لە ئەنجامی گرنگیپێدان لە لایەن فەرمانرەوایانی، بووە شارێکی ئاوەدان و مەڵبەندێکی گرنگ لە بواری زانست و زانیاری، بە تایبەتی لە سەردەمی "میر ئەبو هیجا هەزبانی"(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٧٠_٧١، ٢٣٢_٢٣٣، ٣٧٠؛ تۆفیق، ٢٠١٠ز، ل١٥١)، هەروەها میر نەسرودەولە مەڕوانی نموونەی مامەڵەی جوان و دادپەروەرانە بوو لە ڕەعییەتەکەی، ئامەد و میافارقین مەڵبەندی گرنگ بوون لە بواری زانست و زانیاری(الفارقي، ١٩٥٩م، ص١٦٦؛ ابن الوردي، ١٩٩٦م، ج١/ ص٣٥٥؛ زەینەل، ٢٠٠٨ز، ل٢٥٢)، کۆچکردن کاریگەریی نەرێنی لەسەر بواری زانست هەبووە، لەبری ئەوەی هەریەک لە شارەکانی هەرێمە کوردنشینەکان، وەک؛ ئامەد، میافارقین، شنۆ، نوسەیبین، هەولێر،مووسڵ و چەندان ناوچەی تر، کەمەڵبەندی گرنگی زانست بوون، لە ئەنجامی کۆچکردن لە شوێنی ئەوان شوێنی تر بوونە مەڵبەندی گرنگ لە بواری زانست، بۆ نموونە هەریەک لە شارەکانی قاهیر، دیمەشق و حەلەب(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص١٧٠_١٧١؛ هەروتی، ٢٠١٦ز، ل١٣٨)، ئەمەش کاریگەیی نەرێنی دوورمەودا و نزیکمەودالەسەرڕەوشی زانست لەسەر هەرێمە کوردنشینەکانداهەبووە.

لێرەدا کاریگەریی کۆچکردن بە نەرێنی لەسەر بواری زانست بەدیاردەکەوێت، ئەگەر هاتوو ئەم کەسایەتییانە یاخود ئەم زانایانە لەوێ خزمەتیان نەکردبایە گەڕابانەوە زێدی خۆیان، لە زێدی خۆیان خزمەتیان کردبایە، ڕەنگە ئێستا هەرێمە کوردنشینەکانخاوەنی چەندان زانا و مامۆستای پڕ زانستتری هەبووایە، ڕەوشی زانست بە شێوەیەکی زۆر باشتربووایە لەو سەردەمی و سەردەمی دواتریش.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ب- لێکەوتەی ئەرێنی:

کۆچکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان بە هەمان شێوەیکاریگەریی نەرێنی، کاریگەریی ئەرێنیشی لەسەر لایەنی زانست و زانیاری هەبووە. بە دەیان قوتابی، فەقێ، مەلا و زانا لە هەرێمە کوردنشینەکان بۆ میسر، شام، بەغدا کۆچیانکرد و هەموو ئەو مەڵبەندە گرنگانەی کەوا ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی زانست و زانیاری، لەوێ دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە تا پەرە بە توانا زانستیەکانی خۆیان بدەن، دواتر گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان بەو هۆیەوە توانیویانە خزمەتێکی باشی بواری زانست بکەن(سەعید، ٢٠٢٢ز، ل٦٤).بۆیە جێگەی تێڕامانە بۆ دەرچوونی تاکەکان تاکوو لەڕێگەی پیشەیەك بگەڕێنەوە وەکوو پێویستییەکی کۆمەڵگە، بەڵکوو نیشانەی گەشانەوەی ئاوەدانییە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ١٧١_١٧٣). بۆ نموونە؛ "ئەبولعباس هەولێری"؛"خدری کوڕی نەسڕی کوڕی عەقیلی کوڕی نەسڕی ئەربیلیی" (٤٧٨-٥٦٧ك/ ١٠٨٥-١١٧١ز) بۆ پەرەدان بە تواناکانی لە بواری زانست بۆ بەغداکۆچدەکات، لەوێ لە "قوتابخانەی نیزامییە"ی بەغدا دەست دەکات بە خوێندن، تا هەگبەی زانستی خۆی پڕ دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆزێدی خۆی شاری هەولێر، لەوێدا دەست بە وانەوتنەوەدەکات، خزمەتی بواری زانست و زانیاری دەکات، تا ساڵی(٥٦٧ك/ ١١٧١ز) کۆچی دوایی دەکات، هەر لەوێ دەینێژن(ابن خلکان، ١٩٧٨م، ج٢/ ٢٣٧_٢٣٩؛ نیا، ٢٠٠٩ز، ل٢٤٩)."ئەبولقاسمی نەسڕ کوڕی عقیل" ناسراو بە؛ "ئەبولقاسمی هەولێری"، بەناوبانگترین ئەو زانایە کە لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتووە(ابن خلكان، ١٩٧٨م، ج٢، ص٢٣٨)، لە نموونەی سەرەوە کاریگەریی ئەرێنی زۆر بە ڕوونی دیارە.

هەروەها زانایەکی تر، "عیمادەددین هەولێری"،"ئەبو حامد محەمەد کوڕی ڕەزیوددین هەولێری" ناسراو بە؛"عیمادەددین" (٥٣٥-٦٠٨ك/ ١١٤٠-١٢١١ز) لە شاری مووسڵ لەدایکبووە، زانستی شەرعزانی لە لای باوکی خوێندووە، پاشان بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی تواناکانی بەرەو بەغداکۆچیکرد، لەوێ لە قوتابخانەی نیزامییە خوێندنی تەواوکرد، پاشان گەڕاوەتەوە مووسڵ لەوێ دەرسی بە قوتابییەکانی دەگوتەوە(ابن قاضي شهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ٨٤_٨٥ )، لە شاری مووسڵ خزمەتی بواری زانست و زانیاریی دەکرد.

هەروەها نموونەیەکی دیکە، "ئەبولفەزڵ یونس کوڕی محەممەد" کە بە؛(رضی الدین) ناسراوە(٥٠٨-٥٧٦ك/ ١١١٤-١١٨٠ز)، سەرەتا لە شاری مووسڵ لە زێدی خۆی دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر بۆ زیاتر پەرەدان بە توانا زانستیەکانی خۆی و پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی لەم بوارە، بەرەو بەغدا کۆچدەکات لەوێ لە قوتابخانەی نیزامییە دەستدەکات بە خوێندن تاوەکوو قۆناغەکانی خوێندن تەواودەکات، دواتر دەگەڕێتەوە زێدی خۆی لە شاری مووسڵ لەوێ دەستدەکات بە وانەوتنەوە و فەتوادان، لە هەموو لایەکی زانستخوازان خۆیان دەگەیاندە خزمەتی، لە ساڵی(٥٧٦ك/ ١١٨٠ز)کۆچی دوایی کرد(ابن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

قاضـــي شـــهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ص٢٥_٢٦؛ نيـــا، ٢٠٠٩ز، ل٢٥١_٢٥٢))، بەمەش دەتـــوانین بڵێـــین خزمەتێکی باشی ئەوانەی ویستی فێربوونیان هەیە کردووە.

یەکێکی تر لە نموونەکان "شەهابەددین محەممەد کوڕی ئیبراهیم ئەبی بکر کـــوڕی خلکـــان" (م٦١٠ک/ ١٢١٣ز) کـــۆچیکردووە بـــۆ میســـڕ و شـــام، دوای ئەوەی خـــۆی پێگەیانـد لە بـواری زانسـت و زانیـاری گەڕاوەتەوە شـاری هەولێـر لەسـەر دەسـتی ئەو دەیـان کەســـایەتی و فێرخـــواز پێگەیون(المنـــذري، ١٩٨٤م، ج٤/ ص٨٠_٨١؛ الأســـنوي، ١٩٧٨م، ج١، ص٢٣٨).

کـۆچکردن بە هۆکـاری زانسـتی دوای ئەوەی ئەو قوتـابی، فەقـێ و زانایـانە، کە هەگبەی خۆیان پڕ کرد لە زانست و زانیاری، گەڕانەوە زێدی خۆیان، کـاریگەریی ئەرێنییـان لە زێدی خۆیاندروستکرد، چونکە ئەوان بوونە هۆی ئەوەی بە دەیان زانا و بلیمەت لە هەرێمە کوردنشـینەکان سـەر هەڵبـدەن، ئەوانـیش کاریگەرییـان لەسـەر بـواری زانسـت و زانیـاری هەبێت(شــەرەفخان، ٢٠٠٦ز، ل٢٦)، بــۆ پشتڕاســتکردنەوەی وتەکانمــان بە پێویســتمان زانــی هەنــدێک نمــوونە لەم بــواردا بخەیــنەڕوو، نمــوونەیەکی تــر لە زاناکــان "شــەڕەفوددین هەولێری"؛"ئەبـولفەزڵ ئەحـمەد کـوڕی کمـالەددین هەولێـری بـووە، کە بە شـەڕەفوددین بە ناوبانگ بووە(٥٧٥-٦٢٢/ ١١٧٩-١٢٢٥ز) یەکێک بووە لە مامۆستا بە تواناکان، کەوا لە شاری هەولێـر و مووسـڵ وانەی بە قوتابییـان گوتـووە، یەکێـک لە قوتابییەکـانی بە نـاوی ئیـبن خەلەکـان لەبـارەی لێهـاتوویی ئەم زانـایە دەڵێت؛ "لە شێوازی وانەوتـنەوەدا بێوێنە بـووە، هەر کاتێک بیر لەو پیاوە دەکەمەوە، جیهان لە بەرچاوم کەم و پەست دەنوێنێ"(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج١/ ص١٠٨_١٠٩). ئیدی نموونەکان لەم بارەیەوە زۆرن.

هەروەها نموونەیەکی تر؛ "ئیبنو سەڵاح شارەزووری"، "ئەبو عومەر عوسمان کوڕی ســـەڵاحەددین شـــارەزووری" (٥٧٧-٦٤٣ک/ ١١٨١-١٢٤٥ز) شـــارەزای فەرمـــوودە و ڕاڤەزان و شەرعزانێکی شافیعیی بووە ولە زانستی حەدیسیش دەستێکی باڵای هەبووە(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٤_٢٤٥)، کـاریگەریی کـۆچکردن وایکـرد ئەم زانـایە دروست بێت، کـو کۆچیکردووە بۆ موسل و خوراسان و شام، دواتر هەر ئەمەش وایکرد چەندانی تر دروست بن، بۆ نموونە ئیبن خەلەکان دەڵێت: "لە ساڵی (٦٣٢ک/ ١٢٣٤ز) ماوەی ساڵێک چوومە خزمەت ئیبن سەڵاحەددینی شارەزووری، لە خزمەتی فێری زانست و زانیاری بووم(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٤)؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا کۆچکردن کاریگەریی لەسەر لایەنی زانست و زانیاریهەبووە.

نمـوونەیەکی تـر "ئیـبن خەلەکان"؛"ئەبولعەبـاس شەمســەددین ئەحـمەد کـوڕی شەهابەددین محەمـمەد کـوڕی ئیبـراهیم کـوڕی ئەبوبەکر خەلەکـان" (٦٠٨-٦٨١ک/ ١٢١١-١٢٨٢ز) قـازیی، مێژوونـووس و ئەدیبێکـی ناسـراو بەنێوبـانگی شـافعیی مەزهەبە، بە نـاوی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکێک لە گوندەکانی هەولێر کە بە ناویخەلەکانی باپیرە گەورەی ناوندرابوو(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٤٧٣)، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەوا یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی کۆچکردن دروستکردنی ئەم زانایە بووە، کە تا ئێستاش مێژوونووس سوودی یەکجار بێوێنەی بۆ نووسینەکانیان لێدەبینن.

لەم نموونانەی خستمانەڕوو کاریگەریی کۆچکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان لەسەر بواری زانست و زانیاری بە ڕوونی بەدیارکەوت، کەوا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێشکەوتن لەم بوارەداهەبووە، کە کاریگەرییەکەی بووە هۆی پێگەیاندنی دەیان زانا، مامۆستا و ڕۆشنبیری بە توانا، ئەوانیش کاریگەریی دوورمەودا و نزیکمەودای لەسەر دانیشتووانی هەرێمە کوردنشینەکانهەبووە.

تورکمانەکانی بابەکری: ئەمانە سەربازانی سەرکردەیەکی تورک بوون بە ناوی؛ "ئەبابکر کوڕی مکائیل". (ابن ابی الهیجاء، ١٩٩٣م، ص١٨١).

عقیلییەکان: هۆزێکی گەورە و ناوداری عەرەبن لە ناوچەکانی بەحرینەوە کۆچیان بۆ ناوچەکانی جزیرە کردووە، توانیان بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی ناوچەکە میرنشینێک لە ناوچەی جەزیرە و مووسڵ دابمەزرێنن (٣٨٠-٤٨٩ک/ ٩٩٠-١٠٩٥ز). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (القلقشندي، م، ص١١٩-١٢٠؛ المعاضدي، ١٩٨٦م، ص٢٧)

ئانی: شارێکی ئاوەدان و بە پیتی هەرێمەکە بوو، کەوت بوویە خۆرئاوای شاری گەنجە. ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٨٧-٢٨٨)

**ئەنجام:**

پاش گەڕان بەدوای زانیارییەکان لەنێو سەرچاوە هەمەجۆرەکان و هەڵسەنگاندنیان، توێژینەوەکەمان بەم ئەنجامانە گەیشت، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

یەکەم: کۆچ و کۆچپێکردنی هەزاران خەڵکی هەرێمە کوردنشینەکان، تێکهەڵبوونیان بە گەلانی دیکە چەندین لێکەوتەوەی کۆمەڵایەتی، سەربازی، سیاسی، زانستی، لێکەوتەوە کە کاریگەرییان لە سەر بەرەوپێشبردنی شارستانیی ئیسلامی هەبووە.

دووەم: کۆچکردووەکان و کۆچپێکراوەکان خزمەتی شارستانیی ئیسلامییان کردووە، لە ڕێگەی دروستکردنی مزگەوت، قوتابخانە، نەخۆشخانە، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندنی زیاتری شارستانیەتی ئیسلامیدا.

سـێیەم: ئـاوێتەبوونی کەلتـوور و فەرهەنگـی کـوردی بە کەلتـوور و فەرهەنگـی گەلانـی دیـکە، بەشـێک لە کوردەکـان ناسـنامەی خۆیـان پاراسـتووە بە شـێوەی جیاجیـا، ناونـانی شـوێنەکان وەک؛ مـزگەوت، قوتابخانەکـان و گەڕەکەکـان بە نـاوی کـوردیی خۆیـان، یـان هـۆزی خۆیـان توانیویـانە پارێزگـاری لە ناسـنامەی کوردبوونی خۆیان بکەن، زیاتر بە دونیای دەرەوە بناساندرێت.

چـوارەم: ئەو کـۆچکردنە بـووەتە هـۆی زیـاتر ئاشـناکردنی کـورد بە گەلانـی دیـکە، بە پێچەوانەشەوە گەلانی تریش ئاشنای کورد بوون، و سوودیان لێ وەرگرتوون.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان**

**أ بە زمانی عەرەبی:**


**ابن الاثير**، عزالدين ابن الحسن على بن محمد بن عبدالكريم الجزري، (ت٦٣٠هـ/ ١٢٣٢م):

- الكامل فى التاريخ، حققه: عمر عبدالسلام تدمرى، دار الكتاب العربى، (بيروت: ٢٠١٢).

**الاسنوي**، جمال الدين عبدالرحيم بن الحسن، (ت٧٧٢هـ/ ١٣٧٠م).

- طبقات الشافعية، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٨٧).

**ابن الجزري**، شمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابى بكر القرشى (ت٧٣٨هـ/ ١٣٣٨م):

- غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة الخانجى، (مصر: ١٩٣٣م).

**ابن الجوزي**، الامام ابو الفرج عبدالرحمن بن على ابن محمد بن على (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م):

- المنتظم فى تاريخ الملوك والأمم، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، (حيدرآباد: ١٣٥٩ه).

**الحميري**، محمد بن عبد المنعم (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م).

- الروض المعطار في خبر الاقطار، حققه: احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان، (بيروت: ١٩٨٤م).

**ابن حوقل**،ابى القاسم النصيبى (ت٣٦٧هـ/ ٩٧٧م).

- صورة الارض، منشورات دارمكتبه الحياة، (بيروت: ١٩٩٢م).

**ابن خلكان**،ابى العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابى بكر (ت٦٨١هـ/ ١٢٨٢م).

- وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، حققه: احسان عباس، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٨م).

**ابن خلدون**، ابوزيد عبدالرحمن بن خلدون (ت٨٠٨هـ/ ١٤٠٥م):

- تاريخ ابن خلدون، مراجعة: سهيل زكار، دار الفكرر، (بيروت: ٢٠٠٠م).

**الراواندي**،محمد بن على بن سليمان الرواندى (ت٦٠٣هـ/ ١٣٠٧م).

- راحة الصدور وآية السرور، من منشورات المجلس الاعلى للثقافية، (القاهرة: ٢٠٠٥م).




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ابن رجب،** الامام الحافظ عبدالرحمن بن احمد (ت ٧٩٥هـ/ ١٣٩٢م).

- ذيل على طبقات الحنابلة، مطبعة السنة الحمدية، (د.م: ١٩٥٢م).

**سباهى زاده،**محمد بن على البروسى الشهير بن سباهى زاده، (ت٩٩٧هـ/ ١٥٨٩م).

- أوضح المسالك الى معرفه البلدان والممالك، تحقيق:المهدى عبدالرورخية، (بيروت: ٢٠٠٨م).

**ابو شامة،**عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسى (ت٦٦٥هـ/ ١٢٦٦م).

- تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعرف بالذيل على الروضتين، مراجعة: السيد عزت العطار الحسينى، ط٢، دار الجيل، (بيروت: ١٩٧٣م).

- الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية، وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٢م).

**ابن شاهنشاه الأيوبي،**محمد بن عمر المظفر بن شاهنشاه الأيوبى (ت٦١٧هـ/ ١٢٢٠م).

- مضمار الحقائق وسر الخلائق، المحقق: حسن حبشي، الناشر عالم الكتاب، (القاهرة: د.ت).

**ابن شداد،** عزالدين محمد بن على(ت٦٨٤هـ/ ١٢٨٥م).

- الاعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، حققه: يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).

**ابن شعار،** كمال الدين ابى البركات المبارك الموصلى (ت٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م).

- قلائد الجمان فى فرائد شعراء الزمان_ المشهور ب_ عقود الجمان فى شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٥م).

**الصفدي،**خليل بن ايبك بن عبدالله (ت٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م).

- تحفة ذوي الالباب، حققه: إحسان بن سعيد خلوسى و زهير حميدان الصام، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).

- الوافى بالوفيات، تحقيق: احمد الارناووط، دار احياء التراث العربى، (بيروت:٢٠٠٠م).

**ابن العبري،**غيرغوريوس ابن الفرج بن هارون الملطى (ت٦٨٥هـ/ ١٢٨٦م).

- تاريخ الزمان، قدم له: جان مؤريس فييه، دار المشرق،(لبنان: ١٩٩١م).

**ابن عساكر،**ابو القاسم على بن الحسن (ت٥٧٢هـ/ ١١٧٥م).

- الاربعون البلدانية، تحقيق: عبدوالحاج محمد الحريرى، المكتب الاسلامى، (بيروت: ١٩٩٣م).

-تاريخ مدينة دمشق، دراسة و تحقيق: محب الدين ابى سعيد عمر، دار الفكر، (بيروت: ١٩٩٥م)

**الاصفهاني،**ابو حامد محمد بن محمدعماد الدين الكتاب (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەكولینێن كوردى

- البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، دراسة وتحقيق: محمد على الطعانى، مؤسسة حمادة، (الاردن: ٢٠٠٣م).
**العمري**،شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).
- مسالك الابصار فى ممالكالامصار، حققه: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٧١م).
**ابن فارس**،احمد بن فارس بن زكريا ابو الحسين (ت٣٩٥هـ/ ١٠٠٤م).
- معجم مقاييس اللغه، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، دار الفكر، (د.م: ١٩٧٩م).
**الفارقي**،احمد بن يوسف بن على الازرق (ت بعد ٥٧٧هـ/ ١١٨٢م).
- تاريخ الفارقى، حققه: بدوى عبداللطيف عوض، الطابع الاميرية، (القاهرة: ١٩٥٩م).
**ابو الفداء**،عماد الدين اسماعيل بن على بن محمد الايوبى (ت٧٣٢هـ/ ١٣٣١م).
- تقويم البلدان، دار صادر (بيروت: ١٨٤٠م).
- المختصر فى اخبار البشر، المطبعة الحسينية، مصر، (مصر: د.ت).
**الفيروز آبادى**،مجدالدين محمد بن يعقوب (ت٨١٧هـ/ ١٤١٤م).
- القاموس المحيط، تحقيق: انس محمد الشامى و زكريا جابر احمد، طبع و نشر و توزيع دار الحديث، (القاهرة: ٢٠٠٨م).
**ابن قاضي شهبة**،محمد بن ابى بكر (ت٨٥١هـ/ ١٤٤٨م).
- طبقات الشافعية، المحقق: الحافظ عبدالعليم خان، عالم الكتب، (بيروت: ١٤٠٧هـ/١٩٨٦م).
**ابن القلانسي**،أبى يعلى حمزة (ت٥٥٥هـ/ ١١٦٠م).
- بذيل تاريخ دمشق، مكتبة المتنبي،(القاهرة: د.ت).
**القلقشندي**،الشيخ ابى العباس احمد بن على (ت٨٢١هـ/ ١٤١٨م).
- صبح الاعشى، المطبعة الاميرية، (القاهرة: ١٩١٤م).
- قلائد الجمان، حققه: ابراهيم الابيارى، ط٣، الناشرون دار لكتب الاسلامية (د.م: ١٩٨٢م).
**ابن المستوفي**،شرف الدين ابو البركات المبارك بن احمد الاربلى (ت٦٣٧هـ/ ١٢٣٩م).
- تاريخ إربل، المحقق: سامى بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد للنشر، (العراق: ١٩٨٠م).
**مسعر بن مهلهل**، ابو دلف الخزرجى (ت٣٨٤هـ/ ٩٩٤م).
- الرسالة الثانية، مطبعة جامعة القاهرة، (القاهرة: ١٩٥٥).
**المقدسي**،ابو عبدالله شمس الدين محمد البشارى (ت٣٨٠هـ/ ٩٩٠م).
- احسن التقاسم فى معرفة الاقاليم، ط٣، مكتبة مدبولى، (القاهرة: د.ت).
**المقريزي**،تقى الدين احمد بن على (ت٨٤٥هـ/ ١٤٤١م).
- اتعاظ الحنفا بأخبار الأمة الفاطميين الخلفا، تحقيق: محمد حلمى احمد، مطبعة الاهرام، (القاهرة: ١٩٧١م).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ فەکولینێن کوردی

**المنذري**،زكى الدين عبد المنعم بن عبد القوى (ت٦٥٦هـ/ ١٢٥٨م).

- التكملة لوفيات النقلة، حققه: بشار عواد معروف، ط٢، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٨٤م).

**ابن منظور**، ابو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت٧١١هـ/ ١٣١١م).

- لسان العرب، تحقيق: عبدالله على الكبير وأخرون، دار المعارف، (الالقاهرة: د.ت).

**مؤلف مجهول**،(ت بعد٦٥٥هـ/ ١٢٥٧م).

- تاريخ دولة الاكراد و الاتراك تاريخ دولة الاكراد، تحقيق: موسى مصطفى الهسنيانى، مطبعة جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠١٠م).

**مؤلف مجهول**،(ت بعد ٣٧٢هـ/ ٩٨٢م).

- حدود العالم من المشرق الى المغرب، تحقيق: يوسف الهادى، دار الثقافة للنشر (القاهرة: ١٩٩٩م).

**مؤيد الدين**، هبة الله بن موس (ت بعد٤٦٠هـ/ ١٠٧٧م).

- سيرة المؤيد الدين داعى الدعاة، تحقيق: محمد كامل حسين، دار الكتاب المصرى (القاهرة: ١٩٤٩م).

**النعيمي**،عبدالقادر بن محمد (ت٩٢٧هـ/ ١٥٢٠م).

- الدارس في تاريخ المدارس، أعد فهارسه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٠م).

**ابن ابى هيجاء**،الامير عز الدين محمد بن محمد الهذبانى الأربلى، (ت٧٠٠هـ/ ١٣٠١م).

- تاريخ ابن أبى هيجاء، تحقيق: صبحى عبدالمنعم محمد، د.ط، (د.م: ١٩٩٣م).

**ابن واصل**،جمال الدين محمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/ ١١٩٧م).

- مفرج الكروب فى أخبار بنى أيوب، تحقيق: جمال الدين، الناشر مطبعة الأميرية، (د.م: ٢٠٠٩م).

**ابن الوردي**،زين الدين عمر بن مظفر (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).

- تاريخ ابن الوردى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٦م).

**اليافعي**،ابى محمد عبدالله بن اسعد بن على (ت٧٦٨هـ/ ١٣٩٩م).

- مراة الجنان و عبرة اليقظان، وضع حواشية: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٧م).

**ياقوت الحموي**،شهاب الدين بن عبدالله (ت٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م).

- معجم البلدان، دارصادر، (بيروت: ١٩٧٧م).

**اليونيني**،ابو الفتح موسى بن محمد(ت٧٢٦هـ/ ١٣٢٦م).

- ذيل مراة الزمان، تحقيق: الحكمة والامور الثقافة الحكومة الهندية، ط٤، دار الكتب، (القاهرة: ١٩٩٢م).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو فەکولینێن کوردی

**ب_ بەزمانی کورد**

**ئەولیا چەلەبی(م١٠٩٥ک/١٦٨٤ز)**

- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژوو دراوسێکانیدا، و:سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی، (بەغدا: ١٩٧٩ز).

**ئیبن خەلدوون**

- موقەدیمەی ئیبن خەلدوون، و:سەعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١٥ز).

**شەرەفخانی بەدلیسیی(م١٦٠٣ز)**

- شەرەفنامە، و:مامۆستا هەژار، چ٦، بڵاوکراوەی کتێبی میدیا، (سنە: ٢٠١٠ز).

**نیکۆلۆ مەکیاڤیللی**

- میر، و:بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١٥ز).

**دووەم: ژێدەرەکان(سەرچاوە نوییەکان)**

**بە زمانی کوردی**

**نیا، ئومێد بەهرامی**

- مێژووی کوردەکانی جەزیرە، و:عەبدوڕەحیم مەعرفتی، بڵاوکردنەوەی پرۆژەی تیشک، (ب.ش.چ: ٢٠٠٩ز).

**محەممەد، ئاکۆ بوڕهان**

- میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی: ٢٠١٨ز).

**یاسین، هەمزە کاکە**

- حەلوان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیی تا ڕووخانی میرنشینی عەنازی، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر: ٢٠١٣ز).

**شەرەفکەندی، هەژار عەبدولڕەحمان (م١٩٠٠ز)**

- هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی سروشت، (تەهران: ١٣٦٩ک).

**خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا**

- ڕێزمانی کوردی، چ٥، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر: ٢٠١٣ز).

**ئەنوەر، کەیوان ئازاد**

- کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپخانەی پەنجەرە، (تاران: ٢٠١٥ز).

**کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا**

- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، و:حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠١٠ز).

**خاڵ، شێخ محەممەد شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمین (م١٩٨٩)**

- فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٥ز)
**تۆفیق، زرار سەدیق**
- کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر: ٢٠١٤ز).
**ڕەسووڵ، ئیبراهیم ڕەسووڵ**
- پێکهاتەکانی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، (هەولێر: ٢٠٢٠ز).
**حوزنی، حوسێن موکریانی**
- سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی، لەچاپدانی دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٧ز).
**بە زمانی عەرەبی**
**حسن، أسامة**
- الناصر صلاح الدين، دار الامل، (د.م: ١٩٩٧م).
**رشينايا، ايليا**
- تاريخ ايليا برشينايا، قدم له وعلق عليه: يوسف حبى، مطبوعات مجمع اللغة السريانية، (بغداد: ١٩٧٠م).
**حسن، ابراهيم حسن**
- تاريخ الاسلام السياسى والدينى والثقافى والاجتماعى، ط١٤، مكتبة النهضة المصرية،
**الجميلى، رشيد (ت٢٠٢٢)**
- الاتابكة فى الموصل بعد عمادالدين زنكى، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٧٠).
**الهسنياني، صالح شێخۆ**
- علماء الكورد و كردستان، مطبعة هاوار، (دهۆک: ٢٠١٢م).
**العبيدي، صلاح حسين**
-الملابس العربية الاسلامية، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، (عراق: ١٩٨٠م).
**الشهابي، قتيبة**
- معجم دمشق التاريخى، منشورات وزارة الثقافة_ فى الجمهورية العربية السورية، (دمشق: ١٩٩٩م).
**كى السترنج**
- بلدان الخلافة الشرقية، نقل الى العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، مؤسسة الرسالة، (العراق: د.س).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**الخطيب، مصطفى عبد الكريم**

- معجم المصطلحات والالقاب التاريخية، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٩٦م).

**به زمانى فارسى**

**كسروى، احمد**

- شهريارانى گمنام، چ٢، مؤسسه انتشارات نگاه، (تهران: ١٣٨٨).

**سێیەم: نامەی ماستەر و دکتۆرای بەڵاونەکراوە**

**عزيز، صباح حسن**

- جريمة التهجير القسرى، رسالة ماجستر، جامعة النهرين، ٢٠١٥.

**چوارەم_گۆڤارەکان**

**هەروتیی، مەهدی عوسمان**

- کورد و دیاردەی کۆچکردن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا(توێژینەوەیەکی شیکارییە لەبارەی هۆکار و ئەنجامەکانی)، International journal of kurdish studies,vol2/3, December 2016.

**الملخص:**

أن هذه الدراسة التي تقع تحت عنوان(تأثير الهجرة والتهجير على الأقاليم الكوردية في قرني ٥-٦هـ/١١-١٢م) محاولة لمعرفة مدى تأثير هذه الظاهرة على الاقاليم الكوردية والحقيقة ان للهجرة تاريخاً قديما مرتبطا بتاريخ الانسانية فمنذ أن وجد الانسان على هذا الارض ارتبطت الهجرة به ارتباطاً طبيعياً وبمرور الزمن ظهرت أسبابها ونتائجها وتأثيراتها والتي كانت متنوعة.

اختيارنا لهذا العنوان يرجع الى أحداث مهمة وقعت في تاريخ الكورد وتتمثل بنتائجها، والتي لم يكن موضوع بحث مستقل لدى الباحثين بشكل مفصل وأما تحديد قرني (٥-و٦هـ/١١-١٢م) يرجع الى كثرة وقوع الاحداث السياسية والعسكرية في الاقاليم الكوردية.

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة مباحث، خصص المبحث الأول لتعريفي الهجرة والتهجير لغة واصطلاحا، وخصص المبحث الثاني للتعريف بالأقاليم الكوردية، وتناول المبحث الثالث تأثيرات الهجرة والتهجير على الأقاليم الكوردية من الناحية السياسية والاجتماعية والعسكرية والعلمية ، واختتم البحث بنتائج توصل اليها البحث وملخص للدراسة باللغتين العربية والانكليزية وقائمة لأهم المصادر والمراجع.

**الكلمات الدالة:.** *الهجرة، التهجير، التأثيرات، الاقاليم الكوردية، السياسية*

**Abstract:**

This study is entitled (The Impact of Immigration and Displacement on the Kurdish Regions in the 5-6 AH / 11-12 AD Centuries, the Political, Social, Military and Scientific Case as a Model), it attempts to find out the extent of the impact of this phenomenon on the Kurdish Region. Humans on this earth were associated with migration naturally. However, with the passage of time, its causes, results, and effects were appeared that was different.

The choice of this title was due to the important events that took place in the history of the Kurds and it was represented by their results. It was not the subject of independent research by researchers in detail.

The current research consists of an introduction and three sections. The first section is devoted to definition of migration and displacement in language and idiomatic. The second section is devoted to definition of the Kurdish regions. The third section deals with the effects of migration and displacement on the Kurdish regions in terms of political, social, military, and scientific aspects. The research concluded with the results of the research and a summary of the study in Arabic and Englishalso a list of the most important sources and references were presented.

**opening words**: *Immigration, displacement, influences, Kurdish regions, politics.*

# شوێنەواری شەدادیەکان لەشاری ئانی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

**پ. هـ. د. طارق محمد ئەورەحیم**

زانکوی سەلاحەددین- هەولێر- هەریما کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

شوێنەوارە ئیسلامیەکانی شاری ئانی بەشێکی دانەبڕاوی شارستانیەتی ئیسلامین، لەنێو ئەو شوێنەوارە جێماوەدا، شوێنەواری شەدادیەکان بەشێکی گرنگی شوێنەواری شاری ئانی پێکدەهێنێت.

شەدادیەکان لە نێوان ساڵانی ( ٣٤٠-٥٩٥ک./٩٥١-١١٩٩ز. ) میرنشینێکیان لە وڵاتی ئاران دامەزراند و لە شارەکانی وەک دوین و گەنجە و ئانی فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کرد. لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەواندا لە نێوان ساڵانی (٤٥٦-٥٩٥ ک/ ١٠٦٤-١١٩٩ ز) شاری ئانی گەشایەوە، کە شوێنەوارەکانیان هێشتا ماون، وێنەی مزگەوتی مەنۆچەر و بورجە سەربازیەکانی دەوروبەری شار.

ئەم توێژینەوەیە بە سێ تەوەر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە، سەرەتا بە مێژووی بنەماڵەی شەدادیەکان دەست پێدەکات و پاشان مێژووی شاری ئانی لە سەردەمە جیاوازەکاندا کورت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دوایین تەوەردا لەسەر ئەو شوێنەوارە جیاوازانە بوەستێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەدادیەکان، وە بە چەند نەخشەو وێنە بابەتەکەی لە پاشکۆدا لە بیری خوێنەر نزیکتر کردۆتەوە، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکانی باسەکە تۆمارکراوە.

**وشەی کلیلی:** *بنەماڵەی شەدادی، شاری ئانی، شوێنەواری ئیسلامی، مزگەوتی مەنوچەر، سەلجوقیەکان*

---

**پێشەکی:**

وڵاتی ئاران و شێروان[٤] بە درێژایی مێژوو چەندین نەتەوەو گەل تێیدا ژیاون، یەک لەو گەلانە، گەلی کورد بوە، کە هێندە بەهێزبوون توانیویانە حوکمڕانی ناوچەکە بۆ دەیان ساڵ بگرنە دەست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ڕێگەی ئەو میرنشینانەی دایانمەزراندوە. یەک لەوانە میرنشینی شەدادیە. (رۆس،١٩٩٨، ٢٠/ ٦١٦٢)

شوێنەواری شەدادیەکان لە شاری ئانی هەرچەندە خودی سەرچاوە بەجێماوەکان وەک مزگەوت و شورەو گەرماو و سککەی دراو و شوێنەواری نوسراوی سەر دیوارو منارەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بورجە سەربازیەکان هەمووی بەڵگەو سەرچاوەی بەردەستی تویژەرن. بەڵام لە هەمان کاتدا تویژەر دەتوانیت بگەڕیتەوە بۆ سەرچاوە کۆن و نوییەکان کە زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نوسراون،یان بۆ کەسێک شارەزای زمانەکانی ئەرمەنی و گورجی بیت دەتوانیت زانیاری زۆری دەست کەویت لەو سەرچاوانەی سەبارەت بە میژووی شاری ئانی و ناوچەکە نوسراون. لە هەمان کاتدا نوسراو و لیکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسانیش گرنگن، بەتایبەت رۆژهەڵاتناسە رووسەکان، کە بە حوکمی نزیکی جوگرافیان زیاتر بایەخیان بە میژوو و شوینەوارەکانی شاری ئانی داوە.

وە لە دیارترین ئەو تویژینەوە ئەکادیمیانەی میژووی شەدادیەکانیان تاوتوێ کردوە، بەر لەهەموان دەبیت ئاماژە بە کاریکی رۆژهەڵاتناس مینۆرسکی (م.١٩٦٦ز.) بکریت، کە بریتیە لە لیکۆڵینەوە لە دەستنووسیکی میژوویی بەناوی (باب فی الشدادیة من کتاب جامع الدول) کە لەلایەن میژوونووس ئەحمەد کوڕی عیسی کوڕی لطف الله ناسراو بە مونەجیم باشي، (م.١١١٣ک./١٧٠٢ز.) نوسراوە. مینۆرسکی لەپیشەکی ئەو بەرهەمەیدا ناونیشانی پازدە کتیب و وتار تۆماردەکات، کە لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر ئەم خانەدانە بڵاوکراونەتەوە. (Minorsky,1953,2-3) هەروەها وەک نامەی زانکۆیی دوو نامەی زانکۆیی هەن، یەکەمیان ماستەرنامەکەی تویژەر ئیسماعیل شوکر رەسولە بە زمانی عەرەبی، (رسول،٢٠٠١) دووەمیش تیزی دکتۆراکەی نەوزاد کەلەشە بەزمانی تورکی. ( Keleş, 2016, 57-304)

شایانی باسە بۆ زانیاری لەسەر زۆربەی لایەنەکانی شاری ئانی دەکریت تویژەر بگەڕیتەوە بۆ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی http://www.virtualani.org/maps/reconstruction.htm کە بەزمانی ئینگلیزی سەرچاوەو زانیاری و وینەی زۆری تیدا دەستەبەر کراوە.

**تەوەرەی یەکەم: ناساندنیکی خانەدانی شەدادی**

خانەدانی شەدادی ناوەکەی دەگەڕیتەوە بۆ موحەممەد کوڕی شەداد کوڕی کرتاک (م.٣٤٤ک.-٩٥٥ز.) کە لەهەلیکی گونجاودا لەساڵی(٣٤٠ک./٩٥١ز.) توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپینیت بەسەر شاری دوین لە ناوچەی ئاران لە هەریمی ئەرمەنستان. دوای ئەوەی حوکمڕانی شاری دوین سالار مەرزەبان محمد میری موسافیری (٣٣٠-٣٤٦ک./٩٤٢-٩٥٧ز.) جەنگی دۆڕاند و وەک دیل کەوتە لای بوەیهیەکان (٣٣٤-٤٤٧ک./٩٤٥-١٠٥٦ز.). لەو کاتەدا میر محەممەد شەداد میرنشینی خۆی لە شاری دوینەوە راگەیاند. (رۆس،١٩٩٨، ٢٠/ ٦١٦٢)

پاش وەرگرتنی دەسەڵاتی شاری گەنجە، شەدادیەکان بوونە دەسەڵاتداریکی بەهیزی باشوری ئازەربایجان، پەیوەندی سیاسی لەگەڵ دەوڵەت و میرنشینەکانی دەوروبەریان دروست کرد. بەڵام بە مردنی محمد شەداد لە ساڵی (٣٤٤ک./ ٩٥٦ز.) میرنشینەکە بەشیکی زۆری ئەو ناوچانەی حوکمی دەکرد لەدەستی دا. دواتر ئەبولحەسەن عەلی لەشکری (٣٦٠-



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٣٦٨ك/٩٧١-٩٧٩ز.) بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەشاری گەنجەوە فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکەی کرد. (Keleş, 2016, 57-304)

پاشان مەرزەبانی برای حوکمڕانی میرنشینەکە دەکات بۆ ماوەی حەوت ساڵ (٣٦٨-٣٧٥ك./٩٧٩-٩٨٦ز.)، بەڵام لەبەر ناکارامەیی لەحوکمڕانیدا میرنشینەکە کەوتە پشێوی، بۆیە لەلایەن فەزلونی برای کوژراو، خۆی حوکمڕانی میرنشینەکەی وەرگرت ، چونکە فەزلون میرێکی بەهێزو کارامە بوو، توانی بۆ ماوەی چل وحەوت ساڵ (٣٧٥-٤٢٢ك/٩٨٦-١٠٣١ز.) میرنشینەکە ببات بەڕێوە، لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا میرنشینی شەدادی گۆڕان و پێشکەوتنی زۆری لە بواری ئاوەدانی و سەربازی بەخۆیەوە بینی. پاش مردنی سێ کوڕی بەداوی یەکدا تا ساڵی (٤٥٧ك./١٠٦٥ز.) میرنشینەکەیان بەڕێوەبرد. دوای ئەوانیش ئەبەلئەسوار شاوەر کوڕی فەزل بوویە میر تا ساڵی (٤٥٩ك./١٠٦٧ز.).( Keleş, 2016, 57-304)

لەدەمی هاتنی سەلجوقیەکان (٤٢٩-٥٩٠ك./ ١٠٣٧-١١٩٤ز.) ڕوەو ئەنادۆڵ، شەدادیەکان بێ راوەستان بوونە هاوکاریان، بۆیە کاتێک سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان (٤٥٦-٤٦٥ك./١٠٦٤-١٠٧٣ز.) پاش گەمارۆدانێکی بیست وپێنج رۆژە، لە (٢٣ شەعبانی ٤٥٦ك.) بەرامبەر (١٦ ئابی ١٠٦٤ز.) بە سوپاکەیەوە چوویە ناو شاری ئانی، حوکمی شارەکەی بەو خانەدانە سپارد، فەزلونی دووەم مەنوچەر کوڕی ئەبولئەسوار شاوەری شەدادی بوویە حوکمڕانی شارەکە. ئیتر شاری ئانی لەدەستی شەدادیەکان مایەوە تا ساڵی (٥٩٥ك./١١٩٩ز.)، دواتر کەوتە بن دەستی گورجیەکان، لێرەدا مێژووی میرنشینی شەدادیەکان کۆتایی دێت. (Keleş, 2016, 57-304)

ڕۆژهەڵاتناس مینۆرسکی زۆر بەبایەخەوە باسی حوکمڕانی ئەم خانەدانە دەکات لەو ناوچەیەداو دەڵێت: ((شەدادیەکان بەشێک لە ڕواڵەتەکانی سەردەمی ناوبڕی ئێرانی پێکدەهێنن،ئەگەر چی سەردەمێکی کورتیش بوو، بەڵام زۆر بەبایەخ بوو، چونکە ناوبڕی هەردوو سەردەمی عەرەبی و تورکی بوو)). (Minorsky,1953, 2) .

**تەوەرەی دووەم: ناساندنێک بۆ شاری ئانی**

سەبارەت بە مانای وشەی شاری ئانی و مێژووکەی ڕۆژهەڵاتناسی روسی بارتۆڵد (م.١٩٣٠ز.) پێی وایە ناوی ئانی بۆ ناوی پەرستگای خوداوەندێکی ئێرانی دەگەڕێتەوە بەناوی ئاناهیتا، شارەکە زۆر لەکۆنەوە مرۆڤی لێ ژیاوە بۆیە شوێنی ئاگرپەرستیشی تێدا دۆزراوەتەوە ( ١٩٦٩، ٣/ ١٢) ، ڕۆژهەڵاتناس گی لسترنج (م.١٩٣٣ز.) خاوەنی کتێبی ناودار (بلدان الخلافة الشرقية) تەنها دوو جار لە کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی لاوەکی بە شاری ئانی دەکات(١٩٨٥، ١٧٢و ٢١٧) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەرچۆنێک بێت دەکرێت بوترێت، شاری داڕوخاوی ئانی بە دووری چل و پێنج کیلۆ مەتر کەوتۆتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی قارس ، نزیکەی ١٤٥٠م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لای باشوری رووباری ئارپاچایە کەبەشێکی سنوری ئێستای نێوان وڵاتی تورکیاو ئەرمینیا پێک دەهێنێت. لای رۆژئاوای چەمی بۆستانلەرەو لای رۆژهەڵاتیشی چەمی میغ میغە، ئەوەی دەمێنێتەوە شورەیەکە بە درێژی پێنج کیلۆمەترو نیو، کە لە سەر رووبەرێکی سەد هەکتار شاری ئانی تێدا ئاوەدان کراوەتەوە. (Arslan, 2021, 29)

مێژووی شاری ئانی بۆ سەدان ساڵ بۆ بەر لە زاینی دەگەڕێتەوە، بەڵام بێ دابڕان وەک شارێکی ئاوەدان لەنێوان ساڵانی ( ٣١١-١٦٠٥ز) (Sevindi,2015, 593) چەندین دەسەڵات و شارستانیەتی جیاوازی بە خۆیەوە بۆیە شاری ئانی بە شاری لانەی شارستانییەتەکان ناسراوەو لەبەر زۆری ژمارەی کلێسەکانی بە شاری هەزار و یەک کلێسەپێناسە دەکرێت. (BOY,2019,1312.)

بەر لە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکە شانشینی کامسارکانی ئەرمەنی لە نێوان ساڵانی (٣١١-٦٤٠ز) کردویانەتە مەڵبەندی دەسەڵاتیان، تا لە سەردەمی هەردوو خەلیفەی دووەم و سێیەمی راشیدی، (١٣-٣٥ک./٦٣٤-٦٥٦ز.) هەرێمی ئەرمینیا بەگشتی بوویە بەشێک لە سنووری دەوڵەتی ئیسلام.( اسکندر، ١٩٨٣، ٢٥-٥٠)

بەڵام دواتر لە نێوان ساڵانی (٣٥٠-٤٣٧ک./٩٦١-١٠٤٥ز.) شارەکە بوویە پایتەختی فەرمانڕەوای خانەدانی باگراتیدی ئەرمەنی . شارەکە گرنگی سیاسی و ئاینی و ئاوەدانی زیاتری پەیدا کرد، بۆیە شورەی شارەکە لە نێوان هەردوو رووباری میگ میگ و روباری بۆستانلار قایمتر کرا، بورجەکان بەبەرزی هەشت بۆ دە مەتر بەرزکرایەوە. (TÜYSÜZ,2017,847-848) .(Arslan. 2021,34-44)(پاشکۆی وێنەی شورەی شار).

بەڵام لەساڵی (٤٣٧ک./ ١٠٤٥ز.) بێزەنتیەکان (...-٨٥٧ک./ ٣٩٥-١٤٥٣ز.) شارەکەیان لە بندەست ئەرمەنەکان دەرهێناو کردیانە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی. ئەم پێشهاتەش بوویە هۆکارێک تا شارەکە لەبەردەمی گەمارۆی سەلجوقیەکان خۆ نەگرێت، چونکە بێزەنتیەکان بەپێی پێویست بەرگریان لەشارەکە نەکرد، خەڵکی ئەرمەنی شارەکەش لەبەر ناکۆکی مەزهەبیان لەگەڵ بێزەنتیەکان دەیانویست لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دەرباز ببن. (اسکندر،١٩٨٧، ٦-٧) جا کەوتنی شاری ئانی لە (٢٣ شەعبانی ٤٥٦ک.) بەرامبەر (١٦ ئابی ١٠٦٤ز.) بوویە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بۆ وڵاتی ئەنادۆڵ، بۆیە لەلایەن مێژوونووسانی موسڵمان و سریانی و ئەرمەنی و بێزەنتیەکانەوە وەک ڕووداوێکی کاریگەر بایەخی پێدراوە. (اسکندر،١٩٨٧، ٩-٢٥)

وەک لەسەرەوە باسکرا سەلجوقیەکان حوکمداری شارەکەیان بە شەدادیەکان سپارد، ئەم خانەدانە کوردە خاوەن هێزو ئەزموونە لە ناوچەکەدا ساڵانێکە لەشاری دوین و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

گەنجەش فەرمانڕەوان، بۆیە توانیان بە گیانێکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، لە نێوان ساڵانی (٤٥٦-٥٩٥ک./١٠٦٤-١١٩٩ز.) حوکمڕانی شاری ئانیش بکەن و ئاوەدانی بکەنەوە، کە تا ئێستاش بەشێک لە شوێنەواری تەلارسازی سەردەمی ئەوان لە شارەکەدا ماوە. (Keleş, 2016, 57-304) (اسكندر،١٩٨٧، ٧)

بە گوێرەی رۆژژمێری کۆچی حوکمڕانی شەدادیەکان لە شاری ئانی نزیکەی سەدو چل ساڵی خایاند، میر مەنوچەر نزیکەی چل و هەشت ساڵ حوکمی کرد، (٤٥٦-٥٠٤ک./١٠٦٤-١١١٠ز.). کە لەسەردەمی ئەم میرەدا ئانی وەک شارێکی ئاوەدان و مەڵبەندێکی بازرگانی دەرکەوت. (Minorsky,1953, 82). دواتر ئەبولئەسوار شاوەری کوڕی جێگەی باوکی گرتەوە تا ساڵی (٥١٨ک./ ١١٢٤ز.) پاش گرتنەوەی شارەکە بۆ ماوەیەک لەلایەن گورجیەکان فەزلونی کوری ئەبولئەسوار لەنێوان ساڵانی (٥١٩-٥٢٦ک./ ١١٢٥-١١٣١ز). توانی شارەکە بگەڕێنێتەوەو ببێتە میری شەدادیەکان لە شاری ئانی. دواتریش چوار میری تری شەدادی بەدوای یەکدا دێن تا ساڵی (٥٥٦ک./ ١١٦١ز.) حوکمداری میرنشینەکە دەکەن، بەڵام لەبەر فشارو هێرشی گورجیەکان، شاری ئانی دەکەوێتەوە دەست گورجیەکان کە لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیەوە پشتیوانی دەکران. (Minorsky,1953, 84-86).

بەڵام بە یارمەتی سەلجوقیەکان جارێکی تر شارەکە گەڕایەوە بۆ شەدادیەکان، وە لە نێوان ساڵانی (٥٥٩-٥٩٥ک./١١٦٤- ١١٩٩ز.) دوو میری شەدادی فەرمانڕەوایی شارەکەیان کردەوە، (بڕوانە پاشکۆی ناوی میرەکانی شەدادی) بەتایبەت سوڵتان کوڕی مەحمود کوڕی شاوەر شەدادی (رۆس، ١٩٩٨،٢٠/ ٦١٦٤)، لەبەرئەوەی ئەم میرە ئاوەدانیەکی زۆری بۆ شارەکە گەڕاندەوە، بۆیە بە میر ئەبولموعەممەر (واتە: ئاوەدانکار) نازناوی دەرکرد، مزگەوتێکیشی بەو ناوە دروست کرد، کە یەکێکە لە شوێنەوارە دیارەکانی شەدادیەکان. بەڵام شارەکە بەیەکجاری لە ساڵی ( ٥٩٥ک./١١٩٩ز.) دەکەوێتە دەست گورجیەکان، لەو ساڵە بەدواوەش کۆتایی بە میرنشینی شەدادی دێت لە ناوچەکەدا.( Kırzıoğlu, 1953,402) (Arslan. 2021,54-65)

شایانی باسە پاش نزیکەی چل ساڵ لە دەسەڵاتی شەدادیەکان، لێشاوی مەغۆلەکان شاری ئانیش دەگرێتەوە، بۆیە لە نێوان ساڵانی (٦٣٦-٧٥٩ک./ ١٢٣٩-١٣٥٨ز.) شارەکە لە بن دەستی مەغۆلەکان بووە، دواتر بنەماڵەی قەرەقۆینلۆ لە نێوان ساڵانی (٧٨٢-٨٧١ک./ ١٣٨٠-١٤٦٧ز.)، پاشان دەوڵەتی ئاق قۆینلۆش لە نێوان ساڵانی (٨٧١-٩١٤ک./١٤٦٧-١٥٠٨ز.) شارەکەیان گرتە دەست، تا لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی (٩٢٦-٩٧٤ک./١٥٢٠-١٥٦٦ز.) بویە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی (٦٩٨-١٣٤٢ک./١٢٩٩-١٩٢٣ز) Arslan. 2021,54-65. BOY,2019, 1303-1308



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شاری ئانی سەرباری ڕۆڵی ئاینی و سیاسی و سەربازی بۆ سەردەمانێکی درێژ ڕۆڵی کاروانسەرایەکی بازرگانی دەبینی لەسەر ڕێگای ئاوریشم، لە نێوان ئێران و ئازەربایجان و هەرێمی دەریای ڕەش، بەڵام ئەم شارە کەوتۆتە ناوچەیەک بوومەلەرزەی زۆر لێی دەدات، بەتایبەت بوومەلەرزەیەکی بەهێز کە لەساڵی (١٠١٤ک./ ١٦٠٥ز.) بەر شارەکە کەوت، بویە هۆکاری ئەوەی شارەکە ببێتە وێرانەو ژیان تیایدا نەمێنێت. (BOY,2019, 1303) ( Arslan, 2021, 54-65) بۆیە گەریدەی ناودار ئۆلیا چەلەبی (م.١٦٨٢ز.) لەکاتی چوونی بەرەو شاری یەریڤانی -پایتەختی ئەمڕۆی ئەرمەنستان- لە ساڵی (١٠٥٧ک./ ١٦٤٧ز.) شاری ئانی وەک وێرانەیەک وەسف دەکات. (ÇELEBI,1970, 2)/٣٣٦

هەڵبەتە ئەم شارە هەرچەندە زیاتر لە چوار سەدەیە وێرانەیە، بەڵام گرنگی مێژوویی خۆی هەیە بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا کە بەشێکە لەمێژوو و جوگرافیاکەی، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەک ئەرمینیا گرنگی سیاسی و ئاینیشی هەیە، چونکە سەردەمێک پایەختی سیاسی و ئاینی ئەرمەنەکان بوە. ئەمەش بە ڕوونی تێبینی دەکرێت لە مۆزەخانەی نیشتیمانی لە شاری یەریڤان کە چۆن شوێنەواری شارەکە پیشان دراوە لە نەخشەیەکی سێ لاییدا، پلانیان چۆنە بۆ دووبارە بنیتنانەوەی شارەکە، کە هیچ منارەیەکی مزگەوت لە شارەکەدا نیە، بەڵام هەر کلێسایەک هەبێت یان بووبێت وێنەی کێشراوە.( بڕوانە پاشکۆی نەخشەی شار). هەروەها لەسەر وێنەی ئەو پولە فەرمیانەی هەن لە ئەرمینیا وێنەی کلێسای گەورەی شاری ئانی لەسەر دانراوە. هەروەها لە ناو ئەدەب و کەلتوری خەڵکی ئەرمەندا ناوی ئانی ئامادەیی هەیە لە شیعرو ڕۆمان ، هەروەکو ناوێکە بۆ کچان و بۆ بەرهەم و مارکە بەناوبانگەکان[٦].

**تەوەرەی سێیەم: شوێنەوارەکانی سەردەمی شەدادی لە شاری ئانی**

ناوبانگی مێژویی و بوونی چەندین شوێنەواری سەردەمە جیاوازەکانی شاری ئانی سەرنجی گەریدەکانی راکێشاوە، لەسەردەمە جیاوازەکاندا گەریدەی ڕۆژئاوایی زۆر یادداشتی خۆیان لەسەر شوێنەوارەکانی ئەم شارە تۆمار کردوە. لە نێوان ساڵانی(٦٥٣-١٣٨٥ک./١٢٥٥-١٩٦٧ز.) زیاتر لە شازدە گەڕیدە لەسەر شوێنەوارەکانی ئەم شارە تێبینی خۆیان یادداشت کردوە، بەڵکو بەشێکیان بەر لەسەردەمی کامێرا وێنەی شوێنەوارەکانیان دەکێشا، لەوانە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی م.ف. بروسیت (م.١٨٨٠ز.). دواتر بە کامێرا وێنەی شوێنەوارەکان گیراون، هەشیانە ئەوەی دیویانە لەو شارە بەشێوەی ڕۆمان بڵاویان کردۆتەوە.[7]

پیاوانی ئاینی ئەرمەنی لەهەموان زیاتر پەرۆشی شوێنەوارەکانی شاری ئانی بوون، بۆیە لەساڵی ١٨٤٨ز. داوایەک پێشکەشی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٢٣-١٨٦١ز.) دەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە، بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە، لەبەر هۆکاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

زۆری خەرجیەکەی بۆ ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی، داواکەیان نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.(Arslan, 2021,67)

سەردەمێک کە ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی روسیا بوو[8]، دەستەیەک لە پسپۆڕانی زانکۆی سانت پترۆسپۆرگی روسی دەستیان بە گەڕان و کنەکاری کردوە، بە سەرۆکایەتی رۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناس نیکۆلای مار (م.١٩٣٤) لە ساڵی (١٨٩٢-١٨٩٣ز.) پاشان هەمان دەستە لەنێوان ساڵانی (١٩٠٤-١٩١٧ز.) لەئەنجامی ئەم کنەکاریە شوێنەواری جۆراو جۆر لە دیواری شورەی شارو پەرستگە و کڵێسەو مزگەوت و گەرماو و خەزێنەی ئاو و کۆشک و رێگاو بان و خان و بازاڕ و کێلی گۆڕی شازادەکان دیاری دەکات، کەلەو نەخشەیەی کێشاویەتی بۆ شوێنەواری ناو شارو دەوروبەری سەدوحەڤدە شوێنەواری دەستنیشان کردوە، کە بەلێدانی ئەم لینکە[9] نەخشەکە دەردەکەوێت. (Watenpaugh,2014, 529)

پسپۆڕانی زانکۆکانی تورکیاش لەساڵی ١٩٤٤ز. بەدواوە پشکنین و لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام بوە لەسەر شوێنەواری ئەم شارە. بەتایبەت ئەو کنەکاریەی زانکۆی هاجەت تەپە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٩-٢٠٠٥ز.)بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر بەیهان کەرەمئاغالاری ئەنجامی باشی لێوەدەرکەوت. لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ز. یشەوە بەڕێوبەرایەتی مۆزەخانەی شاری قارس و زانکۆی قەفقاسیای ئەو شارە کاری کنەکاری لە شاری ئانیدا گرتۆتە ئەستۆی خۆی.(Arslan, 2021,69-75)

لە دەرئەنجامی ئەو کنەکاریانەی کە باسکران، شوێنەوارە بەجێماوەکانی سەردەمی شەدادیەکان لەو شارەدا، دەکرێت بەم جۆرە دابەش بکرێت:

**یەکەم: شوێنەواری مزگەوتەکان**

لەدیارترین شوێنەواری پەرستگەی بەجێماوی شەدادیەکان لە شاری ئانی دەکرێت باس لە سێ مزگەوت بکرێت کە دروستکردنەکەی بۆ سەردەمی ئەو خانەدانە دەگەرێنرێتەوە، لەوانە:

**١.شوێنەواری مزگەوتی مەنوچەر**

یەک لەو شوێنەوارانەی تا ئێستا ماوە مزگەوتی مەنوچەرە، کە لە باڵەخانەیەکی دوو قاتی پێکدێت و دەکەوێتە ناو قەڵای ناوەوەی شارەکە، بەجۆرێک لەلای رۆژهەڵاتیەوە دەڕوانێت بەسەر رووباری ئارپا چایدا. گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسان نووسینەکانی سەر دیواری بەشی رۆژئاوای مزگەوتەکەیان بەر لە ڕووخانی خوێندۆتەوە، کە لەو نووسینەدا کە بەخەتی کوفی گوڵدار ئەمەی خوارەوە نوسرابوو:

بسم الله الرحمن الرحيم امر ببناء هذا المسجد والمنارة الامير الاجل شجاع الدولة ابو شجاع منوجهر بن شاور في دولة مولانا السلطان المعظم شهنشاه الاعظم ابي فتح ملك شاه بن الب أرسلان. (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەرچەندە لەم نووسینەدا ساڵی دروستکردنی لەسەر نیە، بەڵام ناوی میری شەدادی میر مەنوچەر کوڕی شاوەر. هەروەها ناوی مەلیک شای کوڕی ئەلب ئەرسەلان دەرباز دەبێت، دەتوانرێت ساڵی دروستکردنەکە لە نێوان ساڵانی (٤٧٨-٤٨٥ک./ ١٠٨٦-١٠٩٢ز.) مەزەندە بکرێت، چونکە مەلیک شاە لەو ماوەیەدا حوکمڕانی کردوە. (Erdal, 2019,132-133)

هەروەها لەسەر هەمان دیوار نووسراوێکی درێژ هەبوە بە زمانی فارسی: لەشێوەی باندێکی ئاسۆیی درێژدا نووسراوێکی تەواونەکراو هەبوە کە دەڵێت میر مەنوچەر مزگەوتەکەی دامەزراندوە، لەخوار ئەم نوسراوە فارسیەش نووسراوێکی پارچەپارچە هەبوە بە زمانی ئەرمەنی وجۆرجی.( Erdal, 2019,130 )

لەو مزگەوتە دووو قاتیەدا کە بە بەردی سورو رەش دروست کراوە، قاتی یەکەمی لە چوار بەش پێکهاتووە وەک خوێندگە بەکارهاتوە، لە چوار پەنجەرەی گەورەوە دەڕوانێت بەسەر روبای ئارپاچایدا. سەقف وگومەتی مزگەوتەکە بەنەخشی بەردینی جیاواز لەسەری دەبینرێت. لەپاڵیدا منارەیەکی هەشت لا بەبەرزی نەوەدو نۆ پلەکانە دروست کراوە (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر)(YILDRIM,2010,107-109)

هەروەها لە سەر منارەی مزگەوتی مەنوچەر لە بەری رۆژئاوای منارەی مزگەوتەکە بە خەتی جەلی سولس لە یەک دێڕدا بەبەردی سپی نوسراوە (بسم الله) هێندە بە گەورەیی نوسراوە ، بەتایبەت پیتی (ب) لە شێوەی پیتی ئەلیف بە ئەندازەی ٥٢ سانتیم درێژ کراوەتەوە هەر لەدوورەوە سەرنجی تەماشاکار ڕادەکێشێت، لەسەر پیتی (س) وێنەی بەردێکی ڕەنگ سوور لە شێوەی گوڵی لالە دەبینرێت. شایانی باسە لەسەر منارەکە هیچ نوسراوێکی تر نیە، وەک ساڵی دروستکردن و کێ دروستی کردوە، (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی مەنوچەر) بەڵام بە گوێرەی نوسراوی سەردیواری مزگەوتەکە کە وشەی (المنارە) شی تێدابوو، روون دەبێتەوە کە منارەکەش لەگەڵ مزگەوتەکە لە ساڵانی (٤٧٨-٤٨٥ک./١٠٨٦-١٠٩٢ز.) لەسەردەمی میر مەنوچەر دروستکراوە..(Erdal, 2019,134-135)

لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە نووسەرانی ئەرمەن پێیان وایە کە بینای ئەم مزگەوتە پێش لە هاتنی سەلجوقیەکان هەبوە، لە بنەڕەتدا کۆشکێک یان کلێسایەکی کۆن بووە و دواتر گۆڕدراوە بۆ مزگەوت. بەڵام لەراستیدا رای سەرەوە زیاتر جێگەی باوەڕە، چونکە تەلاری بیناسازی مزگەوتەکە هیچ بە تەلاری کڵێسا ئەرمەنیەکانی ئەو سەردەمە ناچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر بە تەلاری سەردەمی سەلجوقیەکان دەچێت. (KARAKAYA, 2004,29/156)

**٢.شوێنەواری مزگەوتی ئەبو موعەممەران**

ئەم مزگەوتە لەلایەن میری شەدادی سوڵتان کوڕی مەحموود کوڕی شاوەر شەدادی بوو کەناسراوە بە میر ئەبولموعەممەر دروستکراوە، بۆیە بە یەکێک لە شوێنەوارە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیارەکانی شەدادیەکان دادەنرێت، کە کەوتبوە باکوری مزگەوتی مەنوچەر، لەسەر شەقامی سەرەکی بازاری شاری ئانی بنیات نراوە، بەگوێرەی وەسفی گەریدەکان مزگەوتێکی گەورە بوە جێگەی پەرستش و خوێندنی لەخۆ گرتبوو. (Erdal,2010,124)

لەسەر دیواری رووخاوی مزگەوتەکە چەند دێڕێک بە فارسی نوسراوە کە ناوی شەدادی تێدا دەرباز دەبێت. مزگەوتەکەش لە ساڵی ١٩١٧ز. بەیەکجاری رووخێنرا ( بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی ئەبولموعەممەران). منارەی مزگەوتەکەش وەک منارەی مزگەوتی مەنوچەر هەشت لا بوە، بەڵام لەو بەرزتر بوە وە لەسەر منارەکە نوسراوێک هەبوە کە مێژووی بنیاتنانی منارەکەی بۆ ساڵی (٥٩٥ک./ ١١٩٩ز.) نیشان دەدا. شایانی باسە ئەم منارەیە نزیکەی حەوت سەد ساڵ بەرگەی هەموو ئەو زەمینلەرزانەی گرت کە لەمێژووی ناوچەکەدا روویداوە. بەڵام لەو چل ساڵەی شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی روسیا بوو، یەک لەپیاوانی ئاینی ئەرمەنی لەساڵی ١٨٩٤ز. بەدینامیت منارەکەی رووخاندوە.( YILDRIM,2010, 111) (بڕوانە پاشکۆی مزگەوتی ئەبولموعەممەران)

شایانی باسە میسیۆنێری فەرەنسی ئێگۆنە بورە (م.١٨٧٨ز.) کە بە ناوچەکەدا بەکاری میسیۆنێری خەریک بوە، لەساڵی ١٨٣٨ز. سەردانی شاری ئانی کردوەو، نوسراوی سەر منارەکەی تۆمار کردوە کە بریتی بوە لە حەوت دێڕ بەزمانی فارسی بەخەتی کوفی و دێڕێکیش بە زمانی ئەرمەنی، کە ئەمەی خوارەوەی لەسەر نوسراوە: Erdal, 2016, 485-486) ( Eser,2019,2157) )

١. سلطان بن محمود بن شاور بن منوچهر من کی
٢.الشدادی از برای جان درازی جدو فرزندانم
٣.چنان فرمودیم کی پنبه فروشی و قطانی ازین سر
٤.است خریدکی مسجد ابو المعمران است تا بدکان کو سبیل
٥.وفروخت هم اینجا فرمودیم کی بکنند هر کی درین فرمان
٦.طعنه زند در خشم خدای (عز) و تعالی گرفتار باشد
٧.فی تاریخ خمس وتسعین وخمسمایه
٨. دێڕێک بە زمانی ئەرمەنی هەبوە

بە کورتی و بە کوردی: من کە سوڵتان مەحمود کوڕی شاوەر کوڕی مەنوچەری شەدادیم، بۆ بەردەوامی گیانی باپیرو کوڕەکانم فەرمانمان کردوە: پەمووکەتان فرۆشی بۆ خەرجی مزگەوتی ئەبو لموعمرانە بەڵکو هەرچی مامەڵەی دوکانە خێرەکەی بۆ مزگەوتە، هەروەکو وتوومانە هەرکەسیش تانە بدات لەم فەرمانە و پێچەوانەکەی بکات، بە خەشمی خودای بەهێزو باڵا گرفتار بێت. لە ساڵی ٥٩٥ک./١١٩٩ز.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٣. شوێنەواری مزگەوتی حەمزە خۆجە کوڕی قوبادشا کوڕی مەحمود**

لێکۆڵەران بەگوێرەی شوێنەوارە نووسراوەکانی نێو شارەکە گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مزگەوتێک هەبوە لە ساڵی ٤٦٥ک./١٠٧٣ز. بنیات نراوە بە ناوی حەمزە خۆجە، کە بە زمانی عەرەبی و خەتی کوفی چەند نوسینێک هەیە ئاماژە بەو زانیاریانە دەکات، بەڵام تا ئێستا بەتەواوی جێگای مزگەوتەکە دەستنیشان نەکراوە. ( Arslan, 2021, 125-126)

دەکرێت ئەوەی رۆژهەڵاتناسی روسی ن.مار دۆزیویەتیەوە، پەیوەندی ببێت بەو منارەو مزگەوتەوە. کە لەسەر دوو بەردی هەڵکۆڵراوی شکاو کە بەزمانی عەرەبی بە خەتی سولس لە دوو ڕیزدا لەچوار چێوەیەکی لاکێشەییدا نوسراوە:

منارة هذ الجدار لبيت الله

رحمه الله عالي بن سعيد

بەگشتی ئەم شێوە نووسینە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی شەدادیەکان. (Erdal,2016,129)

**دووەم: شوێنەواری نووسراو لەسەر باڵەخانەی کریستانەکان**

نووسراوی کڵێسەی سەنت پۆرکیتچ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئانیە و لە ساڵی (٤٢٨ک./ ١٠٣٧ز.) لەلایەن شازادە ئەبولغرێب پەهلوڤانی بنیاتنراوە ، لەکۆی پێنج نووسراوی ئەرمەنی لەسەر ڕووپۆشەکانی بیناکە یەکێک لەو نووسراوانە لە سەر دەروازەی ڕۆژئاوای کڵێساکە دەگرێتەوە بۆ سەدەی دوازدەهەمی زاینی.



مانای نووسراوەکە:

لەسەردەمی بارسێگدا کە خوداو ڕۆحە پیرۆزەکان شەرەفمەندی کردوە، خاوەن ناوبانگی باش نەوەی مەنوچەر میر موحەممەد کوری میر لە رۆژانی حوکمڕانیدا لە ساڵی (٥٨٩ک./١١٩٣ز.) مـن سۆستەنس کوری قەشە ترداد، سەرۆک قەشەی ئارانوچ و نەوەی گیڤرۆک و خێزانم خزمەتکاری عیسا، خودا بە میهرەبانی خۆی ئەرکی خۆمانمان زانی، بۆیە لە میراتی خۆمان پارەیەکی زۆرمان بە هەوڵ و تێکۆشانەوە هۆڵێکمان دروستکرد بە

مەبەستی پێشوازی و لەخۆگرتنی کەسانێک لەسەفەرەوە دێن بەزستان یان بە هاوین بۆ کلێسا.(Erdal,2019,136)

لە دەقەکەدا بە ڕوونی ناوی میرموحەمەد نەوەی میر مەنوچەر هاتوەو ساڵی دروستکرنیشی تێدایە. ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر باری پێکەوەژیان و تەبایی نێوان ئاینەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شەدادیەکان لە شاری ئانی.

**سێیەم: شوێنەواری سەربازی**

شارەکە لەسەر شێوازی سێگۆشەدا بە شورەیەک دەورە دراوە، کە لەبەشی ڕۆژهەڵاتەوە روباری ئەرپاچایەوە دەست پێدەکات تا ڕۆژئاوای شار کە رووبار بۆستانجی بەتەنیشتیدا دەڕوات، واتە شورەکە کەوتۆتە نێوان ئەو دوو ڕووبارەوە، هەشت دەروازەو قاپی تێدایە.

**١. دەوازەی سەرەکی ناسراو بە ئەرسلان کاپی**

لەکاتی فەتحکردنی شارەکە لەلایەن ئەلپ ئەرسەلان لە ساڵی٤٥٦ک/ ١٠٦٤ز. شورەی شار لەچەند لاوە رووخابوو، میر مەنوچەری شەددادی هەستا بە نۆژەنکردنەوەو قایمکردنی زیاتری شورەکە، یەک لەو جێگانەی نۆژەنی کردەوە دەوازەیەکی سەرەکی بوو ناوی لێنا ئەرسلان کاپی، لەسەر دەروازەکە جگە لە دانانی وێنەی شێرێکی لەبەرد هەڵکۆڵراو لەسەر بورجی لای راستی تەنیشت دەوازەکە لەسەر بەردێک لە چوار دێڕدا بە خەتی کوفی ئەم چوار دێڕەی لەسەر بەردی هەڵکۆڵراو داناوە: (بڕوانە پاشکۆی شوێنە سەربازیەکان)

بسم الله الرحمن الرحيم

أمر ببناء هذا البرج الأمير الأجل

المنصور شجاع الدولة أبو

شجاع منوجهر بن شاور

لەسەر بەردەکە مێژووی ئەم فەرمانە نەنوسراوە، تەنها ناوی میر مەنوچەری شەدادی نوسراوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت لە نێوان ساڵانی (٤٥٦-٤٥٨ک./ ١٠٦٤-١٠٦٦ز) ئەو بورجە نۆژەنکراوەتەوە.(Erdal,2019,130)

میر مەنوچەر جگە لەمەش لەرۆژهەڵاتی دەروازەکەوە دوو بورجی بۆ شورەکە زیادکردو لەسەر بورجەکە وێنەی تاشراوی دوو ئەژدیاو سەری گایەکی قۆچداری داناوە. ، هەروەها لەجێگاکانی تریش شورەی شاری قایم کرد. (YILDIRIM, 2010,94) (بڕوانە پاشکۆی شوێنە سەربازیەکان)

**٢. دەرگای قەڵای ناوخۆ**

شـەدادیەکان لەو ناوچـانەی حوکمڕانیـان کـردوە لەسـەر ئەو بینـا سـەربازیانەی دروستیان کردوە نوسراویان جێهێشتوە. لەوانە چەند نوسراوێک هەن لەسەر دەرگای قەڵای ناوخۆ  ئەم چەند دێڕە نوسراوە:

أمر ببناء هذا الباب في أوائل ربيع الأول:

فەرمانی کرد بە دروستکردنی ئەم دەرگایە لە سەرەتاکانی رەبیعی یەکەم

الأمير الأسب سالار فخر الدين شداد : میر ئەسپ سالار  فەخرەدین (شەداد)

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانیش گوندنشین و نەخوێنەوار بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەی سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزو خاوەن موڵکەکان بوون(أبن رستە١٨٩٢، ص١٥٣، الروذاروي, ٢/ ٢٩٠)، بۆیە زۆرجار بێ لێکدانەوە بۆ دۆخە سیاسییەکە، ئەو خێڵ و هۆزو تیرانە دژ بە بەرژەوەندی یەك کاریان دەکرد. هەندێکجاریش لە ڕووبەڕووبوونەوەی شالاوە دەرەکییەکانیش هاوکارو پشتیوانی یەکتر بوون(د.قادر محمد حسن، ل٦٩، د.شفان ظاهر عبداللە، ص٧٢). زۆرترین ململانێکانیش لەنێو خۆیانداو لەسەر خاك و زەوی کشتوکاڵی و قەڵاکان بوون. بەتایبەت دوای ئەوەی هەر سەرۆکی بنەماڵەو هۆزو تیرەیەك، خاوەنی قەڵایەك یان چەند قەڵایەك بوون، ئەمەو جگە لەوەی هەریەك لەوان خاوەنی یاسای کارپێکراوی خۆی و سەرۆکەکانیشیان بڕیاردەری شەڕو ئاشتی بوون(کریس کۆچێرا٢٠٠٤، ل١٣، د.ئاراس فەریق زەینەڵ، ل٣٤٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیاواز لەوانەش پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە هەردوو چینی تایبەت و گشتی پێکهاتبوون(موسى مصطفى الهسيناني٢٠٠٥, ص١٤٨, د.فائزة محمود عزت، ص٣٧، اكو برهان محمد٢٠١٢، ص٣٥). چینی تایبەت لە بنەماڵەی خێڵ و هۆزو تیرەکان و خاوەن موڵك و وەزیرو قازی و نووسەران و دادوەران پێکهاتبوون(الصابي١٩٨٦, ص٢١، سوادي عبد محمد١٩٨٩, ص١٦١, اكو برهان محمد, ص٣٥-٣٦). پیشەوەرو کارسبکارو کرێکارو جوتیارو زەحمەتکێش و دەستگێرەکانیش، لەچینی گشتی بوون(الصفدي١٤٢٨ه، ص١٢، عادل محي الدين الالولسي١٩٨٧، ص٨٣). لەدیدگای هەندێك مێژوونووسیشەوە (بازرگانی مام ناوەند، پیشەوەر، کاسبکار، کارمەندی ئاسایی، تەنانەت مامۆستایانی ئایینی)ش، لەتویژی ناوەند بوون(أبن الجوزي١٤٢٤ه, ص٩٣٩٣، التنوخي١٣٩١ه, ١/١٨٣، ابن خميس الموصلي١٤٢٧ه, ١/٢٦٥-٢٦٦)، بەڵام هەروەك چینی گشتی ئەژمار کرابوون، چونکە دووربوون لە بڕیاری سیاسی و سەرقاڵی بژێوی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون(الالولسي, ص٨٣-٨٤، سوادي عبد محمد, ص١٦١). ئەمەو چینی تایبەتیش لە چینی گشتی کەمتر بوون(الصابي, ص٢١, الصفدي, ص١٢, سوادي عبد محمد, ص١٦١). هەربۆیە کاتێك هەریەك لەو خیلانە لەرێگای سەرۆکەکانیانەوە بەهۆی پێگەکەیانەوە سوودیان لە لاوازی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی بینی و هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیانەوە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند(د.زرار سديق تۆفيق٢٠٠٨، ل٦). بە بەهێزبوونەوەی ئەو دەوڵەتەش، دەسەڵاتی ئەوان بەرەو لاوازی و ڕووخان برد(د.زرار صديق توفيق٢٠٠٧, ص١). لەنێو ئەو دۆخەشدا چینی گشتی بێئاگاو تەنیا تەماشاکارو جێبەجێکاری فرمانی چینی تایبەت بوون، چونکە ناکۆکی ناوخۆیی ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا لەسەر دەسەڵات بووبێت، یان لەسەر شێوازی بەرێوەبردن، تا بە مامەڵە دەگات لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەی لە دەرەوەی میرنشین ودەسەڵاتەکەدا بوون، بە هەموویان بوونە مایەی هەرەشەو دواجار کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەو میرنشینانە هێنا. بەوەش بنەماڵەکانیان لەدەسەڵات و ڕووداوەکان دوورخستەوە(د.قادر محمد حسن، صص٥٠-٥١، د.ئاراس فەریق زینەڵ، ل٣٥١، د.ئاکۆ بورهان محەمەد٢٠١٨، لل١٠٣-١٠٤). بەو هۆیشەوە ئەو سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزو سەرۆکی بنەماڵانە، لەپێناو بەرژەوەندییەکی تایبەت بەخۆیان وازیان لەشتێکی بەنرختر هێنا، کە سەربەخۆیی بوو(قەفتان، ل١٢٩)، تەنانەت بۆ ئەوەش نەچوون، کە ئەوەی زیان دەکات خۆیانن و ئەوەی وێران دەبێت خاك و ئاوەدانی خۆیانە، ئەوەشی دەبێتە قوربانی هەر لەخۆیانە(ابوحيان التوحيدي١٩٤٤, ٣/٨٩, عادل محي الدين الالولسي١٩٨٧, ص٨٣, هنري فيلد٢٠٠١, ص٧). خۆ ئەگەر وایان نەکردایە، زۆر باش دەیانتوانی سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و ناوچەکانی دەورو پشتی خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، نەوەك بە پێچەوانەوە دەستیان بچێتە خوێنی یەکترو یەکتر تەواو بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناکۆکی و دووبەرەکیان لەنێواندا زۆر بوو، بۆیە ئەوانی لەو سەردەمەدا بە ئامانج نەگەیاند(العمري١٩٨٨, ص٥٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەربۆیە ئەوەی زیاتر ڕۆڵی لەقوڵبوونەوەی ناکۆکی بنەماڵەیی هەبوو سیستەمی خێڵایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی بوو. بەو پێیەشی خودی کۆمەڵگای کوردیش بەشێوەیەکی ناسروشتی پەرەی سەندبوو، بۆیە بەو شێوەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمەکەی ڕۆیشت(عەتا قەرەداغی٢٠١٢، ل١٢). ئاراستەکەش وەها بوو، کە ململانێی نێو بنەماڵەی دەسەڵاتدار لەلایەك و ململانێ نێوان خێڵ و هۆزەکان لەلایەکی دیکە، لاوازبوون و دواتر ڕووخاندنی میرنشینەکانی بەدوادا هات.

**١-٢: سنووردارکردنی دەسەڵاتەکان لەنێو یەك بنەماڵە و هۆز و خێڵدا:** بەو پێیەی دەسەڵات لە میرنشینەکان بنەماڵەیی و پشتاوپشت و لەباوکەوە بۆ کوڕ بوو(عبدالرقیب یوسف، ٢/٧٦-٧٧)، وە لەکاتی نەبوونی کوڕیش بۆ براو دواتر مام و خاڵ و هەندێکجاریش بۆ زاواش بەجێما، وەك ئەوەی (باد) دامەزرێنەری میرنشینی دۆستەکی براکەی بەناوی (ئەبولفەوارس حوسێن کوڕی دۆستەك) کردە فەرمانڕەوای میافارقین، چونکە کوڕی نەبوو(فارقی، ل١٥)، دوای خۆیشی خوشکەزاکەی (مەروان کوڕی کك) شوێنی گرتەوە(فارقی، ل٢١، أبن الاثیر، بلا، ٧/٤١٤). هەربۆیە ئەم شێوازە لە دەسەڵات لەو سەردەمەدا پیادە دەکرا. ئەوەش کێشەی گەورەی بەدوادا هات. بەئاستێك بووە یەکێك لەدیارترین هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ سەرهەڵدانی ململانێ نێوان ئەندامانی خێزان و بنەماڵە کوردەکان لەسەر دەسەڵات. بەتایبەت کاتێك فەرمانڕەوای شارەکان و فەرماندەکانی سوپا و پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا سنووردار کرابوو. ئەوەش دۆخێکی ڕەخساندبوو، کە مەرج نەبوو هەموو ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا کەسانی شیاوبن و شایستەی ئەو پۆستانە بن(د.لولاف مصطفی سلیم, ص٤٨). هەربۆیە هەندێکجار بەهۆی لاوازی بەشێك لەوان لاوازبوون و دواتر ڕووخاندنی یەك لە دوای یەکی میرنشینە کوردییەکانی بەدواداهات(کامەران عەزیز عەبدوڵلا، لل١٣٤-١٣٥). وەك ململانێ (موحەممەد کوڕی موهەزەبی شاهینی) میری میرنشینی شاهینی لەگەڵ خوشکەزاکەی لەساڵی (٤٠٩ك/١٠١٨ز)، کە دواتر بە کوژرانی دوایی هات، لەلایەن خوشکەزاکەییەوە. بەوەش دەسەڵات لەدەست بنەماڵی شاهینی دەرچوو، وە کەوتەدەست بووەیهییەکان(ابن خلدون، ٤/٥١١-٥١٢، ڕۆژبەیانی،٢٠٠٠، ل٧١).

لە میرنشینی حەسنەوەیشدا ململانێ نێوان ئەندامانی بنەماڵە کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی میرنشینەکە بەجێهێشت. (حەسنەوەی کوڕی حوسێن) دامەزرێنەری میرنشینەکە (حەوت) کوڕی هەبوو بەناوەکانی (ئەبولعەلا، عەبدولرەزاق، ئەبونەجم بەدر، عاسم، ئەبوعەدنان، بەختیار، عەبدولمەلیك). بە گەورەبوونیان تەماعی دەسەڵات لێدان و ئەوانی بەسەر (سێ) بەرەدا دابەشکرد(مسکویە، ٦/٤٦٦). سیانیان چوونە پاڵ (فەخرئەلدەولەی بووەیهی) بۆ ئەوەی پشتیوانیان بکات بۆ دەسەڵات. سیانەکەی تر چوونە پاڵ (عیزدئەلدەولەی بووەیهی). کوڕێکیشی لە قەڵایەك خۆی پەنادا، تا لە دەرفەتێکدا بگاتە دەسەڵات، بەڵام


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دواجار (عیزدلەدەلە) جگە لە (بەدر) هەموویان کوشت(مسکویە، ١٨/٧)، چونکە دەیویست بە ناکۆکی ناوخۆیی ململانێکانیان قوڵ بکەاتەوەو دواتر بە ئاسانی دەستبگرێت بەسەر تەواوی میرنشینەکەدا(د.شفان ظاهر عبدالله، صص٩٤-٩٥). هەربۆیە دواجار (حەسنەوەی) جگە لە (بەدەر) یەك کوڕی بۆ بەجێ نەما. ئەوەش کاریگەری کردە سەر پێگەی بنەماڵە. بە ئاستێك ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر داهاتووشی بەجێهێشت(الروذراوی١٩١٦، ١٢/٣، نەقشبەندی، لل٢٧٤-٢٧٥، د.ئاراس فەریق زەینەڵ، لل٣٦٤-٣٦٥). بەوەی (هیلال) کوڕی لەگەڵ باوکی کەوتە ململانێ لەسەر دەسەڵات. لەبەر ئەوەی (بەدر) کوڕە ناونجییەکەی کردە جێنشین، کە ناوی (ئەبو عیسا) بوو. ئەوەش ناڕەزایی (هیلال)ی لێکەوتەوە. بەدوایدا (تاهیر کوڕی هیلال)یش بەرامبەر (بەدر)ی باپیری وەستا، چونکە لە باوکی دابوو(ابن الاثیر, بلا, ٤٧/٨, أبن خلدون, ٥١٦/٤, شرفخان البدلیسي٢٠٠١، ص١١٨، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی١٩٩٦، ل٩٩، نەقشبەندی، لل٢٧٤-٢٧٥، د.ئاکۆ بورهان محەمەد، لل١٠٣-١٠٤). هەموو ئەوانەش میرنشینی حەسنەوەیان لە میرنشینێکی بەهێزەوە بەرەو لاوازی برد.

میرنشینی شەدادیش بەدەر نەبوو لە ناکۆکی ناوخۆیی، وەك ئەوەی (مەرزبان کوڕی موحەممەد) لەساڵی (٣٧٠ك/٩٨٠ز) لەلایەن (فەزلون)ی برایەوە کوژرا(منجم باشی١٩٥٣م، صص١٠-١١، احمد کسروی١٣٥٣ه.ش، ص٢٦٤، کامەران عەزیز عەبدوڵلا، ل١١٤). هەروەها (موسا کوڕی فەزڵون)یش لەساڵی (٤٢٥ك/١٠٣٣ز) لەلایەن (لەشکر)ی کوڕییەوە کوژرا. ئەو ناکۆییانەش، میرنشینەکەی بەرەو لاوازی برد(منجم باشی، ص١٢، احمد کسروی١٣٥٣ه.ش، ص٢٨٧).

(ئەبولماجید موهەلهەل کوڕی موحەممەدی عەننازی)یش لەساڵی (٤٣٤ك/١٠٤٢ز)و لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات، ملکەچی بۆ (توغروڵ بەگی سەلجوقی) ڕاگەیاند، تا پشتیوانی گەیشتنی دەسەڵاتی لێبکات و (سەعدی کوڕی ئەبولشەوك) برازای لە میری بخات(ابن الاثیر, بلا, ٢٣٢/٨-٢٣٣, ابن خلدون, ٥٢٠/٤, البدلیسی، صص١١٩-١٢٠، کامەران عەزیز عەبدوڵلا، لل١١٣-١١٤). ئەوەش ڕێگری لە گەشەکردن و پێشکەوتنی میرنشینەکە کرد(د.ئاراس فەریق زینەڵ، ل١٧٥). هەروەها کۆچی دوایی (نەسرئەلدەولەی مەروانی) لەساڵی (٤٥٣ك/١٠٦١ز)و لەتەمەنی (٨٠) ساڵی و دوای (٥٢) ساڵ لە دەسەڵات (٢٠) کوڕی لە دوای خۆی بەجێهێشت(أبن الاثیر, بلا, ٣٣٠/٨, أبن شداد, ٣٦٧/١/٣). هەربۆیە کاتێك (نیزامەدین) شوێنی گرتەوە، ناڕەزایی براکانی لێکەوتەوە. بەتایبەت برا گەورەکەی (سەعید کوڕی نەسر)، ئەمەش زۆر خراپ بەسەر دەسەڵاتەکەیدا شکایەوە(ابن شداد، ٣٦٧/١/٣، عبدالرقیب یوسف، ٥٢/٢، د.احمد الخلیل: ٢٠٠٩, ص٦٩, کامەران عەزیز عەبدوڵلا، ل١١٦).

(میرنشینی بەشنەوەی)ش، کە خاوەنی قەڵای فێنك بوون(أبن الاثیر، بلا، ٤١٣/٧، یاقوت الحموی٢٠٠٨، ٤٤٧/٦)و بەوە ناسرابوون، کە لەگەڵ هەموو ئەوانە دڵسۆز و باشبوون، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پەنایان بۆ دەهێنان و داڵدەیان دەدان(یاقوت الحموي, ٤٤٧/٦، القزويني١٩٦٠، ص٤٣٢)، کەچی کێشە لەنێوان ئەندامانی هۆزەکەدا هەبوو، وەك ململانێ نێوان (ئیبراهیمی بەشنەوەی) لەگەڵ براکەی (عیسا) لەسەر دەسەڵاتداریێتی قەڵاکە، ئەوەش هۆکارێکی لاوازبوونی میرنشینی بەشنەوەی بوو، کە هەر ئەمەش دواتر زەمینەی ڕووخاندنی ڕەخساند(أبن الاثير١٩٨٠, ١٥٧/١, المنذري١٩٨١, ٢٧٣/٣, د.زرار سديق تۆفيق٢٠١٢، ل٢٤٤).

١-٣: **تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا:** هۆکارێکی تر، کە بووە هۆی لاوازبوون و دواتر ڕووخاندنی میرنشینە کوردییەکان یەك لە دوای یەك، تاکڕەوی میر و دەسەڵاتدارانی میرنشینە کوردییەکان بوون لەماوەی دەسەڵاتیانداو قۆرخکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان بوو لەدەستیان. ئەوەش بێ گەڕانەوەو ڕاوێژ بۆ کوڕو براو خزم و دۆستەکانیان، تا بە فەرماندەکانی سووپاو هێزە چەکدارەکانی دەگات. ئەمەو بێ هاوبەشی پێکردن یان ئاگادارکردنەوەی کەسە نزیکەکانی خۆیان، لەوەی دەیکەن و کۆی دەکەنەوە. هەربۆیە بەشێکی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە کوڕو براو نزیکەکانیان والێکرد پاڵ بدەنە نەیارەکانیان(ئاکۆ بورهان محەمەد، ل١٠٤). وەك کوژرانی (جوستان و ناسر) کوڕانی (مەرزبان) لەگەڵ دایکیان لەلایەن مامیانەوە (واهسوزان کوڕی سالار) میری میرنشینی سالاری، لەساڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبوون دان بە دەسەڵاتەکەیدا بنێن. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە (جوستان و ناسر) لەسەر داوای دایکیان ئامادەبوون بگەڕێنەوە بۆ لای (واهسوزان)ی مامیان و دان بە دەسەڵاتەکەیدا بنێن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو براو تەنانەت دایکیشیان نەیانتوانی برا گەورەکەیان (مەزربان) لە هەرێمی ئەرمەنستان بگەڕێنەوە ئازەربایجان بۆ لای مامیان، بۆیە دواجار (واهسوزان) هەرسێکیانی کوشت، بەڵام دەستی نەگەیشتە برا گەورەکەیان بەناوی (مەرزبان)، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکەی بوو(أبن الاثير, بلا، ٢٥٦/٧). ئەوەش کاریگەری لەسەر قوڵکردنەوەی ململانێی بنەماڵەی بەجێهێشت. هەروەها (بەدر کوڕی حەسنەوەی) لەساڵی (٤٠٥ك/١٠١٤ز)گەمارۆی (حوسێن کوڕی مەسعود)ی لە قەڵای (کوسجە)دا. گەمارۆکەش کەوتە وەرزی زستان و سووپاکەی (بەدر) بەهۆی بارینی بەفرو باران و سەرمای سەختی زستانەوە، شەکەت و ماندوو بوون و داوایان لە (بەدر) کرد، یان شەڕێکی یەکلاکەرەوە بکات، یان گەمارۆکە هەڵبگرێت و بۆ وەرزی بەهاری دوابخات، بەڵام (بەدر) هەردوو داواکەی ڕەتکردەوە، بۆیە دواجار بەشێك لە سوپاکەی پشتیان تێکرد. هەروەها هۆزی گۆران لێ هەڵگەڕایەوەو چوونە پاڵ سوپاکەی (شەمس ئەلدەولە کوڕی فەخرئەدەولەی بوەیهی). ئەو ڕووداوەش بووە هۆی تەنیا کەوتنی (بەدری کوڕی حەسنەوەی)و دواتر کوژرانی(أبن الاثير, بلا, ٦٩/٨, أبن خلدون, ٥١٦/٤, نەقشبەندی، ل٢٧٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**٤-١: دابەشکاری دەسەڵات:** هۆکارێکی تری لاوازبوونی بەشێك لە میرنشینەکان و دواتر ڕووخاندنیان، دابەشکردنی ناوچەو شارو قەڵاکانی سنووری دەسەڵاتیان بوو بەسەر کوڕو براو نزیکەکانیاندا. ئەمەش یەکگرتووی خاك و دەسەڵاتی میرنشینەکانی خستەمەترسییەوە. کارەکەش بەو شێوەیە نەبوو، کە فەرمانڕەوایەك بۆ ناوچەو شارو قەڵاکان دابنرێن، بەڵکو دابەشکردنی میرنشینەکە بوو لەنێو کوڕو براکاندا. ئەمەش هۆکارێکی لاوازبوون و دواتر ڕوخاندنیان بوو. وەك ئەوەی (حسام ئەلدەولە ئەبولشەوك فارس کوڕی ئەبولفەتحی عەنناز) شارو قەڵاکانی سنووری دەسەڵاتی بەسەر براکانیدا دابەشکرد. ئەوەش کێشەی خستە نێوانیان لەسەر بەش و میراتی و هەریەکەیان خۆی بە غەدرلێکراو زانی. تەنانەت وای لە هەندێکیان کرد پەنا بەرنەبەر هۆزو هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتەکەیان، تا لەپێناو پشتیوانیکردنیان بچن بەگژ بەرامبەرەکانیاندا. بەمەش دەستی دەرەکی هێنایەسەر میرنشینەکەو لەساڵی (٥١١ك/١١١٧ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی (ئەبومەنسور کوڕی سورخاب) دوای میری میرنشینی عەننازی هێنا(نەقشبەندی،لل٣٥٥-٣٥٦) لەلایەن سەلجوقییەکانەوە(نەقشبەندی، ل٢٧٦، د.زرار سدیق تۆفیق٢٠٠١٢، ل١٨٨، کامەران عەزیز عەبدوڵلا، لل١٢٣-١٢٤).

**٥-٢: هەڵگەڕانەوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ:** هەڵگەڕانەوەی کوڕ لە باوك و براو لە براو مام لە برازا وەزیر و بەرپرسانی میرنشینەکان لە میرەکانیان، ڕۆڵێکی خراپیان لەسەر میرنشینەکان گێڕاو ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی و دەرەکیان کردنەوە، کە دواجار بە شکستیان دوایی هات، وەك هەڵگەڕانەوەی (ئەبی لقاسم عەلی کوڕی جەعفەر) لە میرەکەی (دەیسەمی کوردی)، هۆکاری ئەوەبوو (مەرزبانی سالار) بە پشتیوانی کوردە دەستڕۆیشتوەکانی هەرێمی ئازەربایجان، بەسەر (دەیسەم)دا زاڵ ببن و لە دەسەڵات دووری بخەنەوە(مسکویە، ٦/٦٢-٦٦، ٩٤، ٩٨)، فارقی، لل١١٧-١١٨، د.زرار صدیق توفیق٢٠١٨م، ص١٧٨). هەروەها هەڵگەڕانەوەی (هیلال کوڕی بەدر) لە باوکی و (تاهیر کوڕی هیلال کوڕی بەدر) لە باپیری، کاردانەوەی خراپیان لەسەر میرنشینی حەسنەوەی بەجێهێشت(ابن الاثیر, بلا, ٨/٤٧, البدلیسي، ص١١٨، ڕۆژبەیانی١٩٩٦، ل٩٩). هەڵگەڕانەوەی (عوبەیدوڵلا کوڕی ئەمیر کوری تاهیری بەشنەوەی) لە باوکی (ئەمیر کوڕی تاهیری بەشنەوەی) میری میرنشینی بەشنەوەی و کوشتنی، کاریگەری لەسەر لاوازبوونی میرنشینەکە هەبوو(عبدالرقیب یوسف، ٥٧/٢). هەڵگەڕانەوەی (فەخرئەلدولە ئەبونەسر کوڕی جەهیر) وەزیری (نەسرئەلدەولەی مەروانی)و چوونە پاڵ خەلیفەی عەباسی (قایم بیئەمریلا) لەساڵی (٤٥٤ك/١٠٦٢ز)(ابن الاثیر, بلا, ٣٣٤/٨-٣٣٥). دواتر لێدانی لەلایەن خەلیفە (موقتەدی بیلا) لەساڵی (٤٧١ك/١٠٧٨ز)و پەنابردنی بۆ (سوڵتان مەلکشای سەلجوقی)، ڕۆڵی لەلاوازبوونی دەسەڵاتی دۆستەك مەروانیدا گێڕا. ئەوەش دوای ئەوەی (فەخرئەلدولە ئەبونەسر کوڕی جەهیر) لەساڵی (٤٧٨ك/١٠٨٥ز) سووپایەکی لەژێر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

سەرکردایەتی (ئەبالقاسمی کوڕی)و لەسەر فرمانی (سوڵتان مەلیکشای سەلجوقی) ناردە سەر (دیاربەکر)و گرتی. ئەوەش لەوناوچەی دوورخستەوەو سنووردار و لاوازی کرد(أبن الاثیر، بلا، ٨/٣٨٨-٣٨٩، أبن خلدون، ٥/٧-٩، البدلیسی، ص١٠٩)، تا گەیشتە ئەوەی سەلجوقییەکان لەرێگای هەڵگەڕانەوەی (شەمس ئەلدەولە) ناسراو بە (جەگمژ) لە (ئەبو موزەفەر مەنسوور کوڕی نیزامەدین ئەبولقاسم) میری مەروانی لەساڵی (٤٨٩ك/١٠٩٥ز) لەشاری (موسڵ) دەستگیر بکەن(ابن شداد، ٣/١/٤٠٣-٤٠٤، البدلیسي, ل١٠٩, قەفتان، ل١٤٨)و کۆتایی بەو دەسەڵاتەش بهێنن(فارقی، لل١١٧-١١٨، الذهبي١٩٨٦, ١٨/٦٠٩, مەنگوڕی، ل٢١، د.قادر محمد حسن، ص٥١).

**باسی دووەم:**

**هۆکارە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستە جیاجیاکان:**

ململانێ ناوخۆییەکان تەنیا لەسەر ئاستی بنەماڵەی دەسەڵاتدار هۆکاری لاوازبوون و ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە کوردییانە نەبوون، بەڵکو چەندین هۆکاری ناوخۆ لەسەر ئاستی جیاجیا ڕۆڵیان لەو بوارەدا هەبوو، لەوانە:

**٢-١: ململانێی لەسەرئاستی خێڵ و هۆز و تیرە و بنەماڵەدا:** ململانێی خێڵەکی و هۆزایەتی یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی دەسەڵاتە کوردییەکانیان لاواز کرد. تەنانەت پابەندبوونی کورد بەژیانی خێڵەکی و وابەستبوونی بەناوچەکەی و شەڕ بۆ فراوانبوونی دەسەڵاتەکەی، هۆکار بوو بەرامبەر خێڵ و هۆزەکانی بەرامبەری بووەستێت. وەك ململانێ نێوان هۆزەکانی (بەرزیکانی-شازنجانی)و (بەرزیکانی-گۆران)(محەمەد ئەمین زەکی، ٢٠٠٤، ٢/٧٢، ڕۆژبەیانی١٩٩٦، ل٩٩، نەقشبندی، لل٣٥٥-٣٦٥) ، تا بە ململانێی (چواربەختی-بەشنەوی)، (بوختی-هەکاری)، (روزکی-بازوکی)، (مەحمودی-دونبەڵی)، (زێباری-مازنجانی) دەگات(مؤلف مجهول١٣١٨ەش، ص٤٠١، العمری, ص٥٨). ئەمەو جگە لەوەی هەندێك لە خێڵەکان چوونە پاڵ بووەیهییەکان و هەندێکیان ڕوویان سەلجوقییەکان کرد(د.محمد صالح داود القزاز١٩٧١, صص(٢٠٤-٢٠٨)، بۆ لێدانی مانەوەی خۆیان و لێدانی یەکتر، وەك خێڵی گاوانی(د.زرار صدیق توفیق٢٠١٢، ص٥٦). لەکاتێکدا گاوانییەکان خێڵێکی گەورەی کوردو سەرۆك و میرەکانیشیان لە پیاو ئازاکانی خێڵ و سەردەمەکەیان بوون(الاصفهانی١٩٣٧, ٢/٤/٤٢١-٤٢٢, مصطفی جواد١٩٧٣م, ص١٢, اواز محمد علي٢٠٠٣, صص١٥-١٨). لەم نێوەندەدا دەسەڵاتدارانی سالاری بەزەبری شمشێر کەوتنە گیانی یەك و دژایەتی ئەو خێڵ و هۆزانەیان کرد، کە بوونە لەمپەر لەبەردەمیان. دواجار ئەم هۆکارەش کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێنا(أبن الاثیر: بلا، ٧/٢٧٠، قەفتان، ل١٣٠). (هیلالی کوڕی بەدر)یش لەلایەن (هۆزی پۆلاوەند)ییەوە کوژرا، چونکە نەیاری یەکتر بوون. ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن (شەمس ئەلدەولەی بووەیهی) دەستگیرکراو نێردرایە لای ئەو هۆزە، تا تۆڵەی خۆیانی لێبکەنەوە(مؤلف مجهول١٣١٨ەش, صص٣٩٩-٤٠٠). هەروەها ململانێی هەردوو بنەماڵەی

حەسنەوەی و عەننازی و هەوڵەکانی (ئەبولشەوکی عەننازی) سەرۆکی بنەماڵەی عەننازی بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی حەسنەوەی، ڕۆڵیان لە لاوازبوون و دواتر ڕووخانی میرنشینی حەسنەوەیدا بینی(محەمەد ئەمین زەکی، ٧٢/٢، ڕۆژبەیانی١٩٩٦، ل٩٩). وەك ئەوەی (ئەبولشەوکی عەننازی) لەساڵی (٤٠٦ك/١٠١٥ز) توانی (تاهیری کوڕی هیلال)ی بکوژێت، چونکە (سەعد)ی برای کوشتبوو(أبن الاثیر، بلا، ٨/٧٧-٧٨). (سەعد کوڕی ئەبولشەوکی عەننازی) بەهاوکاری سەلجوقییەکان چوو بەگژ (هۆزی گاوان) و سەرووماڵیان تالان کردن(أبن خلدون، ٥١٨/٤، د.ئاراس فەریق زەینەڵ، لل١٨٤-١٨٥.). ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە پێشتر (هۆزی گاوان) لەپاڵ بووەیهییەکان پشتیوانی میرەکانی عەننازیان کرد لە دژی میرەکانی حسنەوەی(د.زرار صدیق توفیق٢٠١٢, ص٥٦).

لەلایەکی دیکەوە (عوبەیدللا کوڕی ئەمیری بەشنەوەی) چووە پاڵ (قوڕەیش کوڕی بەدرانی عوقەیلی) لە دژی (نەسرئەلدەولەی مەروانی)، کاریگەری لەسەر لاوازبوونیدا هەبوو(ابوالفداء، بلا، ١٨١/٢).

**٢-٢: فریودانی میر و دەسەڵاتداران:** ئەم لایەنەش ڕۆڵی خۆی لە لاوازی و دواتر ڕووخاندنی دەسەڵاتە کوردییەکاندا بینی. لەم بوارەدا (دوو) هەڵە زیانی بە دەسەڵاتی دۆستەکی مەروانی گەیاند و زەمینەی ڕووخاندنی ڕەخساند. هەڵەی یەکەم بەشداری و پشتیوانی بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەی مەروانی بوو، تا بە دانیشتوانی شاری (خەلات) دەگات لە سەلجوقییەکان و (سوڵتان ئالب ئەرسەلان) لە شەڕی (مەلازگرد) لەساڵی (٤٦٣ك/١٠٧١ز)، لەبەرامبەردا سەرلجوقییەکان دوای ئەو سەرکەوتنە هەوڵەکانیان بۆ لێدانی ئەو دەسەڵاتە چڕ کردەوە(ابراهیم زکی خورشید واخرون١٩٦٩، ٤٣٤/٢، حکیم عبدالرخمن زبیر البابیری٢٠٠٥، ص٧٩). کاتێکیش هەواڵی شاڵاوی سەلجوقییەکان گەیشتە (نەسرئەلدەولەی مەروانی)، لەلایەن (ئەبوسالم) ڕاوێژکارو پزیشکی تایبەتی میرەوە فریودرا. ئەوەش بووە هەڵەی دووەم، کاتێك لەساڵی (٤٧٩ك/١٠٨٦ز) شاڵاوی (سوڵتان مەلکشای سەلجوقی) پێ ڕاگەیاند، کە ئەو شاڵاوە کاریگەری لەسەر دۆخی وڵات نابێت و بەرهەم و گەنجینەی وڵاتەکە بەرگەی (١٠) ساڵ شەڕو ململانێ دەرەکی دەگرێت. بەوەش میری مەروانی باوەڕی کردو ڕووبەڕووی سولتانی سەلجوقی وەستا، بەڵام بەرگەی یەك ساڵی نەگرت و لەلایەن سوپای سەلجوقییەوە لێدرا. تەنانەت دەستیان گەیشتە تەواوی گەنجینەو سامانی میرو دەسەڵاتەکەی. هەربۆیە میری مەروانی بە ناچاری بڕیاریدا تەنیا لە شاری (میافارقین) بەرگری بکات(فارقی، لل١٢١-١٢٢). بەو ڕووداوەش سنوورەکەی بەرتەسك بوویەوەو ڕووی لە لاوازی کرد و زەمینەی ڕووخاندنی ڕەخسا.

**٢-٣: ڕۆڵی ئافرەت لەنێو بنەماڵەی دەسەڵاتدارەکاندا:** لەنێو ئەوانەشی ڕۆڵیان لە قوڵبوونەوەی ناکۆکی بنەماڵەیی هەبوو، ئافرەتانی نێو بنەماڵەکان بوون، هەر لە دایکی میرەکان، تا بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژن و کچــی دەســەڵاتداران دەگــات. لەم بــوارەدا (تــاهیری کــوڕی هــیلال) خوشــکی (ئەبولشــەوکی عەننــازی) ســەرۆکی هــۆزی شــازنجانی هێنــا، تــا بــۆ گەیشــتن بە دەســەڵات پشــتیوانی بکــات، بەڵام لەلایەن (ئەبولشــەوکی عەننــازی) خەزوریــیەوە کــوژرا، چــونکە لەباوکی هەڵگەڕایەوە، کە یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی(الصابی٢٠٠٣, ٦٨/٧، أبن خلدون، ٥١٦/٤، د.زرار سدیق تۆفیق٢٠١٢، ل١٧١، د.قادر محمد حسن, ص٤٦، سلام احمد عبدالله العبابیلی النقشبندی٢٠١٣، ص١٢٨).

لەلایەکی دیـکەوە (نەسرئەلدەولەی مەروانـی) بەهـۆی ئەوەی خوشـکی (قـرواش کوڕی مـوقەلەدی عەقیلـی) بەنـاوی (السـیدە) هێنـابوو، لەلایەن میـری میرنشـینی عـوقەیلی پشـتیوانیکرا لە لێـدانی (بەدران)ی بـرای، کە ڕکەبەری دەسـەلاتەکەی بـوو. ئەوەبـوو بە هاوکــاری ئەو میــرەو ســووپاکەی، (نەســرئەلدەولە) تــوانی بەســەر (بەدران)ی برایــدا سەرکەوێت(عبدالرقیب یوسف، ٥٥/٢).

(نیــزامەدین ئەبولقاســم کــوڕی نەســرلدەولە) میــری مەروانــی لەلایەن کەنیزەکێکەوە لەساڵی (٤٧٤ك/١٠٨١ز) ژەهرخـوارد کـراو کـوژرا، کە لەلایەن (سـەعید)ی برایەوە نێردرابوو(عبدالرقیب یوسف، ٥٢/٢، د.زرار سدیق تۆفیق٢٠١٢، ل٢٣٣). هەموو ئەوانەش ڕۆڵی ئافرەتیان لەنێو ڕووداوە سیاسییەکان، لاوابوون و ڕووخانی دەسەڵاتە کوردییەکان دەرخست.

**٢-٤: دەستێوەردانی دەرەکی بە هەوڵی ناوخۆیی:** یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە دەستێوەردانی دەرەکــی بــوو لە کاروبــاری نــاخۆیی میرنشــینەکان بە پشــتیوانی ئەنــدامانی بنەمــاڵەی دەســەڵاتدار یــان بەرپرســە دەستڕۆیشــتوەکان. لەم بوارەشــدا دەســتێوەردانی بــووەیهی و ســەلجوقییەکان و تەنــانەت خەلیفەکــانی عەباســی و بەرپرســانی دەوڵەتەکەش، بەرچــاو بوون(د.ئــاراس فەریــق زەینــەڵ، ل١٤١). هۆکــارەکەش ئەوەبــوو، کە هەنــدێکجار هەریەك لەو هێـزانە لەپێنـاو ملکەچکـردن بە میرێکـی کـورد زۆر مانـدوو ئەبـوون، بـۆیە پەنایـان بـۆ میرێکی نەیاری یان کەسێکی ئەندامانی بنەماڵەکەی دەبرد، تا بەرامبەری بوەستێت و لێی بــدات، یــان ناچــاری بکــات مــل بــدات(ابراهیم محمــد مرجــونه٢٠١٠, ص٤١٥). هەر لەم چوارچێوەیەشدا بووەیهییەکـان هەوڵەکانیـان بۆ دروسـتکردنی دووبەرەکـی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و نێوان میری میرنشینە کوردییەکان چڕکردەوە(طقوش٢٠٠١, ص٢٣٠). وەك دەســتێوەردانی (عیمــادئەددینی بــووەیهی) لەکاروبــاری نــاوخۆیی میرنشــینی ســالاری و میــرەکەی (ســالاری مەرزبــان)، لەرێگــای براکــانییەوە، بــووە هــۆی لاوازبــوونی ئەو دەسەڵاتە(مەنگوڕی، ل١٦).

هەروەهــا دەســتێوەردانی (شــەمس ئەلــدەولە کــوڕی فەخرئەلــدەولە) لە کاروبــاری میرنشــینی حەســنەوەی، هۆکــاری لاوازبــوون و دواتــر ڕووخــانی بــوو. ئەوەش کــاتێك (تــاهیری کوڕی هیلال)ی هاندا ڕووبەڕووی (بەدری کوڕی حەسنەوەی) باپیری بێتەوە، چونکە (هیلالی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوكی) له (قەڵای دینەوەر) زیندانی كردبوو(أبن الاثیر، بلا، ٤٧/٨، البدلیسی، ص١١٩، محەمەد ئەمین زەكی، ٧٢/٢، قەفتان: س.پ، ل١٥٣، ڕۆژبەیانی١٩٩٦، لل٢٣٦-٢٣٧، النقشبندی، ص١٣١). هەروەها دەستێوەردانیان له هاندانی (هۆزی گۆران)، تا پشت بكەنه (بەدر)و كۆتایی به ژیانی خۆی و كوڕێكی بهێنن(أبن الاثیر، بلا، ٧٧/٨-٧٨، نەقشبەندی، ل٢٧٦). لەبەرامبەردا لۆڕەكان چوونه پاڵ (ئەبولشەوكی عەننازی) بۆ دژایەتیكردنی (تاهیری كوڕی هیلال)و پشتیوانی له (بەدر)(مستوفی قزوینی١٣٨١ه.ش، ص٥٥١، البدلیسی، ص١١٩، محەمەد ئەمین زەكی، ٧٢/٢، قەفتان، ل١٥٣، ڕۆژبەیانی، لل٢٣٦-٢٣٧). ئەم دۆخەش میرنشینی حەسنەوەی بەرەو دووبەرەكی و لەناوچوون برد.

میرنشینی عەننازیش، كه هۆكارێكی كێشەكانی میرنشینی حەسنەوەی بوو، هەمان كێشه بەرۆكی خۆی گرتەوە. ئەوەش كاتێك (ئەبولماجید موهەلهەل كوڕی موحەممەدی عەننازی) لەساڵی (٤٣٧ك/١٠٤٥ز)دا ڕووبەڕووی (سەعدی كوڕی ئەبولشەوك) برازای وەستا. ئەو ڕووداوەش، نەك هەر دەستێوردانی بووەیهییەكان و دواتر سەلجوقییەكانی هێنایه سەر میرنشینەكە(الحسینی١٩٨٦, صص٦٠-٦١, ابن الاثیر, بلا, ٢٣٢/٨-٢٣٣، ابن خلدون، ٥١٨/٤)، بەڵكو ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتیان دووچاری تاڵان و وێرانكاری و سووتان بوون(النقشبندی، صص١٣٥-١٣٦، هەروتی، ل٥٠). ئەوەش دۆخی ناوچەكەی تێكداو دەرفەتی دایه سەلجوقییەكان دەست بگرن بەسەریداو كۆتایی به دەسەڵاتی بهێنن(الحسینی, صص٦٠-٦١, النقشبندي، ص١٣٦).

ڕەوادییەكانیش وەك بنەماڵەیەكی سەر به خێڵی هەزبانی(د.محسن محمد حسین، ص٣٧) دوای ئەوەی له بەشێكی هەرێمی ئازەربایجان دەسەڵاتێكی سیاسییان دامەزراند، لەگەڵ تیرەو هۆزەكانی خێڵەكەیان دووچاری كێشه هاتن، واته لەبری ئەوەی پشتیوانی لەیەك بكەن، چوون به گژ یەكدا. ئەو دۆخەش هەلی دایه بێزەنتییەكان بەدەم داوای (واهسوزانی كوڕی مەملان) بچن، تا زەوی و سامانی (ئەبو الهیجا كوڕی ڕەبیب ئەلدەوله)ی سەرۆكی هۆزی هەزبانی لەشاری (ورمێ) تاڵان بكەن. تەنانەت قەڵای بەرگۆیانیشیان داگیركرد. ڕووداوەكەش هاوكات بوو لەگەڵ هاتنی سەلجوقییەكان بۆ هەرێمەكە، بۆیه (واهسوزان) لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەكەی و هەڵنەگەڕانەوەی سەرۆكی خێڵی هەزبانی لێی و نەچوونه پاڵ سەلجوقییەكان، ئەمجارەیان پشتی كرده بێزەنتییەكان و ڕووی له سەلجوقیەكان وەرگێڕاو ملكەچی بۆ ڕاگەیاندن(د.ئاكۆ بورهان محەمەد، لل٥١-٥٢). ئەمەش دەرفەتی دایه سەلجوقییەكان دەست وەربدەنه كاروباری میرنشنی ڕەوادی و لەسەردەمی (مەملان كوڕی واهسوزان)و به بیانوی پاراستنی شاری (مەراغه) لەشاڵاوی هەزبانییەكان، شارەكەیان لەساڵی (٤٢٥ك/١٠٣٣ز) داگیر بكەن(احمد عبدالعزیز محمود٢٠٠٦، ص٤١). دواتر تا بۆیانكرا ناكۆكییەكانیان قوڵتر كردووەو گەیشته ئەوەی (سوڵتان ئالب ئەرسەلانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سەلجوقی) لەساڵی (٤٦٣ك/١٠٧١ز) جارێکیتر سوودی لەم ناکۆییانە بینی و پەلاماری میرنشینی ڕەوادیداو (مەملان کوڕی واهسوزان)ی میری ڕەوادی و منداڵەکانی دەستگیرکرد، بەوەش کۆتایی بەو دەسەڵاتە هێنا(محمد أمين زكي،٢٠٠٤، ٥٢/٢، عبدالحسين زرين كوب١٣٧٤ە.ش، ٣١٩/٢، د.قادر محمد حسن: س.پ، لل ٢٩، ٧٦).

ململانێی بەردەوامی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی سالاریش لەسەر دەسەڵات، ڕۆڵی سەرەکی لە پەرتەوازەیی خێزانی و کاری سیاسی و لەبەریەك هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵەیدا بینی. بەتایبەت لە سەردەمی (ئیبراهیم کوری واهسوزان) ئەو ململانێ ناوخۆییە وڵاتی بەرەو پەرتەوازەیی و نائارامی برد(كسروى، صص١٠٩-١١٠).

لە میرنشینی شەدادیش ناکۆکی نێوان ئەندامانی بنەماڵە زەمینەی شاڵاوی ڕووس و تورکە خەزەرییەکانی لەبەری باکوورو بێزەنتییەکانی لەبەری خۆرئاواو سەلجوقییەکانی لەبەری باشوور ئاسانکرد. ئەمەو هەرێمی ئاران بووە گۆرەپانی شەڕ(اسماعيل شكر رسول٢٠٠١, صص٧٧-٧٨). باجی ئەو شەڕانەش دانیشتوان و حکومەتەکە دای و بووە هۆکاری وێرانکردنی ناوچە سنوورییەکان و تێکدانی باری ئاسایشی ووڵات(منجم باشى: س.پ، لل١٢-١٣، كسروى، صص٣١١-٣١٢، هەروتی، ل٥٠)، تا گەیشتە ئەوەی میرنشینەکە لەلایەن سەلجوقییەکانەوە کۆتایی پێهات(زرين كوب، ٣١٩/٢، د.ئاكۆ بورهان، لل٣١-٣٢). ئەوەش دوای ئەوەی دوا میری شەدادیان بەناوی (شاهەنشا کوڕی مەحموود) لەساڵی (٥٩٥ك/١١٩٩ز) لە میری خرا(كسروى، ص٣١٤، حوسێن حوزنی موکریانی١٩٣٧، لل٤٥٠-٤٥٨، ئاکۆ بورهان محەمەد، ل٣٢).

دەسەڵاتی دۆستەکیش لەم ناکۆکی و ململانێیە بەدەر نەبوو. ئەوەش دوای ئەوەی (ناکۆکی و ململانێ (نیزامەدین ئەبولقاسم نەسر) لەگەڵ برا گەورەکەی (سەعید کوڕی نەسرئەلدەولە) لەسەر دەسەڵاتداریێتی دۆستەکی مەروانی دەستێوەردانی سەلجوقییەکانی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەوەش کاتێك (سەعید کوڕی نەسرئەلدەولە) پەنای بۆ (سوڵتان توغرۆڵ بەگی سەلجوقی) برد، تا لەو کارەدا پشتیوانی بکات، سوڵتانی سەلجوقیش لەساڵی (٤٥٥ك/١٠٦٣ز) سوپایەکی لەگەڵ نارد، تا پەلاماری شاری (میافارقین)ی پایتەخت بدەن. بەو ڕووداوەش دەستی سەلجوقییەکان گەیشتە ئەو دەسەڵاتە(أبن الأثير، ٣٣٠/٨-٣٣١، أبن شداد، ٣٦٧/١/٣). گەیشتە ئاستێك لە قۆناغێکی دواتردا (ناسرئەلدەولە مەنسوور کوڕی نیزامەدین) لەساڵی (٤٧٦ك/١٠٨٤ز) پشتیوانی سوڵتانی سەلجوقی (تەتش کوڕی ئالب ئەرسەلان) کرد لە گەمارۆدان و گرتنی شاری (دیمەشق). لەبەرامبەردا ساڵی (٤٨٧ك/١٠٦١ز) سوڵتانی سەلجوقی (تەتش کوڕی ئالب ئەرسەلان) شاڵاوێکی کردە سەر دەسەڵاتی دوا میری دۆستەکی مەروانی و سەرباری گرتنی پایتەختەکەی، (ناسرئەلدەولە مەنسوور کوڕی نیزامەدین)ی کوشت، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

پێشتر له گرتنی شاری (دیمەشق)دا هاوکاری کردبوو. بەوەش کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو میره و دەسەڵاتەکەشی هێنا(أبن القلانسی١٩٠٨، ص١١٤, أبن الاثیر، بلا، ص١٢)

هەروەها دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی موسڵ له کاروباری ناوخۆی میرنشینی هەزبانی لەرێگای هۆزی حەمیدی، هۆکاری لاوازبوونی میرنشینەکەو دواتر ڕووخانی بوون. ئەوەش دوای ئەوەی (ئەبوعەلی کوڕی موسەك)ی برای میری میرنشینی هەزبانی لەساڵی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) لەلایەن عوقەیلییەکانی موسڵەوەو بەهاوکاری (ئەبولحەسەنی کوڕی عیبنکان) له هۆزی حەمیدی بەکارهێنرا، تا براکەی (ئەبولحەسەن کوڕی موسەك) له دەسەڵات دووربخاتەوەو خۆی بچێته شوێنی، بەو مەرجەی میرنشینەکە بخاته خزمەتی بەرژەوەندییەکانی میرنشینی عوقەیلی لەشاری (موسڵ). بەو ڕووداوەش یەکێتی هۆزایەتی هەزبانی کەوته مەترسییەوە(أبن الأثیر, بلا، ٢٥٥/٨، أبوالفداء١٨٤٠، ص١٦٨, د.محسن محمد حسین، صص٣٩-٤٢، باجلوری، صص٧٩-٨٠.)و میرنشینەکه بەرەو لاوازی برد(أبن الاثیر, بلا, ٢٥٥/٨, د.محسن محمد حسین، صص٣٩-٤٢، باجلوری، صص٧٩-٨٠). دوای ساڵانێکیش ململانێی لەنێوان خێڵی هەزبانی و هۆزی حەکیمی سەری هەڵدا. ئەوەش دوای ئەوەی (بابەکری کوڕی میکائیل) له هۆزی حەکیمی خۆی گەیاندە پایەی میرو لەساڵی (٥١٧ك/١١٢٢ز) جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست هەزبانییەکان دەرهێنا(أبن الأثیر، بلا, ٢٥٥/٨، د.زرار صدیق توفیق٢٠١٢، ص٢٠.). ئەو ڕووداوەش هەزبانییەکانی ناچارکرد پەنا بەرنه بەر (حکومەتی ئەتابەکی زەنگی) لەشاری (موسڵ)و داوا له (عیمادئەددینی زەنگی) بکەن، ئەو بنەماڵەیه له دەسەڵات دووربخاتەوە. بەوە هۆیەش ساڵی (٥٣٤ك/١١٣٩ز) پەلاماری شاری (هەولێر)یدا. بەدوایدا بواری بە هیچ یەك له ئەندامانی بنەماڵەی (هەزبانی و حەکیمی) نەدا بگەرێنەوە بۆ دەسەڵات و هەولێرو دەوروبەری به دەسەڵاتەکەیەوە گرێدا(أبن عساکر٢٠٠١, ٣٨٨/٥, أبن الاثیر, بلا، ٢٨٥/٩-٢٨٦، ٣٢٦-٣٢٧، أبن أبي الهیجاء الهذباني٢٠٠٤, ص٢٩٩, ابن خلدون، ٢٢٩/٥، احمد عبدالعزیز محمود, صص٦٤-٦٦).

دۆخی دەستێوەردانی دەرەکی له کاروباری میرنشینه کوردییەکان، تەنیا بە زیانی دەسەڵاتی میرنشینەکان کۆتایی نەهات، بەڵکو کاریگەری خراپیشی لەسەر دانیشتوانەکانی دروستکرد. ئەوەش هەر له ترس و تۆقاندن، تا بە تاڵانکردن و سوتاندنی ماڵ و بازاڕو موڵك و زەوییه کشتوکاڵییەکان دەگات(اواز محمد علی، ص٢٠٧).

**٢-٥: هۆکاری ئابووری:** ئەم لایەنەش ڕۆڵی خۆی له لاوازبوون و ڕووخاندنی دەسەڵاتە کوردییەکاندا بینی. بەتایبەت بایەخ و دەوڵەمەندی ناوچە کوردنشینەکان له ڕووی ئابوورییەوە(د.شفان ظاهر عبدالله, صص٧١-٧٢). لەم بوارەدا دەوڵەمەندی ناوچەی شارەزوورو هەروەها ناوچەی (دینەوەر) لەبواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و بازرگانی و پیشەو پیشەسازی، داهاتێکی باشی بۆ میرنشینەکانی حەسنەوەی و عەنازی دروستکرد بوو(ابوالفداء، ص٤٤٥، مستوفی قزوینی١٣٦٢ه.ش، ص١٠٧, چرا محمود حسن، لل٣٦-٤٤، سۆران بەها ئەحمەد٢٠١٩، لل٩٥-


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١٠٥). تەنانەت چاکسازییەکانی (بەدر کوڕی حەسنەوەی) لە بایەخدان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕێکخستنەوەی باجەکان، گەشەی بە ئابووری ناوچەی دینەوەرو شارەزووردا(الروذراوي, ٢٩٠/٣, محمد أمين زكي بك١٩٤٥، ص٨٤، چرا محمود حسن، ل٣٦، د.شفان ظاهر عبدالله، ص٩٧). بە ڕادەیەك بووە خاوەنی سامان و داهاتێکی زۆر، کە لە پێداویستییەکانی میرنشینەکەش زیاتر بوون(النقشبندی، ص١٢٠). ئەوەش نەك تەنیا ململانێ ناوخۆیی ئەندامانی بنەماڵەی لەگەڵ خۆی هێنا، تا بەو سامان و داهاتە زۆرە بگەن، وەك ئەوەی (مەملان کوڕی ئەبولشۆك کوڕی عەنناز) لەساڵی (٤٣٤ك/١٠٤٢ز) بۆ ئەوەی لە (موهەلهەل)ی برای بدات، کە میر میرنشینەکە بوو وە خۆی بچێتە شوێنی، پەلاماری ناوچەی شارەزووریداو دوای ئەوەی ناوچەکەی تالانکرد، سوتاندی. ئەوەش سەرباری ئەوەی زیانی زۆری بە ناوچەکە گەیاند، بە زیانی ئابووری میرنشینەکەش تەواوبوو(أبن الاثير، بلا، ٢٣٢/٨-٢٣٣, أبن خلدون, ٥٢٠/٤)، چاوی تەماعی بووەیهی و دواتر سەلجوقییەکانی کەوتەسەر، تا لەپێناو گەیشتن بەو زەوییە بەپیت و داهاتە زۆرانە، دەستی بەسەردا بگرن. لەلایەکەوە چاوی تەماعی بووەیهی و دواتر سەلجوقییەکانی کەوتەسەر، تا لەپێناو گەیشتن بەو زەوییە بە پیت و داهاتە زۆرانە، دەستی بەسەردا بگرن(کامەران عەزیز عەبدوڵلا، ل١١٨). دیارە ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە دۆخی ئابووری دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەو سەردەمەدا خراپ و باجەکان زیادکرابوون و دەستی دەرەبەگەکانی بۆ سەر جوتیاران والآکردبوو وە دەیان چەوساندنەوە(الدوري, ص٢٧٨). لەو دۆخەشدا میرنشینی حەسنەوەی پێدا تێپەڕدەبوو (بەدر) بۆ ناوخۆیی خۆی و دەوروپشتەکەی و نزیکانی ڕژدو پیسکە بوو، بەپێچەوانەوە (هیلال)ی کوڕی دەستکراوە و بەخشندە بوو. ئەمەش ڕۆڵی خۆی نەك هەر لە قوڵبوونەوەی ناکۆکی، بەڵکو لە دووبەرەکی بنەماڵەی حەسنەوەی و هۆزی بەرزیکانیشدا هەبوو. بەوەی زۆرینەیان پشتیوانیان لە (هیلال) کردو کێشە بۆ (بەدر)ی باوك دروستبوو، کە دواتر بە کوژرانی دوایی هات(أبن الاثير, بلا, ٦٩/٨, نەقشبەندی، ل٢٧٦).

هەر ئەم لایەنە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە کاریگەری خراپی لەسەر دەسەڵاتی دۆستەکی مەروانی بەجێهێشت. ئەوەش بەهۆی پیسکەیی و دنیاپەرستی (ئەبومەزەفەر مەنسوور کوڕی میر سەعد) وایانکرد بایەخ بە کاروباری حکومەت و بژێوی دانیشتوانی سنووری دەسەڵاتەکەی نەدا. بەوەش ناڕەزایی خەڵك بەرزبوویەوە، بەرامبەری وەستان(أبن الأثير, بلا، ٣٣٠/٨-٣٣١، موکریانی١٩٢٩، ٤/٤-٥).

لایەنێکی تری کاریگەری خراپی ئابووری لەسەر میرنشینەکان، کارەساتی سروشتی لە نموونەی لافاو و زریان و بەفربارین و بارانی بە لێزمە، تا دەگاتە بومەلەزرە و تەنانەت ووشکەساڵی و بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندە. دیارە هەریەك لەو کارەساتانە، لەپاڵ ململانێی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی، کاریگەری خراپی لەسەر تێکچوون و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خراپبوونی دۆخی ئابووری و دارایی میرنشینەکان و تەنانەت کۆی ژیانی خەڵك دروستکرد(ابوحیان التوحیدي, ٨٩/٣, الالولسي, ص٨٣). بەوەش لاوازبوون و ڕووخانی بەشێك لەو میرنشینانەی نزیك کردەوە، کە دووچاری یەکێك لەو ڕووداوانە بوون(فرهاد عبوش٢٠٠٥, صص١١٥-١٢٤). لەوانە ئەو لافاوانەی بەشێك لە شارەکانی هەرێمی جزیرەی گرتەوە، وەك (هەولێر، شنگال، میافارقین) لەساڵی (٥١١ك/١١١٧ز)(مؤلف مجهول٢٠٠٧, صص٢٧٦-٢٧٧, أبن الفوطي١٩٣٢م, ص١٥٥, د.مەهدی عوسمان هروتی٢٠١٥, ل٣٥٨)، کە ئاسایی کاریگەری لەسەر میرنشنی هەزبانی دروستکردووە. هەروەها ڕوودانی بومەلەرزە لەساڵەکانی (٥٠٨ك/١١١٤ز)، (٥٣٤ك/١١٣٨ز)، (٥٦٥ك/١١٦٩ز)، (٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لە هەرێمەکانی (چیا، جزیرەو جزیره)(هروتی، ل٣٦٤)، لەپاڵ هاتنی ووشکە ساڵی لەنێوان ساڵانی (٥١١-٥١٢ك/١١١٧-١١١٨ز)، (٥٣٤ك/١١٣٨ز)، (٥٤٨ك/١١٥٣ز)، (٥٧٤-٥٧٥ك/١١٧٨-١١٧٩ز) بۆ هەمان هەرێمەکان(ابن المستوفي١٩٨٠, ٢١٢/٥, ابو شامة٢٠٠٢، ١٢/٣، زرین کوب, ٥١٧/٢, هروتی، ل٣٦٤)، هەروەها هاتنی هێرشی کوللەش بۆسەر زەوی و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی هەرێمەکانی (چیا و جزیره) لەساڵانی (٥٤٦-٥٤٧ك/١١٥١-١١٥٢ز)(المقريزي١٩٩٧, ٣٣٥/١)، کاریگەری خراپیان لەسەر دۆخی خەڵك و دەسەڵاتدارە کوردییەکان بەجێهێشت و دووچاری ئاستەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردن.

**٢-٦: هۆکارە ئایینی و ئایینزاییەکان:** لایەنێکی تر ڕۆڵی لە پەرتەوازەیی کۆمەڵگای کوردی بینی و ململانێ ناوخۆییەکانی توندتر کردەوە، فرە چەشنی باوەڕو ئایینی کۆمەڵگای کوردی بوو. بەتایبەت جیاوازی باوەڕی ئایینی و ئایینزایی لەگەڵ ئەو هێزو لایەنە دەرەکییانەی دەستیان وەردایە کاروباری ناوخۆی میرنشینەکان. دیارە بەو پێیەی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی موسڵمان و بە تایبەت میرەکانی کورد سەر بە ئایینزای سوونە بوون(الذهبي١٩٨٦م, ١١٨/١٨, مینۆرسکی، ل١٠٧، تۆمابوا١٩٨٠، لل١٩٥-١٩٦، باسیل نیکیتین٢٠٠٤, ص٢٥١)و لەڕووی ئایینزاشەوە، بەشێکی تاڕادە زۆری سەربە ڕێبازی فیقهی شافیعی بوون(مینۆرسکی، ل١٠٧، بوا، لل١٩٥-١٩٦، نیکیتین, ص٢٥١.)، بەڵام بەشێکیشیان لە پەیڕەوانی شیعە بوون(نیکیتین، ص٢٥١، مارتین فان برونسەسن٢٠٠٣ز، ١٠٥/٢). لەم بوارەشدا بووەیهییەکان لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوانی شیعەی دوانزە ئیمامی بوون(ابن خلکان، ١٧٥/١، عبدالحمید ابوالفتوح بدوي١٩٨٣, صص١٢٧-١٣٨, طقوش٢٠١١, ص١٨٨, د.موسا محەمەد خدر, ل٤٩)، کاریگەریان لەسەر بڵاوکردنەوەو سەپاندنی ئایینزاکەیان بەسەر کۆمەڵگای کوردی و پشتیوانیکردنی ئەوانە هەبوو، کە لەسەر پەیڕەوکەیان بوون(د.موسا محەمەد خدر, ل٤٩). لەم بوارەدا بەشێك لە میرانی میرنشینی حەسنەوەی، لەپێناو ڕازیکردنی بووەیهییەکان، پەیڕەویان لە ئایینزای شیعە کرد(المسعودی١٩٣٨، ص٣٠٦، محمد کرد علی١٩٣٨, ٣٦٣/٢, بندلي جوزي, بلا, ص١٠٨). هەمان ئایینزاش لەنێو هۆزی گاوانی لە خوارووی سنووری حەسنەوەییەکان بڵاوبوویەوە(د.زرار صدیق توفیق٢٠١٢، ل١٠٤). هەروەها ئەو ئایینزایە لە ناوچە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیاجیاکانی ناوچەی دیاربەکریش بڵاببوویەوە(اکو بورهان محمد، ص٣٤)، بۆیە کاتێک سەلجوقییەکان گەیشتنە ئەو ناوچەیەو لە پەیڕەوانی سوونە بوون، ئاینزای شیعە ڕووی لە پاشەکشە کرد(طقوش٢٠١١, ص١٩٢). تەنانەت سەلجوقییەکان توانیان بەناوی پاراستنی یەکڕیزی موسڵمانان، کار لەسەر وروژاندنی هەستی ئاینی و ئاینزایی کوردەکان بکەن بۆ بەشداری لە شەڕەکانیان(البابیری، ص٧٤). هەر ئەوەش لە دواجاردا بە زیان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتە کوردییەکان دوایی هات.

**ئەنجام:**

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. دۆخی خراپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، کە بەرئەنجامی سەدەیەک دەسەڵاتی تورکەکان بوو بەسەر ئەو دەوڵەتەوە، دەرفەتی دایە بووەیهییەکان دەست بەسەر دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا بگرن. بەدوایدا سیستەمی لامەرکەزی پیادە بکەن. ئەوەش دەرفەتی دایە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزو گەورەی بنەماڵە کوردەکان، کە هەریەک لەناوچەکانی خۆیاندا بانگەشەی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بکەن.

٢. بەهۆی سیستەمی خێڵایەتی و هۆزگەری کۆمەڵگای کوردی و پابەندی هەر خێڵ و هۆزو بنەماڵەیەک بەسەرۆکەکەی وایکرد، لەبری ئەوەی ئەو دەسەڵاتە کوردییانە یەک دەسەڵاتی یەکگرتووی کوردی دروستبکەن، هەریەکەیان لە سنووری ناوچەی خۆیانەوە کاریان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی ناوچەیی کرد. ئەو حاڵەتەش پەرتەوازی کورد و خاکەکەی لێکەوتەوە، کە دواتر هۆکارێکی رووخاندنیان بوو.

٣. سیستەمی بنەماڵەیی و پشتاوپشت، کە سیستەمێکی باوی سیاسی سەردەمەکە بوو لە دەوڵەت و میرنشینەکاندا، کێشەی میرایەتی و شوێنگەرەوەی دەسەڵاتی لەگەڵ خۆی هێنا. بەتایبەت لەنێو ئەندامانی بنەماڵەو هۆزو خێڵەکاندا. ئەمەو جگە لەناکۆکی خێڵ و هۆزو بنەماڵەکانی کورد لەنێو خۆیاندا.

٤. ناکۆکی ناوخۆیی ئەندامانی بنەماڵە کوردەکان لەسەر دەسەڵات و گەیشتن بە داهات و قەڵاو قولەی میرنشینەکان، دەرفەتی دایە هەردوو هێزی بووەیهی و سەلجوقی، سود لەو ناکۆکیانە ببینن و لەرێگای دەستێوەردان لەکاروباری میرنشینەکان و قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان، کار بۆ لاوازکردنیان بکەن.

٥. پیادەکردنی سیستەمی دەسەڵاتی ناوەندی (مەرکەزی) لەلایەن سەلجوقییەکان و پەیڕەویکردنیان لە ئاینزای سوونە، کە ئاینزای زۆرینەی کوردەکان و دەسەڵاتە کوردییەکانی ئەو سەردەمە بوو، ڕۆڵی خۆی گێڕا، لە کۆتایی هاتنی ئەو دەسەڵاتە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردییانە. سا ئەوە لەسەر بیرکردنەوەی بەشێك لەمیرە کوردەکان وەستابێت بۆ پاراستنی یەکریزی موسڵمانان و یەك دەسەڵاتی و پابەندییان بەسوڵتانەکانی سەلجوقی و خیلافەتی عەباسی، یان بەهۆی توندی و زەبرو هێزی سەلجوقییەکان بووبێت بۆ سەر میرنشینەکان، دواجار کۆتایی بەیەك بەیەکی ئەو دەسەڵاتانە هێنا.

٦. بەهێزی پێگەی ئابووری ناوچە کوردنشینەکان، هۆکارێکی تری ململانێی ناوخۆیی بوو لەسەر دەستگرتن بەو سەرچاوە داهاتە ئابوورییانە. ئەمەو هانی بووەیهییەکان و سەلجوقییەکانیشدا دەست بەسەر سەرچاوەو داهاتی ئەو ناوچانەدا بگرن.

٧. ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکانی وەك (بومەلەرزە، لافاو و زریان، ووشکە ساڵی، پەتای کوشندە)ش رۆڵی خۆی گێڕا لەدروستکردنی کێشەی جۆراوجۆر و دەرکەوتنی چەندین قەیران لەو ناوچانەی دووچاری ئەو کارەساتانە بوون. ئەوەش دواجار بە زیان و کەوتنی میرنشینەکان گەڕایەوە.

**سەرچاوەکان:**


**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**١. سەرچاوە کۆنەکان:**

ابن الاثير، ابي الحسن علي بن الكرم محمد/(٦٣٠هـ/١٢٣٢م)

١. تاريخ الباهر في الدولة الاتابكية, تحقيق: عبدالقادر احمد طليمات, دار الكتب-القاهرة, بلا.

٢. الكامل في التاريخ، تحقيق: خيري سعيد, الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة, بلا.

٣. اللباب في تهذيب الانساب, الطبعة الاولى, دار صادر-بيروت, ١٩٨٠م.

الاصفهاني، حمزه بن الحسين/(٣١٠هـ/٩٧١م)

٤. خريدة القصر و جريدة العصر-قسم الشعراء العراق, تحقيق: محمد بهجة الاثري, الطبعة الاولى, منشورات المجمع العلمي العراقي-بغداد, ١٩٣٧م.

البدليسي, شرفخان/(١٦٠٣م)

٥. الشرفنامة, ترجمة: محمد جميل احمد الروزبياني, الطبعة الثانية, مؤسسة موكريان للطباعة والنشر-اربيل, ٢٠٠١م.

ابوبكر الرازي، محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر/(٦٦٦هـ/١٢٦٧م)

٦. مختار الصحاح، صنعة: نديم مرعشلي، اسامة مرعدشلي، عادل مرعشلي، قدم له: د.وهبة الزحيلي، الطبعة الأولى، دار البشائر للطباعة والنشر والتوزيع-دمشق، ١٩٩٧م.

التنوخي, ابو علي المحسن بن علي بن محمد بن داود بن ابراهيم/(٣٨٤هـ/




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٧. نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة, تحقيق: عبدو الشالجي, الطبعة الاولى, دار صادر-بيروت, لبنان, ١٣٩١ه.

ابو حيان التوحيدى على بن محمد بن العباس التوحيدى/(٤١٤ه/١٠٢٣م)

٨. الامتاع والمؤانسة, تحقيق: احمد امين و احمد الزاين, الطبعة الاولى, مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر-القاهرة, ١٩٤٤م.

أبن الجوزي، جمال الدين ابي الفرج عبدالرحمن البغدادي/(٥٩٧ه/١٢٠٠م)

٩. أخبار الازكياء, الطبعة الاولى, دار أبن حزم-بيروت, ١٤٢٤ه.

١٠. المنتظم في تأريخ الملوك والامم، دراسة و تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، راجعه وصححه: نعيم زرزور، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، بلا.

الحسينى، صدرالدين على بن ناصر/(٦٢٢ه/١٢٣٦م)

١١. أخبار الدولة السلجوقية المسمى ب(زبدة التواريخ في أخبار الامراء والملوك السلجوقية, تحقيق: محمد نورالدين, الطبعة الثانية, دار الامراء للنشر والتوزيع-بيروت, ١٩٨٦م.

ابن خلدون، أبو زيد عبدالرحمن بن عمر/(٨٠٨ه/١٤٠٧م).

١٢. تاريخ العبر وديوان المبتدا والخبر في أيام العرب و العجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، اعتنى به: عادل بن سعد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ٢٠١٠م.

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر/(٦٨١ه/١٢٨٢م)

١٣. وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، الطبعة الاولى، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٤٧م.

أبن خميس الموصلي, حسين بن نصر بن محمد/(٣٠٠ه/٩١٢م)

١٤. مناقب الابرار ومحاسن الاخبار, تحقيق: محمد أديب الجادر, الطبعة الاولى, مركز زايد للتراث والتاريخ-العين, ١٤٢٧ه.

الذهبي، شمس الدين بن عبدالله محمد بن احمد بن عثمان/(٧٤٨ه/١٣٤٧م)

١٥. سير أعلام النبلاء, تحقيق: شيعب الارناؤوط و محمد نعيم العرقوسي, الطبعة الاولى, مؤسسة الرسالة-بيروت, ١٩٨٦م.

أبن رسته, ابو علي احمد بن عمر/(٣٠٠ه/٩١٢م)

١٦. الاعلاق النفيسة, باهتمام: دي غورية, مطبعة بريل-ليدن, ١٨٩٢م.

الروذراوى، ظهيرالدين ابوشجاع محمد بن الحسين بن محمد بن عبدالله/(٤٨٨ه/١١٩٦م)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١٧. ذيل تجارب الامم، أعتنى بالنسخ والتصحيح: ه.ف.ا. امدروز، مطبعة شركة التمدن الصناعية-القاهرة, ١٩١٦م.

ابو شامة, عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم بن عثمان/(٥٦٦٥/١٢٦٧م)

١٨. الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية, وضع حواشيه وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين, الطبعة الاولى, منشورات محمد علي بيضون-دار الكتب العلمية, بيروت-٢٠٠٢م.

أبن شداد, عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم/(٥٦٨٤/١٢٨٥م)

١٩. الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة, تحقيق: زكريا عبارة, الطبعة الاولى, منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي-دمشق, ١٩٧٨م.

الصابى، ابوالحسين هلال بن محسن بن ابراهيم/(٥٤٤٨/١٠٥٦م)

٢٠. تاريخ هلال الصابى، الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, ٢٠٠٣م.

٢١. رسوم دار الخلافة, تحقيق: ميخائيل عواد, الطبعة الثانية, مركز الرائد العربي-بيروت, ١٩٨٦م.

الصفدي, صلاح الدين أبوالصفاء خليل بن ايبك بن عبدالله/(٥٧٦٤/١٣٦٣م)

٢٢. نكت الهميان في نكت العميان, تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, لبنان, ١٤٢٨ه.

أبن عساكر, ثقة الدين ابوالقاسم علي بن الحسين بن هبة الله/(٥٥٧١/١١٧٥م)

٢٣. تاريخ دمشق الكبير, تحقيق و تعليق و تخريج: العلامة: ابوعبدالله علي عاشور الجنوبي, الطبعة الاولى, دار أحياء التراث العربي-بيروت, لبنان, ٢٠٠١م.

العمرى، شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله/(٥٧٤٩/١٣٤٨م)

٢٤. التعريف بالمصطلح الشريف, الطبعة الاولى, تحقيق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية-بيروت, ١٩٨٨م.

أبو الفداء الأيوبى، عماد الدين أسماعيل بن على بن محمود/٥٧٣٢/١٣٣١م)

٢٥. تقويم البلدان، بأعتناء: رينورد ديسلان، الطبعة الثانية،، دار الطباعة السلطانية-باريس، ١٨٤٠م.

٢٦. المختصر فى اخبار البشر، تحقيق: د.محمد زينهم محمدعزب و يحيى سيد حسين، الطبعة الاولى, بيروت, لبنان, بلا.

ابن الفوطي, عبدالرزاق بن احمد بن محمد الصابوني/(٥٧٢٣/١٣٢٣م)

٢٧. الحوادث الجامعة في التجارب النافعة في المائة السابعة, تحقيق: مصطفى جواد, الطبعة الاولى, المكتبة العربية-بغداد, ١٩٣٢م.

الفيروز ابادى، مجدالدين محمد بن يعقوب/ (٨١٧هـ/١٤١٤م)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

٢٨. القاموس المحيط، رتبه و وثقه: خليل مامؤن شيحا، الطبعة الثانية، دار المعرفة–٢٠٠٧م.
القزويني, ابو عبدالله زكريا بن محمد/(٥٦٨٢/١٢٨٢م)
٢٩. أثار العباد وأخبار العباد, الطبعة الاولى, بيروت, لبنان, ١٩٦٠م.
أبن القلانسى، حمزه بن أسد بن على بن محمد التميمي/(٥٥٥٥/١١٦٠ز)
٣٠. ذيل تاريخ دمشق, الطبعة الاولى, جامعة الاباء اليسوعيين-بيروت, ١٩٠٨م.
القلقشندى، أبوالعباس احمد بن على/(٥٨٢١/١٤١٨م)
٣١. صبح الاعشى في صناعة الانشاء, الطبعة الاولى, مطبعة الاميرية-القاهرة, ١٩١٣-١٩١٤م.
أبن المستوفي, مبارك بن احمد شرف الدين اللخمي/(٥٦٣٧/١٢٣٩م)
٣٢. نباهة البلد الخامل بما ورد من الاماثل-تاريخ اربل, تحقيق: سامي بن السيد خماس الصقار, الطبعة الاولى, منشورات وزرارة الثقافة والاعلام-دار الرشيد, بغداد, ١٩٨٠م.
المسعودي، أبوالحسن علي بن الحسين/(٥٣٤٥/٩٥٦م)
٣٣. مروج الذهب ومعادن الجوهر، عني به: د.محمد هشام النعسان و د.عبدالمجيد طعمة حلبي، الطبعة الاولى، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، ٢٠٠٥م.
٣٤. التنبيه والاشراف، تحقيق: عبدالله أسماعيل الصاوى، دار الصاوى-القاهرة، ١٩٣٨م.
أبن مسكويه، ابوعلي أحمد بن محمد بن يعقوب الرازي/(٥٤٢١/١٠٣٠م)
٣٥. تجارب الامم، حققه و قدم له: د.ابوالقاسم امامي، الطبعة الاولى، دار سروش للطباعة والنشر والتوزيع-طهران، ٢٠٠١م.
المقريزي، تقي الدين ابوالعباس محمد بن علي بن عبدالقادر بن محمد/(٥٨٤٥/١٤٤١م)
٣٦. كتاب السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ١٩٩٧م.
منجم باشى، أحمد بن لطف الله السلانيكي الرومي/(٥١١١٣/١٧٠٢م)

٣٧. باب في الشدادية من كتاب جامع الدول، عني بتحقيقه ونشره، ولاديمير مينورسكى، الطبعة الاولى، لندن، ١٩٥٣م.

المنذري, زكي الدين ابي محمد عبدالعظيم/(٥٦٥٦/١٢٥٨م)
٣٨. التكملة لوفيات النقلة, تحقيق: بشار عواد معروف, الطبعة الاولى, بيروت, ١٩٨١م.
مؤلف مجهول/(القرن السابع الهجرى/الثالث عشر الميلادى)
٣٩. أخبار سلاجقه الروم، تحقيق: السعيد جمال الدين، الطبعة الاولى, مركز القومي للترجمة-القاهرة, ٢٠٠٧م.
أبي الهيجاء الهذباني، الامير عزالدين محمد بن أبى الهيجاء الاربلى/(٥٧٠٠/١٣٠٠م)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤٠. تاريخ أبن أبي الهيجاء الهذباني, تحقيق: احمد فريد المزيدي, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, لبنان, ٢٠٠٤م.

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت به عبدالله/(٥٦٢٦/١٢٢٨م)

٤١. معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشلي، الطبعة الاولى، دار احياء التراث العربي-بيروت، ٢٠٠٨م.

**ب. سەرچاوە نوێیەکان:**

ابراهيم زكى خورشيد واحمد الشنتاوى و عبدالحميد يونس/

٤٢. دائرة المعارف الاسلامية، الطبعة الثانية, مجلة كتاب الشعب-القاهرة, ١٩٦٩م.

الاتروشى، هدار سليم صالح/

٤٣. الكرد فى كتاب الاعلاق الخطيرة لابن شداد، الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم, اربيل, ٢٠١٣م.

أحمد عبدالعزيز محمود/

٤٤. الامارة الهذبانية في أذربايجان و أربيل و الجزيرة الفراتية (٢٩٣-٥٦٥٦/٩٠٥-١٢٥٨م)-دراسة سياسية حضارية، الطبعة الاولى، مكتب التفسير للنشر والاعلان-اربيل، ٢٠٠٦م.

اسماعيل شكر رسول/

٤٥. الامارة الشدادية الكردية في بلاد اران من ٣٤٠-٥٥٩٥/٩٥١م١١٩٨م-دراسة سياسية حضارية, الطبعة الاولى, مؤسسة موكريان للطباعة والنشر-اربيل, اقليم كردستان العراق, العراق, ٢٠٠١م.

د.اسماعيل غزال/

٤٦. القانون الدستورى والنظم السياسية, الطبعة الاولى, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع-بيروت، ١٩٨٢م.

د.اكو برهان محمد/

٤٧. الحياة الثقافية في دياربكر في العصر العباسي, الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-أربيل, ٢٠١٢م.

الالولسي، عادل محي الدين/

٤٨. الرأي العام في القرن الثالث الهجري, الطبعة الاولى, مطبعة افاق العربية-بغداد, العراق, ١٩٨٧م.

البابيرى، حكيم عبدالرخمن زبير/

٤٩. مدينة خلاط-دراسة في تاريخها السياسي والحضاري (٤٩٣-٥٦٤١/١١٠٠-١٢٤٣م), الطبعة الاولى, مطبعة وزارة التربية-أربيل, أقليم كردستان العراق-العراق, ٢٠٠٥م.

الباشا, حسن/



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

٥٠. الالقاب الاسلامية في التاريخ والوثائق والاثار, الطبعة الاولى, القاهرة, ١٩٨٩م.
باجلوري، هيلين رفيق محمد سعيد/
٥١. الكورد الحميدية و دورهم السياسي والحضاري خلال القرون (٣-٩/٥٨-١٤م), الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-اربيل, أقليم كردستان العراق, العراق, ٢٠١٢م.
بدوي, عبدالحميد ابوالفتوح/
٥٢. التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الاسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد, الطبعة الثانية, عالم المعرفة-جدة, ١٩٨٣م.
جوزي, بندلي/
٥٣. من تأريخ الحركات الفكرية في الاسلام, الطبعة الاولى, دار الروائع-بيروت, بلا.
الخليل، د.احمد/
٥٤. عباقرة كردستان في القيادة والسياسة, الطبعة الاولى, مطبعة خاني-دهوك, أقليم كردستان العراق-العراق, ٢٠٠٩م.
الدورى، عبدالعزيز/
٥٥. دراسات فى العصور العباسية المتأخرة, الطبعة الاولى, بغداد, ١٩٤٥م.
د.زرار صديق توفيق/
٥٦. القبائل والزعامات القبيلة الكردية فى العصر الوسيط، الطبعة الاولى, مطبعة مؤسسة ئاراس-اربيل، ٢٠٠٧م.
٥٧. الكرد فى العصر العباسى (١٣٢-٥٣٣٤/٧٤٩-٩٤٦م)، الطبعة الاولى، دار موكريانى للطباعة وللنشر-أربيل، ٢٠١٨م.
زيدان، جرجى/
٥٨. تاريخ التمدن الاسلامي, الطبعة الاولى, منشورات مكتبة الحياة-بيروت, بلا.
ژيان خۆشەويست پيرۆت/
٥٩. الاعتراف بالدولة بين التصور القانوني واتعامل الدولي, الطبعة الاولى, مكتبة زين للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت, ٢٠١٨م.
سوادى عبد محمد/
٦٠. الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في الجزيرة الفراتية خلال القرن (٥٦/١٢م), الطبعة الاولى, بغداد, ١٩٨٩م.
د.شفان ظاهر عبدالله/
٦١. الاقطاع في كردستان (٣٣٤-٥٦٥٦/٩٤٥-١٢٥٨م), الطبعة الاولى, مركز زاخو للدراسات الكردية-زاخو, ٢٠١٨م.
الشهابي, قتيبة/


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

٦٢. معجم القاب ارباب السلطان في الدولة الاسلامية في العصر الراشدي حتى بداية القرن العشرين, الطبعة الاولى, دمشق, ١٩٩٥م

د.صلاح الدين فوزي/

٦٣. النظم السياسية-النظرية والتطبيق, الطبعة الاولى, مكتبة اكلاء الجديدة-المنصورة, ١٩٩٤م.

طقوش, د.محمد سهيل/

٦٤. التأريخ الاسلامي الوجيز, الطبعة الخامسة, دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت, ٢٠١١م.

٦٥. التاريخ الدولة العباسية, الطبعة الثالثة, دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت, ٢٠٠١م.

عبدالرقيب يوسف/

٦٦. الدولة الدوستكية، الجزء الاول, الطبعة الأولى، مطبعة اللواء-بغداد، ١٩٧٢م, الجزء الثاني، بغداد, العراق, ١٩٧٣م.

العش، د.يوسف/

٦٧. تاريخ عصر الخلافة العباسية, الطبعة الاولى, دار الفكر-دمشق, ٢٠٠٣م.

فائزه محمود عزت/

٦٨. الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (٤-٥٩/١٠-١٥م), الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-أربيل, ٢٠٠٩م.

فيلد, هنري/

٦٩. جنوب كردستان-دراسة انتروبولوجية, نقله الي العربية: جرجيس فتح الله, الطبعة الاولى, دار أراس للطباعة والنشر-أربيل, ٢٠٠١م.

د.قادر محمد حسن/

٧٠. الامارات الكوردية في العهد البويهي-دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية (٣٣٤-٥٤٤٧/٩٤٥-١٠٥٥م), الطبعة الاولى, مؤسسة موكرياني للبحوث النشر-اربيل, ٢٠١١م.

القزاز، د.محمد صالح داود/

٧١. الحياة السياسية في العراق (٥١٢-٥٦٥٦), الطبعة الاولى, مطبعة القضاء-النجف الاشرف, ١٩٧١م.

د.لولاف مصطفى سليم/

٧٢. الكرد في المصادر الادبية العربية خلال العصر العباسي (١٣٢-٥٦٥٦/٧٥٠-١٢٥٨م)-دراسة تأريخية تحليلية, الطبعة الاولى, مركز زاخو للدراسات الكردية-زاخو, ٢٠١٨م.

متز، ادم/

٧٣. الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري, ترجمة: د.محمد عبدالهادي أبوريدة, الطبعة الاولى, مطبعة لجنة التأليف والنشر،القاهرة, ١٩٥٧م.

محمد أمين زكى/

٧٤. تأريخ الدول والامارات الكردية فى العهد الاسلامى، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٤٥م

٧٥. مشاهير الكرد والكردستان في العهد الاسلامي، ترجمة: سانحة زكي بك، قدم للجزء الثاني و زاد عليه: محمد علي عوني، الطبعة الاولي، دار الزمان للطباعة والنشر-دمشق، ٢٠٠٦م.

د.محمد احمد خلف الله/

٧٦. القران والدولة, الطبعة الاولى, مكتبة الانجلو المصرية-القاهرة, بلا.

د.محسن محمد حسين/

٧٧. اربيل-دراسة تاريخية, الطبعة الاولى, دار اراس للطباعة والنشر-أربيل, ٢٠١٢م.

محمد كرد على/

٧٨. الاسلام والحضارة العربية, الطبعة الاولى, القاهرة, ١٩٣٨م.

د.محمود خلف/

٧٩. مدخل الى علم العلاقات الدولية, الطبعة الاولى, دار زهران للنشر-عمان, ١٩٩٧م.

مرجونه، ابراهيم محمد/

٨٠. تاريخ الاكراد-دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية, تقديم: سحر السيد عبدالعزيز سالم, الطبعة الاولى, مؤسسة الشباب-الجامعة الاسكندرية, ٢٠١٠م.

مصطفى جواد/

٨١. جاوان القبيلة الكردية-المنية ومشاهير الجاوانيين, الطبعة الاولى, المجمع العلمي الكردي-بغداد, ١٩٧٣م.

النقشبندى، سلام احمد عبدالله العبابيلى/

٨٢. مباحث في تأريخ شهرزور في العصور العباسية, الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-أربيل, ٢٠١٣م.

نيكيتين، باسيل/

٨٣. الكرد-دراسة سوسيولوجية و تأريخية, تقديم: لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية و علق عليه: د.نورى طالباني, الطبعة الثالثة, منشورات اراس-اربيل, ٢٠٠٤م.

الهسيناني, موسى مصطفى/

٨٤. سنجار-دراسة في تأريخيها السياسي والحضاري (٥١٢-٥٦٠٠/١٢٧-١٢٦١م), الطبعة الاولى, دار سبيريز-دهوك, ٢٠٠٥م.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

**ا. سەرچاوە کۆنەکان:**

مستوفی القزوینی، أبوبکر بن حمد بن نصر القزويني/(٥٧٥٠/١٣٤٩م)

٨٥. تاریخ گزیده، با اهتمام: د.عبدالحسين نوابی، چاپ چهارم ، چاپخانه سپهر -مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨١ه.ش.

٨٦. نزهة القلوب في المسالك والممالك, بأهتمام: کی لسترنج, چاپ اول، تهران، ١٣٦٢ه.ش.

مؤلف مجهول/القرن السادس الهجری/الثانی عشر الميلادی)

٨٧. مجمل التواریخ والقصص، بتصحيح: ملك الشعراء بهار، چاپ اول، تهران، ١٣١٨ه.ش.

ناصر خسرو، أبومعين الدين القبادياني المروزی/

٨٨. سفرنامه، بتصحيح: دبير ساقی، چاپ اول، تهران، ١٣٥٠ه.ش.

**ب. سەرچاوە نوێیەکان:**

پیرنیا، حسن و عباس أقبال اشتیانی/

٨٩. تاريخ ايران-از اغاز تا انقراض ساسانیان از صدر اسلام تا انقراض قاجاريه، چاپ دوم، انتشارات میلاد-تهران، ١٣٨٥ه.ش.

پیکولوسکایا، ن. و و دیگران/

٩٠. ایران از دوران باستان تاپایان سده هجدهم، ترجمه: کریم کشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پیام، چاپخانه مروی- تهران، ١٣٦٣ه.ش.

رضا خضری, د. سید احمد رضا/

٩١. تاریخ خلافت عباسی از اغاز تا پایان ال بویه، چاپ هفتم، چاپ مهر-قم، ایران، ١٣٨٨ه.ش.

زرین کوب، عبدالحسين/

٩٢. تاریخ مردم ایران- ایران قبل از اسلام- کشمکش باقدرتها، چاپ أول، مؤسسه أنتشارات امیر کبیر-چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٧٤ه.ش.

کسروی، أحمد/

٩٣. شهریاران گمنام، چاپ سوم، أنتشارات أمير كبير-تهران، ١٣٥٣ه.ش.

م. ن. نچکینا و دیگران/

٩٤. تأريخ مختصر جهان، ترجمة: محمد تقی فرامرزی، چاپ اول، تهران، ٢٥٣٦شاهنشاهی.

**چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

د.ئاراس فەریق زەینەڵ/

٩٥. دیبلۆماسیەتی کورد لەسەردەمی بووەیهییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال-سلێمانی، ٢٠١٢ز.

ئاشوری ، داریوش و دکتور بەهادینی پازاگاد و روزبە /



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٩٦. زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث- بەغداد، ١٩٨٥ز.
برونسەسن، مارتین فان/
٩٧. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: د.کوردۆ عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
بوا، تۆما/
٩٨. ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی: حمەسعید حمەکریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی-سلێمانی، ١٩٨٠ز.
چرا محمود حسن/
٩٩. بزافی رۆشنبیری دینەوەر لەسەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی نۆیەم و دەیەمی زایینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، ٢٠١٣ز.
ڕەحیم ئەحمەد ئەمین/
١٠٠. بەعەرەبکردنی هەرێمە کوردنشینەکان (٦٣٧-٨٤٧ز)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.
ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل/
١٠١. چوار دەوڵەتی کوردی-چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو (دونبوڵی، شاهینی، شوانکارە، مینتشاهی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر، ٢٠٠٠ز.
١٠٢. مێژووی حەسنەوەیهی و عەییاری، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة-بغداد، ١٩٩٦م.
پ. د.زرار صديق تۆفیق/
ئەگەر ئەم ل دویف گریمانا ئێکێ بێژین (ژ بۆ ڤەحەویانێ هاتینە بکارئینان)، ڕەنگە ل هندەك دەڤەران یان قۆناغێن ژیانێ، ل هندەك جهان ناووسك هاتبنە دروستكرن ژ بۆ جهێ ڤەحەویانێ، لێ ئەگەر ئەم ل سەر وان ناووسكان راوەستین یێ ل كوردستانێ هاتینە دروستكرن و بێژین، كو بۆ ڤەحەویانێ هاتینە دروستكرن، هندی ئەو ناووسكێن مە ل جهێن جودا جودا دیتین، ل هەر جهەكی یان دەڤەرەكێ ژمارا ناووسكان ژ (١٥) تەختان دەرباز نابن، باشە وەك پسیار بەرئاقلە ئەو مرۆڤێن ل وان جهان دژیان تنێ (١٥) كەس لێ هەبووینە ب زێدەییڤە، و پا ئەو دێرێن هند مەزن تنێ بۆ وان ڕێژا كێما مرۆڤان هاتینە ئاڤاكرن؟!!

**گریمانا (٢)ێ، ژ بۆ ڤەشارتنا مرییان دناڤدا:**

ئەگەر ل سەر دەمێن جودا جودا یان ل هندەك جهان هاتبنە دروستكرن و كارئینان ژ بۆ دانانا مرییان د وان جهاندا، هەتا كەلەخێن وان پویچ دبن، باشە ما بەرئاقلە هیچ پاشمایەكێ وان د وان ناووسكاندا نەمابن، یان هەتا كو بێژین ژ لایێ زانستیڤە بهێین شرۆڤەبكەین، ئەو جهێ كەلەخێ مری لێ د حەلییێت و پویچ دبیت، پاشمایێ دوهن و بەزێ وان بۆ قۆناغێن گەلەك پشتی هینگێ ژی دێ مینیت ب وان كەڤر و جهانڤە، لێ هیچ پاشمایەكێ هۆسان مە ب وان جهانڤە نەدیتینە، كو مرۆڤ هەست بكەتن مرۆڤێن مری لێ هاتبنە دانان هەتا كەلەخێن وان پویچ ببن.

**گریمانا (٣)یێ، وەك جهێ زێرەڤانییێ:**

چەند بۆچوونەك بۆ هندێ دچن كو جهێن زێرەڤانیێ و چاڤدێرییێ بن، لێ دەما كو سەحدكەینە ئەو جهێ ناووسك لێ هاتینە دروستكرن، ژ لایێ جۆگرافیێ وانڤە هیچ نیشانەك لێ خۆیانابیت كو بێژین بۆ جهێن چاڤدێریێ هاتینە دروستكرن، ئەوژی ژ بەر چەند هۆكارەكان، وەك: ئەو ناووسكێن مە ل دەڤەرێ دیتین، پرانییا وان ل جهێن كویر و گەلیاندا هاتینە دروستكرن، ئانكو جهێن نەپەنی و ڤەشارتینە، كو ئەڤە نە ل دویف سەخلەتێن جهێن چاڤدێرییێیە، بەلكو جهێن چاڤدێریێ ل جهێن بلند پێشچاڤ دهێنە دروستكرن، هەر وەكو ئەو هەمی دویرگەهێن ل دەڤەرێ هاتینە دروستكرن، كو ل جهێن بلند و بەرامبەر كەلهان هاتینە دروستكرن، كو گەلەك ژ دویر بكارن ل دەمێن مەترسی دكەڤیتە سەر، ب رێكا وان دویرگەهان دهاتنە ئاگەهداركرن، لێ ناووسكان ئەڤ سەخلەتە تێدا ناهێنە دیتن، هەر وەكو ڤان ناووسكان: ناووسكێ گۆندێن (هرۆرێ، ئاقارێ چەلكێ، ئەدنێ، سەرەرۆ، ئەلكویشكێ، ماێ، بێلویزانێ و بازێ) ل دەڤەرا بەرواری بالا، كو هەمی ل جهێن كویر و گەلی و نەپەنیدا هاتینە دروستكرن. هەر وەسان یێن سپنێ بەهدینان وەك یێن گۆندێن: (دیهێ، دێرە سۆرێ، ئەرەدنا، ئینشكێ، دیهیكێ)، دیسان ل جهێن كویر و نەپەنیدا هاتینە دروستكرن، كو هەتا مرۆڤ نەچیتە بەر دەرێ وان ناهێنە دیتن، لەوما هیچ سەخلەتەك تێدا ناهێتە دیتن، كو بێژین بۆ جهێن چاڤدێریێ و زێرەڤانیێ هاتبنە بكارئینان.

**گریمانا (٤)ێ، وەك جهێ پەرستنێ:**

مە د گریمانا چوارێدا ئاماژە ب هندەك گرۆڤەیان كرییە، كو ناووسك وەك جهێ پەرستنێ هاتینە بكارئینان، و بەلكو دبیت هندەك ژ وان وەك (دوخمە) ژ بۆ پەرستنا سەردەمێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

زەرەدەشتییەتێ ژی هاتبنە بکارئینان. کو ئەڤەژی تا ڕاددەیەکی دکارین بێژین تشتەك نۆڕماڵە، چونکە گەلەك ژ مزگەفتێن دەڤەرێ یێن کەڤن، بەری ببنە پەرستگەها مۆسلمانان (مزگەفت) هاتبنە بکارئینان، هەر هەمان ئاڤاهی بەری هینگێ (دێر) بووینە. لەوما دکارین بێژین، ئەو ناووسکێن ل دەڤەرێن مە هاتینە دروستکرن، ژ بۆ دوو مەرەمان هاتینە بکارئینان، ئەوژی:

**ئێك/** ڕەڤین و خۆڤەشارتن ژ دوژمنان، چ ژ بەر هەڤڕکانێن مەسەبی دناڤ مەسیحییەتێدا (وەك مە بەری نهۆ بەحسێ وێ هەڤڕکانا مەسەبی کری ئەوا دناڤ مەسیحییەتێدا سەرهلدایی)، یان ئەو هێرشێن جودا جودا ل سەر دەمێن ئیسلامێ (نەخاسمە ل سەردەمی بووەیهی و ناکوکییێن میرگەه و ئۆسمانییان) دەما ب سەر دەڤەرێدا هاتین و داگیرکرین و پەرستگەهێن وان خرابکرین، کو نەچاربین ل جهێن ئاسێ پەرستنێ بکەن. د قورئانا پیرۆز دا ب ئاشکەرایی ڤێ چەندێ دسەلمینیت، کا چاوان ژ بۆ خۆ پاراستن و ڤەشارتنێ بەرەڤ شکەفت و جهێن نەپەنیڤە درەڤین، وەکی تێدا هاتی: (لويجدون ملجأً أو مغارات أو مدخلاً لولوا اليه وهم يجمحون) (ئەلتەوبە/ ٥٧) ئانکو: (ئەگەر وان ئاسێگەهەك . کو تێدا هاتبانە پاراستن .، یان شکەفتەك . کۆ تێدا نەهاتبانە دیتن .، یان ژێر زەمینەك . کۆ چۆبانە تێدا . دیتبایە، دا ب لەز و بەز بەرێ خۆ دەنێ . ژ ترساندا.)(سگێری، ٢٠٠٢: ١٩٦).

**دوو/** ژ سەخلەتێن صۆفیاتیێ بوو، کو ئەو کەسێن خۆ ب صۆفی دزانن، ل جهێن ڤەدەر و بتنێ مان (منعزل) تاکپەرستیێ بکەن، کو ئەڤ چەندا هە هەر ل دەستپێکا پەیدابوونا ئایینان پەیدابوویە، کو د شکەفت و صەومەعاندا بمینن و پەرستنێ بکەن. هەر بوو میناك کو ئەڤ (ناووسك . صەومەع)ە ژ بۆ پەرستنێ هاتینە بکارئینان، د پەرتووکا (تأريخ يوسف بوسنايا)دا هاتییە: (...دەمێ رەبان . مەرەم پێ ڕەبان یوسف . ە زڤرییەڤ دێرێ، ئەو چوو د صەومەعا خۆڤە و دەرگەه ل خۆ گرت و نە بەس وی دەرگەهێ داری گرت، بەلکو وی دەرگەهێ دلێ خۆژی گرت و کۆلکێ وی گەلەکێ بچویك بوو، کو ئەو یێ پێکاهاتی بوو ژ دوو شکەفتێن د کەڤری کولایی و دەرگەهەکێ بچویك تێ هەبوو) (بن کلدون، ١٩٨٣: ٣٨).

**سێ/** دیسان پڕانییا وان جهێن مە سەرەدانێن مەیدانی بۆ کرین، و هەر جهەکێ دویڤچوونێ بکەیی، دێ بینی ل نێزیك ناووسکان پاشماییێن دێرەکێ هەنە، هەر بۆ میناك: دێرا ئینشکێ ژ لایێ باکۆرێ ویڤە ب دویراتییا (٤٠٠م) دوو ناووسك لێ هەنە. و دێرەسۆرێ ل ڕۆژئاڤایێ ئینشکێ، دیسان لایێ ڕۆژهەلاتێ دێرەسۆرێ ب دویراتییا (٣٠٠م) دیسان سێ ناووسك لێ هەنە، و ڕۆژهەلاتێ دێرا گۆندێ دێرێ ب دویراتییا (٢٠٠م) دیسان دوو ناووسك لێ هەنە. و ل باکۆرێ دێرا ئەرەدنا ب دویراتییا (٥٠٠م) پێنج ناووسك لێ هەنە. و ل ڕۆژئاڤایێ دێرا مێرگەتویێ ب دویراتییا (٥٠٠م) دوو ناووسك لێ هەنە. و ڕۆژئاڤایێ دێرا باگویلێ ب دویراتییا (٥٠٠م) شکەفتەك لێ هەیە کو چەندین ناووسك دناڤا شکەفتێدا ب بەر و کسلا هاتینە دروستکرن دگەل سێرچەکا ئاڤێ. و ل باکۆرێ ڕۆژهەلاتێ دێرا دیهێ ب دویراتییا (٥٠٠م). و باشۆرێ دێرا ئەلکویشکێ ب دویراتییا (٥٠٠م) دوو ناووسك لێ هەنە، دیسان ل باشۆرێ ڕۆژئاڤایێ ب دویراتییا (٦٠٠م) دیسان ناووسکەك لێ هەیە. و ل باکۆرێ دێرا ئاقارێ چەلکێ دوو ناووسکێن ئێك تەختی لێ هەنە، و ڕۆژئاڤایێ ویژی بۆ لایێ بێگۆڤا، کو دکەڤنە هنداڤی خابویری، دوو ناووسك لێ هەنە. و ل باکۆرێ ڕۆژئاڤایێ (مایا نەسارا) ب دویراتییا (٥٠٠م) کو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دکەڤنە پشت گۆندێ (مایا إسلام)ا نوکە، سێ ناووسك لێ هەنە. (سەرەدانێن مەیدانی، (٢٠١٣/٦/١٧)، (٢٠١٣/١١/٤)، (٢٠١٥/٦/٩)، (٢٠١٣/١١/٣)، (٢٠١٤/٥/٧)، (٢٠١٤/٦/٥)، (٢٠١٥/١/٦)، (٢٠١٣/١/٣٠)).

ئەڤە هندەك میناك بوون، کو هەر جهەکێ ناووسك لێ هەبن، هەکەر دویڤچوون بۆ هەبیت، دێ خۆیابیت کو پاشماییێن دێرەکێ ل دوروبەرێن وان ناووسکان هەبوویە، کو ئەڤە باشترین گرۆڤەنە کو ناووسك هاتینە بکارئینان ل سەردەمێ مەسیحییەتێ ژ بۆ خۆپاراستنێ و پەرستنێ، ژ لایێ ناکوکیێن دناڤبەرا مەسەبێن مەسیحییەتێ بخۆڤە ژ لایەکی، ژ لایەکی ژی ژ بەر هێرشێن عۆسمانی و میرگەهان بخۆ بۆ سەر دەڤەرێ، نەچاربووینە، دێران ل جهێن بلند و ئاسێ ئاڤاکەن، و ل دەوروبەران ژی ناووسك هاتینە کولان دکەڤران ژ بۆ خەلوەتێ و پەرستنێ، هەم ژی خۆ پاراستنێ، لێ رێژا هەرە زۆرا ناووسکێن دەڤەرێ یێن خەلوەتێ و مانا بتنێ و پەرستنێ نە.

**ئەنجام:**

١. ناووسك هەر ل سەردەمێ فینیقییا وەك جهێ ڤەشارتنا مرییان هاتینە بکارئینان، کو گۆرێن وان دکەڤری هاتینە کولان و دروستکرن وەك تابویتان و مرییێن خۆ تێدا ڤەشارتینە.

٢. ل هندەك جهان وەك پەرستگەهـ هاتینە بکارئینان نەخاسمە ل سەردەمێ زەردەشتی و مەسیحییەتێ، کو تێدا کارێ پەرستنی کرینە.

٣. هندەك جهان ژ بۆ جهێ ڤەحەویانێ و خۆ ڤەشارتنێ ژ دوژمنان هاتینە بکارئینان، و پرانییا وان ل جهێن کویر و ڤەشارتی و نەپەنی هاتینە دروستکرن.

٤. پیترییا ئەو ناووسکێن ل دەڤەرێ هاتینە دیتن، د کەڤراندا هاتینە کولان، وەك شکەفت لێ کرینە، و دناڤدا ژ چەند تەختان پێکدهێن.

٥. ل هندەك جهان د ناڤ شکەفتێن خۆرستیدا، ب بەر و کسلان هاتینە ئاڤاکرن و کرینە ناووسك، کو دیسان ژ بۆ ڤەحەویانێ و پەرستنێ هاتینە بکارئینان.

٦. ئەو هەمی ناووسکێن ل دەڤەرێ هاتینە دیتن، ژ بۆ پەرستنێ و خۆ ڤەشارتنێ ژ دوژمنان ل سەردەمێ مەسیحییەتێ هاتینە بکارئینان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی



(شكلێ ژمارە (١)، ئێك تەختی/ فۆتۆ ڤەكۆلەر)



(شكلێ ژمارە (٢)، دوو تەختی/ فۆتۆ ڤەكۆلەر)



(شكلێ ژمارە (٣)، سێ تەختی/ فۆتۆ ڤەكۆلەر)



(شکلێ ژمارە (٤)، چوار تەختی/ فۆتۆ ڤەکۆلەر)



(شکلێ ژمارە (٥)، ناووسك دناڤا شکەفتێدا/ فۆتۆ ڤەکۆلەر)



(شکلێ ژمارە (٦) دەرگەهێن ناووسکا/ فۆتۆ ڤەکۆلەر)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



(شکلێ ژمارە (٧)، مەزارێ شێخ پیرامویسی یان رەبان مووسایی . گۆندێ زێوا، ژ (شەمامی))




(شکلێ ژمارە (٨)، نەخشێ دێرا قەدشێ، (ژ (کوڤان ئحسان))



(شکلێ ژمارە (٩)، خاچا دێرا قەدشێ/ فۆتۆ ڤەکۆلەر)



(شکلێ ژمارە (١٠)، پاشمایێ مزگەفتا ئیسفکا/ فۆتۆ ڤەکۆلەر)



(شکلێ ژمارە (١١)، مەزارێ مار زەیایی ل چیایێ گارەیی، ژ (یاسین و محەمەد))




(شکلێ ژمارە (١٢)، مزگەفتا موئمنا، ژ (کوڤان ئحسنان))

دەهمەن:

(1) بنێڕە: جەمیل محەمەد شێلازی، ژ شوینەوارێن دەڤەرا ئامێدییێ (سەرەدانێن مەیدانی ـ ڤەکۆلین)، چاپا ئێکێ، (دهۆك: ٢٠١٧)، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆك، سەنتەرێ بێشکچی یێ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی.

(2) بۆ پیتر زانیاری بنێڕە پەرتووکا مە: ژ شوینەوارێن دەڤەرا ئامێدییێ، لاپەرێن (٢٢٠ و ١٦٢ و ١٣٠).

(3) بۆ پیتر زانیاری ل سەر ڤێ دێرێ بنێڕە: (کوڤان ئحسان یاسین و نەزیف محمد علی، گەرەگو..... شینوار و پێکڤە ژیان، گۆڤارا (سیلاڤ)، هژمارا (٤٦)، شواتا ٢٠١٠، بپ١٠).

(4) بۆ پیتر زانیاری ل سەر دێرا گۆندێ دێرەشێ بنێڕە: (کوڤان ئحسان یاسین، دێرا دێرەشێ ـ چەند پەیسکەك دناڤبەرا مە و دیرۆکەکا کەڤن، گۆڤارا (سیلاڤ، هژمارا (٣٤)، شواتا ٢٠٠٩، بپ١٤ ـ ١٥). و دیسان سەرەدانەك مەیدانی بۆ شوینوارێ دێرا دێرەشێ، ل ڕۆژا (شەمبی) ڕیکەفتی (٢٠٢٢/٨/٢٠).

(5) سەرەدانێن مەیدانی بۆ ناووسکێن ڤان گۆندێن دەڤەرا بەرواری بالا: (بازێ)، ل ڕۆژا سێشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٣/٣/١٢). و (ئەدنێ، سەرەرۆ، مایێ و ئەلکویشکێ)، ل ڕۆژا سێشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٣/٦/١٧). و (بێلویزانێ)، ل ڕۆژا ئەینی ڕێکەفتی (٢٠١٣/١٠/١١). و (دەرگەلکا سەیدا)، ل ڕۆژا ئەینی ڕێکەفتی (٢٠١٣/١٠/١٨). و گۆندێن: (کێستە و هرۆرێ)، ل ڕۆژا دووشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٣/١١/٤). و (گویلکا)، ل ڕۆژا چوارشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٥/٦/٣). و سەرەدانا شوینەوارێن دەڤەرا سپنێ بەهدینان و گارەیی: (قەدشێ)، ل ڕێکەفتی (٢٠١٣/١/٢٣). و (ئیسفکا)، ل ڕێکەفتی (٢٠١٣/١/٣٠). و (گۆندێ دێرێ)، ل ڕۆژا سێشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٣/١١/٣). و (زێوا شێخ پیرامویسی). ل ڕۆژا شەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٤/١/١٨). و (ئەرەدنا ژێری ـ نەسارا ـ و دێرەسۆرێ)، ل ڕۆژا چوارشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٤/٥/٧). و (دیهێکێ و مێرگەتوییێ)، ل ڕۆژا پێنجشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٤/٦/٥). و (دیهێ)، ل ڕۆژا سێشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٥/١/٦). و (ئینشکێ و شکەفتا کانی سێفکێ)، ل ڕۆژا سێشەمبی ڕێکەفتی (٢٠١٥/٦/٩).

(٦) د پەرتووکا (وفيات الأعيان)دا هۆسان بەحسێ (شێخ الإسلام) دکەت: (ئەبو ئەلحەسەن عەلی کۆڕێ ئەحمەدی کۆڕێ یووسفی کۆڕێ جەعفەری کۆڕێ عەرفەیێ هەکاری ئەوێ ناسیار ب شێخ ئەلئیسلام؛ کو بوونا وی ل سالا ٤٠٩ مشەختییە و مرنا وی ل ئێکی محەرەما سالا ٤هەشتێ و شەشێ مشەختی) (أبن خلكان، ١٩٧٨: ٣٤٥).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

[7] دێرەشێ: گۆندەکێ نێزیکی گۆندێ (زێوا شێخا)یە، دکەڤیتە باشۆرێ ڕۆژهەلاتێ ئامێدییێ بۆ لایێ باکۆرێ گارەیی. (العباسي، ١٩٦٩: ١٣٦).

[8] ئەڤ زانیارییە دگەل نەخشێ وێ ژ لایێ (کوڤان ئحسان بامەڕنی)ڤە، ل ڕێکەفتی (١/٦/٢٠١٣) گەهەشتیمە مە ب سوپاسیڤە.

**ژێدەر:**

**١. پەرتووک:**

**أ. ب زمانێ عەرەبی:**


١. القرآن الكريم.

٢. إبن الخلكان، أبي العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر(٦٠٨هـ . ٦٨١هـ (١٣٩٨هـ/١٩٧٨م)، وفيات الأعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق/ الدكتور إحسان عباس، الطبعة (دون)، المجلد الثالث، بيروت، دار صادر.

٣. الأسود، حكمت بشير (٢٠١٢)، حضارة بلاد الرافدين . الأسس الدينية والإجتماعية، الطبعة الأولى، دهوك، دار المشرق الثقافية . دهوك.

٤. البوطي، د. محمد سعيد رمضان (١٩٩٠)، فقه السيرة، الطبعة السابعة، بغداد، مكتبة الشرق الجديد.

٥. بن كلدون، يوحنا (١٩٨٣)، تأريخ يوسف بوسنايا، ترجمة: يوحنان جولاغ، الطبعة الأولى، بغداد.

٦. بنگلى، سيپان حسن على (٢٠٠٥)، حصن كيفا (دراسة في تأريخها السياسێ والحضاري (١٢٠٠ . ١٣٠٠م))، الطبعة الأولى، أربيل، مؤسسة سپيرێز للطباعة والنشر . دهوك.

٧. الدمشقي، عمادالدين أبي الفداء إسماعيل إبن كثير (د س)، مختصر تفسير إبن كثير، تحقيق: محمد علي الصابوني، الطبعة الأولى، بيروت . لبنان، دار إحياء التراث العربي للطباعة والنشر والتوزيع.

٨. رووف، د.عماد عبدالسلام (٢٠١١)، المعجم التأريخي لإمارة بهدينان، الطبعة الأولى، أربيل، من مطبوعات الأكاديمية الكوردية.

٩. العباسي، محفوظ محمد عمر (١٣٨٨هـ . ١٩٦٩م)، إمارة بهدينان العباسية، الطبعة الأولى، موصل.

١٠. حداد، بنيامين (٢٠١٥)، موسوعة الديارات، الأجزاء (١ و ٢ و ٤ و ٧ و ٨)، الطبعة الأولى، دهوك، اللجنة الأدبية لكنيسة المشرق الآشورية.

١١. خنسي، د.بيوار (د س)، أبرز المواقع ألأثرية في محافظة دهوك، دهوك.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

١٢. دون أسم (٢٠٠٥)، الدليل السياحي، الطبعة الأولى، المؤسسة العامة للسياحة/ كوردستان العراق . أربيل.

١٣. ريحانا، العميد الركن سامى (٢٠٠٤)، موسوعة التراث القروي، الطبعة ألأولى، الجزء الأول، بيروت . لبنان، دار النشر والتوزيع (NOBLIS).

١٤. شمامي، الأب جبرائيل (٢٠٠٧)، تنا قريتي الحبيبة، عروس وادي صبنا، الطبعة الأولى، دهوك.

١٥. المايي، أنور (١٩٩٩)، الأكراد في بهدينان، الطبعة الثانية، دهوك.

١٦. المباركفوري، صفي الدين الرحمن (د س)، الرحيق المختوم، الطبعة (دون)، الرياض، دار السلام للنشر والتوزيع.

١٧. المرج، توما أسقف (١٩٦٦)، كتاب الرؤساء، تعريب: الأب البير أبونا، الطبعة الأولى، الموصل.

١٨. مجموعة من كبار الباحثين (٢٠٠٨)، موسوعة عالم الأديان، بأشراف: أبو طلال ب. مفرج، طبعة ثالثة معدلة، الأجزاء (الأول والثامن)، بيروت . لبنان، دار النشر والتوزيع (NOBLIS).

١٩. الندوي، أبو الحسن علي الحسني (١٩٨٩)، السيرة النبوية، الطبعة الثامنة، جدة . سعودية، دار الشروق للنشر والتوزيع والطباعة.

٢٠. نخبة من الأساتذة (د س)، قاموس الكتاب المقدس، هيئة التحرير: الدكتور بطرس عبد الملك، الدكتور جون ألكسندر طمسن و الأستاذ إبراهيم مطر، (دون مكان).

ب . ب زمانێ كوردی:

٢١. ئنجيلا پيرۆز. مزگينيا عيسايێ مەسيح، ب زمانێ كوردی . بەهدينی، چاپا ئێكێ، (لبنان: ٢٠١٩).

٢٢. أسماعيل سگێرى (٢٠٠٢)، تەفسيرا ژيان، چاپا ئێكێ، قم . تەهران.

٢٣. زێبارى و مايى؛ د.محمەد سالح و م. رێبەر مايى (٢٠١٢)، مێژوويا كوردستانێ يا كەڤن، چاپا ئێكێ، دهۆك، ڕيڤەبەرييا چاپ و بەلاڤكرنێ دهۆك.

٢٤. شێلازى، جەميل محەمەد (٢٠١٧)، ژ شوينەوارێن دەڤەرا ئامێدييێ، چاپا ئێكێ، دهۆك، ژ وەشانێن زانكۆيا دهۆك . سەنتەرێ بێشكچى بۆ ڤەكۆلينێن مرۆڤايەتى.

٢٥. هرورى، د.دەروێش يوسف حەسەن (٢٠١٠)، و: موسەدەق تۆڤى، چاپا ئێكێ، دهۆك.

٢. گۆڤار:

٢٦. برادۆستى و ياسين و محمد طاهر؛ د.زيدان رشيد خان اودل، كوڤان احسان، د.يادگار محمد سليم (٢٠٢١)، المباني الدينية بين الديانة المسيحية والإسلامية في منطقة (آميدى)، گۆڤارى (ئەكاديمياى كوردى، هژمارا (٤٩)، سالا ٢٠١٢، پشكا عەرەبى، هەولێر، ئەكاديمياى كوردى, بپ (٢٧٣ . ٣٠٤).

٢٧. دۆسـكى، تەحسـين ئيبـراهيم (٢٠١٣)، شـێخ ئيسـلامێ هـەكارى (٤٠٩ . ٤٨٦مشـەختى ١٠١٨ . ١٠٩٣زايينى) ناساندنەكا كورت و پسيارەكا گرنگ، **گۆڤارا (ديرۆك وار)**، هژمارا (١)، هاڤينا ٢٠١٣، دهۆك، بپ (١٤).

٢٨. ردێنى، وەصفى حەسەن (٢٠١٥)، كتاب الرؤساء پەرتووكا سريانى يە هندەك ژ ديرۆكا دەڤەرا بەهدينان تاكو سە (٨٤٠ز)الا تومارکريه، **گۆڤارا (نيژەن)**، هژمارا (٥)، زڤستانا ٢٠١٥ێ، بپ (١٠).

٢٩. شێلازى، جەميل محەمەد (٢٠١٨)، ڤەكۆلينەك لسەر دێرا باصياری و مەزارێ شێخ پيراموسى، **گۆڤارا (ديرۆك وار)**، هژمارا (١٩)، هاڤينا ٢٠١٨، دهۆك، بپ (٥٠ . ٩٥).

٣٠. ياسين، كوڤان ئحسان (٢٠١٠)، گوندێ ئيسفكا... وارگەه، جوگرافيا، شينوار و ئەفسانە، **گۆڤارا (سيلاڤ)**، هژمارا (٥٢)، تەباخا ٢٠١٠، دهۆك، بپ (١٦ . ١٨).

٣١. ياسين، كوڤان ئحسان (٢٠٠٩)، دێرا دێرەشێ . چەند پەيسكەك دناڤبەرا مە و ديرۆكەكا كەڤن، **گۆڤارا (سيلاڤ)**، هژمارا (٣٤)، شواتا ٢٠٠٩، بپ (١٤ . ١٥).

٣٢. ياسين و على؛ كوڤان ئحسان و نەزيف محمد (٢٠١٠)، گەرەگو..... شينوار و پێكڤە ژيان، **گۆڤارا (سيلاڤ)**، هژمارا (٤٦)، شواتا ٢٠١٠، بپ (١٠ . ١٢).

**الملخص:**

هذا البحث بحث ميداني وتحليلي، في البداية معرفة كفية و لماذا استخدم الإنسان الكهوف الطبيعية، والتي كانت تستخدم خلال عصور مختلفة كمأوى (للعيش والاختباء والعزلة والعبادة)، ثم التفكير في صنع كهوف يدوية. (محفور) خاصة في المناطق التي تكون فيها الكهوف الطبيعية قليلة أو غير موجودة، وإلقاء الضوء على العلاقة بين (الناووسك) والكنائس والغرض من وراء استخدامها.

يتكون البحث من جزأين، في الجزء الأول/ المحور الأول الكهوف، النواسك، الكنائس والراهبات تعاريف ومصطلحات، وملخص عن تاريخ (النواسك) في عصور مختلفة وخاصة مراحل المسيحية وما حدث لها.

و في المحور الثاني، يتم التركيز على العديد من النظريات حول متى والغرض من إنشاء الناوسك و الصوامع.

في القسم الثاني/ المحور الأول، تمت مناقشة أنواع النواسك، وكيف يتم تأسيسها هندسيًا، وفي أي أشكال تم إنشاؤها؟ حيث ذكرنا مجموعة من كل نوع من أنواع النواسك المنتشرة في منطقة العمادية، مع القاء الضوء على بعض الديارات في منطقة العمادية, والتي تحولت الى المساجد, في زمن البوهيين وهجماتهم على المنطقة, وكيف هدموا مئات الديارات في المنطقة, وأيضا فترة احتلال المنطقة من قبل الامبراطورية العثمانية, وأحتلال المنطقة من قبل مير محمد الرواندزي. و في المحور الثاني تمت مناقشة النظريات المذكورة في القسم الأول، وما هي النظرية الأكثر صحة بالنسبة للنواسك التي تم إنشاؤها وحفرها في الصخور في منطقة العمادية حسب موقعها الجغرافي؟ ولأسباب عديدة، أن النواسك في منطقة العمادية لديها علاقة قوية بالكنائس وقد تم استخدامهم للاختباء من الأعداء وكذلك لغرض الخلوة والعبادة.

**الكلمات الرئيسية**: *الكهف ، ناووسك، صومعة ، الكنيسة ، الراهبات ، منطقة العمادية ، المعبد والعبادة*

**Abstract:**

Our research is a field and analytical research. At the beginning we tried to find out about how and for what the natural caves were used by human being, which are used during different eras as a (shelter, and for living, hiding, solitude and worshipping), then thinking about making hand making caves (engraved) especially In areas where natural caves are few or do not exist, We shed light on what is the relationship between nawoosk and churches and the purposes behind of their using.

The research consists of two parts, in the first part/ topic 1, caves, nawoosk, churches and nuns as definitions and terms, an abstract about the history of Nawoosks in different eras specially the stages of the Christianity and what happened for it.

In the second section, the focus is on many theories about when and the purpose of establishing the Nawoosks/silos .

In the second section/ part one, the types of Nawoosks are discussed, how are they established geometrically, and in what forms were they constructed? in which we mentioned a group of each of its types widespread nawoosks in Amadiya area.

in the second part, the mentioned theories in the section one are discussed, which theory is truer for the nawoosks established and digged in rocks in Amadiya area according to its geography location? For many reasons we figared that the nawoosks in Amadiya area have a strong relation with churches and they were used for hididing from enimies as well as for worshipping purpose.

**The main words:** *Cave, nawoosk/ silo, church, nuns, Amadiya area, temple and worship*

# بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە میرایەتی بادیناندا

**پ. د. ئاراس محمد صالح**
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان- سلێمانی/ عێراق

**پۆختە:**

دوای ئەوەی میرایەتییە کوردیەکان دامەزراون و بنیاتی کارگێری خۆیان چەسپاندووە، بەپێی ئەو توانایەی هەیانبووە، لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵی پێشخستنی دەسەڵاتەکەیانداوە، یەکێک لەو لایەنانەی جێگەی بایەخی میرە کوردەکان بووە، گرنگیدانیان بووە بە لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیری، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی زۆریانداوەو پشتگیری زانایان و فەقێکانیان کردووە، هەروەها خوێندنگەو مزگەوتیان بۆ دروستکردوون و وەقفیان بۆ دابینکردوون، هەموو ئەم هەنگاوانەش کاریگەری زۆریان هەبووە لە گەشەپێدانی خوێندن و ڕۆشنبیری.

ئەم توێژینەوە بە تایبەت باس لە (بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری) دەکات لە میرایەتی بادیناندا، لە دەستپێکێک و دوو باس پێکهاتووە، لە دەستپێکدا بە کورتی مێژووی میرایەتی بادینان باسکراوە لەگەڵ گرنگیدانیان بە بواری خویندن و رۆشنبیری، ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە دروستکرنی خوێندنگاو هاوکاری زانایان و فەقێکان و دابینکردنی پێویستیەکانی خوێندن.

لە باسی یەکەمدا ئاماژەکراوە بە گرنگترین هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و زانست لە سنوری قەڵەمڕەوی میرایەتی بادیناندا، وەک پشتگیری و هاوکاری میرەکانی بادینان لە پرۆسەی خوێندن و زانایان و گرنگیدانیان بە دانانی کتێب و پاراستنی بەرهەمی زاناکان، هەروەها دڵسۆزی خەڵکی ناوچەکە بۆ زانایان و هاوکاری فەقێکان، بەرقەراربوونی ئارامی ئاسایش هەتا ئاستێکی باش ڕۆڵی هەبووە گەشەکردنی خوێندن و ڕۆشنبیری و ئاوەدانی لەو ناوچەیەدا.

لە باسی دووەمدا باسی گرنگترین ناوەندەکانی خوێندن کراوە لە سنوری میرایەتی بادیناندا، بەتایبەتی خوێندنگەکان ئامێدی و قوبەهان و ئاکرێ و دهۆک و زاخۆ، کە چوار ناوەندی گرنگی خوێندەواری بوون لە سەردەمی میرایەتی بادیناندا، لەگەڵ ئاماژەکردنی بە ناوی ژمارەیەک خوێندنگەی تر لە دەڤەری بادیناندا.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاکاژەی پێکراوە لەگەڵ ڕاسپاردەو پێشنیارەکاندا، لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان تۆمارکراوە.

**ووشە کلیلیەکان:** *بزاڤ، خوێندن، ڕۆشنبیری، میرایەتی بادینان.*

**پێشەکی:**

میرە کوردەکان بۆ بەرەوپێشبردنی دەسەڵات و میرایەتیەکەیان هاوکاری بزاڤی خوێندن و زانستیان کردووە، ئەو خوێندنگایانە تەنها ناوەندبوون خوێندەوارو نووسەرو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەسی شیاوی بۆ پەروەردە کردبن، خوێندنگە ئاینییەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە ئێگەیانی خوێندەواری بە تواناادا، لەلایەکی ترەوە میرەکان بۆ جوان کردنی ڕووی دەسەڵاتەکەیان و ململانیی لەگەڵ میرایەتی و دەسەڵاتەکانی دەوروبەریاندا شانازیان بە خوێندەوارو زاناکانی ناو چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەیانەوە کردووە.

میرە کوردەکان بەهۆی دڵسۆزیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان پشتگیری بەردەوامی بزاڤی خوێندنیان کردووە، هەربۆیە هەوڵی زۆریانداوە زانای گەورەو خوێندنگەی ئاوەدان لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا دروستبکەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاڵنەری ئاینی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەوەی میرە کوردەکان هەموو کات هاوکاری پرۆسەی خوێندنبن و پشتگیری زانایان و قوتابیان بکەن.

لەم توێژینەوەدا توێژەر هەوڵ دەدات سیاسەتی ڕۆشنبیری میرەکانی میرایەتی بادینان ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەم هەوڵە زانستییە پشت بە سەرچاوەی ڕەسەن و دەستنووس بەڵگەنامەکان دەبەستێت لە بواری توێژینەوەکەیدا.

**گرنگی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی مێژوونووسان زیاتر گرنیان بە نووسینەوەی مێژووی سیاسی و سەربازیداوە، ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت هەتا ئێستا بەشێوەی توێژینەوەی زانستی سەربەخۆ کەم لەبارەی لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی میرایەتیە کوردیەکانەوە نووسراوە، بەتایبەتی میرایەتی بادینان لە ئامێدی، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخدانی میرەکانی بادینان بەلایەنی خوێندن و خوێندەواری جێگەی ستایش و لێکۆڵینەوەیە، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە لەو بوارەدا.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە بە ڕێبازی وەصفی شیکاری دەنووسرێت.

پرسیاری توێژینەوە: ئایا لە سنووری میرایەتی بادیناندا بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە چ ئاستێکدا بووە؟ میرەکانی بادینان چەندە هاوکاری پرۆسەی خوێندن بوون لە ڕۆژگاری خۆیاندا؟ ئەو هۆیانە چی بوون هاوکاری گەشەکردنی خوێندن و ڕۆشنبیریانداوە لە ڕۆژگاری بادیناندا؟ ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**سنوری توێژینەوە:** لە ڕوی شوێنی جوگرافیەوە تەنها سنوری میرایەتی بادینان لەخۆ دەگرێت، لەڕووی کاتەوە، باس لەو ماوەیە دەکات کە میرایەتی بادینان حوکمی تێداکردووە.

پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوە لە پێشەکیەک و دەسپێکێک و دوو باس پێکهاتووە، لە پێشەکیدا باس لە گرنگی توێژینەوەو ڕێباز و پرسیاری توێژینەوەو پلانەکەی دەکرێت، لە دەستپێکدا ناساندنێکی کورت بۆ میرایەتی بادینان ئەنجام دەدرێت، لە باسی یەکەمدا هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە میرایەتی بادیناندا شرۆڤە دەکرێت، هەروەها لە باسی دووەمدا گرنگترین ناوەندەکانی ڕۆشنبیری لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سنووری میرایەتی بادینان باس دەکرێن، لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژنەوەو ڕاسپاردەکان دەنووسرێت لەگەڵ لیستی سەرچاوەکاندا.

**دەستپێک:**

**کورتەیەک لەسەر میرایەتی بادینان**

هەرچەندە بۆچونی جیاواز هەیە لەبارەی مێژووی پێکهێنانی میرایەتی بادینانەوە، بەڵام زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان مێژووی دروسبوونی دەگەڕێننەوە بۆ دەوروبەری کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی، میرەکانی ئەم میرایەتیە شاری ئامێدیان کردووەتە پایتەختی دەسەڵاتەکەیان، سەرەتا لەلایەن میر خەلیل پاشای کوڕی میر عیزەدین پاشاوە کە نازناوی (بەهادین)بووە دروستکراوە، لە پاشاندا بەناوی ئەو میر بەهادینەوە ناوی (بەهادینان)ی وەرگرتووە، دواتر بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ناوی میرایەتیەکەو هەموو ناوچەکە بووە بە بادینان[1].

هەرچەندە هەندێ لە مێژوونووسان ڕیشەی بنەماڵەی میرەکانی بادینان دەبەنەوە بۆ سەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حوکمڕانی عەباسییەکان لە شاری بەغداد[2]، بەڵام مێژوونووسی ناسراو شەرەفخانی بەدلیسی ئەم بۆچوونە پەسەند ناکات و بە بێ بەڵگەو بێبنەما وەسفی کردووە[3].

ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە شەرەفخانی بەدلیسی لە ڕۆژگاری ئەو میرایەتیەدا ئەو کتێبەی نووسیوەو قسەکەی ئەو وەجێگەی بایەخە، نەک کەسانێک دوای چەند سەدەیەک هاتوون ئەو مێژووە تۆمار بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی پێویستە لێرەدا باس بکرێت، ئەو بەڵگەنامەیە (الشجرة الزیوکیة)یە کە بەڵگەنامەیەکی کۆنەو بەناوی گوندی (زێوە)وە ناوبراو کە تێدا پارێزراوە، ئەم بەڵگەنامە لەلایەن مێژوونووس (د.عماد عبدالسلام)وە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوەو ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە کە بنەچەی میرەکانی ئامێدی دەچێتەوە سەر بنەماڵەی عەباسیەکان لەدوای هێرشەکانی هۆلاکۆوە بۆسەر بەغداد عەباسیەکان پەرتەوازە بوون و دواتر لقێکیان گەیشتونەتە کوردستان و لە شەمزینان و ئامێدی توانیویانە جارێکی تر دەسەڵات بگرنەوە دەست[4].

ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی مێژووی میرایەتی بادینانەوە کردووە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرەتا لە سەرووی زێی گەورەوە دروستکراوە، لەسەر سنوری میرایەتی شەمزینان، پاشان بەرەو ڕۆژئاوا درێژبووەتەوەو دەستیان بەسەر قەڵای ئامێدیدا گرتووەو کردوویانە بە پایتەختی دەسەڵاتەکەیان، پاشان سنورەکەیان فراوان کردووە، توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان زیاتر فراوان بکەن و بگەنە سنوری چیاکانی هەکاری و کەنارەکانی زێی گەورە[5].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میرایەتی بادینان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی (١٥م) توانی لە ڕۆژئاواوە دەستبگرێت بەسەر زاخۆدا و لە میرایەتی بۆتانی دابڕێت، لەو کاتەدا توانیویەتی سوود لە کێشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و صەفەوی وەربگرێت و سنوری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات لەسەر حسابی میرایەتییە کوردیەکانی دراوسێی، بۆ ماوەی چەند ساڵێک شاری موصڵی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەو ڕۆژگارەدا موصڵ گرنگی و بایەخی زۆری هەبووە، چونکە ناوەندی ویلایەتی موصڵ بووە کە گرنگی زۆری هەبووە لەلای دەوڵەتی عوسمانی[٦].

پێگەو گرنگی میرایەتی بادینان لە هەردوو سەدەی دەیەم و یازدەیەمی کۆچیدا (١٦-١٧ز) زیاتر لە ڕووی سیاسیەوە دەرکەتووە، بەجۆرێکی وەها کە بووەتە یەکەیەکی کارگێری سەربەخۆ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سوڵتانی عوسمانی (باب العالی)وە هەبووە لە ئەستەمبوڵ، میرەکانی بادینان فەرمانیان ڕاستەوخۆ لە سوڵتانی عوسمانی وەرگرتووەو بۆ چارەسەری کێشەکانیان و هێرشە سەربازیەکانیان، میرایەتیەکەیان وەک حکومەتێکی سەربەخۆ (حکومت) کاری کردووە، میرەکەش بە ناوی (حاکم)ەوە حوکمڕانی کردووە، دەسەڵاتی کۆکردنەوەی باج و دانانی قازی و فەرماندەی لەشکری هەبووە[٧].

سیستمی حکومڕانی بنەماڵەیی بووەو لە باوکەوە بۆ کوڕەکانی ماوەتەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی دوانزەی کۆچیدا (١٨ز)دا کاریگەربووە بە نەخشەی (الخطة العراقية) کە بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی لە دەسەڵاتی والی بەغدادا بووە، لەو نەخشەدا داواکراوە والیەکانی بەغداد سەرپەرشتی ویلایەت و میرایەتیەکانی دەوروبەریان بکەن، لەو هەنگاوەشدا والی بەغداد سەرکەتوو بووە بە لکاندنی میرایەتی بادینان بە ویلایەتی بەغدادەوە، والی بەغداد داوای کردووە کە میرایەتی ئامێدی باجی ساڵانە بدەن بە والی بەغداد[٨].

میرەکانی بادینان بەپێی کاریگەری بە دەرەوەی خۆیانەوە چەند نازناوێکیان هەبووە، سەرەتا بە پاشا (ملک) ناوبراون، ئەمەش ئاماژەیە کە نیمچە سەربەخۆ بوون لەو کاتەدا، لە سەدەکانی نۆ و دەی کۆچی (١٥-١٦ز) بە سوڵتان ناوبراون، ئەمەش نیشانەی سەربەخۆیی تەواویانە لەو قۆناغەدا، لە سەدەی یازدەی کۆچی (١٧ز) نازناوی (خان)یان وەرگرتووە، ئەمەش بەڵگەی کاریگەریان بووە بە دەوڵەتی صەفەوی لەو ڕۆژگارەدا، لە سەدەی دوازدەی کۆچی (١٨ز) بە نازناوی (بەگ) ناوبراون، ئەم نازناوە دراوە بەو کەسانەی لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە دامەزراون، لە قۆناغێکی دواتر نازناوی پاشایان وەرگرتووە.

پێکهاتەی کارگێری میرایەتیەکە بەهێز بووە، میر لە ئامێدی پایتەخت دانیشتووە، قازیەک هاوکاری کردووە بۆ کاروباری سکاڵاو فتوادان و دەسەڵاتی یەکلایی کردنەوەی هەبووە، لە هەموو شار و گوندێکی سەرەکیدا میرێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوا


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دانــراوە، بــۆ هەمــوو هــۆزو عەشــیرەتێکیش ســەرۆکێک دیــاری کــراوە، میــرایەتیەکە لەشکرێکی چەکداری هەبووە، چەکدارەکانی پێکهاتووە لە هێزی عەشیرەتەکانی ژێر دەسەڵاتی میرایەتیەکە، بۆ هەمموو عەشیرەتێک بلۆکێک (سریە)یەک یان زیاتری هەبووە.

ئەم میــرایەتیە لە مــاوەی حــوکمڕانی خۆیــدا نــزیکەی (٣٨) میــر حوکمڕانیــان کردووە، ماوەی نزیکەی شەش سەدە بەردەوام بووە، لە ڕۆژگاری سوڵتانی حسێن وەلیدا کە (٤١) ســاڵ بەردەوام بــووە، لە نێــوان ســاڵانی (٩٤٠-٩٨١ک) حــوکمی کــردووە، بەهێزتــرین دەسەڵات و فراوانتـرین سـنوری هەبـووە، یەکەم میـر، یـان پاشـای ئەم میـرایەتیە خەلیـل پاشـا بـووە، کۆتـا میـری ئیسـماعیل پاشـا بـووە، کە لە نێوان سـاڵانی (١٢٥١-١٢٥٨ک) حـوکمڕان بووە، لە ساڵی (١٢٥٨ک- ١٨٤٢ز) کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هاتووە.

دوای چەنــد ســەدەیەک لە حــوکمڕانی بەهــۆی کۆمەڵێــک پــاڵنەری نــاوخۆیی و دەرەکیەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی میرایەتی بادینان هاتووە، لە گرنگترین هۆیەکانی ڕوخانی ئەم میــرایەتیە بریتــی بــووە لە نــاکۆکی نــاو بنەمــاڵەی حوکمڕان و ڕێکنەکەوتیــان لە ســەر دابەشکردنی دەسەڵات، هەروەها ململانێی و هێرش و پەلاماری میرایەتیە کوردیەکانی وەک سۆران بـۆ سـەر ئامێدی، لە هەمـان کاتـدا گـۆڕانی سیاسـەتی دەوڵەتـی عوسـمانی کە خـۆی ڕاستەوخۆ حوکمی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بکـات و هەمـوو میرایەتـی و دەسـەڵاتە ناوچەییەکانی هەڵوەشاندەوەتەوە[٩].

## باسی یەکەم

## هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە میرایەتی بادیناندا

بێگومــان گەشەکردنی هەرلایەنێکی وڵات و دەســەڵاتی سیاســی کۆمەڵێــک هــۆی بــابەتی و نــاوخۆیی هەیە، گەشــەکردنی لایەنــی زانســت و ڕۆشــنبیری و زۆربــوونی ژمــارەی خوێنـدنگاو کۆبـوونەوەی مامۆسـتایان و ژمـارەیەکی بەرچـاو فەقـێ لە سـنوری قەڵەمـڕەوی میرایەتــی بادینانــدا دەگەڕێــتەوە بــۆ کۆمەڵێــک هــۆی ســەرەکی کە لێــرەدا ئامــاژە بە هەندێکیان دەکەین، لە گرنگترینی ئەو هۆیانە:

**یەکەم/ پشتگیری میرەکانی بادینان لە پرۆسەی خوێندن:** میرەکانی بادینـان هەموویـان پشــتگیری و هاوکــاری زانایــان و فەقێــی و خوێنــدنگەکان بــوون، تەنــانەت هەنــدێکیان نووسـەرو دانەری کتێب بوون، خوێندنگە ئاینیەکان تەنها ناوەندی خوێندن و خوێنـدەواری بوون لەو ڕۆژگارەدا، میرە کوردەکان بۆ ئەوەی کەسانی شیاو بەتوانا بـۆ هەمـوو بەشـەکانی دەسەڵاتەکەیان پەروەردە بکەن خوێندنگە ئاینیەکان تەنها شوێنێک بـوون نووسـەرو قـازی و موفتی و مێژوونووس و مامۆستایان پێبگەیەنێت، هەربۆیە بەردەوام هاوکـارو پشتگیری ئەو ناوەندانە بوون و مناڵی خۆیانە ناردووەتە لای مامۆستاکانی سنوری دەسـەڵاتەکەیان بۆ ئەوەی فێری خوێندەواریان بکەن[١٠].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم بنەماڵە رۆشنبیرەدا ژمارەیەکی زۆر میری پێگەیشتوون کە گرنگی زۆریان بە زانست و رۆشتبیریداوە لە ناوچەکەیاندا، وەک دامەزراندنی خوێندنگە، وەقفی کتێب، بەخشینی ماڵ بە مامۆستایان و قوتابیان، هەندێکیان دانەرو ئەدیب بوون، ئارامی ئاسایشی میرایەتیەکەیان پاراستووە، ئەمەش گەشەکردنی ژیاری بەدوادا هاتووە، ئەو ئارامیە پاڵنەری گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و رۆشنبیریش بووە.

دەتوانین بڵێین هاندانی میرایەتیەکە بۆ بزاڤی رۆشنبیری رەنگدانەوەی زۆری هەبووە لە بەرامبەردا، وەک چەسپاندنی ئاکاری کۆمەلایەتی بەرز، وە چەمکی سیاسی نوێ، وە بنەمای رێزگرتنی سیستمی سیاسی لەبری پاشاگەردانی[11].

**دووەم/ بنیاتنانی مزگەوت و خوێندنگە:** لە رۆژگاری میرایەتی بادیناندا ژمارەیەکی بەرچاو مزگەوت و خوێندنگە بنیاتنراون، یان بەردەوام نۆژەن کراونەتەوەو پێویستی مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن دەستەبەر کراوە، لە شاری ئامێدی ناوەندی دەسەلاتەکەیاندا کۆمەڵێک ناوەندی خوێندن و رۆشنبیری بنیاتنراون، هەروەها لە ئاکرێ و دهۆک و زاخۆ و چەند گوندێکی ناو سنوری قەڵەمرەوەکەیاندا خوێندنگەیان بنیاتناوە، بەهۆی هاوکاری بەردەوامی میرەکانی ئامێدیەوە بەردەوام لایەنی خوێندن و رۆشنبیری لە گەشەکردندا بووە[12].

میرەکانی بادینان لە ناوشاری ئامێدیدا ژمارەیەک خوێندنگەیان کردووەتەوەو ژمارەیەک خوێندنگەی دێرینیان نۆژەنکردووەتەوە، بەلام لە هەموویان گرنگتر بنیاتنانی خوێندنگەی قوبەهان بووە، لەو رۆژگارەدا ئەم خوێندنگەیە لە ئاستی زانکۆدا بووە، خوێندنگەکانی ئاکرێ و دهۆک و زاخۆو مایێ ئەرمشت و بامەرنی و شوێنەکانی تر بەڵگەی گرنگیدانی ئەو میرانەیە بە پرۆسەی خوێندن و رۆشنبیری لە قەڵەمرەوەکەیاندا[13].

**سێیەم/ بلاوکردنەوەی رەوشت و ئاکاری بەرز:** خوێندنگەو مزگەوتەکانی کوردستان ناوەندێکی گرنگ بوون بۆ بلاوکردنەوەی رەوشت و ئاکاری جوان، بنەماکانی ئیسلام کە لەو خوێندنگایانەدا خوێندراون خەڵکیان فێری راستگۆیی‌و دەستپاکی و داوێنپاکی و دوورکەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ کردووە، دڵسۆزانی کورد زانیویانە ئەو رەوشتە جوانانەی لە خوێندنگەکاندا فێری دەبن باشترین رێگەی پاراستنی میللەتە لە کردەوەی خراپ و داڕوخانی کۆمەڵگە، هەربۆیە خەڵکی بەگشتی هاوکاری ئەو ناوەندانەیان کردووەو منداڵی خۆیان ناردووەتە ئەو خوێندنگایانەو هانی خەڵکیانداوە بەهەموو شێوەیەکی دارایی و مەعنەوی هاوکاریان بکەن[14].

**چوارەم/ پابەند بوون بە سیستەمەوە:** زۆرجار هەندێ خێڵ و دەستەو گروپ کێشەیان بۆ میرو دەسەلاتە ناوچەییەکان دروست کردووە، لەبەرامبەردا مامۆستایانی ئاینی‌و ئەو رێنوێنیانەی لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خوێندنگەکاندا دەخوێندران هانی خەڵکیان دەدا بۆ پابەند بوون بە قانوون و سیستمی میرەکان و دوور کەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەکی ڕێگری و یاخیبوون لە دەسەڵات[15]. بێگومان ئەم ئارامیە کۆمەڵایەتیە هۆی گەشەکردنی وڵات بووە لە هەموو ڕووەکانی شارستانی و ڕۆشنبریەوە.

**پێنجەم/ دابینکردنی وەقف:** یەکێک لە هەنگاوەکانی میرەکان بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندن لەناو میرایەتیەکەیاندا، دابینکردنی وەقف بووە بۆ بەڕێوەچوونی ئیشوکاری خوێندنگەو مامۆستاکان، میرەکانی بادینان لە ماڵ و سامانی خۆیان و داهاتی حکومەتەکەیان بەردەوام پشتگیری ناوەندەکانی خوێندنیان کردووە، هەروەها گوند و باخ و زەوی کشتوکاڵیان وەقف کردووە بۆ خوێندنگەکانیان.

لە هەمان کاتدا ئەو زەکاتە دەیەکەی ساڵانە لە بەروبومی جوتیارەکانیان وەرگرتووە تایبەتیان کردووە بۆ خزمەتی مزگەوت و خوێندنگەو مامۆستاو فەقێکان، لە هەمان کاتدا ساڵانە باجێکیان لەسەر جولەکەو گاوەرەکانی ناو قەڵەمڕەوەکەیان داناوەو بەکاریانهێناوە بۆ خزمەتی زانست و خوێندن[16].

سیستمی وەقف جۆرێک لەسەربەخۆیی بۆ ناوەندەکانی خوێندن و زانایان دەستەبەرکردووەو هەموو کات چاویان لە دەستی میرو دەسەڵاتدارەکان نەبووە کە هاوکاریان بکات، لە هەمان کاتدا لەکاتی کێشەو شەڕدا، یان مردنی میرێکدا تووشی کێشەی دارایی نەبووونەتەوە بەهۆی ئەو وەقفانەی بۆیان دابینکراوە، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا بەردەوام خەڵکی خێرخوازی شارو شارۆچکەو گوندەکان یارمەتی و مزگەوت و فەقێ و مزگەوتیان کردووەو بە چاوێکی خواناسی و پاداشتی دواڕۆژ سەیری ئەو هاوکاریانەیان کردووە.

**شەشەم/ دەستەبەرکردنی کتێب و پێویستی خوێندن:** میرەکانی بادینان هەموو کات لە خەمی پەیداکردنی کتێب و دەستنووسی بە نرخدابوون بۆ مامۆستاو فەقێکان، بەم هەنگاوەشیان خزمەتی زۆری فەرهەنگ و خوێندنیان کردووە، هانی زاناکانیانداوە بۆ نووسین و دانانی کتێب، لە هەمان کاتدا زۆر لە خەمی پاراستنی دیوانی شاعیران بەرهەمی زانا کوردەکاندا بوون، ئەو سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی خوێندنگاکان کردووە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کۆگای کتێب (خزانة الكتب)یان هەبووە، هەندێک لەو کۆگایانە زیاتر لە هەزار نوسخەی دەستنوسی بە نرخی تێدابووە[17].

لایەنێکی دی لەلایەنە پرشنگدارەکانی میرانی ئامێدی بە ڕۆشنبیری لە دەڤەرەکەیاندا، ئەو بایەخدانە گەورەیان بووە بە کۆکردنەوەی دەستخەت و دانراوی جۆراوجۆری مامۆستایانی جیهان. ئەو هەوڵە گەورەیە بەرەکەی کتێبخانەیەکی کەم وێنە بووە، کە مەگەر هەر خودا بزانێ چەند دانراوی بێ وێنەو چەند دەستخەتی زەڕکەفتکراو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەند دیاری نایابی تێدا پارێزراو بووە. بەڵام بە پوکانەوەی میرنشینەکە، کتێبخانەکەشیان (کتێبخانەی قوببەهان) بەر چەپۆکی زەمانە کەوتووەو بەشی زۆری بە تالان و دزین و دەستبەسەراگرتن و مشک و مۆرانەو چەندین جۆری دیکەی تێدا چوون و تێدا بردن و لەناوبردن و بێ سەروشوێن بووە.

پاشماوەیەکی کەمی- کە بەڵگەی گەورەیی ئەو کتێبخانەو بایەخدانی کەم وێنەی میرانی ئەو دەڤەرە، بە تایبەتی میر حسێنە بەم لایەنە پڕ بایەخەی ڕۆشنبیری، لەم دوایانەدا لە ڕێگەی مامۆستایەکەوە درا بە (دار العراق للمخطوطات) کە ژمارەیان (٣٢٠) دانە زیاتر دەبن و بە (٢٠٧٦٥-٢١٠٨٦) تۆمار کراون[١٨].

میرەکانی بادینان تەنها گرنگیان بە دەستنووس و کتێبە ئاینیەکان نەداوە، بەڵکو گرنگیدانیان بە شیعرو ئەدەب و مێژوو، لە کارە لە پێشینەکانی ئەو میرانە بووە، هەربۆیە هانی هەندێ لە مامۆستایانداوە کە دیوانی مەلای جزیری شەرح بکەن و دەستنووسەکانی ئەو دیوانە بپارێزن و وەک بابەتێکی گرنگ سەیریان کردووە، نووسەر محەمەد عەلی قەرەداغی لەباسی بایەخدانی میرەکانی بادیناندا بە بزاڤی ڕۆشنبیری و زانست و ئەدەب لە چەند خاڵێکدا کورت دەکاتەوەو ئەڵێت:

یەکەم: ئەو بایەخدانەی میرەکانی بادینان لە چوار دەقی شەرحی دیوانی چەند قەصیدەی مەلای جزیریدا ڕەنگی داوەتەوە، کە مامۆستایانی کورد شەرحی قەصیدەکانیان کردووەو، دوایی کارەکانیان پێشکەش بە دوو میری عیمادییە زوبەیر پاشاو، ئیسماعیل پاشا کردووە.

دووەم: ئەو بایەخدانە هەر لایەنی ئەدەبی نەبووەو، لایەنە جۆراوجۆرەکانی زانستی وەک: تەفسیر و، شەرع و، بابەتی دیشی گرتوەتەوە.

سێیەم: کەرەستەی پێویست بۆ مامۆستاو فەقێ لە ڕووی فراوانکردنی ئاستی زانستیانەوە، ئەمەش خۆی لەو کتێبخانە گەورەو کەم وێنەدا دەبینێ کە لە عیمادییەدا بەناوی (مكتبة قبهان)وە بووە، سەدان و هەزاران کتێبی پڕ بایەخی لە هەموو جۆرە زانیاریەکی سەردەم تێدابووە[١٩].

**حەوتەم/ هاوکاری زانایان و کۆکردنەوەیان لە سنوری میرایەتیەکەدا:** یەکێکی تر لە بەرنامەی میرە کوردەکان بۆ پێشخستنی بزاڤی خوێندن لە سنوری میرایەتیەکەیاندا بریتی بووە لە کۆکردنەوەی زانا گەورەکان و کردنەوەی خوێندنگەو دابینکردنی پێداویستی خوێندن بۆیان، بێگومان میرەکانی بادینان لەم ڕووەوە دریغیان نەکردووە، چوونی مامۆستایانی حەیدەری لە شاری هەولێرەوە زانایانی گوندی زیارەتی ناوچەی خۆشناوەتی بۆ ئامێدی و ژمارەیەکی مامۆستا تر لە ئامێدی و قوبەهان و شوێنەکانی تری سنوری میرایەتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

وانەیـان وتـوەتەوەو لە بنەڕەتـدا خەڵكـی ئەو نـاوچە نەبـوون، بەهـۆی هانـدان و پشـتگیری میرەكانی ئامێدیەوە بووە[٢٠].

**هەشـتەم/ تایبەتمەنـدی خەڵكـی نـاوچەكە:** بەهـۆی زۆری زانایـان و خوێنـدنگەی ئـاینیەوە خەڵكـی نـاوچەی میرایەتـی بادینـان خەڵكـانی زانسـتخوازو ئاشـتیپەروەر بـوون، هەمـوو كـات هاوكاری كاری چاكەیان كردووەو دووركەوتوونەتەوە لە خراپە، ئەمەش جۆرێـك لە هێمنـی و ئاسایشــی كــۆمەڵایەتی دروســتكردووە، ئەو هێمنــی ئــارامیەوە یــارمەتی پێشــكەوتنی ناوچەكەیداوە لە ڕووەكـانی زانستی و ئـاوەدانی و پێشـكەوتنی كۆمەڵایەتی و بەرقەرابـوونی ئاسایشی و ئارامی لەو ناوچەیە.

شــەرەفخانی بەدلیســی لەبــارەی سروشــتی خەڵكــی ئامێــدیەوە ئەڵێــت: (زمــان و فەرهەنگیـان بە كـوردی و عـارەبی هەوێـن كـراوە، گەورەو بچووكیـان پـاك و بە دیـن و خێرخـوڵان و دڵیـان بە چـاكەوە بەنـدە، میرانـی ئامێـدی خوێنـدنگەو مزگەوتیـان لەوێ سـازكردوون، مامۆسـتایان و زانایـان سـەرقاڵی پەرەپێـدانی زانسـتی دینـین و لەسـەر ئەو ڕێبـازە دەڕۆن كە بڕوای بە هەقی تێدا سەلماوە)[٢١].

**نـۆیەم/ بەرقەراری ئاسـایش:** بەپێـی ئەو سیاسـەتەی پەیڕەویـان كـردووە، میرەكـانی بادینـان لەشــكرێكی ســەربازی تۆكمەیــان هەبــووە، پێكهــاتەی ئەم لەشــكرە لە هەمــوو هــۆزو عەشیرەتەكانی سنوری دەسەڵاتەكەیان بووە، بەتایبەتی عەشیرەتە گەورەكـان، ئەم هەنگـاوە سیاسـەتێكی دانایانە بـووە كە پەیڕەویـان كـردووەو زۆرتـرین كەسـیان بەشـداری پێكـردووەو لەنـاو پێكهـاتەی حكومەتەكەیانـدا، بەو هـۆیەوە هەمـوو عەشـیرەتێك میـرایەتیەكەی بەهـی خۆی زانیوەو وەلائی تەواوی بۆی هەبووەو هاوكـارو پشـتگیری دەسـەڵات بـووە، ئەم هەنگـاوەش كاریگەری زۆری هەبووە لە پاراستنی ئاسایش و ئارامیدا، لە هەمان كاتدا هێزێكـی تۆكمە بوون بۆ بەرگری لە هێرشی دەركی بۆ پاراستی میرایەتی بادینان[٢٢].

**دەیەم/ سـەربەخۆیی مەلا و فەقێـی كـورد لە خوێندنـدا:** لەگەڵ هەمـوو نائارامیەكـانی كوردسـتان و شـەڕی نێوان عوسمانی و صـەفەوی لەلایەك، لەلایەكـی تـرەوە ململانێی نێوان میـرایەتیە كوردیەكـان نەیتوانیـوە ڕێـگەی هـاتووچۆی خوێنـدن لە فەقێ و مەلای كـورد بگرێت، بەڵكو مەلا و فەقێی كورد نەبوونەتە بەشێك لە ململانێی و لایەنگیری لایەك، بەڵكـو هەمـوو كـات و سـەردەمێكدا هـاتۆچۆی نێـوان عوسـمانی و صـەفەویان كـردووە، لەلایەكـی تـرەوە لە نێـوان میـرایەتیە كوردیەكـانی بادینـان و سـۆران و بابانـدا بە ئـازادی هـاتوچۆی خۆیـانكردووەو بەدوای زانـای گەورەو خوێنـدنگەی بەناوبانگـدا گەڕاون، بێئەوەی كێشەو پەلامارەكانی نێوان ئەو میرایەتیانەی بتوانێت بێتە بەربەست لەبەردەمیاندا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

نووسەر مەسعود محەمەد لەمبارەوە ئەڵێت: زۆربەی گەشتی فەقێکانی کوردستان لە سنوری کوردستاندا بووە، واتە: جوگرافیای گەشتەکانیان نەخشەی کوردستانی کێشاوە، هەرچەندە سیاسەتی نێوان دەوڵەتان خۆی نەناس کردبێ لەو نەخشەو سنورە، بێگومان بزوتنەوەیەکی بێخوتەو پلانی فەقێیان لە هەموو خاکی کوردستانداو بە جۆرێکی هەمیشەیی و بە قەڵەبالغی و لەسەر ئەرکی خەڵکی کوردەواری، بەڵگەی بوونی گیانێکی ئاشنایەتی و خۆیایەتی و یەک ماڵیە لە نێوان خەڵک و فەقێکاندا، کە هەموویان پێکەوە هەستیان بەو یەکبوونە کردووە، هەست بە کوردبوون ئەوەندە بەهێز بووە لە نێوان فەقێ و خەڵکدا، سنوری نێوان عوسمانی و ئێرانی نەیتوانیوە ئەو هەستە کەرت بکات، تەنانەت کە هەردوو دەوڵەت شەڕیشیان بوویێت، فەقێی ژێردەستی عوسمانی هاتوچۆی خوێندنی هەر کردووە بۆ ناو کوردی ژێردەستی ئێران، بە پێچەوانەشەوە، هەردوو دەوڵەتیش لای خۆیانەوە بە واقیعی بێدەنگ و بگرەوبەردە دانیان بەو کوردایەتیەدا ناوەو لێی بێدەنگ بوون[٢٣].

**باسی سێیەم**

## گرنگترین ناوەندەکانی ڕۆشنبیری میرایەتی بادینان

هەرچەندە لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینانەدا لە ژمارەیەک شارۆچکەو گوندی گەورەدا مزگەوت و خوێندنگە هەبووە، بەڵام لێرەدا زیاتر باسی ناوەندە گەورەکانی خوێندن دەکەین لەو ڕۆژگارەدا، لە توێژینەوەیەکی وەهادا ناکرێت هەموو ئەو شوێن و خوێندگایانە باس بکرێت، لەبەر درێژنەبوونەوەی توێژینەوەکە، لێرە باس لە چوار ناوەندی گرنگی ئامێدی و ئاکرێ و دهۆک زاخۆ دەکەین:

ئامێدی وەک پایتەختی میرایەتی بادینان جێگەی بایەخی ئەو دەسەڵاتە بووە لە هەموو ڕووەکانی ئاوەدانی و خوێندن و دابینکردنی ئاسایشەوە، لەدوای ئەوەی ئەم شارە کراوەتە ناوەندی دەسەڵاتی میرایەتی بادینان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەڕووەکانی شارستانی و ڕۆشنبیریەوە، بەهۆی پشتگیری میرەکانەوە بووەتە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواریو ژمارەیەک خوێندنگەو کۆگای کتیب و زانای گەورەی تێدابووە، لە زۆربەی ناوچەکانەوە قوتابی ڕوویان کردووەتە ئەم شارەو لە خوێندنگەکانیدا نیشتەجێبوون و لە زانستی مامۆستا گەورەکانی بەهرەمەندبوون[٢٤]. لە گرنگترین ئەو خوێندنگایانەی لە شاری ئامێدیدا بوون لە ڕۆژگاری میرایەتی بادیناندا ئەمانەن:

خوێندنگەی عەتیقە: دێرینترین خوێندنگەیەک هەواڵی بە ئێمە گەیشتووە، خوێندنگەی نابراوە بە عەتیقە، لە ڕۆژگاری میرایەتی ئامێدیدا بە خوێدنگەی زاهیدیە (الزاهدیة) ناسراوە، بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە ژنە میرزادە زاهیدەی عەباسیەوە (٧٢٩ک-١٣٢٨ز) ناوبراوە، کەوتووەتە ناو شورای شارەکەوە، دەستنووسێکی تێدا نوسراوەتەوە (شرح



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

الایجاز) لە ساڵی (١١٤٠ک-١٦٣٠ز)، لێکۆڵەران پێیانوایە هەمان خوێندنگەیە کە دواتر بەناوی سەیدی خان ناسراوە، میری بادینان سەیدی خان بەگ لە ساڵی (٩٩٢-١٠٢٩ک-١٥٨٤-١٦١٩) نۆژەنیکردوەتەوە، لە دوای ئەوە بە خوێندنگەی نوێ (الجدیدة) ناسراوە.

ئەوەی لە شوێنەواری ئەم خوێندنگەیە بە دەستمان گەیشتووە، دەستخەتی (**حقائق الدقائق)**لە بە دەستخەتی تەها کوڕی سەید موسا کوڕی شێخ عوبێد الکلیرمانی لە ساڵی (١١٥٨ک-١٧٤١ز) لە خوێندنگەی نوی (الجدیدة) لە ئامێدی نوسراوەتەوە[٢٥].

لە سەدەکانی دواییدا بە خوێندنگەی مەلا یەحیای مزوری ناسراوە، بەناوی زانای گەورە مەلای یەحیای مزوریەوە کە لە سەدەی سیانزەی کۆچیدا ناوبانگی دەرکردووە، بەهۆی زۆری دانراو و فەقێکانیەوە، بەشداری کاروباری سیاسی ڕۆژگاری خۆی کردووە، ڕۆژگارێکی زۆر لەو خوێندنگەدا وانەی وتوەتەوە، ژمارەیەک زۆر لە قوتابیانی زانستی لەسەر دەستی دەرچوون و خوێندنیان تەواوکردووە.

لە دوای مەلا یەحیاشەوە خوێندن لەم خوێندنگەدا بەردەوامبووە، چەند مامۆستایەک وانەیان تێدا وتوەتەوە، لەوانە: مەلا مەحمود ئەفەندی ئامێدی (١٣٢٣ک-١٩٠٣ز) جێگەی سەردانی قوتابیە زیرەک و بەهرەدارەکان بووە هەتا کۆچی دوایی کردووە، لە دوای ئەویش مەلا سەلیم کە نەوەی مەلا یەحیای مزوری بووە وانەی وتوەتەوە، دواتر ئەم خوێندنگەیە وێرانبووەو شوێنەکەی کراوەتە ناوەندی سۆلاڤی کچان[٢٦].

خوێندنگەی قەزا (القضاء): ئەم خوێندنگەیە پێشبڕکێی زانستی لەگەڵ خوێندنگەکانی پێش خۆیدا کردووە، لە کۆتایی دەستخەتێکی (التحفة)وە ئاماژەی پێکراوە، نوسەرەوەکەی باسی ئەوەی کردووە لە ساڵی (٧٧٦ک-١٣٧٤ز) لەم خوێندنگەدا نوسیویەتیەوە، زانیاری نیە بۆچی بە قەزا (القضاء) ناوبراوە، وە پاڵدراوەتە چ (القضاء)یەک، سەرچاوەکان بێدەنگ بوون لە ئاستی ناونانەکەیدا[٢٧].

خوێندنگەی قوبەهان: بە دێرینترین خوێندنگەی ناوچەکە دادەنرێت، هەندێ لە لێکۆڵەران مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان، بەبێ پشبەستن بە سەرچاوەی پێویست، ئەوەی جێگەی باسە میژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم، یان سەدەی نۆیەمی کۆچی، بەپێی هەندێ لێکدانەوە، سەدەی چواردەو پازدەی زاینی، دەکەوێتە قولایی ئەو دۆڵەی ئامێدی دەڕوانێت بەسەریدا، مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەکە ڕوویان تێکردووە.

میری بادینان سوڵتان حسێن نۆژەنی کردووەتەوە، بەناوی کوڕەکەیەوە (قوبادخان) ناویناوە، دواتر ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بووە بە قوبەهان.

ئەم خوێندنگەیە نمونەی خوێندنگەیەکی تەواوە لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە، حەوشەیەکی فراوانی هەیە، مزگەوتێکی گەورە لە پێشیەوەو گومەزێکی لەسەربووە، لە پێشیەوە ژوورو شوێنی نوێژی هاوینە بووە، هەیوانێکی هەبووە ڕوانیویەتی بەسەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

حەوشەکەیدا، ژووری جیاوازی بۆ مانەوەی مامۆستایان تێدابووە، چەند ژوورێکی هەبووە بۆ بەشی ناوخۆیی قوتابیان، مزگەوت و منارەیەکی جوانی تێدابووە، هەروەها کۆگایەک و گەرماو و تەویلەی هەبووە، ئاشێکی هەبووە، هەندێک لەوانەی کە لە کۆتاییەکانی خوێندن تێدا بینیویانە، وتویانە لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی تێپەڕینی ڕۆژگارەوە کۆن بووە، لەگەڵ جوانی و سەنگینی خۆی لە دەستنەداوە، وەک پارچەیەک لە چیا وابووە، وەک پارچە ئاڵتونیکی لە قاڵبدراو بووە.

کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبی لە زانستە جیاوازەکاندا تێدابووە، زۆربەی کتێبەکانی وەقفی سوڵتان حسێن بووە، لە کۆتایی کتێبەکاندا مۆری تایبەتی خۆی لێداون، تێدا نوسراوە: (الواثق بالملك الناسي حسين بن السلطان حسن العباسي).

لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆگای کتێبەکانی تووشی کارەسات بوونەتەوە، بەڵام ژمارەیەک دەستخەت ماوەتەوە، یەکێک لەوانە کە دەقی وەقفنامەکەی لەسەرە، لە ساڵی (١٠٨١ک-١٦٧٠ز) نوسراوەتەوە، لەو کتێبانەی لەو خوێندنگەیەدا دانراون، دەستخەتی (الرسالة الكريمية) لە ڕاڤەی کتێبی (الروزنامة) دانراوی حاجی عەبدولکەریمی مەحمود وانی، لە ساڵی (١١٣٥ک-١٧٢٢ز) نوسراوەتەوە، دەستخەتێکی ئیبراهیم ئامێدی لە خوێندنگەی قوبەهاندا نووسیویەتی لە سەردەمی سوڵتان بەهرامدا، لە ساڵی (١١٧٣ک-١٧٥٩ز).

هەروەها دەستخەتی: (المفصل فى صناعة الاعراب، للزمخشرى) عەلی کوڕی سەید تەها لە ساڵی (١١٩٢ک-١٧٧٨ز) لە خوێندنگەی قوبەهاندا نووسیویەتیەوە، هەروەها یەکێکی تر لەو دەستخەتانەی لەو خوێندنگەدا نوسراون: (تفسير سوره الفاتحة) دانراوی موفتی ئامێدی مەلا مەحمودی کوردیە، لە ساڵی (١٢٠٢ک-١٧٨٨ز) کۆچی دوایی کردووە، بەرگێکی ماماناوەندە، هەموو پیتەکانی بێ نوختەیە، یەکێکی تر لە دەستخەتە نایابەکانی هەتا لەسەردەمی نوێدا ماوە، (تفسير الرازى) بووە لە یەک بەرگدا، پارچەیەک بووە لە جوانی و ڕازاوەیی، هەروەها کتێبی (الإبانة) لە فیقهدا، لە ساڵی (٦١٣ک-١٢١٦ز) نوسراوەتەوە، وە ڕەشنووسی (شرح نورالدين) لە فیقهدا، دانەرەکەی لە میصرەوە ناردوویەتی بۆ ئەوەی پیشانی زانایانی خوێندنگەی قوبەهان بدرێت، وە دەستخەتێکی قورئانی پیرۆز، نمونەیەک بووە لە جوانی هونەری نووسین.

بەهۆی گرنگی و ئاستی بەرزی زانستیەوە ئەم خوێندنگەیە پەیوەندی زانستی هەبووە لەگەڵ زانکۆی ئەزهەردا لە قاهیرە، سەرچاوە داراییەکانی کە لە ئێرانەوە بۆیان ناردووە بە هۆقەیەک ئاڵتون و دوو هۆقە زیو دانراوە، جگە لەوە سەد بار ئاردی ساڵانە بۆ هاتووە، دابەشکراوە بەسەر قوتابیەکانیدا کە ژمارەیان سەد قوتابی زیاتر بووە[٢٨].

خوێندنگەی مورادخان بەگ: یەکێکی تر لە خوێندنگەکانی، خوێندنگەی مورادخان بەگ (١٠٤٨-١٠٧٢ک-١٦٣٨-١٦٦١ز) بووە، دامەزرێنەرەکەی مورادخان بەگ بووەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەنـاوی ئەوەوە نـاوبراوە، لە نزیـک یەکێـک لە دەرگاکـانی شـورای شـاردا بـووە، گـۆڕی دامەزرێنەرەکەی لەناو خوێندنگەکەدایە، کۆگایەکی گەورەی کتێبی تێدابووە، مورادخان وەقفی کردووە، مۆری ئەم میرە لەسەر کتێبەکانە، دەقەکەی: (الواثق بالله المنان عبده مرادخان).

لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەی وانەیان تێدا وتوەتەوە، مەلا ئەحمەدی صدیقی بووە، میری ئامێدی داوای لێکردووە بڕوات بۆ ئامێدی لەو خوێندنگەیەدا وانە بڵێتەوە، قوتابیانی زانست ڕوویان تێکردووە، دوا مامۆستای زانای گەورە شوکری ئەفەندی موفتی ئامێدی بووە، ئەم خوێندنگەیە ڕوخێنراوەو کەلاوەکانی هەتا شەستەکانی سەدەی بیستەم ماون، دواتر لەناوباوەو شوێنەواری نەماوەتەوە[٢٩].

خوێندنگەی ئیمام قاسم: ئەم خوێندنگەیە میر غیاثەدین قاسمی کوڕی بەهاددین لە ساڵی (٧٨٤ک-١٣٨٢ز) دایمەزراندووە، کۆگایەکی کتێبی تێدابووە، بەهۆی نالەباریەکانی ڕۆژگارەوە لە ناوچووە.

خوێنـدنگەی مزگەوتـی گەورە: ئەم خوێنـدنگەیە کەوتـوەتە گۆشـەیەکی مـزگەوتەکەوە، سەرەتای دامەزرانـدنی دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی (٥٣٧ک-١١٤٣ز) ئەوەی ڕاسـتیە خوێندنگەکە لە کاتی فراوانکردنی مزگەتەکەدا لە سەردەمی سوڵتان حسێنی عەباسیدا دروستکراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی کۆچیداو سەدەی شازدەی زاینیدا، لای ڕاستی ژووری نوێژکردنەکەی داگیرکردووە، پێش ئەوەی لەگەڵ شوێنی نوێژکردندا بکرێن بە یەک لەم دوایانەدا، دواتر تایبەت کراوە بە شوێنی نوێژی ژنانەوە، هەتا ئێستا ئەو بەشەی مـزگەوتەکە تایبەتمەنـدی بیناسـازی خـۆی پاراسـتووە لەگەڵ بەشـەکانی تـری شـوێنی نوێژکردنەکەو هەندێ لە ژوورەکانی تری[٣٠].

خوێنـدنگەی مەیـدان: بەنـاوی گەڕەکـی مەیـدانەوە نـاونراوە، لە بەشـی باشـوری شـارەکەدایە، هەنـدێ لە نووسـەران تێکەڵاویـان کـردووە لەگەڵ خوێنـدنگەی شـاری جولەمێرگ، مەلا یاسین خانی (ت: ١٣٣٧ک-١٩١٨ز) وانەی تێدا وتوەتەوە.

خوێنـدنگەی سـەردبکیە: ئەم خوێنـدنگەیە زانیـاری پێویسـت لەسـەر مێـژووی دروستکردنی و کێ دروستیکردووە نیە، هیچ دەستخەتێک نیە ئاماژەی پێکردبێت و باسی مێژووەکەی کردبێت.

تەنها ئەم خوێندنگایانە نەبوون لە ئامێدیدا کە خزمەتی بزاڤی خوێندن و دانانی کتێب و نووسـینەوەی دەسـتخەتیان کـردووە، بەڵکـو زۆر شـوێنەواری زانسـتی تـر کە لە ئامێدیـدا نووسـراونەتەوە لە زانسـتە جیاوازەکانـدا، بەڵام ناسـنامەیان دیـاری نەکـراوە، وەک (المختصر) لە سـاڵی (٩٠٠ک-١٤٩٤ز) لە ئامێـدی نوسـراوەتەوە، هەروەهـا (منهـاج العابـدین)ی ئیمامی غەزالی، ئەبوبەکری کوڕی داود لە ساڵی (٩٩٦ک-١٥٨٧ز) لە ئامێدی نووسـیویەتی، وە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کتێبی (الاعلال) له زانستی (الصرف)دا، عەبدولای کوڕی ئەلیاس الکلکوری داینـاوه له قەڵای ئامێدی که پارێزراوه به حکومەتی بنەچەی سەیدخان عوسمان بەگ کوڕی سەعیدخان، له ساڵی( ١٠٩٩ک-١٦٨٧ز)دا، هەروەها (حاشیة علی شرح الشمسیة) له نووسینی سەید شەریف جورجانی، عوبێدولای کوڕی صیبەغتولای حەیدەری له ساڵی (١١٦٢ک١٧٤٧ز)دا له قەڵای ئامێدیدا نووسیویەتەوه، وه (حاشیة یوسف الأصم الکردي علی حاشیة عصام الدین علی الفوائد الضیائیة) عوبەبێدولای ناوبراو له ساڵی (١١٦٣ک-١٧٤٩ز) له قەڵای ئامێدیدا نووسیویەتیەوه، هەروەها (حاشیة داود علی حاشیة السید علی تحریر القواعد المنطقیة) نوسەرەوەی ناوبراو له ساڵی (١١٦١ک-١٧٤٧ز) لەسەر لوتکەی قەڵای ئامێدی نوسیویەتیەوه.

هەروەها دەستخەتی (المختصر) عەبدوللەتیفی کوڕی یونسی شوشی له ساڵی (١٢٤١ک- ١٨٢٦ز) بۆ موفتی ئامێدی ئەسعەد ئەفەندی موفتی نووسیوەتەوه، دەستخەتی (الصواعق المحرقة)ی (ابن حجر الهیتمی) له ساڵی (١١٠٩ک-١٦٩٧ز) نووسراوەتەوه.

ئەوەی تێبینی دەکرێت شاری ئامێدی له ماوەی شەش سەدەی حوکمڕانی میرایەتی بادینانـدا به چالاکی زانستی زۆر دەرکەوتووه، بەو ناسراوەتەوه که خوێندنگەی زۆرو کۆگای کتێبی زۆری تێدابووه، زۆر جێگەی تر که مۆرکی ڕۆشنبیریان هەبووه، هەروەها ژمارەیەکی زۆر دەستخەتی تێدا دانراوەو ڕاڤەکراون، یان پەراوێزیان بۆ نوسراوه، یان نوسراونەتەوه، لەسەر دەستی زانایان و بلیمەت و لێهاتوودا له خەڵکی شارەکه، یان ئەوانەی بۆ خوێندن و فێربوون ڕوویان تێکردووه[٣١].

خوێندنگەی پزیشکی و ساخلەمی (دار الطب والاستشفاء) له ئامێدی: ئەو گەشەکردنەی شاری ئامێدی له ڕۆژگاری میرایەتی بادیناندا تەنها خوێندنگەی ئاینی نەبووه، بەڵکو گرنگی به زانستەکانی تریش دراوه وەک پێویستیەکانی ژیانی خەڵکی، یەکێک لەوناوەندانه خوێندنگەی پزیشکی بووه، شەرەفخانی بەدلیسی تابلۆیەکی له کتیبەکەیدا نەخشاندووه، که کەسێک له بەرگی زانایەکدا دانیشتووەو وانه به چەند قوتابیەک دەڵێتەوه، وێنەی خوێندنگەکەو فەرش و تاق و دیوارەکان وێنەی خوێندنگەیەکی پزیشکی نیشان دادەت، هەروەکو شەرەفخانی به خانەی پزیشکی و چارەسەرکردن ناوی بردووه، لەو ڕۆژگارەدا له شاری ئامێدیدا زانستی پزیشکی به پێوەری ئەوکاته خوێندراوه[٣٢].

زانایەک له شاری ئامێدیدا بەناوی یەحیابەگەوه هەبووه، شارەزای پزیشکی بەکارهێنانی ڕووەکه دەرمانیەکان بووه، توانیویەتی له گوڵ و ڕووەکی سروشتی دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکان دروست بکات، هەرچەنده کەسێکی بنەماڵەی میرانی بادینان بووه، بەڵام مێژووی ژیان و خوێندنی تۆمار نەکراوه، هەتا بتوانرێت زانیاری لەسەر پێگەیشتن و پیشەکەی بنووسرێت[٣٣].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دووەم/ حوێندنگەکانی ئاکرێ: لە دوای ئامێدی شاری ئاکرێ دووەم مەڵبەندی گرنگی میرایەتی ئامێدی بووە، لە سەردەمی سوڵتان حسێن وەلی میری بادیناندا خراوەتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی میرایەتیەکەوە، ئەم میرە کەسێکی خوێندەوار و خێرخوازبووە، لە رۆژگاری ئەودا سنووری میرایەتیەکەی فراوان بووەو گەشەی زۆری کردووە، لە شاری ئاکرێدا خوێندنگەکەیەکی دامەزراندووەو کتێب و دەستنووسی بۆ دابینکردووە.

یەکێک لەو دەستخەتانەی لەم خوێندنگەدا نوسراوەتەوە کتێبی (تنبیه الغافلین) بە دەستخەتی حەیدەری کوڕی حاجی عەلی مەکی، لە ساڵی (٩٧٦ک-١٥٦٨ز) نوسراوەتەوە، هەروەها دەستخەتی (شرح الجزرية) لە زانستی تەجویدا، لە ساڵی (١١٩٢ک-١٧٧٨ز) لە خوێندنگەی ئاکرێدا نووسراوەتەوە.

لە بەناوبانگترین ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنگەی ئاکرێدا وانەی وتوەتەوە، مەلا محەمەدی زیارەتی بووە، لە ساڵی (١٧٨١ز) کۆچی دوایی کردووە، هەروەها زانای گەورە مەلا جەرجیسی ئەربیلی لە ساڵی (١٧٩١ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەم زانا گەورەیە لەم خوێندنگەدا وانەی وتوەتەوەو خزمەتی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری کردووە[٣٤].

خزمەت کردنی دوو زانای گەورەی وەک مەلا محەمەدی زیارەتی و مەلا جەرجیسی ئەربیلی کە لە سنوری هەولێرەوە چوونەتە ئاکرێ و لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا خزمەتیان کردووە، بەڵگەی گرنگیدانی میرەکانی بادینانە بە پرۆسەی خوێندن لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا، بە تایبەتی سوڵتان حسێن وەلی، کە یەکێک لە هەنگاوەکانیان بۆ خزمەتی بزاڤی زانستی و رۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیاندا کۆکردنەوەی زانا گەورەکان بووە لە خوێندنگەکانی سنووری دەسەڵاتەکەیاندا.

هۆزانـان ژلایـێ زانـا  و هۆزانڤـان شـێخ نـوورەددین بریفکـانی (١٧٩٠_١٨٥٢/١/٣١ز) ئەوێ هەر ژ زارۆکینی هەتا سالا (١٨٢٧ز) ل ڤی گوندی ژیای و پاشی هەر ل ڤێ سالێ ژبەر ئێشا مرنا رەش (تـاعوونێ) ئەو و برایـێ خـۆ محەممەدئەمـین چـووینە گونـدێ بریفکـان ، ژ وان پەرتووکێن شێخ نوورەددین ل مەدرەسەیا ئێتیتێ نڤیسین ئەڤەنە : ( نظم الدرر لأسماء النبي المفتخر (١٨١٥ز) ، تعليقات على القصيدة البائية المسماه بكرب الحال من ذي الجمال و الجلال ( ١٨١٥ز )، أبراز دقائق الحقائق في شرح القصيدة الحائية (١٨١٧ز) ، شرح القصيدة الهمزية (١٨٢٠ز) ، ذخرة السالكين (١٨٢٠ز) ، البدور الجلية  فيما مست اليه الفقراء الصوفية ( ١٨٢٢ز ) ، حجة اللهجة ( ١٨٢٣ ) ، ( **بریفکانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٢٦_٢٧**) ، ل سالا ٢٠٠٢ دیوانا وی ب ناڤێ (زیانێ کوردی) ژلایێ زاهد بریفکانی هاتیە چاپکرن ، ناڤبری ب هـەر سێ زمانان : کوردی ، عەرەبی و فارسی هەلبەست ڤەهاندینە.

د هەلبەستا (نصحەت) دبێژیت :

**ئەی گەلی یار و برادەر ، گـوهـ بـدن ڤێ نصحەتێ**

**نصحـەتـا مـن چێترە بـووە ژ خـەزینا دەولـەتێ**

**ئەڤ زەمان ئاخر زەمانە ، قـەنج و صالح تێ نەمان**

**فسق و زولما ئەو ل سەر مە ، کەفتە بەحرا ظولمەتێ.**

**( بریفکانی ، ٢٠٠٢ ، ل ١٩٧).**

**سەیید سلێمان شۆشی:**

ناڤێ وی سەیید سلێمان کورێ سەیید حاج داوود کورێ سەیید عەبدولناصر کورێ سەیید قوتب جەمالەددین حوسەینی یێ شۆشی ) یە ، ژ ماڵباتا سەییدێن گوندێ شوشێ یە، ل سالا ١٧٤٩ ئامێدیێ پایتەختا میرگەها بەهدینان ژ دایکبوویە ، ل  دەستپێکێ  قورئانا پیرۆز ل دەف بـابێ خـۆ سـەیید داوودی خوانـدی یە و پاشـی چوویە دەڤەرا بەرواری بـالا و ل گونـدێ مـایێ ل دەف مەلا عـومەرێ کـورێ ئیبراهیمـێ مـایی خوانـدی یە ، پاشـی چوویە مەدرەسـەیا قوبەهـان و ل دەف مەلا محـموودێ بەهـدینی یـێ ئامێـدی خوانـدیە و ل دووڤ دەستنڤیسـەکا سـەیید سلێمانی کو دیاردکەت (نحن دعونا الى قرية شوش في سنة ١٨٠٤ على أمر محمد سعيد باشا العباسي أمير إماره بهدينان و على طلب سيد الشيخ النورالدين بريفكـاني قـدس سـره) ئـانکۆ دیـار دبیـت کـو ل سـەر داخوازیـا میـرێ ئامێـدیێ ( محەممەدسەعید پاشا ) و زانا و هۆزانڤانێ ناڤدار شێخ نورەددینێ بریفکانی ماڵباتا سەیید سلێمان هـاتینە گونـدێ شۆش و بـوویە نوونەرێ تەریقەتـا بریفکـانی یـا خلوەتی ل تەکیا شوش یا شێخ شەمسەددین (ئێکێ) قوتبێ شۆشی ، ( **رێکانی ، ٢٠٢٢ ، ل ٣٣** ).

هەروەسا سەیید سلێمانێ حوسەینی یێ شۆشی ئێك بوو ژ فەقە و شاگردێن زانایێ مەزن مەلا یەحیایێ مزووری ل مەدرەسەیا جەدیدە ل سالا ١٢٢٥ مش ١٨٠٩ز و ئیجازا زانستی ل



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەر دەستێ مەلا یەحیایێ مزووری وەرگرتی یە ، سەیید سلێمان ب پارچە هۆزانەکێ بەحسێ فەقیاتیا خۆ و وەرگرتنا باوەرناما زانستی دکەت:

**ئەز فەقیێ خالدی مە**

**ب عومر شێست سالیمە**

**عەللامە خالدی چل سالیە**

**ڕاستە ئەز کەبیرم ل جەمیع فەقیا وی**

**لێ من حەزە سەلم بکەم ئیجازەیا عیلمی ب دەستێ وی...**

و هەروەسا سەیید سلێمان حوسەینی شۆشی ئێك بوو ژ خەلیفەیێن شێخ نورەددینێ بریفکانی ل گوندێ شوش و تەکیا شوش هەروەك وی ددەستنفیسەکا خۆ دا دایە دیارکرن کو دبێژیت : ل سالا ١٨٢٠ ئەز بویمە خەلیفێ سەیید شێخ نورەدینێ بریفکانی ، پاشی هەر ل گوندێ شۆش دمینیت ، ناڤبری هژمارەکا ڕوودانێن گرنگ یێن بەهدینان یێن ل سەردەمێ خۆ و یێن بەری هنگی ژی نڤیسینە ، سەرەرای تۆمارکرنا بوون و مرنێن چەندین زانا و کەسایەتیان و یێن ماڵبات و گوندێ خۆ ، ل ڕۆژا ئێك شەمبی ٢٥ جەمادیلئاخیر ١٢٤٠ مش بەرامبەر ١٣ شوباتا ١٨٢٥ز ل گوندێ شوش دچیتە بەر دلۆڤانیا خودێ و ل سەر وەسیەتا وی ل گوڕستانا گوندێ بریفکان دەڤەرا مزووری ژێریان دهێتە ڤەشارتن ، (**ڕێکانی ، ٢٠٢٢ ، ل ٣٣**).

**سەیید سەعدی شوشی :**

ئێك ژ زانایێن گوندێ شوش ل دەڤەرا ئاکرێ یە ، چەندین ڕوودانێن سەردەمێ خۆ و ژ دەستنڤیسێن (سەیید سلێمان شوشی) ڤەگۆهاستینە و تۆمارکرینە ، د دەستنڤیسەکا خۆ دا یا مێژوویا وێ ڤەدگەڕیت بۆ سالا ١٢٦٧ مش (١٨٥٠ز) دەربارەی ئاڤاکرنا مزگەفتەکێ ل سەر شوونەوارێ دێرەکێ ل گوندێ شوش ب شێوەیێ هۆزانکی دبێژیت :

**ل سالا هزار و دوو سەد و شێست و حەفت**

**ژ هیجرەتا سەروەرێ ئەحمەد**

**دێرا فەلا من کرە مزگەفت. ( شوشی ، ١٢٦٧ مش )**

**مەلا عوبەیدوللاهـ مفتی (مرن : ١٨٢٧) :**

ئەڤ زانایە کوڕێ زانایێ مەزن یێ بەهدینان و سەیدایێ مەدرەسەیا قوبەهان مەلا مەحموودێ بەهدینی ( مرن : ١٧٨٧) یە ، ل ئامێدیێ هاتیە سەر دونیایێ و ب بنیات خەلکێ گوندێ بهوسێ (بوسێ) یە ل دەڤەرا مزووری بالا ، ل مەدرەسەیا قوبەهان بوو فەقە و شاگردە و ل بەر دەستێ بابێ خۆ فێربوویە زانین و شەهرەزابوونێ دزانستێن ئایینی دا ، ل سالا (١٢٣٩مش/ ١٨٢٣ز) بوو مفتیێ ئامێدیێ و دەرس ل مەدرەسەیا قوبەهان گوتینە و هژمارەکا شاگردێن زانینێ ل سەر دەستێ وی پێگەهشتینە ، ل سالا (١٢٤٣مش/ ١٨٢٧ز) چوویە بەردلۆڤانیا خودێ. دوو کوڕ ل دووڤ خۆ دا هێلاینە و هەر دوو ژی بوونە زانایێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئايينى ئەو ژى ئەڤە بوون : مەلا ئەسعەد ئەفەندى و مەلا ئەحمەد ، ( دوسكى ، ١٩٩٨ ، ص ١٠٠).

**واعلم ئەى مەفرەدێ موخاطبێ زهنێ تۆ بزانە (إن النور) ب تەحقيقا هەچيكە نوور ( من اسمائه تعالى) ژ ناڤێت خودێ يە وەكە ژ بۆ وى ئيسمى (سرٌ عظيم ) سڕڕەكە مازن (مەزن) وا هەى (مَن كَتَب) هەچيێ بنڤيسيت...هو رەنگە يەعنى جودا جودا (خمس مرات) پێنج جارا و (علَقه) هەلاويسيت (على مَن شكى) ل سەر وى مرۆڤێ وەكو گازندێ بكەت (وَجَع مَعدته) ئێشانا مەعدا خو ( و خفقان قلبه ) ئو تەحەرروكا دلێ خۆ (أزال الله تعالى) دێ ژێ بەت خودێ ( و إذا وضع ) وەكو بێتە دانان ( على موضع ألم ) ل سەر جهێ ئەلەمەكێ (سكن) دێ راوەستيت ".**

شرح هذا الكلام بالكردي " عبيدالله بن محمود بن إبراهيم بن علامة بن محمود بن ابراهيم بن خليل مامةرظ المزوري عشيرةً و البهوسي قرية و أصلاً و العمادي مولداً و وطناً رحمة الله تعالى عليهم و علينا رحمة واسعة "

**قيل هاتيە گوتن ژ كنارێ عولەماڤە ( القدماء ) هەچيكە دەين دێ تەعەللوق كرن (بحسنات المفلس) ب قەنجيێت مرۆڤى رويت ( ما عدى الايمان ) ب قەبر ژ ئيمانێ ( كما يترك ) هەجوەكو دێ ئێت هەكە ژ موفلسێ دەست ب دەست ئەڤ قياسە نەكو ماقيل لەورا ئەوێ وەيە و تەحقيق كريە مەلا گەردى ڕەحمەتا خودێ لێ بيت ( بأن هذا ) ب وى خەبەرى كو هەچيكە ئەڤ تەوقيفێ يێ تەوقيفێ يەعنى تەوەققوف كرى ل سەر واردبوونا تشتێ ژ زار ڕەسوولێ الله ( صل الله تعالى عليه و على آله و على أصحابه و سلم ) ( فلا مدخل ) پا چوو جهێ داخل بوونێ نينە (للقياس) ژ بۆ قياسێ مەيە دێ وێ دا ".** " شرح هذا الكلام يعني كلام الفاضل الكامل الشيخ أحمد بن حجر الهيتمي الشافعي رحمة الله تعالى عليه و علينا رحمة واسعة بالكردي عبيدالله بن محمود رحمة الله تعالى عليهما و جميع المؤمنين و المؤمنات و المسلمين و المسلمات الأحياء منهم و الأموات آمين آمين آمين يا مجيب السائلين بحرمة سيد المرسلين عليهم و آلهم أفضل الصلاة و اكمل السلام "

**محەممەدسەعيد ميهرى ( ١٧٩٥_١٨٨٤) :**

ئێك ژ زانا و موفتى و شاعرێن ناڤدارێن بەهدينانيە ، ناڤێ وى (محەممەدسەعيد كوڕێ مەلا عەبدررەحمان كوڕێ مەلا يەحيا مزوورى)يە ، ل سالا ( ١٢١٠مش/١٧٩٥ز) ل ئاكرێ هاتيە سەر دونيايێ ، ل سالا ١٨٥٤ز بوويە ئێكەم مفتيێ فەرمى يێ قەزا ئاكرێ، ژ دەستنڤيسێن وى يێن گرنگ ئەوا بناڤێ (المجمع) يا كو هۆزان (هۆزانێن وى بخو و يێن چەندين هۆزانڤانێن كلاسيكى يێن كورد) و بەرهەمێن ئەدەبى و فەتوا و بابەتێن زانينێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلينێن كوردى

شەرعی و قووناغێن ژیانا خۆ و یاماڵباتا خۆ(ژ دایکبوون و مرنێن وان) و هەر وەسا مێژوویا (سالێن) چەندین روودانێن گرنگێن گرێدای دەڤەرا بەهدینان(نەخاسمە یێن سەردەمێ وی بخو) تێدا هاتینە تۆمارکرن، کو چەندین زانیارییێن وێ هندەك گرێکێن دیرۆکی یێن دەڤەرێ ڤەدکەن و قووولاچێن تاری رۆهن دکەن و لایەنێن شێلی زەلال دکەن، ئەڤ دەستنڤیسە دناڤبەرا سالێن (١٨٤٤_١٨٨٣ز) هاتبوو نڤیسین، ئەڤ دەستنڤیسە دناڤ پەرتووکخانەیا موفتییێت ئاکرێ دا ژلایێ ئەندازیار (بلند محەممەدشوکری مفتی) ڤە هاتیە پاراستن کو ناڤبری ئێك ژ نەڤیێن مالباتا میهری یە ، ل رۆژا(٦ رەجەبا ١٣٠١مش_١/٥/١٨٨٤ز) میهری چوویە بەردلۆڤانیا خودێ

ناسناڤێ وی شعری مهری بوویە و ب زمانێن کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی ڤەهاندینە، وەکی ل بوری مە گرنگیدانا وی ب تۆمارکرن و نڤیسینا رووداننێن دیرۆکی کری ، سەرەرای ڤێ چەندێ دەستهەلیەکا باش دبوارێ نڤیسینا شعرێ دا ژی هەبوو ب هەر سێ زمانێن کوردی و فارسی و تورکی ، و چەندین شعر و پارچە شعرێن هژمارەکا شاعرێن کلاسیکێن کورد و فارس و تورك نڤیسینە (نەسخ کرینە) ، یێن کورد وەك مەلایێ جزیری ، ڕەمەزانێ بۆتی (جزیری) ، حالەت ، نورەس ، وەداعی ، نالی ، هیجری ، کەیفی ، خادم ، خالد شەهرەزووری (مەولانا خالد) ....هتد ، و ئێك دوو شعرێن مەلایێ جزیری ژی پێنجمالکی ( تەخمیس ) کرینە ، ( **مزووری ، ١٩٩٤، ل ٥** ) ، هەروەسا ئێك ژ فەتوایێن باپیرێ خۆ مەلا یەحیایێ مزووری ( مرن : ١٨٣٩ز) یێن ب کوردی ژی نڤیسیە : .....و قال بالکردی " **ئەڤە سێ طەلاقێت کچا فلان کەسی ئەو ژ من چوویی بت...**" ، ( **مهری ، ١٢٨٢مش** ).

**ئەنجام:**

د ڤێ ڤەکۆلینێ دا بۆ مە چەندین خال و ئەنجام دیاربوون ، ل ڤێرێ دێ د چەند خالان داب کورتی دیارکەین :

١. میرێن میرگەها بەهدینان هەر ژ سەدێ ١٦ز گرنگیەکا باش ب زمان و دەقێن کوردی دایە و ڕەنگڤەدانا خۆ ل سەر نڤیسینێن وان هەبوویە .
٢. ژبلی زانا و هۆزانڤانێن جودا جودا ، هندەك میرێن میرگەهێ بخو ژی خودان دەستهەلیەکا ئەدەبی بووینە و گرنگی ب ڤەهاندنا هەلبەستان ب کوردی هەبوویە وەك : قوباد بەگێ کوڕێ سولتان حسێن وەلی ، محەممەدتەییار پاشا (غەریبی) ، ئیسماعیل پاشایێ دووێ کوڕێ محەممەدتەییار پاشا.
٣. زانایێن ئایینی ژی گرنگی ب وەرگێڕان و نڤیسینا دەقێن ئایینی دایە کو ب کوردی بهێنە نڤیسین و وەرگێڕان ، ئەڤجا چ وەرگێڕانا ژ زمانەکێ دیتر وەك عەرەبی بۆ کوردی یان ژ کوردی بۆ فارسی ، بۆ نموونە : مەلا یەحیایێ مزووری ، مەلا عوبەیدوللاهێ موفتی...هتد.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. ل ماوەیێ سەردەمێ ڤەکۆلینێ بخۆڤە گرتی (سەدێ ١٦_١٨٤٢ز) ، دناڤ میرگەها بەهدینان دا بەهرا پتر نڤیسین و دەقێن ب کوردی د بیاڤێ ئەدەبیات و هەلبەستێ دا بووینە.

٥. هژمارەکا ژ میر و زانا و شاعران هێشتا بەرهەمێن وان ماینە یێن کو نەهاتینە دیتن ، ئانکۆ پتر پێدڤی لێگەریان و دووڤچوونێ نە کو بەرکارێن وان یێن ماین ژی رۆناهیا بەلاڤکرنێ بینن ، زێدەتر ژ ئەڤێن مە ئاماژە پێدای ، هێشتا ناڤ و بەرکارێن میر و زانا و شاعران دیار بن

**لیستا ژێدەران**

**ئێك/ دەستنڤیس :**


_ **الاربيلي**، جرجيس بن محمد ، رسالة الفتحية ، ( ١١٨٥هـ _ ١٧٧٢م). ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **الاكاسري** ، شرف بن شمس الدين ( البدليسي ) ، ( مخطوطة : ١٠٠٥هـ _ ١٥٩٧م) ، شرف نامه تاريخ كردستان. ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **بایەزیدی** ، مەلا مەحموود. شەرفخان بدلیسی ، ( دەستنڤیس : ١٢٧٥مش _ ١٨٥٨ز). شرفنامه (تواريخ قديم كوردستان) . جلد أول . ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **البختي** ،محمد بن محمود البرواري (الناسخ) ، (مخطوطة : ٩٤٨ هـ / ١٥٤٢م)، مجمل الاصول في الاحكام. ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **جزیری ( مەلا )** ، شێخ ئەحمەد ، دیوان الشيخ أحمد الجزرى ، محمدطيار بن إسماعيل پاشا ( ناسخ ) ، دەستنڤیس (١٢٣١ مش/ ١٨١٦ز).

_ ، إسماعيل بن محمدطيار بن اسماعيل پاشا (ناسخ) ، ديوان الشيخ أحمد الجزرى ، دەستنڤیس (١٢٦٠ مش/١٨٤٤ز). ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **چەلەبی** ، ئەولیا ، سیاحتنامەسی.

_ **ابن عبدالظاهر** ، محيى الدين أبو الفضل عبدالله المصري،الالطاف الخفية في السيرة الشريفة السلطانية الملكية الأشرفية، (مخطوطة)، مكتبة ميونخ ، رقم التسلسل : ٤٠٥ ، ج ٣.

_ **رێکانی** ، مەلا عەبدوللاه مامیسی ، دەستنڤیسێن جودا جودا ،( پەرتووکخانەیا موفتیێت ئاکرێ ).

_ **سێرتی** ، خەلیل ، کەشکۆل ، ( ١١٩٢ مش / ١٧٧٨ز ). ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **الشمديني** ، طه بن ملا عزير بن ملا محمود بن ملا حسين بن الشيخ هڤند (الناسخ) ، الشجرة الزيوكية ، ( مخطوطة : ١٢١٠هـ_ ١٧٩٥م). ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری )

_ **شوشی** ، سەید سلێمان ، المجمع ، ١٢١٠ مش / ١٧٩٥ ؛ ١٢٣٥ مش / ١٨٢٠ز. ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری ).

_ **شوشی** ، سەید سەعدی ، ١٢٦٧ مش / ١٨٥٠ ؛ ١٢٩٠ مش / ١٨٧٣ز. ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری )

_ **مەسیحا** ، محمد ، کەشکۆلا محمد کورێ مەسیحا ، دەستنڤیس ، (١١٨١ مش / ١٧٦٧ز) ، ( دانەیەك ل دەڤ ڤەکۆلەری )




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

_ **ميهرى** ، محمدسعيد ، المجمع ، (دەستنڤيسەكا نەبەلاڤكرى )، ( ژ پەرتووكخانەيا موفتيێت ئاكرێ / ئەندازيار بلند محمدشكرى مفتى ).

_ . ، كەشكۆل ، ١١٤٣ مش / ١٧٣٠ز. ( ژ ئەرشيفێ : د.يووسف بالوكەن ).

**دوو/ پەرتووك :**

**أ _ ب زمانێ كوردى :**

- **ئەخلاتى** ، شێخ شەمسەدين ، ديدارێ يار ديوانا شێخ شەمسەدينێ قوتبێ ئەخلاتى يێ بريفكانى ١٥٨٨_١٦٧٤. بەرهەڤكرن : زاهد بريفكانى . بلاوكراوەى ئاراس ، چ ٢ ، ( هەولێر : ٢٠٠٢).
- **بريفكانى** ، زيانێ كوردى ديوانا شێخ نورەدينێ بريفكانى ، بەرهەڤكرن : زاهد بريفكانى بلاوكراوەى ئاراس ، (هەولێر : ٢٠٠٢).
- **بەدليسى** ، شەرەف خان ، شەرەفنامەيا شەرەفخانێ بدليسى تەرجەما مەلامەحمودێ بازيدى ١٧٩٧_١٨٦٧. توێژاندن : سەعيد دێرەشى ، دەزگەها سپيرێز يا چاپ و وەشانێ ، ( دهۆك : ٢٠٠٧ ).
- **دۆسكى** ، تەحسين ئيبراهيم ، باغێ ئيرەم گەشتەك دناڤ گولزارا شعرا كرمانجى دا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردى _ زانكۆيا زاخۆ ، چ ١، ( دهۆك : ٢٠١٩).
- . ، شەرحا بەرمايا ديوانا عەلييێ حەريرى ، ( دهۆك : ٢٠٢٠).
- **دۆسكى** ، تەحسين ئيبراهيم ، محسن ئيبراهيم ، هەلبەستڤان سەيفى يێ شۆشى و بەرهەمێ وى ، ژ وەشانێن گۆڤارا مەتين ، چ ١، ( دهۆك : ١٩٩٩).
- **رێكانى** ، هێرش كەمال ، عەشيرەتێن بەهدينان ١٥١٤_١٩١٩ز (ڤەكۆلينەكا ديرۆكى بەڵگەناميى) ، سەنتەرێ بێشكچى بۆ ڤەكۆلينێن مرۆڤايەتى - زانكۆيا دهۆك ، (دهۆك : ٢٠١٩).
- . ، گەنجينەيا بەهدينان ژ دەستنڤيسێن زانا و مير و هۆزانڤانان ل سەدێ ٩_١٥مش / ١٥ _٢٠ز . دهۆك : پرۆژەيێ بەندەر _ دهۆك ، ( دهۆك : ٢٠٢٠).
- **قەرەداغى** ، محەمەد عەلى ، بووژاندنەوەى مێژووى زانايانى كورد لەرێگەى دەستخەتەكانيانەوە، بەرگى ١ ، (بەغدا : ١٩٩٨).
- . ، بووژاندنەوەى مێژووى زانايانى كورد لەرێگەى دەستخەتەكانياوە ، بەرگى ٣ ، ( بەغداد : ١٤٢١ ك _ ٢٠٠٠ز).
- ، بايەخدانى ميرانى ئاميدى بە رۆشنبيرى لە دەڤەرى بادينانـدا ، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى ئاراس ، ( هەولێر : ٢٠٠٦ ).
- **يوسف** ، عبدالرقيب ، ديوانا كرمانجى ، چاپا ئێكێ ، ( بەغدا : ١٩٧١ ).

**ب _ ب زمانێ عەرەبى :**

- **ئاميدي** ، كاوه فريق أحمد شاوەلى ، إماره بادينان ١٧٠٠_١٨٤٢ دراسة سياسية اجتماعية ثقافية ، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر ، ( أربيل : ٢٠٠٠).

- **ابن العبري** ( ت : ١٢٨٦ م ) ، تاريخ الزمان لأبي الفرج جمال الدين ابن العبري ، نقله الى العربية : الأب إسحق أرملة . قدم له الأب جان موريس فيه ، ( بيروت : ١٩٩١).
- **رؤوف** ، عماد عبدالسلام ، الشجرة الزيوكية وثيقة نسب أمراء بهدينان و تاريخهم (دراسة و تحقيق) ، مكتب التفسير للنشر و الإعلان ، (أربيل : ٢٠٠٩).
- ، السلطان حسين ولي أمير بهدينان ٩٤٠_٩٨١هـ/١٥٣٣_١٥٧٣م ، ( هولير : ٢٠٠٩).
- ، المعجم التاريخى لإماره بهدينان ، ط ١، مطبعة الحاج هاشم ، (أربيل : ٢٠١١).
- **رؤوف** ، عماد عبدالسلام _ محمد أمين ، نرمين علي ، شواهد المقبرة السلطانية في العمادية. أربيل : من مطبوعات الاكاديمية الكوردية ، (أربيل : ٢٠١١).
- **العمري** ، ابن فضل الله ( ت : ١٣٤٩م) ، مسالك الابصار في ممالك الامصار، تحقيق : كامل سلمان الجبوري ، ج ٣ ، دار الكتب العلمية ، (بيروت : ٢٠١٠).
- **عواد** ، كوركيس ، خزائن الكتب القديمة في العراق منذ أقدم العصور حتى سنة ١٠٠٠ للهجرة . ط ٢ ، دار الرائد العربي ، ( بيروت : ١٩٨٦).
- **القرداغي** ، محمد علي . ٢٠١٤. كنوز الكرد في خزائن دار المخطوطات العراقية . ج ٢. أربيل.

- **الكتاني** ، مسعود مصطفى ، مدرسة قوبا _ قوبهان (ذلك الطود الشمس الآفلة )، (دهوك : ٢٠٠٩).
- . ، المساجد و المدارس و العلماء و المخطوطات في إمارة بادينان_العمادية ، ( دهوك : ٢٠١٠).
- **گولى** ، نزار أيوب _ الجوادي ،غسان وليد ، مقدمة في تاريخ زاخو خلال العهد العثماني ١٥١٥_١٩١٨ ، مركز زاخو للدراسات الكردية _ جامعة زاخو ، ( زاخو : ٢٠١٩).
- **المايي** ، أنور ، الاكراد في بهدينان ، ط ٢ ، مطبعة هاوار ، ( دهوك : ١٩٩٩).

**ج _ ب زمانێ توركی :**

- **ÇELEBİ , EVLİYÂ**, *Evliya Çelebi Seyahatnamesi* , Haz. Seyit Ali Kahraman. Yücel Dağlı. IV kitap. İstanbul : ( ٢٠٠٠ ) .
- **Gunduz , Ahmed _** Osmanli Doneminde Musul **1523** _ **1639**. Doktora Tezi. Elazig Universitesi. **1998.**

**سێ _ گۆڤار :**

- **دۆسكی** ، تەحسین ئیبراهیم كەشكۆلا مەلا خەلیلێ سێرتی و گرنگیا وێ بۆ دیرۆكا ئەدەبیاتا كوردی ، گۆڤارا دیرۆك ، ژ (١٩) هاڤینا ٢٠١٨، ل ١٢٤_١٢٥.
- **دۆسكی** ، محسن ئیبراهیم ، ژ كلاسیكێن مە سەیفی یێ شوشی ، گۆڤارا ڕاستەڕێ ، ژمارە ( ١ ) ، ڕەمەزانا ١٤١٢ مش.

- **ڕێکانی** ، هێرش کەمال ، پرسیار و بەرسف دناڤبەرا مەلایێ جزیری و ڕەمەزانێ جزیریدا ، گۆڤارا رووگەهـ ، ژمارە ( ١٢ ) ، پاییزا ٢٠٢٠ و زڤستان و بهارا ٢٠٢١.
- ، رۆلێ زانایێت دەڤەرا (ریکان) د ژیانا زانستی و چاندی دا ل (هەکاری) و (بەهدینان) ل چەرخێ (١٠_١٥مش/ ١٦_٢٠ز) ، گۆڤارا دیرۆك . ژمارە (٢٠) ، ٢٠١٨.
- . ، مەدرەسەیا سەییدخان (جەدیدە) زانا و دەستنقیس و شاگردێن ئەوێ ، گۆڤارا رووگەهـ . ژمارە (١٤) ، گولانا ٢٠٢٢.
- **کتانی** ، مەلایێ باتەیی و سلطان حسێنێ میرێ ئامێدیێ ، گۆڤارا پەیڤ ، ژمارە (٦) ، زڤستانا ١٩٩٨.
- ، مەسعوود مستەفا ، چەند هۆزانڤانێت کلاسیکی پێت نەنیاس ، گۆڤارا پەیڤ ، ژمارە (٧) ، ١٩٩٨.
- **گولی** ، نزار ئەیووب ، ژ هۆزانڤانێت کەڤنێت بەهدینان مەلا رەمەزانێ عەبباسی ، گۆڤارا دیرۆك ، هژمارە (١٢) ، ٢٠١٦.
- **مزووری** ، هوزانڤانێ پایەبلند محمدسعید میهری ، گوڤاری کاروان ، ژمارە (١٠) ، ١٩٩٤.
- ، کاودانێن رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینان ، گوڤارا دیرۆك ، هژمار (٥) ، ٢٠١٤.
- **مفتی** ، بلند محمد شکری ، مەلا عبدالله یێ ریکانی یێ مامیسی ئێکە ژ زانا و ناڤداریت میرگەها بەهدینان ، گۆڤارا دیرۆك ، ژمارە (٧) ، ٢٠١٥.
- **یوسف** ، عبدالرقیب ، شیعرێن چەند شاعیرەکی کەڤن ددەستنقیسین مەدرەسا قوبەهان دا ، گۆڤارا ڕوشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٩) ، ١٩٨٨.


**پاشکۆ:**

هەلبەستا مەلا ڕەمەزانێ عەبباسی د هەلبەستەکا صادق ئامێدی ژ دەستنقیسا سیاحەتنامەیا ئەولیا چەلەبی دا ، ١٦٥٦ز محەممەد کوڕێ مەسیحا ، ١١٨١ مش /





رسالة الفتحية ، شەرحا مەلا جەرجیسێ ئەربیلی بۆ هەلبەستا مەلایێ جزیری ل سالا ١١٨٥ مش







Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پارچـه مـالكێن پرسـيارا ڕەمـەزانێ جزيـری و بەرسـڤا مـەلایێ جزيری ددەستنڤیسا "روزنامه جدید" دا ژ دەستنڤیسیا مەلا عەبدوللاهێ مامیسی یێ رێكانی ١١٩٢مش / ١٧٧٨ز



دمریاییێن شعری ب ڤەهاندنا توركی (عوسمانی) و دیار كرنا هندەك پەیڤان ب كوردی ژ دەستنڤیسیا مەلا عەبدوللاهێ مامیسی یێ رێكانی









Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ژ : پەرتووکخانەیا موفتیێت ئاکرێ.
هەلبەستەکا ئەحمەدێ خانی ژ دەستنڤیسا سەید عەبدوللاهێ گەلیرمانی ، ١٧٧٨ز



**پێنجمالکیەکا محەممەدتەییار پاشا (غەریبی) ل سەر غەزەلەکا مەلایێ جزیری ژ دەستنڤیسا وی یا دیوانا مەلایێ جزیری ، ١٢٣١ مش / ١٨١٦ز**





**دەستنڤیسا ، المجمع ، محەممەدسەعید میهری ( مفتیێ ئاکرێ )**






Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەستنڤیسا مفتیێ ئامێدیێ مەلا عوبەیدوللاھ ئەفەندی



هەلبەستەکا هۆزانڤان ( دەردی)



ژ : ئەرشیفێ / ڤەکۆلەر : عەبدوررەقیب یووسف

دیوانا مەلایێ جزیری ب دەستنڤیسیا میر ئیسماعیل پاشایێ دووێ

ل سالا (١٢٦٠مش, ١٨٤٤ز)





## پەراویز:

(١) بۆ نموونە مێژوونڤیس ئەنوەر مایی (١٩١٣_١٩٦٣) دبێژیت : نێزیکی سالا ٦٥٩ مش / ١٢٦٢ز بهائەددین کوڕێ شەمسەددین کوڕێ شوجاعەددین کوڕێ نەجمەددین کوڕێ خچر کوڕێ مبارز کەك خۆ وەك حاکمێ ئامێدیێ ڕاگەهاندی یە.( **المايي** ، ١٩٩٩ : ١١٨) ، بەلێ ل دووڤ ژێدەرێن ڕەسەن ل سالا ٦٦١ مش / ١٢٦٣ز حاکمێ ئامێدیێ عززەددین ئەیبەك کوڕێ عەبدوللاە ئەلبەدری ملکەچیا خۆ بۆ مەغوولان ڕاگەهاندی یە ، مێژوونڤیسێ مصری یێ مەملووکی (إبن ناظر الجيش ٦٩٧_ ١٢ زیلحیجه ٧٧٨ مش / ١٢٩٧_ ٢١ نیسان ١٣٧٧ز) دیار دکەت : ل سالا ٧٧٨ مش [١٣٧٧ز] (شوجاعەددین کوڕێ خضر کوڕێ مبارز کەك) خودانێ ئانکۆ میرێ ئاکرێ و شوش بوو. (**إبن ناظر** ، ١٩٨٧ : ٧٧ ) ، بۆ ڤێ چەندێ ژی ل دووڤ ڤەگێڕانا ئەنوەر مایی میر بهائەددین دبیتە نەڤیێ ڤی میرێ ناڤبری ، بێگومان ب ڤی ڕەنگی ژی دڤێت مێژوویا میر بهائەددین ل پشتی ڤێ مێژوویێ بیت ، نەکو نێزیکی پتر ژ سەدەیەکێ ل بەری هنگی بیت ! ، هەروەسا مێژوونڤیسێ عیراقی مەحفوز ئەلعەبباسی (١٩٢٤_٢٠١٠) مەلك خەلیل ب دامەزرێنەرێ میرگەهێ دەستنیشان کریە.( **العباسي** ، ١٩٦٩ : ٥٠).

(٢) دەربارەی ڤی بابەتی بنێڕە : هێرش کەمال ، پرسیار و بەرسڤ دناڤبەرا مەلایێ جزیری و ڕەمەزانێ جزیریدا ، گۆڤارا رووگەهـ ، ژمارە ( ١٢ ) ، پاییزا ٢٠٢٠ و زڤستان و بهارا ٢٠٢١.

(٣) د دیوانا بەکر بەگێ ئەرزی دا ئەڤ هەلبەستە بناڤێ (بەیتا بهارێ) دگەل وان هەلبەستان هاتیە دانان یێن بۆ ئەرزی دهێنە هژمارتن. ( دۆسکی ، ٢٠٠٢ ، ل ١٦١).

(٤) ئەڤ هەلبەستە د هندەك دەستنڤیسان دا بۆ عەلیێ حەریری هاتیە هژمارتن ، ژبەر کو بتنێ ل مالکا دووماهیێ ل شوونا ( دێ چەند ببێژی صادق) ئەڤ مالکە هاتیە ( چەند بێژە عەلییێ صادق). بنێڕە : تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، شەرحا بەرمایا دیوانا عەلییێ حەریری ، ( دهۆك : ٢٠٢٠) ، ل ١١٥_ ١١٦).

(٥) ئەڤ مەدرەسەیە دکەڤیتە گوندێ گەلیرمانێ ل دەڤەرا مزووری ژێریان ل باکورێ گوندێ بریفکان ، ژلایێ شێخ ئەحمەدێ گەلیرمانی (مرن : ١١٥٠مش/ ١٧٣٧ز) کو ئێك ژ نەڤیێن شەمسەددینێ ئەخلاتی (بریفکانی) یە هاتیە ئاڤاکرن ، ئێك ژ دەستنڤیسێن ل ڤێ مەدرەسەیێ هاتینە نڤیسین ڤەدگەریت بۆ سالا (١١٩٢مش / ١٧٧٨ز) ئەو ژی (ملخص علم الهيئة) یا مەحموود ئەلجەخمینی ئەوا ژلایێ (مەلا عەبدولقادر ناڤەکی) هاتیە نڤیسین. بنێڕە : محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەرێگەی دەستخەتەکانیاوە ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، بەرگێ ٦، ( هەولێر : ٢٠٠٤) ، ل ١٦٦ ؛ عەبدولرەحمان مزووری، کاودانێن رەۆشەنبیری ل میرگەها بەهدینان ، ل ١١.

(٦) ل دۆر دانەنیاسینا ڤێ کەشکۆلێ بنێڕە : تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، کەشکۆلا مەلا خەلیلێ سێرتی و گرنگیا وێ بۆ دیرۆکا ئەدەبیاتا کوردی ، گۆڤارا دیرۆك ، ژ (١٩) هاڤینا ٢٠١٨، ل ١٢٤_١٢٥.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

الملخص:

من احدى الأعمال المهمة و المشرقة في تاريخ الإمارات الكردية لاسيما إمارة بهدينان (العمادية) . هي اهتمام بالكتابة في مجال شتى باللغة الكردية لاسيما من جوانب نصوص الدينية (الاسلامية ) و الادب الكلاسيكية . أو نصوص و قواميس و ترجمات بعض نصوص من قبل عدد من العلماء الكورد و طلاب المدارس الدينية و نبلاءها و أمراء تلك الإمارة الذين تركوا العديد من المخطوطات والنصوص الثمينة للجيل القادم. اعتمد هذه الدراسة على مخطوطات لعلماء و الشعراء و أمراء العائلة المالكة. الذين قدموا دور كبير في مجال الكتابة باللغة الكردية ، تناول الباحث عن الفترة ما بين القرن السادس عشر و ١٨٤٢م ، و هذا بعد قراءة و دراسة وثائق و مخطوطات عدد من علماء و أمراء و المصادر الأصلية ، تم تقسيم الدراسة إلى نوعين كما يلي :

أولا : من مخطوطات بعض أمراء إمارة بهدينان

ثانيا : من نصوص و مخطوطات بعض علماء الكورد في بهدينان

**الكلمات المفتاحية :** *إمارة بهدينان ، علماء و أمراء ، مدرسة ، نصوص و مخطوط*

## Texts and manuscripts in the Kurdish language During the era of the Emirate of Behdinan During the 16 th century _ 1842 AD

**Adstract:**

One of the important and bright works in the history of the Kurdish emirates , especially the emirate of Bahdinan (Amadiyah). She is interested in writing in various fields in the Kurdish language, especially in the aspects of religious (Islamic) texts and classical literature. Or texts, dictionaries and translations of some texts by a number of Kurdish scholars and students of religious schools and its nobles and princes of that emirate who left many precious manuscripts and texts for the next generation. This study was based on manuscripts of scholars and princes of the royal family. Those who played a major role in the field of writing in the Kurdish language, the researcher dealt with the period between the sixteenth century and **1842** AD, and this after reading and studying the documents and manuscripts of a number of scholars and princes and the original sources, the study was divided into two types as follows :

**First :** From the manuscripts of some of the princes of the Emirate of Bahdinan.

**Second :** From texts and manuscripts of some Kurdish scholars in Bahdinan.

**Keywords:** *Emirate of Bahdinan , scholars and princes , school , texts and manuscripts*

# میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکاندا
# (١٧٥١-١٧٩٤)

**د. نعمەت شەهاب حاجی**
زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

دامەزراندنی فەرمانڕەوایی زەندییەکان، لە سەر دەستی کەریم خانی زەند (١٧٥١-١٧٧٩) بە یەکێ، لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی نوێی ئێران دەژمێردرێت. ماوەی دەسەڵاتداریێتی زەندییە کان لە ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا (١٧٥١-١٧٩٤)، تا سەرهەڵدانی قاجارەکان، کە نزیکەی نیو سەدەی خایاند، هەڵگری کۆمەڵێ ڕووداوی جۆراوجۆر بوو، کە بە گوێرەی ڕاو بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری توێژەرانی ئێرانی و بیانی، ئەم دەورانە تەمەن کورتە بە یەکێ، لە نەناسراوترین و شاراوەترین دەورانەکانی مێژووی نوێی ئەم وڵاتە دەژمێردرێت. میرنشینی ئەردەڵا نیش وەک یەکێ لە میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ماوەی فەرمانڕەوایی زەندییەکان، ئەگەرچی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی بگرە و بەردەی دەسەڵاتدا، ژیاوە و لەم ماوەیەدا، تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر هاتووە، بەڵام هەرچۆنی بێ میرانی ئەم میرنشینە ، لە کارەکتەرە گرنگەکانی ئەم سەردەمە ئاڵۆز و پڕ گرفتە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەرەنگار بوونەوە و یەکلاکردنەوەی گیروگرفت و کێشە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچەیە ئەژمار دەکرێن.

دیارە ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە، بەرهەمی ئاڵۆز و پەشۆکاوی گۆڕانکارییە یەک لە دوای یەکەکانی،ساڵانی دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی و سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی نادرشای ئەفشار و دەرئەنجامی بە دیار کەوتنی زەندییەکان، لە سەر شانۆی سیاسی ئەو کاتەی ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم بوو، کە بەرۆکی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتبووەوە. لە سۆنگەی ئەم باسەوە هەوڵمان داوە بە وردی تیشک بخەینە سەر بارودۆخی گشتی میرنشینی ئەردەڵان و ڕووداوە گرنگە مێژووییەکانی ئەم میرنشینە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکان و هۆکارەکانی بە دیارکەوتن و گەشەسەندن و هەروەها شێوازی حوکمڕانی میرانی ئەردەڵان و ڕۆڵیان، لە پێکهاتەی کارگێڕی و سیاسی دەوڵەتی زەندییەکان، بخەینە بەر باس و گفت و گۆیەکی بابەتیانە. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات شەن و کەوی لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازیی و تەنانەت ناوچە گرنگەکان و مەودای قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان، دەستنیشان بکات و لە پێوەندییە ناسەقامگیر و پڕ لە گرفتەکانی میرانی ئەردەڵان و فەرمانڕەوایانی زەند و هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئەم ئاڵۆزیانە بکۆڵێتەوە. لەگەڵ دەرخستنی گرنگترین هۆکارە پاڵنەرەکانی پشت ئەو هەنگاوانەی پاڵیان بە میرانی ئەردەڵان دەنا، کە لە ناوچەیەکی هەرە ئاڵۆز و پڕکێشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا، سەرەڕای هەموو گرفتەکانیان، حوکمڕانی بکەن و قەڵەمڕەوی خۆیان، لە دەست ڕکابەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بپارێزن و درێژە بە تەمەنی دەسە ڵاتیان بدەن.

بە لێکدانەوە و تیشک خستنە سەر تارمایی ڕووداوە مێژووییەکان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی میرنشینی ئەردەڵان، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کەوا بە هۆی سیاسەتە ناجێگیرەکانی فەرمانڕەوایانی زەند، لە ئاست میرنشینی ئەردەڵان، بارودۆخی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە گشتی و میرنشینی ئەردەڵان بە تایبەت، دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ناسەقامگیر و دژواریان تێپەڕاندووە. فەرمانڕەوایانی زەند بە گۆڕینی زوو بە زووی میرانی ئەردەڵانی، کە پێوەندییەکی باشیان، لە گەڵ خێڵی قاجاردا هەبوو، کە ڕکەبەری سەرەکی زەندییەکان بوون و دانانی کەسانی لاواز و لایەنگری خۆیان، لە حوکمڕانی ئەم ناوچە گرنگەدا، سەلمێنەری ڕادەی پەشۆکاوی دۆخی ناوخۆی ئەم میرنشینە و نەبوونی یەکڕیزی و تەبایی، لە نێوان ئەندامانی ئەم بنەماڵە کوردیە، کە لەم ماوەیەدا نەیانتوانیوە وەک پێویست، لە دەرفەتە مێژووییە بەردەستەکان، بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانیان، لە گەڵ زەندییەکان سوود وەربگرن و سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان، لە هێرشە بەردەوامەکانی هێزە کانی دەوروبەر بپارێزن.

هەر بۆیەش فەرمانڕەوایانی زەند، بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، ماوەماوە، بە سوود وەرگرتن، لەم شلەژاوی و ناتەباییەی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەردەڵانەکان، هەوڵیان داوە، کەوا چەند کەسانێک، لە خانەدانی بابانەکان لە دەرەوەی سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەڵان، وەک حاکمی فەرمی ئەم میرنشینە، دەستنیشان بکەن و جڵەوی فەرمانڕەوایەتی ئەم میرنشینە گرنگەیان بە دەستەوە بدەن.

**ووشە سەرەکییەکان:** *میرنشینی ئەردەڵان، فەرمانڕەوایی زەندییەکان، کەریم خانی زەند، میرانی بابان، قاجارەکان*

**پێشەکی:**

ئەردەڵان وشـەیەکی گەلێک بەرز و هێـژایە، لەبەر ئەوەی مێژوویەکـی دێرینـی لەپشت خۆیەوە حەشـار داوە. دەکرێ بڵێین، کەوا لە وشەی ئەردەڵانـدا، بڕێکـی زۆر لەو شانازییانەی، کە نەتەوەیەک پێی سەربەرزە، بەدی دەکرێت. میرە ماڵێک، کە لانی کەم حەوت سـەدە خەبـاتێکی چڕوپڕی کـرد، تـا چـرای مـانەوەیی و سـەربەرزیی، هەڵگیرسـاو ڕابگرێت. بۆ هەر بوارێک، لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، زانستی، ئەدەبی، مێژوو نووسی، تەلارسازی و هونەریدا چاو بگێڕی، شوێن پێی ئەردەڵانییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە ڕەنگینـی دەدۆزیـتەوە. ئەردەڵانەکـان بنەمـاڵەیەکی کـۆن و ڕەسـەنی کـوردن، کە بـۆ سـەردەمێکی دووورودرێـژ، لە سـەدەی سێزدە تـا سـەرەتای سـەدەی نۆزدەی زایینـی حـوکمڕانی بەشـێکی گەورەی کوردسـتانیان کـردووە. ئەم میرنشـینە، لە هەڵـومەرجی ئـاڵۆز و ناسەقامگیری دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ئێلخانی (١٢٥٦-١٣٣٥)، لە بەشێکی کوردستاندا، کە ناوەندەکەی شارەزوور بـوو، دامەزرا و بە کەڵک وەرگرتن لە بۆشایی هێزێک، کە لە ئەنجامی نەمانی دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە، حکومەتێکی نیـمچە سـەربەخۆیان پێکهێنا و توانیـان درێـژە بە بـوون و مـانەوەی خۆیـان بـدەن. لە ڕاسـتیدا ئەم میرنشینە لە دروستکردنی مێژووی کورد و بەدیهێنـانی ڕەوتی گۆڕانکاریی و سـەرهەڵدانی ڕووداوەکـانی نـاوچەکەدا، دەوری بـاڵای گێـڕاوە و کـاریگەریی خـۆی هەبـووە. سـەرچاوە مێژووییەکـان سـەبارەت بە بنەمـا و بنچیـنەی خـانەدانی ئەردەڵانەکـان و چۆنیەتی دەسـەڵات گرتنیان، زانیارییەکی ڕوون بەدەستەوە نادەن. میر شـەرەفخان میرانی ئەردەڵانی، لە پێشـەوەی فەرمانڕەوایانی مەزنی کورد ستان داناوە، ئەوانەی هەرچەند تەواو ئـازاد و سـەربەخۆ نەبوون و بیریـان لە جیابوونەوە نەکردۆتەوە، بەڵام جاروبـار نـاو و نازناویـان لە وتـاری مزگەوتەکانـدا، دەهێنـدرا و لەسـەر دراوەکانیـان دەنەخشـێندرا (بدلیسـی، ٢٠١٧: ١٨١-١٨٢)، دیـارە ئەم دوو هەنگـاوەش لە هێمـا و نیشـانەکانی خۆ بە سـەربەخۆ زانیـنن. سـەرەڕای ئەم ڕاسـتییەش، هیـچ قەوارەیەکـی سیاسـیی کـورد، لە مێژوودا بەقەد ئەردەڵان سـەربوردە و بەسـەرهاتەکانی لێڵ و شاراوە نین و ئەوەندە دەرکەوتن و پێگرتنی تەم و مژاوی نییە. ئەم میرنشینە یەکێکە لە قەوارە جوگرافیایی و سیاسییە دیار و ناسراوەکانی کوردستان،کە مێژوویەکـی دوورودرێـژی، لە فەرمانڕەوایەتیکردن بە سەر هەرێمێکی بەرفراوانـدا هەبووە، کە پێشتر بە نـاوی شـارەزوور دەناسرا.

ئەم ڤەکۆڵینە هەوڵێکی بەرایی دیـکەیە لە پێـزانین و دەنگوباسـی نوێ لە مەڕ بارودۆخی میرنشینی ئەردەڵان لە سـەردەمی فەرمـانڕەوایی زەندییەکانـدا، هاوکـات ڕەوانـدنەوەی بڕێک لەو تەمـومژە چڕەیە، کە بە مێژووی ئەم میرنشینە کوردییە، لە مـاوەی فەرمـانڕەوایی زەندییەکاندا لکاوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ئاخێزگەی زەندییەکان و پێوەندییان لە گەڵ بنەماڵەی ئەردەڵان:**

زۆربەی هەرە زۆری ئەو مێژوونووسانەی لە بارەی مێژووی زەندییەکان دوواون، لە سەر ئەمە ڕێکن کە هۆزی "زەند" بەشێکن لە لوڕەکان[١] کە لە پێش وەدەرکەوتنی کەریم خانی زەند لە سەر شانۆی سیاسی ئێران ناوبانگێکی ئەوتۆیان لە مێژوودا نەبووە (آشتیانی، ١٣٥٧: ٧٣٩؛ شعبانی، ١٣٧٨: ١٤٥) هۆزەکانی"لوڕ" یش لە ڕووی زاری گوتنەوە بە سەر هەر دوو گروپی لەک[٢] و لوڕ[٣] دابەش دەبن. زۆرینەی تیرەکانی لەك لە هەرێمەکانی باکوور و باکووری رۆژئاوای لوڕستان دەژین. سەرەڕای ئەوە، کە بەشێکی تریشیان هەر لە دێر زەمانەوە، لە نێو هەندێ لە هۆزەکانی تری لوڕستان، ئیلام و کرماشان و تەنانەت لە ناوچەکانی هەمەدان و قەزوین نیشتەجێ بوونە، هۆزی" زەند"یش یەکێکە لەوانە کە لە ناوچەکانی نێوان برۆجێرد، نەهاوەند، خورەم ئاوا و کرماشان و هەروەها ئیلام دەژین، کە دەکەونە نێوان کوردە فەیلییەکان و کرمانجەکانی تر(پری، ١٣٨٤: ٢٤-٢٥).

بە پێی ئاماژەکردنی هەندێ لە مێژوونوسانی ئێرانی و بیانی زەندییەکان هۆزێکی ڕەسەن و دێرینی کوردن، کە لە ناوچەکانی نێوان هەرێمی کرماشان و ناوچە لوڕنشینەکاندا دەژین و لە ڕووی مەزهەبەوە شیعەی دوازدە ئیمامین(صداقت کیش،١٣٨١: ١١٩؛ فتاح قاضی، ١٣٦٧: ٩٧).زەندییەکان وەك گشت کوردەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە شێواز و زاراوەیەکی کوردی قسە دەکەن (مینورسکی، ١٩٨٤: ٣٤) و بە پێی ئاماژەکردنی پرۆفیسۆر "**پاول هورن**" (١٨٦٣-١٩٠٨) و هەروەها "**ئێدوارد براون**" (١٨٦٢-١٩٢٦) کە دوو پسپۆر و شارەزای بواری مێژووی وڵاتی ئێرانن، هۆزی"**زەند**" لە هۆزە هەرە دیارەکانی لەك دەژمێردرێ، کە لە ئەسلدا لە کوردە ڕەسەنەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتووە (آا120 :1959 ,).

لە لایەکی دیکە گەورە مێژوونوسی کورد، "**میرشەرەفخانی بدلیسی**" نە تەنیا زەندییەکان بە کورد دەزانێ، بگرە بە ڕای ئەو، سەرجەم لوڕ و بەختیارییەکانیش لە کوردە ڕەسەنەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتن و لە مێژەوە بەشێکی بەرین، لە عێراقی عەجەم شوێنی ژمارەیەکی بەرچاو لەو هۆز و خێڵانە بوون، کە بەڵێنیان بە فەرمانڕەوایانی ئێرانی دابوو و هاوپەیمانییان لەگەڵدا ساز کردبوون. میرشەرەفخان گووتەنی:"جگە لە بەهێزترینی ئەم هۆزانە، کە سیامەنسوور و چگنی و زەنگەنەکانن، خێڵەکانی لەک و زەندیش سەریان وەبەر پاشایان و مەزنانی دیوانی هێنابوو و خزمەتیان دەکرد" (بدلیسی، ٢٠١٧: ٥٠٢).

هەرچەند هەندێ لە نووسەر و مێژوونووسی ڕۆژئاوایش زەندییەکان، بە بەشێك لە خێڵی گەورەی زەنگەنە دادەنێن، لە وانە قونسوولی ڕووسی ئا. ئاکویف (اکویف، ١٣٧٦: ٨٤)، بەڵام بە پێی بۆچوونی مینۆرسکی لەکەکان لە بنەڕەتدا لوڕ بوونە و وردە وردە بوونەتە کورد و تەنانەت گەلێ هۆزی کوردی خۆیان بە لەك دەزانن و بە شێوەزاری "**لەکی**" قسە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکەن، لە وانە کەلهوڕەکان. ئەم زاراوەیە (لەکی) هەمان شێوازی باشووری کوردستانە، کە بە هۆی تێپەربوونی کات و کاریگەری رووداوە مێژووییەکان بە تۆزێك جیاوازی، لەگەڵ زاراوەکانی دیکەی کوردی، ئەمڕۆ لە نێوان گشت هۆزەکانی لەك قسەی پێدەکرێت، بۆیە دەتوانین گشتیان بە کورد لە قەڵەم بدەین (مینورسکی، ١٩٨٤: ٨٦).

غەففاری کاشانی، کە یەکێکە لە مێژوونوسە دیارەکانی فارس و لە سەدەی هەژدەهەم و سەردەمی کەریم خانی زەند ژیاوە، گشت هۆزەکانی"**لەك**"لە وانەش زەندییەکان بە کوردی لوڕستان ناو دەبات (غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٤٢). بە پێی ئاماژەکردنی "**جێن داف گارسۆڤیت**" لە زاری "**لورد کورزەن**" دەکرێ سەرجەم لوڕەکان بە کورد لە قەڵەم بدرێن(گارسویت، ١٣٧٣: ٨١-٨٢). سەرەڕای دانپێدانی مێژوونوسە بیانییەکان، هەندێ لە مێژوونوسە ئێرانییەکانیش پێیان وایە نە تەنیا زەندییەکان کوردن بگرە لوڕەکانیش بە کوردی ڕەسەن دەزانن(شمیم همدانی، ١٩٨٠: ٤٨). بەڕای نووسەری ناوداری بەریتانی"**جان پێری**" سەرەڕای هۆزی زەند، هۆزەکانی کەلهوڕ، زەنگەنە، مافی و باجەڵانیش بەشێکن لە هۆزەکانی لەکی لوڕستان، کە دەبێ ئەوانیش بە کوردی ڕەسەن بزانین (پری، ١٣٨٤: ٢٤). بە پێی ئاماژەکردنی سەرچاوە مێژووییەکان، هۆزی زەند دابەش دەکرێتە سەر سێ تیرەی جۆراوجۆر، کە ئەم تیرانە بە پێی پلەی ڕەسەنایەتی و گرینگییان بریتینە لە: ١- زەندی بەگلە ٢- زەندی هەزارە ٣- زەندی خەراجی(نوذری، ١٣٦٨: ١١٣). هەر دوو تیرەی بەگلە و هەزارە لە یەك ڕەگەز پێکهاتوون و لە ئەسڵدا، لە یەك بەرەبابن. پێکهاتەی تیرەی خەراجی بریتیە لە خەڵکی هەژار و ژێردەست کە لە ئەسڵدا بە ژێرگروپی تیرەکانی دیکە دەژمێردرێن. کەریم خانی زەند (١٧٥١-١٧٧٩ز)، کە دامەزرێنەری فەرمانڕەوایەتی زەندییەکانە، لە تیرەی بەگلە بوو، بۆیە هەر بە پێی ڕێ و ڕەسمی عەشیرەتیش بێ، سەرپەرەشت و فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی تیرەکانی هەزارە و خەراجی بوو (نوایی، ١٣٥٦: ٣٧). دیارە هۆزی زەند دوای هێرشی شاعەبباسی یەکەمی سەفەوی (١٥٨٧-١٦٢٩ز) بۆ سەر ناوچەکانی لوڕستان و بە تایبەتی لە ڕاپەڕینی شاوێردیخاندا، بە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ، لە شوێنی سەرەکی خۆیان، ڕایانکرد و دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری توانییان، لە ناوچەی قەڵای "**پەری**"[٤] و "**کەمازان**" لە نزیك شاری مەلایر نیشتەجێ بن و جارجاریش لە بەر ئەوەی زۆربەیان بە کاری شوانکارەیی خەریکبوون، بۆ کوێستان و گەرمیان دەچوونە ناوچەی "**پەرۆپەرێز**" (پری، ١٣٨٤: ٩).

گوایە ئاژەڵداری کاری سەرەکی و گرنگی هۆزی زەند بوو، کە بە شێوەی نیوە کۆچەری دەژیان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان زۆرتر ناوچە دەشتاییەکانی هەمەدان و کرماشان بوو. دەستەیەکیان هەر لە مێژەوە لە ناوچەی لەیلاخ و هەندێکیشیان لە کوردستانی ئەردەڵان نیشتەجێبوون. هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەی کۆچی، نێوی زەندییەکان و بە تایبەت هۆزی باقلە، کەوتە سەر زاری خەڵکی ویلایەتی کرماشان و لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناوچەی دروفرماندا نیشتەجێ بوون، کە سنووری قەڵەمڕەوی هاموشۆکردنیان لە ڕۆژهەڵات بە هەرسین و لە ڕۆژئاوادا بە ماهیدەشت و کرماشاندا دوایی دەهات و لە وەرزی بەهاردا بۆ کوێستانەکانی قەراخ هەمەدان کۆچیان دەکرد. هۆزی زەندی باقلە کە مەهدی خان و دوو براکەی ئیناق خان و بوداق خانی سەرکردایەتییان دەکرد، فەرمانبەری عەلیقولی خان و سوبحانوردی خان بوون و دواتر ئیناق خان بە خواستنی خۆشکی سوبحانوێردی خان، بوو بە زاوای بنەماڵەی ئەردەڵانەکان و کەریم خانی کوریشی، کە دواتر بوو بە فەرمانڕەوای ئێران، خوشکەزای ئەردەڵانییەکانە (اردلان، ١٣٨٧: ٧٧-٧٩).

**میرنشینی ئەردەڵان[٥] لە سەردەمی پاشاگەردانی و نەمانی دەسەڵاتی ناوەندی (١٧٤٧-١٧٥١):**

دیارە میرنشینی ئەردەڵانیش وەك ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ماوەی نێوان سالانی (١٧٢٢-١٧٤٧ز) واتا سالانی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری سەفەوی، تا کوژرانی نادرشای ئەفشار، لە بارودۆخێکی ئالۆزی بگرە و بەردەی دەسەڵاتدا ژیابێ، کە بێ گومان ئەم بارودۆخە، بەرهەمی ئێرانی ئالۆز و پەشۆکاو و گۆڕانکارییە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم ماوەیە بوو، بە تایبەتی سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی نادرشا. لە دوا ساتەکانی فەرمانڕەوایی نادرشای ئەفشار(١٧٣٦-١٧٤٧) کاتێک میرزا محەممەد تەقی خانی گولستانەی فەرمانبەری خەزێنەی شاهی، بە مەبەستی وەرگرتنی باج و پیتاکی ساڵانە، ڕووی لەم میرنشینە کردبوو، بە گەیشتنی هەواڵی کوشتنی نادرشا، حەسەنعەلی خانی کوڕی عەبباسقولی خان (١٧٤٨-١٧٥١) بە یارمەتی خەڵکی سنە و ئەردەڵان، سوبحانوێردی خانی کۆنە والیی ئەردەڵانیان لادا و خۆی جڵەوی دەسەڵاتی ئەم میرنشینەی گرتە دەست (گلستانە، ١٣٩١: ١٣٣؛ پری، ١٣٨٤: ٣٥-٣٦).

بە کوژرانی نادرشای ئەفشار (١٦٨٨-١٧٤٧)، ئالۆزی و پشێوی لە ئێراندا بەدیهات و لە ئەنجامی ئەم پەشۆکاوییە شەڕێکی ناوخۆیی سەریهەڵدا، کە نزیکەی پازدە ساڵی خایاند، بۆیە ڕکابەرایەتی نێوان خوازیارانی تاج و تەختی ئێران کەوتە دۆخێکی ناهەموار و هەڵبەز و دابەزێکی زۆری بە خۆیەوە بینی. شارۆخ شا(١٧٤٨-١٧٤٩)ی نەوەی نادرشا، کە لە ساڵی ١٧٤٩کوێر کرابوو، هەتا ساڵی ١٧٩٥ تەنیا توانی وەک حاکمی خوراسان، درێژە بە فەرمانڕەوایی خانەدانی ئەفشارەکان بدات و دواتر بە فەرمانی ئاغا محەممەد خانی قاجار لە کار لا برا و کوژرا. دوای نەمانی نادرشا، کەریم خانی زەند وەک یەکێ لە سێ ڕکابەری سەرەکی تاج و تەختی ئێران، دوای دروستکردنی هاوپەیمانییە کی ناوچەیی، بەشێکی گەورەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی بەدەستەوە گرت. دوای ئەویش عەلیمەردان خانی بەختیاری، هەرێمی گەورەی لوڕستان و بەختیارییەکانی بەدەستەو بوو و سێیەم کەسیش، ئازاد خانی ئەفغان بوو، کە بە داگیرکردنی ویلایەتی ئازەربایجان دەسەڵاتێکی پان و بەرینی بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. دواتر کەریم خانی زەند و عەلیمەردان خان و ئەبولفەتح



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

خانی بەختیاری پەیمانێکی سێ قۆلییان بەست. ئەمانە بە هۆی دەستەمۆکردنی شا ئیسماعیلی سێیەم وەک شای ئێران، پێگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان لە نێو خۆیان بەم شێوەیە دابەشکرد؛ عەلیمەردان خان وەک جێگرەوەی شا و ئەبولفەتح خان وەک بەگلەربەگی ئەسفەهان و کەریم خانیش وەک فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی عێراقی عەجەم. گوایە بەڵێندەرانی ئەم پەیمانە سێ قوڵییە، لە پێناو یەکگرتنەوەی سەرجەم هەرێم و ناوچەکانی دیکەی وڵاتی ئێران، درێژە بە کار و چالاکییەکانیان دەدەن (نامی، ١٣٦٣: ١٢-١٦).

حەسەنعەلی خان، کە لە ساڵی ١٧٤٨بە فەرمانی فەرمی ئیبراهیم شای ئەفشار (١٧٤٨-١٧٤٩)، بوو بە فەرمانڕەوای ویلایەتی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە دەستیکرد بە ڕێکخستنی سوپا و نۆژەن کردنە وەی قەڵا سەربازییەکانی ناو هەرێمەکەی و لە ماوەیەکی کەمدا، توانی سوپایەکی دوازدە هەزار کەسی، لە جەنگاوەرانی کورد و ئەفغان و ئۆزبەک پێک بێنێت و لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە (قاضی، ١٣٨٧: ٥٤). بە پێی گێڕانەوەی محەممەد تەقی خانی گولستانە، میری ئەردەڵان بە لەشکرێکی بیست هەزار کەسی، لە جەنگاوەرانی کورد و تورک و ئەفغان ئەم هەرێمە دەوڵەمەندەی، لە ڕۆژئاوای وڵات بەڕێوەدەبرد. زۆری نەبرد میری ئەردەڵان لە سەر داوای مهرعەلی خانی تەکەلووی حاکمی هەمەدان، بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ کەریم خانی زەند، لە ساڵی ١٧٤٩لەشکری خۆی تەیار کرد (گلستانە، ١٣٩١: ١٥٣-١٥٩) و لە ئەنجامی شەڕێکی گران، سوپای ئەردەڵان بە دەسکەوتێکی بەرچاو و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی زەندییەکان، لەم شەڕەدا سەرکەوت و بەرەو سنە گەڕایەوە(مردوخ، ١٣٧٩: ٣٤٩).

دیارە سەرەتای دروستبوونی کێشە و تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و زەند ییەکان، بۆ ئەم شەڕە دەگەڕێتەوە، کە ژمارەیەک لە ناودارانی زەندیی نێو سوپای کەریم خان بە دەستی سوپای ئەردەڵان دەکوژرێن و حەسەنعەلی خانی ئەردەڵانیش وێڕای ڕزگارکردنی مهرعەلی خانی تەکەلوو لە تەنگەژە و ئابلووقەی سوپای زەند، بە تالانکردنی ئۆردووی کەریم خان و دوور خستنەوە و کۆچپێکردنی زۆرە ملێیانەی چوارسەد بنەماڵەی لەک، لە خانەدانی زەندییەکان بۆ سێ گوندی ناوچەی لەیلاخ، بووە هۆی تووڕەبوونی لە ڕادەبەدەری کەریم خانی زەند (قاضی، ١٣٨٧: ٥٤؛ مستورە، ٢٠٠٥: ١١٤).

زۆری پێ ناچێ ئیمامقوڵی خانی زەنگەنەش، بە لەشکرێکی گران هێرشی هێنایە سەر ئەردەڵان و میری ئەردەڵانیش، لە ناوچەی بیلەوار پێشی پێ گرت (مستورە، ٢٠٠٥: ١١٦؛ گلستانە، ١٣٩١: ١٥٤) و لەشکری ئیمامقوڵی خانی شکاند و لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە بڕێک لە ناوچەکانی کرماشان، سونقۆری کولیایی، کەنگاوەر، مەلایر و تەنانەت بروجێرد و گولپایگانیشی خستە ژێر رکێفی خۆی و ڕاستەخۆ حاکمی بۆ دانان (مستورە، ٢٠٠٥:

١١٦؛ اردلان، ٢٥٣٦: ٤٨؛ مـــردوخ،١٣٧٩: ٣٤٩). بەم شــێوەیە ســنووری قەڵەمــڕەوی میرنشـــینی ئەردەڵان، لە سـەردەمی حەسـەنعەلی خـان دوای چەنـدین سـاڵ پەرتەوازەیـی، تـا رادەیەکـی زۆر بەرفـراوان دەبێ و چەنـدین خێڵـی گـەورەی ئەم ناوچـانە وەك؛ زەنـگەنە، کەلهـوڕ و گـۆران بە ناچـاری ملکەچبـوونی خۆیـان ڕادەگەیـنن و دەچـنە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتداریێتی حەسـەنعەلی خانی میری ئەردەڵان.

کەمێـک دواتـر، بە ڕاونـانی سلێمان پاشـای بابـان بە هـۆی سـەلیم پاشـا و دواتـریش پەنادانی سـلێمان پاشـا لە لایەن حەسـەنعەلی خـان، پێوەنـدی نێـوان ئەم دوو میرنشـینە ئـاڵۆز دەبێ و گـرژی و پەشۆکـاویی تێدەکـەوێت (اردلان، ٢٥٣٦: ٤٨-٤٩). لە بەر ئەوەی میری ئەردەڵان ڕازی نابێ سلێمان پاشا تەسلیمی سەلیم پاشای بابان بکـاتەوە، سـەرەڕای هەمـوو هەوڵە ئـاشتی خوازەکـان و گـۆڕینەوەی نامە و ناردنی نوێنەرانی تـایبەت، بـۆ بەدەسـتە وەدانـی سـلێمان پاشـا و دەسـتێوەرنەدان لە کـاروبـاری ئەو میرنشـینە، لە کـۆتـایی سـالی ١٧٤٩ز دا، شـەڕێکی سـەخت لە نـاوچەی مەریـوان لە نێـوان هەردوولا ڕوودەدا و تێیدا میـری ئەردەڵان بە تونـدی توشـی شکسـت دەبـێ و بە نـاچـاری بەرەو هەورامــان ڕا دەکـات(گلسـتانە، ١٣٩١: ١٥٨-١٦٠). لە ئەنجـامی ئەم هێرشـە، شـاری سـنە لە تـۆڵەی حەوانـدنەوەی سـلێمان پاشـا، بـۆ مـاوەی یەک سـاڵ، لە لایەن سوپای بابانەکانەوە دەستی بەسەرداگیرا و بە توندی تـاڵان کـرا و ئاواییەکـانی سووتێنرا و ژمارەیەکـی زۆر لە خەڵکـی دەوڵەمەندی سـنە و بنەمـاڵە ناودارەکـانی بـۆ سـلێمانی و کـۆیێ و هەریر ، بە زۆر کوچێنراِن (کوردستانی، ١٩٨٩: ١٥٦).

حەسەنعەلی خان دوای ساڵێک دووری، توانی جارێکـی دیـکە بگـەڕێتەوە بـۆ سـنە و جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، بەڵام زۆری پێنەچوو بە هـۆی کـێشە ناوخۆییەکـانی نـاو بنەمـاڵەی ئەردەڵان و هەڵگـەڕانـی ئیبـراهیم بەگـی وەکیـل، کە حـاکمی پلنـگان و بـیلەوەر بوو، دیسان دۆخی ئەم میرنشینە ڕووی لە کزی و پەشۆکـاری نا. ئیبراهیم بەگ کە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لە شـکانی سـوپای حەسـەنعەلی خـان لە بەرامـبەر هێرشـی بابانەکانـدا هەبـوو، بە گـەڕانەوەی ناوبراو تەنـگەتاو دەبێ و بە ناردنی چەند نامەیەکـی نهێنی بۆ کـەریم خـانی زەنـد و ئیمـام قـولی خـانی زەنـگەنە، وێـڕای ئـامـاژەکردن بە دۆخـی نالەبـاری نـاوخۆی میرنشـینی ئەردەڵان، هـاوکـات داوایـان لـێ دەکـات کە ئەم دۆخە بە دەرفەت بـزانن و پـێکەوە هێـرش بکـەنە سەر ئەردەڵان(مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥١؛ مستوره، ٢٠٠٥: ١٢١).

لە ساڵی ١٧٥٠و لەم کـات و ساتە هەستیارەدا، زەندییەکـان شکـانی حەسـەنعەلی خان و کـێشە ناوخۆییە کـانی ئەم میرنشینەیان قۆزتەوە و بە لەشـکرێکـی گـەورە، هێرشیان بـردە سەر ئەردەڵان و ئەگـەرچی پیاو مـاقووڵ و ریشسـپیانی نـاوچەکە هەوڵیانـدا، لە ڕێگـای ئـاشتی کـێشەکـان چارەسەر بکـەن، بەڵام سوودی نەبوو و سوپای زەند سەر لە نوێ سنەیان تـاڵانکـرد و بە فەرمـانی خـانی زەنـد، سـەرجەم ئاواییەکـان و تەنـانەت مـزگەوت و قوتابخانەکـانیشـیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

سوتاند(قاضی، ١٣٨٧: ٥٧؛ گلستانه، ١٣٩١: ١٧٩). به پێی گێرانەوەی مەستوورە خانمی ئەردەڵان "مزگەوت و قوتابخانەکان بوون بە ئاخۆڕی ئەسپەکان"(کوردستانی، ١٩٨٩: ١١٧). دیارە کردەوە کانی کەریم خان و سوپاکەی لە وێرانکردنی شاری سنە و کوشتن و سووتاندنی ئاواییەکان و تالانی سەروەت و سامانی دانیشتوانی ئەم شارە، ڕق و کینەی نێوان ئەم دوو خانەدانەیان قووڵتر کرد(وقایع نگار کردستانی، ١٣٨٤: ١٠٨، سنندجی، ١٣٦٦: ١٤٥) سەرەڕای گشت هەوڵەکانیان، سوپای زەند نەیتوانی حەسەنعەلی خانی میری ئەردەڵان، کە خۆی لە قەڵای سەختی "قەراتورا" حەشاردا بوو، بگرن (مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥١).

دەکرێ بگوترێ تێکەڵ بوونی حەسەنعەلی خان لە کێشەی میراتگرانی دەسەڵاتی بابانەکان بە هۆی حەواندنەوەی سلێمان پاشای ڕاکردوو، بە تێچوونی دوا ڕۆژی سیاسی خۆی تەواو بوو و لە ئەنجامدا میرنشینی ئەردەڵان دیسان بوو، بە کاوڵگە و شێوانی بواری ئابووری، جێگەی ماوەی کورتی ئارامی و سەقامگیری وڵاتی گرتەوە. دوای گەڕانەوەی سوپای زەند، حەسەنعەلی خان لە تۆڵەی هێرشی زەندییەکان بە باشی زانی بۆ ڕێک و پێککردنی کاروبار و هەروەها سەلماندنی دەسەڵاتە لاوازەکەی، ڕوو لە ئازادخانی ئەفغان بکات و گوێ ڕایەڵیی خۆی پێ ڕابگەینێت(سنندجی، ١٣٦٦: ١٤٦).

**میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کەریم خانی زەند (١٧٥١-١٧٧٩):**

سالی ١٧٥١ز لە کاتی هێرشی عەلیموراد خانی بەختیاری بۆ سەر ناوچەی کرماشان و دواتر ئەردەڵان، بە بیانووی گەڕاندنەوەی تاج و تەختی پاشایەتی بۆ شا سولتان حوسێنی دووەم، حەسەنعەلی خان ئەم دەرفەتەی قۆزتەوە و هاوکات ڕووی لە بەرەکانی شەڕ کرد. بۆیە بۆ یەکەم جار سوپای یەکگرتووی میری ئەردەڵان و زەندەکان لە دەشتەکانی "بلیوار" ی کوردستان لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت توانیان لەشکری خانی بەختیاری تێک بشکێنن. لە هاوینی هەمان ساڵ ئازادخانی ئەفغان، کە لە ئەسفەهان دەسەڵاتی خۆی جاڕدا بوو، لە وەڵامی چاکەکانی پاشای بابان، حەسەنعەلی خانی لابرد و سەلیم پاشای بە حاکمی نوێی ئەردەڵان دانا. زۆریشی پێ نەچو و حەسەنعەلی خانی کۆنە والی بە فەرمانی سەلیم پاشا لە سنە دوور خرایەوە و پاش حەوت مانگ لە قەڵاچوالان بە شێوەیەکی نهێنی کوژرا (اردلان، ٢٥٣٦: ٤٩؛ سنندجی، ١٣٦٦: ١٤٦، پری، ١٣٨٤: ٢٦٨؛ مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٢).

دوای کوژرانی حەسەنعەلی خان، کەریم خانی زەند دیسان ڕووی لەشکری خۆی لە ئەردەڵان کرد و شاری سنەی پێتەخت سەر لە نوێ تالان کرا. بەردەوامی ئەم دۆخە ناڵەبارە وایکرد، کە خەڵکی ئەردەڵان پشتگیری لە کەریم خانی برای حەسەنعەلی خان بکەن، تا وەک میری نوێ دەست بە کار بێت، بەشکەم دۆخەکە ڕوو لە سەقامگیری و ئارامی بنێت. ماوەی دەسەڵاتی کەریم خان (١٧٥١-١٧٥٢) کە کەمتر لە یەک ساڵی خایاند، جگە لە پەشۆکاوی و ماڵوێرانییەکی پتر، بۆ دانیشتوانی ئەم میرنیشینە، هیچ ئەنجامێکی دیکەی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەدوای خۆیدا نەهێنا، هە بۆیەش بە گوتەی دانەری "لب التواریخ" : " خۆڵ بە سەری کوردستان و کەریم خانی والی، کە لەم ماوە کەمەی دەسەڵاتیدا، ئاگری خستە ناو ماڵ و گیانی خۆی و دانیشتوانی ئەم میرنشینە داماوە"( اردلان، ٢٥٣٦: ٥٠).

دوای مردنی کەریم خانی ئەردەڵان، بۆشاییەکی گەورە ڕووی لە فەرمانڕەوایەتی ئەم میرنشینە کرد، کە لەو ماوەیەدا پتر بە وێرانەیەک دەچوو، بۆیە دانیشتوانی ئەردەڵان چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی گەورە بوون. زۆری نەبرد خسرەو خانی دووەم (١٧٥٢-١٧٨٣) کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، سەرەڕای نەبوونی هیچ جۆرێ تەجربەیەکی حوکمڕانی، تاکە پالیوراوی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان بوو (قاضی، ١٣٨٧: ٥٩). ڕێک لەم کات و ساتانەدا کەریم خانی زەندیش لە چاو ڕکابەرانی دیکەی دەسەڵات ڕووبەر و مەودای قەڵەمڕەوەکەی بەرفراوانتر ببوو و لە ژێر ناوی "وەکیل الدولە" لە ئەسفەهانی کۆنە پێتەختی جارانی سەفەو بیەکان فەرمانڕەویی دەکرد. خووڵی یەکەمی حوکمڕانی خسرەو خانی گەنج، کە بە بێ هیچ پشتیوانییەکی دەرەکی جڵەوی دەسەڵاتی لە میرنشینی ئەردەڵان بەدەستەوە گرتبوو، زۆری نەخایاند و بە هۆی دەستێوەردانی بەردەوامی سەلیم پاشای بابان، بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ (١٧٥٢-١٧٥٦) بە ناچاری حوکمڕانی ئەردەڵانی ڕادەستی سەلیم پاشا کرد (مەستوورە، ٢٠٠٥: ١٢٨).

لەم کاتانەدا کە وڵاتی ئێرانیش بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕی، میری ئەردەڵان بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ سەر تەختی دەسەڵات، بە پلانێکی زیرەکانە و بە سوود وەرگرتن لە ڕکابەرایەتی دێرینی نێوان کەریم خانی زەند و محەممەد حەسەن خانی قاجار، خۆی لە خانی قاجار نزیک کردەوە و بە پاڵپشتی ناوبراو توانی جارێکی دیکە بە دەرپەڕاندنی سەلیم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٥٦، جڵەوی فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی بەدەستەوە بگرێت (اردلان، ٢٥٣٦: ٦٠). ئەگەرچی لە ماوەی چوار ساڵی حوکمی سەلیم پاشا لە میرنشینی ئەردەڵان، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تا ڕادەیەك بووژابوونەوە، بەڵام دواتر لە ژێر گوشاری خەڵکی نارازی و بە فەرمانی محەممەد حەسەن خانی قاجار، لە کار لادرا و خسرەو خانی دووهەم جارێکی دی لە شوێنی کرا بە میری ئەردەڵان (پری، ١٣٨٤: ٢٦٩).

لە لایەکی دیکەوە بە گوێرەی باسکردنی وقایع نگاری کوردستانی دوای یەکلابوونەوەی چارەنووسی حەسەنعەلی خانی کۆنە والی ئەردەڵان، هێشتا ساڵێك بەسەر حوکمی سەلیم پاشا تێنەپەڕی بوو، کە خەڵکی ناوچەکە دژی دەسەڵاتی ناوبراو ڕاپەڕین. سەلیم پاشا، کە بە زەحمەت توانیبووی گیانی خۆی ڕزگار بکا، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بە باشی زانی بچیتە ژێر سێبەری قاجارەکان (اردلان، ٢٠٠٥: ١٢٨-١٣٠)، بەڵام خانی قاجار (محەممەد حەسەن خان) کە بە وردی چاودێری بارودۆخی میرنشینی ئەردەڵانی دەکرد، بۆ ڕێزگرتن لە دۆستایەتی و پێوەندی لە مێژینەی ئەحمەدخانی کۆنە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هاوپەیمانی، خسرەو خانی کوڕی ئەحمەد خانی، بە میری ئەردەڵان دانا و ڕەوانەی سنەی کرد (وقایع نگار کردستانی،١٣٦٤: ١٠٩؛ سنندجی، ١٣٦٦: ١٤٧).

بە گوێرەی باسکردنی هەندێ لە مێژوونووسە ناوخۆییەکان، خانی قاجار بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هەر جۆرێ هەڵگەڕانێکی دیکە لە لایەن نەیارانی وەک خانەدانی وەکیلی، عەباباس خانی شاهسەوەنی بە دوو سەد سواری چەکدار، بۆ پشتیوانی کردن لە میری ئەردەڵان بەرەو سنەی بەڕێکرد(مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٤). دیارە خانەدانی وەکیلی، لە بنەماڵە کۆنەکانی نیشتەجێی میرنشینی ئەردەڵان بوون، کە دوای خانەدانی ئەردەڵا نییەکان خاوەنی پێگە و هێزی تایبەت بەخۆیان بوون و بە درێژایی ماوەی بوونیان لە دامودەزگای کارگێڕێ و سیاسیی میرنشینی ئەردەڵاندا، جێگە و پێگەی دیار و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناو دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لە ماوەی سەدەکانی دوازدە و سێزدەی کۆچی لە کوردستاندا هەبووە (بهرامی و مظفری، ١٣٩٠: ٦٥-٦٦). خسرەو خان دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بۆ جاری دووەم، بۆ ئەوەی دۆخی نالەباری سنەی پێتەخت، کە بە هۆی هێرشەکانی زەندییەکان لە لایەک و سەلیم پاشای بابان لە لایەکی دی ڕووی لە خراپی پەشۆکاوی نابوو، لە یەکەم هەنگاودا زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارەی بۆ قەڵای حەسەن ئاوا گواستەوە (مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٤، مستوره، ٢٠٠٥: ١٣٢). دیارە ئەم قەڵایە یەکە لەو چوار کۆنە قەڵایانە (زەڵم، پلنگان و مەریوان) بوو، کە بەر لە دروستکردنی شاری سنە و کردنی بە پێتەختی فەرمانڕەواییەکەی، ناوەندی دەسەڵاتی میرانی پێشووتری ئەردەڵانییەکان بوو. لە ساڵی ١٧٥٨ئازاد خانی ئەفغان بە هاندانی سلێمان پاشای بابان و بە بیانووی ئەوەی کەوا، ڕەوندە کۆچەرەکانی سەرسنووری نێوان ئەردەڵان و بابان لە لایەن داروودەستە خسرەو خان ئازار دەدرێن، هێرشی کردە سەر سنە و ئەم شارەی ئابلووقەدا (مستوره، ٢٠٠٥: ١٣٤). دوای چەند شەڕێکی بچووکی بێ ئەنجام، لەشکری ئازاد خان پاش دوازدە ڕۆژ بە بێ هیچ دەسکەوتێکی بەرچاو، وازیان لە ئابلووقەدانی سنە هێنا و بەرەو بارەگاکانی خۆیان کشانەوە(اردلان، ٢٣٥٦: ٦٢).

دوای کوژرانی محەممەد حەسەن خانی قاجار لە ساڵی ١٧٥٨لە شەڕێکی ناوخۆیی لە ناوچەی ئەستەر ئابادی گورگان، خوسرەو خان هەستی بەوە کرد کەوا، کەریم خانی زەند، کە ئیتر تاکە فەرمانڕەوای زۆربەی هەرێم و ناوچەکانی ئێران بوو، بە هۆی هەبوونی پێوەندیی گەرم و گوڕی ناوبراو، لەگەڵ خانی قاجار و خۆبە دوورگرتن لە زەندییە کان، بە توندی لێی ڕەنجاوە و ڕەنگە دیسان بە تەمای ئەوە بێ، کە تۆڵەی لێ بکاتەوە (سنندجی، ١٣٦٦: ١٥١)، بۆیە هەر زوو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سوپا و سەر لە نوێ خۆ ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی قەڵا سەربازییەکانی ناو قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی و هاوکات هەوڵیدا، لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی نرم و حەکیمانە بە مەبەستی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاراستنی دەسەڵاتەکەی، خۆی لە خانی زەند نزیک بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، کاتێک لە ساڵی ١٧٥٩هەواڵی گەیشتنی ئۆردووی کەریم خانی "**وەکیل الرعایا**"ی زانی، ئەحمەد خانی کوڕی بە دیارییەکی زۆرەوە نارده لای کەریم خانی زەند و گوێڕایەڵی خۆی پێڕاگەیاند (سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٢)، ئەگەرچی وەقایع نگاری کوردستانی پێی وایە کەوا خسرەوخان، دوای هەستکردن بە مەترسی توڵە سەندنەوەی خانی زەند، خۆی چوویتە لای کەریم خان و گوێڕایەڵی خۆی پێ ڕاگەیاندووە (وقایع نگار کردستانی، ١٣٨٤: ١٠٩-١١٠) دواتر خسرەو خانی ئەردەڵان، بۆ ئەوەی خانی زەند لە کردەوەکانی خۆی دڵنیا بکاتەوە، ئەحمەد خانی کوڕی بۆ شیرازی پێتەخت نارد، تا وەك بارمتە لە خزمەت فەرمانڕەوای زەندا بێت(کوردستانی، ١٩٨٩: ١٢٧).

لە ساڵی ١٧٦٢سلێمان پاشای بابان هێرشی کردە سەر ناوچەی ئەردەڵان، بەڵام لە مەریوان لە لایەن سوپای خسرەو خان تێك شکا و ناچار بوو پەنا بۆ بارەگای کەریم خان لە شیراز ببا و هەر لە وێش توانی خانی زەند ڕازی بکا، کە لە شوێنی خسرەو خان ببێ بە والی کوردستان (مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٦؛ پری، ١٣٨٤: ٢٦٩)، تاکۆ بەم شێوەیە میرنشینی ئەردەڵان بە دەسەڵاتی بابانەوە بلکێنێ. شایانی باسکردنە کەوا، کێشە کۆنەکانی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و زەندییەکان و پێوەندیی میری ئەردەڵان بە خانەدانی قاجار، کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی بێ بڕوایی خانی زەند بە میری ئەردەڵان، یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەپاندنی دەسەڵاتی بابانەکان بوو بە سەر میرنشینی ئەردەڵان. سلێمان پاشا کە دەسەڵاتی گرتە دەست، نەك هەر ملی بۆ عوسمانییەکان نەدا، بگرە بۆ سەلماندنی گوێڕایەڵی خۆی بە خانی زەند، هەر زوو عەلی خانی کوڕی بە خێزانەوە وەك بارمتە، بۆ لای کەریم خان نارد. سلێمان پاشا بۆ ماوەی دوو ساڵ بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوایەتی بابان و ئەردەڵانی کرد(پری، ١٣٨٤: ٢٧٠؛ موسوی نامی، ١٣٦٨: ٤٧). سلێمان پاشا دوای شەش مانگ لە پەنابردنی بۆ دەرباری زەند، لە لایەن کەریم خانەوە بە سوپایەکی تێکەڵ بە ئەردەڵانییەکان و بابانەکان بەمەبەستی داگیرکردنی شارەزوور، بەرەو ئەم هەرێمە بەڕێکەوت و بە بەزاندن و دەرکردنی ئەحمەد پاشای بابان، کە لەلایەن وەزیری بەغداوە لە شوێنی دانرابوو، دەستی بەسەر هەرێمی شارەزوور داگرت، بەڵام زۆری پێنەچوو حاکمی بەغدا بە مەبەستی تەمبێ کردنی ناوبراو ڕووی لە کوردستانی بابان کرد( مردوخ، ١٣٧٩: ٣٦٧). لە میانەی ئەو شەڕەی کە لە نێوان سلێمان پاشا و سوپای حاکمی بەغدا ڕوویدا، سلێمان پاشا شکا و دەسەڵاتی لە کوردستانی بابان داڕما و زۆری پێنەچوو بە دەستی فەقێ ئیبراهیم ناوێک، کە خەڵکی ئەردەڵان بوو کوژرا (سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٣).

بە کوژرانی سلێمان پاشا لە ساڵی ١٧٦٤بە فەرمانی کەریم خان، عەلی خانی کوڕی جێگەی باوکی گرتەو و دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵانی بە دەستەوە گرت، بەڵام



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەبەر ئەوەی کە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو و خەڵکی ئەردەڵان لێی نارازی بوون، دوای گەیشتنی وەفدێک لە پیاوماقوولانی ئەردەڵانی بۆ بارەگای کەریم خان و داوای گەڕانەوەی خسرەو خان بۆ سەر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان، کەریم خان ڕازی دەبێ بە مەرجی بە بارمتە هێشتنەوەی ئەحمەد خانی کوڕی لە شیراز، عەلی خانی کوری سلێمان پاشا لە دەسەڵات لابەرێت و دیسان فەرمانی میرایەتی بۆ خسرەو خان واژۆ بکات و ڕەوانەی سنەی پێتەخت بکاتەوە(اردلان، ١٣٨٧: ١٤٥). بەم شیوەیە بە لادانی عەلی خانی کوڕی سلێمان پاشا لە حوکمڕانی ئەردەڵان، بۆ دواجار دەسەڵاتی بابانەکان لە میرنشینی ئەردەڵان نەما و ململانێی دەسەڵات، لە نێوان میرەکانی ئەردەڵان و پاشاکانی بابان زۆری نەخایاند، چوونکە بە گەڕانەوەی خوسرەوخان بۆ سنە میرنشینی ئەردەڵان سەر لە نوێ لە لایەن ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە فەرمانڕەوایەتی کرا (ڤاسیلیەڤا، پی. ئی، ١٩٩٧: ٦٥).

گەڕانەوەی خسرەوخانی گەورە، بۆ ئەردەڵان و دانیشتنی لە سەر تەختی حوکمڕانی، بە قسەی مێژوو نوسانی ئەو کات، بە خۆشییەکی گەورە و بە گەرمی پێشوازی لێ کرا (سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٢؛ مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٧). دیارە دوای سەقامگیری بارودۆخ و ڕێك و پێك کردنی کاروبارەکان، وڵات ڕووی لە ئاوەدانی و گەشە کردنی ئابووری و سەقامگیری ئاسایش و ئارامی کرد. وا پێدەچێت ئەم جارە تا ١٥سالی دوای مردنی کەریم خان یانی تا سالی ١٧٩٤ز و کۆتایی فەرمانڕەوایەتی زەندەکان پێوەندییەکانی میرنشینی ئەردەڵان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، جگە لە چەند شەڕ و هەڵپرژانێکی بچووک و کاتی، تا ڕادەیەك باش بووبێ و کەمتر تووشی کێشە و گرفتی گەورە بووبن (کوردستانی، ١٩٨٩: ١٦٧).

خسرەو خان لە خووڵی سێیەمی فەرمانرەواییەکەیدا (١٧٦٥-١٧٩٣)، بە شێوەیەکی گشتی هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ تاکۆ دۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی میرنشینەکەی ببوژێنێتەوە و وڵات ئاوەدان بکات و خەڵک لە نەهامەتی و بێ دەرەتانی ڕزگار بکات و وڵاتیش لە شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی بەدوور بگرێت، تاکۆ دانیشتوانی میرنشینەکە، لە سێبەری ئاشتی و ئارامی ژیانێکی ئاسوودە بەسەر ببەن. بۆ ئەم مەبەستە میری ئەردەڵان داوای لە سەرجەم دانیشتوانی قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی خۆی کرد تاکۆ هاوکاری یەک بن لە دووبارە بنیاتنانەوە و سەر لە نوێ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و نۆژەنکردنەوەی خراپی و وێرانییەکانی ڕابردوو و گەڕانەوەی ماڵباتە کۆچێنراوەکان، کە لە ساڵانی دەسەڵاتی بابانەکان بە زۆری لە نیشتیمانی خۆیان دوور خرابوونەوە. لە ئەنجامی ئەم داواکارییە ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە ناودار و زەنگینەکانی ئەردەڵان، سەر لە نوێ گەڕانەوە بۆ سەر جێگە و پێگەی خۆیان و بە سەروەت و سامانی خۆیان یارمەتیدەری خسرەو خان بوون لە دووبارە گەشاندنەوەی وڵات. خسرەو خان لە درێژەی کارەکانیدا، قەڵای "**دار الایالە**"ی نۆژەن کردەوە، کە دواتر ناوی تەپۆڵەی لێ نرا، کە گەرماوێک و مزگەوتێک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و چوار باخێکی جوان و ڕازاوەی لە خۆ دەگرت. هەروەها دەستیکرد بە دروستکردنی کۆشکێکی گەورە و ناوازە بە ناوی خسرەو ئاوا، لە ناوەندی شاری سنە، کە دواتر بوو بە ناوەندی ڕایکردنی کاروباروکانی میری (سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٣؛ وقایع نگار کردستانی، ١٣٨٤: ١١١).

بە گوێرەی باسکردنی مەستوورە خانمی ئەردەڵان، خسرەو خانی والی بە درێژایی دوازدە ساڵ، لە ماوەی ساڵانی (١٧٦٥-١٧٧٧) سەرجەم هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ سەپاندنی دادپەروەری و باشترکردنی دۆخی ژیانی دانیشتوانی میرنشینەکەی، تاکۆ لەو پەڕی ئاسوودەیی و تەبایی لە ئاشتییەکی سەقامگیر و بێ خەوش دا بژین (مستوره، ٢٠٠٥: ١٤٠). دیارە بە هۆی ئەم کار و کردەوانەی والی و خۆ بەدوورگرتن لە هەر جۆرێ هەڵسوکەوتی ناشیاو و خۆبەگەورە زانین، دانیشتوانی ئەردەڵان نازناوی " **خان دەروێش**" یان پێ دابوو (بابانی، ١٣٧٧: ٥١). ئەگەرچی ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە لە سێبەری سیاسەتە چاکەکانی والی هاتبووە ئاراوە زۆری نەخایاند و بە هۆی کێشەکانی ئێران و عوسمانی سەر لە نوێ گۆڕانی بەسەرداهات و ئاڵۆزییەکان جێگەیان گرتەوە.

ساڵی ١٧٧٢کاتێک محەممەد پاشای میری بابان لە بەر کێشە ناوخۆییەکانی بنەماڵەکەیان و لە تۆڵەی دەستێوەردانی عومەر پاشای حاکمی بەغدا لە کاروباری میرنشینەکەی، پەنای بردە بەر کەریم خانی زەند و لە شیرازی پایتەخت ئاکنجی بوو تاکۆ لە کاتی پێویست پشتگیریی لێ بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر تەختی دەسەڵاتەکەی، خانی زەندیش ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و بە تەیارکردنی سوپایەک بە سەرکردایەتی عەلیموراد خانی زەند بە مەبەستی داگیرکردنی شارەزوور، لە ساڵی ١٧٧٣هانی محەممەد پاشای بابانی دا، کە جارێکی دیکە جلەوی دەسەڵاتی میرنشینی بابان بە دەستەوە بگرێت (قاضی، ١٣٨٧: ٦٢). ئەگەرچی بە گوێرەی باسکردنی نووسەری "**تاریخی گیتی گوشا**" سوپای هاوبەشی کوردانی گەرووس و سایین قەڵا و ئەنگۆران بە سەرکردایەتی عەلیموراد خانی زەند لە شەڕی دژ بە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و هاندانی محەممەد پاشای بابان، لە سەرەتادا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بەڵام، دواتر بە هۆی بەدیلگرتنی عەلیموردا خانی زەند و پەرتەوازە بوونی سوپاکەی، کەریم خان ناچار دەبێ جارێکی دی نەزەرعەلی خانی زەند بە سوپایەکی تازە بە هانای پاشای هەڵگەڕاوی بابان بچێت(نامی، ١٣٦٣: ٦٧-٦٨).

واپێدەچێت ئەگەری بەردەوامبوونی خراپی پێوەندییەکانی نێوان زەندییەکان و میرنشینی ئەردەڵان بگەڕێتەوە بۆ پشتگیری دەسەڵاتی ناوەندی (زەندەکان) لە بابانەکان، کە ڕکابەری سەرەکی بنەماڵەی ئەردەڵان بوون (بابانی، ١٣٦٦: ٥٣) دیارە مەبەستی زەندییەکانیش لەم سیاسەتە، لاوازکردنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوو لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی بابانەکاندا. دوای ئەوەی سوپای زەند توانی لە ٦نیسانی ١٧٧٦ز شاری گرینگ و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ستراتیژیکی بەسرا داگیر بکات، دەوڵەتی عوسمانی دەیویست بەرەیەکی جەنگی لە کوردستاندا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات هێزەکانی خۆی لە بەسرا بکێشێتەوە و سەرقاڵی کێشەکانی کوردستان بن تا ئەرکی ئازادکردنی بەسرا ئاسانتر بێ. بەم شێوەیە فەرمان بۆ حەسەن پاشای والی شارەزوور دەرچوو تا بچێتە بەرەی کوردستان (غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٩٥).

بە هۆی ئاماژەکردنی نووسەری کتێبی دانسقەی "**گولشەنی موراد**" زۆری پێناچێت، کە محەممەد پاشای بابان، سەرەڕای هەموو چاکەکانی کەریم خان و پشتگیرییە سەربازییە بەردەوامەکانی بۆ ئەوەی، کە جارێکی دیکە جڵەوی دەسەڵات لە بابان بگرێتە دەست، کاتێک لە لایەن عومەر پاشای حاکمی بەغدا، لە شوێنی ئەحمەد پاشای برای دەکرێتە حاکمی قەڵاچوڵان و ئەحمەد پاشای برای دەبەزێنێ و ئەویش بە ناچاری پەنا دەباتە بەر خسرەو خانی والی ئەردەڵان، محەممەد پاشا بە سوپایەکی دوازدە هەزار کەسی لە بەهاری ساڵی ١٧٧٧هێرش دەکاتە سەر میرنشینی ئەردەڵان (غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٣٦٥؛ قاضی، ١٣٨٧: ٦٤-٦٥؛ مستورە ، ٢٠٠٥: ١٤١). دیارە محەممە پاشای بابان، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی پشتگیری والی بەغدا بەڵێنی پێدابوو، کە ئەگەر بێتو لە ڕووی سەربازییەوە پشتگیری بکرێ، ئەردەڵانی بۆ داگیر دەکات، بۆیە والیش لەشکرێکی گەورەی بە هانای دەنێریت و پێکەوە ڕوو لە ناوچەی ئەردەڵان دەکەن و هەر ئەوەندەی سوپای هاوبەشیان، دەگاتە مەریوان و بانە، دەست بە کوشتار و تاڵان و برۆییەکی زۆر دەکەن (نورس، ١٩٧٩: ٢٧٧-٢٧٨).

لەم کات و ساتە هەستیارەدا، کە خسرەو خانی والی و میرنشینەکەی لە ناکاوەوە، بە هۆی یەکێ لە هاوپەیمانە کۆنەکانی کەریم خان، تووشی هێرشێکی بەربڵاو دەبن، بە مەبەستی ڕێگەگرتن لەم هێرشە بەرفراوانە و بەرگریکردن لە قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی، دوای ئاگادارکردنەوەی کەریم خان، بە سەرکردایەتی سوپایەک ڕوو لە بەرەکانی شەڕ دەکەن. هەر دوو سوپا لە ناوچەی "**سەترەنجان**"ی مەریوان پێکداهەڵپرژان و لە ئەنجامدا سوپای ئەردەڵان تووشی شکستێکی سەخت هات و زیانێکی زۆری لێ کەوت و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ کوژران و ژمارەیەکیش بەدیل گیران، بۆیە بەناچاری بەرەو سنە پاشەکشەیان کرد(کوردستانی، ١٩٨٩: ١٦٨؛ سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٤؛ مردوخ، ١٣٧٩: ٣٥٨-٣٥٩؛ غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٣٦٦). بڵاوبوو نەوەی هەواڵی هێرشی سوپای هاوبەشی محەممەد پاشای بابان و والی بەغدا بۆ سەر میرنشینی ئەردەڵان و شکانی سوپای والی ئەردەڵان، وایکرد کەریم خانی زەند بە مەبەستی تەمبێکردن و تۆڵە سەندنەوە لە محەممەد پاشای یاخی، سوپایەکی گەورە بە سەرکردایەتی کەلبعەلی خانی زەند و زۆلفەقار خانی حاکمی خەمسە، بەرەو مەیدانی شەڕ بەرێ بکات. هەر ئەوەندەی هەواڵی بەڕێکەوتنی سوپای زەند گەیشتە ئۆردووی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاشای بابان، ئەویش عومەر پاشای حاکمی بەغدای تێگەیاند و زۆری پێنەچوو، بە فەرمانی والی بەغدا لەشکرێکی ٤٢ هەزار کەسی بۆ پشتیوانی محەممەد پاشای بابان خۆی گەیاندە بەرەکانی شەڕ(غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٣٦٦-٣٦٧؛ قاضی، ١٣٨٧: ٦٦، مستوره، ٢٠٠٥: ١٤٤).

سوپای یەکگرتووی زەندییەکان لە یەکەم هەنگاودا، توانیان هێرشی سوپای بابانەکان و والی بەغدا تێکبشکێنن و هێزەکانیان لە ناوچەکانی سەقز و بانە بیبەزێنن و بەرەو سنوورەکان ڕامالن. بە سەرکەوتنی سوپای زەند، لە هەنگاوی دووەمدا والی ئەردەڵان و سوپاکەی توانیان سوپای هاوبەشی والی بەغدا و بابانەکان لە شارەزووریش دەر بکەن. لە لایەکی دیکەوە سوپای زەند هەتا کەرکووکیش نەوەستان و تەنانەت دوای دانانی ئەحمەد پاشا بە حاکمی قەڵاچۆلان، بە فەرمانی کەریم خان بەرەو سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان گەڕانەوە ( غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٣٦٨؛ قاضی ١٣٨٧: ٦٦). خسرەو خانی والی دوای سەرکەوتن لەم شەڕەدا، ژمارەیەکی زۆر لە دیلەکان و بڕێک لە خانەدانە زەنگینەکانی بابانی، لە تۆڵەی کردەوە کۆنەکانی سلێمان پاشا و محەممەد پاشای بابان، بەرەو کوردستانی ئەردەڵان گواستەوە (قاضی، ١٣٨٧: ٦٨).

**میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی میراتگرانی کەریم خانی زەند:**

بە مردنی کەریم خانی زەند لە سالی ١٧٧٩ و ئەو زۆرانبازییەی لە لایەن میراتگرانی فەرمانڕەوایی بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ ماوەی نزیکەی ١٥ سال درێژەی کێشا و بووە هۆی ئەوەی هێزەکان بە شێوەیەکی تر دابمەزرێنەوە. کاتێک زەندییەکان لە ناوخۆیان شەڕیان بوو و دواتریش بە ناچاری ڕووبەڕووی هێرشەکانی لێکدانەبڕاوی قاجارەکان بوون، خسرەو خان ئەم دەرفەتەی بە چاکی قۆزتەوە و دەسەڵاتی خۆی باش قایمکرد. میری ئەردەڵان بە سوود وەرگرتن لە ناکۆکی نێوان هەردوو بەرەی دژبەیەك **(زەندییەکان و قاجارەکان)** و هەروەها ئەنجامدانی کۆمەڵێ چالاکی سەربازی، بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو ڕەوشە سیاسییە ئالۆزەی دوای مردنی کەریم خان، توانی بە کردەوە سەربەخۆیی بە دەست بێنیت (کوردستانی، ١٩٨٩: ١٦٩) دەکرێ بگوترێ میری ئەردەڵان بەشدارییەکی چالاکانەی کرد لەو زۆرانبازییەی، کە فەرمانڕەواکانی ئێرانی دەیان گرتەبەر، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوەشی دەدا سیاسەتی تایبەتی خۆی هەبێ، بۆیە بە کردەوە سەلماندی، کە دەتوانێ بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵان بکات و لە تەنگوچەڵەمەکانی بەردەمی بپارێزێت (ڤاسیلیەڤا، ١٩٩٧: ٦٩).

بە هۆی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی، کێشە لە بن نەهاتووەکانی میراتگرانی کەریم خان، لە لایەک و هەوڵ و تێکۆشانی ڕکابەرانی دیکەی تاج و تەختی پاشایەتی ئێران لە لایەکی دیکە، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی خانی زەند، ئاسایش و ئارامی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وڵات نەما و زۆربەی هەرە زۆری ناوچە و هەرێمەکانی ئێرانی ئەوکات تووشی شڵەژاوی و کوشتاری هەرەمەکی و تاڵان و فەرهوودکردنی بێسنوور بوون. گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی ئەردەڵان و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەورە پیاوانی ڕکابەری خسرەو خان بە پیلانی محەمەد ڕەشید بەگی وەکیل، تای تەرازووی هێزەکانی ناو میرنشینی ئەردەڵانی لاسەنگ کرد و زۆری نەبرد عەلیموراد خانی زەندیان بە لابردنی والی ئەردەڵان هاندا(سنندجی، ١٣٦٦: ١٥٥؛ قاضی، ١٣٨٧: ٧٠-٧١).

بە باوەڕی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناوداری ڕووس خاتوو "**یڤگینینا ئیلینچنا ڤاسیلیەڤا**" دیارە پەرەسەندنی هێز و سەربەخۆیی خسرەو خان، ببووە مایەی تووڕەبوونی ڕکابەرەکانی کورد و غەیرە کورد، بۆیە بە بەردەوامی هەوڵیان دەدا خسرەو خان بە یەکجاری لە سەر کار لابەرن، لە وانە بنەماڵەی "**وەکیلەکان**"[٦] کە لە مێژ بوو دژی دەسەڵاتی خسرەو خان پیلانگێڕییان دەکرد. دیارە پیلانی ناحەزان کاریگەری هەبوو لە سەر بڕیاری عەلیموراد خانی زەند، بۆ وەلانانی خسرەو خان و دانانی "**کەهزادخانی ئەردەڵان**" لە شوێنی و ڕاگرتنی خسرەو خان لە ئیسفەهان لە سەرەتای سالی ١٧٨٠ دا، بۆ ماوەیەکی کورت. هەرچەند زۆری پێ نەچوو سوپای جەعفەرخانی زەند دوای تێکشکاندنی لەشکری عەلیموراد خان، شاری ئیسفەهانی داگیر کرد و سەر لە نوێ خسرەو خان توانی جڵەوی دەسەڵاتداری میرنشینی ئەردەڵان وەك جاران بگرێتە دەست( ڤاسیلیەڤا، ١٩٩٧: ٦٩-٧٠).

واپێدەچێت کە خسرەو خانی والی لە دوای مردنی کەریم خانی و شلەژانی دۆخی ناوخۆی ئێران، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی میرنشینەکەی لە بەرامبەر هەڕەشەی میراتگرانی خانەدانی زەند و چاوتێبڕینی پاشایان بابان لە قەڵەمڕەوی ئەردەڵانییەکان بپارێزێت، چونکە لە ساڵی ١٧٨٠لە یەکێ لە ڕاپۆرتە مێژووییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، کەوا خسرەو خانی والی و محەممەد خانی کوڕی ئیسماعیل خانی فەیلی والی لوڕستان، لە کاتێ بە ڕێکەوتنی عەلیموراد خانی زەند (١٧٨٢-١٧٨٥) لە ئەسفەهان هاوڕێتییان نەکردووە، ئەگەرچی والی لوڕستان دواتر بە ناردنی دیاریی و خەڵاتێکی زۆر و پێشکەشکردنی سەدان ئەسب و هەزار سەر مەڕ، کەوتە بەر سیلەی لێبوردنی خانی زەند، بەڵام بێدەنگی و بێهەڵوێستی خسرەو خانی والی لە مەڕ دڵدانەوەی عەلیموراد خان وایکرد تاکۆ ناوبراو، بە مەبەستی تەمبێکردنی والی ئەردەڵان، هێرش بکاتە سەر میرنشینەکەی، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر، کە لە هەمەدان و ئەسفەهان سەریان هەڵدا، پلانی خانی زەندیان بە جارێک لە بار برد( غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٥٤٣-٥٤٤).

دوای ماوەیەک عەلیموراد خان بە مەبەستی هێشتنەوەی پێوەندییەکانی لە گەڵ والی ئەردەڵان، فەرمانیدا، ڕەزا قوڵی خانی برای والی ئەردەڵان، کە پێشتر لە لایەن محەممەد سادق خانی زەندەوە دەستبەسەر کرابوو ئازاد بکرێت و بە کۆمەڵێک دیاری و خەڵاتی

شایستە بۆ خسرەو خان، بەرەو ئەردەڵان بەرێی بکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم هەڵوێستە باشەی خانی زەند و بە سەلامەت گەیشتنی برای والی بۆ سنە، دیسان خسرەو خان هیچ گۆڕانکارییەکی لە پێوەندیکردن بە خانی زەند لە هەڵسوکەوتەکانیدا نەهاتە ئاراوە، بۆیە عەلیموراد خان بڕیاریدا میری ئەردەڵان تەمبێ بکات. بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمانی خانی زەند، لە ساڵی ١٧٨٢سوپایەک بە سەرکردایەتی محەممەد جەعفەر خانی زەند، بە مەبەستی بەجێ گەیاندنی فەرمانی گەورە خانی زەند و هەروەها بەرپرچدانەوەی هەڕەشەکانی عەبدوڵلا پاشای بابان لە ناوچە سنوورییەکان، بەرەو میرنشینی ئەردەڵان بەڕێ کەوت (غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٦٥٠).

هەر ئەوەندەی کە سوپای زەند، لە هەمەدان نزیک بوونەوە، عەبدوڵلا پاشای بابان و هێزەکەی بەرەو قەڵاچولان پاشەکشەیان کرد. لە لایەکی دیکەوە ڕەزا قوڵی خانیش کە بەینی لەگەڵ خسرەو خانی برای باش نەبوو، بە پاڵپشتی ژمارەیەک لە کوردانی ئەردەڵان بەتەمای دەستبەسەرکردنی خسرەو خانی والی بوو، بەڵام بەر لە وەی کە دەستییان پێ بگات، والی لە گەڵ ژمارەیەک لە دەست و پێوەندەکانی بەرەو ئەسفەهان هەڵهات و دواتریش بە ناوبژیوانی پیاوماقولان و ریشسپیانی زەند و ئەردەڵان پاش داوای لێبوردن کردن لە عەلیموردا خان، کەوتە بەر سیلەی کەرمی خانی زەند. خسرەو خانی والی بۆ ماوەی شەش مانگ بێ ئەوەی هیچ جورێ فەرمانێکی بەسەردا بسەپێنرێت، دوور لە تەشریفاتی پێویستی والیگەری، لە بارەگای عەلیموراد خانی زەند مایەوە (غفاری کاشانی، ٦٥١-٦٥٢).

بە گوێرەی باسکردنی بابا مەردۆخی کوردستانی لە کات و ساتە هەستیارەکاندا، چ لە لایەن خسرەو خان و چە لە لایەن بابانەکانەوە هەوڵی ئەوە دراوە تاکو پێوەندییەکانیان باشتر بکەن، بۆ نمونە کاتێک خسرەو خان بڕیاریدا بەرەو ئەسفەهان هەڵبێت، فەرمانی بە کەس و خزمەکانی خۆیدابوو، کە لە کاتی هەستکردن بە مەترسی خۆیان لای بابانەکان بشارنەوە. گوایە کاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئەردەڵان و بابان لە کاتی تەنگە تاویدا هەستییان بە دوژمنە هاوبەشەکانیان دەکرد، کە سەدان ساڵ بوو ئەمانیان لێ تیغدابوون، بۆ ئەوەی ملکەچیان بکەن و بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان سوود لە هێزی چەکدارییان وەرگرن(مردوخ، ١٣٧٩: ٣٦٢).

ئەگەرچی دەستبەسەری لە ئەسفەهان و دوور کەوتنەوە لە دەسەڵات بۆ خسرەو خانی والی، زۆری نەخایاند و جارێکی دیکە جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرت، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی عەلیموراد خان وایکرد کە جارێکی دی پێوەندییەکانی نێوان خانەدانی زەند و ئەردەڵانییەکان ڕوو لە کزی و ساردی بکات. دواتریش پێکداهەڵپڕژانی خسرەو خانی والی و ئەڵلاقولی خانی زەنگەنەی بەگلەربەگی کرماشان و هەروەها دەست بە سەر داگرتنی هەندێ لە ناوچە گرنگەکانی هەمەدان و ویلایەتی کرماشان و نافەرمانی کردن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرامبەر بە ویست و داواکارییەکانی زەندییەکان، کە فەرمانڕەوای فەرمی ئێران بوون، وایکرد کە جەعفەر خانی زەند( ١٧٨٥-١٧٨٩)یش هەر ئەوەندەی کە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت دژایەتی خسرەو خانی کرد و بڕیاری دا، کە لە دەسەڵات دووری بخاتەوە. کاتێک خسرەو خانی والی هەستی بە پلانی جەعفەر خانی زەند کرد، توانی بە یارمەتی وەرگرتن لە کوردان گەرووس و خەمسە و کۆکردنەوەی سوپا و سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستنەوە، بە سوپایەکی توکمە لە پشتیوانی کردنی ئیسماعیل خانی برازای کەریم خانی زەند، کە حاکمی هەمەدانیش بوو، بۆ دەستەمۆکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە گەڵ جەعفەر خان شەڕ بکات و شکستی پێ بێنێ و بیبەزێنێت (شیرازی، ١٣٦٥: ٥٥-٥٧؛ غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٧٠٩-٧١٢؛ ملکم، ١٣٨٣: ٤٧٠-٤٧١).

بەم شیوەیە تا کۆتایی ژیانی سیاسی جەعفەرخانی زەند لە ساڵی ١٧٨٩، لەشکرکێشی جەعفەرخان بۆ سەر قەڵەمڕەوی خسرەو خان و نافەرمانی و هەڵگەڕان و بەرپرچدانەوەکانی والی ئەردەڵان بە سەر ویست و ئامانجەکانی خانی زەند، وێڕای هەموو کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی ناو میرنشینی ئەردەڵان بەردەوام بوو و خسرەو خانی والی سەرەڕای ئەو هەمو تەنگەژە و گرفتەکان، توانی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات و لە بەرامبەر هێرشی دراوسێکانی وەک ئەڵلاقوڵی خانی زەنگەنەش، بەرگری لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی بکات و بە چاکی بیانپارێزێت(بابانی، ١٣٧٧: ٥٢؛ غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٧٠١-٧٠٢). بە گوێرەی باسکردنی ڤاسیلیەڤا، هەندێ لە سەرچاوە مێژووییە ناوخۆییەکان بە ڕاشکاوی باسی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە دەکەن کە خسرەو خانی والی، لە شەڕەکانیدا دژ بە نەیارانی ناوخۆیی وەدەستی هێناون، بە تایبەتی دەست بە سەرداگرتنی ژمارە یەک لە ناوچەکانی ویلایەتی کرماشان لە وانە: تویسرکان، سەعد ئاباد، سونقور و دیناوەر لە ساڵی١٧٨٤ و هەروەها دەستبەسەرداگرتنی ناوچە بە پیتەکانی بروجێرد، بەهار، کەزاز، فەرەحان، ملایر، گولپایگان و چەندین ناوچەی گرنگی دی لە ویلایەتی لوڕستان، دوای تێکشکانی سوپای زەند لە سالی ١٧٨٥ دا (ڤاسیلیەڤا ، ١٩٩٧: ٧١).

دیارە خسرەو خانی والی هەوڵی داوە بە باشترین شێوە سوود لە ئاڵۆزی و پەشۆکاوی دۆخی ناڵەباری ئێرانی دوای مردنی کەریم خانی زەند، سەرەڕای پاراستنی سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی فراوانتریش بکات (اردلان، ٢٣٥٦: ٧٥). ئەم سەرکەوتنانە بایەخی سیاسی گرینگییان هەبوو، چونکە ئەڵلاقوڵی خانی زەنگەنەی حاکمی کرماشان، یەکێك بوو لە داواکارانی تەختی پاشایەتی وڵاتی ئێران و زەندییەکانیش سەرەڕای لێك ترازان و پێکداهەڵپرژانی دۆخی ناوخۆییان، هێشتا بە دەسەڵاتداری فەرمی ئێران دەناسران (مردوخ، ١٣٧٩: ٣٦٨-٣٦٩). زانیارییەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵانی سەبارەت بە سەرکەوتنە جەنگییەکانی خسرەو خان لە لایەن مێژوونووسانی کۆشکی ئێرانیشەوە بە تایبەتی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

محەممەد هاشم ئاسفی ئەسفەهانی، نووسەری رستم التواریخ، پشتگیری دەکرێن و دانی پێدا دەنرێت، کە خسرەو خان و ئەڵلاقوڵی خانی زەنگەنە هەردووکیان داواکاری تەختی پاشایەتی ئێران بوون (سلطانی، ١٣٨١: ج٢و٣/ ٦٤١) هەر وەکوو ماهشەرەف خانمیش هەمان بۆچونی هەیە (کوردستانی، ١٩٨٩: ١٣٧).

دیاره دوای فراوانبوونی مەودای دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان، راوێژکارانی کۆشکی میری بە پەسەند یان نەزانیوە، کە خسرەو خان ئەم ئاواتە جێبەجێ بکات، بۆیە دوای ململانێیەکی زۆر، میر دەست دەکا بە ئازاد کردنی دیلەکان و بە نووسینی نامەیەکی بەندەیی و پێشکەشکردنی دەسکەوتی شەڕەکان بۆ خانی قاجار (ملکم، ١٣٨٣: ٤٩٦)، گوێڕایەڵی و ملکەچبوونی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازە پێگرتوویان رادەگەینێ و بەرەو شاری سنە دەگەرێتەوە، بەم شێوەیە گەورەترین هەڵی زێڕین بۆ گرتنی پێتەختی ئێران لە دەست دەچێت (ڤاسیلیەڤا، ١٩٩٧: ٧١). دیارە ئاغا محەممەد خانی قاجار(١٧٩٤-١٧٩٧) لەم کات و ساتە هەستیارانەدا، بەرامبەر بە خسرەو خان هەست بە مەترسییەکی زۆری دەکرد، بۆیە لە سالی ١٧٨٧بە مەبەستی داگیرکردنی میرنشینی ئەردەڵان، بە سوپایەکی گەورە و گران رووی لە شاری هەمەدان کرد، بەڵام دواتر ویستی بە بانگە شەیەکی شەکراوی خسرەو خان میوان بکات و لە ناوی بەرێت. خسرەو خانیش کە پێشتر لە مەبەستی خانی قاجار تێگەیشتبوو، دوای دەرچوون لە سنە، چوونی خۆی بۆ ئەوێ دووا خست و بە ناردنی ڕاسپاردەیەکی ژیرانە داوای لێبوردنی لە خانی قاجار کرد (مردوخ، ١٣٧٩: ٣٦٩-٣٧٠). ئەمەش بێگومان نیشان دەدا کە پێوەندی نێوان خانی قاجار و میری ئەردەڵان هەرگیز ئاشتییانە نەبووە، سەرەرای ئەمەش سەفەری میری ئەردەڵان بۆ تاران دوای چەند سالێك ئەنجامدرا و ئاغا محەممەد خانیش دوای پێشوازی کردن لە والی، هەر ئەوەندەی دەرفەتی بۆ هەڵکەوت، پیلانی لە ناوبردنی و کوشتنی والی جێبەجێ کرا و خسرەوخان بە هۆی خواردنێکی ژەهراوی بە خراپی نەخۆش کەوت و دوای چەند ساڵ مانەوە بە دیلی، سەرئەنجام میری ئەردەڵان لە سالی ١٧٩٣بە فەرمانی خانی قاجار دەکوژرێت و لەناو دەچێت( کوردستانی، ١٩٨٩: ١٤٠).

کەسایەتی خسرەوخان، کە بە گەورە ناویان بردووە، وێڕای گشت هەڵبەز و دابەزەکانی ماوەی حوکمرانییەکەی جێگەی سەرەنج و بایەخی زۆرە. ئەمە لە هەموو شت و لە هەر کردەوەیەکیدا، کە مێژوونوو سانی کۆشك تۆماریان کردووە یا خود شاعیران پێیان هەڵگوتووە هەوڵیداوە لە "شا" بچێت. بۆ نمونە، لە نووسینەکانی ماهشەرەف خانمدا ئاوا میری ئەردەڵان دەبینین، کە خۆیان ویستوویانە وابێت: سەرکردەی هەموو کوردان، سەنتەری دونیا، شاهەنشا یان شای شایان(ڤاسیلیەڤا، ١٩٩٧: ٧٢).

دوای مردنی خسرەوخان و بە هاتنی لوتفعەلی خانی (١٧٩٣-١٧٩٤) مامی بۆ سەر تەختی فەرمانڕە وایی، وردە وردە ملکەچبوونی والیانی ئەردەڵان لە ئاست سیاسەتی شایانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قاجـار، له لاپەرەكـانی مێـژوودا بەدیـار دەكەوێـت. شـایانی قاجـاریش دوای ئەوەی، بە وردی شارەزای تایبەتمەندیی کەسایەتی میرانی ئەم خانەدانە و بایەخی لە ڕادەبەدەری قەڵەمڕەوی میرنشینەکەیان دەبن، بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی جۆراوجۆر، بۆ ڕامـاڵینی دەسـەڵات و دوورخسـتنەوی یەکجارەکیـان هەمـوو هەوڵێـک دەخەنە گەڕ، تـا لە کۆتاییدا بە سوود وەرگرتن لە لاوازی و بێ دەرەتانی کەسایەتییە لاوازەکانی ئەم خانەدانە، لە سـالی ١٨٦٧ ناسـرەددین شـای قاجـار بە دانـانی مـامی خـۆی بە حـاکمی کوردسـتان، بـۆ هەتاهەتـایە کۆتـایی بە دەسـەڵاتی ئەم بنەمـاڵەیە دێنێـت (کوردسـتانی، ١٩٨٩: ١٢٦-١٣٠؛ ڤاسیلیەڤا، ١٩٩٧: ٨٨؛ بابانی، ١٣٦٦: ٩٤).

**کۆبەند:**

- گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی ئێرانی دوای مردنی نادرشای ئەفشار تا کۆتایی دەسەڵاتی خانەدانی زەندییەکان، بـۆ میرنشـینی ئەردەڵان هەڵگری کـۆمەڵێ ڕووداوی گرنگـی مێژوویـی، سیاسـی، ئـابووری و کـۆمەڵایەتی بـوو. لەشکرکێشـییە بەردەوامەکـانی ڕکـابەرانی تـاج و تەختـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی بـۆ سـەر ئەم میرنشـینە دەوڵەمەنـدە، بە مەبەسـتی گلّدانەوەی بـاج و پیتـاکی پتـر، بـۆ دابینکردنـی تێچـووی شـەڕەکانیان، بە ئاراستەی لاوازکردن و دەستەمۆکردنی فەرمانڕەوایانی ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە هەنگاوی نا.
- سەرەتای دروستبوونی کێشە و تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و خانەدانی زەند، بەر لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی کەریم خان لە ئێران، بۆ ساڵی ١٧٤٩ دەگەڕێتەوە. کاتێک حەسەنعەلی خانی ئەردەڵان دژ بە خانی زەند، بە هانـای مێهرعەلـی خـانی تەکەلـووی حـاکمی هەمەدان دەچێـت و لە میـانەی شـەڕێکی سـەختدا، دوای کوشـتنی ژمـارە یەک لە نـاودارانی زەنـدییەکان، هاوکـات مهرعەلـی خـانی تەکەلـووی کۆنە دوژمنـی خـانی زەنـدیش لە تەنـگەژە و ئـابلووقەی زەنـدییەکان ڕزگـار دەکـات و دواتـریش بە تـاڵانکردنی ئۆردووی کەریـم خـان و دوور خسـتنەوە و کـۆچپێکردنی زۆرە ملێیـانەی چوارسـەد بنەمـاڵەی لەک، لە خـانەدانی زەنـدییەکان دەبێـتە هـۆی بنیاتنـانی دوژمنـایەتییەکی قـووڵ لە نێـوان هەردو بنەمـاڵەدا، کە وەک میراتێکـی مـاڵوێران بـۆ میراتگرانی هەردوو بنەماڵە بەجێ دەمێنێت.
- کەریم خانی زەند دوای ئەوەی وەک فەرمانڕەوای فەرمی دەوڵەتی ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست، بە سەپاندن و پێداگریکردن لە سەر سیاسەتی پشتگیری و هاندانی بابانەکان بـووە هـۆی گرژبـوونەوە و بەلاڕێـدابردنی پێوەنـدییەکانی نێـوان خـانەدانی زەنـد و ئەردەڵانییەکـان، هەر بـۆیە ئەم سیاسـەتە هەڵەیە دواتـر وەک میراتێکـی نـابەجێ بـۆ فەرمانڕەوایـانی پـاش کەریـم خـانیش، بە جێمـا و ئەنجامەکانیشـی جـگە لە

پێکداهەڵپرژانی بەردەوام و شەڕی لابەلای وێرانکەر، هیچ دەسکەوتێکی دیکەی بۆ دانیشتوانی ئەردەڵان بە جێ نەهێشت.

- هێرشی لابەلای بابانەکان بۆ سەر میرنشینی ئەردەڵان، جگە لە کوشتاری خەڵکی بێ دەرەتانی ئەردەڵان و بابان و تالانی و بڕۆی سەروەت و سامانییان، هاوکات ببووە هۆی کۆچپێکردنی زۆرە ملێیانەی ژمارەیەکی بەرچاو لە خانەدانە ناودار و زەنگینەکانی هەردوولا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر و تێدابڕان و ماڵوێرانی ناوچەکوردییەکان.
- سەرەڕای تەنگەژە و گرفتە لە بن نەهاتووەکانی ناوخۆیی و دەرکی لە ماوەی فەرمانڕەوایی خسرەو خانی ئەردەڵان، ئەم میرە توانی لە ئاست زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی بەردەم خۆی و میرنشینەکەی و تەنانەت چەندین جار لادان و دوور خستنەو لە دەسەڵات، سەرکەوێت و هەتا لە توانای دابوو و لە دەستی دەهات هەوڵی دا، کە سنووری قەڵەمڕەوەکەی بپارێزێ و هەندێ جاریش بەرفراوانتری بکات، بەڵام لە بەر ئەوەی کە سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی پڕ بوو لە گیر وگرفت و شەڕ و لەشکرکێشی ناوخۆیی و دەرەکی، دەرفەتی لە باری بۆی ڕێنەکەوت تاکۆ لە سایەی ئارامی و ئاسایشی پێویست، میرنشینەکەی لە ڕووی ئابووری و ژیانی ئاسایی ببوژێنێتەوە و ئاوەدانتری بکات.
- سیاسەتە هەڵەکانی فەرمانڕەوایانی زەند بە گشتی و کەریم خانیش بە تایبەت دژ بە میرنشینی ئەردەڵان هەر لە سەرە تاوە، تا دوا ساتەکانی دەسەڵاتیان وایکرد، کە میرانی ئەردەڵان بۆ پاراستنی دەسەڵات و هێشتنەوەی میرنشینەکەیان، بە ناچاری پەنا بۆ هێزی قاجارەکان ببەن کە لە مێژ بوو، ڕکابەری سەرەکی و دوژمنایەتی دێرینیان لە گەڵ زەندییەکاندا هەبوو. ئەگەرچی بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکارییە سەیرەکانی مێژوو، میرنشینی ئەردەڵان بە دەستی خودی قاجارەکان لە ناو چوون و بۆ هەتا هەتایی تێکەڵ بە مێژوو بوون.

**پەراوێزەکان:**

١- بە نیسبەت پێشینەی کۆنی لوڕەکان تا کۆ ئێستا لە لایەن توێژەرە مێژووییەکانەوە مشت و مڕێکی زۆری لە سەر کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: مینورسکی، ڤلادیمیر (٢٠٠٢ز)، مینورسکی و کورد، وەرگێرانی ئەنوەری سولتانی، دەزگای موکریان، هەولێر؛ امان الهی بهاروند، اسکندر (١٣٧٠ه.ش)، قوم لر، نشرآگاه، تهران؛ هدایتی، هادی (١٣٦٣ه.ش)، تاریخ زندیه، انتشارات جام، تهران؛ صداقت کیش، جمشید (١٣٨١ه.ش)، کردان پارس و کرمان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه؛ رجبی، پرویز (١٣٨٩ه.ش)، کریم خان زند و زمان او، نشر کتاب آمه، تهران.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢- "لەك" تیرە یا خود هۆزێکی هەرە گەورەی لوڕەکان دەژمێردرێ و وەکو زۆربەی هۆزەکانی تری لوڕ شیعە مەزهەبن و بە زاراوەی لەکی کە جۆرێکە لە شێوەزاری ئاخاوتنی کوردستانی رۆژهەلات، دەدوێن. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ك. ب. اكوپف ( هاكوپیان ـ م. ا. حصاروف ) (١٣٧٦ه.ش)، کردان گوران و مساله کرد در ترکیه، ترجمه سیروس ایزدی، نشر هیرمند، تهران؛ مینورسکی، ولادیمیر ( ١٣٦٢ه.ش)، دو سفرنامه درباره لرستان، رساله لرستان و لرها، ترجمه اسکندرامان الهی بهاروند و لیلا بختیار، انتشارات بابك، تهران.

٣- لوڕەکانیش بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبنە سەر دوو گروپی لوڕی بچوك (خێڵەکانی لوڕستان و پۆشت کوە ) و لوڕی گەورەی خێڵەکانی بەختیاریش کە دوو تایفەی ( حەوت لەنگ و چوار لەنگ)، یان لێ دەکەویت. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: صفی نژاد، جواد ( ١٣٨١ه.ش)، لرهای ایران، نشر آتیه، تهران.

٤- ناوچەی "پەری" دەکەوێتە ٣٠ کیلومەتری باشووری رۆژهەڵاتی شاری مەلایری سەر ڕێگای ئەراك "کەمازان"یش ناوی گوندێکە لە نزیك پەری. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: رزم آرا، سپهبد حاجعلی (١٣٥٦ه.ش)، فرهنگ جوغرافیای ارتش، انتشارات جاویدان، تهران.

٥- میرنشینی ئەردەڵان (ویلایەتی کوردستان) بەشێکە لە هەرێمی چوارەم کە سنووری قەڵەمڕەوەکەی دەگاتە عێراقی عەرب، عێراقی عەجەم، خوزستان، ئازەربایجان و هەندێ جاریش هەتا دیاری رەبیعە درێژەی دەبوو. ناوەندی دەسەڵاتی ئەم میرنشینە کوردستانی ئەردەڵان (سنە) بوو کە بە هەبوونی گوند و لادێ و قەڵا و کەژ و کێوی گەورە و سەخت و بەرز و خەڵکانی ئازا و جەنگاوەر ناوبانگی هەبوو. لە سەدەی یازدەی کۆچی، ئەم میرنشینە شازدە شار و ناوچەی گەورە و دوو قەڵای بەرز و پتەوی لە خۆ دەگرت لە وانە: ئەردەلان (سنە)، ئالان، ئەلیشتەر، چەمچەماڵ، حسبەنان، حەسەن ئاوا، دەربەند، تاج خاتوون، دزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاوا، شارەزوور، قەڵای بەهار، قەڵای هەرسین، کەنگاوەر، کەرند، خوشان و وەستام. بۆ زانیاری زیاتر برروانە:سنندجی، میرزا شکرالله (١٣٦٦ه.ش)، تحفه ناصری، تصحیح؛ دکتر حشمت الله طبیبی، انتشارات امیر کبیر، تهران؛ اعتماد السلطنه، محمد حسن خان ( ١٣٦٨ه.ش)، مرآه البلدان، به کوشش عبدالحسین نوایی و میر هاشم محدث، نشر دانشگاه تهران، تهران؛ چلبی، اولیا (١٣٦٤ه.ش)، کرد در تاریخ همسایگان، ترجمه فاروق کیخسروی، نشر صلاح الدین ایوبی، ارومیه؛ مستوفی بافقی، محمد مفید بن محمود (١٣٩٠ه.ش)، مختصر مفید (جغرافیای ایران زمین در عصر صفوی) به کوشش ایرج افشار با همکاری محمد رضا ابویی مهریزی، نشر محمود افشار

یزدی، تهران؛ گلستانه، ابوالحسن بن محمد امین (١٣٩١ه.ش)، مجمل التواریخ شامل وقایع و رویدادهای سیو پنج ساله بعد از نادرشاه و ذیل زین العابدین کوهمره ملقب به امیر در تاریخ زندیه، به کوشش محمد تقی مدرس رضوی، چاپ چهارم، نشر دانشگاه تهران، تهران.

٦- وەکیلەکان، یەکێکن لە بنەماڵە کۆن و ناودارەکانی سنە، بە باوەڕی مەردوخ وەکیلەکان مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مردوخ کردستانی، شیخ محمد (١٣٧٩ه.ش)، تاریخ مردوخ، نشر کارنگ، تهران؛ وقایع نگار کردستانی، علی اکبر (١٣٨٤ه.ش)، حدیقه ناصری در جغرافیا و تاریخ کردستان، تصحیح محمد رئوف توکلی، نشر ارژنگ، تهران.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**


- آشتیانی، عباس اقبال (١٣٥٧ه.ش)، تاریخ مفصل ایران، انتشارات ابن سینا، تهران.
- اردلان، شیرین (١٣٨٧ه.ش)، خاندان کرد اردلان، ترجمه مرتضی اردلان، نشر تاریخ ایران، تهران.
- اردلان، خسرو بن محمد بن منوچهر (٢٥٣٦ه، ش)، لب التواریخ، کانون انتشارات خانوادگی اردلان، تهران.
- اردلان، ماهشرف خانم (مستوره) (٢٠٠٥ز)، تاریخ الاکراد، با موخره میرزا علی اکبر وقایع نگار، ویرایش جمال احمدی آیین، نشر آراس، اربیل.
- اعتماد السلطنه، محمد حسن خان ( ١٣٦٨ه.ش)، مرآه البلدان، به کوشش عبدلاحسین نوایی و میر هاشم محدث، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- اکوپف و هاکوپیان، ک. ب، م ا. حصارف (١٣٧٦ه.ش)، کردان گوران و مساله کرد در ترکیه، ترجمه سیروس ایزدی، انتشارات هیرمند، تهران.
- امان الهی بهاروند، اسکندر (١٣٧٠ه.ش)، قوم لر، نشر آگاه، تهران
- بابانی، عبدالقادر ابن رستم (١٣٦٦ه.ش) تاریخ و جغرافیای کوردستان (سیرالاکراد)، به اهتمام محمد رئوف توکلی، چاپ ارژنگ، تهران.
- بهرامی و مظفری، روح الله و پرستو (١٣٩٠ه.ش)، کارکرد، تقسیمات و ساختار تشکیلاتی والی نشین اردلان در عهد قاجار، مجله پژوهشهای تاریخی دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی دانشگاه اصفهان.
- پری، جان (١٣٨٤ه.ش)، کریم خان زند، تاریخ ایران بین سالهای (١٧٤٧-١٧٧٩) ترجمه علی محمد ساکی، نشر آسونه، تهران.
- چلبی، اولیا (١٣٦٤ه.ش)، کرد در تاریخ همسایگان، ترجمه فاروق کیخسروی، نشر صلاح الدین ایوبی، ارومیه.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- رجبی، پرویز (۱۳۸۹ه.ش)، کریم خان زند و زمان او، نشر کتاب آمه، تهران.
- رزم آرا، علی (۱۳۵٦ه.ش)، فرهنگ جغرافیای ارتش، انتشارات جاویدان، تهران.
- وقایع نگار کردستانی، علی اکبر (۱۳۸٤ه.ش)، حدیقه ناصری در جغرافیا و تاریخ کردستان، تصحیح محمد رئوف توکلی، نشر ارژنگ، تهران.
- سلطانی، محمد علی (۱۳۸۱ه.ش)، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، نشر سها، تهران.
- سنندجی، میرزا شکرالله (۱۳٦٦ه.ش)، تحفه ناصری، تصحیح؛ دکتر حشمت الله طبیبی، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- شعبانی، رضا (۱۳۷۸ه.ش)، مختصر تاریخ ایران در دوره‌های افشاریه و زندیه، انتشارات سخن، تهران.
- شمیم همدانی، علی اصغر (۱۹۸۰ز) جغرافیای کوردستان ایران، وەرگێڕانی عبدالرحمان محمد امین زبیحی، بەغدا.
- شیرازی، ابن اعبدالکریم علی رضا ( ۱۳٦۵ه.ش)، تاریخ زندیه ( جانشینان کرم خان زند)، مقدمه و تصحیح ارنست بێیر، ترجمه غلامرضا ورهام، نشر گستره، تهران.
- صداقت کیش، جمشید (۱۳۸۱ه.ش)، کردان پارس و کرمان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه.
- صفی نژاد، جواد ( ۱۳۸۱ه.ش)، لرهای ایران، نشر آتیه، تهران.
- غفاری کاشانی، ابولحسن (۱۳٦۹ه.ش)، گلشن مراد، به اهتمام غلامرضا طباطبایی مجد، انتشارات زرین، تهران.
- فتاح قاضی، اسماعیل (۱۳٦۷ه.ش)، کرد در دایره المعارف اسلامی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه.
- قاضی، ملا شریف (۱۳۸۷ه.ش)، زبدەالتواریخ سنندجی در تاریخ کردستان، به کوشش محمد رئوف توکلی، نشر توکلی، تهران.
- گارسویت، جن. داف (۱۳۷۳ه.ش)، تاریخ سیاسی اجتماعی بختیاری، با استفاده از انتشارات منتشر نشده وزارت خارجه انگلیس، ترجمه و حواشی مهراب امیدی، نشر سهند، تهران.
- گلستانه، ابوالحسن بن محمد امین (۱۳۹۱ه.ش)، مجمل التواریخ شامل وقایع و رویدادهای سیو پنج ساله بعد از نادرشاه و ذیل زین العابدین کوهمره ملقب به امیر در تاریخ زندیه، به کوشش محمد تقی مدرس رضوی، چاپ چهارم، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- مردوخ کردستانی، شیخ محمد (۱۳۷۹ه.ش)، تاریخ مردوخ، نشر کارنگ، تهران.
- ملکم، سر جان ( ۱۳۸۳ه.ش)، تاریخ ایران، ترجمه میرزا اسماعیل حیرت، نشر سنایی، تهران.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- مستوفی بافقی، محمد مفید بن محمود (۱۳۹۰ه.ش)، مختصرمفید ( جغرافیای ایران زمین در عصر صفوی) به کوشش ایرج افشار با همکاری محمد رضا ابویی مهریزی، نشر محمود افشار یزدی، تهران.
- موسوی نامی اصفهانی، میرزا محمد صادق ( ۱۳٦۸ه.ش)، تاریخ گیتی گشا در تاریخ زندیه، تحریر و تحشیەی عزیز الله بیات، چاپ دوم، نشر امیرکبیر، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر ( ۱۳٦۲ه.ش)، دو سفرنامه درباره لرستان، رساله لرستان و لرها، ترجمه اسکندرامان الهی بهاروند و لیلا بختیار، انتشارات بابك، تهران.
- نوذری، عزت الله (۱۳٦۸ه.ش)، پژوهشی پیرامون ایل زند در استان مرکزی، فصلنامه تحقیقات جغرافیایی، نشر آستان قدس رضوی، شماره سوم، سال چهارم، مشهد.
- نوایی، عبدالحسین (۱۳٦٥ه.ش)، کریم خان زند، انتشارات سپهر، تهران.
- هدایتی، هادی (۱۳٦۳ه.ش)، تاریخ زندیه، انتشارات جام، تهران

- **سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**
- بدلیسی، میرشەرەفخان ( ۲۰۱۷ز)، مێژووی ماڵەمیرانی کورد، وەرگێڕانی سەلاحەددینی ئاشتی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- کوردستانی، ماهشەرەف خانم مەستوورەی (۱۹۸۹ز)، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی حەسن جاف و شوکور مستەفا، بەغدا.
- ڤاسیلیەڤا، پی. ئی (۱۹۹۷ز)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە (کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- مینورسکی، ڤلادیمیر (۱۹۸٤ز)، کورد، وەرگێڕانی حەمە سەعید کەریم، بەغدا.

- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**
- نورس، علاء (۱۹۷۹م)، العراق فی العهد العثمانی، دراسه فی العلاقات السیاسیه (۱۷۰۰-۱۸۰۰م)، بغداد.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**
- Paul Horn: Grundriss der iranischen philologic " Strassburg 1895-1904" 592 ff. / Strassburg, 1986
- H. Braun: Handbuch der Orientalistik. Abt. ,6. Band 3. Abschnitt (Leden - Koeln 1959) 120 f.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## Emirate of Ardalan during the reign of the Zandais (1751-1794)


**Abstract**

The establishment of the Zandi rule by Karim Khan Zand (1751-1779) is considered one of the most important stages in Iran's modern history. The period of Zandi rule in Iran from the second half of the eighteenth century (1751-1794) until the rise of the Qajars, which lasted nearly half a century, was short-lived according to most Iranian and foreign scholars One of the most unknown and hidden periods in the country's recent history. Ardala Nish Emirate as one of the emirates and local authorities of East Kurdistan, during the rule of the Zandis, although in a complicated situation and even the stone of power, lived and during this period, suffered many difficulties They have played an important role in fighting and resolving the internal problems of the region.

Therefore, the rulers of Zand, to impose their authority, from time to time, taking advantage of this confusion and division among the members of the Ardalan family, tried to appoint several members of the Baban dynasty outside the territory of the Ardalan empire and take them over the rule of this important empire.



**Keywords**: *Ardalan Empire, Zand, Karim Khan Zand, Baban princes, Qajar*


## إمارة أردلان في عهد الزنديين (١٧٥١-١٧٩٤)


**الملخص:**

يعتبر تأسيس الحكم الزندي على يد كريم خان زند (١٧٥١-١٧٧٩) أحد أهم المراحل في تاريخ إيران الحديث. كانت فترة الحكم الزندي في إيران من النصف الثاني من القرن الثامن عشر (١٧٥١-١٧٩٤) حتى ظهور القاجاريين ، والتي استمرت قرابة نصف قرن ، فكانت فترة قصيرة العمر وفقاً لمعظم العلماء الإيرانيين والأجانب. كما انها من الفترات الغامضة في تاريخ ا لبلاد الحديث. و كانت إمارة أردلان من الإمارات والسلطات المحلية في شرق كردستان ، خلال حكم الزنديين ، على الرغم من أنها في وضع معقد وحتى حجر القوة ، عاشت وخلال هذه الفترة عانت من صعوبات كثيرة في القتال وحل المشاكل الداخلية. المنطقة.

لذلك ، حاول حكام الزند، من وقت لآخر، فرض سلطتهم على اردلان مستغلين هذا الارتباك والانقسام بين أفراد عائلة أردلان ، حاولوا تعيين عدة أفراد من سلالة بابان على هذه الامارة المهمة.



**كلمات مفتاحية:** *امارة أردلان ، حكم الزند، كريم خان الزند ، أمراء بابان، القاجار*

# ڕۆڵی زانستی و سەربازی ئافرەتانی کورد لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩ زاینیدا "توێژینەوەیەکی مێژووییە"

**د. بژار عوسمان ئەحمەد**

بەشی مێژوو- فاکەڵتیی ئاداب-زانکۆی سۆران/ هەرێمی کوردستانی عیراق

**پوختە:**

بە درێژایی مێژوو ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە نێو کۆمەلگایەکاندا جیاوازبووە، گرنگی و بایەخی و کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و سەربازییان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە نێو کورد دا ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکاندا پێگەی بەرزییان هەبووە، بەتایبەتی لە نێو میرنشیە کوردییەکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیدا (١٥١٤-١٨٥١)، هەروەها لەدوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکانیش، ئافرەتانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ڕۆڵی جیاواز و گرنگیان بینیووە، بەتایبەتی لە لایەنەکانی سەربازی و زانستیدا، کە لەم دوو قۆناغە جیاوازەدا چەندین ئافرەتی سەرکردە و ناودار لەناو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکاندا دەرکەوتوون، خودی دەرکەوتنی ئەم ئافرەتانەش زیاتر لە لایەنەکانی سیاسی و سەربازی و زانستی بووە. تەنانەت کۆمەڵگای کوردی دەرفەتی بۆ دەرکەوتنی ئافرەتانی بیانیش ڕەخساندووە، وەکو "کەیغان" لە نێو میرنشینی بابان پێگە و کاریگەری بەدەرکەوتووە. ئەمە لەکاتێکدا زۆرێك لە گەریدەکانیش گەواهی ڕاستی گەورەیی و کاریگەری پێگەی ئافرەتان لە نێو کوردان دەدەن، کە چۆن ئافرەتانی کورد هاوکار و هاوشانی پیاوەکانیان وەستاون لە گشت لایەنەکانی ژیانیان دا. لەبابەتی لایەنی زانستیدا چەندین ئافرەتی کوردی وەکو ماهـ شەرەفخانم (مەستورەی ئەردەلانی) لەو سەردەمیدا دەرکەوتوون، کە ناوبراو پێگەی یەکەمین و کەسایەتی دیارییان لە بابەتەکانی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، خودی ئەم دەرفەتانە بۆ ئافرەتانی کوردی نا موسڵمانیش درووست بووە. ئەمە لەکاتێکدا ئافرەتی کورد وەکو سەرکردەی سەربازی و لێهاتووش بەدەرکەوتووە، وەکو "خانزادی میری سۆران" کە لە نێو میرنشینی سۆران و قەرەفاتم لەنێو سوپای دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕی دژی ڕووسەکان دەرکەوتن. لەگەڵ ئەمەش دا هەندێ لە توێژەرانی بیانی پێیان وایە پێگەی ئافرەتی کورد پێگەیەکی لاواز بووە و نەیانتوانیوە لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و بواری دەرکەوتن و چالاکی نواندنیان بۆ نەڕەخسێنراوە. تەنانەت لەوباوەڕەدان وایە پیاوانی کورد



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

دڵیان پیس بووە بەرامبەر بە ئافرەتان و ڕێگەیان نەداون بێنە دەرەوە و کاروچالاکی خۆیان ئەنجام بدەن.

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ پیشاندانی ڕۆڵی سیاسی و سەربازییانەی ئافرەتانی کورد لە نێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکانی سەدەکانی ١٧ تا ١٩ز دا. کە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا چەندین ئافرەتی زانا و سەرکردەی سەربازی کورد دەرکەوتن.

**کلیله وشه:** *ئافرەت، کورد، کوردستان، سەرکردە، میرنشین*

---

**پێشەکی:**

لە نێو مێژووی کورد دا ئافرەتان هەمیشە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و کاریگەر بوونە، لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵیان بینیوە و کاریگەری خۆیان بەجێهێشتووە، بەتایبەتی لە لایەنەکانی سەربازی و زانستیدا، چونکە لەم دوو لایەنەدا دەرفەتی لەبار و گونجاو هەڵکەوتووە بۆ دەرکەوتنیان، بەتایبەتی لەبواری زانست و گێڕانەوەی فەرمووده و خوێندن لە زانستە ئیسلامییەکانی ئەوکاتیدا، هەروەها لە لایەنی سەربازیشدا، زۆر جار ئافرەتانی کورد وەکو سەرکردەی سەربازی لەنێو سوپا و لەمەیدانەکانی جەنگدا بەدەرکەوتوون، بۆ ئەمەش بارودۆخە سیاسییەکانی ئەوکاتی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. ئەم دەرکەوتنەی ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە نێو میرنشین و کۆمەلگا کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەردەوامی هەبووە و بگرە زیاتریش بووە، بەتایبەتی لەوکاتیدا ئافرەتانێکی وەکو خانزادی میری سۆران و قەرەفاتم لەنێو ریزی سوپادا دەرکەوتوون، هەروەها لە لایەکیترەوە دەبینین ئافرەتانی کورد لە لایەنەکانی زانستی و ئەدەبیدا پێگەی یەکەمین و کەسایەتی دیارییان هەبووە، بۆ نموونە مەستورەی ئەردەلانی کە لە بنەماڵەی میرانی ئەردەلانە، توێژەران ئەو بەیەکەم ئافرەتی مێژوونووس لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێن، لەکاتێکدا بەیتە شیعرییەکان و چالاکییە ئەدەبییەکانی ئەو پێگەیەکی گرنگیان هەیە لە نێو ئەدەبی کوردیدا. بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ شاعیرانی کوردی هاوسەردەمی خۆیدا.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ئافرەتانی کورد لەلایەنەکانی سیاسی و سەربازی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا ڕۆڵێکی کاریگەر و پێگەیەکی دیار و بەرزییان هەبووە، هەروەها لە لایەن پیاوەکانیانەوە ڕێزێکی تایبەتیان لێگیراوە. ئەمە لەکاتێکدایە سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە بارودۆخ و ڕۆڵی سەربازی و زانستیانەی ئافرەتانی کورد لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩ ز نەکراوە، لە لایەکیترەوە بەشێك لە توێژەران و نووسەرانی بیانی لە باسکردنی ڕۆڵ و ژیانی ئافرەتانی کورد دا، زانیاری هەڵەمان پێدەدەن و پێیان وایە ئافرەتانی کورد لەماڵ نەهاتونە دەرەوە و دەرفەتی کارکردن و دەرکەوتنیان بۆ نەڕەخسێنراوە. لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کاتێکدا سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کۆمەڵگای کوردی دەرفەتی دەرکەوتنی بۆ ئافرەتان لە زۆربەی لایەنەکاندا ڕەخساندووە و ئافرەتانیش لە بوارە جیاوازەکاندا ڕۆڵیان بینیوە و جێ پەنجەی خۆیان بەجێهێشتووە، بەتایبەتی لە لایەنەکانی سەربازی و زانستیدا. تەنانەت ئافرەتان ئەوکاتە هاتونەتە دەرەوە و بازارکردنیان بۆ ماڵەکانی خۆیان کردووە و پێداویستییەکانی خۆیان کڕیوە و هەندێکیان بازرگانیشییان کردووە و سەربەستییەکی تەواویان پێدراوە.

لەم توێژینەوەیە دا باس لە ڕۆڵی زانستی و سەربازی ئافرەتانی کورد لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩ زاینیدا دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی عوسمانی و سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی کورد لەو سەردەمیدا. هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ڕۆڵی زانستی و سەربازی ئافرەتانی کورد لەنێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها گرنگترین کار و چالاکییەکانیان لە لایەنی زانستی و سەربازیدا پیشان بدەین، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی وەکو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، کە زانیاری ورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش (محمد أمين. زكي بك، (١٩٤٥). مشاهير الكرد وكردستان في العهد الإسلامي. بغداد: مطبعة التفيض الأهلية)، (الصويركي، محمد علي. (٢٠٠٠). معجم العلماء الكرد. سليمانية: ژين) کە دوو سەرچاوەی زۆر گرنگی ئەو بابەتەن و زانیاری ورد لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کوردەوە دەخەنە بەردەستمان، هەروەها یەکێکیتر لەو سەرچاوانەی کە زانیاریی زۆر وورد لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدایە، بریتییە لە کتێبی گەریدە و نوێنەری بەریتانی و بەڕەگەز فەرەنسی (ڕیچ، کلدیۆس جیمس. (٢٠٢٢). گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان. هەولێر: ئاراس). کە ئەویش لە یاداشتەکانیدا زۆر باسی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کورد دەکات و زانیاری نوێمان بۆ بەیان دەکات.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند باسێك، لەوانە لە دەروازە دا باسی پێگە و کەسایەتی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەکانی ١٧ تا ١٩ی زاینی دا کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی ڕۆڵی سەربازییانەی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەکانی ١٧ تا ١٩ی زاینیدا کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باس لە ڕۆڵی زانستیانەی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەی ١٧ تا ١٩ی زاینیدا کراوە. هەروەها بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەیەکەشمان کۆتایی پێهێناوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی کە ئافرەتانی کورد هەر لەکۆنەوە لەلایەنی سەربازی و زانستیدا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵیان هەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە لە هەمیشە ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا خاوەنی ڕێز و پێگەیەکی تایبەتی بن. هەروەها لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا دەرفەت بۆ ئافرەتانی کوردی ناموسڵمانیش هەڵکەوتووە و توانیویانە لەلایەنی زانستیدا خۆیان بەرەو پێش ببەن و لەدوای پێگەیشتن و پێشکەوتنیاندا وەکو مامۆستایەکی ئاینی لە بابەتی ئاینی جوولەکەدا وانە بڵێنەوە و خزمەت بە ئاین و کلتوری خۆیان بکەن. تەنانەت ئەو ئافرەتانەی کە وەکو سەرکردەیەکی سەربازی ناسراون، لەهەمان کاتیش دا خزمەتێکی زۆری لایەنی زانستییان کردووە، بۆنموونە خانزاد خاتون سەرەڕای ئەوەی سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بووە، لەهەمانکاتدا خزمەتێکی بەرچاوی لایەنی زانستی و ئاینیش کردووە، هەروەها بەهۆی پێگە سەربازییەکەیەوە کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی داناوە و مووچەی تایبەتی لە سوپای هومایونی عوسمانیدا بۆ بردراوەتەوە. لەگەڵ ئەمەش دا ئافرەتانی کورد، جگە لەو زانست و بوارەی کە خزمەتیان تێداکردووە، لەهەمانکاتدا بە ئافرەتانی یەکەم و پێشەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەژمارکراون. هەروەها ئازایەتی ئافرەتانی کورد لە مەیدانی جەنگدا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتانی کورد، هەروەکو قەرەفاتم و خانزادی میری سۆران و ئەو ئافرەتەی لەلایەن کلۆدیۆس جیمس ڕیچەوە باسی لێوەدەکرێت کە نموونەی باڵای ئەم بابەتەن، هەروەها گەریدەکانیتریش باسی هەمان ئازایەتی ئافرەتان دەکەن کە لەکاتی شەڕەکاندا شانبەشانی پیاوەکانیان بەشداری شەڕ دەکەن.

**دەروازە: پێگە و کەسایەتی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەکانی ١٧ تا ١٩ی زاینیدا:**

لە نێو کلتور و مێژووی کورددا ئافرەت هەمیشە خاوەنی پێگەیەکی بەرز بووە، بەردەوام بە چاوێکی بەرز و گەورەوە سەیرکراوە و ئافرەتانیش شوێن پەنجەیان لە نێو ڕووداوە مێژووییەکاندا بەجێهێشتووە و کاریگەرییان لەسەر لایەنەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و زانستیدا هەبووە. بەتایبەتی لەنێو بنەماڵە حوکمڕانەکاندا دەبینین چەندین ئافرەت ڕۆڵی جیاوازییان بینیووە، بەتایبەتی لەنێو بنەماڵە و میرنشیینە کوردییەکانیتریش ئەم ڕۆڵە بەشێوەی جیاواز بەدیدەکەین بەتایبەتی لە بابەتی هاوکاریکردنی کوڕەکانیان بۆ هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتی میرنشینەکە و ڕاگرتنی حوکمڕانی لەنێو میرنشیینەکەدا ، هەروەها چەندین زانا و کەسایەتی دیار لەنێو ئافرەتانی کوردی ئەوکاتە دەرکەوتن، کە خزمەتێکی بەرچاوی زانست و ئاینییان لە نێو دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکاندا کردووە (Ahmed, Nori, 2020, 140-141).

هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوچەکانی کوردستان و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و شێوازی ژیانیان لەناوچەکانی کوردستان، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە شێوازی ژیان و گوزەران

ئافرەتانی کورد لە نێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکاندا درووستنەکرد، بەڵکو ئەوەی هەیە درێژکەرەوەی هەمان قۆناغەکانی پێشووی خۆیان بوون، بەتایبەتی لەلایەنەکانی زانستی و سەربازیدا. سەرەڕای ئەمەش پێگە و بایەخی کورد هەر بە گەورەیی و بە بەرزی لەناو کۆمەڵگا کوردییەکاندا مایەوە (عومەر، ٢٠١٦، ٧٧-٧٨). لە ماوەی سەدەکانی ١٧ تا ١٩ زایینی دا ئافرەتان پێگە و کەسایەتیان هەمیشە دەرکەوتووە، هەروەکو مەلا مەحموودی بایەزیدی[1] باسی پێگەی ئافرەتانی کورد دەکات، کە کاتێک کێشە لەنێوان دوو هۆز یاخود دوو بنەماڵە درووست ببوایە، کاتێک ئافرەت دەچووە نێوەندگیرییان ئەوا شەڕ و کێشەکان ڕادەوەستان، هەروەها ئەگەر مێردیان لەشەڕدا بکوژرایە، ئەوا هیچ کات هاوسەرگیرییان نەدەکردەوە (بایەزیدی، ٢٠١٥، ٣٩-٤٠). تەنانەت لەکاتی شەڕەکاندا کاتێک دوژمن بەسەریاندا بدەن، ئەوا ژنانی کوردیش دار بەدەستەوە دەگرن و بەرەو شەڕ دەڕۆن و هاوکاری پیاوەکانیان دەکەن (بایەزیدی، ٢٠١٥، ٣٣). ئافرەتانی کورد لەوکاتیدا خاوەنی سەربەستییەکی تەواو بوون، تەنانەت سەرپەرشتی کاروباری ماڵ و بازاڕکردن و شت و پێداویستی کڕینیان دەکرد و بە ئازادانە دەچوونە دەرەوە لەماڵەکانیان، لەکاتی چوونە دەرەوەشدا سەرپۆشێکیان لەسەری خۆیان دادەنا (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦١) ژنی کورد لەماڵەوە سەرپەرشتی چێشت لینان و کاری کشت و کاڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ و کڕینی پێداویستی و زین کردن و بەخێوکردنی ئەسپ و کڕین و فرۆشتنی دەکرد (ئەحمەد، ٢٠٢١، ٥٥). تەنانەت خاوەنی دارایی خۆیان بوونە، زۆرجار لە میراتی باوکیانەوە ژنانی کورد چەندین سەر مەڕ و مانگایان بۆ دەمایەوە، یاخود مێردەکانیان پێیان دەدان پیاوانی کورد دەستکاری ماڵی ژنەکانیان نەدەکرد و بەمافی ئەوانیان دەزانی، کە ئەمەش پێیان دەگووت "شکارەت" (بایەزیدی، ٢٠١٥، ٦٧). ئافرەتانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ژیانی کۆمەلایەتی و هاوکاریکردنی خێزان و پیاوەکانیاندا هەبوو، چونکە لەکاروباری ڕۆژانەدا هاوکارییان دەکردن (الدملوجي، ١٩٩٩، ١٤٩)، بەهۆی سەختی ناوچەکانی کوردستانەوە، وایکردبوو ئافرەتانی کورد ببنە سوارچاکی لێهاتوو، هەروەها لە هاوکاریکردنی هاوسەرەکانیان لە کێڵگە و کشت و کاڵدا ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو (نەبەز، ٢٠٠٣، ١٢٣).

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئافرەتانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئافرەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوون، چونکە ئاینی ئیسلام لەم ڕووەوە کاریگەری بەسەر ئافرەتانی هەموو میلەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا ئافرەتانی کورد لەوکاتی دا هەندێك تایبەتمەندی و کەسایەتی خۆیان هەبوو، کە بەشێوەیەك لە ئافرەتانیتری عەرەب و تورك و فارس جیای دەکردنەوە، بۆ ئەمەش گەریدەکان گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن کە ئافرەتانی کورد خاوەنی پێگەیەکی بەرز و کاریگەر بوونە لەنێو کۆمەڵگایەکانی خۆیاندا، بەتایبەتی گەریدە و نوێنەری بەریتانی و بەڕەگەز فەرەنسی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کلۆدیۆس جیمس ڕیچ[2] لە باسی پێگە و ئازادی ئافرەتانی کوردستاندا کە بە ئافرەتانی ئێران و تورک بەراوردیان دەکات و دەڵێت "ئافرەتانی کورد پلەوپایەیان زۆر لە ئافرەتانی تورکیا و ئێران بەرزترە، ئافرەتی هیچ شوێنێك هێندەی ئافرەتی کورد بە ڕەوشت نین، پلە و پایەی ئافرەت لە کوردستاندا، زۆر لە پلەوپایەی ئافرەتانی تورکیا و ئێران بەرزترە!"(ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦١). ئەوەی جێگای باسە زۆر جاران ژنەکان مێوانداری خەڵکی بیانیان دەکرد و زۆریش کراوەبوون بەرامبەر بە میوانان، وە لەلایەن پیاوەکانیشیانەوە دڵ پیسیان بەرامبەردا نەکراوە، هەروەکو بایەزیدی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر ژنەکانیان جوانیش بوایە دڵپیسیان لێنەدەکردن، تەنانەت ئەگەر بەردەوام لەگەڵ مێوان دابنیشتنایە و بەدەمیانەوە پێبکەنیبونایە، بەڵام ئەگەر هاتوو خیانەتیان بکردایە، ئەوا بێ دوودڵی هەم ژنە و هەمیش پیاوە خیانەتکارەکە دەکوژران و کەسیش لە هەواڵیانی نەدەپرسییەوە (بایەزیدی، ٢٠١٥، ٤١).

هەندێك لە گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان کە سەردانی کوردستانیان کردووە و باسی گرنگی و پێگەی ئافرەتی کوردیان کردووە، هەروەکو گەریدەی ئەڵمانی لیرخ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئافرەتانی گوندەکان کاری کشت و کاڵیان لەگەڵ مێردەکانیان دەکرد و چاودێری منداڵەکانیان دەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا لەکاروباری ڕستن و چنینی فەرش و جاجمدا دەستێکی باڵایان هەبوو، هەربۆیە ئافرەتانی کورد هەمیشە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و سەربەستییەکی زۆر بوون و هەمیشە جێگای متمانە و ڕێزی پیاوەکانیان بوون (لیرخ، ٢٠٠٨، ٣٨-٣٩). ئەگەر پیاوەکانیان لەماڵ نەبوایە، ئەوا ئافرەتەکانیان پێشوازییان لەمیوان دەکرد و خزمەتی میوانیان دەکرد (سۆن، ٢٠٠٧، ١٥٦). تەنانەت فردریك میلینگ پێی وایە کە ئافرەتانی کورد زۆر ئازادن و زیرەکن، هەروەها زۆر بەوەفان بۆ هاوسەرەکانیان و هیچ خیانەتێکیان لێناکەن، زۆر بەهێزن و دەتوانن هەر شتێك بکەن کە بیانەوێت (Milingen, 1870, 250). هەروەها جیمس برەیس[3] لە باسی ئافرەتی کورددا دەڵێت "ئافرەتانی کورد سەرپۆش لەسەردەکەن، بەڵام هیچ پێچەیەك ناکەن (واتە دەموچاویان ناپۆشن)، ئەوان لە ئێمە و لە خەڵکانی قەفقاسیا نەدەترسان" (Bryce, 1910, pp. 254-255). هەروەها پیترۆ دیلاڤالی دەڵێت "ئافرەتی کورد سەرپۆش ناکات، هەروەها لەگەڵ پیاوانیش قسەدەکەن و لەگەڵ ئێمەش زۆر بە ئازادانە قسەیان دەکرد" (دیلاڤالیە، ٢٠٠٦، ٩٤).

ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەم گێڕانەوە جیاوازانەی گەریدەکان دەرخەری جیاوازی شێواز و تایبەتمەندی ژیان و ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر، هەروەها لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیترە، کە گەریدە ڕۆژئاواییەکان بەناوەچکانی کوردستاندا تێپەڕیون و بینیویانە (هۆمەر، ٢٠١٩، ٧٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی سەربازییانەی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەکانی ١٧ تا ١٩ی زایینیدا:**

**باسی یەکەم: ڕۆڵی سەربازییانەی ئافرەتی کورد لە نێو میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانیدا** لەنێو مێژووی کورددا، چەندین ئافرەت وەکو سەرکردەی سەربازی و سیاسی دەربکەون و لەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکانیان بەرگری لە کورسی دەسەلات بکەن و بتوان کوڕەکانیان وەکو میری نوێی میرنشینەکان دابنێن، بۆنموونە: لە مێژووی دەوڵەتی دۆستەکیدا[٤] دەبینین کە ئافرەتان ئەم ڕۆڵەیان هەبووە بەتایبەتی لەلایەنی سەربازی و سیاسدا، هەروەکو فاتیمە کچی ئەحمەدی کوردی کە بە "فاتیمە خاتوون" ناسراوە، یەکێك بوو لەو ئافرەتە سیاسییە لێهاتوانەی لەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، توانیویەتی دەست بەسەر میرنشینەکەدا بگرێت و کورسی دەسەڵات بۆ کوڕەکەی بەناوی "ئەبو تەغلەب" بگوازێتەوە (زكي بك، ٢٠٠٠، ٢٤٦). هەروەها ڕەحیمە خاتون کچی ئەمیر سەعید و خێزانی ناسر ئەلدەولە توانیویەتی لە کاتی هێرشی سەلجوقییەکاندا وەکو سەرکردەیەکی سەربازی توانیویەتی شارەکە لە هەڵمەتی سەربازییانە و شەڕی سەلجوقییەکان بپارێزێت و دواتریش لەگەڵ نیزامولمولك ئەلتوسی وەزیری سوڵتان ئەلب ئەرسلان (١٠٦٣-١٠٧٢) سەبارەت بە ڕادەستکردنی شاری میافارقین بە سەلجوقییەکان لە سالی ١٠٧١ز بەبێ هیچ خوێن ڕێژییەك ڕێکبکەوێت (یوسف، ٢٠٠١، ١٤٨).

هەروەها هەوداد خاتوون کە دوایین حوکمڕانی دەوڵەتی ڕەوادی[٥] بوو، ناوبراو کچی عەلائەدین بەگ بوو، ناوەندی حوکمڕانییەکەی لە شاری مەراغە بوو، لەدواتردا هاوسەرگیری لەگەڵ جەلالەدین خوارەزمشا ئەنجامدا و شاری مەراغە و دەوڵەتی ڕەوادیشی کردە بەشێك لە دەوڵەتی خوارەزمی (الصويركي، ٢٠٠٠، ٧٥٣).

لە سەردەمی حوکمڕانی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیشدا ئافرەتانی کورد لەپاڵ کاری ماڵ و ژیانی رۆژانە و بەڕێوەبردنی ماڵ، ئەوا هەمیشە وەکو سەرکردەیەکی ئازا و سەربازی دەرکەوتوون، هەربۆیە لەکاتی تەنگانە و لەکاتی شەردا شانبەشانی پیاوەکانیان لەدژی دوژمن دەوەستنەوە و وەکو جەنگاوەرێك دەردەکەون (Joseph, Nağmābādī, 2005, 359)، هەروەها ئەگەر بێتو پیاوەکانیان لە شەڕدا ڕابکات، ئەوا بەچاوێکی نزم سەیری پیاوەکەی دەکا و تف لەڕووی پیاوەکەی دەکا و گاڵتەی پێدەکات (بایەزیدی، ٢٠١٥، ٤٣).

دۆخی ئافرەتانیش لەوکاتیدا بەگشتی درێژە پێدەری سەردەمانی پێشووی خۆی بوو، بۆنموونە: لە میرنشینی لوڕستان (حکومەتی لوڕستان)[٦]دا ئافرەتێك هەبوو بەناوی دەولە خاتوون، کە لەدوای کۆچی دوایی پیاوەکەی حوکمڕانی گرتە ئەستۆ، بەڵام نەیتوانی خۆی و میرنشینەکە لە کێشە و دووبەرەکی ناو میرنشینەکە بپارێزێت، هەروەکو ئافرەتانی سەردەمانی پێشوو لەدەسەلات بمێنێتەوە، هەربۆیە کورسی حوکمڕانی بۆ برایەکەی بەناوی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عزەدین حوسێن بەجێهێشت (الصویرکي، ٢٠٠٠، ٢٧٥؛ زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٣٥). هەروەها لە میرنشینی بەدلیس، کە لە قانوننامەی سوڵتان سلێمان قانونییدا بە حکومەتی بەدلیس یاخو حکومەتی ڕۆژەکیان ناسراوە (Ahmed, Nori, 2020, 146)، ئافرەتێك بەناوی شاھ خاتوون لەدوای کۆچی دوایی مێردەکەی بەناوی ئەمیر شەمسەدین بۆماوەیەك حوکمڕانی میرنشینەکەی کرد تاکو کوڕەکەی "ئەمیر ئیبراھیم" لە ساڵی ٨٣٥ك/ ١٤٣١ ز تەمەنی پێڕاگەیشت و توانی بیهێنێتە سەر کورسی دەسەڵات (الصویرکي، ٢٠٠٠، ٣٤٠؛ زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٣٨).

تەنانەت دەرفەت بۆ ئافرەتانی هەڵکەوتووە کە وەکو میر و وەکو فەرماندەی سەربازی ڕۆڵی بینیوە، بۆنموونە: میرنشینی سۆران[7] لەلایەن خانزاد خاتوون[8]ەوە حوکمڕانی دەکرا، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی هاوسەرەکەی میر سلێمان شاکەلی لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە بەغدا دەستگیرکرا، ئەوا سەرچاوەمان پێمان دەڵێن کە خانزاد خاتوون زۆر بە باشی جڵەوی دەسەڵاتی میرنشینەکەی گرتە دەست وخزمەتی میرنشینەکەی کردووە و کاتێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ گوێگرتن لە کێشەکانی خەڵکی و چارەسەرکردنیان، ناوبراو لەماوەی حوکمڕانیدا چەندین کاری گرنگی وەکو دروستکردنی چەندین مزگەوت و قەڵای ئەنجانمدا. جگە لەوەش پایتەختی میرنشینەکەی لە قەڵای دوینەوە گواستەوە بۆ هەریر، بۆ پاراستنی ئاسایش پایتەختەکەی لە مەترسی و هێرشی دوژمنان قەڵای کەلاسۆی دروستکرد تەنانەت سوپایەکی گەورەی ئامادە کرد و هێرشی کردە سەر زۆرێک لە شارەکانی دەوروبەری میرنشینەکەی (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٣٤ ؛ نەبەز، ٢٠٠٣، ١٢٤). خانزاد لەماوەی حکمڕانی خۆیدا چەندین قەڵا و قوڵەی درووستکرد، لەسەردەمی ئەودا ئاسایش بەجۆرێك بەرقرابوو کە تاکو ئێستاش خەڵك ستران بۆ یادی چاکی ئەو دەڵێن و شاعیران لەسەردەمی خۆیدا ستایشییان کردووە لەگرنگترین ئەو قەڵایانەی خانزاد دروستیکردون، بریتین لە قەڵای بانەمان، قەڵای بنەی هەیری، هەروەها قەڵایەکیتر لەناوچەی باڵەك لە ڕۆژهەڵاتی ڕایات (هەروتی، ٢٠١٨، ٩٠،٩١،٩٢). تەنانەت ئەندازیاری بەریتانی "هاملتن" کە لەساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٢ز لەناوچەکەدا ژیاوە، بە پشت بەستن بە قسەکانی موکریانی لەبارەی خانزادەوە دەڵێت "خانزاد حوکمی لەوڵاتی فارسەوە هەتا دەشتی هەریر دەڕۆیشت.. تەلارەکەیم بینی کە هێشتا لەسەر شاخی هەریر بەپێوەیە" (هاملتن، ٢٠١٣، ٢١١؛ هەروتی، ٢٠١٨، ٩١-٩٢).

سەرەڕای ئەوەی خانزاد وەکو حوکمڕانێکی گەورە لەنێو میرنشینی سۆراندا دەرکەوت، بۆنموونە وەکو پەرچەکردارێك لەبەرامبەر کوژرانی "سلێمان بەگ"، ئەوا خانزاد لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی دەبێ و بڕیاری شەڕکردن لەدژی عوسمانییەکان دەدات (هەروتی، ٢٠١٨، ١١٣). لەهەمان کاتیش دا سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بوو، بۆنموونە ئەسکەندەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

بێك توركمان له كتێبەكەیدا بەناوی "ذیل عالم آرای عباسی" لەمیانەی ڕووداوەكانی ساڵی ١٠٣٢ك/١٦٢٣ز له بەرامبەر شاڵاوی هێزەكانی ئەردەڵانی و سەفەوییەكاندا ناوی خانزادی سۆران دەهێنێت كه بەرگری له میرنشینی سۆران كردووە، هەروەها له ڕووداوەكانی ساڵی ١٦٣٩ز له سەردەمی هەڵمەتەی سوڵتان مورادی چوارەمدا ئازووقەی بۆ سوپای عوسمانی دابین كردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤-١٠٥). له قۆناغەكانی دواتریش دەبینین دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئەركی سوپای هومایۆنی عوسمانی مووچەی بۆ خانزاد خاتوون لەسەر دارایی ویلایەتی مووسڵ بڕیوەتەوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1).

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كه خانزادی سۆران هەم لەڕووی كارگێڕی و حوكمڕانییەوە میرێكی بەهێزی میرنشینی سۆران بووە، لەهەمان كاتدا سەركردەیەكی سەربازی لێهاتووی ناو میرنشینەكەی بووە و هەمیشه له ریزی پێشەوەی سوپاكەیدا بووە لەكاتی هەڵمەتەكاندا.

خانزادی سۆران نەك هەر له ناوچەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان، تەنانەت له باشوری كوردستانیشدا چەندین هەلمەتی ئەنجامداوە و سەركردایەتی سوپای میرنشینی سۆرانی كردووە، بۆنموونە لەساڵی ١٦٢٣ز دەوڵەتی سەفەوی فراوانخوازیكرد و شاری بەغدای داگیركرد، لەو هەڵمەتەدا خان ئەحمەد خانی ئەردەلانیش بەشداریكرد و توانی شاری كەركوك داگیربكات، هەروەها بەمەبەستی داگیركردنی ناوچەكانی میرنشینی سۆران، هێرشی كردە سەر ناوچەكانی ژێر دەستی میرەبەگ له میرنشینی سۆران و چەندین جارێك له زێی بچووك پەڕییەوە وچەند شەڕێك ڕویدا، بەڵام خانزادە خاتوون و سەربازانی میرنشینی سۆران لەدژیان ڕاوەستا و توانیان خان ئەحمەد خان و قزلباشەكانی سەفەوی تێكبشكێنن، ئەگەرچی بەشێكی ناوچەكانی میرنشینی سۆران لەسەرەتاد لەلایەن خان ئەحمەد خانەوە دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام ئەمە درێژەی نەكێشا، هەروەكو ئەسكەندەر بێك توركمان له باسی ڕووداوەكانی ساڵی ١٦٢٩زدا باسی هەڵمەتێكی سەربازانی میرنشینی سۆران بەسەركردایەتی خانزادەخاتوون دەكات كه بۆ سەر شاری كەركوك ئەنجامیانداوە، كه ئەوكاته شاری كەركوك لەلایەن سەفەوییەكانەوە داگیركرابوو (هەروتی، ٢٠١٨ ، ١٠٤،١١٦).

توێژەر سەعدی عوسمان هەروتی له كتێبەكەیدا بەناوی "خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەكی" ئاماژە بە خانزاد خان دەكات، كه یەكەم ناوهێنانی ئەو لەسەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتەی لەمیانەی ڕووداوەكانی یاخیبوونی "بەكر سوباشی"دا ناوی خانزاد هاوشانی چەند سەركردیەیەكیتری ناوچەكە و چەند بەرپرسێكی دەوڵەتی عوسمانی دەهێنێت، هێەم هەواڵەی كه نووسراوە دەڵێت خانزاد خاتوون و چەند سەركردەیەكی سۆران، كه ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستیەیه خانزاد خاتوون سەركردەی گەورە و دیاری سۆران بووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤، ١١٦). هەروەها گەریدەی عوسمانی ئەولیا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

چەلەبی زۆر پێی سەرسام بووە کە لە سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان موورادی چوارەمدا، ژنێکی کورد بە ناوی خانزادی میری سۆران فەرماندەیی هەریر و سۆران لە پارێزگای شارەزووری دەکرد. سەرەڕای ئەوەی میرنشینی سۆران خۆی ویلایەت و حکومەتێك نەبوو، بەڵام سوپایەکی زۆر گەورەی هەبوو کە نزیکەی ٤٠-٥٠ هەزار سەربازی تێدابوو، لەنێویاندا ١٢ هەزار پیادە و ١٠ هەزار ئەسپ سوارهەبوون (Çelebi, 2000, 373).

ئەم نموونەیە ناوازە بوو کە خانزاد وەکو سەرکردەیەکی سەربازی سەرکەوتووانە هێرشی دەکردە سەر قەڵا سەفەوییەکانی هێمادان و دێرگەزین، هەربۆیە ناوی خانزادەخاتوون بە ئافرەتێك لێهاتو و گەورە لەنێو مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا ماوەتەوە لە زۆرێک لە گۆرانی و شیعری کوردیدا یادی دەکرێتەوە، بە تایبەت لە شیعری کلاسیکیدا (الصويركي، ٢٠٠٠، ٢٥٤).

بەمجۆرە حوکمڕانی خانزاد خاتوون وەکو ئافرەتانیتری کورد لە پێشوودا درێژەی کێشا تاکو هاتنە سەردەسەڵاتی کوڕەکەی بەناوی ئەحمەد خان لە ساڵی ١٦٤٨ز، هەروەها خۆشی ڕۆژانە بڕی ١٢٠ قروشی بۆ بڕابۆوە و مانگانە لە خەزێنەی دارایی ویلایەتی مووسڵەوە وەریدەگرت (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1)[9]، کە ئەمە هەم وەکو خانەنشینییەك و وەکو پاداشتێك بوو بۆ خانزادە خاتوون لەلایەن ئیدارەی دەوڵەت و سوپای هومایۆنی عوسمانییەوە بۆ دابینکردنی خۆراك و پێداویستی کۆشکی خانزادە خاتوون. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەم موچەیەی هەر لە ساڵی ١٦٢٩ تاکو ساڵی ١٦٥٨ز پێدراوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1).[10]

لە ناو کۆمەڵگای کوردی دەرفەتی دەرکەوتنی ئافەرتانی نەتەوەیتریش دەربکەون، وەکو چیرۆکی کەیغان کە لە گەشتنامەکەی ڕیچ بۆ کوردستاندا بە وردی باسی لێوەدەکات، کە لەسەرەتادا توانیویەتی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە زۆرانبازی و شەڕی پاڵەوانانەی سوپای عوسمانیدا چەندین کەس بکوژێت، دواتریش لەمەیدانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەدا شکست دەهێنێت و بەڵێنی شوێپێکردنی دەدات لەپای نەکوژرانی. دواتریش کەیغان دێتەوە دارەشمانە و لەنەبوونی فەقێ ئەحمەددا، گوندی دارەشمانە لە دەستدرێژی ٤٠٠-٥٠٠ پیاوی هۆزی بڵباس بپارێزێت و وەکو سەرکردەیەکی سەربازی دەربکەوێت، ناوبراو دوو کوڕی لە فەقێ ئەحمەددا هەبووە، بەناوەکانی "بوداخ کەیغان" و "باباسلێمان" کە میرەکانی بابان نەوەی بابا سلێمانن (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٧-٢٦٩).

هەروەها ریچ لەسەردانی بۆ کوردستاندا لەبارەی ئازایەتی ئافرەتانی کوردەوە دەدوێت، کە دەڵێت:

"بەڵگەش لەسەر ئازایەتی ئافرەت کەم نییە لە ئافرەتی کورد دا.. فەیزوڵافەندی هاتە لام و بانگی نۆکەرێکی خۆی کرد و پێی گوتم کە ئاخۆ هیچ شتێکی سەیر و نامۆ دەبینم؟ منیش هیچم بەدی نەکرد و وەکو کوڕێکی چاپوك ئەوم بینی، بەڵام پێی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

گوتم ئەمە کوڕنییە، بەڵکو بەکارترین نۆکەریشە، کە پیاو بڕواناکات، ڕەوشتیشی بێگەردە، بەڵکو بۆتە مایەی شەرفەمەندیش بۆ ئافرەتان. ئازایەتییەکەشی لەسەروی ئازایەتی پیاوەوەیە، هێشتا کچیشە. ڕۆژێکیان تورکێك ویستبووی دەستی بۆ درێژبکات، بەڵام ورگی هەڵدڕیبوو، وتبووی ئەگەر گەورەکەشم بیەوێ شتی وام لەگەڵدا بکات، سێ و دووی لێناکەم ورگی دەدڕم. شانازایش بەوە دەکات کە چەند جارێك هێرشی کردۆتە سەر تۆپێکی داگیراوە، بێ ئەوەی بگەڕێەوە، یان ڕمەکەی بهاوێ، تا گەیشتۆتە سەر سەربازە تۆپچییەکە، جل و بەرگی پیاوانەی لەبەرکردبوو، شاڵێکی ئاوریشمیشی لەسەرەوە پێچابوو. باڵایەکی زراڤی پێوەبوو، تەمەنی هەر لەنێوان ٢٥-٣٠ ساڵی دەبوو، سەروسیمایەکی کوردانەی هەبوو، هەتاو بردربووی" (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦١-٦٢٦).

خودی ئەم زانیارییانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە لە نێو ئافرەتانی کوردیش دا چەندین سەرکردەی سەربازی و لێهاتوو پەیدابوونە، هەروەها لە مەیدانی شەڕدا ئافرەتانیش وەکو پیاوان ڕۆڵییان بینییوە و ئازایەتییان نواندووە.

**باسی دووەم: ڕۆڵی سەربازییانەی ئافرەتی کورد لەدوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی ١٩ زاینیدا:**

لەدوای نەمانی میرنشینە کوردییەکانیش، ئافرەتانی کورد لەنێو سوپای دەوڵەتی عوسمانی و هێزە کوردییەکاندا ڕۆڵییان بینیوە، بۆنموونە قەرەفاتم "فاتمە ڕەش"[١١] کە لە شەڕی قرم لەدژی ڕووسەکان لە قارس و ئەرزەڕۆمدا توانیویەتی سەرکردایەتی کەتیبەیەکی ٥٠٠ سەربازی کورد بکات و زەرەرێکی زۆر لە سوپای ڕووسەکان بدات، ناوبراو خەیاڵ و مێشکی ڕۆژئاواییەکانی داگیرکردبوو (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٤٧)، تەنانەت ڕۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمریکی بابەتێکی لەبارەی قەرەفاتم لە ساڵی ١٨٧٧بڵاوکردەوە بەناونیشانی ئافرەتە جەنگاوەرە ئەفسانەییەکەی کوردستان " the redoubtable female warrior of Kurdistan "، هەروەها ڕۆژنامەی وەقایع لە ژمارە ٧٣٠ لە ڕێکەوتی ١٨٧٧/١١/٤ز بەمشێوەیە باسی قەرەفاتم دەکات

" پێشتر باسمان لە شازادەیەکی کورد کەردووە، کە بە تەنها سەرکردایەتی سەربازی هێزێکی دەکرد، ئێستاش هەواڵەکانی ئەو لە ئەستەنبۆڵ "ئەستانە" بڵاوبۆتەوە، کە ئەم شازادەیە ناوی قەرەفاتمە، کاتێ: عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر گوندی "قەزویم تەبە" ئەوا ناوبراو بووەتە سەرکردەی هێزێکی سەربازی بوو، ناوبراو خەڵکی بروجە، ئەو جوانێکی دەوڵەمەند و نیشتمان پەروەرە و پەرەوەردەیەکی خولاسەی ئیسلامی هەیە، ئەو هێزێکی ٥٠٠ کەسی پێکهێناوە کە بریتین لە خۆبەخشانی وڵاتەکەی" (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٤٧).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەها لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی ١٩ز دا (ماما پوورە حەلیمە)ی پشدەر و (ماما قەرە نێرگز) لە هۆزی شوان، کە دوو ژنی ناسراو و ئازای کوردبوون لە باشوری کوردستاندا (ئیزەدی، ٢٠٠٢، ٤٤٠) هەروەها ماما پرشەنگ خان لە هۆزی میلیتان ، هەروەها شەمسەخان و پەریخان و مریەم خان و فەسلەخاتوون کە بەشدارییان لەشەڕی خوێناوی و سەخت دژی هێزەکانی سوڵتانی عوسمانی کردووە، کە دەیەویست خێڵە کوردەکان ملکەچ پێبکات (لیرخ، ٢٠٠٨، ٣٨-٣٩)· هەروەها ئافرەتانی هۆزە کۆچەرییەکانی وەکو هۆزی هەمەوەند بەشدارییان لەجەنگدا دەکردوو، تەواو چەکدار و ئەسپسواربوون (سۆن، ٢٠٠٧، ٥١) هەربۆیە ئەم گەریدە ئەڵمانییە ژنی کوردی بە ژنی ئەڵمانی چواندووە، کە هەردەم لەدوای مێردەکانیان بوون و یارمەتیان داون بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا(عومەر، ٢٠١٤، ٢٠٣).

ئەمەش دەریدەخات، ژنانی کورد بۆ پاراستنی عەشیرەت و زێدی خۆیان، ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن بوون لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکاتی ناوچەکە ، کە بریتی بوون لەدەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران. لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئافرەتانی وەکو عادیلە خانم و قەدەم خێر لەناو کورداندا دەرکەوتوون، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا وەکو سەرکردەیەکی سیاسی و کارگێڕی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، ئەوا عادیلە خانم (١٨٥٩-١٩٢٤)[١٢] بووە، ماوەیەك لە شاری سنە ژیاوە، دواتر بەهۆی هاوسەرگیرکردنی لەگەڵ عوسمان پاشای جاف هاتوەتە شاری هەلەبجە و لەوێ نیشتەجێ بووە، لەساڵی ١٩٠٩ لەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی بووە بە قایمقامی هەڵەبجە. مێجەرسۆن لەساڵی ١٩٠٠ز سەردانی سنوورەکانی کوردستانی کردووە و لە شاری هەڵەبجە چاوی بە عادیلە خانم کەوتووە و لەبارەیەوە دەڵێت "ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بەهۆی کاریگەری ئەو چەکانەی دەستییەتی کە بەکاری دەهێنێت" (Bengio, 2016, 2). ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە عادیلە خانم هێزی سەربازی جافەکانی لەدەستدا بووە و توانیویەتی وەکو سەرکردەیەکی سیاسی و کارگێڕی و سەربازی خۆی بنوێنێت. دواتر عادیلەخانم لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نازناوی خانم بەهادور "شازادەی پاڵەوانان"ی پێبەخشرا، ئەویش بەهۆی ڕزگارکردنی ژیانی چەندین سەربازی بەریتانی کە لە شاری هەڵەبجە جێگیربوبوون (الصويركي، ٢٠٠٠، ٣٧٦).

لەم تەوەرەیەدا بەدیار دەکەوێت ئافرەتانی کورد خاوەنی پێگەیەکی گەورەبوونە لەناو کۆمەڵگاکەیان، کە هەم لە لایەنی سیاسی و سەربازی. هەر ئەمەش وایکردووە ئافرەتانی کورد بەچاوێکی بەرز و گەورە سەیربکرێن، بەتایبەتی لە قۆناغە جیاوازەکاندا ڕۆڵێ کاریگەر و بەرچاویان لە نێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکان بینیوە و بوونەتە هۆی ڕاگرتنی حوکمڕانی و دەسەڵاتی میرنشینەکان، ئافرەتان خاوەنی پێگە و کەسایەتییەکی بەهێز و قارەمانییەتی زۆر بوونە، هەربۆیە خانزادی سۆران و کەیغان و قەرەفاتم و عادیلەخانم و چەندان ئافرەتانیتری ئەوکاتی نموونەی باڵای ئافرەتانی نێو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

میرنشـین و کۆمـەڵگای کـوردین ،کـە لـەڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە لەوکاتیـدا لـەنێو میرنشین و کۆمـەڵگای کوردی ئەوکاتیـدا دەرکـەوتوون. تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی هێـزە نێـو دەوڵەتی و ناوچەییەکانیشدا بایەخیان پێدراوە و بونەتە بابەتی قسەوباسیان.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی زانستیانەی ئافرەتی کورد لەنێوان سەدەی ١٧ تا ١٩ی زایینیدا:**

**باسی یەکەم: دروستکردنی کتێبخانە و مزگەوت و قوتابخانەکان وەکو ناوەندێکی زانستی**

هەر لە سەردەمانی زووەوە لەنێو کۆمەڵگا کوردییەکاندا ئافرەتان ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە بەرەوپێش بردنی زانست و ئایین لە کوردستاندا. بۆ ئەمەش چەندین توێژینەوەی زاسـنتی لـە چوارچێوەی نامـەی ماسـتەر و تێـزی دکتـۆرا و توێژینـەوەی زانسـتی جۆراوجـۆر نووسراون کە ئاماژە بەو ڕۆڵەی ئافرەتان لە بواری ئاینی و بواری زانستی دەکەن. بەتایبەتی ئافرەتانی کورد ڕۆڵیان هەبووە لە خزمەتی فەرموودە و گێڕانەوەیان، هەروەها وانەی بابەتە ئاینییەکانیان بە فێرخوازانیان گوتەوەتەوە، تەنانەت بەشدارییان لە دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت کردووە. بەگشتی ئەم ڕۆڵەی ئافرەتان لە قۆناغەکانیتریشدا بەردەوامبووە و زانسـت و ئـاین هاوتـەریبی یـەکتری لەلایـەن ئافرەتـانی کـوردەوە گرنگییـان پێـدراوە. لـە قۆناغەکانی دواتریشدا وە لە خزمەتکردنی لاینی زانستیدا ئافرەتانی کورد ڕۆڵی بەرچاوییان بینیووە، بۆنموونە لەنێو ئافرەتە کوردەکانی دەوڵەتی ئەیوبیشدا[١٣] چەندین ئافرەتی لێهاتوو هەڵکەوتوون، بەتایبـەتی لەلایـەنی سیاسی و خزمـەتکردنی بـواری ئـاین و زانسـت، بۆنموونـە سەفیە خاتون یاخود "ضەیفە خاتون"[١٤] کە خێزانی مەلیك زاهیر و کچی مەلیك عادل[١٥] بوو. کە ماوەی شەش ساڵان حوکمڕانی شاری حەلەبی کرد تاکو کوڕەکەی بەناوی "مەلیك عەزیز" تەمەنی پێڕاگەیشت بووە حوکمڕانی شاری حەلەب (زرکلي، ٢٠٠٢، ٢١٦). لە ساڵی ١٢٣٥ز مەدرەسەی فیردەوسی لەشاری حەلەب درووستکرد، کە لەسەر ئەرکی خۆی مووچەی مامۆستایانی مەدرەسەکەی دەدا، ئەمە لەکاتێدا چەندین مزگەوتیشی نۆژەنکردەوە و مزگەوتی تریشی لە حەلەب درووستکرد (علي، ٢٠٠٥، ١١٦). نەك هەر ئەمە، بەڵکو چەندین ئافرەتی دیکەی زانستخواز و پاڵپشتیکاری زانست لەوکاتەدا دەرکەوتن، لەوانە ست شام[١٦]، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی "البرانیة"یە لە دیمەشق (البرزنجي، ٢٠١٠، ١٤٣).

لەسەردەمی حوکمڕانی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا بەشێك لە ئافرەتانی کورد سەرەڕای هەبوونی ڕۆڵی سیاسی و سەربازی و کارگێڕییانەیان، ئەوا ڕۆڵیان لە بەرەوپێشبردنی زانستیشدا هەبووە، ئەویش بەهۆی گرنگیدانیان بە لایەنی ئاینی و زانستی، هەروەها گرنگیدانیان بە درووستکردنی قوتابخانە و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان و هاوکاریکردنی مامۆستایان و زانایانی ئەوکاتی، هەربۆیە ئافرەتانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستانیش دا لە بوارە جیاجیاکاندا ڕۆڵیان بینیووە، بەتایبەتیش لە خزمەتکردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زانست و زاتسخوازیدا، بۆنموونە زەینەب خاتوونی خێزانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی[17] لەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، مزگەوتێك بەناوی ئیدریسییە و سەرچاوەیەکی کانی لە ناوچەی ئەیوبییە لە ئەستەنبۆڵ درووست دەکات وەکو وەقفێکی خێرخوازی بۆ مێردەکەی (ÖZCAN, 2000, 485).

ئەم ڕۆڵەی ئافرەتان لە قۆناغەکانی دواتریشدا لە نێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکاندا بەردەوامبوو، هەروەکو خانزاد خاتون لە ساڵی ١٠٧٠ك/ ١٦٥٩ز کتێبخانەیەك و مەدرەسەیەکی بەناوی خۆی کردۆتەوە، کە ئەم ڕاستییەش محەممەد عەلی قەرەداغی بە وەرگرتن لە دەستنووسێکدا بە ژمارە (٢٠٢٧٨) لە (دار صدام للمخطوطات) ئاماژەی بۆ کردووە (قەرەداغی، ١٩٩٨، ٨٥). تەنانەت خانزاد خاتوون لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەلات، ئەوا چەند مزگەوتێکیشی ئاوەدان کردۆتەوە (هەروتی، ٢٠١٨، ٩٠). لەگەڵ ئەمەش دا محەممەد عەلی قەرەداغی ئاماژە بە دەستنووسەکیتریش دەکات بە کۆدی (٩٠٨٣) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئافرەتێکیتریش بەناوی ست رضیة لەساڵی ١١٨٢ك/ ١٧٦٨ز کتێبخانە و مەدرەسەی بەناوەوە هەبووە (قەرەداغی، ١٩٩٨، ٨٥).

هەروەها لە شاری کۆیە[18] مزگەوتێك هەیە کە لەلایەن ئافرەتێکەوە دامەزراوە بەناوی مزگەوتی دایە خەجێ، لەم مزگەوتەدا چەندین کەڵە زانا تێیادا خوێندووە، لەوانە شێخ جامی لە ساڵی ١١٤٢ك/ ١٧٣٠ز لەو مزگەوتەدا خوێندویەتی (قەرەداغی، ١٩٩٨، ١٥٥).

شوێن پەنجەی ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لەدەرەوەی کوردستانیش لە خزمەتکردنی زانست دا دەبینین، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی جیاواز لەبارەی محەممەد عەلی پاشای میسرەوە هەیە، کە هەندێك لە سەرچاوەکان بە ئەلبانی و خەڵکی شاری (قەواله)ی دەناسێنن، بەڵام سەرچاوەیتر بە سوود وەرگرتن لە بابەتێکی نێو ڕۆژنامەی "المصر" لە ڕێکەوتی ١٩٤٩/١١/٢٥ بە ناونیشانی "ولي العهد حدثني عن ولي النعم..." کە تیایدا بە هێنانەوەی چەند بەڵگەیەك، ڕەچەڵەکی محەممەد عەلی پاشای دەگەڕێننەوە بۆ کوردەکانی شاری دیاربەکر، کە باوکی محەممەد عەلی پاشای میسر لە دیاربەکرەوە چووە بۆ شاری قەوالەی ئەلبانیا(عوني، زاید، عوض، ٢٠١١، ١٠١-١٠٢). تەنانەت چەندین ساڵ پێش چاپ بوونی ئەم کتێبەش، ئەوا سەرچاوەیتر ئاماژە بە کورد بوونی محەممەدی عەلی پاشای میسر دەکەن و باسی ڕۆڵی زانستخوازی زەینەبی کچی محەممەد عەلی پاشای میسر دەکەن، کە لە ساڵی ١٨٢٨ز لە قاهیرە لەدایکبووە، ناوبراو هاکاری چەندین مزگەوتی کردووە، هەروەها هاوکاری زانایانی ئاینی کردووە و مووچەی مانگانەی بۆ زانایان فیقهی هەر چوار مەزهەبەکە دابینکردووە. لەگەڵ ئەمەش دا وەقفی بۆ مزگەوتی ئەزهەر و چواردە مزگەوتیتر بەناوەکانی مزگەوتی حوسێنی، مزگەوتی سەیدە نەفسیە، مزگەوتی سەیدە زەینەب..هتد هەروەها چەندین تەکیەی وەکو تەکیەی نەقشبەندی و تەکیەی کالتەکی مولی (الصويركي، ٢٠٠٠، ٣٠٥-٣٠٦).



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەموو ئەو بابەتانەی لەسەرەوە باسکران دەرخەری ئەو راستییەن کە ئافرەتانی کورد شانبەشانی پیاوان ڕۆڵییان بینیوە لە بەرەوپێشبردنی زانست لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئەویش بەدروستکردنی قوتابخانە و مەدرەسە و دروستکردنی مزگەوت و هاوکاریکردنی زایان و زانستخوازان. کە ئەم تایبەتمەندییەش ئافرەتانی کورد هەر لەکۆنەوە هەیانبووە و زانست بەشێك بووە لە لاپەنەکانی ژیانیان.

**باسی دووەم: ڕۆڵ و دەرکەوتنی ئافرەتانی کورد لە زانستە جۆربەجۆرەکانی ئەوکاتیدا**

ئافرەتانی کورد جگە لە لایەنەکانی سیاسی و سەربازی و خزمەتکردنی زانست و زانیاری، ئەوا چەندی ئافرەتی زانستخواز و زانا لەناو کوردان دەرکەوتن کە خزمەتێ‌ی زۆریان لەبوارە جیاوازەکاندا کرد، بەتایبەتی لە بابەتەکانی فەرمودەناسی و مێژوو و شیعر و ئەدەبیات کردووە، بۆنموونە لە نێو بنەماڵەی ئەییوبیدا چەندین ئافرەتی فەرمووەدەناس و زایانی ئاینی دەرکەوتن، بۆ نموونە: موئنیسەی کچی مەلیك عادل کە لەساڵی ٦٠٣ك/١٢٠٥ز لەدایکبووە و یەکێك لەو ئافرەتانەبوو بووە پسپۆڕ و شارەزا لەبواری فەرمووەدەناسی و گێڕانەوەی فەرمووەدەکانی پێغەمبەری ئیسلام، هەروەها ست نەعیم حەررانی کە لەدایکبوی ساڵی ٦٣٨ك/١٢٤٠ز ئەویش یەکیك بوو لەو ئافرەتانەی پسپۆڕی بواری فەرمودەناسی بوو، وە لە ساڵی ٧٢١ك/١٣٢١ز لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کچی دوایی کردووە، هەروەها فاتیمەهی کچی بەدرح محەممەد کوڕی جەمال یوسف کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عومەر کوڕی عەلی کوڕی خدری کوردی گۆرانی کە لەساڵی ٧٩٤ك/١٣٩١ز لەدایکبووە و لەساڵی ١٤٦٨ز کۆچی دوایی کردووە، هەروەها جویرییە عێراقی کوردی کە لەساڵی ١٤٥٨ز کۆچی دوایی کردووە، ئەوانیش بەشێك بوون لەو زانا ئافرەتانەی رۆڵێکی بەرچاویان لە زانستە ئیسلامییەکانی ئەوکاتیدا هەبووە، (فتاح، عبوش، ٢٠١٩، ٣٤، ٣٥، ٦٢، ٦٥-٦٦).

ئافرەتانی کورد بەر لەهاتنی عوسمانییەکانیش بۆ کوردستان ئەوا بەشێکیان خزمەتی بەرچاویان لە بورای زانستدا کردووە، بۆنموونە زەینەب کچی عەجمی گۆرانی کوڕی یوسف کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عومەر کوڕی عەلی کوڕی خدر، ناوبراو لەخانەوادەیەکی زانستی و ئاین پەروەر ژیاوە، بەتایبەتی گرنگیان بە زانستی فەرمووده داوە، ناوبراو لە سەدەی ١٥ز کۆچی دوایی کردووە، هەروەها فاتیمە ئوم حەسەن گۆرانی، کە ئەویش ناوی راستەقینەی خۆی فاتیمە کچی بەدر کوڕی محەممەد کوڕی جەمال کوڕی یوسف کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عومەر کوڕی عەلی کوڕی خدری کوردی گۆرانییە، فاتیمە لەدەوروبەری ساڵانی ١٣٩١ز لەدایکبووە و لە ساڵی ١٤٦٨ز کۆچی دوایی کردووە (فتاح، عبوش، ٢٠١٩، ٦٥،٦٦).

بەگشتی لە سەردەمانی کۆندا کچان زۆر بەکەمی هەبوون بخوێنن، وە هەندێك کات هەبووە کە ئافرەتانی خاوەن زانستە شەرعییەکان وانەیان بە قوتابیانی کوڕ دەگوتەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(قەرەداغی، ١٩٩٨، ١١)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندین ئافرەتی زانای کورد لە زانستی فەرموودە و زانستە ئیسلامییەکاند دەرکەوتن، بۆنموونە: فاتیمە خاتوون کچی بەدر محەممەد کوری جەمال یوسف، ناوبراو لەماوەی ساڵانی ١٤٠١-١٤٥٦ز ژیاوە، یەکێك بووە لەو کەسانەی بەدوای زانستدا گەڕاوە و بڕوانامەی زانستی (إجازة العلوم) لەسەر دەستی ئیبن سدیق و ئیبن قەوام وەرگرتووە (الصويركي، ٢٠٠٠، ٥٣٤). هەروەها سەلما جەزەری کچی محەممەد کوڕی محەممەد کوڕی جەزەری کە بە (أم الخير) ناسراوە، ناوبراو لەساڵی ١٤٢٧ز ناوبراو یەکێك بووە لەوانەی قورئان خوێنێکی ناودار و قورئانی لەبەرکردووە و شاعیرێکی ناودار بووە و بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی شیعری نووسیوە (الصويركي، ٢٠٠٠، ٣٢٣).

لەم ماوە مێژوییەدا ئافرەتانی کوردی ناموسڵمانیش لەو ماوەیەدا ڕۆڵیان بنیوە، بۆ نموونە ئاسینات بارزانی کە لەماوەی ساڵەکانی ١٥٩٠-١٦٧٠ز ژیاوە، ناوبراو کچی شەموئیل بارزانی بوو کە پیاوێکی ئاینی ناوداربوو، ئاسیناتی کچی لەسەر زانست و خوێندنەوەی تەورات پەروەردەکرد، هەربۆیە دواتر ئاسینات بووە یەکێك لەو ئافرەتە ناودارانەی لە شاری موسڵ وانەی خوێندنەوەی تەورات بە خەڵکیتری جولەکە بدات (ئیزەدی، ٢٠٠٢، ١٦٢-١٩٠). تەنانەت لەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، بووە یەکەم حاخامی مێینە لە مێژووی نوێدا، هەروەها قوتابخانەیەکی تایبەت بە فێرکردنی منداڵانی جولەکەی دامەزران ( Bengio, 2016, 4).

دەرکەوتنی ئافرەتان تەنها لە بابەتی زانستە ئاینییەکان بەگشتی و فەرموودەناسی بەتایبەتی نەبوو، بەڵکو لەبواری مێژوو و ئەدەبیاتیشدا ڕۆڵیان هەبووە، بۆنموونە: ماهـ شەرەفخانم، ناسراو بە (مەستورەی کوردستانی)، ڕۆژئاواییەکان بە یەکەم مێژوونووسی ئافرەتی دادەنێین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبراو مێژوونوسی و شاعیر و نووسەر بووە (Joseph, Nağmābādī, 2005, 359). مەستورە لە ساڵی ١٨٠٣ز لە شاری سنەی پایتەختی ئەردەلانییەکان لەدایکبووە و لە سالی ١٨٤٤ز کچی دوایی کردووە. مەستورە کچی حەسەن بەگ کوڕی محەممەد ئاغای وەزیری کوردستان لە هۆزی قادرییە. باوکی بەڕێوەبەری خەزێنەی میرنشینی ئەردەلان بوو، هەروەها هاوسەرەکەشی خەسرۆ ناکام والی ویلایەتی ئەردەلان لە کوردستانی ژێردەستی ئێران بوو، کە ئەویش بە شاعیر ناسرابوو. ناوبراو لەگەڵ قووڵبوونەوە لە شیعر و ئەدەبیاتدا، ئەوا لەبواری مێژووشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و خاوەنی کتێبی (مێژووی کوردستان)ە. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مەستورەی ئەردەڵانی خاوەنی بەرهەمی ئاینییە و لە بابەتەکانی زانستی ئیسلامییشدا بەرهەم و نوسینی هەبووە (الصويركي، ٢٠٠٠، ٥٧٢-٥٧٣ ؛ زكي بك، ١٩٤٥، ٢٤٨-٢٤٩). هەروەها حەیران خانی کچی کەریم خانی دونبلی، یەکێکیترە لەوشاعیرانەی لەو کاتەدا ژیاوە، ناوبراو لە نەخچەوان لە وڵاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قەوقازی ئێستادا لەدایكبووە، دواتریش چۆتەوە ناوچەكانی ئورمیە (ڕەزاییە)، ناوبراو شاعیرێكی ناوداربوو كە بەزمانی فارسی شیعری دەنووسی (الصويركي، ٢٠٠٠، ٢٤٢).

یەكێكیتر لەو ئافرەتانەی لەوسەردەمیدا دەركەوتوون، ئەوا سریە خانمە، كە لەساڵی ١٨١٤ز لە دیاربەكر لەدایكبووە، ناوبراو لەگەڵ خێزانەكەیدا چۆتە بەغدا و دواتر گەڕاوەتەوە زێدی خۆی، ئینجا بۆ جاری دووەم دەچێتە ئەستەنبوڵ و تا كۆتایی تەمەنی لەوێدا دەمێنێەوە. سریە خانم یەكێك بووە لەو ئافرەتانە كوردانەی لەبواری شیعر و ئەدەبیاتەوە ڕۆڵی هەبووە، ناوبراو شیعری بەزمانەكانی توركی و فارسی نووسیوە (الصويركي، ٢٠٠٠، ٣١١ ؛ زكي بك،١٩٤٥، ٢٣٧). هەروەها عائیشە تەیموری بوو، خودی بنەماڵەی تەیمورییەكان لە بنەڕەتدا خەڵكی باشوری كوردستانن و لەسەردەمی محەممەد عەلی پاشای میسر چوون بۆ میسر، عائیشە لەماوەی سالانی ١٨٤٠-١٩٠٢ز ژیاوە. باوكی ناوبراو بەرپرسی دیوانی خدێوی ئیسماعیل بوو "دەكاتە پێگەی وەزیری دەرەوە" فاتیمە لەبواری شیعر و ئەدەبیاتدا دەستێكی بالای هەبووە و بەزمانەكانی توركی و عەربی و فارسی شیعر و بڵاوكراوەی هەیە، هەروەها دیوانێكی شیعری بەناونیشانی "حلیلة الطراز" هەیە، هەروەها بەرهەمێكیشی بەناوی "نتائج الأحوال في الأقوال والأفعال" بەزمانی فارسی هەیە، هەروەها دوو ەبرهەمیتر بەناوەكانی "شكۆڤە" و "دیوان عصمت" كە ئەمانەش دیوانی شیعرین و بەزمانی توركین. (مصطفی، ٢٠١٣، ١٨).

فاتیمەی كوردی یەكێكیترە لەو ئافرەتانەی لەبواری زانستە ئیسلامییەكان و تەسەوفدا ڕۆڵی هەبووە، ناوبراو لەماوەی ساڵەكانی ١٨٨٦-١٩٦١ز ژیاوە و لەسەردەستی باوكی زانستە ئیسلامییەكانی خوێندووە، بەتایبەتی بابەتی فیقهی خوێندووە، هەروەها لە بواری تەسەوفدا ڕۆڵی بنیوە و سەر بە نەقشبەندی بووە. لە سەدەی بیستەمدا وەكو مامۆستا لە قوتابخانەی كچان وانەی گوتوەتەوە (الصويركي، ٢٠٠٠، ٥٣٤-٥٣٥).

لێرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئافرەتانی كورد لە لایەنی زانستیدا ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبوو و لە زانستە جۆرەبەجۆرەكاندا دەركەوتوون، ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئافرەتانی كوردی ناموسڵمانیش وەكو زانا و كەسانی زانستخواز دەركەوتوون، هەروەها ئافرەتانی كورد توانیویانە ببن بە ئافرەتی پێشەنگ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەروەكو مەستورەخانی ئەردەلان هەلگری ئەم نازناوەیە

**ئەنجام:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەكەم: ئافرەتانی كورد هەر لەكۆنەوە لەلایەنی سەربازی و زانستیدا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵیان هەبووە، هەر ئەمەش وایكردووە لە هەمیشە ئافرەتان لەنێو كۆمەڵگای كوردیدا خاوەنی ڕێز و پێگەیەكی تایبەتی بن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دووەم: ئـەو ئافرەتانـەی کـە وەکـو سـەرکردەیەکی سـەربازی ناسـراون، لەهـەمان کـاتیش دا خزمـەتێکی زۆری لایـەنی زانسـتییان کـردووە، بۆنموونـە خـانزاد خـاتون سـەرەڕای ئەوەی سەرکردەیەکی سـەربازی لێهـاتوو بـووە، لەهەمانکـاتـدا خزمـەتێکی بەرچاوی لایـەنی زانسـتی و ئـاینیش کـردووە، هـەروەها بـەهۆی پێگـە سـەربازییەکەیەوە کاریگـەری لەسـەر دەوڵەتی عوسمانی داناوە و مووچەی تایبەتی لە سوپای هومایونی عوسمانیدا بۆ بردراوەتەوە.

سێیەم: ئافرەتـانی کـورد جگـە لـەو زانسـت و بـوارەی کـە خزمـەتیان تێـداکردووە، لەهەمانکاتـدا بـە ئافرەتـانی یەکـەم و پێشـەنگ لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا هـەژمارکراون، هەروەکو ماهـ شەرەفخانم "مەستورەی ئەردەلانی" بە یەکەم مێژوونووسی ئـافرەت دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

چوارەم: ئافرەتانی کـورد لـە دەرەوە و نـاوەوەی کوردسـتان، لـە خزمـەتکردنی زانسـتدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هـەبووە، چ بـەهۆی دروسـتکردنی قوتابخانـە و مزگـەوتـەوە بووبێـت، یـاخود بـەهۆی خوێنـدنیان لـە زانسـتە جۆربـەجۆرەکانی ئەوکاتییـەوە بووبێـت، تەنانـەت مووچـەی مامۆستایان و زانایانی ئەوکاتیشیان دابینکردووە.

پێنجـەم: ڕووخـانی میرنشـینە کوردییـەکانی سـەردەمی دەوڵـەتی عوسـمانی نـەبووە بەربەرست لەبەردەم دەرکـەوتنی سـەربازییانە و زانسـتیانەی ئافرەتـانی کـورد، بـەڵکو ئافرەتـانی کورد لەدواتردا بوونە جێی باسی گەریدە و ڕۆژنامە خۆرئاوا.

شەشـەم: ئازایـەتی ئافرەتـانی کـورد لـە مەیـدانی جەنگـدا یەکێکـە لـە تایبەتمەندییـەکانی ئافرەتـانی کـورد، هـەروەکو قـەرەفاتم و خـانزادی میـری سـۆران و ئـەو ئافرەتـەی لەلایـەن کلۆدیـۆس جیمس ڕیچـەوە باسـی لێوەدەکرێت کـە نموونـەی بـاڵای ئـەم بابەتـەن، هـەروەها گەریـدەکانیتریش باسـی هـەمان ئازایـەتی ئافرەتـان دەکـەن کـە لـەکاتی شەڕەکاندا شانبەشانی پیاوەکانیان بەشداری شەڕ دەکەن.

حەوتەم: لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا دەرفەت بۆ ئافرەتانی کوردی ناموسڵمانیش هەڵکەوتووە و توانیویانە لەلایەنی زانسـتیدا خۆیان بـەرەو پێش ببـەن و لـەدوای پێگەیشـتن و پێشـکەوتنیاندا وەکـو مامۆسـتایەکی ئـاینی لـە بابـەتی ئـاینی جوولەکـەدا وانـە بڵێنـەوە و خزمەت بە ئاین و کلتوری خۆیان بکەن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامە:**

BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1
BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1

**دەستنووس:**

Çeleb, Evliya. (2000) Evliya Çeleb, Seyahatnamesi, Topkapı Sarayı Kütüphanesi (Awliya Chalabi Travel Book in the Topkapı Sarayı Library). Book IV. İstanbul: Topkapı Palace.

**ساڵنامەی عوسمانی:**

سالنامەی کارگێڕی ویلایەتی موسڵ، ١٣٢٥، ٢٢٢.

**کتێب:کوردی:**

ئیزدی، میهرداد. (٢٠٠٢). ئایین و تایفە ئاینیەکان لەکوردستاندا. وەرگێڕانی: کامەران فەهمی. سلێمانی: بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك).

بایەزیدی، مەلا مەحمود. (٢٠١٥). داب و نەریتی کورد. وەگێڕانی شوکریە ڕەسول ئیبراهیم، چ٢. تاران: چاپخانەی پەنجەرە.

ڕیچ، کلدیۆس جیمس. (٢٠٢٢). گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان. هەولێر: ئاراس.

سۆن، مێجەر ئی. بی. (٢٠٠٧). چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو. وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.

قەرەداغی، محەمەد عەلی. (١٩٩٨). بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەغدا: چاپخانەی ومیض.

محەمەد، ئاکۆ برهان. (٢٠١٨). میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی. سلێمانی: چوارچرا.

هاملتن. أ.م. (٢٠١٣). ڕێگایەك بە کوردستاندا. وەرگێرانی: عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری. هەولێر: خانەی موکریانی.

هەروتی، سەعدی عوسمان. (٢٠١٨). خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

بایرەقدار، محەممەد. (٢٠٠٩). ئیدریسی بەدلیسی. وەرگێڕانی: شکور مستەفا. هەولێر: چاراس.

تەیب، جەمال فەتحوڵا. (٢٠٠٨). کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ "لێکۆڵینەویەکی مێژوویی سیاسییە". چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

**عەرەبی:**

ابن شداد، بهاءالدين. (١٩٣٤). النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة سلاح الدين). قاهرة.

الأربيلي، ابن خلكان. (١٩٦١). وفيات الأعيان. مجلد ٥.

الأصفهاني، عماد الدين. (١٩٧٩). البرق الشامي، أسطنبول، جلد٤.

البرزنجي، تريفة أحمد. (٢٠١٠). إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الإسلامية خلال القرنين السابع والثامن الهجريين. بيروت: دار الكتب العليمية.

بيات، فاضل. (٢٠٠٧). الدولة العثمانية في المجال العربية. بيروت: مركز دراسة وحدة العربية.
الدملوجي، صديق. (١٩٩٩). امارة بهدينان الكردية أو اماره العمادية. ط٢، أربيل: ئاراس
ديللافاليه، بترو. (٢٠٠٦). رحله ديللافاليه إلى العراق. بيروت: لدار العربية للموسوعات.
زركلي، خيرالدين. (٢٠٠٢). الأعلام. مجلد الثالث، بيروت: دار العلم للملاين.
زكي بك، محمد أمين. (١٩٤٥). مشاهير الكرد وكردستان في العهد الإسلامي. بغداد: مطبعة التفيض الأهلية.
الصويركي، محمد علي. (٢٠٠٠). معجم العلماء الكرد. سليمانية: ژين.
علي، محمد كرد. (٢٠٠٥). خطط الشام. بيروت: مؤسسة العلمي.
عوني، درية. زايد، محمود محمد. عوض، مصطفى محمد. (٢٠١١). الأكراد في مصر عبر العصور. طبعة الأولى.
فتاح، فوزية يونس، عبوش، فرهاد حاجي. (٢٠١٩). المرأة الكردية ودورها في خدمة الحديث النوبي الشريف من قرن (٦-٩هـ / ١٢-١٥م). زاخو: مركز زاخو للدراسات الكردية.
لرخ ، ب. (٢٠٠٨). دراسات حول الكورد الايرانيين وأسلافهم الكلدانيين الشماليين، ترجمة عبدي حاجي، ط٣. السليمانية: منشورات بنكەی ژين.
نەبەز، جەمال. (٢٠٠٣). الأمير الكردي مير محمد رواندزي، ترجمة: فخري شمس الدين. أربيل: اراس.
يوسف، عبدالرقيب. (٢٠٠١). الدولة الدوستكية. أربيل: اراس.
يوسف، محمد خير رمضان. (١٩٩٢). المرأة الكردية في التاريخ الإسلامي تراجم لأميرات الكردية... ومحدثات عالمات. بيروت: دار القادري.

**ئینگلیزی:**

Al-Zaʿbi, Fa'iza Mahmood Ahmed. (2003). Marriage Rituals in Egypt and Belad El-Sham. MA Thesis, Yarmuk University.
Bryce, James. (1876). Transcaucasia and Ararat. London: Macmillan and Co.
Joseph, Suad. Nağmābādī, Afsāna. (2005). Encyclopedia of Women and Islamic Cultures: Family, Law and Politics.
Milingen, Major Frederick. (1870). Wild Life Among the Koords. London: *Publisher Hurst and Blackett*.

**گۆڤار و جۆرنال کوردی:**

ئەحمەد، سامان حسێن. (٢٠٢١).' کیان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم'. *گۆڤاری تەوار*، ژمارە ٧٥.
عومەر، موحسین ئەحمەد. (٢٠١٤). 'کورد و نەستۆری لە سەفەرنامە ویاداشتەکانی ئۆژێن بۆرێ دا'. *گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*، ژمارە ٢٩.

**ئینگلیزی:**

Ahmed, Bzhar Othman, Nori, AbdulWahed Jalal. (2020). ‘*The Life and Political Role of Kurdish Women in the Ottoman Empire*’. *IIUM JOURNAL OF RELIGION AND CIVILISATIONAL STUDIES*. Volume 3, Issue 2.

Bengio, Ofra. (2016). ‘Game Changers: Kurdish Women in Peace and War’. The Middle East Journal. Volume 70, Number 1.

**ماستەنامە و تێزی دکتۆرا:**

مصطفى، نازدار جليل. (٢٠١٣). كتابة التاريخ ادى الكورد في الدولة العثمانية في قرنين ١٨-١٩، أطروحة دكتوراه، أربيل: جامعة صلاح الدين.

هۆمەر، بەختیار مستەفا. (٢٠١٦). "بارودۆخی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا". (تێزی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین).

Al-Zaʿbi, Fa’iza Mahmood Ahmed. (2003). “Marriage Rituals in Egypt and Belad El-Sham”. MA Thesis, Yarmuk University.

Anjum, Drakhshan . (2002). “State and Civilization under the Syro-Egyptian Ayyubids (1171-1250)”. PhD Thesis, Aligarh Muslim University Aligarh (India).

**ئینساکلۆپیدیای ئیسلامی:**

ÖZCAN, ABDÜLKADİR. (2000). İDRÎS-i BİTLİSÎ. Volume 21.

**پاشکۆ:**

**پاشکۆی ژمارە یەك: پێدانی بڕی ١٢٠ قروش وەکو مووچەی مانگانە بۆ خانزادی سۆران.**



**پاشكۆی ژماره دوو: پێدانی برێك له پاره له بودجه‌ی سوپای هومایۆنی عوسمانییه‌وه بۆ دابینكردنی خۆراك و پێداویستی كۆشكی خانزاده خاتوون**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی




TSMA.E.1062

**پەراویز:**

---

١ مەلا مەحموودی بایەزیدی: لەساڵی ١٧٩٧ز لە شاری بایەزید لە دایکبووە، هەندێکیتر پێیان وایە لەساڵی ١٧٩٩ز لەدایکبووە، خاوەنی کتێبی "داب و نەریتی کورد"ە، کە لەساڵەکانی ١٨٥٨-١٨٥٩ز نووسیویەتی، دەستنووسی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی ستالیکۆڤ – شدرین، لەشاری پێترسبۆرگ پارێزراوە. کتێبێکیتری بەناوی "چیرۆکی لەیل و مەجنون" لەساڵی ١٨٥٨ز لە ئەرزەرۆم نووسیوە، کە ئەوکاتە لەنێو ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبیدا باوبوو. هەروەها کتێبەکیتری سەبارەت بەزمانی کوردی هەیە بەناونیشانی "رسالة تحفة النحلان في الزمان کوردان"، کە ئەمەشی لەساڵی ١٨٦٦-١٨٦٧ز لە شاری ئەرزەرۆم نووسیوە. سەبارەت بە ساڵی کۆچی دوایی بایەزیدی بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە لەساڵی ١٨٦٠ز کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بەگوێرەی دەستنووسی کتێبەکەی بێت، ناوبراو لە ساڵی ١٨٦٧ز کۆچی دوایی کردووە. بایەزیدی بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانست سەردانی شاری تەبرێزی کردووە، هەربۆیە بایزیدی خاوەنی زانستێکی زۆربوو لە زمان و ئەدەبیاتی زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی. هەروەها زانستە ئیسلامییەکان و بابەتی مێژووی خوێ"دووە، ناوبراو یەکێك بووە لەزانا گەورەکانی سەردەمی خۆی، لەساڵی ١٨٥٦ز دەچێتە شاری ئەرزەرۆم، کە ئەوکاتەئەم شارە بۆ دەوڵەتی عوسمانی وە لە کوردستاندا گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە (الصويركي، ٢٠٠٦، ٦٨٦-٦٩٠).

٢ کلۆدیۆس جیمیس ریچ : لە ڕێکەوتی ٢٨-٣-١٧٨٧ لە فەرەنسا لە دایکبووە، زمانەکانی فارسی و تورکی عوسمانی و عەرەبی و ئستالی و فەرەنسی زانیوە، دواتر لەگەڵ کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بەریتانی کاریکردوە. هەر بەو هۆیەشەوە لە ساڵی١٨٢٠ هاتۆتە ناوخاکی دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت باشوری کوردستانیش گەڕاوە. کلۆدیۆس (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٣-٢٥).

٣ جیمس برەیس: لەساڵی ١٨٣٨ز لەدایکبووە و لەساڵی ١٩٢٢ز کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە (Bryce, 1910, 699).

٤ دەوڵەتی دۆستەکی یاخود دەوڵەتی مەڕوانی (٩٨٣-١٠٩٣) لەلایەن میر بەد کوڕی حوسێن کوڕی دۆستەک (٩٨٣-٩٩٠)، پاش شەڕە درێژخایەنەکان، شانشینی دامەزرێنرا. پایتەختی ئەم دەوڵەتە شاری میافارقین بووە دەکەوێتە باکوری کوردستان لە تورکیا، خودی بنەماڵەی مەروانیش لە نەوەی مەروان کوڕی کاکەوەی هاتوون کە دوای کوشتنی میر بەد حوکمڕانییان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر (محەممەد، ٢٠١٨، ١٠٥-١١٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

[5] دەوڵەتی ڕەوادی لەماوەی ساڵانی (٩٥٤-١٠٧١ز) حوکمڕانیکرد، ئەم دەوڵەتە لەسەردەمی عەباسییەکان یەکێك بوو لە هێزترین حوکمڕانییە کوردییەکان کە لە شارەکانی تەبریز و ئازەربێخان و ئەردەبیل و وۆرمێ و مەراغە و میانا حوکمی دەکرد. خودی ناوی ئەم دەوڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی "رەوادی" کە ئیبن خەلەکان ئەربیلی لە باسی رەوادییەکاندا بە کورد دەیانناسێنێت، ئەم دەوڵەتە دامەزرێنەرەکەی ناوی محەممەدی کوڕی حوسێن ڕەوادی بوو (محەممەد، ٢٠١٨، ١١٨).

[6] لورستان بە ناوی عەشیرەتی لوری کورد ("ستان" بە واتای "خاکێک") ناونراوە. لە سەرەتای سەدەی ١٦ز دا دوو لقی هۆزی لور هەبوون، ئەوانش: لورستانی گەورە لە ژێردەستی سەفەوییەکان، و لوری بچووک لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا (بیات، ٢٠٠٧، ٣٥٨).

[7] میرنشینی سۆران: یەکێکە لەمیرنشیە بەهێزەکانی باشوری کوردستان، ئەولیا چەلەبی باس لە بەهێزی ئەم میرنشیە لەسەردەمی خۆیدا دەکات کە هاوکاتە لەگەل ماوەی حوکمڕانی خانزادی میری سۆران، ئەو پێی وایە ئەم میرنشیە زۆر بەهێزە و خاوەنی پەنجا تا شەست هەزار سەربازی ئازا و لێهاتووە، لە هەموو دەرفەتێکدا لەتوانایان دا هەیە هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوکاتیش جوگرافیای ئەم میرنشینە گەورە بووە و تاکو هەولێریشی گرتۆتەوە و بە بەشێك لە میرنشینی سۆران هەژمار کراوە (Çelebi, 2000, 685).

[8] خانزاد خاتوون کچی عومەر بەگی میری سۆرانە، لەدوای کوژرانی باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە و نزیکەی ٢٢ ساڵ حوکمڕانی کردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٧)، بەڵام بەڵگەنامەکانی عوسمانی و دەستنووسی ئەولیا چەلەبی پێمان دەڵێت کە ناوبراو تاکو ساڵانی ١٦٤٨ز حوکمی کردووە و ئینجا کوڕەکەی هاتۆتە شوێنی (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1; Çelebi, 2000, 373).

[9] بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (یەك).

[10] بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بروانە پاشکۆی ژمارە (دوو).

[11] قەرەفاتم "فاتمە ڕەش" لەدایکبووی ساڵی ١٨٥٤ز، ناوبراو خەڵکی بروجە، لەشەڕی نێوان عوسمانی و رووسەکاندا بەشدارییەکی کاری کردووە وتەوانیویەتی ببێتە فەرماندەی هێزێکی ٥٠٠ سەربازی کوردی (الصویرکي، ٢٠٠٠، ٥٣٢).

[12] عادیلەکە خانم، ژنە سەرکردەیەکی کوردە کە بووەتە یەکەم قایمقامی ئافرەت لە مێژووی حوکمڕانی باشوری کوردستاندا، ناوبراو لەساڵی ١٨٥٩ لەدایکبووە و لەنەوەی بابانەکانە، بۆ خوێندن چووەتە شاری سنە، لەساڵی ١٨٩٥ز لەگەڵ عوسمان پاشای کوڕی محەممەدی پاشای جاف "حەمەپاشای جاف" هاوسەرگیری کردووە، ماوەیەك قایمقامی هەڵەبجە بووە، لەسەردەمی حوکمڕانییەکیدا چەندین ئاوەدانکاری بۆ شاری هەڵەبجە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کردووه و  بازاڕ و باخچەی بۆ شارەکە درووستکردووه، لەگەڵ درووستکردنی دادگایەك بۆ هەلەبجە، لەساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووه (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٤٤؛ الصويركي، ٢٠٠٠، ٣٧٦).

١٣ دەوڵەتی ئەیوبی: ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوه بۆ ساڵی ١١٧١ز لەلایەن سەلاحەددینی ئەیوبییەوه دامەزرێنرا. ناوی ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوه بۆ نەجمەدین ئەیوبی باوکی سەلاحەددین، کە باوك و باپیرانی (شادی) لە ناوچەی دوینی نزیك شاری کەرخ لە ڕۆژهەڵاتیئازەربێجان دەژیان. شادی باپیرەی سەلاحەدین خزمەتێکی زۆری دەوڵەتی شەدادی کردووه، کە ئەم دەوڵەتەش بە ڕەچەڵەك کوردن. دواتر کۆچ دەکەن بەرەو عێراق دێن و لە تکریت دەبێتە کاربەدەست، هەروەها ئەسەدین شێرکۆی مامی سەلاحەدین دەبێتە هاوکاری براگەورەکەی نەجمەدین لە حوکمڕانی شاری تکریت دا. ئەم بنەماڵەیە لە تکریت زۆر ناوداربوون، هێندەی پێنەچوو عیمادەدین زەنگی مووسڵ لەگەڵ خەلیفەی عەباسی "ئەلموستەرشیدبیلا" کێشەیان درووست دەبێت، سەرئەنجام نەجمەدین ئەیوب هاوکاری عیمادەدین زەنگی دەکات لە ڕاکردنی بۆ مووسڵ، هەروەها ڕووداوێکیتریش لەوکاتەدا ڕوویدا کە بریتی بوو لە کوژرانی خمزێکی بەهرۆزی فەرماندەی سەربازی سوڵتان غیاسەدینی سەلجوقی بووله بەغداد، ئەم خزمەی بەهرۆز ویستی لەشاری تکریت دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتێکی بێدەسەلات، هەربۆیە ئەسەدین شێرکۆ کوشتی. لێرەوه ڕووداوەکە لەدادگای بەغدا زیاتر گەوره کرا و بڕیاری دەستگیرکردن بۆ هەردوو برا ئەیوب و شێرکۆ دەرچوو، بەڵام بەرلەوەی دەستگیر بکرێن شاری تکریتیان لە ساڵی ١١٣٨ز بەرەو مووسڵ بەجێهێشت. خودی سەلاحەددینیش لەهەمان شەو لەدایك دەبێت (أنجم، ٢٠٠٢، ٣٠-٣٦؛ محەممەد، ٢٠١٨، ٤٥-٤٧؛ الأربيلي، ١٩٦١، ٢٨؛ بهاءالدين، ١٩٣٤، ٤-٥).

١٤ سەفیە خاتون یاخود "ضەیفە خاتون" کچی مەلیك عادل و بوکی سەلاحەددین ئەیوبییە، لەساڵی ١١٨٥ز لە شاری حەلەب لەدایکبووه، ناوبراو بە زانستخوازی و بابەتیئ اینی و حوکمڕانێکی بەهێز بەناوبانگ بوو، لەدوای ئەوەی مێردەکەی "مەلیل زاهیر غازی" لەساڵی ١٢١٦ز کۆچی دوایی کرد، ئەوا توانی حوکمڕانی حەلەب بکات بۆ ماوەی شەش ساڵ تاکو کوڕەکەی مەلیك عەزیز پێڕاگەیشت (البرزنجي ، ٢٠١٠، ٣١٥ ؛ زركلي، ٢٠٠٢، ٢١٦).

١٥ مەلیك عادل: برای سەلاحەدینی ئەیوبییە، ناوی سەیفەدین ئەبوبەکری کوڕی ئەیوبە، لەساڵی ٥٤٠ك/١١٤٥ز لە دیمەشق لەدایکبووه، لەگەڵ سەلاحەددین چووە بۆ میسر و دواتریش لەمیسر وەکو حوکمڕانێك ماوەتەوه، بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتەکانی سەڵاحەددین بۆ بەرەنگابوونەوەی هەڵمەتی خاچییەکان بەردەوام لەمیسرەوه هاوکاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەماهەنگی لەگەڵ سەلاحەددیندا کردووە. لەدوای کۆچی دوایی سەلاحەدینی ئەیوبیشدا چەندین جار بەرەنگاری هەڵمەتی خاچپیەکانی کردووە. ناوبراو لە ساڵی ٦١٥ك/ ١٢١٨ز کۆچی دوایی کردووە (الأصفهاني، ١٩٧٩، ٥٧، ١٢١، ١٣٧-١٣٨؛ Al-Zaʿbi, 2003, 41).

١٦ ست شام یاخود عصمةالدین، ناوی راستەقینەی زمرود خاتون کچی ئەیوب، خوشکی سەلاحەدینی ئەیوبییە، لە ساڵی ٦١٦ك/ ١٢١٩ز کۆچی دوایی کردووە، هەمیشە هانی خوێندن و زانستی داوە، دایکی زانای ناودار حسامەدین عومەر کوڕی لاجینە، کە یەکێك بووە لەو زانایانەی لەلای سەلاحەددین ئەیوبی جێگای و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە (یوسف، ١٩٩٢، ١٥-١٨).

١٧ مەلا ئیدریسی بەدلیسی: ناوی تەواوی مەولانا حیکمەدین کوڕی شێخ حوسامەدین بەدلیسییە، ناوبراو بە مەلا ئیدریسی بەدلیسی ناسراوە، بەدلیسی زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە و بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامیەیکان چەندین شار و شوێن گەڕاوە، لەدواتر لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی هزری شیعی و فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی سەفەوید، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕاکێشانی میرە کوردەکان بۆ لای دەوڵەتی عوسمانی (Bayrakdar, 2009, 11-15).

١٨ ئەگەرچی پێناسە و وەسفی زۆر بۆ شاری کۆیە کراون، بەڵام ئێمە دەڕوانینە سەرچاوە عوسمانییەکان کە باسی شاری کۆیە دەکەن، بەتایبەتی لە ساڵنامەکی عوسمانیدا کە بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی حەمە ئاغای کۆیە و بەمشێوەیە باسی شاری کۆیە دەکات "کۆیە لەباکوری لیوای شارەزورە، قەزای کۆیە ١٨ کاتژمێر لە کەرکوکەوە دورە، لەم قەزایەدا دوو ناحیە هەیە بەناوەکانی (شەقڵاوە " بالیسان"). خەڵکی قەزای کۆیە بەشتی کوردن، تەنها هەندێك مەسیحی هەیە کە لە گوندی هەرمۆتە (لەساڵنامەکەدا بە أرموطة ناوی هاتوە) دەژین و نیو کاتژمێر لەشاری کۆیە دوورە. لەم گوندەدا ١٠ ماڵی کلدانی هەن، لەشاری کۆیەدا بازرگانی توتن بە شێوەیەکی زر فراوانە، ئەم شارە لە دامێنی چیای ئەیوب سوڵتان (هەیبەت سوڵتان)ە، وە سەرچاوەی ئاوی ئەم شارە لە شاخ و دەشتی کۆیەوە هەیە. لەم شارەدا (١) دانە حکومەت قۆناغی (کاروانسەرا)، وە یەك دانە قشڵەی هومایۆنی وە (١) دانە ردیف دبوبی، وە یەك دانە جامع (مزگەوت) وە (١٠) دانە نوێژگە (مصلی) هەیە. هەروەها شەش قوتابخانەی منداڵان و سێ مەدرەسە و سێ تەکیە و ١٤٢٠ ماڵ هەیە و ٤٢٠٠ کەس لە کۆیە دەژین. هەروەها ٣٤٠ دوکان و (٥) قاوەخانە و (٨) سوختە و (٣) حەمام و (١) فرن و یەك بنکەی ئاسایش هەیە. هەروەها لەڕێی زێی بچوکەوە بەهۆی ئەسکەلەی تەق تەق (شوێنی ڕاوەستانی بەلەم) ئەوا گرنگترین و پڕ ئیشترین ڕێگای بازرگانی هەیە. شاری کۆیە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێگەیەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی شارەکە، کە لەبازرگانیدا پێگەیەکی باشی هەبوو، هەروەها لەڕووی باشی و زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، تەنانەت بازرگانی توتن و میوە لە نێوان شاری کۆیە و بەغدا و تەنانەت بۆ شارەکانیتری وەکو هەولێر و کەرکوك و سنە و سابلاغ ئەنجام دەدرا (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ، ١٣٢٥، ٢٢٢؛ تەیب، ٢٠٠٨، ٥٣-٥٤).

## ڕۆڵی زانستی و سەربازی ئافرەتانی کورد لە سەدەکانی ١٧ تا ١٩ زاینیدا "توێژینەوەیەکی مێژووییە"


**الملخص:**

على مر التاريخ كانت للمرأة جهود ومكانة متباينة، ونجد ان اهميتهن وآثارهن وإهتماماتهن الاجتماعية والسياسية والعلمية وحتى العسكرية فيها الكثير من المتغيرات من فترة إلى أخرى. وكانت للمرأة في المجتمع الكردي مكانة بارزة في مختلف المجالات ولاسيما في عهد الامارات الكردية خلال العهد العثماني ١٥١٤-١٨٥١، بل وحتى ما بعد سقوط الامارات. كانت للمرأة الكردية سواء في داخل كردستان أو خارجها جهود عديدة ومواقف مشهودة وخاصة في النواحي السياسية والعسكرية والعلمية، إذ نجد ظهور العديد من النساء القياديات والمشهورات ذوات الأثر البارز على المجتمع الكردي، بل نجد في صفحات التاريخ بأن المجتمع الكردي أعطى المجال لبروز المرأة الأجنبية أيضاً. وكمثال على ذلك نجد (كيغان) التي ظهرت في الامارة البابانية كشخصية مؤثرة وبارزة، وقد أشاد الكثير من الرحالة بالدور البارز والمكانة المرموقة للمرأة في المجتمع الكردي وكيف كن يساندن ويؤازرن الرجال في شتى نواحي الحياة المختلفة.

ففي المجال العلمي برز العديد منهن مثل ماه شرفخانم (مستورة الأردلاني) حيث كانت لها اهتمامات في مجالات التاريخ والأدب الكردي، وفي المجال العسكري برز العديد منهن مثل (خانزاد خاتون) في الامارة السورانية وكذلك نجد ظهور (قره فاتم) داخل السلك العسكري للدولة العثمانية، ولاسيما خلال الحروب العثمانية – الروسية.

إن لدى بعض الباحثين الأجانب رأي مفاده أن مكانة المرأة الكردية لم تكن فعالة ولم تكن بالمستوى المطلوب لأنهن لم يتمكن من الخروج من بيوتهن ولم يتم اعطاءهن المجال لإبراز مكانتهن ودورهن، وعلى حسب قول هؤلاء الباحثين فإن غيرة

الرجال على زوجاتهم كانت أحد الأسباب الرئيسية لمنعهن من الخروج وممارسة النشاطات الخارجية المختلفة.

بشكل عام حاولنا في سياق هذا البحث إبراز الدور العلمي والعسكري للمرأة الكردية داخل الامارات والمجتمع الكردي من القرن ١٧ الى ١٩ الميلادي وذلك من خلال البحث الأكاديمي لإبراز العديد من النساء العالمات والقياديات الكرديات.

**مفتاح الكلمة**: *المرأة، الكرد، كردستان، القائد، الامارة.*

**Abstract:**

Throughout history, the role and position of women in societies has been changed. Their social, political, scientific and military influence has changed in different communities. During the of Ottoman Empire (1514-1851) and after the fall of the Kurdish emirates, Kurdish women inside and outside Kurdistan have played a major and important role, especially in the military and scientific aspects. These women were mostly in the political, military and scientific fields. Kurdish society has even provided opportunities for foreign women to appear, such as Kayghan, who gained influence in the Baban emirate. Some of the sources testify to the greatness and influence of women's position in Kurdish society, how Kurdish women stand alongside their men in several aspects of their lives. In the scientific aspect, several Kurdish women such as Mah Sharaf Khanum (Mastura Ardalani) appeared at that time, who was known the first woman historian and very known poet, in addition, these opportunities have also been created for non-Muslim Kurdish women. Kurdish women have emerged as military leaders, such as Khanzad Khatun “the Princess of Soran emirate” and Qarafatm “Black Fatm” with the Ottoman army in the Caucasian war against the Russians. However, some foreign researchers believe that the position of Kurdish women has been weak and they have not been given the opportunity to do their activity. They even believe that Kurdish men are dirty-hearted towards women and did not allow them to go out and do their work.

In general, this study is a scientific attempt to show the political and military role of Kurdish women in the Kurdish emirates and societies from the 17th to 19th centuries. While, many Kurdish women scholars and military leaders appeared inside and outside Kurdistan by that time.

**Keywords**: *Women, Kurds, Kurdistan, Leader, Empire.*

# میرنشینی بابان و داگیرکاریی عوسمانی لە قەسیدەیەکی سالم دا

پ. د. هیمداد حوسێن بەکر و پ.د.سەردار ئەحمەد حەسەن
زانکۆی سەلاحەدین-- کۆلێژی پەروەردە- زمانی کوردی/هەرێمی کوردستانی عیراق

**پوختە:**

لە مێژووی نەتەوەییماندا و لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا زۆر داستان و سەرگوزەشتەی مەزن لە پێناو مانەوەو دیاریکردنی شوناسدا روویانداوە، کە بەوپەڕی ئازایەتییەوە رووبەرووی هێزی دوژمن و داگیرکەر بوونەتەوەو بە هۆی نەبوونی چاپەمەنی و کتێب، ئەدەبیات و بە تایبەتی شیعری شاعیرانی ئەو رۆژگارە بوونەتە تۆمارێك بۆ گێرانەوەی ئەو قارەمانیەتی و نەبەردییانە. سەردەمی میرنشینی بابان سەردەمێکی پڕ لە ئاژاوەو پشێوی ناوخۆیی و هەرێمی بوو.لە ماوەی سەدەو نیوێکدا بە بەردەوامی سیاسەتی داگیرکارانەی رۆم و عەجەم لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و ململانێی ناوخۆیی خێزانیی میر و پاشاکان بوونە هۆکار بۆ رووخان و لەناوچوونی ئەو میرنشینە.لەو دەمەدا نالی و سالم و کوردی، وەکو سێکوچکەی شاعیرانی بابان شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستیان بەکارهێناوە. (سالم) یەکێکە لە شاعیرانی ئەو سەردەمە هاوکات لەگەڵ رووداوەکانی ئەو سەردەمە ژیاوەو لە نزیکەوە خزمایەتی و ئاگاداری رووداوەکان بووە و هەڵویێستی هەبووەو ئاوارەو دەربەدەر بووە.ئەو قەسیدەیەی لەم تۆژینەوەیەدا کارمان لەسەر کردووە،دوا شەڕی نێوانی عوسمانی و بابانەکان بووە بە سەرکردایەتی عەزیز بەگی بابان.

شاعیر باسی ئازایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی کردووە.تۆژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ دەرکەوتن و رووخانی میرنشینەکەو باری ئەدەبی ئەو سەردەمەو شێوازی شیعری سالم کراوە. لە بەشی دووەمدا پەیوەندی شیعر و مێژوو و شرۆڤەی قەسیدەکە لە رووی هونەرییەوە کراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *میرنشینی بابان، داگیرکاری، عوسمانی، قەسیدە، سالم.*

**پێشەکی:**

لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتانی رۆژهەلآتیدا و بە تایبەتی فارسەکان ئەو مێژووە لەسەر بنەمای میرنشینە فەرمانڕەواکانی دەسەلآتی سیاسی ئێراندا دەنووسنەوە و ئاماژە بە خاڵە جەوهەرییەکانی گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەڕۆکی بزاڤی شیعر و ئەدەبیاتی خۆیاندا دەکەن،کە بوونەتە خاڵی وەرچارخانی تازە.دەکرێ ئەو ئەزموونە لە ئەدەبی کوردییشدا لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەندێ باردا سوودی لێوەربگیرێ، چونکە دیارە کۆی گشتی ئەو میرنشیانانە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەییمان پێکدێنن.

لە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەماندا بنەماکانی میتۆدی مێژوویی لەبەرچاوگیراون.بە تایبەتی رووداوە مێژووییەکان بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ بڕیار ودیدو بۆچوونە ئەدەبییەکان.

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان بەگشتی ساڵانی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لەخۆدەگرێت و بە تایبەتییش رۆژانی داگیرکاری عوسمانی بۆ شاری سلێمانی لە چوارچێوەی قەسیدەکەی (سالم)ی شاعیردا،کە ئاوێنەنمایەکی ئەو رۆژانەن.

بنیادی لێکۆڵینەوەکە لە دوو پاژی سەرەکی و هەریەکەشییان چەند سەرەتەوەرێکی لە خۆگرتووە. لە پاژی یەکەمدا هەندێ زانیاری لەبارەی مێژووی ئەو میرنشینە و دۆخی رۆشنبیریی و ئەدەبیی ئەو سەردەمەو کەسایەتییە سەرەکییەکانی شیعریی ئەو سەردەمە،کە بە سێکوچکەی بابان(نالی و سالم و کوردی)ناسراون خراوەتەروو. لە تەوەرەیەکی دیکەدا شێوازی شیعریی سالم هەڵوەستەی لەسەر کراوە. لە پاژی دووەمدا پەیوەندی شیعر و مێژوو و هەندێ لە رەگەزەکانی هونەرییەکانی چیرۆك لەو قەسیدەیە پیادەکراوەو شرۆڤەی بۆ کراوە.

**پاژی یەکەم:**

**١-١: دەرکەوتن و رووخانی میرنشینی بابان(١٦٤٩-١٨٥٠ز)**

لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بارودۆخی ناوچە کوردەوارییەکە ئاڵۆز ببوو و سەرەتای دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکان بوو. شەڕ و ململانێی رۆمی عوسمانی و سەفەوی رۆژ بەرۆژ فروانتر دەبۆوە، تاوەکو لە شەڕی چاڵدێران(١٥١٤ز)گەیشتە لوتکەو بە هۆیەوە ناوچەکەیان لە نێوانی خۆیاندا دابەشکرد و کوردستانیش لەت لەت بوو و بەشی زۆرینەی بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت. دوای ئەوەیش رێکەوتننامەی قەسری شیرین(زەهاو) لە ١٦٣٩ کۆتایی بە خەونی کورد هێنا و لەم ناوەشدا یەکێ لەو میرنشینانە میرنشینی بابان زیانی زۆری بەرکەوت و وەك بەرداشی نێوان رۆم و عەجەم زەرەرمەند بوو. سەرەتای دامەزراندنی ئەم میرنشینە زۆر روون نییە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی بە دەرکەوتنی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کە نازناوی (بەبە)ی بەخۆیەوە هەڵگرتبوو دوای خۆیشی بە نەوەکانی دوای خۆی مایەوە. بەهۆی ناکۆکی ئەو لەگەڵ میرنشینی سۆران و ئەردەڵانەکان توانی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ. لە نێو میرەکاندا سلێمان پاشای بەبە لە چارەکی کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بابانی گرتۆتەدەست، بە یەکێک لە میرە بەهێزەکانی بابانەکان دادەنرێت،کە توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی شارەزووردا بسەپێنێت، هەربۆیە لونگریک لە بارەی ئەم میرەوە گوتویەتی:((ئەم میرە بە دامەزرێنەری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕاستەقینەی میرنشینەکە دادەنرێت، ئەم خاوەن کەسایەتییەکی دیارو ناسراو بوو لە شارەزووردا))(قەفتان، ١٩٦٩،ل٣٠-٣١).

ئیبراهیم پاشا(١٧٨٢-١٨٠٣ز) بە دامەزرێنەری شاری سلێمانی دادەنرێ. لەپاڵ شەڕ و بنیاتنانی لەشکردا حەزی لە ئاوەدانی و دروستکردنی تەلار و مزگەوت بوو.

لە دوای ئیبراهیم پاشا ئەورەحمان پاشا بە فەرمانی والی بەغدا(سلێمان پاشا ١٧٧٨-١٨٠٢ز) ئەوڕەحمان پاشا بووە بە پاشای ئەو ناوچەیە،کە ئامۆزای ئیبراهیم پاشا بووەو بە رەمزی ئازایەتی و بۆ ماوی دووساڵ لە بەرامبەر سوپای عوسمانیدا شەڕی کردو تەنانەت ئازایەتییەکەی کەوتۆتە ناو فۆلکلۆر و ئەدەبی سەرزاری و (عەلی بەردەشانی١٧٦٨-١٨٠٩ز) وەکو شاعیرێکی میللی ناوچەی مەرگەو پشدەرێ بەیتی ئەوڕەحمان بەبەی لەسەر هۆنیوەتەوە و باسی غیرەت و ئازایەتی پاشا و سوارەکانی بەبە دەکات:

هەرجارێ شیری دەکێشا،

هەمووی دەهاتنە تەماشا.

عالەم ئالأیە چاوەشە،

مەردە عەبدورڕەحمان پاشا. (ئۆسکار مان، ٢٠١٣، ل٤٣٢).

ئەورەحمان پاشا(١٧٨٩-١٨١٣ز) پلانی وردی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەبووە، ریچ دەڵێ:(ئەورەحمان پاشای حاکمی پێشووی سلێمانی کاتێ،کە دەیویست سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بهێنێ، هەموو ئەم دەربەندانەی قایم کردبوو،بەلأم کە (سلێمانە بچکۆلەی پاشای بەغداد)،بەسەریا سەرکەوت هەموو قایمکارییەکانی تێکشکاند.)(ریچ،٢٠٠٢،ل٧٢).

سەبارەت بە ئەورەحمان پاشا د.سادق شەرەفکەندی دەڵێ:(یەکەمین بزووتنەوەی گرینگی کورد لە چەرخی١٩دا،بزووتنەوەی میرنشینی بابان بە ڕێبەرایەتیی عەبدولرەحمان پاشا لە ساڵی ١٨٠٦دا بوو.)(شەرەفکەندی،٢٠١٢،ل٢١). ئەم میرە بە پچڕ پچڕی ٢٤ ساڵ حوکمی کردووە.درێژترین ماوە لە حوکدا بووە.کەسایەتییەکی ئازاو چاونەترس بووەو کاریگەریی بەسەر والی بەغدا و کرماشاندا بووەو هەموو خەسڵەتێکی سەرۆك و رابەرایەتی تێدا بووە. ئەم میرە خۆی تەنیا بە میری بابان نەدەزانی بەڵکو خۆی بە میری کوردان دەزانی و سەردەمی ئەو بە گوتەی ئەدمۆنس سەردەمێکی تەواوی سەربەخۆی کوردیی بوو( زکادمومدز،٢٠١٢،ص٩٦).ئەو ناووناوبانگە لە دوای خۆیشی بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوەو بە تایبەتی کەسایەتی ئەحمەد پاشای کوڕی چووبووەوە سەر باوکی.

مەحمود پاشا(١٨١٣- ١٨٣٤ز)، کوڕی ئەوڕەحمان پاشا بەبۆچوونی بەشێك لە توێژەرانی مێژوو، زیاتر دۆستایەتی ئێرانی کردووەو (سالم)، لە رۆژانی دەسەلآت و ئاوارەییدا یاوەری کردووە.بە پێچەوانەی عەبدوللا پاشا، هەمیشە دۆستی نزیك و چاوساغی سوڵتان و

ئۆردوی تورکی عوسمانی بووە.ئەگەرچی خۆی مەحمودپاشا مەیلی بۆ پاشای بەغدا هەبووە، بەڵام واپێدەچێ بەغدا زۆر باوەڕیان پێی نەبووبێ هەروەکو باسی خەم و موعاناتی خۆی بۆ ریچ دەربڕیوە بەوەی بە هۆی ستراتیژی ناوچەکە بەدەست ئێران و عوسمانییەکانەوە گیری خواردووە. (ریچ،٢٠٠٢،ل٨٥). باوکی سالم وەکو خانەوادەی ساحیێبقڕان لەگەڵ هەندێ لە بابانەکان پێوەندییەکی باشی نەبووەو هەر بۆیە، کە سلێمان پاشا دەسەڵاتی لە مەحمودپاشای برا گەورەی زەوت کرد باوکی سالم بە ناچاری لەگەڵ مەحمود پاشا ئاوارەی ئێران بووەو پەنایان بۆ شای قاجار بردووە.(مارف،٢٠١٥، ل٩).

سلێمان پاشای بابان بەبێ کێشە میرایەتی لە مەحمود پاشای برا گەورەی زەوت کرد. لە سەردەمی ئەودا لەشکرکێشی عوسمانی و سەفەوی نەبوو، هەربۆیە زیاتر ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو و ئاوەدانی زۆرتر بووە لە دروستکردنی بینای مزگەوت و تەنانەت لە سەردەمی ئەودا سەرای سلێمانی دروستکراوە بۆ کارگێری میرنشینەکە.

دوای ئەو کوڕەکەی ئەحمەد پاشا(١٨٣٨-١٨٤٧) فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست و بە یەکێ لە میرە ئازاو زیرەك و رۆشنبیرەکانی بابانەکان دادەنرێ. (لە ١٨١٢ جارێکی دی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی راپەڕینێکی نوێی دەست پێکرد و تا نزیکی بەغدای گرت.)(زەکی، ١٩٣٩ ،ل٥١). لە سەردەمی ئەو دا پرۆژەی ئاوی سەرچنار جێبەجێکراوە.کتێبخانەیەکی لە مزگەوتی گەورە کردۆتەوە و بەپەرۆشەوە کتێبی بۆ پەیداکردووە.حەزی بە رۆشنبیریی ئەوروپی و سەردەمیانە کردووە. هەر بۆیە نالی شاعیر قەسیدەی بۆ نووسیوەو ستایشی سوپاکەی و رێکپۆشی جلوبەرگ و ئازایەتیان کردووە.کاتێکیش بانگکراوە بۆ بەغدا ناردویانە بۆ یەمەن و وەکو میری ئەوێ ماوەتەوەو دواتر چووەتە پاریس و هەرلەوێش مردووە.

نالی لە قەسیدەیەکدا هەم باسی لاواندنەوەو غەمباری خۆی بۆ دادپەروەی سلێمان پاشاو مردنەکەی و هەم هاتنە سەرحوکمی ئەحمەد پاشا دەردەبڕێ:

تا سولەیمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت،
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو، (مودەڕیس،١٩٨٥،ل٣٦٩)

راستییەك هەیە چاوپۆشیی لێناکرێ ئەویش ئەوەیە، میرەکان ئەوەندە لە حوکمیش نەماونەتەوە فریای ئەوە بکەون داڵدەی شاعیران بدەن و خزمەتی رەوتی رۆشنبیری و مێژووی ناوچەو رەگ و ریشەی بنەماڵەکانیان بپارێزن. هەر بۆیە ئەمە ئەوەی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر شاعیرانی دیاری ئەو سەردەمە ئاوارەی تاران و ئەستەمبوڵ بوون لەبەر ئەوە نەبووە میرەکان بەربەرەکانیان کردبن و ناچارییان بکەن سنووری میرنشینەکە بەجێبهێڵن، بەڵکو خودی شاعیرەکان خۆیان نەیانتوانیوە لە ژێر جەور و ستەمی بێگانەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژیان بەسەر ببەن و چاویان بەرایی نەداوە ببینن ئەو کوشتن و جەردەو تالآنی و بێڕێزییە ببینن یان لە ئەنجامی شەڕ و ناکۆکی بەینی میرەکاندا بووە. ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە، هێشتا هۆشیاری نەتەوەیی لای میرەکان گەلآڵە نەبوو بوو، زیاتر بەناوی خزمەتی ئایین و پاراستنی بەرژەوەندیی کەسی و بنەماڵەییەوە بوو. هۆشیاری شاعیرەکان خۆیان وەکو هەوڵی تاکەکەسی و گرنگی زمان وەکو بنەمایەکی بەهێز و ناسنانەی نەتەوەیی جێگەی بایەخ بووە.

## ٢-١: قوتابخانەی شیعریی بابان

لە سەردەمی میرایەتی ئەو میرنشینەدا بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەردەست نییە پشتگیریی میرەکان بۆ رۆشنبیریی کوردی هەبێ ، بەڵکو هەوڵەکان خۆکردی و تاکەکەسیی بوون، بەڵآم کردنەوەی مزگەوت و خانەقایش ئەگەر لە روانگەی خزمەتی ئایینیشدا بوو بێت، بەڵآم دواجار مەڵبەندی خوێندن بوون و فەقێ و مەلاکانی ئەو شوێنانەبوون فێری زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی بوون و بوون بە شاعیر و تا رادەیەکی زۆریش لاسایی رەوتی شیعری ئەوانیان کردۆتەوە. ئەحمەدی مەلا ناوی ناون (شاعیرانی حوجرە)(مەلا،٢٠٢٠، ل١٧٢)، بەو پێیەی دەرچووی رۆشنبیریی حوجرە بوون، ئەم حوجرانە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە کوردستاندا مەڵبەندی خوێندەواری بوون، دەرچووی ئەو حوجرانەیش خەریکی رۆشنگەریی نەتەوەییەوە نەبوون هێندەی خەریکی پابەندی تەریقەتەکان و مەعریفەی ئیسلامی بوون. وەك چۆن دێر و کڵێساکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تا ریێنیسانس مەڵبەندی خوێندنی مەسیحییەت بوون.

پێشەنگەکانی شیعری کوردی ئەم قوتابخانەیە،کە زۆرجار بە سێکوچکەی قوتابخانەی شیعریی بابان ناسراون (نالی،سالم،کوردی) دەرکەوتن و رێچکەیەکی تازەی شیعرییان بە شێوەزاری کرمانجی خواروو داهێنا،کە پێشتر بەو شێوەزارە نەبوو و تەنانەت وەکو پێویستییەکی زمانی شیعریی ناچاربوون بە شێوەزای گۆران(هەورامی) شیعرییان دەنووسی،کە تا ئەو دەمە ئەو شێوەزارە باوبوو. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەم شێوەزارە بۆەتە شێوەی نووسینی باو ئاسایی سەردەمەکە. نەخێر، ئەو نامانەی بەردەستن لە بەینی میرو تەنانەت شێخ و مەشایەخاندا زۆربەی کات بە زمانی فارسی بوو. ئەمەش بەڵگەیەکە،کە کۆمەڵی کوردەواری تا ئەو دەمە وەکو پێویست گرنگی و بایەخی زمانی نەتەوەیی نەزانیوەو خەڵکی عەوامیش نەخوێندەوار بوو و خوێندنی ئایینییش لە حوجرەکاندا بە زمانی عەرەبی و فارسی بوو و ئەو رۆشنبیرییە ئیسلامییەش بنچینەی رۆشنبیری و ئەزموونی شاعیرانی کلاسیك بووە.

لە نێو میرەکانی باباندا سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابان (بە درەوشاوەترین سەردەمی گەشانەوەی میرنشینی بابان لە قەڵەم دەدرێت.چونکە سەرەڕای ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی مەیدانی جەنگ بووە هەر لە سەردەمی ئەمیشدا زانا و ناودارەکانی کوردستان بۆ قەڵەمڕەوی بابان بانگهێشت کراون و خانەقا و مزگەوت و شوێنی دەرس وتنەوەیان بۆ دابین کراو وردە وردە وەرسووڕانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەرکەوت و زەمینەش بۆ خەملین و سەرهەڵدانی شێوە دیالێکتی ((سلێمانی)) رەخسا،کە دواتر ئەم شێوەزمانە، لەسەر دەستی شاعیرانی سێکوچکەی بابان نالی و سالم و کوردیدا زیاتر گەشایەوە...)(حەمەباقی،(٢٠٠٢)،ل٤٢).

راستە شیعر لەسەر بنەمای خەیاڵ و سۆز و ئەندێشەی شاعیر بنیاتنراوە،مەرج نییە رەگدانەوەی تەواوی واقیع بێت، بەڵام سۆزی راستەقینەو هەڵوێستی نەتەوەیی و داگیرکاریی عوسمانییەکان لە شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیکی ئەو سەردەمەدا دەرکەوتووە، کە دەکرێ وەك دۆکیۆمێنتێك لەبەرچاو بگیرێ. بۆیە ئەو قەسیدەیەی عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقڕان (سالم) نموونەیەکی زیندووی ئەو هەست و سۆزو هەناسەساردی ئەو پێشەنگەی شیعریی قوتابخانەی شیعریی بابانە دەرهەق بە داگیرکاری و لە هەمان کاتدا ورەی بەرز و بەرەنگاربوونەوەی سوارەکانی ئەو میرنشینەو خەڵکەکەیە بەرامبەر بە یەکێ لە میرەکانی ئەو میرنشینە.

پێشەنگ و دەسپێکی ئەو هەوڵە، واتا بەکارهێنانی ئەو شێوەزارە لە مەلا خدری شارەزوورییەوە(نالی١٨٠٠-١٨٧٧ز)(خۆشناو،٢٠١٧، ل٥٥) یەوە دەست پێدەکات. لەو دەمەدا، کە زمانی کوردی لەلای رۆناکبیرەکانی ئەو رۆژگارە وەکو پێویست جێگەی بایەخ نەبوو و ئاستی هوشیاری خەڵك لاواز بوو،تەنانەت شاعیر و میرەکانیش نامەیان بە زمانی فارسی دەنووسی و تەنیا زمانی کوردی بۆ شیعر بەکاردەهات و تا ئەو دەمە هەندێ لە شاعیرە دیارەکانی وەکو (مەولەوی١٨٠٦-١٨٨٢ز)یش نامەی بە زمانی فارسی بۆ شێخەکانی هەورامان دەنووسی. نالی ئەو رێچکەیەی شکاندو بە هێزێکی زۆرەوە وتی:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا (مودەڕیس،١٩٨٥،ل١٠٧).

ئەم بیرکرنەوەیە هەنگاوێکی تازەیە بۆ خۆناسین و گەڕان بەدوای ناسنامەدا. نالی شێوەزاری کرمانجی خوارووی کردە شێوەزاری نووسینی شیعری سەردەم و لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی سوود وەرگرتنی لە وشەی شێوەزارەکانی دیکەش وەرگرتووە،کە ئەمەیان بەلای ئێمەوە رێکەوت نییەو هەستی نەتەوەیی و گرنگی زمانە لای شاعیر لە پرۆسەی داهێناندا. دووربینی شاعیرە لە فەرهەنگسازی زمانی و بە ستانداردکردنی زمانی نەتەوەیی. ئەو زمانە شیعرییەی (نالی) پێی نووسیوە شێوەی ناو شاری سلێمانی نییە، بەڵکو زمانێکە لەگەڵ پێکهاتەی شارەکەو فرە خێڵ و فرەپیشەو فرە رەنگی شارەکەدا دەگونجێ. بەو پێیەی لەگەڵ دروستبوونی شارەکە لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان و بە تایبەتی دوای گواستنەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

میرنشینەکە لە ئەردەڵانەوە بۆ شاری سلێمانی لە ١٧٨٤ ز بەشێك لە وەستاو پیشەگەرەکان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە شارەکەو ئەمەش بێگومان کاریگەریی بەسەر ئەو شێوەزارەو دەوڵەمەندیی زمانی شیعرییەکەیشییەوە بووە.غەزەلەکانی نالی هێندە قووڵ و ناسکی و دەسڕەنگینییان پێوە دیارە تا ئێستایش لە زۆر رووەوە تۆژینەوەی لەبارەوە دەکرێت.

مستەفا بەگی ساحیبقران کوردی(١٨١٢- ١٨٥٠ز)، یەکێکە لە شاعیرە بە توانا و خۆشسەلیقەکانی ئەو دەورەیە و حەمەنوری عومەر کاکی شێوازی ئەو لە سیماکانی شێوازی (روونی و کورتبڕی و لێدوانی بەرامبەری)دا دەبینێتەوە.(عومەرکاکی،٢٠٠٨، ل١٢٥-١٣٣). حاجی قادری کۆیی وەها وەسف و سەنای (کوردی) دەکا،کە شاسواری بێ وێنەی رەوانبێژی و زمان و هونەری شیعرە:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان

یەککە تازی فەساحەتی بابان

مستەفایە تەخەللوسی (کوردی)

غەزەلی کردە بەربوتی کوردی

ناوی (ساحێبقڕان)ی خاسی ئەوە

چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە (میران و شارەزا،٢٠١١،ل٢١٧)

مستەفا بەگی کوردی، وەکو شاعیرانی کۆنی کوردی و فارسی ئەو قاڵبە شیعرییانەی سەردەمەکەی خۆی بەکارهێناوە، لە غەزەل و قەسیدە و بەیت و لە هونەرەکانی رەوانبێژییشدا تێهەڵکێش و مولەممەع و هونەرەکاتی دی بەکارهێناوەو وەکو ئەوانیش کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە. بێجگە لەوەی بە زمانی فارسییش چەندین غەزەلی نووسیوە.چونکە زانینی زمانی دیکەی غەیرە کوردی بۆ نووسینی شیعر یەکێك بووە لە شانازییەکانی شاعیرانی کۆن. شیعرەکانی (کوردی) لە رووی ناوەرۆکەوە دەربڕینە لە شڵەژانی دەروونی و پەرێشانی و عەشق و شەیدایی ئەو. ئەمەشی هەمووی لە قاڵبی شیعریی بۆ عەشقی (قادر) دەبڕیوە.

(کوردی)یش وەك شاعیرانی سەردەمی بابان دەردی دڵ و سۆزی دەروونی خۆی بۆ رووخانی میرنشینەکە و ئاوارەیی ناچارەکی خۆی دەربڕیوە:

زەمانی فیرقەتی یارانە ئەمشەو

لە چاوەی چاو کە خوێن بارانە ئەمشەو

زەمانە رۆژی کردینە شەوی تار

سەفای (ئەستانە) و (تاران)ە ئەمشەو

بە باڵای دڵ،کە کاڵای غەم بڕاوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەکو تەختی بەبە وێرانە ئەمشەو (حەمەبۆر،٢٠١٠،ل٥٢١)

عەبدولرەحمان بەگی ساحیبقران سالم(١٨٠٠- ١٨٦٦ز)،هاوکات لەگەڵ (نالی) ژیاوەو لە رووی بەکارهێنانی زمانییەوە شوێنپێی نالی هەڵگرتووە.ئەگەرچی لە رووی هونەری شیعرییەوە تاراددەیەك سەبکی(شێوازی) شیعرییان جیاوازەو (نالی) سەبکی عیراقی و (سالم) سەبکی هیندی بەکارهێناوە. هەردووکیان لە رۆژانی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای بابان( و ئەحمەد پاشای کوڕیدا ژیاون. ئەمەش لە شیعرەکانیاندا دەردەکەوێت، نالی دەڵێت:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن (مودەڕیس،١٩٨٥،ل٢٦)

دیارە لەم شیعرەدا بە شان و شەوکەتی سوپاکەی سلێمان پاشای باباندا یان ئەحمەد پاشای کوڕیدا لە بەژن و باڵای رێك و جلی سەربازی و بەرزەفتیانەوە هەڵدەدات.

**٣-١: شێوازی شیعریی سالم**

سالم شاعیرێکی وردبین بووەو لە شیعرەکانیدا شێوازی ئەوی پێدەناسرێتەوە.د.مارف خەزنەدار پێیوایە سالم بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵیداوە درێژە بەو شێوازەی شیعری نالی هاوڕێی بدات، بە تایبەتی لە وێنەی شیعریدا ئەو وردبینییە وەکو لایەنێکی رەوانبێژی درێژە پێبدات و دەڵێ:(وێنەکان لە تەرکیزەوە دەباتە فراوانی و درێژەپێیدان)( خەزنەدار،١٩٨٤،ل١٩٠).

سالم لەو شاعیرانەیە تێگەیشتن لە شیعرەکانی ئاسان نین، واتا دەشێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ و خوێنەر تووشی بیرئاڵۆزی دەکات، ئەمەش بۆ خۆی دیاردەیەکی شێوازگەرییە یان بە واتایەکی دی لادان لە ئاستە جیاوازەکانی زمان و دەستەواژەی زمانی لە شیعری (سالم)دا زۆرەو ئەو لادانە لە ئاستی وشەڕۆنان و دەنگی و رستەسازیدا دەردەکەوێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت نەوەك هەر ئەو، شاعیرانی دیکەش لەو دەمەداو بە تایبەتییش (سالم) بە دوای ئەو وشەو زاراوانەدا گەڕاوە،کە لە زمانی ئاساییدا بەکارنایەن بەڵکو لە نێو فەرهەنگە کۆنەکاندا هەن و کەم بەکاردێن و ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە.ئەم شێوازە رەقەی سالم بەشێکی زۆری لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،ئەو لە شیعرەکانیدا پێڕەوی شێوازی یان سەبکی هیندی کردووە.سروشتی ئەم شێوازەش وەك باسکراوە وردەکاری و وشەبازی و میتافۆر و پارادۆکسی زۆری تێدایە،کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات.ئەم دیاردەیە لە شیعری فارسیشدا هەر بەو جۆرەیەو (سالم)یش تا رادەیەکی زۆر بە لاسایی ئەوان لەلایەك و رەنگە ئەو بارودۆخە پڕ لە کارەسات و خەفەتی ناکۆکی و ناتەبایی میرانی بابان و داگیرکارییە لە رووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی خراپی لای شاعیر دروستکردووە.ئەو قەسیدەیەی ئێمە ئەو تۆژینەوەیەمان لەبارەوە کردووە نموونەیەکی زیندووی خەم و کەسەری (سالم)ە بۆ نەهامەتییەکانی ئەوێ رۆژێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

زمانی شیعری و هونەریی ئەو بزووتنەوە شیعرییەی بابان لەدوای خۆیشی کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی لای شاعیرانی رۆژهەلاتی کوردستان وەکو (وەفایی١٨٤٤-١٩٠٢ز )و مصباح الدیوان (ئەدەب)١٨٥٩-١٩١٢ز و حەریق(سالحی کوڕی مەلا نەسرولڵا ١٨٥٦-١٩٠٩ز)دا دیارەو تەنانەت گوڕ و تین و تاوی ئەو بزووتنەوە شیعرییە لە دوای خۆیشی لای شاعیرانی رێنیسانسی رۆشنبیریی کوردیی لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەکو حاجی قادری کۆیی(١٨١٧-١٨٩٧ز) و ئەوانی دی بەردەوام بێت. زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین، بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەکو پیرەمێرد(١٨٦٧ - ١٩٥٠) و شێخ نوری شێخ سالح(١٨٩٦- ١٩٥٨) و گۆران(١٩٠٤- ١٩٦٢) درێژەپێدەری ئەو قوتابخانە شیعرییەن.

**پاژی دووەم: شیعر و مێژوو و شرۆڤەی قەسیدەکەی سالم**

**١-٢: شیعر و مێژوو**

پێوەندییەکی بە هێز لە نێوانی شیعرو مێژوودا هەیە. هەر لە دێر زەمانەوە ئەو پێوەندییە سەرنجی فەیلەسوف و بیرمەندانی یۆنانی راکێشاوە و لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە.دەسپێکی ئەو فەیلەسووفانەی بەرهەمی بۆ تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی تەرخانکردووەو دیدی فەلسەفی خۆی بۆ دەقی ئەدەبی سەردەمەکەی خۆی تەرخانکردووە ئەویش ئەرستۆیە و لە بەشی نۆیەمی کتێبی(هونەری شیعر)دا، بە ناونیشانی (راستەقینەی شیعری و راستەقینەی مێژوویی)دا دەڵێ:

جیاوازی نێوان مێژوونووس و شاعیر ئەوە نییە،کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێ و ئەوەی تر بە شیعر لەوانەبوو بەرهەمەکەی (هێرۆدۆتس) بە شیعر بنووسرایە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا چ بە کێش بنووسرایەو چ بێ کێش، هەر مێژوو بوو. جیاوازییەکە لەوەدایە یەکێ باسی شتێ دەکا، کە رووی داوەو ئەوەی تر باسی شتێ دەکا، کە لەوانەیە روو بدا. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر لە مێژوو فەلسەفیتر و بەهادارترە.چونکە شیعر بایەخ بە راستەقینەی هاماوو گشتی دەدا،کەچی مێژوو مامەڵە لەگەڵ راستەقینەی تایبەتی دەکا)(ئەرستۆ،٢٠١١، ل٣٧).

جێگەی گومان نییە بە درێژایی مێژوو شیعر بەشداری لە نووسینەوەی مێژوو و بنیاتی کلتوری نەتەوەکاندا کردووەو تەنانەت فەیلەسەف و زاناکانییش لە بوارە جیاوازەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زمانناسی و چەندین بواری دیکەدا ئامادەیی هەیە و فەیلەسوفەکانی وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس و دیکارت و نیچە و چەندانی دی سەرقاڵی دنیای فەنتازی و ئەفسووناوی شیعر بوون و قسەیان تێداکردووە.خودی شاعیرەکان خۆشیان لە رووداوە کاریگەرەکانی سەر کۆمەڵ و بزاڤی رۆشنگەری رۆڵی کارایان هەبووەو هەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ ئەدەبی کوردییش تا ماوەیەکی زۆر شیعر هەموو رووبەری ئەدەبی کوردیی ئێمەی گرتبووەوە.بەهۆی کزی هۆشیاری و نەخوێندەواری و نەبوونی چاپ و رۆژنامەو کتێبەوە شیعر رۆڵی سەرەکی بینیوە و وەکو تۆمارێك مێژوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنگەریی لە ئەستۆ گرتووە و شاعیرەکان بوونەتە رێبەر و چاوساغی نەتەوەکەیان.

**٢-٢: شرۆڤەو شیکاریی قەسیدەکەی سالم**

سالم هاوسەردەمی هەندێك لەمیرەکانی بابان بووە (هاوچەرخی مەحمود پاشاو سلێمان پاشا ،برایان ئەحمەد پاشاو عەبدوڵا پاشا بووە ،ئینجا لەنێو کۆنگرەی ململانێکانیشدا بووە ،بەڵام لە هۆنراوەکانی شتێك لە لایەنگیری بۆ باڵێك و دژایەتی باڵێکی دیکە بەدی ناکرێت .تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزی تەواوی بۆ وڵاتەکەی و بابانەکان هەبووە)(دەشتی ،٢٠٢١ ، ١٨). ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزییەشی لەقەسیدەکانی بەگشتی و ئەو قەسیدەی باس لە دواشەڕی بابان و عوسمانیەکان دەکات بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە (سالم) لەسلێمانی لەدایك بومو هەرلەوێش گەورە بوە .شارەکەی و وڵاتەکەی خۆی تاڕادەی پەرستن خۆش ویستوە.

نەمانی دەسەڵاتی کوردی ،کارێکی قووڵی لەدڵ و دەروونی سالم کردووەو بەم بۆنەیەوە چەند قەسیدەیەکی سیاسی درێژی هەڵبەستووە ،قەصیدەکان ئەگەرچی لەکاتی جیاواز و بەبۆنەی جیاوزەوە دانراون،بەڵام هەموویان پێکەوە بەستراون. هەموویان یەك بابەت پێك دەهێنن، لەدەوری ئەو مەینەتییە نەتەوایەتییەدا دەخولێنەوە، کە دوای هاتنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی تورك توشی ناوچەکە بووە . ڕەنگە ئەو لەهەمو کەس باشتر هەلومەرجی ناوچەی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی تورکی داگیرکەردا گێڕابێتەوە .

قەسیدەکان بەشێوەیەکی گشتی نالەباری و کوێرەوەری شاری سلێمانی و خەڵکەکەی دەخەنە ڕوو و دەریدەخەن، کە عوسمانییەکان چەند دژی مرۆڤ ومرۆڤایەتیین و دوورن لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی، لەناو هەمووقەسیدەکاندا(شەڕی عەزیز بەگ لەگەل لەشکری تورك) تراژیدیاییێکە بۆخۆی، وێنەی ئەو شەڕەمان بۆ دەکێشێ. هەرکەسێ بیخوێنێتەوە وێنەی شەڕەکەی دێتەبەرچاو و وادەزانێ سالم خۆی لەناو جەرگەی شەڕەکەدا بووەو کامیرایەکی بەدەستەوەبووە زۆر بە وردی وێنەی گشت دیمەنەکانی گرتووە.ئەو شیعرانەی سالم پەیوەستن بە بارودۆخی کۆتایی حوکمڕانی بابانەکان، کە پڕیەتی لە نەهامەتی و شەڕو کارەساتی جەرگبڕو خوێناوی، کە هەرگیز سلێمانی نەهامەتی وماڵوێرانی وای بەخۆیەوە نەبینیوە.

پەرێشانی خەڵکی سلێمانی
بەدە ئەحوالی ئەشخاصێ کە خاصی موڵکی بابانن
لەبێدادی فەلەك هەریەك سەراسیمەو هەراسانن

جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لەبێ چیزی

لەژێر باری غەما هەریەك لە خەمدا  میثلی چەوگانن

لە بابانا پەریشان خاطر و بێ کەس

بە جەمعییەت سیە بەختانە  وەك گێسویی خوبانن

هەروەکو بەسەرناوەکەیدا دەردەکەوێ لە وەصفی پەرێشانی نۆکەرانی بابان دوای ڕۆیشتنی عەبدوڵا پاشا بۆ قوستەنتین،سالم ئەم قەصیدەی دوای لێخرانی عەبدوڵا پاشا و کێشانەوەی بۆ بەغداو دورخستنەوەی بۆ ئەستەمبۆڵ هۆنیوەتەوە. والی بەغدا ئیسماعیل پاشای بە موتەصەڕیفی سلێمانی داناوە (ئەمین،١٩٩٨،ل١٩٧)

ئیسماعیل پاشا ئۆردوی تورکی هێناوە،بنکەو بارەگای لە سلێمانی داناوە بۆئەوەی شوێنەواری دەسەڵاتی بابان نەهێڵێ.دامودەزگای  پێشوی گۆڕیوەو هی تازەی لە جێگا داناون . عەزیزبەگی ئەوڕەحمان پاشا سەری دانەنواند و کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرهەڵستی و دەرکردنی ئۆردووی تورك .حسین بەگی برای و محەمەد ئەمین بەگی کوڕی عوسمان بەگی برازای و هەندێ لەبەگزادەکانی تری بابان و هەندێ لە سوارەی هەمەوەند و هۆزەکانی تر بوون بەهاودەنگی (س،پ،ل٢٠٠)

زۆر کەس لەوانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی باباندا خاوەن پلەو پایەو دەسەڵات و ئیمتیاز بوون لابراون و لێیان قەوماوە .ئەمەش کاری کردۆتە سەر باری ژیانیان (س.پ.ل١٩٧)

سالم لەم قەصیدەیەدا باسی چەند شتێ دەکا:

١-خراپی باری ژیان و هەلومەرجی گوزەرانی (هەڵبژادەی )دانیشتوانی سلێمانی،بنەماڵەی میرەکان و کاربەدەست و موچەخۆرەکانی دەزگای بابان.... ئەمانە بەجۆرێ لەنازو نیعمەت کەوتون.کەوتونەتە سواڵ و ناچاربوونی شوانی،گاوانی،حەماڵی و عەللافی..بکەن.

٢-هەندێکی تریش لەترسی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی تورك لەشاردا خۆیان گۆشەگیر کردوە خۆیان داوەتە خانەقاو مزگەوت و خۆیان بەنوێژو خوێندنی قورئانەوە خەریك کردووە و هەندێکی تریش لەدێهاتی دەوروبەری سلێمانی دا خۆیان حەشارداوەو،هەندێکی تریش ئاوارەو دەربەدەری شوێنان بوون.

٣-لەو سەردەمەشدا وەکو هەموو سەردەمێك تاقمێکی قازانج پەرست و دووڕوو خۆیان لە دەسەڵاتی داگیرکەر نزیك خستۆتەوە بوونەتە هاوکارو چاوساغیان.لەگەڵ (دایکی بەرخ ) شیوەنیان کردوەو لەگەڵ گورگ  گۆشتیان خواردوە .سالم جنێوی قوڕسی بەمانە ئەدا کەلە (ئەوضاعی )ئەوسای سلێمانی شادو ئاسوودەبوون .

٤- (کاسبکارانی شار ) کە لە نائارامی درێژخایەنی سەردەمی دەسەلان ونەمانی ئاسایشی گشتی و تایبەتی ،دیارە ئەوەندە بێزار بون ،هاوکاریان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیر کەر کردووە .سالم ئەمانتە بە ( بانی ئەم کارە ) واتە ئۆباڵی ئەو مەینەتیە لەگەردنی ئەواندا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توند ئەکا ، ڕاستییەکەی ئەوان بەرپرسی ئەو ڕوداوە نەبون ،چونکە ئەمە ئەنجامی سیاسەتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی بووە نەك پیلانی (کاسبەکانی شار )

٥-هەندێ بیرو بۆچوونی سالم سەبارەت بە(ڕەعیەت ) و( پیشەکار) لەم شیعرەداو لە شیعرەکانی تریشیدا هەیە.لەگەڵ تێگەیشتنی ئەم زەمانەدا ناگونجێن،بەڵام هەمو بیروبۆچونی دەبێ ببرێتە زەمانەو زەمینی خۆی و بەسەنگ و تەرازوی ئەو سەردەمەو لەچور چێوەی هەلومەرجی سیاسی ،کۆمەلایەتی،ئابوری، فەرهەنگی ...ئەوساکەدا بکێشرێن ،نەك بە ئێستاو لەهەلومەرجی ئێستادا (س.پ.ل ١٩٧-١٩٨).

٦-ستایشی عەزیز بەگ

٧-سالم قەصیدەیەکی درێژی تەرخان کردووە بۆ ستایشی عەزیز بەگی بابان (عەزیز بەگ کوڕی ئەو ڕەحمان پاشاو ،برای مەحمود پاشاو سلێمان پاشاو ،مامی ئەحمەد پاشاو عەبدوڵلا پاشا بووە .کەتورك دەستی بەسەر سلێمانی دا گرتووە عەزیز بەگ سەری بۆ دا نەنواندون . بەربەرەکانی کردوون و خەریکی ڕێکخستنی بەرگری بووە.سەرەتای قەصیدەکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات :

دەکا دنیایی پڕ شۆڕش دایم فیتنەها پەیدا

بە نەیرەنگ و فسون هەردەم لەهەر موێ وەغا پەیدا

پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزادەکا نوکی سمی ئەسپی لەخارا توتیا پەیدا

(ئەو سوارچاکە ئەگەر بەشاخێکی یەکجار بڵندو سەخت سەربکەوێ کەشاخی ئلبورزە ،سمی ئەسپی ئە سوارچاکە کە بەبەردی خارا دەکەوێ وای وورد دەکا دەبێ بە توتیا .هەروەها ئەگەر شمشێر هەڵکێشێ ڕوناکییەك پەیدا دەبێ شەوی یەڵدا ڕووناك دەکاتەوە ) (خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٧)

لەسەهمی حەملەیی ئەو ، بۆ عەدو هەرجا حەزەر لازم

لەدەس ئەو بو کراسی ڕۆمیان شێوەی قەبا پەیدا

دەبێ گەر بێتە مەیدان وەکو بەبری بەیان ساتێ

لیباسی ڕوو بەهی دەردەم لەئەندامی گیا پەیدا

ئەگەر ئاوی بەقای نۆشی بێ دوژمن فائیدە نادا

لەمەوجی جەوهەری تیغی حرووفی لابەقا پەیدا

باسەکەی وەکو لەسەرەوەدا نوسراوە بە موبالەغە دەس پێدەکا و لەسەرانسەری قەصیدەکەدا ئەوەندە بەئازایەتی و لێوەشاوەیی و سورچاکی عەزیز بەگدا هەڵدەدا دەگاتە ڕادەی هەڵنانێکی بێ تام ، بەڵام بێگومان ئەم هەڵوێستەی سالم ، هەڵوێستێکی سیاسی بووە و جێگای ڕێزلێنانە. سالم بەتەمای هیچ پاداشتێکی ماددی نەبوو لەعەزیز بەگ ، لەو کاتەدا ئەو نەك هەر دەسەڵاتدار نەبوو بەڵکو شۆڕشگێڕێکی یاخی بووە لە دەسەڵاتی زاڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

تورك و دواتر لەهى ئێرانیش. سالم باسی عەزیز بەگ ئەکا وەکو قارەمانی نەتەوەیی کورد لەبەرامبەر تورکی داگیرکەردا. لەو ڕۆژەدا ئازایەتییەکی بێ وێنەبووە کەسێ زات بکا بە چەك یا بە قەڵەم بچێ بەگژ دەزگای حوکمڕانی عوسمانیدا، ئەمە لە دوو لاوە غەزەبی بەسەر ئەو کەسەدا باراندوە : یەکەمیان غەزەبی دەسەڵاتی داگیرکەر، کە ئەبوو بەهۆی گیران و دەربەدەری و بێبەشی لەهەموو ئیمتیازەکانی نزیکایەتی لە حوکم . دووەمیان غەزەبی دژایەتی خەلیفەی موسڵمانان کە لەو سەردەمەدا لەبەرچاوی زۆر کەس بەتایبەتی پێشەوایانی دینی (ئیتاعەت) ی واجیب و فەرز بووە.

دوای دوور خستنەوەی میرەکانی بابان بۆشایی سەرکردایەتی دروست بوو، سالم لە شیعرەکەیدا بە ئاشکرا باسی ئەمە ئەکا و لەخوا ئەپاڕێتەوە عەزیز بەگ ڕزگاربکا یا بیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی موڵکی بابان بگرێتە دەس و لەدەس تورك دەری بهێنێ و ڕەواجی بۆ پەیدا بکا .(١٩٩)

عەزیزم وا لەناو چاهە خوداوەند نەجاتی دەی

لەچیهرەی ئەو بکا یەعقوبی دڵ ڕەمزی صەفا پەیدا

خودایا موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە ،سا لطفی!

بە ئیکسیری وجودی ئەو وەك میسك بەها پەیدا (ئەمین،١٩٩٨،ل١٩٩)

شەڕی سوارەی بابان و ئۆردوی ڕۆم

ئیسماعیل پاشا یەکەمین حاکمی بێگانە بوو لەسلێمانی ،عەزیزبەگی ئەوڕەحمان پاشا سەری دانەنواند و کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرهەڵستی و دەرکردنی ئۆردووی تورك ،حسین بەگی برای و محەمەد ئەمین بەگی کوڕی عوسمان بەگی برازای و هەندێ لەبەگزادەکانی تری بابان و هەندێ لە سوارەی هەمەوەند و هۆزەکانی تر بوون بەهاودەنگی (ئەمین،١٩٩٨،ل٢٠٠)

عەزیز بەگ و سوارەکانی هەموو ڕۆژێ لەدەورووبەری سلێمانی دا پەلاماری سەربازەکانی تورکیان ئەدا .هێزەکانی تورکیان شپرزە کردبوو .ئیسماعیل پاشا تەنگاو بوو ،موشیر نامیق پاشا هێزی زیادو هەندێ تۆپی نارد بۆ بەهێزکردنی ئۆردووەکەی سلێمانی ،بەڵام عەزیز بەگ بەردەوام بوو لە شاڵاوەکانی .(س.پ:ل٢٠٠).

عەزیز بەگ بەنیازی گرتنەوەی سلێمانی خۆی سازدا ،لەمەشدا محەمەد ئەمین بەگ و کوڕەکانی سلێمان پاشا :قادربەگ و حەسەن بەگ و چەند کەسێکی کە لە بەگزادەکانی بابان هاودونگ و هاوکاری بوون. پێدەچێ هەندێ لە بابانەکان لەناو هێزی (نیزام)دا بووبن بۆ فێڵ بەڵێنی هاوکاریان پێدابێ بەڵام لەکاتی شەڕە کەدا بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنابێ ..(س.پ:ل٢٠٠).

هێزی عەزیزبەگی بابان بەکۆمەڵ هێرشیان بۆناو سلێمانی کرد. ئیسماعیل پاشای تورك بەرپەرچی دانەوە،بەتوندی تۆپ بارانی کردن و،سەربازەکانی تورك ناو کۆڵانەکانیان لێگرتن . شەڕێکی قورس قەوما سوارەی بابان لە ئاگری تۆپ و تفەنگی تورك زەرەرێکی زۆریان پێگەیشت و شپرزە وپەرێشان بوون. ژمارەیەکی زۆر کوژران. و ژمارەیەکی زۆریش گیران ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ کران .(س.پ:ل٢٠١٠).

پیرەمێرد لە کورتەباسێکی ئەم شەڕەدا ، وەکو شەڕەکەی خستۆتە مانگی ناوجەژنانی ١٢٦٦ك/١٨٥٠ز وە ماوەی گەمارۆدانی لەشکری تورك وباسی فێڵەکەشی کردووە ،ئەڵێ: (عەزیز بەگی مامی ئەحمەد پاشا عوسیانی کرد و پەنجاو یەك ڕۆژ دەوری سلێمانی بەست . ئاخری بە فێڵ و بەناوی عەسکەری ئەحمەد پاشا و دەستەو دائیرەی مورتەدەکانەوە –واتە بەناوی نیزامیەکانی ئەحمەد پاشاوە –کاغەزیان نووسی :وەرە ئێمە تەسلیم ئەبین: ئەویش بە دڵپاکی و بێ باکیی هاتە سەر قشڵەو تۆپخانە ،لەپڕ دەستڕێژی تۆپ و تفەنگیان لێکردن زۆریان لێ کوشتن. هەمزەی مەسرەفی باپیرم لەو شەڕەدا یانزە برازاو کەسوکاری کوژرا. (ئەمین،١٩٩٨،ل٢٠١).

ئیسماعیل پاشای قایمقامی سلێمانی و ئەفسەرە داگیر کەرەکانی تورك لە ٢٩ ی ڕەجەبی ١٢٦٦ك /حوزەیرانی ١٨٥٠ ز دا بۆ پاکانەکردن و ئافەرین محەمەد بەگی کوڕی خالید بەگ و کوڕەکانی عەبدوڵا ،عەبدوڕەحمان و حسێن، کە ماوەی چل ڕۆژ بە (٣٠٠) سوارەوە لەسەنگەری توركدا دژی عەزیز بەگ جەنگیبوون.

ئەمە دوایین شەڕی بابان بوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ،عەزیز بەگ لەگەڵ ژمارەیەکی کەم دەرباز بوو.ماوەیەك وێڵ و سەرگەردان لە ناوچەکانی سنوری ڕۆم و عەجەم دا سوڕایەوە ،حکومەتی عوسمانی داوای لە ئێران کرد ،حاکمی کرماشان ،عەزیز بەگ دەربکا ،عەزیز بەگ لە هیچ لایەکەوە هیوای نەما بوو،سەرەنجام بەتەنیا ڕێگای ئەستەمۆڵی گرت و خۆی بدابە دەستەوە ،لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دەسبەسەر دایاناو موچەیەکی مانگانەیان بۆ بڕیەوە.

میرەکانی بابان لە کوردستان دورخرانەوە، ئەگەرچی زۆریان پلەو پایەی دەوڵەتیان پێبەخشین،بەڵام هەتا مردن نەیانهێشت جارێکی کە پێ بنێنەوە سەر خاکی کوردستان . (ئەمین،١٩٩٨،ل٢٠٢)

سالم ئەم شەڕەی بە قەسیدەیەکی درێژ هۆنیوەتەوە،دیمەنی شەڕەکە وەکو شەڕێکی نەتەوەیی دژی دەسەڵاتی داگیرکەر و عەزیز بەگ وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی شەڕی بەرەنگاری بێگانە باس دەکا .

ئەم قەصیدەیە چەند بابەتێکی گرنگی تێدا کۆکراوەتەوە :



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

١-گلەیی لەرۆژگار:سالم سەرەتای قەصیدەکەی بەسکاڵا دەس پێدەکا .چەند جارێ ،فەلەك ،گەردوون، رۆژگار ،ئاسمان ، دەهری دون ، دوبارەئەکاتەوە،ئەوەی سەر کورد هاتووە دەبەستێتەوە بەبڕیاری فەلەکەوە .پێ ئەچێ سالم باوەڕی بە (قەدەر) هەبووبێ . (خەزنەدار ،٢٠٠٣ ).

( دواهێرشی سوپای تورکی عوسمانی بۆسەر شاری سلێمانی پایتەخت و داگیرکردن و روخاندنی میرنشین کارەساتێکی گەورە بوو. هەموونەریت و رەوشت و ئەدگارێکی نەتەوەیی شێواند لایەنی سایکۆلۆجی لە هەمووشتێکی دیکە زیاتر دەروونی هاوولاتییە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەکانی هەڵتەکاند وتووشی ڕەشبینییێکی کوشندە بوون . (خەزنەدار،٢٠٠٣ ،١٤٦)

(سالم یەکێك بوو لەوکەسانە ی بەچاوی خۆیان دیمەنی شەڕو شۆڕی ناوشاریان دیبوو . پیاو دەتوانێ بەخەیاڵ بلێ شاعیر لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم وەکو پەیامنێرێك خۆی لەناو جەنگەوە دیوە ،ئەوەی چاوی پێ کەوتووە ، شیعریانە یاخود بەشیعر گێڕاویەتیەوە )(س.پ، ل١٤٦ ). سالم ئەوەندە بە وردی جەنگەکە دەگێڕێتەوە، کە دەیبیستی باوەڕناکەی گەر بلێن خۆی بەشداری شەڕەکەی نەکردووە.

ئەهلی بابان گریەکەن بۆ خانەدان و ئاغەتان

نیمی مەحبووس ، نیمی مەقتول ، نیمەیی مەنفی کران

کەوڵ بەدۆش ،یا خەرقەپۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن

رووکەنە ئەملاکی (پیترو) بچنە شاری خامۆشان

ئاگری نەکبەت لە خەرمەنهایی تالع کەوتووە

شەمعی دەوڵەت هەر تەرەف  دەکرا هەمووخامۆش کران

(ڕوودەکاتە خەڵکی سلێمانی و پێیان دەڵێ شین وشەپۆڕ بکەن بۆ پیاو ماقولآنتان، ئەوانەی هەنێکیان خرانە بەندیخانەوە،هەندێکیان کوژران و هەندێکیان ئاوارەکران.ئەوەی ماوەتەوە وەکو دەروێش کەوڵو خەرقە لەبەربکەن و کەشکۆڵی خۆتان وتانجی میرنشین هەڵگرن و رووبکەنە ولاتی پیتر (مەبەستی پیتری گەورەی قەیسەری ڕوسیایە ).بۆئەوەی لەو ئاقارە دوورانە کۆتایی بەژیانتان بێ،چونکە ئاگری نەکبەت بەربۆتە خەرمانی بەخت،ڕووناکی دەسەلآتی دەوڵەت لەهەموو لایەك کوژایەوە )(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٤٧)

تورك وەك تیلکی زەعیف و کورد ئەسەد خوو پێش

جەنگجۆ بوون یەك بەیەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

سڕی مەخفی ڕۆمیان زانیوتە بۆ زاهیر دەبوو

نووکی ڕم دەیخوێند لە دڵ یا تاهەمووڕازی نیهان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شــاعیر هەوڵــی ئەوە دەدا لەجەنگــی ناوشــارئەوە بخاتەروو،جەنگــاوەری کــورد لەبەکارهێنــانی چەکــدا شــارەزا بــووە، لەم شــیعرەدا ســالم پشــتی بە موبــالەغەی شــیعریی بەستووەو تورك بە تولە سەگی بێ تواناو، کورد بە شێر دەچوێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا سوپای عوسـمانی لە کـورد بەهێزتـر بـووە. ڕاسـتە لەشـکری عوسـمانی بەهێزبـوون، بەڵام ئـازایەتی و قارەمـانی کـورد شێرئاسـا هـاتە مەیـدان بەرامـبەر ئەو هێـزە گەورەیەی تـازەترین چەکـی سـەردەمیان هەبـووە خـۆی لەخۆیـدا نمـوونەی دلیـری و چاونەترسـییە،جگە لەوە ئەمە ناپـاکی بوو،کە هێـزی شۆڕشـگێڕانی شـکاند (خـالید بەگـی کـوری مـحەمەد ئەمـین بەگ) بەخـۆ بەهێزەکەیەوە پشتی لەشکری عوسمانیان گرت و شوڕشگێڕانیان هەڵخەڵەتاند:

دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە

حەسرەتا یەك دڵ نەگەینە شیوەکەی گردی گوڵان

مەیلی لانیان بوو وەکو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە

دەرنەچو و چابوو بەحەملەی دێڵە کەهیا کەوڵ کران

سێ بلۆك پشتی گرت و سونگی دەوران هاتنە پێش

حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان

سەربلۆکیان (خاڵەکەی هەورامی) و (قالەی شەریف)

هەم ڕەفیقیان بوو (عەزیزە حیزەکەی ) چووچیان

ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە ئەگەر نەگرێ نیزام

قەومی نوحیش دەچنە جەننەت بێ شك و شوبهە و گومان

سەرفی نەقدی رووحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون

بەچکە گورگ ئاسا لەئاخیر چوونە کۆزی دوودمان

فەرقی فەخری میرەڵایی گەییە بەهرام و ئەسەد

کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حاڵە میری بازیان

باز وەکو بازی تەوار دەورێکی کردو هاتەوە

دەوری کەهیا وشاری گرت دیسان بەرارای نۆکەران .

لێرەدا شـاعیر باسـی کەمتەرخەمـی یـاخود خیـانەتی ئەو سێ سـەرۆك بلـۆکە دەکات،باسـی ئەوە دەکـات،کەچۆن سـوودمەند بـوون و پەروەردە کـراون دواجـار وەکـو بەچـکە گـورگ خیانەتیان کردووە:

بــووبە جێــی بەبــرو غەزنەفەر کــووچە کــووچە ناوســوقاق

ســەر محەلــلە ڕەنگــی بێشــەی گــرت لە نێــزەی جانســتان

ڕەنگــی ســەحرای مەحشــەری بــوو شــیوەکەی لای پیرمەســوور

گرمەگرمــی تــۆپی ڕۆمــی هەوهەوەی ســوارەی بەبــان

بووبەجــــاروبی محەلــــلە هەرتەرەف پەنــــجەی پەڕیــــو

پەی کــراو بــێ پــێ لەمەیــدان پەهلەوانــی پــاڵەوان

(ســەن ســەن )ی ســوارەی نیــزام و (گەل ئــۆڵان) ی تــورك ئوشاغ

بگرەبگــرەی کــورد زمــان وئــاخ ئــاخی تورکمــان

قەهرنــاك و ســـەر بە رەهـــنە ئـــاتەش ئەفشـــان حەمـــلەوەر

جەنگ جۆ بوون یەك بەیەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

بەختــی ســووتێ ســالەڕێی هەق ،حەق حەقــی لــێ وەرگــرێ

بەدنــمەك گیــری نــمەك بــی وەك ئەوان دایــان بەمــان

بـــۆمەداری نـــان عەشـــیرەت قەت مەدارێکـــی نەبـــوو

ئاشــەکەی تەبعــی بەئــاوی کەیــدی ڕۆمــی هــاتەدان

شــێری بێشــەی مــوڵکی بابــان بــوو عەزیــز ئەممــا دڕێــغ

وەك گــڕی دا موســکی بــێ قەومەکەی زوو هەڵوەشــان

گەرچــی میســـرە شـــارەزوور ئەممـــا خـــراپە بـــێ عەزیـــز

ڕوودەدا لەم خەلـــقە ئـــاخر حـــالەتی کەنعانیـــان

ســافەلەك کەیخوســـرەوی خـــوێنی ســیاووش گــوم مەکە

ڕۆســـتەمی ســـانی عەزیـــزە مـــوددەعی توورانیـــان

دیـــدە نابینـــایە وەك یەعقـــووب لەهیجرانـــی عەزیـــز

تــۆ خــودا ســاحیب مەکــان و تــۆی خــودایە لامەکــان

کەوکەبـــی بەختـــی لەچاهـــا وابەپـــرتەو بێـــتە دەر

شەعشــە عەی ئەمــری مــونەووەر کــا زەمــین و ئاســمان

جەنگەڵـــی شـــەهبازی بـــازی بازیـــانی بـــاز نەوی ی

فــش هەڵات کەهیــا لەســەر بەیــزەی تەمەع وەك ماکیــان

(وەســفی دیمەنێکــی شــەڕەکە دەکــا لە دەوروبەری گەڕەکــی پیرمەســووری سلێمانی.گرمە گرمــی تــۆپی دوژمــن و هەوهەوەی هانــدانی ســوارەی بابــان بــۆ هێرشــبردن کردبووی بە ڕۆژی مەحشــەر ، لەو جەنــگەدا ئەوەنــدە دەســت و پەنجە ی پەڕیو زۆر بــوو وەکــو گســکێك بــوو بە بــا کۆڵانەکــانی گســك دەدا .ســەربازی کــوردو تــورك بەرامــبەر بــوون و تێکترنجــابوون و هەڵمەتیــان بــۆ یەکتــری دەبــرد. قیــژو هــۆڕو هــاوار ســەری کــاس لادەکــرد سەربازی سوارەی تورك بەزمانی خۆی (سەنسەن) ی بوو واتە تۆ....تۆ و کوڕە تورکیش (گێل



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئۆلان ) ی بوو واته کوڕە وەرە .جەندرمەی تورك ناڵە ناڵیان بوو کەچی کەچی کورد بگرە بگرەی بوو )(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٥).

(لەکۆتایی قەسیدەکەدا شاعیر باس لەسەرکردەی جەنگەکە عەزیز بەگی بابان دەکا، بەشێری ناو دارستانی وڵاتی بابانی دادەنێ. لەدواییدا ئاخ وداخی بۆ هەڵدەکیشێ لەبەر ئەوەی لەم شەڕەیدا سەرنەکەوت. ئینجا شاعیر دەکەوێتە بزواندنی سۆز بەداهێنانی وێنەی شیعری.میسرو شارەزوور بەرامبەر بەیەکتریان دادەنێ بەراوردیان دەکا ، بەڵام دەڵێ شارەزوور بێ عەزیز بەگی بابانە، ئەمە نابێ ڕوبدا ،چونکە میسر بێ عەزیزی میسر (پووتیفار)ی وەزیری فیرعەون نەبووە.بەم جۆرە کوردی بابان دەربەدەرو ئاوارە بوون وەك کەنعانیانی فەلەستینی کۆنیان لێهات.)(خەزنەدار ،٢٠٠٣، ١٥٥).

لێرەدا سالم مەبەستی لە عەزیزی میسر پۆتیفار نییە، بەڵکو مەبەستی لە حەزرەتی یوسف)ە، چونکە میسر لەسەردەمی پۆتیفاردا ژیانیان ناخۆش بوو، نەبوون ونەدار بوون، لەژێر چەپۆکی پیاوانی ئاینییدا بوون، لەسەردەمی یوسف دا ژیانیان گۆڕاو بەرەو خۆشی چوون.جگە لەوە کەنعانیەکانی فەڵەستینی کۆن هیچ پەیوەندییان بە پۆتیفارەوە نەبوو، بەڵکو دوای وون بوونی یوسف ژیانیان ناخۆش بوو و ئاوارەو دەربەدەربوون.(سالم)یش دەڵێت:

دیدە نابینایە وەك یەعقووب لەهیجرانی عەزیز

تۆخودا ساحیب لامەکان و تۆی خودایە لامەکان

(عەزیز بەگ کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و مامی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بوو. ئازایەتی ئەم سوارچاکە لە کۆمەڵی سلێمانیدا بووە بە چیرۆك و خەڵکی وەك نموونەی قارەمانیەتی و نیشتمان پەروەری دەیگێڕنەوە و عەزیز بەگ هاوڕێی نزیکی سالم بووە،جگە لەوە برادەریەتی لەگەڵ بنەماڵەی ساحێبقڕان بووە، ماوەیێك هاوکارو برادەری مەحمود بەگی ساحێبقڕانی خزمی سالم بووە، ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە بنەماڵەی ساحێبقڕان بە چەکمە ڕەق ناوبانگیان دەرکردووە ئەمانە لە وێنەی سوارچاك و جەنگاوەرەکانی چینی سەوەی کۆمەڵی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستیان دەکرد )(س.پ،ل ١٥٥).

سالم لە قەسیدەکەدا عەزیز بەگی کردووە بە سەرکردەو قارەمانی جەنگەکە. (لەدوای ڕووخانی میرنشین چوونی ئەحمەد پاشا بۆ ئەستەموول دەسەڵاتی عوسمانی (عەبدوڵا پاشا)ی بەپلەی قایمقام لە سلێمانی دامەزراند. بێگومان خەڵکەکە لەم لایەنەوە بوون بە دووبەشەوە ، هەندێکیان بەپیاوی دەسەڵاتی تازە وەك تاوانبار بەرامبەر کوردایەتی دەکەوتنە بەرچاو ، بەشێکی دیکەیان خەباتیان دەکرد لەپێناوی گەڕاندنەوەی دەسەلاتی بابان . عەزیز بەگی بابان و مەحمود بەگی ساحێبقڕان سەرۆکایەتی ئەم تاخمەیان دەکرد. وادەردەکەوێ عەبدوڵا پاشای قایمەقام لایەنگری دەسەڵاتی عوسمانی بووبێ و هەڵسوکەوتی لەدژی عەزیز

بەگ بوو. عەزیز بەگ ومەحمود بەگ لەدواییدا یەکتریان گرت و بەهۆی یارمەتی عەشیرەتی هەمەوەند و هەندێ عەشیرەتی تری ئەو ناوە ڕێکەوتن بچنە مەیدان لەدژی عوسمانی لەدووشەڕی گەورەدا لەنزیك کریچنەو لەدەربەندی بازیان بەشداریان کرد بۆئەوەی ڕێگە لە لەشکری والی بەغدا بگرن و نەگاتە سلێمانی. هەرچۆنێ بێ مەحمود بەگ بەفێڵ لە کەرکوك دەکوژرێ ،دەسەڵاتی عوسمانی ئازاری زۆری هەمەوەندان دەدا لەدوایدا عەزیز بەگ لەبانی مەقان ڕێگە لە لەشکری بەغدا دەگرێ لەم شەڕەدا سەرناکەوێ ئەویش دەکوژرێ)(س.پ،ل ١٥٦). لەڕاستیدا عەزیز بەگ نەکوژراوە و دوای سەرپەرشتی شەڕی سلێمانی کردووە لە دژی عوسمانیەکان، بەڵام دواجارخیانەتیان لێدەکرێت و شکست دێنن و عەزیز بەگ لەو شەڕەش ڕزگاری دەبێت.

٣-٢: ڕەگەزەکانی چیرۆك لە بنیاتی قەسیدەکەدا:

ڕووداو و وەسف و کەسایەتی لە تراژیدیای سلێمانیدا

ڕووداو یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی بنیاتنانی چیرۆك و لە تەکنیکی چیرۆکدا بە بەشێکی گرینگ دادەنرێت ئەمەش بۆ بایەخ و خودی ڕووداو دەگەرێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە چیرۆك و دراماو ڕۆمانەوە، چونکە ناکرێت بەسەرهاتێك هەڵبژێرین، کە خالی بێت لە رووداو.ڕووداویش جۆری پالەوان و شوێن و کات وەکو ڕەگەزی بنچینەیی چیرۆك لە قەڵەم دەدرێن و هەموو ئەوانەش لەوە سەرچاوە دەگرن، کە ڕووداو خۆی تێکەلی ژیانی مرۆڤە، بۆیە زۆرجار ڕووداو کار لە مرۆڤ دەکات کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە بەجێ دەهێلێ، لەوانەیە هەندێکجار بە شێوەیەك کار لە مرۆڤ بکات ڕێرەوی ژیان و پلانی بۆ ژیان بگۆڕێ. رووداو بریتیە لەو زنجیرە گۆڕانەی، کە بەسەر رەوشی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێکردنیان لەگەل شتەکانی دەوروبەری و دەبێتە ئەو تەوەرەی،کە ڕەگەزەکان بە دەوریدا دەسورێنەوە، چونکە ((ڕووداو بە بڕبڕەی پشتی چیرۆك دادەنرێ، جا ئەو ڕووداوە واقعیی بێت یان یان تێکەلکردنی خەیال و واقیع بێت .))( حەسەن،٢٠٠٦،ل١١) هەندێجار ڕووداو واقعین وهەلقولاوی ژیانی ڕۆژانەن و رەنگدانەوەی کۆمەلگەی نووسەرە، نووسەر ڕووداوەکە لە کۆمەلەوە وەردەگرێت،بەلام وەك خۆی نایخاتە ڕوو. هەروەها خستنە ڕووی ڕووداوەکان لە خودی نووسەر لە چنینی ئەو ڕووداوانەوە ئاراستە دەکرێت .

**کەسایەتی:**

کەسایەتی لەگەڵ ڕووداودا کار لە یەکتری دەکەن. جاری وا هەیە ڕووداو کار لەسەر کەسایەتییەکان دەکات وڕێرەی ژیانیان دەگۆڕێت.جاری وایش هەیە، کە کەسایەتییەکان کاریگەری و قورسایی خۆیان لەسەر ڕووداوەکاندا دادەنێن وڕێچکەی ڕووداوەکان بەرەو ئەو شوێنە دەبن،کە خۆیان مەبەستیانە.((هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ کەسایەتی کەتواری لە کاریگەربوون بە ئەزموونەکان و لە تێپەربوون بە ڕووداوەکانی

چیرۆك یان ڕۆماندا، به نەرێنی یاخۆ ئەرێنی بێت له گەشەكردنەكەی، كه بەرەو بالابوون یان بەرەو نەمان بڕوات، ئەوكەسایەتییەی،كه لەكۆتایی چیرۆك یان رۆماندا دەیبینین هەمان ئەو كەسایەتییانیەن، كه لەسەرەتادا بینیومانە. ئەو گۆرانكارییەی، كه ڕوویداوه ئەنجامی ئەو ئەزموونەیه، كه بەسەریدا هاتووه به باش و خراپییەوه.)) ( رەحمان،٢٠١٤،ل٤١).

گرینگی كەسایەتی له رووداو كەمتر نییەو به چەند شێوە دەردەكەوێت. كەسێتی سەرەكی شاكەسەكه و كەسێتی لاوەكیەكان .((كەسێتی بریتیه له كۆی چەند عونسوری بیۆلۆژیكی وكۆمەلایەتی كه رەفتاری تاقه كەس، لەوانی تر جیا دەكاتەوه ,ئەو كارەش له رێگای میراتگری یان مەلبەندی ژیانی كۆمەلایەتیەوه ,سەر هەلدەدا. واته كەسایەتی پێك دێت . ئاكامی هاوكێشەی نێوان رەفتاری مرۆڤ و مەلبەندی ژیانه .))( محەمەد،١٩٩٨،ل١٥٤ )،هەروەها (( كارەكتەر ئەو كەسەیه، كه ئەركی بزواندنی رووداوی له سەرە،تووشی تەنگ و چەڵەمەو ئازار و ئەشكەنجه دەبێ،بەلام نابێت ئەوه لەبیر بكرێت،كه زاراوەی (پالەوان)بۆ هەموو كارەكتەرێك ناگونجێ له چیرۆكدا ، بەو پێیەی له حیكایەتدا بەكار هێنراوه.))( س.پ،ل١٥٤ ). جیرارد جینێت پێی وایه ((پالەوان ئەو كارەكتەرەیه،كه چیرۆك گێرەرەوه دەیخاته ژێر گەردەبینەوه، نەك ئەو كەسەی كاری له ڕادەبەدەر دەكات)) (س.پ،ل١٥٤).

**تراژیدیای سلێمانی**

گشت تراژیدیایەك به رووداو دەست پێدەكات و ڕوداوەكەی ئەو تراژیدیایه بەم شێوەبووە،

ڕاسته ئاوڕەحمان پاشای بابان ناوبانگی هەبووه و زۆرجار بەسەر لەشكری عوسمانیەكاندا زاڵبووه، بەلام ئازایەتی عەزیز بەگی كوڕی گەورەترین مێژووی تۆماركردووەو هەرگیز سەری بۆ داگیركەری تورك دانەنواندووه.(لەدوای ڕووخانی میرنشین چوونی ئەحمەد پاشا بۆ ئەستەموول دەسەلاتی عوسمانی (عەبدولا پاشا)ی بەپلەی قایمقام لەسلێمانی دامەزراند،بێگومان خەڵكەكه لەم ڕووەوه بوون به دووبەشەوە،هەندێكیان بەپیاوی دەسەلاتی تازه وەك تاوانبار بەرامبەر كوردایەتی دەكەوتنه بەرچاو،بەشێكی دیكەشیان لەپێناوی گەڕاندنەوەی دەسەلاتی كورد خەباتیان دەكرد. عەزیز بەگی بابان و مەحمود بەگی ساحێبقڕان سەرۆكایەتی ئەم تاخمەیان دەكرد. وادەردەكەوێ عەبدولا پاشای قایمەقام لایەنگری دەسەلاتی عوسمانی بووه و هەڵسوكەوتی لەدژی عەزیز بەگ بوو. عەزیز بەگ ومەحمود بەگ دواتر یەكیان گرت و بەهۆی یارمەتی عەشیرەتی هەمەوەند و هەندێ عەشیرەتی تری ئەو ناوه ڕێكەوتن بچنه مەیدان لەدژی عوسمانی و له دوو شەڕی گەورەدا لەنزیك كریچنەو لەدەربەندی بازیان بەشداریان كرد بۆئەوەی ڕێگه له لەشكری والی بەغدا بگرن و نەگاته سلێمانی. هەرچۆنێ بێ مەحمود بەگ بەفێڵ لەكەركوك دەكوژرێ،دەسەلاتی عوسمانی ئازاری زۆری هەمەوەندان دەدا لەدوایدا عەزیز بەگ لەبانی مەقان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ڕێگە لە لەشکری بەغدا دەگرێ لەم شەڕەدا سەرناکەوێ ئەویش دەکوژرێ)(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٦) لەڕاستیدا عەزیز بەگ نەکوژراوە و دوایی سەرپەرشتی شەڕی سلێمانی لە دژی عوسمانیەکان کردووە، بەڵام دواجار خیانەتیان لێدەکرێت و شکست دێنن و عەزیز بەگ لەو شەڕەشدا ڕزگاری دەبێت. دوای لابردنی عەبدوڵاپاشا والی بەغدا تورکێك لەجێگای دادەنێت.(دوای ڕۆیشتنی عەبدوڵا پاشا بۆ قوستەنتین ، سالم ئەم قەصیدەی دوای لێخرانی عەبدوڵا پاشا و کێشانەوەی بۆ بەغداو دورخستنەوەی بۆ ئەستەمبۆڵ هۆنیوەتەوە. والی بەغدا ئیسماعیل پاشای بەموتەصەڕیفی سلێمانی داناوە) (ئەمین،١٩٩٨، ١٩٧). دەسەڵاتی ئیسماعیل پاشا بووە مایەی هەراسانی خەڵك وبێزاربوونیان لەهەڵس و کەوتی تورکان لەوکاتەدا عەزیز پاشا بەخۆ بەهێزێکەوە دەوری سلێمانی گرت بەهیوای ئەوەی سلێمانی ئازاد بکات:

پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا

دەکا نوکی سمی ئەسپی لەخارا توتیا پەیدا

ئەگەر خورشیدی تیغی بێ بەسەرشەودا شەبەیخوون کا

دەکا بە بەرقی یەك پەرتەو لەیەڵدادا زیا پەیدا

بەحوجەت نێزە گەر لێدا ،سوپەر وەك کاغەزی قەندە

بەهەر چهربێ لەگەڵ بازویی ئەو حوکمی قەضا پەیدا

بەبادی سمی ئەسپی گەر بکا جەولان لە مەیانا

دەکا عومری عەدوو وەك سوبحدەم وەزعی فەنا پەیدا

(ئەو سوارچاکە ئەگەر بەشاخێکی یەکجار بڵندو سەختدا سەربکەوێ، کە شاخی ئەلبورزە، سمی ئەسپی ئەو سوارچاکە،کە بە بەردی خارا دەکەوێ وای ورد دەکا دەبێ بە تووتیا. هەروەها ئەگەر شمشێر هەڵکێشێ ڕوناکییەك پەیدا دەبێ شەوی یەڵدا ڕووناك دەکاتەوە)(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٧) عەزیز بەگ بەنیازی گرتنەوەی سلێمانی خۆی سازدا ، لەمەشدا محەمەد ئەمین بەگ و کوڕەکانی سلێمان پاشا :قادربەگ و حەسەن بەگ و چەند کەسێکی کە لە بەگزادەکانی بابان هاودەنگ و هاوکاری بوون. پێئەچێ هەندێ لەبابانەکان لەناو هێزی (نیزام) دا بووبن بۆ فێڵ بەڵێنی هاوکاریان پێ دابێ بەڵام لەکاتی شەڕە کەدا بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنابێ .(س،پ).

دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە

حەسرەتا یەك دڵ نەگەینە شیوەکەی گردی گوڵان

مەیلی لانیان بوو وەکو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە

دەرنەچو و چابوو بەحەملەی دێلە کەهیا کەوڵ کران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سێ بلۆك پشتی گرت و سونگی دەوران هاتنە پێش

حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان

سەربلۆکیان (خالەکەی هەورامی) و (قالەی شەریف)

هەم ڕەفیقیان بوو (عەزیزە حیزەکەی ) چووچیان

ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە ئەگەر نەگرێ نیزام

قەومی نوحیش دەچنە جەنەت بێ شك و شوبهە و گومان

سەرفی نەقدی رووحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون

بەچکە گورگ ئاسا لەئاخیر چوونە کۆزی دوودمان

فەرقی فەخری میرەلایی گەیە بەهرام و ئەسەد

کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حالە میری بازیان

باز وەکو بازی تەوار دەورێکی کرد و هاتەوە

دەوری کەهیا وشاری گرت دیسان بەرارای نۆکەران

هێزی عەزیزبەگی بابان بەکۆمەڵ هێرشیان بۆناو سلێمانی کرد.ئیسماعیل پاشای تورك بەرپەرچیدانەوە، بەتوندی تۆپبارانی کردن و سەربازەکانی تورك ناو کۆلانەکانیان لێگرتن . شەڕێکی قورس قەوما، سوارەی بابان لە ئاگری تۆپ و تفەنگی تورك زەرەرێکی زۆریان پێ گەیشت و شپرزە وپەرێشان بوون.ژمارەیەکی زۆر کوژران.محەمەد ئەمین بەگ بە گوللە بریندارببوو ،بەزەحمەتێکی زۆر لەشار دەرباز بوو .خۆی گەیاندە ئاواییەکی دووری شار ،بەلام چونکە برینەکەی کاریگەر بوو پاش (٣) ڕۆژ مرد .(ئەمین،١٩٩٨،٢٠٠)لەم شەڕەدا سوارچاکی کورد دلێریەکی زۆری نواند لەشکری تورك لەدەستیان دادو فوغانیان بوو:

تورك وەك تیلکی زەعیف و کورد ئەسەد خوو پێش

جەنگجۆ بوون یەك بەیەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

سری مەخفی ڕۆمیان زانیوتە بۆ زاهیر دەبوو

نووکی ڕم دەیخوێند لە دڵ یا تا هەموو ڕازی نیهان

بوویە جێی بەبرو غەزنەفەر کووچە کووچە ناوسوقاق

سەر محەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جانستان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕەنگـــی ســـەحرای مەحشـــەری بـــوو شـــیوەکەی لای پیرمەســـوور

گرمەگرمـــــی تـــۆپی ڕۆمـــــی هەوهەوەی ســــوارەی بەبـــــان

بــــــوو بە جـــــاروبی محەلــــــلە هەرتەرەف پەنـــــجەی پەڕیــــو

پەی کـــــراو بـــێ پـــێ لەمەیـــدان پەهلەوانـــی پـــاڵەوان

(ســەن ســەن )ی ســوارەی نیــزام و (گەل ئـۆلان) ی تــورك ئوشاغ

بگرەبگـــرەی کـــورد زمــــان وئـــاخ ئـــاخی تورکمـــان

لەگەڵ ئەو هەمـــوو نەبەردی و چاونەترســـییەی ســـوارچاکانی کـــورد شـــەڕەکە بە شکســـتی کـــورد کۆتـــایی هـــات،ئەو شکســـتەش لەبەر بێتوانـــایی نەبـــوو، بەڵکـــو ئەو دەردە کوشندەی، کە لە دێر زەمانەوە بەرۆکی کوردی گرتووە ئەویش خیانەتە،خیانەتی هەندێ لە فەرمانـدەو بەگەکـان شکسـتی بەو نەبەردیـیە هێنـا.ئەو شـەڕە مەزنە بەهـۆی خیـانەت کارەساتێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە هەرگیز سولەیمانی شتی وای نەدیبوو:

گەرچـی پێشـا پـێش بەهەیـبەت بـوون ئـازا چـوونە پـێش

حەســـرەتا بـــاز هەم نەیـــانزانی نیـــزام وا بـــێ حەیــان

پیشـــی دەمیـــان شـــیلکی تـــۆپ پشـــتی ســـەر ئەو ئـــاگرە

گەییەچەرخـــی هەفتەمـــین لەو عـــانەدا ئـــاە و فوغـــان

گـوێ فەلەك کەڕ بـوو لەبەر نـاڵەی نەفیـری ئەهلـی شار

لامەکـــانی گـــرت ســـەدای نـــاڵەو فوغـــان و ئەلئەمـــان

مــــوددەعی کــــویربێ نیــــزام ئیفلیج،مەکــــان زێــــڕو زەبەر

(میـری سـورداش)و (ئەمیـنە)ی پیـاوی هەردوو ئەنگـوان

گەر عەشـیرەت گـریەکەن هەریەك هەتـا دەمـرن کەمە

کوشـتنی میـیر بـای موخـالیف بـوو بەشـەمعی دوژمنـان

ڕۆژی قەتــل ئەمــڕۆیە ئەلــحەق (وا حوســێنی) پــێ دەوێ

بـــــۆئەدای تـــــازی سەراســـــەر نیلگــــوونە ئاســــمان

(میری سورداش و ئەمینی پیاوی دەکوژرێن،سالم ڕوودەکاتە خەڵکی و دەڵێ هەتا مـردن گەر بـۆ کوشـتنی میـری سـورداش بگـرین و شـیوەن بـکەن هێشـتا کەمە. ئەم کارەســـاتە بوویەخۆشـــی بـــۆ دوژمنـــان ....ئەمـــڕۆ بەراســـتی ڕۆژی کوشـــتن و خـــوێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕشتنه.لەخۆدانێکی گەرەکە وەکو ئەو (واحوسینی )یەی بۆ شەهیدی کەربەلا دەکرێ لەم تازیەدا ئاسمان لەشین و شەپۆڕدایە )(س.پ، ١٥٢)

ساعیقەو بەرقی نەدامەت زولمەتی دا شەرق و غەرب

بەردە بارانە بەمەخسووسی لەسەر مولکی بەبان

چاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لە وەزعی دەهری دون

سەیرکە تورکی دەلەك چی کرد بە زومرەی کوردزمان

عەرسەیی مەیدانی چەرخە ئێستە جەولانگاهی بووم

بوو بە لانەی زاغی بەدخوو ،ئاشیانەی باڵەبان

باس لەو تۆپ باران و هێرشە تایبەتە دەکات،کە تورکەکان بەتایبەتی لەگەڵ میرنشینی بابانیان کردووەو لەشکری تورك چی بەرامبەر خەڵکی کورد کردووە تەنیا لەبەر ئەوەی سەریان بۆ تورك دانەنواندووە

(وەسفی دیمەنێکی شەڕەکە دەکا لەدەوروبەری گەڕەکی پیرمەسووری سلێمانی.گرمە گرمی تۆپی دوژمن و هەوهەوەی هاندانی سوارەی بابان بۆ هێرشبردن کردبووی بە ڕۆژی مەحشەر ، لەو جەنگەدا ئەوەندە دەست و پەنجە ی پەڕیو زۆر بوو وەکو گەسکێك بوو بەبا کۆڵانەکانی گسك دەدا. سەربازی کوردو تورك بەرامبەر یەکتری بوون و تێکترنجا بوون و هەڵمەتیان بۆ یەکتری دەبرد. قیژەو هۆڕو هاوار سەری کاس دەکرد سەربازی سوارەی تورك بەزمانی خۆی (سەنسەن) ی بوو واتە تۆ...تۆ و کوڕە تورکیش (گێل ئۆلان ) ی بوو واتە کوڕە وەرە .جەندرمەی تورك ناڵە ناڵیان بوو کەچی کورد بگرە بگرەی بوو )(س.پ، ١٥٥)

(لەکۆتایی قەسیدەکەدا شاعیر باس لەسەرکردەی جەنگەکە عەزیز بەگی بابان دەکا. بەشێری ناو دارستانی وڵاتی دادەنێ.

سالم ئەوەندە بە ووردی جەنگەکە دەگێڕێتەوە، کە دەیبیستی باوەڕناکەی گەر بلێن خۆی بەشداری شەڕەکەی نەکردووە. ئەو کارەساتەی، کە ڕوویدا ناتوانرێت هەزم بکرێ، بۆیە ڕوو دەکاتە خەڵکی شاری سلێمانی و دەڵێت :

ئەهلی بابان گریەکەن بۆ خانەدان و ئاغەت

نیمی مەحبووس، نیمی مەقتول ، نیمەیی مەنفی کران

کەوڵ بەدۆش ،یا خەرقەپۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن

ڕووکەنە ئەملاکی (پیترو) بچنە شاری خامۆشان

ئاگری نەگبەت لە خەرمەنهایی تالع کەوتووە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

شەمعی دەوڵەت هەر تەرەف دەکرا هەمووخامۆش کران

لەگەڵ ئەو ماڵوێرانییەش شاعیر هەردەم هەوڵی داوە ترسنۆکی و بەد ڕەوشتی لەشکری تورك پیشان بدات .

تورك وەك تیلکی زەعیف و کورد ئەسەد خوو پێش

جەنگجۆ بوون یەك بەیەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

ك سڕی مەخفی ڕۆمیان زانیوتە بۆ زاهیر دەبوو

نووکی ڕم دەیخوێند لە دڵ یا تاهەمووڕازی نیهان

لەم شیعرەدا سالم لەڕووی دڵسۆزی و موبالەغەی شیعرییەوە تورك بە تولە سەگی بێ تواناو، کورد بە شێری نەڕی بەهێز دەچوێنێ،بەڵام لە ڕاستیدا وانەبووە، بەڵکو سوپای عوسمانی لە کورد بەهێزتر بووە. لەبەرئەوە جەنگاوەرانی بابان نەیانتوانیوە بەرهەڵستی بکەن و شار لەلایەن ئەو بێگانەیە داگیرکراوە )(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥١)

باسەکەی وەکو لەسەرەوە نوسراوە بەموبالەغە دەس پێدەکا و لەتەواوی قەصیدەکە دا ئەوەندە بە ئازایەتی و لێوەشاوەیی و سوارچاکی عەزیز بەگ دا هەڵدەدا دەگاتە ڕادەی هەڵنانێکی زێدەڕۆ ،بەڵام بێگومان ئەم هەڵوێستەی سالم ،هەڵوێستێکی سیاسی بووە و جێگای ڕێزلێنانە. لەڕاستیدا شیعر خۆی زیادەڕۆیی تیایە، بەڵام لێرەدا شاعیر گەر زێدەڕۆیشی کردبێت ئاساییە، چونکە شەڕێکی نابەرابەر بووە، عەزیز بەگ وسوارەکانی ڕووبەڕووی لەشکرێکی خاوەن چەکی تازە بوونەتەوە ئەگەر ئازایەتی و فیداکاری نەبووبێت چی وایکردووە لەشکری تورك وا بە پەند ببەن و زەندەقیان ببەن،گەر خیانەت نەبوایە جۆرێکی دی دەبوو:

سێ بلۆك پشتی گرت و سەنگی دەوران هاتنە پێش

حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان

سەرفی نەقدی ڕووحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون

بەچکە گورگ ئاسا لەئاخیر چوونە کۆزی دوودمان

فەرقی فەخری میرەلایی گەییە بەهرام و ئەسەد

کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حاڵە میری بازیان

باز وەکو بازی تەوار دەورێکی کرد و هاتەوە

دەوری کەهیا وشاری گرت دیسان بەرارای نۆکەران .

لێرەدا باسی کەمتەرخەمی یاخود خیانەتی ئەو سێ سەرۆك بلۆکە دەکات.

(پیرەمێرد لە کورتە باسێکی ئەم شەڕەدا ،وەکو شەڕەکەی خستۆتە مانگی ناوجەژنانی ١٢٦٦ك/١٨٥٠ز ەوە ماوەی گەمارۆدانی لەشکری تورك وباسی فێڵەکەشی کردووە.دەڵێ (عەزیز بەگی مامی ئەحمەد پاشا عوسیانی کرد و پەنجاو یەك ڕۆژ دەوری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سلێمانی بەست . ئاخری بە فێڵ و بەناوی عەسکەری ئەحمەد پاشا و دەستەو دائیرەی مورتەدەکانەوە واتە بەناوی نیزامیەکانی ئەحمەد پاشاوە کاغەزیان نووسی: وەرە ئێمە تەسلیم ئەبین: ئەویش بە دڵپاکی و بێ باکیی هاتە سەر قشڵەو تۆپخانە ،لەپڕ دەستڕێژی تۆپ و تفەنگیان لێ کردن زۆریان لێ کوشتن هەمزەی مەسرەفی باپیرم لەو شەڕەدا یانزە برازاو کەسوکاری کوژرا . خۆشی بەبینداری گیرا. لە چوخمەکەی حەساری ماڵی کاك ئەحمەدی شێخ حەپس بوون. شەو پەنجەرەیان شکاند و ڕایان کرد ))(ئەمین،١٩٩٨، ٢٠١)خیانەتکردنەکە لە چەند لایەکەوە بووە پشتگیری کردنی محەمەد بەگی خالید بەگ بەخۆ سوارەکانی بۆ تورکەکان گەورەترین خیانەتکاری بوو لەو جەنگەدا (ئیسماعیل پاشای قایمقامی سلێمانی و ئەفسەرە داگیر کەرەکانی تورك لە ٢٩ ی ڕەجەبی ١٢٦٦ك /حوزەیرانی ١٨٥٠ ز دا بۆ پاکانەکردن و ئافەرین محەممەد بەگی کوڕی خالید بەگ و کوڕەکانی عەبدوڵا ،عەبدوڕەحمان و حسێن ،کەماوەی چل ڕۆژ بە (٣٠٠) سوارەوە لەسەنگەری تورك دا دژی عەزیز بەگ جەنگیبوون ،شەهادەتنامەیەکیان نووسیووە .هەر ئەمانەش فێڵیان لێ کردووە.

ئەمە دواین شەڕی بابان بوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ،عەزیز بەگ لەگەڵ ژمارەیەکی کەم دەرباز بوو .ماوەیەك وێڵ و سەرگەردان لە ناوچەکانی سنوری ڕۆم و عەجەم دا سوڕایەوە ،حکومەتی عوسمانی داوای لە ئێران کرد ،حاکمی کرماشان ،عەزیز بەگ دەربکا ،عەزیز بەگ لە هیچ لایەکەوە هیوای نەما بوو ،سەرەنجام بەتەنیا ڕێگای ئەستەمۆڵی گرت و خۆی بدابەدەستەوە ،لەجێگایەکی دوور لە کوردستان دەسبەسەر دایان ناو موچەیەکی مانگانەیان بۆ بڕیەوە .)(ئەمین،١٩٩٨، ٢٠٢).

سالم ئەم شەڕەی بەهەڵبەستێکی درێژ هۆنیوەتەوە ،دیمەنی شەڕەکە وەکو شەڕێکی نەتەوەیی دژی دەسەڵاتی داگیرکەر و عەزیز بەگ وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی شەڕی بەرەنگاریی بەرامبەر بە بێگانە باس دەکا.

گەرچی پێشا پێش بەهەیبەت بوون ئازا چوونە پێش

حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان

پیشی دەمیان شیلکی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە

گەییەچەرخی هەفتەمین لەو عانەدا ئاە و فوغان

گوێ فەلەك کەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار

لامەکانی گرت سەدای ناڵەو فوغان و ئەلئەمان

موددەعی کویربێ نیزام ئیفلیج،مەکان زێرو زەبەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(میـری سـورداش)و (ئەمیـنە)ی پیـاوی هەردوو ئەنگـوان

گەر عەشیرەت گریەکەن هەریەك هەتا دەمرن کەمە

کوشـتنی میـی بـی موخـالیف بـوو بەشـەمعی دوژمنـان

ڕۆژی قەتـل ئەمـڕۆیە ئەلـحەق (وا حوسـێنی) پـێ دەوێ

بــۆئەدای تــازی سەراســەر نیلگــوونە ئاســمان

(میری سورداش و ئەمینی پیاوی دەکوژرێن ،سالم ڕوودەکاتە خەڵکی و دەڵێ هەتا مردن گەر بۆ کوشتنی میری سورداش بگرین وشیوەن بکەن هێشتا کەمە ئەم کارەساتە بووبەخۆشـی بـۆ دوژمنـان....ئەمڕۆ بەراسـتی ڕۆژی کوشـتن و خـوێن ڕشـتنە .لەخـۆدانێکی گەرەکە وەکو ئەو (واحوسینی )یەی بۆ شەهیدی کەربەلادەکرێ لەم تازیەدا ئاسمانلەشین و شەپۆڕدایە ) (خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٢)

(ذکر محاربەی بندگان میری جلیل الشان عزیز بگی بابان باطائفە رۆمیان )

لــێم گەریــن بــا گۆشــەگیربم دەســتە ئەژنــۆ ،کەف زەنــان گێژەلــووکەی بــای نەدامەت تــاری کــرد ســەفحەی جیهــان بەزمــی ســەیدی ئــێمە ،ســەیادی فەلەك کــارێکی کــرد ڕەنــگە بــالای تیــر قەدانمــان بێــتە تەرکیبــی کەمــان زیعفــی تــالع جــازییە وەك کارەبــا ،بــۆ خــوێن و دەم سەیری چیهرەی بەختی من کەن ،بووبەڕەنگی زەعفەران

سـالم هەمـوو بوارەکـان دەبـڕێ تـا دەگـاتە ئەو مەیـدانەی، کە نیشـتمان پەروەرو مێژوونووسەکان ئەسپ و قەلەمی خۆیان تیایا دەخەنەکار.(کارەساتە بەناوبانگەکەی عزیز بەگی بابان لەگەڵ ڕۆمیەکان بە (٨٥) دێڕەشیعر ئەیخاتە شریتێکی سینەماوە ،لەکۆشکی سولەیمانی دا تروسـکە لەهەمـو رونـاکیەك ئەبڕێـت و ئەم ئەو شـریتەت بـۆ ئەخـاتە سـەر مەکینەی قسەکردن ،تۆ هەم چاوت لە بگرەو بەردەی نەبەردی پاڵەوانان ئەبێت، هەم گوێت لە شریخ و هۆڕی تۆپ و تفەنگ )(سەجادی ،١٩٥٢، ٢٤٣)

ســالم وەك تراژیــدی نووســێکی بەتوانــاو بەتەکنیکــی گێــڕانەوە ئەو کارەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوەو بەم شێوەیە دەس پێدەکات:

لێم گەرین با گۆشەگیربم دەستە ئەژنۆ ،کەف زەنان

گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

بەزمی سەیدی ئێمە ،سەیادی فەلەك کارێکی کرد

ڕەنگە بالای تیر قەدانمان بێتە تەرکیبی کەمان

زیعفی تالع جازیبە وەك کارەبا ،بۆ خوێن و دەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەیری چیهرەی بەختی من کەن ،بووبە ڕەنگی زەعفەران

( ئەم کارەساتە لەساڵی (١٨٥٠)دا بووە. چونکە لە ئاخروئۆخری ١٢٦٦ ی هیجری سوڵتان عبدالعزیز خانی عوسمانی داوای لە ناصرالدین شا – شای ئیران کرد، کە پێکەوە دەست بکەن بەیەکا بۆ لەناوبردنی ئەمارەتی بابان .لەلایەن حکومەتی ئیرانەوە غولام شا خانی ئەردەلان نێررا بۆ سولەیمانی.لەم هەرایەدا عەزیز بەگ دەربەدەر بوو. چوو بۆ زەهاو لەوێوە بۆناو عەرەبەکان)(سەجادی ،١٩٥٢، ٢٤٣).

دەردی دڵ و لانە تێکچوونی خوی و مەردوم باس دەکا:

دل لە محنەت کەیلە تابی  سەیری ناوشارم نیە

عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لەداغی مەردمان

دواتر باسی گولولەلێژی بەرەی بابان وکوژاندنەوەی شەمعی نگینیان و چەپگەردی روزگاری چەپگەرد بەرامبەر بەوان و کوردان لەدەست کارەساتی تورکان دەکات:

ساعیقەو بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب

بەردە بارانە بەمەخسووسی لەسەر موڵکی بەبان

چاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لە وەزعی دەهری دون

سەیرکە تورکی دەلەك چی کرد بە زومرەی  کورد زمان

عەرسەیی مەیدانی چەرخە ئێستە جەولانگاهی بووم

بوو بەلانەی زاغی بەدخوو ،ئاشیانەی باڵەبان

ئەوانەی ناسازو ناهەموارن هاتونەتە پێشەوە،ئەوانەی خاوەنی شوێن و پایەبوون سەرەکانیان لەو ناوە هەڵئەخناوە .ئەمانەش هەمووکارەساتی ڕۆمی بوو چونکە :

حاکمی ڕۆمی لەسەر تەختی سلێمانی درێغ

کەوتە دەستی دێوی دوون میهری سلێمان ئەلئەمان

گوللە تۆپ وەك تۆپی قامیش بو لەئاقار غیرەتێ

تەبعی جۆیای بەزمی شیلك بو لەجێ سینە کەمان

تورك وەکو تیلکی زەعیف و کورد (اسد) خو هاتنە پێش جەنگجو بوون یەك بەیەك هەرسو وەکو بەبری بەیان  (سەجادی،١٩٥٢ ، ٢٤٥)

ئینجا عزیز بەگی بابان ئەلاوێنێتەوە و باسی هەتیوی شارەزوور ئەکاو دوایی شیعرەکانی بەوە دێنێ:

چنگی شابازی بازی بازانی باز نەبی

فش هەڵات (کەهیا ) لەسەر بیزەی تەمەع وەك ماکیان ! (سەجادی ،١٩٥٢، ٢٤٦)

ئەم تراژیدیایە کەسایەتی زۆری بەخۆیەوە دیوە لە کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی. شاکەسی سەرەکی ئەم داستانە عەزیز پاشای بابانە،کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆلێکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەرچاو و قارەمانانەی لەم شەڕەدا بینیوە.(عەزیز بەگ کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و مامی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بوو ،ئازایەتی ئەم سوارچاکە لەکۆمەڵی سلێمانیدا بووە بە چیرۆك و خەڵکی وەك نموونەی قارەمانیەتی و نیشتمان پەروەری دەیگێڕنەوە زعەزیز بەگ هاوڕێی نزیکی سالم بووە ،جگە لەوە برادەریەتی لەگەڵ بنەماڵەی ساحێبقڕان بووە ماوەییێك هاوکارو برادەری مەحمود بەگی ساحێبقڕانی خزمی سالم بووە، ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ بنەماڵەی ساحێبقڕان بە چەکمە ڕەق ناوبانگیان دەرکردووە، ئەمانە لە وێنەی سوارچاك و جەنگاوەرەکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستیان دەکرد)(خەزنەدار،٢٠٠٣، ١٥٥).

لەسەهمی حەملەیی ئەو ، بۆ عەدو هەرجا حەزەر لازم

لەدەس ئەو بو کراسی ڕۆمیان شێوەی قەبا پەیدا

دەبێ گەر بێتە مەیدان وەکو بەبری بەیان ساتێ

لیباسی ڕوو بەهی دەردەم لەئەندامی گیا پەیدا

ئەگەر ئاوی بەقای نۆشی بێ دوژمن فائیدە نادا

لەمەوجی جەوهەری تیغی حرووفی لابەقا پەیدا

(کاتێ، کە گلۆڵەی بابانەکان دەکەوێتە لێژی و وەزعی سلێمانی تێکدەچێ و عوسمانییەکان دەست دەکەن بەستەم و زۆرداری، ئەمە کار دەکاتە سەر سالم و بە شیعر هەستی خۆی بەرامبەر بەو کارەساتە ناخۆشانە دەرئەبڕێ. ئەم ستەم و زۆردارییە وای لێدەکات، کە سەری خۆی هەڵبگرێ و ئاوارە ببێ و بڕوا بۆ تاران .)(عارف،١٩٨١، ٤٣).

لە دەریای مەعرەکە تیغی نەهەنگی گەر نمایان بێ

لەناو ئۆردوی تورکانا دەبێ شین و صەدا پەیدا

عەزیزم وا لەناو چاهە خوداوەند نەجاتی دەی

لەچیهرەی ئەو بکا یەعقوبی دڵ ڕەمزی صەفا پەیدا

خودایا موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە ،سا لطفێ !

بە ئیکسیری وجودی ئەو وەك میسك بەها پەیدا (ئەمین،١٩٩،١٩٩٨)

(لەکۆتایی قەسیدەکەدا شاعیر باس لە سەرکردەی جەنگەکە عەزیز بەگی بابان دەکا.بە شێری ناو سەرنەکەوت. ئینجا شاعیر دەکەوێتە بزواندنی سۆز بەداهێنانی وێنەی شیعری. میسر و شارەزوور بەرامبەر بەیەکتریان دادەنێ بەراوردیان دەکا، بەڵام دەڵێ شارەزوور بێ عەزیز بەگی بابانە، ئەمە نابێ ڕووبدا، چونکە میسر بێ عەزیزی میسر (پووتیفار)ی وەزیری فیرعەون نەبووە. بەم جۆرە کوردی بابان دەربەدەرو ئاوارە بوون وەك کەنعانیانی فەلەستینی کۆنیان لێ هات.)(خەزنەدار ،٢٠٠٣، ١٥٥). لێرەدا سالم مەبەستی لە عەزیزی میسر پۆتیفار نییە، بەڵکو مەبەستی لە حەزرەتی (یوسف)ە،چونکە میسری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەسەردەمی پۆتیڤاردا ژیانیان ناخۆش بوو، نەبوون ونەداربوون، لەژێر چەپۆکی پیاوانی ئاینییدا بوون،لەسەردەمی یوسف دا ژیانیان گۆڕاو بەرەو خۆشی چوون. جگە لەوە کەنعانیەکانی فەڵەستینی کۆن هیچ پەیوەندییان بە پۆتیڤارەوە نەبوو، بەڵکو دوای ون بوونی یوسف ژیانیان ناخۆش بوو و ئاوارەو دەربەدەربوون.سالمیش دەڵێت:

دیدە نابینایە وەك یەعقووب لەهیجرانی عەزیز
تۆخودا ساحیب لا مەکان و تۆی خودایە لامەکان

دیارە لەو تراژیدیایە گەلێ کەسایەتی تر هەن و ڕۆلی بەۆچاویان هەبووە و لەشەڕەکەدا زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاندووە، لەوانە میری سورداش و ئەمینی پیاوی میر، کە هەردووکیان لە شەڕەکەدا دەکوژرێن:

موددەعی کویربێ نیزام ئیفلیج، مەکان زێڕو زەبەر
(میری سورداش)و (ئەمینە)ی پیاوی هەردوو ئەنگوان
گەر عەشیرەت گریەکەن هەریەك هەتا دەمرن کەمە
کوشتنی میر بای موخالیف بوو بەشەمعی دوژمنان
ڕۆژی قەتل ئەمرۆیە ئەلحەق (وا حوسێنی) پێ دەوێ
بۆئەدای تازی سەراسەر نیلگوونە ئاسمان

کات و شوێن

شوێن شاری سلێمانییە. کە دوای لابردنی عەبدوڵا پاشا عەبدی پاشا والی بەغدا ئیسماعیل پاشای تورك بەهێزێکەوە دەنێرێت بۆ سەرپەرشتی سلێمانی، کە دەبێتەمایەی ناڕەزایی خەڵك:

شارەزوور بەحرو سلێمانی لەسەر ئەو گەمیە ڕەنگ
بۆ شکستی وەك نەهەنگ بوو فیتنەیی ئاخر زەمان
ڕاستە گەردوون چابوو کە بۆ ڕەنگی بەد ڕیتن وەلێ
نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە بە موددەی سەد قڕان

لەڕووی شوێنەوە بازنەکە بچووکتر دەکاتەوەو بەشێکی شەڕەکە دەباتە لای گردی مامەیارە، کە بەگردی گولانی ناو دەبات:

دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە
حەسرەتا یەك دڵ نەگەینە شیوەکەی گردی گولان

لێرەدا مەبەستی لە گردی گولان گردی مامە یارەیە،ئینجا گەرمی شەڕەکە دەباتەوە بۆلای دارەکەی پیرمەسوور،کە ئەو ناوچە ئەوەندە خەڵکی لێکوژراوە بۆتە سەحرای مەحشەر

بووبە جێی بەبرو غەزنەفەر کووچە کووچە ناوسوقاق


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەر محەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جانستان

ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور

گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی هەوهەوەی سوارەی بەبان

(وەسفی دیمەنێکی شەڕەکە دەکا لەدەوروبەری گەڕەکی پیرمەسووری سلێمانی.گرمە گرمی تۆپی دوژمن و هەوهەوەی هاندانی سوارەی بابان بۆ هێرشبردن کردبووی بە ڕۆژی مەحشەر، لەو جەنگەدا ئەوەندە دەست و پەنجەی پەڕیو زۆر بوو وەکو گەسکێك بوو بە با کۆڵانەکانی گسك دەدا. پاشان باسی پێکهاتنی کورد وتورك ئەکا ،یەکەیەکە ناوی هەندێ کەس دێنێ و داخە دڵی ئەوە ئەخوا، کە چۆن لەناو شاری سلێمانی دا ئەو دەریای خوێنە هەستاوە ؟ هەراو هۆریای کوردان و تورکان لەگەڕەکی چوارباغ دەست پێ ئەکا:

غەڵبە غەڵبی هەر بکوژ هەڵسا لە دەشتی چوارباغ

قادری دەللاکە هەر شەو تاسەحەرگە پاسەبان

کات وەك پیرەمێرد باسی دەکات سالی (١٨٥٠ ز) ەو (سەجادی)یش هەمان ساڵ بەساڵی کارەساتەکە دادەنێت. (پیرە مێرد لە کورتە باسێکی ئەم شەڕەدا، وەکو شەڕەکەی خستۆتە مانگی ناوجەژنانی ١٢٦٦ك/١٨٥٠ز ەوە ماوەی گەمارۆدانی لەشکری تورك وباسی فێڵەکەشی کردووە.دەڵێ: (عەزیز بەگی مامی ئەحمەد پاشا عوسیانی کردو پەنجاو یەك ڕۆژ دەوری سلێمانی بەست.)(ئەمین،١٩٩٨، ٢٠١). ئەم کارەساتە لە (١٨٥٠)دا بووە، چونکە لە ئاخروئۆخری ١٢٦٦ ی هیجریی سوڵتان عبدالعزیز خانی عوسمانی داوای لە ناصرالدین شا — شای ئیران کرد،کە پێکەوە دەست بکەن بەیەکا بۆ لەناوبردنی ئەمارەتی بابان.لەلایەن حکومەتی ئیرانەوە غولام شا خانی ئەردەلان نیررا بۆ سولەیمانی .لەم هەرایەدا عەزیز بەگ دەربەدەر بوو چوو بۆ زەهاو لەوێوە بۆ ناو عەرەبەکان )(سەجادی ،١٩٥٢، ٢٤٣).

نەوبەهاری من خەزانە،وەقتەکەی سوبحم تەمووز

پرتەوی ماهە غەم و،چاکی دەروونم وەك کەتان

شاعیر کاتەکە وردتر دەکاتەوەو بەمانگی تەمووزی داناوە، کە گەرمەی هاوینە، بەڵام لەو بۆتە خەزان.

ئەو قەسیدەیەی سالم، کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین شەڕی بابان و عوسمانیەکان (ذکر محاربە میر جلیل الشان عزیز بیگ بابان با طائفە رومی سنە ١٨٤٩/١٢٦٦ و تسخیر ولایت بابان بدست رومی اسماعیل پاشا)( حلمی،١٩٨٨، ٥٧). ئەو قەسیدەیە، کە (مێژوویێکی راستی ڕووخانی حکومەتی (بەبە) و لە دەسچوونی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقە .حەکایەتێ کە وەکو شریتی سینەما بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو دەورەمان پیشان ئەدا، وە کارەساتێ کە لە شاری سلێمانیی ڕوویداوە بۆمان ئەگێڕێتەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

)(حلمی،١٩٨٨، ٥٧). قەسیدەکە (قەسیدەیەکی جەنگی وسوارچاکییە، باس لە ڕووداوەکانی شۆڕش و جەنگی قارەمانانەی عەزیز بەگی بابان لە دژی تورك لە سلێمانی،دوا بەدوای کۆتایی هێنان بەحوکمڕانی بابانەکان دەکات. قەسیدەکە نوونییە و لە (١٠١) دێڕی شیعری پێکهاتووە.بەو هۆیەی ناسناوی شاعیر لە کۆتایدا دیار نییە گومانی بۆ ئەوە دەچێت ناتەواو بێت.ئەم قەسیدەیە یەکێکە لە قەسیدە هەرە گرنگ و تۆکمە و پتەو داڕێژراوەکانی سالم.تەنانەت لە شیعری کوردیدا لەباری ڕوخسارو ناوەرۆکەوە،وەکو نموونەیەك بۆ قەسیدەی کوردیی کلاسیك کەم وێنەیە.کێشە عەروزییەکەی بریتییە لە ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەقسوور (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلان ).دیڕەکانی سەرەتاو دەسپێکی بەم جۆرەیە)(دەشتی،٢٠٢١، ٣٧٧).

لێ گەڕێن با گۆشەگیربم، دەستەو ئەژنۆ کەفزەنان
گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

**ئەنجام:**

١- سالم ئەو قەسیدەیەی، کە تەرخان کردووە بۆ باسی ئەو شەڕەی، کە بەسەرکردایەتی عەزیز پاشا لەبەرامبەر تورکی داگیرکەر.سالم کە باس لەو شەڕەدەکات وەك دلسۆزێك و نیشتمانپەروەرێك باس لە شەڕەکە دەکات. هیچ مەرامێکی تری نەبووە ڕاستە لە هەندێ شوێندا زێدەڕۆیی دەبینرێت،بەڵام بەموبالەغە دانانرێت چونکە شەڕێکی نابەرامبەر بووە.

٢- لەم شەڕەدا نەبەردی وا نوێنراوە،کە تورکەکان لە ئاستیا چۆکیان لەرزیوەو ئەوەندەی نەماوە بەتەواوەتی بشکێن،بەڵام دەستی خیانەت فریایان کەوتووەو لەو میحنەتەدا ڕزگاری کردون، واتە سەرکەوتنی تورك و شکستی عەزیز پاشا بەهۆی کەمتەرخەمی هەندێ فەرماندەو خیانەتی هەندێ لەبەگ و میرەکان بووە.

٣- سالم زۆر بە وردی وەسفی ڕوداوەکە دەکات وەك ئەوە وایە خۆی بەشداری لە شەڕەکەدا کردبێت و کامیرایەکی زۆر پێشکەوتووی پێ بووبێ و وێنەی گشت دیمەنەکانی گرتبێت . بۆیە ئەم قەسیدەیە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی زۆر دەوڵەمەندە بۆ دروستکردنی فلیمێکی سینەمایی.

٤- سالم بە وردی باسی کاتی شەڕەکەو ئەو شوێنانەمان بۆ دەکات، کە شەڕیان تێدا ڕوویداوە وەك پیرمەسوور،گردی گوڵان،چوارباغ و گەلێ شوێنی تر.

٥- شاعیر باس لەو بارودۆخە خراپە دەکات،کە ئەو جەنگە کاولکارییە بەسەر سلێمانیدا هێناوە و چۆن کاروباری ناوچەکە دراوەتە دەست خەڵکانێکی کاسەلێس و مشەخۆر و چۆن خەڵکانێك دەربەدەربوون و گوزەرانی ئەوانەی ماونەتەوەش زۆر خراپە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی:


- ئەرستۆ(٢٠١١)،هونەری شیعر(شیعرناسی)،و:عەزیز گەردی،چ٢، سلێمانی.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا(١٩٩٨)،میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا،چ٢،چاپەمەنی خاك،سلێمانی.
- ئۆسکار مان(٢٠١٣)،توحفەی موزەفەرییە، ساغکردنەوە و هێنانەسەر رێنووسی کوردیی،عەلی نانەوازادە،چاپخانەی حاجی هاشم،لە بلآوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر
- بهار، محمد تقی (ملك الشعرا)(١٣٤٩)،سبك شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی،چاپ سوم، چاپخانه سپهر،تهران.
- حەسەن،محەمەد ئەحمەد(٢٠٠٦)، بینای رووداو لە چیرۆکدا،گ رامان،ژ ١١٥،هەولێر.
- حەمەباقی، محەمەد(٢٠٠٢)، میرنشینی ئەردەلآن، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٧٩٩-١٨٤٧ز، دەزگای ئاراس،هەولێر.
- حەمەبۆر،محەمەد مستەفا(٢٠١٠)،دیوانی کوردی، ب١، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
- حلمی،رەفیق(١٩٨٨)،شعرو ئەدەبیاتی کوردی ،چاپخانەی ز سەلاحەدین،هەولیر،
- خەزنەدار،د.مارف(١٩٨٤)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا.
- خەزنەدار،د.مارف(٢٠٠٣ )، مێژووی ئەدەبی کوردی ،ب٣، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
- خەیات،کاروان عوسمان(٢٠١٢)، بەشێك لە دیوانی سالم ،چاپخانەی چوارچرا .
- خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٧)، نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا، لە بلاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوە.
- دەشتی،د.عوسمان(٢٠٢١)،سالمی ساحێب قران،چاپخانەی رۆژ هەلات،هەولێر.
- رەحمان،عەبدولا(٢٠١٤)، بنیاتی گێرانەوە، چاپخانەی موکریانی،هەولێر.
- ریچ، کلاودیوس جێمس(٢٠٠٢)،گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەحەباقی، چ٣، دەزگای ئاراس،هەولێر.
- زەکی، محمدامین(١٩٣٩)،تاریخ سلیمانی و ولآتی، بغداد.
- سەجادی،عەلائەدین( ١٩٥٢)،مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف،بەغدا.
- شەرەفکەندی،د.سادق(٢٠١٢)،کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد،و: تەها عەتیقی،چ٢،هەولێر.
- عارف،د.محمد نوری( ١٩٨١)،تێکستی ئەدەبی کوردی ،ب٢،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- عومەرکاکی،حەمەنوری(٢٠٠٨)،شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم(لە ناوچەی سلێمانی)،مەلبەندی کوردۆلۆجی،چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- قەرەداغی،محەمەد عەلی(٢٠١٠)،بەرکوتێك لەخەرمانی شیعری سالم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر.
- قەفتان، توفیق(١٩٦٩) ، مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچۆلانەوە تا دروست کردنی شاری سلێمانی (١٠٨٠-١١٩٩ك/١٦٩٩-١٧٨٤ز)،،بەغدا.
- مارف، عومەر ئیسماعیل(٢٠١٥)،مەحمود پاشای بابان(١٨١٣- ١٨٤١ ز) ،چاپخانەی یاد،سلێمانی.
- مەلا، ئەحمەد(٢٠٢٠)،لە ریێنیسانی فەڕەنسییەوە بۆ شکستی ریێنیسانسی کوردی لە مەعریفەی تاکڕەهەندەوە بۆ کرانەوە،چاپخانەی ئەندێشە،سلێمانی.
- محەمەد،د.ئیبراهیم قادر(١٩٩٨)، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠-١٩٨٠، کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین،(نامەی دکتۆرا).
- مودەریس،مەلا عەبدولکەریمی(١٩٨٥)،پیاچوونەوەی محمدی مەلاکەریم، چ٢، انتشارات صلاح الدینی ئەیوبی،ارومیە.
- میران،سەردار حەمید و شارەزا،کەریم(٢٠١١)،دیوانی حاجی قادری کۆیی،انتشارات کوردستان،سنندج.

**بە زمانی عەرەبی:**

- ادموندز،سي.جي(٢٠١٢)،کورد،ترك،عرب، سياسة ورحلات و بحوث عن الشمال الشرقي من العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ترجمة جرجيس فتح اللة،دار اراس للطباعة والنشر و منشورات الجمل.

## Baban Emirate and Ottoman Occupation in a Salim's poem

**Abstract:**

In our national history and during the time of the Kurdish emirates, many great stories have happened in order to survive and determine the identity, which bravely faced the enemy and invaders. Due to the absence of publishing and books, literature especially poetries of that era have recorded those bravery stories . The Baban Emirate was a period of internal and regional chaos. During a century and a half, the occupation policies of the Romans and foreigners on the one hand and the lack of national consciousness and internal family conflicts of the emir and kings on the other hand caused the fall of that emirate. Nali, Saleem and Kurdi, like the triangle of Baban poets, used the Central Kurdish dialect. Salim was one of the poets of that time who lived with

the events and was closely aware of them. He had his own stances about the events which caused him to live in exile. The current study highlights the poetry which was on the last conflict between the Babans and Ottoman Empire under the leadership of Aziz Bagi Baban.

The poet sheds light on the courage and social conditions of Sulaimani. The study consists of two parts. The first part is devoted to the appearance and fall of the emirate, the literary situation of that time and the style of Salim's poetry. In the second part, the relationship between poetry, history and artistic interpretation of the poem is discussed.

## إمارة بابان والاحتلال العثماني في قصيدة سالم

**الملخص:**

في تاريخنا ا لوطني وفي زمن الإ مارات الكرد ية ، حدثت العد يد من القـصص العظيـمة من أ جل البقاء وتحد يد الهو ية ا لتي واجهت بشجاعة العدو والغزاة. ونظرا لغياب النشر والكتب فقد سجل الأدب وخاصة شعراء تلك الحقبة تلك القصص الشجاعة. كا نت إمارة با بان فترة فوضى داخلية وإقليمـية. خلال قرن ونصف ، تسببت سياسات الاحتلال من قبل الرومان والأجا نب من ناحية وانعدام ا لوعي ا لوطني والصراعات الأسرية الداخلية للأمير والملوك من ناحية أخرى في سقوط تلك الإمارة. نالي وسليم وكردي ، مثل مثلث شعراء با بان ، ا ستخدموا اللهجة الكرد ية المركزية. كان سالم من شعراء ذ لك الوقت ا لذين عاشوا الأحداث وكانوا على دراية بها عن كثب. كانت له مواقفه الخاصة من الأحداث التي جعلته يعيش في المنـ فى. تـ سلط الدرا سة الحال ية الـ ضوء عـ لى الـ شعر ا لذي كان عن الـ صراع الأ خير بين البا بانيين والإمبرا طورية العثمانية بقيادة عزيز باغي بابان.

يلقي الشاعر الضوء على شجاعة السليمانية وظروفها الاجتماعية. تتكون الدرا سة من جزئين. خـ صص ا لجزء الأول لظـ هور الإ مارة و سقوطها ، والو ضع الأد بي في ذ لك الو قت ، وأ سلوب شعر سالم. في الجزء الثاني ، تناقش العلاقة بين الشعر والتاريخ والتفسير الفني للقصيدة.

**الكلمات الدالة:** *بابان, الامارات الكردية, الشعراء, الاحتلال العثماني, سالم.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# ڕۆڵی میرگەهێن کوردی لە سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکیی کوردیدا (بۆتان ـ بابان) بە نموونە

**پ. د. عوسمان دەشتی**
بەشی زمانی کوردی- فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی کۆیە/ هەرێمی کوردستانی عیراق
**پ. ی. د. دەریا جەمال حەوێزی**
بەشی زمانی کوردی- فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی کۆیە /هەرێمی کوردستانی عیراق

**پۆختە:**

دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکان بە سەرکردایەتی بنەماڵە کوردە دەسەڵاتدارەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێراندا بووە هۆی بوونی ئەوەی لە دەوڵەتە کوردییەکان تا ڕادەیەک لە ئازادی و سەربەخۆیی بەهرەمەند بن، ئەمەش جۆرێک لە سەقامگیری سیاسیی خوڵقاند کە لە بەرامبەردا ڕێگەی بە دامەزراندنی شارەکان و خۆشگوزەرانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا، و بەم شێوەیەش سەرهەڵدان و گەشەسەندنی لە بوارەکانی پەروەردە و ئەدەب و کولتووردا بەدوای خۆیدا هێنا. بۆ نمونە؛ دەبینین حاکم و میرەکانی کورد لە هەردوو ناوچەی (بۆتان و بابان)، دەستیان بە دروستکردن و دامەزراندنی مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی و ناوەندی پەروەردەیی جۆراوجۆری کرد، سەرپەرشتی کارەکانیان کرد، هەروەها خەرجکرنی دارایی و ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ هەر کەسێک کە پێویستی پێیانە. کارەکتەری ناسراوی وەك (مەلای جزیری /١٦٤٠-١٥٦٧)، کە زمانی کوردی-بۆتانی وەک زمانێکی ئەدەبی بۆ شیعر و داهێنان وەرگرتووە، ئیلهامی لە هەموو ئەو هونەر و شێوازە ڕیتۆریکیانەی کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی (عەرەبی و فارسی)دا هەبوون وەرگرتووە. بە مەبەستی دروستکردن و دەستپێکردنی ئەزموونێکی نوێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا سوودی لێ وەرگرتن و دامەزراند؛ کە بریتییە لە دامەزراندنی پایەکانی قوتابخانەی کلاسیک لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا. لە لایەکی تریشەوە شاعیر (نالی شارەزووری /١٨٠٠-١٨٧٧) هەوڵیدا ئەزموونەکە بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە چوارچێوەی میرنشینی بابانیدا دروست بکاتەوە و ناوەندی داهاتووی ببوو بە شاری سلێمانی، بۆ تەواوکردنی نیوەکەی تری نەخشەی قوتابخانەی کلاسیکیەت بو بە شێوەزاری کوردی-بابانی، ئەویش بە سود وەرگرتن لە شێواز و هونەرە ڕیتۆریکییە ئەدەبییە عەرەبی و ئیسلامییەکان وەک پێشتر لەلایەن ئەلجەزیریەوە ناسێندرا بۆ بازنەی شیعر و ئەدەبی کوردی لە ماوەی سەدەی حەڤدە و نۆزدەهەمدا. ئەمەش لەلایەن شاعیرانی ئیلهامبەخش و پێشەنگ جزیری و نالی ئەنجامدرا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *شیعری کلاسیک، بابان، بۆتان، نالی، جزیری*

**پێشەکی:**

میرایەتییە کوردییەکان لە مێژووی سەدەکانی نوێدا (سەدەی ١٦ تاوەکو سەدەی ١٩)، وەکو چۆن لە مێژووی سەدەکانی کۆن و ناوەڕستیشدا ڕۆڵێکی مەزن و دیاریان لە دیرۆک و ژیان و شارستانییەتی ناوچەکەدا گێڕاوە. شارستانییەت بە واتای پەرەسەندنی شار و بازێڕ و ئاوەدانی و بووژانەوەی ژیانی هزری و ڕووناکبیری لە ئەنجامی حوکمڕانییەکی بەردەوام و سەقامگیری سیاسیدا. یەکێک لە لە ڕووە گەشەکانی پێشکەوتن و ژیانی شارستانی هەر گەڵ و نەتەوەیەک لە هەر ڕۆژگار و سەردەمێکدا بووژانەوە و پێشکەوتنی چاند و ئەدەب و زانست و ژیانی ڕووناکبیرییە.

لەم ڕووەوە هەردوو میرایەتی دێرینی کوردی، (میرایەتی بۆتان لە سەدەکانی ١٥ و ١٦)دا، هەروەها (میرایەتی بابان لە سەدەکانی ١٨ و ١٩) دا، ڕۆڵێکی مەزن و مێژووییان گێڕاوە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانست و خوێندەواری و چاند و ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتیش لە سەرهەڵدان و پایەداربوونی قۆناغ و قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردیدا. بۆ نموونە دەورەی یەکەم و دەستپێکی شیعری کلاسیکیی کوردی (( قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) باکوور . بۆتانی )) لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە لە ژێر چەتری میرایەتی (جزیرا بۆتان) و لە ئامێزی ( خانەدانی عەزیزان ) دا، لەسەر دەستی مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکیی کوردی، ( شێخ ئەحمەدێ جزیری/١٥٦٨ . ١٦٤٠ ز ) سەری هەڵداوە و دەمەزراوە. هەر ئەمەش وای کردووە کەوا ئەدەبیاتی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ببێتە خاوەنی ئەدەبێکی بەرز و هونەری توکمە و پێشکەوتوو کەوا شان لە شانی ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵات ( عەرەب، تورک، فارس ) بدات. ئەنجا هەر ئەم ڕێنیسانسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بوو کە لەدوای شێخی جزیریش لەسەردەستی نەوەی پێشینی ئەم قوتابخانەیە لە وێنەی مەلای باتەیی و ئەحمەدێ خانی و پەرتۆیی هەکاری و بەکربەگێ ئەرزی و ... بۆماوەی دوو سەدە بەردەوامی هەبێ.

لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ داو لە ژێر قەلەمڕەوی میرایەتی بابانـدا و لە ئەنجامی ئاوەدانی و پێشکەوتنی خوێندەواری و زانست و زانیاری بەهاندان و پشتیوانی و لە ژێر سایە و سێبەری ( بنەماڵەی میرەکانی بابان )دا و لە ناوەند و پێگەی میرایەتییەکە دا ( قەڵاچوالان . سلێمانی)، دووبارە بووژانەوەیەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری بە پیت و دەوڵەمەند و درەوشاوە هاتە ئاراوە، کە وەکو دەورەی دووەم و تەواوکەری قوتابخانەکەی بۆتان بوو، ئەمیش لەسەردەستی بەرەی یەکەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردی (( قوتابخانەی کوردیی ( کرمانجی ) ناوەڕاست . بابان ))، بە تایبەتیش شاعیری پێشەنگ و بلیمەت و قافڵە سالاری قوتابخانەکە (( مەلا خدری شارەزووری . نالی/١٨٠٠ . ١٨٧٧ ز )) پایەدار بووە و لە دوای ئەویش پۆلێک لە شاعیرانی نەوەی یەکەم و هاوسەردەمی نالی، لە وێنەی؛ سالمی ساحێبقڕان،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مستەفا بەگی کوردی، مەلاوەسمان، نەفعی ... تانوپۆی قوتابخانەکەیان تەواوکردووە و لە ڕووی هونەری و داهێنانەوە بە ترۆپکیان گەیاندووە، کە لە دوای ئەوانیش بۆ ماوەی زیاتر لە یەک سەدە بەردەوامی هەبووە. بە مجۆرە دەبینین هەردوو میرایەتییە کوردییەکە لە بۆتان و باباندا ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەریان هەبووە لە چەکەرەکردن و سەرهەڵدان و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەردوو لقی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی ( بۆتانی و بابانی )دا.

لێرەوە ئەم توێژنەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و نیشاندانی ڕۆڵی هەردوو میرایەتی کوردیی ناودار ( بۆتان و بابان )، لە سەرهەڵدان و بوژانەوەی قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی، بە هەردوو لق و هەردو دەورەکەیەوە، کەوا تەواوکەری یەکترین بەم شێوەیە:

قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی

| دەورەی یەکەم | دورەی دووەم |
|---|---|
| شیعری کلاسیکیی | شیعری کلاسیکیی |
| کوردیی باکوور(بۆتانی) | کوردیی ناوەڕاست (بابانی) |

باسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش و چەند بڕگە و بابەتێک پێکدێت بەم شێویە:

**. بەشی یەکەم:**

١. میرایەتی بۆتان، کورتەیەکی مێژوویی.

٢. ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە هەرێمی جزیرا بۆتاندا.

٣. مەلایێ جزیری وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردیی ( لقی بۆتانی ).

**. بەشی دووەم:**

١. کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی (میرایەتی بابان)ەوە.

٢. ژیانی زانستی و ڕووناکبیری لە قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا.

٣. نالی وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کوردی (لقی بابانی).

**وشە سەرەکییەکان:** قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، بۆتانی . مەلایێ جزیری، بابان و بابانی . نالی.

**بەشی یەکەم**

**(١) میرایەتی بۆتان، کورتەیەکی مێژووی:**

هەرێمی جەزیرەی بۆتان لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی کەونارای گرینگ و ستراتیژییە، لە نێوان وڵاتی شام و تورکیا و عەرەبستان دایەو جێگەی دڵی لە خاکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردستانی گەورەدا گرتۆتەوە. پایتەختەکەی شاری جزیرەیە کە لە سەردەمانی کۆندا بە (جزیرة الاكراد . بيت قردو) ناسراوە. ناوی بۆتان لە (بوختان . بوهتان)ەوە هاتووە، کەوا هۆزێکی ناودار و ناسراوی ناوچەکە بوون، بە درێژایی چوارپێنج سەدە دەسەڵات و میرایەتی ناوچەکەیان بەدەستەوە بوو. هەرێمی بۆتان بەتایبەتیش پایتەختەکەی جزیرە، کە شارێکی دێرۆکی و کۆنی کوردانە، لە ڕابردوودا ناوەندێکی ئابووری و بازرگانی و پردی پێکەوەگرێدان بووە لە نێوان ناوچەکانی ئیران و شام و عیراق و تورکیادا. (کۆمەکا ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، ١٣).

لە ڕاستیدا هەرێمی جزیرە و بۆتان وەکو مێژوونوسەکان باسیان کردووە هەم لە ڕووی جوگرافیا و هەم لە ڕووی مێژووییەوە بەلانکە و نیشتیمانی دایک و ڕەسەنی کوردان دەژمێردرێت (عزت، ٢٠١١، ٤٣).

خوولی دووەمی میرایەتی بۆتان لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەتابەگییەکانەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەمی زایینی لەسەر دەستی سلێمانی کوڕی خالیدەوە دەست پێدەکات. میر سلێمان کەسایەتییەکی بە دەسەڵات بووە لە هۆزی بۆتان و بە باپیرە گەورەی میرانی میرنشینەکە دادەنرێت. لەو سەردەمەدا و لە دوای ئەویش کوڕەکەی، میر عەبدولعەزیزی کوڕی سلێمان کوڕی خالید، یەکەمین کەسێک بووە کەوا فەرمانڕەوایی بۆتانی کردووە و لە ساڵی (١٢٨٦)دا میرنشینەکەی دامەزراندۆتەوە (تۆفیق، ٢٠٠١، ١٤٤). هەروەها ناسناو و شۆرەتی بنەماڵەی (عەزیزان . ئازیزان)، کەواتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە پلەوپایەی دەسەڵات و میرایەتی لەو هەرێمەدا ماونەتەوە، لەم میر عەبدولعەزیزەوە داکەوتووە و ماوەتەوە (محەمەد، ٢٠١٨، ٦٧). ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە، ئەو میر و فەرمانڕەوایانەی بۆتانن کە ماوەی باسەکەی ئێمە دەیانگرێتەوە واتە هەریەک لە:

. میر محەمەد کوڕی بەدربەگ.

. سوڵتان محەمەدی کوڕی میر محەمەد.

تا دەگاتە:

. میر شەرەفی کوڕی خان ئەبدال.

واتە ئەو میر و مەزنانەی لە نێوان ساڵانی (١٥٧٠ بۆ ١٦٠٠ی زایینی) لەسەر زینی دەسەڵاتدابوون (هروری، ٢٠٠٤، ٤٨). یەکێک لە شوێنەوارە هەرە ناودارەکانی جزیرە لەو سەردەمانەدا شوورە و قەڵاتی شاری جزیرەیە کە بە (کەلها جزیرێ و بورجا بەلەک) ناسراوە و کەوا مەڵبەند و پێگەی حوکمڕانی میرەکانی بۆتان بووە و لە ساڵی (١٥٩٦) دا لەسەر دەستی میر شەرفدا ئاوەدان و نۆژەن کراوەتەوە. لە پاڵ نۆ مزگەوت و مەدرەسەی مەزن و ئاوەدان کە (مەدرەسا سۆر) یەکێکە لەو خوێندنگە ئاینییە ناودارانە بووە، کەوا جزیری

شاعیری ئێمە بەشێکی ژیان و خوێندن و ڕۆژگاری زێڕینی زانست و سۆفیایەتی و شاعیریەتی تیادا بەسەر بردووە. (سمایل، ٢٠٢٢، ٤٩٧.٤٨٧)

**٢. ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە هەرێمی جزیرا بۆتاندا:**

میرایەتییە کوردییەکان لە ڕابردوودا بەگشتی، لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی خێڵەکی و دەرەبەگی بوون، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە شێوەی دەوڵەتۆکەیەکی نیمچە سەربەخۆی خاوەن پایە و دەسەڵات بوون. میرە کوردەکان لە سۆنگەی جوامێری ئاینداری و خوا پەرستییەوە برەویان بە خوێندەواری و زانست و پەروەردە داوە و پشتیوانی و پشتگیری تەواویان لە مەلا و زانا و ڕابەرەکانی شەریعەت و تەریقەت لە ناو کۆمەڵدا کردووە، بۆیە ناوەند و پایتەختی میرایەتییەکان لە جزیرە و بەدلیس و ئامێدی، ڕەواندز و قەڵاچوالان و سلێمانی و سنە و ئەردەلان ... هەمیشە مەکۆی زانست و ڕۆشنبیری بوون و ئەم هەرێمانە هەمیشە تەژی بوون لە مەلا و زانا و دانا و خەڵکانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر (ئامێدی، ١٩٨٠، ١٦٤). حاجی قادری کۆیی نەمر (١٨٩٧.١٨١٦) زۆر بە دروستی تەعبیری لەم واقیعە کردۆتەوە کاتێک دەڵێ:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بەیەک حافیظی شەریعەت بوون
سەیید و شێخی قەوم و میللەت بوون

تەنانەت وا ڕێکەوتووە کەوا میر و پاشا و خانە کوردەکان خۆیان شاعیر و نووسەر و خەڵکی خوێندەوار و زانا و دانا بوون. خاوەنی کتێب و دیوان و تەلیفات و کتێبخانە و ئەرشیفی ناوازە و دەوڵەمەند بوون. هەر بۆ نموونە بزانن کەو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) لەکاتی ڕووخانی میرایەتی بدلیس لەسەر دەستی ئەحمەد پاشای والی عوسمانی لە ساڵی (١٦٥٥)دا، چۆن باس لە گەنجینەی کتێب و دەستخەت و ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتی (خان ئەبدال) دەکات؛ باری حەوت وشتر کتێبی دەنسقە و بایەخدار کە مۆری خانیان پێوە بوو، جگە لە حەفتاوشەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دانانی عەبدال خان خۆی لەگەڵ سەدوپێنج پارچە و نامیلکەی جۆربەجۆر کە زۆربەیانی بە زمانی فارسی نووسی بوو ... (ناکام، ١٩٧٩، ٢٨٥.٢٧٨). لە ڕاستیدا مرۆڤ کە ئەو ڕوومال و کەشفەی ئەولیا چەلەبی بۆ کتێبخانە و ئەرشیفی ئەبدال خان کردوویەتی دەبینی و دەخوێنیتەوە، سەری سووڕ دەمێنێ و هۆش و بیری ڕادەوەستێ!.

لە سەدەکانی پازدە و شازدە و حەڤدەیەمدا بەهۆی ئارامی و سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی جزیرەدا بووژانەوە و ئاوەدانی ڕووی لە ناوچەکە کردووە و بەوپێیە زانست و زانیاریش پێشکەوتووە. میرەکان بایەخیان بە دروستکردن و ئاواکردنەوەی مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە و بنکەی فێرکردن و ئاینداری دەدا، هەروەها چاودێریان دەکرد و مووچە و بەرات و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەقفیان بۆ تەرخان دەکرد، مێژوو پێمان دەڵێت کەوا ((میر و پسمیرێت بۆتان گەلەک گوهدایە بەلاڤکرنا ڕۆشنبیری و نەهێلانا نەزانینێ برێکا ئاڤاکرنا مەدرەسا، خوێندنگەهو مزگەفتان، مەزخاندنا سەرمایەکێ مشە ئوبێ دەستگرتن ل زانان، دانان و ڕۆشنبیران و ل خوێندنگەهێت شاگردێت کورد. لوما شاگرتێت کورد ل هەر چار کەنارێت کوردستانێ سەر تێ دکر، ژبۆ دویماهی ئینان بخویندنا خوە ئو خوێندن نامە وەرگرتنێ)) (ئامێدی، ١٩٨٠، ٣١)

مەسەلەی بایەخدانی میرانی جزیرە و بۆتان بە ئاوەدانکردنەوەی مەدرەسە و مزگەوت و فێرگە ئایینییەکان لە مێژوودا شتێکی سەرنج ڕاکێشە، وا باس دەکرێت کەوا ((تەنیا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (٨٠) مزگەوتی گەورە و گچکە لە دەڤەری جزیرەدا هەبوونە)) (حسن، ١٩٨٩، ٢٤-٢٦). لە پاڵ ئەوەشدا بە دەیان کتێبخانەی مەزن و دەوڵەمەند لە ناوچەکانی جزیرەدا هەبووە کە دەوڵەمەندبوون بە سەرچاوەی هەمە چەشنەوە (محەمەد، ٢٠٠٠، ٩٤) هەر بۆیە لە مێژووی نوێدا ئەم دەڤەرە بە دەیان زانا و دانای ناوداری لە بوارە جیاوازەکانی زمان و ئەدەب و فیقهو تەفسیر و مێژوودا پێشکەش بە جیهانی ئیسلامەتی کردووە. ئەوانەی لەبارەی میرگەهێ جزیرا بۆتانیان نووسیوە ئاماژەیان بۆ فاکتەری ئاو و هەوای ئەم دەڤەرە کردووە، لەسەر کراوەیی و لایەنی هزری و ڕۆشنبیری دانیشتوانەکەی، تا ئەوەی لە خەڵکی ناوچەکانی دیکە باشتربوونە لە بواری زانست و تێگەیشتن و ئەدەب و تێڕوانین و لێکۆڵینەوەدا، لە پاڵ بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کاسبکاری و زیرەکی و لێهاتوویی بە هەموو شێوەیەکەوە (چالی، ٢٠٠٨، ٥٨).

## (٣) مەلایێ جزیری، وەکو پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی (لقی بۆتان):

جزیری، سەردەفتەری شاعیرانی کوردە و بە مەزنترین و ناودارترین شاعیری کورد دەژمێردرێت لە مێژوودا. خەڵکی هەرێمی بۆتانە و لە شاری جزیرەدا هاتۆتە دونیا، لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدە و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا ژیاوە (١٥٦٨-١٦٤٠).

سەبارەت بەو سەدەم و ڕۆژگارەی کەوا جزیری تیادا ژیاوە سەیدا عبدالرقیب یوسف دەڵێت: هۆیێ دەرکەفتنا سبەهیا مێژوویا کوردستانا سیاسی و نو لە چەرخا دەها کۆچی و شازدەهێ زایینیدا ئەوا کو ژ جەنگا (چالدیران) سالا (٩٢٠ک - ١٥١٤ز)دا لە نێڤ بەینا تورک و ئیرانیان دا یانی ژ یەکەتیا کوردان، میرانێن کورد ل کوردستانا ناوەندیدا ل ژێر حکمێ تورکاندا وەرگرتنا هندەک ژ مافێ نەتەوایەتییان لە نێڤ دەولەتا عوسمانیا تورکاندا (یوسف، ١٩٧١، ٦).

جزیری ڕۆڵەی ئەم چەرخەیە کە گیانی ئازادی و خۆبەڕێوەبەری و نەتەوە و نیشتیمانپەروەری تاڕادەیەک وەکو باسکرا، لە هەرێمی جزیرە و بۆتاندا بوژاوەتەوە. ئەو بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دابی مەلا و زانایانی کورد لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە، زانست و زانیاری وەرگرتووە و لە هەر دوازدە عیلمەکانی شەریعەت و ئیسلامەتیدا بووە بە زانایەکی باڵا دەست و لە زمانەکانی عارەبی و فارسی و تورکیدا تاقە سوارە بووە لە مەیدان، بۆیە بەو سێ زمانەو بە کوردیش کە زمانی پەسندی خۆی بووە، شیعر و هۆنراوەی داناوە کە لە بەلاغەت و ڕەوانی و پاراویدا بێ نموونەن (هەژار، ١٣٥٩، ٢٢). ئەو ڕۆژگارێکی تەمەنی لە سەردەمی میر شەرەفی کوڕی خان ئەبدالدا (١٥٨٥-١٥٩٦ حوکمڕانی کردووە) بەسەر بردووە. میر شەرەف لە میرە ناودارەکانی خانەدانی ئازیزان بووە، کەوا میر شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤١-١٦٠٤ز) لە شەرەفنامەدا زۆر بەشان و باڵیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ: زۆر پیاوێکی دەست و دڵ و دەروون پاکە، فەقێ و مەلای زۆر خۆش دەویێن، زۆر مەدرەسە و مزگەوتی تازەی لە شاری جزیرە ئاوا کردۆتەوە. یەکێک لەو مەدرەسانە مزگەوتی سووری پێ دەڵێن، لە پەنای شورەی شارە و کەوتۆتە لای ڕۆژئاواکەی، مەوقوفەجاتێکی زۆر پڕ داهاتی بۆ ئەو مزگەوتە داناوە، تا لە پاش نەمانی خۆیشی مزگەوت هەر لە برەو دابێ و هەمیشە مەلا و فەقێی تێدابێ ... جزیری هەر لەو مزگەوتەدا دەرس بێژ و پێش نوێژبووە. گەلێک مەلای لەو مزگەوتەدا ئیجازە داوە و دیارە هەر لەوێش مردووە و لە مزگەوتەکەدا نێژراوە (هەژار، ١٣٩٥، ٢٢). جزیری نێوانی لەگەڵ میر شەرەفدا زۆر خۆش بووە کە لە سایە و سێبەری ئەودا ژیاوە بۆیە ناوداترین قەسیدەی ستایشی لە دیوانەکەیدا بۆ ئەو هۆنیوەتەوە:

ئەی شاهنشاهێ عوءظظەم حەق نگەهدارێ تەبی

سوورەیی (انا فتحنا) دۆر و مادارێ تەبی

هەر کنارێ پێڤە وەرگێڕی عنانێ هممەتێ

زوهرە بێ پەیکێ تەو و کەیوان رکێبدارێ تەبی

مەلا لە درێژەی قەسیدەکەیدا لە خوا دەخوازێت کە ئەو میرە کوردەی جزیرە کە ڕەواج بە خوێندەواری و بەدین و بە ئیسلام دەدات و یارمەتی مزگەوت و مەلا و فەقێیان دەدات تاوەکو دەرسی قورئان و حەدیسان بڵێنەوە، خوا هەر پایە بەرز و باڵا دەستی بکات:

نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن

سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەرمانێ تەبی

گەر چ دەرئیقلیمێ رابع هاتی تەختێ سەلطەنەت

پاشاهێ هەفت ئیقلیمان سەلامکارێ تەبی (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٤)

لە پێش جزیریدا لە نێو خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردان ئەدەبێک زاڵ بووە کە لەسەر ڕێوشوێن و تەقالیدی ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامیدا دامەزرابوو، بە زمانی فارسی و عەرەبی بوو، هەر لەو ڕۆژگارەدا زمانی فارسی، زمانی شیعر و ئەدەبیات بوو لە سەرتاسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا. وەکو لە پێشەوە گوترا، جزیریش شارەزایی تەواوی لە ئەدەبیاتی ئیسلامی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیشدا هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەو کەشوهەوا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئازادی و سەربەخۆیییەی کە میران و میرایەتی بۆتانی لەو سەردەمەدا تیادا ژیاوە و هەروەها لە سۆنگەی بووژانەوەی شار و ئاوەدانی و پێشکەوتنی زانست و زانیاری و خوێندەواری لە هەرێمی جزیرەدا، سەرەڕای ئەو ئارامییە سیاسییەی کەوا باڵی بەسەر هەموو دەڤەری بۆتاندا کێشابوو لە سایەیدا گیانی نەتەوەیی و وڵاتپەروەری سەری هەڵدابوو، تەنانەت هەستی نەتەوە خوازی و نیشتیمانپەروەری و کورد بوون لەلای جزیری خۆیشی چەکەرەی کردبوو تا ئەوەی بانگی هەرتاکێک لە خوێندەوارانی گەلەکەی بکات و بڵێت:

گەر لوئلوئی مەنثور ژ نەظمێ تو دخوازی

وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت

ئەنجا ئەم هەڵومەرج و هۆکار و فاکتەرە خوودی و بابەتیانە هەموو پێکەوە بوون بەهۆکارگەل و فاکتەرێکی بەهێز تا ئەوەی جزیری دەسپێشخەری بکات و زمانی کوردی هەڵبژێرێت و لەو چوارچێوەیەشدا شێوەزاری ماڵباتی ئەزیزان (بۆتانی) بکاتە زمانی شیعر و غەزەل و قەسیدەکانی بەو شێوەزارە بهۆنێتەوە. جزیری وەکو داهێنەر و کارساز هاتووە پەیڕەوی لە هونەر و فۆرمەکانی شیعری کلاسیکی عەرەبی کردووە و، لەسەر ڕێوشوێنەکانی ئەوان ڕۆیشتووە، یاساکانی عەرووز و بەلاغەت وکێش و سەروای شیعری عەرەبی پەیڕەو کردووە، بەڵام لە ڕێگەو لە بۆتەی زمانی کوردییەوە ئەم کارەی کردووە. واتە زمانە شیعرییەکەی کوردییە لەناو کوردیش شێوەزاری ئاخاوتنی بۆتانییە، هەرئەمەش بووە وای کردووە کەوا کوردی بۆتانی لەو قۆناغەداو دواتریش ببێت بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی و شاعیرانی دوای خۆی لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕێباز بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوامبن.

جزیری بەم هەنگاوەی تاقیکردنەوەیەکی تازەی لە ئەدەبی کوردیدا داهێناوە و دوابەدوای جەنگی چاڵدیران لە ساڵی (١٥١٤ز)دا ڕێنیسانسێکی لە ئەدەبی کوردیدا لە هەرێمی جزیرە و بۆتاندا بەرپاکردووە. کۆمەڵێک بابەتی تازەی لە رووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە. کە لایەنی ڕوخسارەکەی خۆی لە پەیڕەوکردنی کێشی عەرووز و یەکێتی قافیە و ڕەوانبێژی شیعری عەرەبی . ئیسلامی (عەرەبی و فارسی و تورکی) دا خۆی دەنوێنێت و لایەنی ناوەڕۆکیش خۆی لە داهێنانی هونەری جوانکاری و مەبەستەکانی شیعرەوە بە دیاردەکەوێت کەوا جزیری لە چوارچێوەی سۆفیزمی ئیسلامیدا سامانێکی بەنرخی داهێناوە (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٢٦٣). بەم پێیە یاسا و دەستوور و پێوەرە ئەدەبییەکانی جزیری لە پاڵ زمانە کوردییە ئەدەبییەکەیشی بوون بە یاسا و ڕەگەزی سەرەکی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا کە دواتر شاعیرانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە لە سەرەتاسەری کوردستان لە سەری ڕۆیشتوون و پێڕەویان لێ کردۆتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

جزیــری کە بە (شـێخی جزیــری) دەناســرێت و لە واقیعیشــدا بەڕاســتی (شـێخی شاعیرانی کوردە)، هەروەکو زڤنگی دەڵێت؛ دیوانێکی بۆ بەجێ هێشتووین کە لە مەزنترین پلەکانی پاراوی ڕەوانبێژی دایە لە زمانی کوردیدا و شان لە شانی دیوانی حافزی شیرازی و جامی و ئیبن الفارض و فزوولی دەدات لە زمانەکانی دیکەدا (الزڤنگی، ٢٠١٣، ١٤). هەر لەو سەرچاوەیەدا هاتووە کەوا جزیری لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەیەم، هاوچەرخی میر شەرەفخانی کوڕی میــر ئەبـدال بـووە کەوا سەردەسـتەی میرانـی ماڵبـاتی ئـازیزان و بـۆ مـاوەیەکی درێـژ فەرمانڕەوای میرگەهێ جزیرە و بۆتان بووە. هەر ئەویش مزگەوت و مەدرەسەی سووری ئـاوەدان کـردۆتەوە کە لە سـەردەمی میر شـەرەفی کـوڕی میـر بەدر لە سـاڵی (١٥٠٨ز) بـۆ یەکەمجـار دروست کرابوون (سمایل، ٢٠٢٢، ٤٩٤). بەڵام میر شەرەفی میر ئەبداڵ دووبارە نۆژەن و ئـاوەدانی کـردۆتەوە و چەنـدین گونـد و کـێڵگە و باغـاتی لەسـەر ئەو خوێنـدنگەیە وەقـف کـردووە کەوا جزیــری تیــادا مامۆســتا و ســەیدا بــووە تــاوەکو لە ژیانــدا بــووە دەرس و دەوری تیــادا گوتۆتەوە، ئەنجا لە دوای مەرگ و مردنیشی هەر لەو مزگەوت و مەدرەسەیەدا نێژراوە.

لێرەدا وەکو لە بەراییدا ئـامـاژەی پێدراوە، جزیری قەسـیدەیەکی لە پەسـن و پیـادا هەڵگوتنی میری جزیرە (شەرەفخانی کوری میر ئەبدال)دا هۆنیوەتەوە کەوا لە بەشێکیدا هاتووە:

ئەی شاهنشاهی موعەظظەم حەق نگەهدارێ تە بی
سوورەیی (انا فتحنا) دۆر و مادارێ تەبی
هەر کنارێ پێڤە وەرگێڕی عنانێ هممەتێ
زوهرە بێ پەیکێ تەو و کەیوان ڕکێبدارێ تەبی
دائما مەنزلگەها سوورا تەبت بورجا شەرەف
طالعێ فەرخوندەو و بەختێ سەعید یارێ تە بی
ماهتابا دەوڵەتێ یەک پەرتەوەک شەمعا تە بت
ئافتابا ڕەفعەتێ بەرقەک ژ ئەنوارێ تە بی
لامعێ فەتحا ئەزەل بەرقێ ژ بەرتاجێ تە دت
کەوکەبا سەعدا ئەبەد نەجمەک ژ سەییارێ تە بی
بەرقێ سوببووحی کو ئیشراقێ ل سەدجانان ددت
ئەوکو کەشفا دل دکت ڕەمزەک ژ ئەسرارێ تە بێ
ڕایەتا فەتحێ ب نەصرا (لم یزل) مەنشوور بوو
شەهسوارێ فەڕڕێ سوبحانی عەلەمدارێ تە بی
نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن
سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەروارێ تە بی
گەر ج دەر ئیقلیمێ رابع هاتی تەختێ سەلطەنەت
پادشاهێ هەفت ئیقلیمان سەلامکارێ تە بی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

مە ب عەیش و نووش و شاهی ئەو فدا عومرێ تە بت

چەندە کێ ساڵەک موجەددەت بێت و بێ زارێ تەبی

هەر کەسێ نە ژ جان دوعا گۆ و ثەنا خوانێ تە بت

گرتیێ قەیدا تەو و ئامانجێ نووبارێ تە بێ

مەدرەکێ علمێ ضەمیری شەممەیەک وەصفا تە هات

وەرنەکی عالم ب شەئنێ قەدر و مقدارێ تە بی

قەست و داخوازا (مەلێ) دائم ژ جان و دل ئەڤە

هەر د بەندا خدمەتێ پێشدەستێ دیدارا تەبی (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٣-٣٠٥)

هەروەها جزیری قەسیدەیەکی دیکەشی لەسەر مەدح و ستایشی میر شەرەفخان داناوە کە لێرەدا ئاماژە بۆ چەند دێرێکی دەکەین:

خانی خانان لامعێ نەجما تە هەر پڕ نوور بی

کەشتیا بەختێ تە (أز) بایێ موخالف دوور بی

کەوکەبا سەعدا شەرەف دنێڤ بورجا تە بت

داتنێ ژ چەرخێ بەلا شوبهی مەهێ مەنظوور بی

لەو زیارەت ئاستانێ تێت شەمسا دەوڵەتێ

داسەحەرگاهان ژ دیدارا شەریف پوڕ نووربی

ئەختەرا تە ژ پەردەیا غەیبێ ئەگەر بێتن ظوهوور

دێ بتن (نصف النهار)ە وەرشەبێ دەیجووربی

(أیه الکرسي) و (أنعام) هەیکەلا تۆخا تەبن

بێ نیهایەت پوڕ موراد و بێ عەدەد مەنصوور بی

هەرکنارێ وەرگەڕینی پێڤە عەزم و هممەتێ

ڕایەتا فەتحێ ب نەصرا (لم یزل) مەنشوور بی

خەیمەتا نوورا عنایەت ظللێ مەمدوودێ تە بت

سوورەیێ (أم الکتاب) ماداری حەضرەت سووربی

پاشی نەوشیروان دبێم دێ حاکمێ عادل تویی

مثلی حاتەم دێ ب دانێ دەرجەهان مەشهووربی

ما جزیرێ شوبهێ دارێ تەختێ هەفت ئقلیم بت

هەم ب حوکم و سەلطەنەت ئەسکەندەر و فەغفوور بی

تاوەکو لە کۆتاییدا دەڵێت:

ما لسانێ من دوعا گوویێ ل دەرحەق وەصفێ خان

مەظهەرێ سرڕا کەلامی وەک درەختا طوور بی

هەر د مەدحێ تەو ثەنائێ سینەو قەلبێ (مەلێ)

بی تەفاوت قولزوما پوڕ لوئلوئی مەنثوور بی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژ ئاستانێ دەولەتێ غائب نەبی جارەک (مەلا)
دا ژ فەرمانێ موکەرڕەم دەم ب دەم مەئموور بی (دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٧)

**بەشی دووەم**

## (١) کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی (میرایەتی بابان)ەوە:

لە ڕۆژئاوای زنجیرە چیای زاگرۆسەوە و لە ناوچەکانی پشدەر و مەرگە و شاربژێڕ و قەرەداغ و شارەزوورەوە، وەکو سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، خانەوادەی (بابانەکان) لە سەدەی چواردەی زایینی بەدواوە جڵەوی حوکمڕانیان لەو ناوچانەدا گرتۆتە دەست. زنجیرەی سێیەمی ئەو بنەماڵەیە لە ساڵی ١٦٧٠ زایینیدا لە (قەرەچوالان . قەڵاچوالان)، وەکو مەڵبەند و پێتەختی میرنشینەکەیان نیشتەجێ بوون. دوای ئەوە لە ساڵی ١٧٨٤دا پایتەختەکەیان گواستۆتەوە سلێمانی و لەو ماوە زەمانیەدا کە پایتەختی میرایەتی لە قەڵاچواڵان بووە ١١ میر و مەزنی بابانەکان حوکمڕانیان کردووە (بابان زادە، ٢٠٢١، ١٥١). هەر لەو ماوەیەدا کە سەدەیەکی زیاتر خایاندووە سنووری نفووز و دەسەڵاتی میرانی قەڵاچوالان لە سنەوە تا نزیک بەغدا و لەوێشەوە تا سنوورەکانی موسڵ و دیاربەکری گرتۆتەوە. بەڵام وەکو (لۆنگریک) دەڵێت؛ هەرێم و میرایەتی قەڵاچوالان هەمیشە وەکو شانۆیەکی ئامادەکراو بووە تاوەکو هەردوو دەوڵەتی تورک و ئێرانی هەرکاتێک ویستیان بێن و ڕۆڵی خۆیان تیادا نمایش بکەن و هۆکارەکانی شەڕ و گێچەڵی تیادا بچێنن (لونگریک، ١٩٦٨، ٢١٥).

لەسەردەمی مەحمود پاشای یەکەمدا (١٧٧٨ تا ١٧٨٣ حوکمڕانی کردووە)، بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری ڕامیاری و کارگێڕی و جوگرافییەوە، بڕیار لەسەر ڕاگواستنی پایتەختی میرایەتی دراوە لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی. لە ڕۆژگاری ئیبراهیم پاشا بە دواوە (١٧٨٣ تا ١٨٠٣حوکمڕانی کردووە)، سلێمانی دەبێتە مەڵبەندی تازەی میرایەتی بابان. لە دروستکردنی شاری تازە دا پێڕەوی لە پلان و پرۆژە و نەخشەسازی شاری نوێ و مۆدێرندا کراوە. ڕەچاوی کەرتەکانی ئاوەدانی لە شوێن و پێگەی سەرای حکومەت و مزگەوت و بازاڕ و خان و کاروانسەرا و حەمام و دۆکان و شوێنەکانی دیکە کراوە. تا ئەوەی لە ئانوساتی دروستکردنی پایتەختی تازەدا هەشت مزگەوتی گەورە و ناودار لە شارەکەدا دروستکراون (جەعفەر، ٢٠١٤، ٧٧.٧٥).

میرایەتی بابان لە سلێمانی لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکان و بارودۆخی سیاسی و سەربازی و هەڵکشان و داشکاندا، تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٥١) بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا میر و پاشای بە دەسەڵات و بەهێزی تیادا هەڵکەوتووە کە توانیویانە حوکمی بەغدا بکەن، وەک ئەوەی لە هێز و دەسەڵاتی ئاوڕەحمان پاشای بابان و مەحمود پاشای کوڕیدا بە دیاردەکەوێت. وەکو لەم بارەوە دیسان لۆنگریک دەڵێت ئەمە یەکێک لە خاسیەت و تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم میرایەتییە بووە لەو سەردەمەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

(لونگریک، ١٩٦٨، ٢٧٨). ئاوڕەحمان پاشای بابان (کە ماوەی ٢٤ ساڵ بەشێوەی پچڕ پچڕ حوکمڕانی کردووە)، ویستویەتی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە شێوەی دەوڵەتۆکەیەک، دوور لە نفووز و دەسەڵاتی واڵی عوسمانی لە بەغدا و خانی ئێرانی لە کرماشان دەبمەزرێنێت، بۆیە سەردەمەکەی بە یەکێک لە درەوشاوەترین سەردەمانی بابانییەکان ئەژمار دەکرێت.

لە میرە ناودارەکانی دوای ئەو، هەریەکە لە مەحمود پاشای کوڕی و سلێمان پاشای برای و ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا ناویان دێت، کە تیایدا نفووز و دەسەڵاتی میرایەتی تاڕادەیەک لە پێشکەوتن و سەقامگیریدا بووە. (شێخ ڕەزای تالەبانی/١٨٣٧.١٩١٠)، بە دروستی تەعبیری لەو ڕۆژگارە کردۆتەوە و کاتێک دەڵێت:

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەرپابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەو و نەققارە، تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جرید بازی، لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت ئەوێ باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو
کە (عەبدوڵلا پاشا) لەشکری والی (سنە)ی شڕکرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تیفلی دەبستان بوو (شوان، ٢٠٢١، ٧٤)

**(٢) ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا:**

بنەماڵەی میرەکانی بابان وەکو شەڕەفخان باسیان دەکات کەوا کۆمەڵێکی ئایین پەروەر و بڕوادار بوون، بۆیە لە ڕێوشوێنی ئیسلامەتی لایان نەداوە و گەلێکیشیان پیاوی خودایی و خوێندەوار لێ هەڵکەوتووە (بدلیسی، ٢٠١٧، ٤٥٨). ئەنجا لە دەڤەری باباندا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە سەدان زانای ئایینی، شاعیر و ئەدیب، فەلەکناس و پیاوی دانا و شێخی تەریقەت هەڵکەوتوون. میرەکانی بابان سەرەڕای سەرقاڵیان بە کێشەکانی ناوەخۆیی و بەرگریکردن لەبەردەم لەشکرکێشییە دەرەکییەکان، بایەخ و گرنگیان بە خوێندەواری و مزگەوت و مەدرەسە و زانایان داوە (بابان زادە، ٢٠٢١، ٣١٠). بۆ نموونە سلێمان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

پاشای مەقتوول (لە ١٧٥١ بۆ ١٧٦٥ حوكمڕانی كردووە)، لە قەڵاچوالان زۆر پەرەی بە زانست و خوێندەواری و دروستكردنی حوجرە و مزگەوت و خوێندنگەی ئایینی داوە، مەوقووفاتێكی زۆری لە زەوی و خانوو و خان و دوكان و تیمارات بۆ خزمەتی مزگەوت و مەدرەسەكان لە تەواوی سنووری میرایەتییەكە تەرخان كردووە، بە تاتیبەتی بۆ مزگەوت و مەدرەسەكانی قەڵاچوالان و گوڵعەنبەر و كۆیە و هەولێر و كەركوك و مەریوان ... بە جۆرێكی وا كە ئەم وەقفنامەیە لە لایەن دەیان مەلا و زانا گەورەكانی سەردەمەكەیدا مۆركراون و ئەم وەقفنامەیە لە ئێستادا وەكو بەڵگەنامەیەكی مێژوویی ماوەتەوە (عبدالسلام، ٢٠٠٨، ١٩). سەبارەت بە برەوپێدانی زانست و خوێندەواری لە لایەن میرەكانی بابان لە سەردەمی قەڵاچوالاندا شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت؛ (میران و فەرمانڕەوایانی بابان زانست پەروەر بوون و بەچاوی ڕێزەوە لە شیعر و ئەدەبیاتیان دەڕوانی، هاوكار و پشتیوانی زانا و شاعیران بوون، مزگەوت و مەدرەسەیان دروست دەكردن، پەرەیان بە بواری خوێندەواری دەدا، هەر بۆیە كۆمەڵێكی زۆر لە زانا و دانایانی ناودار و هەڵكەوتە لەو سەردەمەدا پێگەیشتوون كە لە مێژوودا ناویان دەركردووە لە وێنەی شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٢٦)، مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٨-١٨٢٦)، موفتی زەهاوی (١٧٩٣-١٨٩٠)، لەگەڵ دەیان و سەدان تر لە زانایان و ئەدیبانی بەرزنجەیی و چۆری و مەردۆخی و قزڵجییەكان (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٣٦). هەروەها لە درێژەی باسەكەیدا دەڵێت؛ (قەڵاچوالان شاری زانست و زانایان بووە، لە شارەكانی كوردستانەوە ڕوویان تێ دەكرد و چەندان مزگەوت و مەدرەسەی لێ بووە ... كتێبخانەی گەورەی بابانەكان لە قەڵاچوالان شەش هەزار بەرگ كتێبی دانسقەی عەرەبی و فارسی تێدابوو، سەرباری ژمارەیەكی زۆری دەستنووس. بابانەكان نووسەر و خەتخۆشانیان دەناردن بۆ شار و شوێنە دوورە دەستەكانی وەكو قاهیرە و مەكە و سەنعا و ئەسفەهان، هەم لە پێناوی كتێب كڕین یاخود ڕوونووس كردنەوەی كتێبە دانسقەكان) (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٦٣).

ئاوڕەحمان پاشای بابان، وەكو لە پێشەوە باسی هاتووە، یەكێك لە ناودارترین میرەكانی بابانە لە سەردەمی سلێمانیدا، هەموو مەرجەكانی فەرمانڕەوایەتی تیادا كۆببووییەوە. لە پاڵ ئەوەشدا پیاوێكی زانا و لە خواترس و دیندار بووە و زانست و زانایانی خۆش ویستووە و خزمەتی ئایینی زۆركردووە. كەسێكی پایە بەرزی وەكو مەولانا خالیدی شارەزووری، ڕەنجووری شاعیری ناودار و عەلی بەردەشانی شایەری تایبەتی میرنشینن، گەلێكیان بە شان و شەوكەتی ئەو میرە و كاروكردەوەكانی لە بواری زانست پەروەریدا هەڵگوتووە كەوا بریتی بوون لە مانە:

. دروستكردنی مزگەوت و مەدرەسەی تازە لە ناوچە جیاجیاكاندا.

. هێنانی مەلا و زانا ناودارەكان بۆ سنووری قەڵەمڕەوەكەی و دابینكردنی خەرجی و بژێوی بۆیان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

. کڕین و نووسینەوەی کتێب و سەرچاوە گرنگەکانی خوێندنی مەلایەتی و وەقف کردنیان.

ئاوڕەحمان پاشا لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە مزگەوتێکی گەورەی بەناوی خۆیەوە دروستکردووە، مەلا و زانای گەورەی بۆ هێناوە، کتێب و سەرچاوەی گرینگی بۆ پەیداکردووە و تەنانەت خۆیشی ناوە ناوە دەرسی بە فەقێکانی مزگەوتەکەی گوتۆتەوە. مەحمود پاشا کوڕی ئاوڕحمان پاشا (لە ١٨١٣ بۆ ١٨٣٤ حوکمڕانی کردووە)، لە سەردانێکیدا بۆ بەغدای پایتەخت و بۆ لای داود پاشای والی، کە دەبینێ مەولانا خالید ئەو خۆشەویستی و پێگە گرنگەی لەلای دەسەڵاتداران و زانا و دانایان و خەڵکی بەغدا دا هەیە، تکای لێدەکات کە بگەڕێتەوە سلێمانی و لە سلێمانیش مزگەوت و خانەقایەکی تایبەتی بۆ دروست دەکات و مەوقووفاتێکی زۆریشی بۆ خزمەتی مزگەوت و مەلا و فەقێکانی تەرخان دەکات (خاڵ، ٢٠٢١، ج٦، ١٥-١٦).

ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا (لە نێوان ١٨٣٨ تا ١٨٤٧ حوکمڕانی کردووە)، لە دەورانی دەسەڵاتی خۆیدا کتێبخانەی بابانەکان لە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورەدا دامەزراندۆتەوە و بە دەیان دەستنووس و سەرچاوەی گرینگی بۆ پەیداکردووە. تەنانەت لە دوای دورخرانەوەشی لە کوردستاندا و لەو کاتانەدا کە والی عوسمانی بووە لە یەمەن و ئەرزەڕۆم و ئەدەنە، ناوە ناوە کتێب و سەرچاوەی دانسقەی بۆ کتێبخانەی بابانەکان لە سلێمانی ناردۆتەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٢١).

ئەحمەد پاشا ماوەیەکیش لە دوای دورخرانەوەی لە ئەستەمبوڵ ژیاوە بەرلەوەی بکرێتە والی و موتەسەریفی چەند شارێک، زۆر لە پیاوە ناودارەکانی کورد چاویان پێی کەوتووە و ستایشی پیاوەتی و ڕێزداریان کردووە. لەوانە شاعیری ناودار (نالی) چاوی پێی کەوتووە، هەروەها شێخ ڕەزای شاعیریش هەم سەردان و دیدەنی کردووە هەم شیعریشی بەسەردا هەڵگوتووە لە پێشەوە تێکستەکەیمان هێناوەتەوە. تا ئەوەی زانایەکی زمانەوانیی فەڕەنسی بەناوی (خۆدزکۆ)، بە یارمەتی ئەو کتێبێکی ناوداری لەمەڕ فیلۆلۆژی زمانی کوردی داناوە.

لێرەدا وەکو ئەنجامگیری دەتوانین بڵێین، لەگەڵ هەموو ئەو شەڕ و ئاڵۆزی و ناکۆکی و دووبەرەکی و لەشکرکێشی  هەردوو ئیمپڕاتۆڕیای ناوچەکە (عوسمانی و ئێرانی) بۆ سەر سلێمانی و تەواوی میرنشینەکە کە لە ئارادا هەبوو، لایەنێکی پڕشنگدار و شارستانی لە ڕەوشت و کار و کردەوەی میرەکانی باباندا هەبوو، هەنگاوی پیرۆز و مەزنیان ناوە لە خزمەتکردن بە زانایان و ئاوەدانکردنەوەی حوجرە و مزگەوت و خوێندنگەکان، لە پشتگیری و پشتیوانی خوێندن و خوێندەواریدا هیچ درێغیان نەکردووە. ڕێزیان لە زانایان گرتووە و بە چاوی پیرۆزی و خێروفەڕەوە سەیریان کردوون. وەک ئەوەی (ڕیچ) لە

گەشتنامەیکەیدا ئەوەمان بۆ باس دەکات کەوا مەحمود پاشا و براکانی لە حزووری مەولانا خالید دا بە پێوە دەوەستان و لە خزمەتیدا بوون و قلیانیان بۆ دادەگیرساند. ئەنجا هەر مەحمود پاشا بوو خانەقایەکی بۆ دروست کردبوو، هەموو عەسرانێکیش دەچوو بۆ سەردانی (ریج، ٢٠٠٨، ٣٠١).

**(٣) نالی، پێشەنگی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی (لقی بابان):**

نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی شارەزووری)یە لە نێوان سالانی (١٨٠٠ بۆ ١٨٧٧)دا ژیاوە. سەرەتا لە ناوچەکانی قەرەداغ و هەڵەبجە و سنە دا خوێندوویەتی، لە پاشاندا گەڕاوەتەوە سلێمانی لە مزگەوتی ئاوڕەحمان پاشای باباندا درێژەی بە خوێندن داوە. ئەو بە فەقێیەتی لە قەرەداغ و سنە و سلێمانی لەلای مەلا و زانا ناودارەکانی کوردستاندا خوێندویەتی تاوەکو ئیجازەی وەرگرتووە. لە دواییدا لە خانەقای مەولانا خالید دا جێگیربووە، کە بەم دواییانە ساغ بۆتەوە کەوا پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵ دا هەبووە (موفتی، ٢٠٢٠، ١٣٣). نالی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەحمود پاشا، سلێمان پاشا مامی مەحمود پاشا و، ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا دا، پێگەیشتووە و شانوشکۆی وەکو زانایەکی دیار و مەزن شاعیرێکی بەرجەستە بەدیارکەوتووە. بابانەکان ڕێزیان لێگرتووە و پلە و پایەیەکی بەرزیان بۆ داناوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا و لە هەرەتی دەرکەوتنی نالی، شیعر و ئەدەبی کوردی، لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی هونەری و نووسراو دا، لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی (شارەزوور و قەرەداغ و بازیان)دا بە دیالێکتی گۆران بووە، کە بە هۆی پشتیوانی میرایەتی ئەردەلان سەدان ساڵ بوو ئەم ئەدەبە بەم دیالێکتە لە ئارادا بووە، تەنیا لە ناوچەکانی شارباژێڕ و باکووری سلێمانیدا نەبێت کە بەشێک بووە لە سنوور و قەڵەمڕەوی دیالێکتی کوردی ناوەندی (موکریانی). کە ئەمە هەر خۆیشی شێوەی ئاخاوتنی خێزان و بنەماڵەی میرەکانی بابان خۆیشیان بووە (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٣٠). بۆیە لەگەڵ پەرەسەندنی هێز و دەسەڵاتی میرایەتی و جیگیربوونی لە شاری سلێمانیی پایتەختی تازەدا، گۆرانی وەکو زمانێکی ئەدەبی دێرین و باو بەرە بەرە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و زمانێکی ئەدەبیی تازە (بابان) لەسەر بنەمای دیالێکتی موکریانی، کە شێوە ئاخاوتنی بابانەکان و شارباژێڕ بووە، هاتۆتە ناوەوە و وردە وردە لەسەر حیسابی گۆڕانی جگە لە سلێمانیی پایتەخت، لە ناوچەکانی هەڵەبجە و قەرەداغ و کەرکوک و گەرمیانیشدا کە لە قەڵەمڕەوی میرایەتی بابان بوون، پەرەی سەندووە و بۆتە باو وەکو لە قسەکانی (جویس بلۆ)شدا هاتووە، خودی ئاوڕەحمان پاشا پشتیوانی ئەدیب و هونەرمەند و شاعیرانی کردووە و هانی داون بۆ ئەوەی پشت بکەنە گۆرانی و داواشی لێکردوون ڕووبکەنە (سۆرانی)، (بلو، ٢٠١٦، مدارات کرد).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

دیاره وەکو زانراوە (نالی) شاعیری پێشەنگ و پایەبەرزی ئێمەش، ماوەیەک خوێندکاری مەدرەسە و مزگەوتی ئاوڕەحمان پاشا بووە و لەوێ ئیجازەی وەرگرتووە. ئەنجا وەکو شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت؛ لەم ساڵانەی دواییدا لەکاتی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکەدا چەند دانە دەستنووسی شیعری نالی دۆزراونەتەوە کەوا بە دەستخەتی خودی خۆی بووە (الخال، ٢٠٢١، ج٧، ٢٥٣).

لەسەرەتادا دەستپێشخەری رووکردنە زمانی ئەدەبی بابانی بەر لە نالی و هاوڕێکانیشی، لە ئەدەبی میللیدا بۆ (عەلی بەردەشانی/ ١٨٠٩.١٧٦٧) دەگەڕێتەوە، کە مەنزوومەیەکی ناوداری بە ناونیشانی (بەیتی ئاوڕەحمان پاشای بابان)دا لە وەسفی میری بابان و شەڕ و ئازایەتی و نەبەردییەکانیدا هۆنیوەتەوە. لە ئەدەبی هونەری و نوسراویشدا هەرکام لە (ڕەنجووری/ ١٨١٠.١٧٥٠) و (ئیبن الحاج/ ١٧٧٠.١٧٠٠) پێشتر ئەم ئەزموونەیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕە گرینگ و بنەڕەتی و ڕاستەقینەکە لەسەر دەستی نالیدا رووی داوە.

نالی هەوڵیداوە، وەکو ئەوەی پێشتر مەلای جزیری کردوویەتی، هەموو ئەو فۆرم و تەکنیک و هونەرەکانی شیعر کە لە ئەدەبی دێرینی عەرەبیدا هەبوون، لە ڕێگەی ئەدەبی فارسیدا هەڵیان بهێنجێت و لە دوایە بە دەستڕەنگینی و وەستاکارانە بەو زمانە ئەدەبییە تازەیە، سامانێک لە شیعری کوردی کلاسیکمان بۆ بخاتەوە. تا ئەوەی شاعیرانی هاوڕێی و هاوسەردەمی لە وێنەی (سالمی ساحێبقران/ ١٨٦٩.١٨٠٥)، (مستەفا بەگی کوردی/ ١٨٥٩.١٧٨٢)، (نەفعی/ ؟ـ١٨٤٧)، (مەلا وەسمان/ ١٨٨٩.١٨٠٦) پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە و ئەزموونەکەی نالیان دەوڵەمەندکردووە.

دیارە ئەم ئەزموونەی ئەدەبی کوردی ناوەڕاست (بابان) کە لە باوەشی میرایەتی باباندا و بەشێوەیەکی بەهیز لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە، لە شێوەی دایکبوونێکی تازە و نوێ بووە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، لە هەمان کاتیشدا درێژەپێدەر و تەواوکەری باڵەکەی دیکە بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا لە بۆتاندا سەری هەڵدابوو. هەروەها چۆن جزیری شێوە ئاخاوتنی ماڵباتی ئازیزان و ناوچەی بۆتانی کردۆتە زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەو ئەزموونە ئەدەبییە، بە هەمان پێوودانگ نالیش شێوە ئاخاوتنی بنەماڵەی بابانەکان و میرایەتی بابانی کردۆتە زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئەزموونە ئەدەبییەکەی.

لێرەدا لە باسی پەیوەندی نزیکی نالی لەگەل میرەکانی باباندا ئەم برگەیەیە لە ئەمین زەکی بەگ وەردەگرین کە دەڵێ؛ مەرحووم نالی لەم دەورەیەدا بوو (مەبەستی دەورەی سلێمان پاشای بابان ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشایە) مەنظوومەیەکی شیرینی تەعزیە و تەبریک بۆ ئەحمەد پاشا نووسیوە (زەکی، ٢٠٠٦، ١١٤). کە ئەمە دەقی تێکستەکەیە:

تا فەلەک دەوی نەدا . صەدکەوکەبی ئاوا نەبوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

کەوکەبەی میهری موبارەک طەلعەتی پەیدا نەبوو
تا نەگریا ئاسمان و، تەم وەڵاتی دانەگرت
گوڵی چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وانە بوو
تا چەمەن پیرا لەسەر ئەصلی درەختی لانەدا
فەرعی تازە خوڕڕەم و بەرز و بوڵند باڵا نەبوو
تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
(ئەحمەد موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو
بۆ نشینگەیی مورغی ڕووحی ئەو کە عالی فیطرەتە
جێگەی خۆشتر لە ڕەوضەی (جنة الماوى) نەبوو
وەک قیاسێکی کە موثبەت بێ، نەتیجەی بێتەجێ
حەمد و لیللا شەه کە عالي جا بوو، خالی جا نەبوو
شاهی جەم جا (نالیا) (تاریخ جم) تەئریخییە
دا نەڵێن لەم عەصرە دا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو (مدرس، ١٩٧٦، ٣٧٠)

هەروەها نالی لە وەسفی سوپا و سەربازانی ئەحمەد پاشای باباندا گوتوویەتی:

ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
صەف صەف کە دەوەستن بەنەظەر خەططی شوعاعن
حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن
نەرگس نیگەهو ساق سەمەن، کورتە بە نەفشەن
موو سونبول و ، ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن
گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو صەف و، ئاتەش بە کەف و، تیزنیگاهن
صەحرا بە تەجللی دەکەنە وادییی ئەیمەن
قامەت شەجەرو ، مەظهەری ئەڵطافی ئیلاهن
گەه طاوس و، گەه کەبکن و، گەه بۆ قەڵەموونن
گەه ئاتەش و، گەه شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن
لالە بە بەدەن، ئەطڵەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن
نەوڕەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن
تا دەڵێ:
(نالی) بەخودا حەیفە دەرەنجێنی دڵی خۆت
ئەم طاقمە مەخصوصە هەموو صاحیبی جاهن (مدرس، ١٩٧٦، ٣٤٠)

**ئەنجام:**

١. دامەزراندنی چەند میرگەهـ و قەوارەیەكی سیاسی و نیمچە سەربەخۆ، لەلایەن چەند بنەماڵەیەكی حاكم و فەرمانڕەوای كوردان و باڵكێشانی ئارامییەكی سیاسی و سەقامگیر لەو ناوچانەدا، بوو بە مایەی گەشەسەندنی شار و بازێڕ و پێشكەوتنی ژیانی ئابوری و شارستانی. هەر بەو پێیەش بوو بە مایەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پێشكەوتنی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

٢. میر و مەزنەكانی كورد لە هەرێمی بۆتان و باباندا لە سۆنگەی خواپەرستی و ئایینداری یادانایی و تێگەیشتن بوبێت، زۆر بایەخیان بە زانست و زانیاری و بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری داوە. لە سنوری هەردوو میرایەتیدا، مزگەوت و مەدرەسە و خوێندنگەیان ئاوەدان كردۆتەوە، ڕێزیان لە مەلا و زانایان گرتووە، كەشێكی لەباریان بۆ پەروەردە و فێربوون ڕەخساندووە، بودجە و ماڵیات و مەوقووفاتی مشەیان لەو پێناوەدا بە خەرج داوە.

٣. لە میرگەهی بۆتاندا و بەتایبەت لە ڕۆژگاری میر شەڕەفی كوڕی میر ئەبدالدا، كەشوهەوایەكی شارستانی و ڕۆشنبیری وا هاتۆتە پێشەوە، تاوەكو دانایەكی وەكو جزیری دەستپێشخەری بكات، هەم زمانی كوردی . ناوچەی بۆتان، بكات بە زمانی شیعر و ئەدەب و زمانی یەكگرتووی ئەدەبی لە هەموو ناوچەكەدا، هەمیش هونەرەكانی ئەدەبی كلاسیكی ڕۆژهەڵات (عەرەبی و فارسی) بێنێتە ناو شیعر و ئەدەبیاتی كوردی و بەم كارەش دەرگا لەسەر دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری كلاسیكی كوردی بكاتەوە.

٤. لە سنووری قەڵەمڕەوی میرایەتی باباندا و لە زەمان و زەمینەیەكی جیاوازدا، بەڵام لە سایەی هەمان هەلومەرج و كەشوهەوای سیاسی و شارستانی و ڕووناكبیری ژێر دەسەڵاتی میرەكانی باباندا، هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە و نالی شارەزووری دەستپێشخەری دەكات لە هێنانەكایەی ئەزموونێكی تازە لە ئەدەبی كلاسیكی بە كەرەستە و دیالێكتی كوردی ناوەڕاست (بابان).

٥. بەم شێوەیە لە سنوور و قەڵەمڕەوی هەردوو ئەزموونی حوكمڕانی خۆماڵیی كوردی (بۆتان و بابان)دا، دوو ئەزموونی ئەدەبی پێشەنگ لەسەر دەستی دوو مرۆڤی بلیمەت و دوو شاعیری هەڵكەوتە مەلای جزیری و نالی، قوتابخانەی شیعری كلاسیكی كوردی بە هەردوو باڵ و هەردوو لقی (بۆتانی) و (بابانی)یەوە لەسەدەكانی حەڤدەهەم و نۆزدەهەمدا دادەمەزرێت و بەرپا دەبێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سەرچاوەکان:


١. ئامێدی، صادق بهاءالدین، ١٩٨٠، هۆزانڤانێت کورد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

٢. بابان زادە، کامەران جەمال، ٢٠٢١، میرنشینی بابان، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

٣. بدلیسی، شەرەفخان، ٢٠١٧، شەرەفنامە، وەرگێڕ: سەلاحەدین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

٤. بلو، جویس، ٢٠١٦، الادب الكوردی المكتوب، قراءة وترجمة: عبدالكريم عته، موقع مدارات كرد.

٥. توفيق، د.زرار صديق، ٢٠٠١، كردستان فی القرن الثامن الهجری، دار موكريانی، اربيل.

٦. جەعفەر، مامۆستا، ٢٠١٤، سلێمانی ـ ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧. خەزنەدار، د.مارف، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨. حسن، سلام طه، ١٩٨٩، جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، اربيل.

٩. خاڵ، شێخ محەمەدی، ٢٠٢١، نالەی دەروون، کۆ بەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ، جزمی دووەم (٦)، ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ، سلێمانی.

١٠. الخال، الشيخ محمد، ٢٠٢١، البيتوشی ـ الشيخ محمد الخال، ج٧، مركز الخال الفكري و الثقافي، السليمانية.

١١. دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانی مەلایێ جزیری، دەزگەها سپیرێز، چاپا دوێ، دهۆک.

١٢. زەکی، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٦، تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، ئامادەکردنی: ڕەفیق سالح، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٣. الزڤنگی، احمد بن الملا محمد، ٢٠١٣، العقد الجوهري فی شرح ديوان الشيخ الجزيري، نوبهار، ئیستامبۆل.

١٤. سمایل، عەباس سلێمان و نەجیبە زرار هۆرمزیار، ٢٠٢٢، چەند بابەتێکی کولتووری کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٥. شوان، ئەمین، ٢٠٢١، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٦. عەبدوڵڵا، دکتۆر نەجات، ٢٠٢٢، گەڕان بەدوای مرواری، کتێبی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٧. عبدالسلام، د. عماد، ٢٠٠٨، مركز ثقافية مغمورة في كردستان، دار موكرياني، اربيل.

١٨. عزت، الدكتورة فائزة محمد، ٢٠١١، الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، مطبعة خانى، دهوك.

١٩. كۆمەکا ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، کورد و هەرێما جزیرا فوراتێ، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی.

٢٠. لونگريک، المستر ستيفن هيمسلي، ١٩٦٨، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، مطبعة المعارف، بغداد.

٢١. محەمەد، د. ئاکۆ بورهان، ٢٠١٨، مێژووی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢٢. محمد، ئاكۆ برهان، ٢٠٠٠، الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر في القرن الخامس الى القرن السابع الهجرى، رسالة ماجستير، جامعة صلاالدين، اربيل.

٢٣. موفتی، عوسمان ڕەشاد، ٢٠٢١، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢٤. هەژار، ١٣٥٩، دیوانی مەلای جزیری، سروش، تاران.

٢٥. هرورى، د. صلاح محمد سليم، ٢٠٠٤، امارة بوتان في عهدالامير بدرخان، اربيل.

٢٦. يوسف، عبدالرقيب، ١٩٧١، ديوانا كرمانجى، مطبعة الادب، النجف الاشرف.


## دور الامارات الكوردية في انبثاق مدرسة الشعر الكلاسيكي الكوردي إمارتا ( بۆتان و بابان) نموذجاً


**الملخص:**

أدى تأ سيس إ مارات كورد ية تحت زعا مة عائلات كرد ية حاك مة في ذ طاق الامبرا طوريتين العثمانية والايرانية، أدى الى و جود ما يشبه دو يلات كورد ية تتمتع بشيء من الحرية والا ستقلال مما خلق نوعا من الا ستقرار السيا سي سمح بدوره بتأ سيس ا لمدن وازد هار الحياة الاقتصادية والاجتماعية، وبالتالي أ حدث نهوضاً وتطوراً في مجالات التعليم والأدب والثقافة ۰ ونرى بأن الحكام والأمراء الكورد في كل من إقليمي (بۆتان و بابان) على سبيل المثال؛ قد تبنوا إيجاد وتأ سيس الجوا مع وا لمدارس الدينية ومرا كز التعليم المختلفة، والا شراف على عملها والانفاق عليها بسخاء وتوفير فرص التعليم والدرا سة لكل من يحتاجها ۰ فقد أدى هذا الوضع من جهة، الى خلق نهضة أدبية وثقافية را ئدة في نطاق إمارة بو تان ومركزها التاريخي مدينة الجزيرة على يد الشاعر الصوفي والعارف الرباني العتيد (مەلای جزیری / ١٥٦٧-١٦٤٠)، حيث تبنى الكورد ية -البوتانية كلغة أدبية للشعر والا بداع، مستلهماً كا فة الفنون والأ ساليب البلاغية الموجودة في الآداب الشرقية (العربية والفارسية)، فقد إستفاد منها ووظفها من ا جل خلق





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وتدشين تجربة جديدة في تاريخ الأدب الكوردي؛ ألا وهو تثبيت أركان المدرسة الكلاسيكية في الشعر والادب الكوردي وذلك في القرن السابع عشر الميلادي. ومن جهة أخرى، إنبرى الشاعر (نالى شارەزووری /١٨٠٠-١٨٧٧) ليعيد التجربة وبشكل خلاق في نطاق الامارة البابانية ومركزها العتيد مدينة السليمانية، ليستكمل النصف الاخر من الخارطة الأساسية للمدرسة الكلاسيكية عن طريق تبني الكوردية-البابانية، مستفيداً أيضا من الأساليب والفنون البلاغية الأدبية العربية والاسلامية كما سبق أن استقدمها الجزيري الى نطاق الشعر والادب الكوردي. وبهذا فقد شكلت الامارتان الكورديتان في كل من بوتان وبابان الأرضية الخصبة والتاريخية لانبثاق مدرسة الشعر الكلاسيكي الكوردي بشقيها البوتاني والباباني خلال القرنين السابع عشر والتاسع عشر؛ وذلك على يد الشاعرين الملهمين والرائدين الجزيري ونالي

## The Role of the Kurdish Emirates in the Emergence of the School of Classical Kurdish Poetry: Two Emirates (Batan and Baban) as an Example.

**Abstract:**

The establishment of Kurdish emirates under the leadership of ruling Kurdish families within the scope of the Ottoman and Iranian empires led to the existence of what resembled Kurdish states enjoying some degree of freedom and independence, which created a kind of political stability that in turn allowed the establishment of cities and the prosperity of economic and social life, and thus brought about a rise and development in the fields of education and literature and culture. We see that the Kurdish rulers and princes in both regions (Botan and Baban), for example; adopted the creation and establishment of mosques, religious schools, and various educational centers, supervising their work, spending on them generously, and providing education and study opportunities for everyone who needs them. The well-known divine character (Malay Jaziri / 1640-1567), who adopted Kurdish-Botani as a literary language for poetry and creativity, drawing inspiration from all the arts and rhetorical methods found in oriental literature (Arabic and Persian). He benefited from and employed them in order to create and inaugurate a new experience in the history of Kurdish literature; which is to establish the pillars of the classical school in Kurdish poetry and literature in the seventeenth century A.D. On the other hand, the poet (Nali Sharazoori /1800-1877) endeavored to recreate the experience creatively within the scope of the Babani Emirate and its future center had become the city of Sulaymaniyah, to complete the other half of the basic map of the classicism school by adopting Kurdish-Babani, also benefiting from Arabic and Islamic literary rhetorical styles and arts as previously introduced by Al-Jaziri to the scope of Kurdish poetry and literature during seventeenth and nineteenth centuries. This was done by the inspiring and pioneering poets Al-Jaziri and Nali.

# ڕۆشنبیری زمان و ئەدەبی کوردی لە سایەی میرنشینی  بۆتان و میرنشینی بابان دا

**پ. د. پەخشان سابیر حەمەد**

بەشی زمانی کوردی -فاکەلتی ئاداب-زانکۆی سۆران /هەرێمی کوردستان عێراق

**پوختە:**

زمان و ئەدەبی کوردی بەشێکی بنچینەیی مێژووی کورد پێکدەهێنن،بەوەی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ڕێڕەوی دەسەڵاتە کوردییەکان ڕۆیشتون ،بە تایبەتتریش لە سەردەمی میرنشینەکاندا بونەتە ئاوێنەی دەربڕین لە بارودۆخ و ڕووداوە دیارەکانی نەتەوەی کورد،لە پاڵ مێژوودا توانیویانە بەشێک لە نەهامەتیەکان هەڵبگرن و لە یادەوەری کورددا بیچەسپێنن، بۆ ئەوەی دیوەکەی تری مێژوو بخەنە ڕوو.

تاقە ناوەندی فێرکردن لەو سەردەمانەدا مزگەوت بووە،کە ناوەندی خوێندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بووە و چەندین ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و زانا و دانای کوردی پێگەیاندووە،ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە پێگەی مزگەوت هاوشانی قوتابخانە و زانستگاکانی ئەمڕۆ بوون  و هەموو ئەرکێکی فێربوونییان گرتۆتە ئەستۆ ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە بایەخدانی میری میرنشینە کوردییەکان بە فێربوون و ڕۆشنبیری کوردی دەگەێنێت،کە هەندێک لەو میرانە خۆیان  مامۆستا و شاعیریش بوون،ئەگەرچی خوێندن لەو ناوەندانە بە زمانی کوردی نەبووە ،چونکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و فێربوونیان بە زمانی کوردی لەبەردەستدا نەبووە،تەنیا سەرچاوە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بەردەستبوون،بەڵام ئەم سەرچاوانە بوونەتە بناغەی نووسین بە زمانی کوردی و لەوەوە داهێنانەکانیان بە زمانی کوردی چەکەرەی کردووە ،کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەنوێنن.سەرباری گێڕانەوە سەرزارەکییەکانی نێو خەڵک کە بوونەتە بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری وەک: حیکایەت و داستان و گۆرانی میللی،بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆ نییە،کە باس لە پرۆسەی فێرکردن وڕێڕەوی خوێندن لە سایەی ئەم میرنشینانە بکات،جگە لە پەراوێزی هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان نەبێت ،یان چەند ریزێک لە نێو دەقە مێژووییەکان بەدیدەکرێت ،یان هەندێ ئاماژە لە نێو دێر و بەیتی شاعیرانی ئەم سەردەمانە و دواتریش،کە ئەمانیش ناتوانن تینوێتی لێکۆلەر بشکێنن،بەڵام دەبنە شایەدحاڵی ڕووداوەکان.

**وشە کلیلیەکان:** *میرنشینە کوردییەکان، ڕۆشنبیری،ئەدەبی کوردی، زمان، فێربوون، ئەحمەدی خانی، نالی، خوێندنی ئایینی*

**پێشەکی:**

لەگەڵ سەرهەڵدان و درووستبونی هەر میرنشینێکدا چەتری ڕۆشنبیری کوردی و بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی زیاتر هەڵدراون ،هەرچەندە مێژووی میرنشینە کوردییەکان بە ووردی نەنوسراونەتەوە ،بە بەراوورد بە نووسینەوەی مێژووی فارس و تورک و عەرەب و نەتەوەکانی تری دەوروبەر کە بایەخێکی زۆریان بە نووسینەوەی مێژووی خۆیان داوە،لە پاڵ ئەوەشدا مەگەر لە پەراوێزی بابەتە مێژووییەکاندا ئاماژەیەک یان چەند دێرێک لە بارەی پرۆسەی فێرکردن و زمان و نووسینی کوردی خرابێتە ڕوو،بۆیە هەست بە بوونی حەلقەی وون بوو دەکرێت ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە زمانی نووسینی فەرمانەکانی میرنشینەکان بە زمانی کوردی نەنوسراون،کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕێڕەوی نووسین کردووە،چونکە میرە کوردەکان ستراتیژیەتێکی تایبەتیان بۆ ئەم بابەتە نەبووە،تەنیا شاعیران ئەرکی ڕەوشتیی و ئەدەبیان خستۆتە خزمەتی زمان و نووسینی کوردی ،درکییان بە مەترسییەکانی بەردەم زمانی کوردی کردووە،لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ((ڕۆشنبیری زمان و ئەدەبی کوردی لە سایەی میرنشینی بۆتان و میرنشینی بابان دا)) تەرخانکردووە،کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکارییە لە نێوان مامەڵەی میرنشینەکان لە تەک زمانی کوردی و ئەدەبەکەیدا و ڕێژەی بایەخدان بەم زمانە .

لێکۆڵینەوەکە بە پێی ڕێبازی _شیکاریی_ڕەخنەیی_نووسراوە،و بایەخی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە:

١ـ هەڵسەنگاندن بۆ فێربوون و ڕێڕەوی خوێندن لە سایەی میرنشینەکان دەکات.

٢-زمان و گەشەی زمانی کوردی لە میانی میرە کوردەکان چۆن بووە،دیاریدەکات.

٣_ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بە چ شێوازێک نووسراوە.

٤_میرەکانی سەر بە میرنشینەکان تا چەند ڕۆڵیان لە بنیادنانی شوێنی فێربوون هەبووە وتا چەند بەشدارییان لە پێشخستنی زماندا کردووە.

٥-حوجرەی مزگەوتەکان و مەلای ئایینی چ جۆرە بەشدارییەکیان لە ڕێڕەوی پرۆسەی فێرکردندا هەبووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییە بداتەوە کە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی میرنشینەکاندا، سەربەخۆ تاوتوێ کراون ،یا لە پاڵ بابەتە مێژووییەکان و لە پەراوێزی گێڕانەوە مێژووییەکاندا باسییان لەبارەوە کراوە.

لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و دەروازەیەک لە : (***_زمان و ئەدەب...دیوەکەی تری مێژووی میرنشینەکان***)دەدوێت ،کە بە هۆی فراوانی بابەتەکە تەنیا کار لەسەر دوو میرنشین دەکات ،ئەوانیش: (میرنشینی بۆتان و میرنشینی بابان)ن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە پاڵ خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و پوختەکەی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی،لە کۆتایشدا ئەو سەرچاوانەی بوونەتە مایەی دەوڵەمەندی لێکۆڵینەوەکە لە لیستێکدا خراونەتە ڕوو.

١- دەروازە

میرنشینە کوردییەکان لە نێو پانتایی دوو ئیمپراتۆریەتە زلەکەی عوسمانی و سەفەوی بوون،کە کاریگەرییەکی زۆر و نەرێنیان بەسەر میرنشینەکانەوە هەبووە،میرنشینی بۆتان ،هەکاری،سۆران،بابان لە سایەی عوسمانلی و ئەردەلان و موکریان لەسایەی دەوڵەتی سەفەوی بوون،ئەمەش ببووە مایەی سیاسەتێکی ناجێگیر،بەڵام (کورد لە ئەدەبدا ئازاو بوێر بوو هەر زوو جزیری و خانی و نالی و مەحوی دروشمی ناسنامەیان بەرزکردەوە،بەڵام لە سیاسەت و حوکمڕانی خۆخۆربوون چەندان کادری یەک بنەماڵە کەوتنە کودەتا لەسەریەک کردن،خودی دەستەواژەی میرنشین حوکمڕانیەکی ویراسی بنەماڵەیی بوو،دۆست نەبوو لەگەڵ ناسنامە(سەلام ناوخۆش:٨)چونکە بە پێی ئاخاوتنی د.فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیانەی دیالێکتەکانی)دا کە(سەرباری دەرکەوتنی هەندێ دەوڵەت و میرنشینی کوردی سەربەخۆ یا نیمچە سەربەخۆ ،بە تایبەتی لە سەردەمە ئیسلامیەکان،بەڵام ئەمە دەرفەتی ئەوەی نەدا زمانی یەکگرتووی کوردی پێشبکەوێت،بەڵکو دیالێکتەکان زیاتر زەقکرانەوە ئەمەش بە هۆی سیمای ناوچەگەرێتی کە میرنشینەکانی پێ ناسرابوون و کە بووە مایەی هاندانی شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی باو لە هەرێمەکەدا) (فوآد حمة خورشيد،١٩٨٣: ٢٨)،

بایەخدانی کورد بە لایەنی فێرکردن دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە،هەر لە سەدەی سیانزەهەم و چواردەیەمەوە،بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری دیار لە کوردستان هەبووە،کە قوتابخانەی وەک:قوبان لە ئامێدی ،یەکێک بووە لە بەناوبانگترین قوتابخانەکان لە بادینان (کاوە فریق،١٩٨٥: ١٨٨)

زمانی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە وەکو زمانی قورئان و حەدیس و زانستەکانی ئاین و شەریعەتی ئیسلام ،سەرچاوەی یەکەمی خوێندەواری بووە لە کوردستان و بەو هۆیەش بەشی هەرە زۆری شاعیر و ئەدیب و زانا و دانایانی کورد لە بەراییدا مەلا و زانای ئایینی بوون(عوسمان دەشتی:٧١)و زمانی فارسی لە هەموو خوێندنگا و مەدرەسە ئایینیەکانی کوردستاندا وەکو زمانی فەرهەنگ و شیعر و ئەدەب،هەمیشە ئامادە بووە و دەستی یەکەمی سەرچاوەکانی زمان و ئەدەبی فارسی بە تایبەت بەرهەمەکانی(سەعدی و حافز و جامی و مەولانا )بەشێک بوون لە بەرنامەکانی خوێندن (ئەمین عەلی ،١٩٧٣: ٧٢).

پێش دامەزراندنی میرنشینەکان گەلی کورد زمانێکی ئەدەبی تایبەت بە خۆی نەبوو،زانایان و هۆشمەندەکانی کورد ناچاربوون بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی

بنوسن،بەڵام لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا ئەوە گۆڕا،شێوە زمانی کرمانجی بووە زمانی ئەدەبی کوردی لە بەشەکانی باکوور و ناوەندی کوردستان،ئەوەش لە دەوروبەری سەدەی یانزەیەمەوە ،ئەگەر گەشەکردنی کەلتووری بەتلیس لەو سەدەیەدا لەبەرچاو بگرین ئەوە لەوانەیە ئەوێ ئەو شوێنە بوبێ کە شێوە زمانی کرمانجی تێدا وەک زمانێکی ئەدەبی سەربەخۆ پێگەیشتبێ،لە هەمان سەردەمی مێژوویشدا شێوە زمانی گۆرانی وەک زمانێکی ئەدەبی لە کوردستانی بچوکدا(کوردستانی ئێرانی ئێستا)سەریهەڵدا و بووە زمانی ڕەسمیی کۆشک و سەرای میرەکانی ئەردەڵان کە هانی شاعیرەکانیان دەدا پێی بنوسن.

لە کوردستانی باشوریشدا (کوردستانی ئێستای عیراق)شێوە زمانی سۆرانی بووە زمانی ئەدەبی زۆربەی کوردان ئەوەیش لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی میر عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا،هەروەها سۆرانی وەک زمانی ئەدەبی تەشەنەیکرد بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دوای ئەوەی کە شێوە زمانی گۆرانی لە لایەن پاشاکانی قاجارەوە قەدەغەکرا (سەعد بەشیر،٢٠٠٤: ١١) هەرچەندە(لە سەرەتای سەدەی شازدەدا ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەی عوسمانی و سەفەوی نەیانهێشتووە هەرێمە کوردییەکان ئاسایشێکی تا ڕادەیەک دوورودرێژ بە خۆوە ببینن چونکە شار و دێهاتەکانی کورد هەمیشە گۆڕەپانی زنجیرەیەک شەڕی خوێناوی درێژ بوون لە نێوان ئەم دوو هێزە زەبەلاحەدا)(سەعد بەشیر: ٦٧)

لە شەرەفنامەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەتلیس سەرەڕای هێرش و پەلاماردانی ،بەڵام لە باسکردنی خوێندنگا و مزگەوتەکانی کە چەندین زانا لە بوارە جیا جیاکاندا پێگەیاندبوو وەک بواری مێژوو و فیقهو تەفسیر و فەلسەفەی سۆفیگەری و زمان، گەلێ کەسایەتی سۆفی و شاعیر و زانایانی وەک :عەبدولڕەحیمی بەتلیسی پسپۆڕ لە فیقهو تەفسیر،محەمەد بەیڕەقعی پسپۆڕ لە فیقهو زمان،حیسامەدین چەڵەبی پسپۆڕ لە سۆفیگەری و کوڕەکەی مێژوونووس و دیپلۆمات ئیدریسی حەکیم هەبوون(شەرەفخانی بتلیسی:٣٤٩،٣٥٥)

خۆی لە خۆیدا دەرکەوتنی شەرەفخانی بتلیسی مێژوونوس و ئەحمەدی خانی شاعیر لە نێوان سەدەی شازدە و حەڤدەدا ڕووداوێکی فەرهەنگی و کلتووری زۆر بایەخدار بوو،چونکە لە لایەک(شەرەفخان تەختی میراتی بۆ کوڕەکەی خۆی بە جێهێشت بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بێ بۆ نووسینی گۆڕانکارییە سیاسیە گرنگەکانی کە لە کوردستان ڕوویان دەدا ئەویش بە باسکردنی مێژوی میرنشینە کوردیەکان بە درێژایی پێنج سەدە[لە نێوان سەدەی دەیەم و سەدەی شازدەیەمدا)،وازهێنانی شەرەفخان خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکە بۆ هەستکردن بە گرنگێتی نوسین بۆ خۆی و بۆ غەیری خۆشی،شەرەفخان سەردانی گەلێ لەو میرنشینانەی کردووە و زۆر لە میر و مێژوگێڕەوەی دیوە و گەلێ کتێبیشی خوێندۆتەوە) (سەعد بەشیر:١١٨_١١٩)، چونکە خوێندەوارمان کە شادەمارمانن لە فێرگەی داگیرکەراندا زمان و ئەدەبیاتی بێگانەیان پێ خوێندراوە و ڕەسەنی و پێکەوتویی و پایەبەرزی خۆیان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نزمی گەلانی ژێر دەستەیان فێرکردوون و زمان و دڵ و دەست و قەڵەمیان بۆ خۆشەویستی ئاغا و خێزان و خزمی ڕاهێندراوە و دادراوە و ئەوسا پێیان سپێراوە،نەخوێندەوارە ساویلکە و بەستەزمانەکەیان بۆ بەردەست و بێ هەست بکەن (شەرەفخانی بتلیسی ،٣٥_٣٦)،لە لایەکی ترەوە ئەحمەدی خانی کە پیاوێکی ئایینی و شاعیرێکی گەورەو هۆشمەند بووە و تەنانەت بۆتە هێمای سەربەخۆیی نەتەوەی کورد ،بە جۆرێک(شیعرەکانی لە لایەن مامۆستا و خوێندکار و خەڵکە ڕەمەکیەکەشدا ئەزبەر کرابون وەک چۆن سورەتی قورئان لەبەر دەکران)(سەعد بەشیر:١١٨)بە واتای شەرەفخانی بتلیسی و ئەحمەدی خانی دوو جەمسەری ڕۆشنبیری کوردییان لەو سەردەمەدا پێکهێناوە،تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، شەرەفنامە و مەم و زین هاوتا بوون لە کاریگەری و هۆشیار کردنەوەی میللەتی کورد و پێگەیاندنی ،لە کاتێکدا شەرەفنامە بە زمانی فارسی نوسراوە و مەم و زین بە کرمانجی سەروو،ئەویان بە پەخشان و دەقێکی مێژووییە و ئەوی تریان شیعرە ، چونکە هەردوکیان بناغەیەکیان بۆ کورد پێکهێنا و بوونە ناسنامەی نەتەوەیی ،ئەکادیمی _ی.ئوربیللی،دەڵێ:کاتێ دەڵێن شاعیرو نوسەر نزیکن لە میللەتەکەیان و پەیوەستن بە میللەت و جەماوەر،یەکسەر دەبێ سێ شاعیر بە بیر بێنینەوە:فردۆسی ئێرانی و روستافیللی جۆرجی و ئەحمەدی خانی کوردی (عزالدین مصطفی،١٩٧٩: ٩)هەرچەندە سەدەی حەڤدەهەم کە خانی تێدا ژیاوە سەدەیەکی پڕ لە ململانێی توند بوو لە نێوان میرنشینەکان و ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی کە دەیانویست کوردستان داگیر بکەن.

زاناکانی ئایینی لە تەک میر حوکمی ئیمارەتەکەیان کردووە،وەک چۆن نیکیتن_Nikitine باسی دەکات ،لەو زانایانەی کە پایەی تایبەتیان لای ئیمارەت هەبووە،لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان دوو زانان :ئەوانیش:مەلای خەتێ(لەدایکبوی ١٧٨٥ز)و مەلا یەحیای مزوری(١٨٣٩ز کۆچی دوایی کردووە) (جەمال نەبەز،٢٠١٩: ٥٨)،لە کاتێکدا چەندین تۆمەت وەک چۆن دراوەتە پاڵ مەلای خەتێ ،بە هەمان شێوە ئاراستەی مەلا یەحیای مزوریش کراوە،هەرچەندە هەردووکیان زانا و لێهاتوو و پڕ مەعریفە بوون.

محەمەدئەمین زەکی بەگ(١٨٨٠_١٩٤٨)لە کتێبی (خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان) دا دەڵێ:

(دائیر بە لەهجەی سنە وەسیقەیەکمان بە دەستەوە نییە،بەڵام زمانی هەورامی_گۆرانی_بە گوێرەی غەزەلیاتی و داستانە موهەیج و پڕ مەعناکانی شوبهە ناکرێ ،کە ئەدەبیاتێکی واسع و شیرینی هەیە،والی ئەردەلان لە سەرای خۆیدا بە سورەتی خسوسی تەشویق و تەشجیعی شیعر و ئەدەبیاتی ئەم زمانە ئەکا و بێ شک ئەم لەهجەی شیعرە ،لە زمانی خەڵق جوێیە)(محەمەد ئەمین زەکی،١٩٣١: ٢١١)

لێرەدا پەنجە بۆ ڕاستیەکی مێژوویش درێژ دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە میرەکانی ئەردەڵان زیاد لە زۆربەی میرانی کورد پشتی شیعر و شاعیرانیان گرتووە وبرەویان بە وشەی جوانی داوە،ڕەنگە هەر دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەمەش تینی بە گوڕی شیعری ناو جافی سەردەمی وەسمان پاشا و خانمیش دابێ،کە لەو سەردەمەدا هەڵبجە مەڵبەندی شاعیران بووە (عـــزەدین مســـتەفا،١٩٨٨: ٢٥) تەنیـــا مێژونوســـی ئـــافرەتی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتی ســـەدەی نـۆزدەیەمە،کە سـەرباری شـاعیرێتی،لە بـواری زانسـتە ئیسلامیەکانیشـدا شـارەزایی هەبـووەو بەرهەمی زۆری جێهێشتووە.

خوسرەوخانی گەورەی والی ئەردەڵان(؟ __ ١٧٩١ز)هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە،کە قازی مـحەمەد مەلا شــەریفی ئەردەڵانــی بــۆ نوســینەوەی مێــژوی ئەردەڵان ڕادەســپێرێت،ئەویش مێژویەکی بە ناوی(زبدة التواريخ)دەنوسێت،دوای ئەویش محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی لەسەر داوای ئەمـانوڵلا خـانی گەورەی والـی ئەردەڵان(١٧٧٥__١٨٢٤ز)ڕاسپێردراوە ئەمیش مێژویەکی بە شێوەیەک نوسیوە کە وەک تەواوکەری مێژوەکەی شەرەفخانی بتلیسی وایە،لەو کاتەوە دەست پێ دەکـات کە (شـەرەفنامە)دوایی دێـت و نـاوی نـاوە (ذیـل شـرفنامە)واتە پاشـکۆی شــەرەفنامە ،دوای ئەمــانیش چەنــدین مێژونوســی تــر دەرکەوتــون و(لــب تواریخ),(تــاریخ اردلان)،(حدیقـــە ناصـــری)،(تحفە ی ناصـــری)یان نوســـیوە(محەمەدی حەمە بـــاقی:پەراوێزی ژمـارە_١: ٢٩)بە زمـانی کـوردی نەنوسـراون بەڵام ناوەڕۆکەکەیـان لە خزمەتـی ڕۆشـنبیری کوردیدایە.

هەرچەندە سەرەتا ململانێ لە نێوان هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان هەبوو ،بەڵام لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا نزیکبونەوەیەکی زۆر و خزمایەتی و تێکەڵیەکی هەمە لایەنە لە ناویانـدا دروسـتبوە، هەر بـۆیە لە کـاتی لێقەومانـدا پەنایـان بـۆ یەکتـر بردووە،دواجـاریش کە خـۆری مـاڵبـاتی ئەردەڵان بەرەو ئـاوابون دەچێـت ،ماهشـەرەفخانم لەگەڵ خەڵکێکـی زۆر ئەردەڵان بە جێـدەهێڵن و لە پـایتەختی بابانـدا پێشـوازیان لێـدەکرێت(ئارام عەلی،٢٠١٩).

میرنشـــینە کوردیەکـــان بەوە جیـــا دەکـــرانەوە کە بە گشـــتی سروشـــتێکی سێکوچکەداری (بنەماڵەیی_فیوداڵیزمی_ئایینی)بوونە،لە نێوانیاندا چەندین میری بە توانا و بەهێزی تیا هەڵکەوتووە،...،بەتـایبەتی لە ڕووی فراوانخوازی و دەسـتداریان کە وڵاتـی زلهێزی دەوروبەر حیسـابیان بـۆی کـردووە،بە تـایبەتی میر مـحەمەدی ڕەوانـدزی و میـر بەدرخـان پاشـای بۆتان و میر عەبدولڕەحمان پاشای بابان(ئاکۆ بورهان، :٧)ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لە ڕووی مەعریفە و گرنگیدان بە زانسـت و فێربـوون ،هەرچەنـدە لەمەیانـدا میـر مـحەمەدی ڕەواندزی زیاتر خەریکی شەڕوشۆڕ بووە،بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان تەنانەت درووسـتکردنی مزگەوت و پردیش زیاتر بۆ پاڵپشتی بەرژەوەندیخوازییەکانی بووە،نەک پێشخسـتنی میللەتە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕەشوڕووتەکەی،بۆ ئەم مەبەستە کاوس قەفتان دەڵێ:( میری سۆران وولاتەکەی پڕکردبوو لە قەلا ،پردێکی زۆری لەسەر ڕووبارەکان درووست کرد[کە بۆ هاتوچۆی سەربازەکان بوو]بەلام قوتابخانە،مزگەوتێک،حوجرەیەکی نەکردەوە، ئەو هەموو شەڕو شۆڕانەشی ئەیکردن زیانێکی زۆری بۆ میللەتەکە هێنا و بێزاری کرد)(کاوس قەفتان:٥٥)کەچی لە هەندێ سەرچاوەی تردا بیروڕای تر خراوەتە ڕوو،بۆ نموونە:جەمال نەبەز لە کتێبی _میری کورد_دا دەڵێ: لە ئیمارەتی سۆران مزگەوت و قوتابخانەی زۆر هەبوون ئەمە میری کۆرە ئەیکرد،بەلام جگە لە زۆربوونی ژمارەیان شتێکی دیکە نەبوو،بوونی ئەم قوتابخانانە بە مانای ئەوە نایەت ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بوبێتەوە،یان لانی کەم ئەم قوتابخانانە میللەتیان لە نەخوێندەواری و نەزانی پاراستووە،چونکە میری کۆرە دەسەلاتدارێکی نەزان نەبووە،بەڵکو ڕۆشنبیرێکی ئایینی بنەڕەتی هەبووە(جەمال نەبەز، ٢٠١٩ :٧٣_٧٤)،ئەم ڕایە لەگەڵ ڕاکەی(نیکیتن)یەکدەگرێتەوە کە ئاماژەی بە درووستکردنی قوتابخانەی زۆر لە لایەن (میر محەمەد)ەوە کردووە بەلام ئەویش ناوی قوتابخانە و ژمارەی قوتابخانەکانی نەخستۆتە ڕوو.

لە ١٨٦٧دا میرنشینی ئەردەلان کۆتایی پێهێنراوە،میرنشینی بابان دوا میرنشین بووە،ئەم دوو میرنشینە دەورێکی گرنگیان لە گەشەی زمان و ئەدەبی کوردیدا هەبووە و بەشی شێریان بەردەکەوێت لە خزمەتی کلتوور و فەرهەنگی زمانی کوردیدا،بۆتان و هەکاریش بە پلەی دووەم دێت و میرنشینی سۆران بە پلەی سێیەم،ئەمە و(میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان هەمیشە بە جمک دادەنێن،هەرچەندە ئەمەش پێناساندنێکی خۆشە،بەلام ناتوانین لەگەڵیدا بین بە هۆی جیاوازیانەوە لە ساڵی لەدایکبوونیان کە چەند سەد ساڵێک دەبێ،ئەگەر زاراوەکانی خزمایەتیشیان بۆ بەکاربەرین ناتوانین تەنانەت بە براشیان لە قەڵەم بدەین،چونکە هەندێ ناوچەی میرنشینی ئەردەلان لە سەدەکانی زووی دامەزراندنی بوون بە زەوی و موڵکی بابان)(ی.ئی.ڤاسیلیەڤا:٤٥)

هاوکات جگە لە دەستێوەردانی دەرەکی و هەروەها سیاسەتی ناوەندگەرایی(سێنترالی)دەوڵەتی عوسمانی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی تەواوی میرنشینە کوردییەکان و گەڕانەوەی دەسەلاتی ناوەنگەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ ناوچە دوورە دەستەکان،هەموو ئەمانەش بوونەتە مایەی ئەوەی کە ئەم میرایەتییەی کوردیش لە بارببرێت و کۆتایی بە دەسەلات و حوکمڕانیەتی بهێنرێت (ئەحمەد باوەڕ،٢٠١٧: ١٣).

سلێمانی یەکەمین شاری کورد بوو،کە مەدرەسەی عیلمانی یانی(مەکتەبی ڕوشدیە)ی تێدا کرایەوە،لە ساڵی ١٨٩٣ دەستی بە کار کرد،قوتابخانەیەکی دووهەمین بوو ،بۆ ئەو قوتابیانە کرایەوە کە مەدرەسەی ئاساییان تەواو دەکرد و دەیانویست لە سوپادا دامەزرێن(جۆیس بلاو،٢٠١٥: ٢١)و یەکەم کتێبی چاپکراوی کوردیش لە دیاربەکر لە ساڵی

١٨٩٩ بلاوكراوەتەوە (نەجاتی عەبدوڵلا،٢٠٢٢: ١٤٥)چونكە ئەو كتێبە بەناو كوردییانەی لە نێوان ساڵانی ١٧٨٧_١٨٩٢ بلاوكراونەتەوە بە ئەلف و بێی زمانی تر بوون،تەنیا شیعر بۆ گوێدانە چاپكردن و بوون بە كتێب،هەر لە سەدەی دوازدەهەمەوە بە زمانی كوردی نووسراوەتەوە،هەرچەندە زمانێكی تێكەڵ بووە ،بەڵام بنچینەكە كوردی بووە.

واتە سلێمانی (لە ماوەیەكی زۆر كورتدا بووە مەڵبەندی رووتێكردنی زانایان و رووناكبیران و شاعیرانی هەرە گەورەی ئەو رۆژگارەی كوردەواری وەك:شێخ مارفی نۆدێی (١٧٥٣_١٨٣٨)، و مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١٧٧٩_١٨٢٧ز......هتد،بە هەموشیان فەرهەنگێكی دەوڵەمەندیان خستە سەر خەرمانی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی(محەمەد حەمە باقی،٢٠٠٢: ١٥_١٦)،هەرچەندە زۆربەی كتێبەكانی مەولانا بە فارسی نوسراون (بۆ زانیاری لە بارەیانەوە بڕوانە:مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس،٢٠١١: ٥٦_٥٧)، ئەوەی مایەی سەرنجە كە شێخ مارفی نۆدێی نامەی بە زمانی عەرەبی كە بە مەزەندەی نەوشێروان مستەفا بۆ مەحمود پاشای بابان نوسیبێت (نەوشێروان مستەفا،١٩٩٨: ١٥٣)، هەر لەبەر ئەوەشە كە (ئەحمەدی)نوسیوە تا كاكە ئەحمەدی كوڕی فێری زمانی عەرەبی بێت،بەڵام بۆ نامە بە زمانی عەرەبی بۆ میرێكی كورد دەنوسێت،ئەمە مایەی پرسیارە.

لە ناوچەی بابان لە سلێمانی ،دوانزە سوارەی مەریوان لە كاتی شەڕدا تەپڵ و ئامێرە مۆسیقایەكانیان بەكاردەهێنا (فەرهاد پیرباڵ:٩٧)كە ڕەنگدانەوەیەكی فراوانییان لە نێو بەیت و شیعری میللی و ....هتد هەیە،ئەمە جگە لەو بەیت و داستانە جوانمەردانەی وەك:سوارۆ(شەریف هەمەوەند)،عەزیز و تەكش ،دمدم،.....هتد (كامەران موكری،١٩٨٤: ٦٥ تا ٦٩).

لەگەڵ كۆتایهاتنی دەستەڵاتی ناوخۆی میرنشینە كوردییەكان(بابان ١٨٤٧، بۆتان ١٨٤٧،هەكاری ١٨٤٨،بادینان ١٨٤٨،ئەردەلان ١٨٦٨)لە هەمان كاتدا كۆتایی بە دەستەڵاتی سەرۆكهۆزەكانیش هات،كە تا ئەو دەم دەستەڵاتی ناوخۆی كۆمەڵی كوردەوارییان لە بندەستدا بوو (نەجاتی عەبدوڵلا،٢٠٢٢: ٦٩)

هەر لە سەرەتادا دەوڵەتی عوسمانی خزمەتگوزارییە فێركردنەكانی نەخستە ئەستۆی خۆی ،بۆیە دام و دەزگا فێركارییەكانی نەخستە ئەستۆی خۆی ،دام و دەزگا فێركارییەكان پەیوەست بوون بە كتاتیب و قوتابخانە ئاینییەكان ،كە ئەركی پەروەردە و فێركردنیان لە ئەستۆ گرتبوو (ابراهیم خلیل،١٩٩٢: ٣٣٣)،ئەم كەمتەرخەمییەی دەسەڵاتی عوسمانی كاریگەریی خراپ و نەرێنی خستە سەر كوردستانیش و ڕێژەی نەخوێندەواری بە پێی كات زیادی دەكرد،تەنانەت تا كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوامی هەبوو،وەنەبێت ئەمە تاكە هۆكاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری بێت لە كوردستان ،بەڵكو خۆشیان خەریكی كار و كەسابەت بوون ،كەمێكییان نەبێت كە خولیای فێربوونییان هەبووە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

هەر لەبەر ئەوەشە حاجی قادری کۆیی هاوێشەیەک دەخاتە ڕوو کە هاوسەنگی تێدا بەدی ناکات،دەڵێ:

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنوسرایە زمانی
مەلا و میر و شێخ و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی

بە لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان پرۆسەیەک دەستی پێکرد ،سەرباری نائومێدی ،کورد وورده وورده درکی بە بایەخی فێربوون و خوێندن و ڕۆڵییان لە بنیادنانی وڵات و پێشکەوتنیدا کرد،هەرچەندە(سەر لە نوێ بە تایفە و عەشیرەت کردنەوەی کوردستان،کە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی بەناوبانگی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شێخەکان بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵگەی کوردی ،لە ناوبردنی خاڵەکانی لە دەورکۆبونەوەی کۆمەڵگەی کوردی و نەتوانینی ئەوەی کە بە تەواوەتی بۆشایی دەسەڵات پڕ بکرێتەوە(ئەتەش سەبری:١٠٧) .

ئەگەر کورد لە دەوری یەکگرتووییدا کۆببونایەتەوە ،بە سایەی میرنشینەکانیانەوە دەیانتوانی بەشدارییەکی چالاکتر نەک تەنیا لە سیاسەت،بەڵکو لە ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواری دا بکەن.

**٣_زمان و ئەدەب...دیوەکەی تری مێژووی میرنشینەکان**

**٢ـ میرنشینی بۆتان**

سەرچاوەکان جگە لە زانیارییەکی کەم نەبێت لەبارەی مێژووی میرنشینەکە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم، شتێکی تریان نییە، کە دوای ساڵی ١٢٤٧ز درووستبووە،هەر خۆی (مێژوی سەرهەڵدان و دروستبوونی هەندێک لە میرنشینەکان تەمومژاوین،وەک مێژوی میرنشینی بۆتان،کە مێژونوسەکان تەنیا لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە _سلێمان کوڕی خالید_یەکەم میر بووە،کە فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینەی کردووە) (صلاح هروری،٢٠٠٠: ١٦)و شاری جەزیرە ناوەندی میرنشینەکە بووە و (چوار میر فەرمانڕەواییان کردووە ،لەوانە میر ئەبدال باوکی میر بەدرخان بەگ،بەناوبانگترین میرەکانی بۆتان(کامیران عبدالصمد، ٢٠٠٦ : ١١٥)،میر بەدرخان یەکێک بووە لەوانەی کە کاروکردەوەکانی لە پێناو میرنشینی بۆتان دا مایەی سەرنج بووە، (بەدرخان بەگ کە نەوەو نەتیرەی یەکێک لە کۆنترین ماڵباتی کوردستانە و لە ساڵی ١٨٢١ میری بۆتان بووە،ئەم ڕێباز و ڕێچکەیەی گرتەبەر لە کێشەی فیودالیانەی نێوان میرانی کوردو سوڵتاندا و یەکەمین کەسە کە مەوداو ڕەهەندی نەتەوەیی بەم کێشانە بەخشی و وەکو باوکی ناسیونالیزمی کورد لە مێژودا جێی خۆی گرت)(کرێس کۆچێرا، ٢٠٠٦: ١٣) ڕۆشنبیری میر بەدرخان دواتریش هەر لە نێو ڕۆشنبیری


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زمان و ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە لایەن نەوەی بەدرخان [مەدحەت بەگ بەدرخان] لە ساڵی ١٨٩٨ بەناوی کوردستان لە قاهیرە دەرچووە و ژمارەیەک لە نەوەکانی میر بەدرخان لە بزاڤی نەتەوەیی کوردا بەشداریان کردووە و کەم و زۆر دەوری گرنگیان گێڕاوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کریس کۆچێرا،٢٠٠٦)دوای ڕوخانی میرنشینی سۆران و بادینان ،نە کەسایەتیەک ،نە هێزێکی بەتوانا کە کورد لە دەوری کۆببنەوە لە گۆڕەپانەکەدا بەدینەدەکرا ،جگە لە میرنشینی بۆتان و میر بەدرخان نەبێت(صلاح هروری:٦٠)،لە کاتێکدا میر بەدرخان هاوسەردەمی میر محەمەدی ڕەواندزی بووە و مالمسانژ بە (باوکی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد)ناوزەدی کردووە،میر بەدرخان لە جەزیرە بووە ،کە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)یش هەر لە جەزیرە دا بووە،ڕووداوەکانی ئەم داستانە شیعرییە لە دەوری جەزیرە سوڕاوەتەوە ولەبەر دەستی میرە بۆتانییەکانیش بووە،کە بەوە ناسراون باوەشیان بۆ نوسەر و شاعیران ئاوەڵا بووە،بە تایبەتیش کاریگەری لەسەر میر بەدرخان هەبووە،کە قوتابی بۆ دەرەوە شاند دەکرد تا پسپۆڕی لە دروستکردنی چەک بهێننەوە(مالمسانژ: ٣٩)،بۆیە(دەسەڵاتی عوسمانی هەوڵی دەدا میر بەدرخان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە،بە ڕێگای ئاشتی،بۆیە حافیز پاشا لە شوێنی کارەکەی لە ئەرزەڕۆم( مەلا مەحمودی بایەزیدی)ڕاسپارد بە ئەنجام دانی ئەم کارە لەگەڵ میر بەدرخان ،....،هەوڵەکەی مایەی ڕەزامەندی بوو)(جلیلی جلیل، :١٣٢) تەنانەت دوای دانوستانی حکومەتی عوسمانی لە ئەرزەڕۆم لەگەڵ مەحمود خان مەلا مەحمودی بایەزیدی کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە ،چونکە مەحمودخان جگە لە زمانی کوردی ،زمانی تری نەزانیوە(جەلیلی جلیل:سەرچاوەی پێشوو).

میر بەدرخان هەمیشە هەوڵی پاراستنی زمانی کوردی داوە،تەنانەت کاتێک لە تاراوگەش بووە، نەوەکانی کۆکردۆتەوە و پێی وتون:(دەترسم زمانەکەتان لە نێو تورکاندا وون بکەن ،ئەگەر زمانەکەتان وون بکەن ،وڵاتی بۆتانیش وون دەکەن،بۆیە دەمەوێ لەگەڵ خێزان و منداڵەکانتان بە زمانی باب و باپیرانتان بئاخفن،ئەوەی وا نەکات منداڵی من نییە) (مالمسانژ:١٧).

حاجی قادری کۆیی لە ئەستەنبۆڵ ماوەیەکی دوورودرێژ ژیا،بە بنەماڵەی بەدرخانیەکان گەیشت و بوو بە مامۆستای تایبەتی کوڕەکانی ئەو خانەوادەیە،لە لای ئەوان دیپاجەی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی خوێندەوە(دیوانی حاجی:١٣)و هەر لە ئەستەنبۆڵ واتە لە غوربەتی بووەتە دۆستی گیانی بەگیانی (کەیفی)ی شاعیر،حاجی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە میرنشینی بۆتان داوە ،دەڵێ:

خاکی جزیر و بۆتان ،یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مخابن ،دەیکەن بە ئەرمەنستان.....(دیوانی حاجی:٨٥)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یان:

کوا والی سەنەندوج،بەگزادەیی ڕەواندوز

کوا حاکمانی بابان،میری جزیر و بۆتان..........(دیوانی حاجی:٨٦)

ئەحمەدی خانی هێز و شیانێ میرێ جزیرێ و ناڤداریا وی د نێڤ عەرەب و ترک و فرسا دە دڤان مالکێ ژیری دە ددە کفشێ و دبێژە جهێ شەهنازی و سەرەفرازیا گەلێ کوردە(عبدالفتاح علی،١٩٨٨: ١٢٨)دەما دبێژی:

کو پادشەک زەمانێ سابق

ڕابوو د حکومەتا خوە فائق

.......................................................

ڕۆم و عەرەب عەجەم د فەرمان

مشهود ب ناڤێ میرێ بوهتان

(حاجی قادری کۆیی)ش درکی بە مەترسیەکانی دوای میر بەدرخان کردووە ،بۆیە دەڵێ:

بەدرخانیو لەسەر لاچێ لەمەو پاش

لە هەر لایی دەتان هاڕن وەکو ئاش

هێرشی عوسمانیەکان بە پێشڕەوی عوسمان پاشا بۆ سەر جەزیرەی بۆتان ،بە مەبەستی لەناوبردنی حکومەتی سەربەخۆی میر بەدرخان لە نێو گۆرانی و لاوکی چەندین لاوکبێژ و گۆرانیبێژ تۆمارکراون ،نموونەی:سەعید ئاغا،عەزیز ئاغا،مریەم خان ،کاوێس ئاغا،و چەندینی تر(عبدالفتاح علی،١٩٨٥: ١٥٤)کە ئەمانەش وەکو دەقی گۆرانی مێژوویی دەبنەپاڵپشت بۆ هەندێک لێکدانەوەیی ڕووداوە مێژووییەکان،بۆ نموونە کاوێس ئاغا لە وەسفی میر بەدرخان و ئازایەتیەکەی دبێژە:

لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ میرۆ

ملێ خانی خۆش ملێ خانێ

بەژنا بەدرخان بەگ زراڤا مینا بنا تلا بنا ریحانێ

شەمۆیێ دێرشەوی کرا گازی:

وەسمان پاشا کوچک باب

دەستێ بابێ تیلێ میرێ بۆتا شێرێ کوردا

بتە نایێ گرێدانێ

دە لۆ لۆ .....لۆ لۆ

لەمەتێ دەنگێ تۆپان و جبەخان و لەپەیمەتێ

حەیفە بۆ مخابنا دلێ مە دمینێ

کوچکێ کۆشتەرێ ڕۆمیا کەتنە شارێ جزیری بۆتا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەیلۆ بابۆ ل من خراب دکن جێ یێ ئاغان و عەشیرەتێ.

.(عبدالفتاح علی،١٩٨٥: ١٥٦)

ئەمە لاوکێکی دورودرێژە و بە ووردی بەسەرهاتە مێژووییەکە دەگێرێتەوە و دەکرێ بۆ پاڵپشتی دوو لایەن سوودمەند بێت،یەکەمیان: خودی لایەنە مێژووییەکە و چۆنیەتی بەسەرهات و بەراووردکردنی بە گێڕانەوەی نێو خودی مێژوو بە ڕووە زانستەکەی، دووەمیان: وەکو لاوک لە ڕووە ئیستاتیکا و هونەر و ڕەگەزەکانی لاوکی مێژوویی و کاریگەریی بەسەر بەرهەمەکانی تردا ،یا سوودوەرگرتن لێی بۆ دامەزراندنی لاوکی هاوشێوە،واتە بێجگە لە ناوەڕۆکەکەی ،تەکنیکی گێڕانەوەکانیش بایەخی تایبەت بە خۆیان هەیە.

مەلا خەلیل (١٧٥٦_١٨٤٣ز)لە شاری سێرت مودەریس و دەرس بێژی فەرهەنگ و مەعاریفی ئیسلامەتی بووە و چەند کتێبی بە زمانی کوردی هەیە ،وەکو :( نهج الانام)لە زانستی عەقیدەو ئایدیۆلۆجیدایە و لەسەرزار ڕەوانە،وەکو _نوبهار_ی ئەحمەدی خانی وایە ،مەلا خەلیل گەورەترین و بەناوبانگترین زانای دینیی ڕۆژگاری سەدەی ١٨ و هاوتای(محەمەد ئیبنو ئادەم)و(مەلا یەحیای مزوری)بووە ،عبدالرقیب یوسف لە (دیوانا کرمانجی)دا نوسیویەتی:تا ٣٠ کتێبی (مەلا خەلیل)م دیوە و دەزانم هەیە(محەمەد ساڵح:٥٢٧) ،مەلا یەحیای مزوری پایەیەکی بەرزی لە زانستدا هەبوە و بە(شیخ الکل فی الکل)ناسراوە،مەلا یەحیا لەسەر داخوازا(زوبەیر پاشایێ کوڕێ ئیسماعیل پاشایی)میرێ ئامێدیێ مەلا یەحیا ل سالا ١٨٠٨ز شەرحەکب زمانێ فارسی ل سەر شعرا مەلایێ جزیری (مەغبەچەیێن مەیفرۆش)دانایە(تەحسین دۆسکی، ٢٠١٨: ١٤)،هەروەها شێخ نورالدینی بریفکانی(١٧٩٥_١٨٥٨)کە لە ڕێگەی فەقێیەتیەوە چۆتە فێرانکۆی شاری ئامێد لای عەلامەی زانای ناودار مەلا یەحیا مزوری خوێندویەتی کە لە مەعاریفی ئیسلامیدا بەناوبانگ بووە و مرید و تۆبەکاری حەزرەتی مەولانا خالید بووە(محەمەد ساڵح:٧٨١).

شێخ یوسف تۆپچی ئۆغلو کە (دناڤ گوتنێت خۆدا زۆر تەحسیبێ سەرخاندن و زانینا زمانێ زگ ماکی دکێشێت بە تایبەت سەر ڤێ بیروباوەڕێ یە کو ل گۆتن و نوسینێت مەزهەبی دا نابێت تنێ بە زمانێ عەرەبی بەهرە بێتە ڤەرگرتن،بەڵکو زمانێ زگماکی بە تایبەت زمانێ کوردی(کرمانجی)د بێت کار بینن و هێندێ بشێن ژ کار ئینانا زمانێ بیانی خۆ بپارێزن)(محەمەد ساڵح:٥٣٣)،شێخ یوسف زۆر کوردپەروەر بووە و بایەخی بە زمانی زگماکی داوە و لە شیعرێکیشیدا لە پاڵ نرخاندنی زمانی کوردی ناوی(ئەحمەدی خانی)و(مەلا خەلیل)و(مەلا باتە)یشی هێناوەو دەڵێ:

من ژ عەرەبی و سافە هم کرییە

پاشی ب زمانێ کورمانجی نڤیسییە

مەگەر کۆری بکورمانجی نزانی

چەند کیتاب گوتنە ئەحمەدی خانی

یوسف_زلێخا و مەم و زین

نوبهارا فەسیح ب ئەلفازێ شەکەرین

بزانی تو(نهج الانام)جەلیلە

بکورمانجی تەئلیفا (مەلا خەلیل)ە

نە (شێخ باتەهێ) خودان قەلبێ مونەوەر

بکورمانجی گوتییە مەولودا پێغەمبەر (محەمەد ساڵح:٥٣٣)

یوسف تۆپچی وەک چۆن شانازی بە زمانی کوردی دەکا ،بە هەمان شێوە شانازی بەو سامانە مەعریفیەش دەکات کە کورد هەیەتی،ئەویش لەبەر زۆر و زەبری تورکانی عوسمانلی چۆتە ئێران و لەوێ ژیاوە.

(مەلا مەحمودی بایەزیدی) ( ١٧٩٧_١٨٥٨ )ش کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و زمانزانی سەردەمەکەی بووە و (لە ناو کوردەواریدا وەک زانایەکی ئایینی و مامۆستایەکی لێهاتوو ناوبانگی دەرکردبوو،گەلێک بەرهەمی شاعیرانی تورک و عەجەمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ،وێڕای ئەدەب لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانیشدا بەرهەمی زۆرە ،تایبەت دەربارەی ڕێزمان ،هەروەها زۆر شارەزای داب و نەریت و مێژوی کوردان بووە)(کەمال مەزهەر، ١٩٨٦: ٢٢٣)،کاتێک ژابا لەسالانی(١٨٣٦_١٨٦٩) ز قونسولی ئیمپراتۆریەتی ڕوس بووە لە تورکیا و لە ئەرزەرۆم لەسەر ویستی ئەکادیمی ب.ئا.دورن دەستی کردووە بە فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و هەروا کۆکردنەوەی مەبەست لە بارەی وێژاوەری و ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئەتنۆگرافیای نەتەوەی کورد و بە وێنێیەکی تێکڕایی و گشتی،بە تایبەت زۆر تەقەلای داوە دەسنوسراوەکان بە زمانی کوردی جەم بکاتەوە، بۆ بەجێهێنانی ئەم کارە فەرهەنگی و زانینانە مەلا مەحمودی بایەزیدی  یارمەتیەکی زۆرو بەکەڵکی (ژابا)ی داوە،گەلێ بەرهەمی کوردی بۆ سازداوەو بە دەس بۆی نوسیوەتەوە وزۆری لە فارسیەوە بۆ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (محەمەد ساڵح،١٣٦٤: ٥٥٧)گەلی کورد بە پاراستنی گەلێک لایەنی بەنرخی سامانی ڕووناکبیریدا تا ڕادەیەکی زۆر قەرزاری مەلا مەحمودی بایەزیدیە ،گەر هاوکاریی مەلا مەحمودی بایەزیدی و ژابا  نەبوایەتا ئێستەش بەشێکی بەنرخ لە گەنجینەی ئەدەبی کوردی سەدە ناوەنجیەکان نەدەزانرا(کەمال مەزهەر:٢٢٣).

سەردەمی میرنشینەکان جگە لە ئاخافتن و هەندێک شیعر نەبێت کە بە زمانی کوردی بوون، ئەگەر نا بە پەخشان نوسین باو نەبووە، یەکەمین کەسێک کە بە پەخشان نوسیبێتی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ،کە (مەلا مەحمودی بایەزیدی) بووە و (عادات و ڕسومەتنامەی ئەکرادیە)ی بە پەخشان نوسیوە،کە دەلالەت لە هۆشیاری و لێزانی مەلا مەحمودی بایەزیدی دەکات،کە لە لایەن د.شوکریە ڕەسول وەرگێڕدراوەتە سەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێوەزاری کرمانجی خواروو،بە ناوی(داب و نەریتی کوردەکان)و لە ساڵی ١٩٨٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مەلا مەحمودی بایەزیدی لە(عادات و رسومەتنامەی ئەکرادیە)دا بە شانازییەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە کورد بێزیان نایە بە زمانی تورکی کتێب و دانراوەکانی خۆیان بنوسن،دەڵێ:

(د نێڤ ئەکراداندا مەکتوب و کاغەزێد وان فارسی العبارە دبن،خووندنا تورکی و زمانی ترکی کێم دزانن،کتێبێد زمانی ترکی ل نک وان موعتەبەر نینن )پ.لێرخ ڕۆژهەڵاتناسی رووس سەدەی ١٩م،دەڵێ:( کورد لە نامە گۆڕینەوەی نێو خۆیاندا زمانی فارسی بەکاردێنن)(فەرهاد پیربال:٨٣)،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە(خەڵکی کورد تەنانەت میرەکانیش لە ڕقی ستەمی تورک نەیانویستوە بە تورکی بنوسن،ئەم دیاردەیەش هەر لە زەمانی شەرەفخانی بەتلیسی یەوە،واتە لە سەدەی شازدەهەمەوە هەبووە،لەوانەیە پێشتریش ،چونکە میر شەرەفخان شەرەفنامەکەی بە فارسی نووسیوە نەک بە تورکی)(سەرچاوەی پێشوو)،چونکە تورک لە فەرهەنگی ڕۆشنبیری کوردیدا ڕەمزی زوڵم و زۆر و دڕندەیی و ستەم بووە،ئەم ڕقە لە بۆشاییەوە نەخولقاوە،بەڵکو لە ئاکامی ئەزمونێکی دورو درێژی ئەو میرنشینایە کە هەم تورک بۆتە هۆکاری سەرەکی رووخانیان و هەمیش خێرنەدیویی و بەدینەهێنانی خەونەکانیان و بوونەتە بەربەستی گەشەسەندنییان.

هەروەها مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەم ڕوناکبیری کوردە (شەرەفنامە)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ،لە دەوروبەری ١٨٥٨ یا ١٨٥٩لەو کارەی بۆتەوە،کە ژابا یەکسەر ناردوویە بۆ پێتەربوگ،ئەم کارە بەنرخە بە دەستوخەتی بایەزیدی خۆی ئێستە وا لە کتێبخانەی گشتی سەلتیکۆڤ شێدرین لە شاری لینینگراد پارێزراوە(محەمەد ساڵح:٥٦٣)، بایەزیدی خۆی شەرەفنامەی زۆر بەرز نرخاندووە ،لەبەر پڕ بایەخیی  وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی،دوو جاریش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە لایەن محەمەد عەلی عەونی و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی. هەرچەندە شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣_١٦٠٢) شەرەفنامەی بە زمانی فارسی نوسیووە، کە زمانی نوسین و کتێب بووە لەو سەردەمەدا،بەڵام مێژوی قۆناغێکی گرنگی لە فەوتان ڕزگارکردووە،شەرەفخان هەر زوو درکی بەو بۆشاییە کردووە ،کە کورد تاقە میللەت بوون لەو ناوچەیە کە مێژوویان نەنوسرابێتەوە،بۆیە بڕیاریداوە لە سەرەتای ئیسلام تا سەردەمی خۆی بخاتە دووتوێی کتێبێک و تێیدا بایەخی بە ژیانی میرە کوردەکان و مێژوەکەیانی داوە،هەژار موکریانی لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا ڕۆڵی بەرز دەنرخێنێت ودەڵێ: (هەبوە و نەبوە تەنیاوتەنیا شەرەفخانێک لە دەوروزەمانێکا هەڵکەوتومو ڕێکەوتوە و لێرەو لەوێ چی نوسراوی دوژمن و بێگانان چاوپێکەوتوە و چی بە پەرژوبڵاوی لە پیرە پیاوی سەردەمی خۆی و لە چیرۆک وانی دیوەخان بیستوە،تێکی خستون و ڕێکی خستون و بە پێی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

توانـا و بەش بە حـاڵی خـۆی هـیچ درێغـی نەکـردووە،بەڵام بە زمانێـک نوسـیویەتی کە هاوزمانەکـانی تێ ناگەن،بریـا بە کـوردی بوایە،خۆزیـا کـوردیش تێـی بگەیشـتایە) (هەژار موکریـانی،١٩٧٢: ١٠)، هەروەهـا (محەمەدئەمـین زەکـی ڕەخـنەی لە شـەرەفخانی بدلیسـی گرتووە بەوەی شەرەفنامەی بە زمانی فارسی نوسیوەو هیچ پاساوێکی بۆ ئەم کارەی نەبووە ،چونکە کتێبەکەی مێژوی نەتەوەیی میللەتی کوردە پێش هەر میللەتێکی تر) (محەمەد ئەمـــــین زەکـــــی،٢٠٠٥: ٣٥٧)، لەگەڵ ئەوەی ئەمـــــین زەکـــــی زمانەکــــــانی عەرەبی،تورکی،فارسی،فەرەنسی دەزانی،هەمـوو ئەم زمانـانەش لە کوردی بڵاوتـرن ،نوسـین بەم زمانانە ناودەنگی باشتری دەهێنا،بەڵام نوسەر ڕێگەی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری گرت و بڕیاریدا مێژوی نەتەوەکەی بۆ کورد بنوسێت، تەنانەت وەک خۆی ئاماژەی پێداوە و دەڵێ: هەنـدێ لە هاوڕێکـانم ئـارەزوی ئەوەیـان دەکـرد نوسـینەکانم بە زمـانی عەرەبـی یـا تـورکی بنوسـم،بەڵام مـن نەمکـرد،ئەگەر بمکـردایە کـارێکی بـاش نەبوو،شـیاو نیـیە نوسـەرێکی کـورد،مێژوی کـورد و کوردسـتان کە داینەنـاوە جـگە بـۆ کوردەکـان خۆیـان نەبێـت،بە زمانێک بێت،جگە لە زمانی نەتەوەکەی خۆی) (محەمەدئەمین زەکی:١٧)

دوای چەنـــدین ڕووداو*بـارودۆخەکە بــۆ میــر شــەرەف جێگیربــوو،بە ئاراســـتەی بڵاوکـردنەوەی دادپەروەری و خۆشـگوزەرانی هەنگـاوی نـا ،لە بـاکوری میرنشـینەکە و لە سـامانی خـۆی (مەدرەسـا سـور)ی دروسـت کـرد،ئەم قوتابخـانەیە ژوری بـۆ مامۆسـتا و قوتـابی تێدابوو،مامۆسـتای بەهـرەدار لە زانسـت و هـونەرە هەمەجۆرەکـان وانەیـان تێـدا دەوتەوە ،شەرەفخانی بدلیسی ستایشی (میر شەرەف)یکردووەو دەڵێ:کەسێکی دەست و دڵ و دەروون پاکە،فەقێ و مەلای زۆر خۆش دەوێن،زۆر مەدرەسە و مزگەوتی تازەی لە شاری جزیر سازداوە کە یەکێک لەو مەدرەسـانە مزگەوتی سوری پێ دەڵێن،لە پەنـای شورەی شارەوەو کەوتۆتە لای ڕۆژئاواکەی،مەوقوفەجـاتێکی زۆر و پـڕ داهـاتی بـۆ ئەو مـزگەوتە دانـاوە،کە لە پـاش نەمانی خۆشی مـزگەوت هەر لە بەرەودا بێ و هەر فەقێ و مەلای تێدا بێ، زەڤەنگی ئـاماژەی بەوە داوە کە شاعیری ناودار مەلای جزیری (١٥٦٧_١٦٤٠) یەکێـک بووە لە مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە و قەسیدەیەکیشی لە ستایشکردنی میر شەرەف نووسیوە(أحمد بن الملا محمد ،د.ت :١٥٢)

خەف وان ڕەشاندن دل خەدەنگ

تەشبیهێ تیرێن خان شەرەف

تەنانەت گەلێک ئیجازەی مەلایەتیشی بەخشیوە،(مەدرەسەی سۆر گەورەترین ئەو نۆ مەدرەسـەیە بـووە کە لەو سـەردەمەدا لە مـزگەوتە بەناوبانگەکـانی ئەو شـارەدا بوون)(مـارف خەزنەدار،ب٢: ٢٩١)،ئـارامگەی مەلای جزیـری لە شـاری جزیـرە و لە مەدرەسـەی سـۆرە و لە هەندێک لە شیعرەکانی ئاماژە و باسکردن و ستایشی میرنشینی بۆتان بەدیدەکرێت،وەک:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گوڵێ باغێ ئیرەمی بوهتانم

شەبچراغێ شەبێ کوردستانم

بە تایبەتی کە دیالۆگی لەگەڵ میری بۆتان(میر عیمادەدینی جزیری)نوسیوە، لە کاتێکدا(هەر خودی عیمادەدین کە فەرمانڕەوای میرنشینەکە بووە لە نێوان ١٦٣٤_١٦٣٩ دا و کەسایەتیەکی ئازا و دلێر بووە،شاعیریش بووە لە هەمان کاتدا ، نامەی شیعری لەگەڵ جزیری هەبووە)(أحمد بن الملا:٨٩٥)، کەلێنێکی گرنگی لە مێژوی ئەدەبی کوردی پڕکردۆتەوە،لە کۆتاییەکەی دەڵێت:

د بەحرا قولزوما میران

ب غەوواسی گوهەر چینم

د بەحسا شەرح و تەفسیران

تو دەریایان وە نابینم

ژ میر و بەگلەر و چیران

غولامێ میر عیمادینم............(دیوانی جزیری)

د.مارف لەم بارەیەوە دەڵێ:ئەوەی بە ناوی میرەوە وتراوە،هەر شێوازی مەلای جزیری پێوە دیارە،ئەگەر میر شاعیر بوایە و بەدیدەکرا،مەسەلەکە هەر چۆنێ بێ،ئەم دیالۆگە شیعرییە لە بەرهەمە جوان و ڕەنگینەکانی ئەدەبی کۆنی کوردییە(مارف خەزنەدار،ب٢: ٣٤٩).

ئەو قوتابخانانەی لە جەزیرە لە سەردەمی میرنشینی بۆتان دروستکراون بریتین لە :قوتابخانەی میر ئابدال،سەری مەیدانی،پرایاغا،مەسحەفی ڕەش،سەرێ سورێ(جلادت بدرخان،١٩٩٨: ٩٧_٩٨)،میر بەدرخان زۆر هانی بەدەستهێنانی زانستی دەدا و ئارەزوی ئەوە بوو خەڵکان زانستە جۆراوجۆرەکان بەدەست بێنن ،چەشنی میرەکانی تر چەندین قوتابخانەی دروستکرد،بیری لەوە دەکردەوە خوێندن بباتە دەرەوەی حوجرەی مزگەوتەکان،خۆیشی قوتابی هەبووە(صلاح هروری، :٨٨) ،

(شوێنێکی وەکو بایەزید مزگەوتی گەورەو جێگەی خوێندنی بەرچاوی لێ بووە،ئەحمەدی خانی[١٦٥٠_١٧٠٧] لە یەکێ لەو مزگەوتانە کە مزگەوتی مرادییە بوو خراوەتە بەر خوێندن)(مارف خەزنەدار،ب ٢، ٢٠١٠: ٣٦٧)دواتر خۆیشی وانەی بە منداڵانی کورد وتۆتەوە و ئەمە وایکردووە هەست بە بۆشاییەک لە ڕۆشنبیری فێربوون دا بکات و فەرهەنگی (نوبهار)بۆ زارۆکان بە عەرەبی و کوردی بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی بنوسێت.

خانی هەستی بەو بۆشاییە کردووە کە نەبونی کتێب بە زمانی کوردی دروستیکردووە،کە ئەوپەڕی هەستکردنە بە بەهای کتێب و نوسین بۆ سەرکەوتنی هەر میللەتێک،بۆیە دەڵێ:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەنواعی میلەل خودان کتێبن

کرمانج تەنێ د بێ حسێبن

خانی لە سایەی مەم و زین دا ئەم پرسە و هۆکارەکانی دروستبونی ئەم پرسەیشی لە زۆر شوێندا وروژاندووە

زۆڵ و زۆر وێـــژی تورکـــانی ملهـــوڕی عوســـمانلی و شـــیعر و هـــۆنراوە هەســـت و ڕۆح بزوێنەکانی(شـێخ ئەحـمەدی جزیری)و(فەقیـێ تەیـران)و(مەلای بـاتە) (١٦٧٥_١٧٦٠) و(عەلـی حەریری )[(١٥٣٠_١٦٠٠][عەلی حەریری بە کۆنترین شاعیر شاعیری کورد دادەنرێت کە باسی ستەمی تورکی کردبێت] یش کاریان لە شێخ ئەحمەدی خانی کردووە(محەمەد سالح:٤٠٨)، کە لە (مەم و زین) ناوی هێناون ،کو دبێژە:

بینا ڤە ڕوحا مەلێ جزیری

پێ حەی بکرا عەلی حەریری

کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران

حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران

کەواتە ئەم سـیانە ناوبـانگێکی زۆریـان هەبـووەو هاوشـانی یەکترین،هەروەهـا خـانی لە باسکردنی دوژمنانی کورددا دەڵێ:

ئەڤ ڕۆم و عەجەم بوان حەسارن

کرمانج هەمی لە چار کەنارن

شـاعیر (ئیسـماعیل بایەزیـدی)یش لە قەڕنـی یانزەمینـدا ژیاوەو لە موقەللیـدینی (ئەحـمەدی خـانی)یە ،(نەفەحـاتی گوڵ)شـاە ئەسـەرێکی ئەدەبیە(محەمەدئەمـین زەکـی،٢٠٠٥: ١٩٨)،و (شەریف خانی جۆلەمێرگی)ش کەیەکێ لە ئومەرای (بتلیس)بوو کە قەڕنی دوانزەمینی بۆ پـڕ کـردووینەوە،بە کرمـانجی و فارسـی زۆر ئەشـعار و غەزەلیـاتی هەیە(محەمەدئەمـین زەکی:١٩٩).

(هەسـتی نەتەوەیـی لەو ڕۆژگـارەدا بـۆتە هـۆی بە کـوردیکردنی ڕۆشـنبیری و خوێنـدەواری بە لای مەلای بـاتەیی[١٦٧٥_١٧٦٠] ئەمە پـێچەوانەی ئەوە نەبـوو زمـانی ڕەسـمی ئاپینی ئیسلام عەرەبی بێ) ( مارف خەزنەدار،ب٢: ٤٨٥)

کلتوری ئەدەبی میرنشینی بۆتان وایکرد پێگەیەکی دیاری لە زۆربەی چالاکییە میللـی و نەتەوایەتیەکـان هەبێـت،میر و کارەکانیـان و قەلا و قەسـر و.....هتـد،ئەمانە لە گـۆرانی و داسـتان و ئەفسـانە میللییەکـان ڕەنگـی دابۆوە،تـا گەیشـتە پـلەیەک نـاوی میرەکـانی پەیوەسـت بـوون بە حیکـایەتی میللـی و گـۆرانی مێژویـی و تەنـانەت ئەفسـانەکانیش،ڤەگێڕەکان چەنـدین چیـرۆک و گـۆرانی میللییـان لە بارەیـانەوە هەڵچنـی (عبدالفتاح علی، ١٩٨٨ :١٣٠)،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تورکەکـان ئەوەنـدەیان ئـارەزوو کـردووە کە کـورد بە نەزان و نەخوێنـدەواریی بمێننەوەو تێنەگەیشتوو بن ،کە ئەو جێگایانەی کە تورکی لێ ساکینە،لە ناحیە و لە دێهاتیشیا مەکتەبیان لێ کردووەتەوە،لەو جێگایانەی کە بە کوردستان ئەژمێردرێن،نەوەک لە دێهات و ناحیە،لە قەزاکانیش مەکتەبێ کە کەڵکی بێ،نەیانکردووە،بۆ خاتری کورد دائـیمەن بە نەزان و کـوێریی بمێنـنەوە و ئەسـیری زوڵـم و غەدداری ئەوان بن(فەرهـاد پیربـاڵ:١٠)،سەرەتا کورد بە دەستی تورک و عەجەم ،دواتر عەرەبیشی هاتۆتە سەر ،کورد لە چەندین لاوە بەرەنگاری لە خۆیی و زمان و ناسنامەکەی کە هەمیشە لە ژێر مەترسیدا بووە،کردووە،هەردەم تروسکایی هیوا لە کلاورۆژنەی مێژوویدا سەرەتاتکێی لەگەڵیاندا چێکردووە،وەک ئەحمەد موختاری جاف(١٨٩٨_١٩٣٥) دەڵێ:

لانەواز و بێکەس وەمەزلوومن ئێستە قەومی کورد

گا بە دەستی تورکەکان گا بە دەستی ئێرانەوە

..........................................................................................

ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد

دێنەوە مەیدان بە عـیلم و سـەنعەت و عیرفـانەوە......(دیوانی ئەحـمەد موختـاری جاف،٢٠١٩ : ١٨٢)

کەواتە(حـوجرە بـۆ کـورد وەک کۆلۆمبس دەرکەوت،ناسـنامەی کوردبـوون_ی دۆزیەوە:وڵاتـی لە دوو بەشـەوە کـردە یەک،ئـایینی لە دووەوە کـردە یەک،نووسـینەکانی تەرەمـاخی ،مەلا باتەیی،حوسـێنی قـازی،ئەمین فەیـزی بەڵـگەی حاشـا هەڵنەگـرن لە دروستکردنی کەسێتی کوردی)(سەلام ناوخۆش،٢٠١٩: ٤).

لە مزگەوتـی گەورەی ئـامەد هەشـتا حەلـقەی خوێنـدن لە یەک کاتـدا هەبوو،سەرباری قوتابخانەی تر،کە جەخت لەسەر زانستە ئاینیەکان دەکاتەوە،قوتابخانە لە (وان)و(ماردین)و(بـدلیس)هەبووە،لەپاڵ کتێبخـانەی فـراوان و دەوڵەمەنـد لە کوردسـتان هەبوون،وەک:کتێبخـانەی ئـامەد و بـدلیس و ئەوانـی دیکە(ئەولیـا چەلەبـی:٢٨٢_٢٨٤)، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کورد لە بنەڕەتدا میللەتێکی تامەزرۆی خوێندن و فێربوون بوون ،بەڵام ژینگە و بارودۆخ زۆربەی کات لە بەرژەوەندی کوردا نەبوون.

**٣- میرنشینی بابان**

ئەهلی بابان گریە کەن بۆ خانەدان و ئاغەتان

نیمی مەحبوس،نیمی مەقتوول،نیمی مەنفی ***سالم کران***

درووسـتبوونی ئەم میرنشـینە دەگەڕێتەوە بـۆ سـەدەی شـانزەهەم و هەوڵەکـانی میر (پیربوداق)،هەر لە گوندی دارەشمانەوە تا دەوروبەری کەرکوکی دەگرتەوە،قۆناغی دواتر بە دەستوەردانی عوسمانی و ئێرانیەکان لە کاروباری میرنشین و ململانێ لە پێناو دەسەڵات لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

نێوان میرەکاندا دەناسرا،بەڵام ڕۆڵی میرنشینەکە جارێکی تر لە سەدەی حەڤدەهەم و تایبەتتر دوای سوڵتان محەمەدی چوارەم(١٦٤٨_١٦٨٧ز)کە قەڵاچوالانی بەخشیە یەکێک لە نەوەکانی بنەماڵەی بابانیەکان بوژایەوە،قەڵاچوالان وەکو پایتەختی میرنشینی بابان تا نێوان سالانی ١٦٧٠_١٧٨٤ز مایەوە،تا ئیبراهیم پاشا شاری سلێمانی درووست کرد و ناوەندی پایتەختەکەی لە ساڵی ١٧٨٤ز گواستەوە بۆ سلێمانی ،بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان گەیشتە لوتکەی سەرکەوتن و پێشڕەوی لە سەردەمی میر عەبدولڕەحمان پاشا کە هیواخواز بوو حکومەتێکی سەربەخۆ درووست بکات و هەمیشە لە پێناو ئەمەدا هەوڵی دەدا،عەبدولڕەحمان پاشا بەناوبانگ بوو بە گرنگی دانی زۆری بە زانست و زانا و قوتابخانە،هەروەک چۆن بە زوهد و ئایین پەروەری وەسفدەکرا(عبدالقادر ابن رستم،١٣٦٦: ١٤٢).

میرە کوردەکان لە چوارچێوەی میرنشینەکانیاندا گرنگیان بە فێربوون داوە ، میرەکانی بابان بایەخێکی زۆریان بە قوتابخانە و کتێبخانەکان داوە،(عەبدولڕەحمان پاشای بابان کە شەش جار فەرمانڕەوایی وەرگرتووە،زانا و شەیدایەکی زانست و زانایان بووە،مامۆستایەکی سەرکەوتوو بووە و بۆ چەندین ساڵ پیشەی مامۆستایەتی کردووە) (محەمەدئەمین زکی، ١٩٥١ :١٣١)

عەبدولڕەحمان پاشا خزمەتی شەریعەتی دەکرد،زانایانی خۆش دەویست و ڕێزی پیاوچاکانی دەگرت ،دوو مزگەوتی گەورەی لە سلێمانی دروست کرد،کە نیشانەی پابەندبونی بوو بە ئایین ،و ئەم دوو مزگەوتەش پارێزگاریان لە ئاوەدانکردنەوە کرد،ئیبراهیم پاشا سلێمانی دروست کرد و عەبدولڕەحمان پاشاش ئاوەدانی کردەوە(حسین ناظم بیگ:٢٨٥_٢٨٦)،لە ئاکامدا هەر خۆی دروستکردنی مزگەوت ،واتە لە پاڵیشیدا خوێندن و دابینکردنی شوێنێک بۆ زانست و مەعریفە ،ئەگەرچی زیاتری مەعریفەی ئایینی بووە،بەڵام زمان و ئەدەبیش خۆیان لە نێو ئەو مەعریفەیەدا دەدۆزییەوە.

پێوانەی فێربوون و خوێندەواری پەیوەست بووە بە ژمارە و قەبارە و شوێنی مزگەوتەکان ،(مزگەوتەکانی شار و ناوچە لە لایەن پاشاکانی بابانەوە سەرپەرشتی دەکران و لە خەزێنەی میرنشین هەرچی پێویست بوایە پێیان دەبەخشرا)(مارف خەزنەدار،٢٠١٠ ،ب٣: ٣٠)،

بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژگارانی هەر لە مێژینەوە وا باو بووە،فێرکردن وبارهێنان لە (حوجرە) لای مەلا گەورە گەورەکان بەدی دەهات ،بەمجۆرە :گەنجان و لاوانی دە دوانزە ساڵانە،کەمتر یان بەتەمەنتر دەچونە فەقییەتی و لە حوجران لای مەلا و مامۆستای مودەریسی شار و ئاوایی خەریکی خوێندن و نوسین و بەدەستهێنانی زانست ئەبوون(محەمەد ساڵح،١٣٦٤: ٤٢٦)


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەڵگەنامەیەکی سلێمان پاشا (١٧٦٤کۆچی دوایی کردووە)ئەوە دەردەخات کە چەند بایەخی بە قوتابی و مامۆستاوقوتابخانە لە میرنشینی بابان داوە(قوتابخانەکانی قەڵاچوالان و مامۆستا و قوتابی و مزگەوت و میوانخانە و بانگخواز و وەرگێڕ و قوتابخانەی گوڵعەنبەر و مامۆستا و قوتابی ،...و قوتابخانەکانی کۆیە و هەولێر و مامۆستاکانیان،هەردوو ئەو قوتابخانانەی لە کەرکوک درووستی کردوون)(الخال،د.ت:١٨)،بەڵام بوونی کوردستان بە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ لە نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا کاریگەریی لەسەر ڕێڕەوی خوێندن و فێربوون لەم ناوچەیەدا هەبووە،کەچی میرنشینی بابان لە پاڵپشتیکردنی زانست و زانیاری و زانا و دانایان درێغی نەکردووە، بەڵگەی ئەمەش بوونی ئەم هەموو مزگەوتە ناودارانەی لە سلێمانیدا بەدیدەکرا وەک: (مزگەوتی گەورە،مزگەوتی مەڵکەندی،حاجی ئەحان،حاجی شێخ ئەمین،عەبولڕەحمان پاشا[نالی لەم مزگەوتەدا حوجرەیەکی هەبووە تا ئەو کاتەی سلێمانی جێهێشتووە]،هەمزاغا،عبدالرحمن پاشا[ئەمڕۆ بە مزگەوتی شێخ بابە عەلی ناسراوە و سەید عبدالکریم بەرزنجی دەرسی وتۆتەوە،مەولانا خالید و موفتی زەهاوی_ش دەرسیان وتۆتەوە]، مزگەوتی عەزیزاغا،مزگەوتی قامیشان،مزگەوتی بن تەبەق،خانەقای مەولانا خالید)(عمر عبدالرحیم،١٩٨٥: ١٠٦)،خۆی لە خۆیدا بوونی مزگەوت لەو سەردەمەدا واتە بوونی فەقێ و قوتابی لە هەمان کاتدا ، گەرچی ئامانج لایەنە ئایینیەکە بوبێت بە پلەی یەکەم بەڵام لە کۆتاییدا بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە بووە.

لە قوتابخانە ئایینیەکاندا قوتابی قۆناغەکانی(سوختە،فەقێ،موستەعید)دەبڕی ،تا پلەی مەلایەتی بەدەستدەهێنا،(کورد زۆر سودی لەم قوتابخانە ئایینیانە وەرگرتووە،قوتابیان وانەیان لەبارەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی وەرگرتووە،گرنگتر لەمەش فێری شیعری کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و شیعری حەماسی دەبوون،دەبووە مایەی وورووژاندنی هۆشیاری نەتەوایەتی( مارتن فان،١٩٩٨: ١٤)، دوای بڕینی ئەم قۆناغانەش هەردەم ڕێی دوور و پڕ زەحمەتیان بڕیوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و فێربوونی چڕتر،ئەوەتا (نالی)بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە سلێمانی،لە مزگەوتی سەید حەسەن لەلای زانای بەناوبانگ مەلا عەبدوڵڵای ڕەش خوێندنی تەواو دەکا و ئیجازەی دوازدە عیلمی وەردەگرێ و ئاموشۆی خانەقا دەکا،کە بە خانەقای مەولانا ناسرابوو وەک خۆی لە شیعریدا دەریدەبڕێ.

نالی لە ژیانیدا دوو ڕێچکەی گرتووە،یەکێ عیلم ،یەکێ ئەدەبیات ئیتر گوێی بە هیچی تر نەداوە و لەلایەکی تریشەوە شانازی بەوە کردووە کە کوردەو بە کوردی شیعری وتووە ،وەک چۆن شیعری بە فارسی و عەرەبیش ووتوە(محەمەد ساڵح،٣٢٤):

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ سێ مولکە دیوانی هەیە (دیوانی نالی: ٥٧٧ )



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەوانەیە وەکو نەریتی ئەو سەردەمە(نالی)ش هەندێ شوێنی کوردستان گەڕابێ بۆ خوێندن،بەڵام بە مەلایی لە مزگەوتی سەید حەسەن هەتا دوارۆژی ژیانی لە سلێمانی لە حوجرەی ئەو مزگەوتە بووە و ژوورێکی تایبەتی خۆی هەبووە،پاش ئەو نەگبەتییەی بەسەر بابانەکاندا هات لە سلێمانی دەرچوو و نەگەڕایەوە(مارف خەزنەدار،٢٠١٠،ب٣: ٦٤)،هەر بە حەسرەتی نەمانی میرنشینی بابان و ستەمی تورکە عوسمانلییەکان ناتوانێ بەرەو سلێمانی بگەڕێتەوە،ناچار دەچێتە ئەستەنبوڵ لای ئەحمەد پاشای بابان و لە خاکی غەریبیی سەری دەنێتەوە،هەمیشە سۆز و تاسەی بۆ ئەو ڕۆژانە بوو، بۆیە لە چامەکەی ئاماژە بۆ ئەو حوجرەیەی خوێندنی دەکات ،کە متوی ببوو ،دەڵێ:

واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم

چیی ماوە چیی نەماوە لە هەیوان و تاق و ژوور؟... (دیوانی نالی: ١٩٥)

لە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارە پڕ لە سۆزانەی نالی ،سالم(١٨٠٥_١٨٦٩) لە چامە درێژەکەیدا سەرباری باسکردنی شەڕی دەسەڵاتی عوسمانی و کوردە بابانەکان ،بە ووردیش وەڵامی پڕ لە سۆزی هەموو پرسە گرنگەکانی نالی دەداتەوەو دەڵێ:

لەوسایەوە کە حاکمی (بابان)بەدەرکران

نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

.........................................................................

جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژووری خانەقا

غافڵ هەموو لە جایی موریدانی با خەبەر

.........................................................................

شارێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین

جاییێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ

...............................................................

دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت

هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیرون و دەر

...............................................................

تو خودا بڵێ بە حەزرەتی نالی : دەخیلی بم

بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانییا گوزەر

(سالم) سیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاک

مـن کـردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر...(دیوانی سالم،٢٠١٥ ب١ : ٣٣٣_ و لاپەڕەکانی تر ).

تەنانەت بنەماڵەی سالم لە سایەی دەسەڵات و لە پاڵ بابانەکاندا خاوەن پلە و پایە و دەستڕۆیشتووبون،لە هۆنراوەکانیدا ئەوە بەدیدەکرێت،کە وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆشویستوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و به دڵ و به دەروون عاشقی بووە،بەڵام لە لایەک بە هۆی باری نالەباری ناو میرنشینەکە و دووبەرەکی بەردەوامی بابانەکان لە ناو خۆیاندا،لە لایەکی دیکە بە هۆی ئەوەی بەشێکی خانەوادەکەیان لە ئێران بوون،سالم بە ناچاری دووچاری کۆچ و ڕەو دورکەوتنەوە لە وڵات بووە،کە ئەمە زۆر ئازاری پێگەیاندووە(عوسمان دەشتی:١٦)، هەروەها سالم ماتەمنامەی هەموو بۆ ئازادی و سەربەستیی لەدەستچووی نەتەوەی کورد بووە کە هۆی لەناوبردنی میرنشینی بابان و ڕووخانی پایتەختە ڕەنگینەکەی شاری سلێمانی لە لایەن دەسەڵاتی تورکی عوسمانیەوە بووە(فەرهاد پیرباڵ،٢٠٢١:١١٥)،بۆیە دەڵێ:

ئەلویداع ئەی مولکی بابان ئەلویدع

ئەلویداع ئەی جانی جانان ئەلویداع

موستەعیدم بۆ بیلادی رافیزی

ئەلویداع ئەی ئەهلی ئیمان ئەلویداع

وەک ئەسیری تورکمەن دەمبەن بە زۆر

ئەلویداع ئەی شاهی خوبان ئەلویداع........(دیوانی سالم،٢٠١٥: ٣٩٨_ ٣٩٩)

وەک چۆن ماڵئاوایی لە مانگی ڕەمەزان دەکرێت،بەمشێوەیە سالم ماڵئاوایی لە میرنشینی بابان کردووە،لەوانەیە(سالم) و بنەماڵەکەیشی قوربانی یەکێک لە باڵەکانی ململانێی نێو بابانەکان دووچاری ئاوارەیی بوبێت،بەمشێوەیە ئاماژە بە ئاوارەبوونی خۆی لە ئێراندا دەکات و دەڵێ:

بە عەقڵ ئەو ڕۆژە پێم زانی دەفەوتێ

کە سالم عازیمی موڵکی عەجەم بوو...(دیوانی سالم:٦٤٠)

سالم چەندین قەسیدە و شیعری نوسیوە کە دەچێتە خانەی شیعری مێژوویی، توانیویەتی هەندێ لایەنی مێژوویی میرنشینی بابان بخاتە ڕوو،وەک:(شین ولاواندنەوەی مەحمود بەگ،شەڕی بابان و عوسمانیەکان،وەڵامنامەکەی بۆ نالی)(عوسمان دەشتی:١٩).

وەکو ڕۆشنبیری و هەڵسەنگاندنی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی و شانازیکردن ،سالم ناوی کۆمەڵێک شاعیری ناوداری هێناوەو دەڵێ:

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر ڕوئیەتی مەعشووق

کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشقبازانا

لە یەک لا(نالی و مەشوی)لە لایێ(سالم و کوردی)

لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لە (مەولانا)

لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مەزمون

بە کوردی هەریەکە تازی سوارێ بوون لە بابانا....(دیوانی سالم:١٣١_١٣٢)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

سالم دەقێکی ٤١ بەیتی تەرخان دەکات بۆ عەبدوڵلا پاشای بابان ،برای عەبدولڕەحمان پاشای بابان و جەخت لەسەر هاتنەوەی بۆ سلێمانی دەکات و باسی چەندین قۆناغ و چۆنیەتی هاتنەوەکەی دەکات و لە کۆتاییدا دەڵێت:

پێی وتم دوێ شەو لە کونجی میحنەتا واضیح سەروەش:

وا چراغی دوودمانی ئەهلی بابان هاتەوە

ئەهلی دانش(حاتمی بخشش)بە ئەبجەد کەن حیساب

با نەڵێن:کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە......... (محەمەد عەلی،٢٠١٠: ١٠٥_١٠٧)

ئەوەی جێگەی سەرنجە(نالی)ش چەشنی سالم (دوای ئەو هەموو کارەساتانەی میرانی بابان دڵ و دەم و قەڵەمی نایهێنێ لە گوڵێ کاڵتر بە میرانی بابان بڵێت و چ دوور و چ نزیک هۆی ڕووخان ناخاتە ئەستۆی میرانی بابان)(محەمەد عەلی:١٤٧)،کە ئەم کارە بەرانبەر میری میرنشینەکانی تریش نەبۆتە مایەی سەرنج،شاعیرانی کورد هەردەم ڕیز و خۆشەویستی تایبەتیان بۆ میرەکان هەبووە.

لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی ئەمڕۆ کورد پێی دەنووسێ ،میراتی میرنشینی بابانە ،هەر لە ڕۆژانی پەیدابوونی ئەم میرنشینەوە ،شێوەی خوارووی زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی میرنشینەکە،بۆ یەکەم جار شاعیرانی کورد لە کوردستانی خوارووا ، بە زاراوەی ئەم ناوچەیە هەڵبەستی نشتیمانیان بەسەر گەلی کورد و تێکۆشانی و میرنشینی بابان و ئامانجەکانیدا هەڵدا ،شان بەشانی شیعرە دڵدارییەکانیان ،شانازیان بە پاڵەوانی کوردەوە کردووە و بۆ ڕووخانی میرنشینی بابان فرمێسکیان ڕشتووە (مارف خەزنەدار،١٩٦٧: ٣٦).

باشترین نموونەش غەزەلەکەی (نالی)یە (کە بۆ سلێمان پاشای بابانی وتوەو ڕۆژی وەفاتی تیا دیاری کردوەو پیرۆزبایی لە ئەحمەد پاشای کوڕی کردوەو سلێمان پاشای بابانی گەیاندۆتە ڕادەی جەمشید و شانازیی بەو سەردەمەوە کردوە کە ئەو تیا فەرمانڕەوا بوە، ئەمەش تەنیا پەیوەندی دۆستی و خۆش ویستن و بە شانازییەوە باس کردنی فەرمانڕەوای وڵات لەو سەردەمەدا بە وڵات ویستن ئەدرێتە قەڵەم،بێجگە ئەوە کە بایەخی دیاری کردنی تەئریخیشی بێتەپاڵ ،ئەوەش خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی شانازی کردن(عەبدولکەریمی مدرس،١٩٧٦: ٦٤).

لەم شیعرەدا مەدح و شانازیکردنە بە هەردووکییان(سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا ،شاعیر توانیویەتی ئەم دوو جەمسەرە کۆبکاتەوە و شیعرێکیشی بۆ پاسەوانی تایبەتی پاشا لە سوپای میرنشینی باباندا نوسیوە،کە ئەمین فەیزی لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)کە لە ساڵی ١٩٢٠ بڵاوبۆتەوە،دەڵێ:ئەم تاقمە مومتازە عەسکەری حکومەتی بابانە کە لە زەمانی ئەحمەد پاشادا تەنزیم و تەنسیق کراون( مارف خەزنەدار،ب٣: ١٤٢)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

محەمەد ئەمین زەکی لە باسی مردنی سلێمان پاشا و هاتنەسەر تەختی ئەحمەدبەگی گەورەدا ئەم شیعرەی شیوەن و پیرۆزبایی نالی بە نموونە هێناوەتەوە(محەمەد ئەمین زەکی،١٩٣١: ١٥٧)،ئەم کارەی ئەمین زەکی لەلایەکەوە پشت بە شیعر بەستن بۆ ساغکردنەوەی مێژوو و لە لایەکی ترەوە سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە ئەم شیعرەی نالی بۆ ئەو مەبەستە نوسراوە و تەئریخەکەش ساڵی ١٢٥٤ دەکات(عزەدین مستەفا،١٩٨٨: ٢٥)،واتە شیعر و ڕۆشنبیری نێو شیعر لە سایەی میرنشینەکاندا بە گشتی و میرنشینی بابان بە تایبەتی دوو جەمسەری کاریگەریان هەیە:یەکەمیان خزمەت بە شیعر و شێوازی نووسین لەو سەردەمانەدا دەکات، دووەمیان :دەکرێ لە پشت هەندێ دەقی شیعریی مێژووی پاشا و میر و هەندێ لە ڕووداوە گرنگەکان بە ووردی بخوێندرێتەوە.

(ئەحمەد پاشا چوارەمین پاشای میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥٣سەری لە پاریس داوە و میوانی ڕۆژهەڵاتناس_خۆدزکۆCHODZKO بووە،چەند باسێکی زمانەوانی و چەند چیرۆکێکی بە زمانی کوردی بۆ خۆدزکۆ نووسیوە و لە ساڵی ١٨٥٧ دا لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاوکراوەتەوە)(فەرهاد پیرباڵ: ٩٩)،

عەلی بەردەشانی شاعیری میللی ،مێژوونوسی ڕاپەڕینەکانی عەبدولڕەحمانی پاشا بووە،بە شیعر ڕووداوەکانی داڕشتووە،ئەم شاعیرە بە شیعرەکانی باسی ئازایی و قارەمانێتی میرەکانی بابانیشی دەردەبڕی(عزەدین مستەفا،١٩٧٣: ١٦)،باسی ئەوڕەحمان پاشا و شەڕەکانی بە هەڵبەست بڵاوئەکردەوەو هەستی میللی پێ ئەخرۆشان(عزەدین مستەفا:٣٨_٣٩).

(سالم)(١٨٠٥_١٨٦٩)یش چەندین دەقی کاریگەری بۆ ئەم میرنشینە نوسیوە ،گۆڕانکارییەکانی سەردەمی میرنشین و دوای میرنشینی خستۆتە ڕوو،دەڵێ:

لەو ساڵەوە حاکمانی بەبە دەربەدەرکران

نەیدیوە کەس لە چەهرەی کەس جەوهەری هونەر.......(دیوانی سالم: ٣٣٣ )

لە شیعری دێریندا ناو هێنانی تورک بە واتای(یاری دڵڕەق)هاتووە و تورکانە بە واتای (زاڵمانە،ستەمکارانە،بێبەزەییانە،دڵڕەقانە) (محەمەد نوری،٢٠٠٧: ٢٠٩_٢١٠) هەروەک سالم دەڵێ:

مییانت بەستووە تورکانە بۆ قەتلم لە مەستیدا

تەحەمول کە زەمانێ با ببۆسم دەستی شمشێرت.....(دیوانی سالم:١٧٨)

یان وەک لە دەقێکی کوردی دا هاتووە:

دەڵێن زۆر توند و بەدخوو تورکی یەکجار مەست و بێباکی

بە توندی و مەستیی و بەدخوییتا دیارە لە یارانی....(دیوانی کوردی:٥٩)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی هێندە زوڵم و زۆریان لەم دەسەڵاتە بینیوە ،بەجۆرێک کە هۆکاری سەرەکی ڕووخانی میرنشینەکانیش هەر فرۆفێڵی ئەم دەسەڵاتە بووە ،

حاڵەتی سیاسی لە میرنشینی بابان جێگیر نەبووە،بە هۆی دەستتێوەردانی بەردەوامی عەجەمەکان لە کاروباری ناوخۆییدا و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکان،هەر کاتێک میرێکی بەهێز دەسەڵاتی وەرگرتبێت،هەوڵیان داوە میرێکی ڕکابەری سەر بە خۆیانی بۆ بدۆزنەوە(لونگریک، :٢٨١)،بەڵام سەرباری هەموو ئەو بارودۆخە سیاسیە نالەبارە، لە کاتی ئەم میرنشینەدا زمان و ئەدەبی کوردی پەرەی سەند،بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی شانزەوە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە،دروستبونی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی کە نالی و کوردی،جگە لە هەبوونی مەلا وەسمان کە ئەویش هاوشانی ئەم شاعیرانە بووە،ئەمە و هەڵکەوتنی(مەحوی ) کە ئەویش ڕێچکەشکێن بوو،توانی زمانی شیعری سۆفیگەری درووست بکات پەرە بە ئەدەبیاتی کوردی بدات،هەر ئەو بناغەی زمانەش بوو،کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە،فایەقی تاپۆ دەڵێ:

بە مەعموری کە مەشهوری جیهان بوو خاکی کوردستان

هەموو ویرانەیە ئێستا لە زوڵم و وەحشەتی تورکان........(فەرهاد پیربال،٢٠٢١: ٢٢٧).

لە هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی و نالی و سالم و کوردی دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە میرنشینی بابان تا چ ڕادەیەک هەستی نەتەوایێتی بزواندووە و بڵاوکردۆتەوە،نەک هەر لە دڵ و دەروونی شاعیرەکاندا بەڵکە لە هەست و ناخی میللەتەکەش دا،هەتا ئەمڕۆش میللەتی کورد شانازی بە دوازدە سوارەی میری بابانەوە دەکا(کاوس قەفتان،١٩٨٥: ٢١)

ئەوەتا (نالی) کە(یاخییەکی سەردەمەکەی خۆی بووە ،هەر لە ڕەخنەگرتنی لە ڕەوشی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ووتنی شیعری بێپەردە و ئەڤین و خۆشەویستی ئاشکرا ،تا دەگاتە گۆڕینی زمانی ئەدەب و شیعری کوردی لە شێوەزاری گۆرانەوە بۆ شێوەزاری بابان،یان ناوچەی سلێمانی ،هەروەها زۆر شتی تازە و داهێنانی تر کە لای شاعیرانی کلاسیکی پێش نالی و دوای (نالی)یش بە ماوەیەکی زۆر نەبووە)(ساڵح،٢٠٢٢: ١٠٩)،بۆیە حاجی قادری کۆیی بەمشێوەیە دەیناسێنێت:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان

یەکە تازی فەصاحەتی بابان........(دیوانی حاجی قادری کۆیی:٢١٩)

بۆ سەریەرزی نەتەومو بۆ نەمریی(نالی)یش ئەوەندە بەسە کە لەگەڵ ئەو هەموو فارسیزانی و عەرەبی و تورکی زانینەیدا،ڕێگای شیعر وتنی بە کوردی گرتووەتەبەر و.......قوتابخانەیەکی بۆ شیعری کوردی داناوە، دەیانی وەک :کوردی و مەحوی و ناری و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بێخود و ئەدیبانی تر دوای کەوتون و بەهرەیان لێ وەرگرتووە )(مدرس،دیوانی نالی ٦٤:)،کە بە قوتابخانەی شیعری بابان ناسراوەو جگە لەوەی کە چەندین شاعیری کورد ڕێچکەی شێوازی نووسینی (نالی)یان گرت،دواتر قوتابخانەی شیعری موکریانیش لاسایی هەمان شێوازە نوسینیان کردەوە،کەوەفایی وئەدەب و حەریق و ئەدیب لە پێشڕەوانی ئەم قوتابخانەیە بوون .**

لەبەر ئەوەی بەر لە نالی و سالم و بەر لە چەرخی گەشی بابانەکان ،بە زاراوەی سلێمانی شیعر نەوتراوە،تا ئەو سەردەمە شیعری کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی و بە زاراوەی(گۆرانی)و لە کوردستانی ڕۆژاوادا لەسەر کێشی خۆماڵیش و عەرەبیش و بە زاراوەی کرمانجی سەروو بووە،شیعری کوردی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی و بە زاراوەی سلێمانی زادەی شارستانەتیی سەردەمی بابانەکان و دەستکردی نالی و سالم و پاش هاتوەکانی ئەوانە)(عبدالکریمی مدرس: ٦٥).

شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر لە پارچەیەکی ٨ بەیتیدا هەموو شانازییەکانی بە سلێمانی وەک پایتەختی میرنشینی بابان تۆمار دەکات و دەڵێ:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم،نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا،سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت ،گردی سەیوان
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو.........(دیوانی شێخ ڕەزا:٣٧ )

بەکارهێنانی دەستەواژەی(لەبیرم دێ)وەکو کلیلی کردنەوەی بیرەوەرییەکانی و گەڕانەوەی بۆ نێو ڕووداوەکان و وەسفکردنی سەربەخۆیی شاری سلێمانی لە کاتێکدا(لەو سەدانەی میرنشینی بابانی تێدا درووست بووە دوو ئیمپراتۆریەتی گەورە لە کایەدا بوون ،هەردووکیشیان بە تیژی لە پێناوی دەستگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هەوڵیان دەدا،لە ڕۆژهەڵاتی نزیکیشدا کوردستان بە گشتی و میرنشینی بابان بە تایبەتی ،لە پێشی پێشەوە لەناوجەرگەی ئەم زۆرانبازیەدا بوو،....لەبەرئەوەی ئەم میرنشینە کەوتبووە نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەوە)(کاوس قەفتان،١٩٨٥: ٩).

لە بەیتەکانی دواتردا خۆزگە بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژانەدا دەخوازێت کە شکۆی بابان لە گۆڕەپانەکەدا بووە و دەڵێ:

درێغ بۆ ئەو زەمانە،ئەو دەمە،ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی ،لە دەوری کانی ئاسکان بوو
...........................................................................

قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان،پڕ لە ڕەحمەت بێ

کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو

کە عەبدوڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد

(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش توفڵی دەبستان بوو.....(دیوانی شێخ ڕەزا)

لە کاتێکدا شێخ ڕەزا وەکو شاعیر هیچ کات نەک ستایشی کەسی نەکردووە ،بەڵکو هەر کەس و لایەنێک شتێکی نەشیاوی بەرانبەر کردبێت،جنێو بارانی کردووە،ئەگەر بڕوای تەواوی بەو ووشە و دەستەواژانە نەبوبێت ،کە ئاراستەی ئالی بابان و سەردەمی بابانی کردووە، هەرگیز ئەم دەقەی بەرهەم نەدەهێنا،بۆیە ئەم شیعرەی شکۆمەندی بابانەکان نیشان دەدات ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە شاعیر وەک خۆی لە بەیتی کۆتایی ئاماژەی پێداوە ،تەمەنی لەو کاتانەدا لە نێوان ٥_٦ ساڵیدا بووە،(ئەمە تاکە بەڵگەیەکە تەمەنی شێخمان بۆ ڕوون بکاتەوە)(تاقانە،٢٠١٠: ٤٢)کە ئەوەی لە دڵی چەسپاندووە(پاشاکانی ئەم میرنشینە خاوەنی ئامانج و هیوا و هەستی نەتەوایەتی خۆیان بوون ، هەمیشە چاویان لەوەوە بوو کە میرنشینی بابان بکەنە بەردی بناغەی دامەزراندنی دام و دەسگایێکی گەورەی کوردی سەربەخۆ)(کاوس قەفتان:١٠)

لە سەردەمی (حاجی قادری کۆیی)یشدا هەر هەمان ڕۆم و عەجەم دەستیان بەسەر خاکی وولاتەکەیدا گرتووە و لە نێوانی خۆیان دابەش کردووە(میران،شارەزا،١٩٨٦: ٢١)،حاڵەتە دەروونییەکەی ناوەوەی دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

لە مابەینی کڵاو سوور و کڵاو ڕەش

پەرێشانین دەبینە میسلی گای بەش

حاجی بەهۆی نیشانەیەکی کلتووری هەردوو ڕۆم و عەجەمی ناساندووە،کە کڵاوسوور تورکە عوسمانیەکان و کڵاو ڕەش ئێرانییە قاجارییەکانن.

کاتێ حاجی ئاوڕێکی لە میللەتەکەی خۆی دەدایەوە ،دەیبینی نەک بەرەو ڕزگاری دەچوو ،بەڵکو ئەو میرنشینانەی کە هەشیبوون، لەناوچووبوون و حکومەتی میرەکانی بابان و سۆران و بادینان و ئەمارەتەکانی کوردستانی سەروو، بەتەواوی ناوچەکانیان خرابوونە سەر دەوڵەتی عوسمانی و بنەماڵەی بەدرخانیەکانیش تێکۆشانێکی گەرمیان دەکرد بۆ دەستخستنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد(مەلا کەریم،١٩٦٠: ٢٠)، ئەمە ناخی حاجی وێران کردبوو ،بۆیە دەڵێ:

لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران

بە هەیئەت تێی گەییم کوردە بە شێوەی ئەهلی کوردستان

کە چوومە خدمەتی پرسیم:برادەر خەڵکی کام جێگای؟

لە کام لا هاتووی؟ گریا،گوتی:بابان،گوتم :بابان؟.........(دیوانی حاجی:٩١)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم دوو بەیتەی حاجی کۆی باری دەروونی کورد لە سایەی میرنشینی بابان گەلالە دەکرێت،بەوەی خەڵکیش نەپەرژاوەتە سەر خوێندن و فێربوون، هێندەی ژیانیان بە کۆلەمەرگی بەڕێکردووە.

میرەکانی بابان سەرباری ئەو هەموو ئەرک و شەڕوشۆڕ و ململانێیە،بایەخیان بە ئەدەبیات داوە،جگە لە بایەخدان بە خەت خۆشی وخەڵکیان ناردووە بۆ شوێنی دوور کتێبێک یا دەستنوسێک بنوسنەوە،خەرجی کەسەکەو هاتوچۆیان بۆ سەرف دەکرد تا کارەکەی ئەنجام دەدا،لە کاتێکدا جاری وا هەبووە کاتێکی زۆریان پێ چووە،ئەمەش خۆشەویستی میرەکان بۆ ڕۆشنبیری دەردەخات ،کە میرانی بابان خاوەن کتێبخانە بوون،لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی کتێبەکانیان گواستۆتەوە بۆ مزگەوتی گەورە و شێخ مارفی نۆدێ یان کردۆتە مامۆستا و سەرپەرشتی کتێبخانەکە،ئەمەش سەرنجی دەوروبەری ڕاکێشاوە و لە زۆر شوێنەوە بە مەبەستی فێربوون هاتون و سەردانی کتێبخانەکەیان کردووەو چەندین نەوە سودمەند بوون و بە هۆیەوە هۆشیار بونەتەوە،لە(١٧٥٨_١٨٢٢)بە سەردەمی زێڕینی مزگەوتی گەورە دادەنرێ،چونکە لەوکاتەدا شێخ مەعرووفی نۆدێ و باوکی،لەوێ دەرسیان گوتۆتەوە،شێخ مەعرووفی نۆدێ بە هۆی باوکییەوە گەیشتۆتە قەلاچوالانی بابانەکان،ئینجا لە سلێمانی دەیان قوتابیی پێگەیاندووە)(فەرهاد پیربال:٩٦).

دوای ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوەندی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە،سەردەمێک دروست دەبێت،کە تێیدا شێخ و تەریقەت و سۆفیگەری ڕۆڵی بەرچاویان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دەبێت،(مەحوی)یش یەکێک بووە لەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا دەرکەوتووە،ناوبانگ و کەسایەتی مەحوی بە جۆرێک بەرز بۆتەوە کە وایکردووە خودی سوڵتان ببینێت و خانەقای بۆ نۆژەن بکاتەوە و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵدا دروست بکات(بژار عوسمان،٢٠٢٢ : ١١٥)

لەبەر ئەوەی(حاڵەتی سیاسی میرنشینی بابان جێگیر نەبووە،بە هۆی دەستێوەردانی بەردەوامی عەجەمەکان لە کاروباری ناوخۆییدا و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکان ،هەرکاتێک میرێکی بەهێز دەسەڵاتی وەرگرتبێت ،هەوڵیان داوە میرێکی ڕکابەری سەر بە خۆیانی بۆ بدۆزنەوە)(لۆنگریک:٢٨١)،بۆیە زۆربەی کات میرنشینی بابان لە نێو شەڕوشۆڕدا بووە ،نەپەرژاوەتە سەر بایەخدانی زیاتر بە ڕێڕەوی خوێندن و فێربوون.

**ئەنجام:**

حوجرە بەشێکی چالاکی مزگەوتەکان بووە،چونکە سەرچاوەی خوێندن و زانست و فێربوون بوون ،تەنانەت شوێنی فێربوونی زمان و کەرەستەکانی نوسین بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ،واتە بە تەواوی بێجگە لە پێگە ئاینییەکە ،دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

چوارچێوەی مزگەوتدا بوون، ئەمە وایکردبوو حوجرە بنچینەیەک بۆ خوێندن و ئارەزووی فێربوون بنیاد بنێت.

_بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد،کە کاریگەریەکی زۆری بەسەر لایەنی رۆشنبیری و فەرهەنگی کوردەوە هەبوو،نەخوێندەواری تا ماوەیەکی دووروودرێژ زۆرینەی کۆمەڵگەی گرتبۆوە،ئەمەش وایکردبوو رێژەوی فێربوون کز بێت.

هەندێک لە میرە کوردەکانی ئەم میرنشینانە نەک تەنیا هانی نوسین و خوێندەوارییان داوە،بەڵکو بەشێکیان خۆیان مامۆستا و نوسەر و تەنانەت شیعریشیان نوسیوە و بوونەتە پاڵپشتی بۆ پرۆسەی فێرکردن،سەرباری سەرقاڵبوونیان بە بەرگریکردن و شەڕوشۆڕ لە لایەک و ململانێی ناوەخۆش لە لایەکی ترەوە،نموونەی:میر شەرەف،شەرەفخانی بتلیسی،میر عیمادەدینی جزیری، لە میرنشینی بۆتان ، بەڵام میرەکانی بابان زیاتری هاندەری خوێنەواری و مەعریفە و زانست بوون،نەک خۆیان شیعر و بەرهەمیان بوبێت.

شاعیرەکان بەرگرییەکی زۆریان لە زمانی کوردی کردووە،هەرچەندە نوسینی فەرمانەکانی میرنشینەکان بە زمانی فارسی بووە،بەڵام زمانی تورکی هێندە پەسەند نەبووە بە بەڵگەی لە شیعر و نوسینیشدا زۆر بەکارنەهاتووە،زیاتری فارسی و عەرەبی بەکارهاتووە،شاعیرێکی وەکو مەلای جزیری دەیویست ئەوەی شیعری فارسی پێیگەیشتووە لە داهێنان، بیگوازێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی لە ڕێی شیعرەوە،بۆ ئەوەی لە بازنەی دەسەڵاتی تورکی و فارسی _لە ڕووی سیاسی و ئەدەبیەوە_ ئەدەبی کوردی بباتە دەرەوەی ئەم بازنەیە،لە پاڵ ئەمەشدا ئەحمەدی خانی سەرباری گرتنەبەری ڕێچکەکەی مەلای جزیری ،قوتابخانەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بوو. ئەمە وەک میرنشینی بۆتان ، (نالی)ش لە میرنشینی باباندا پێشڕەوی قوتابخانەیەکی ئەدەبی کرد ،کە کاریگەرییەکانیان هێشتا بەردەوامی هەیە.

درووستبوونی نیمچە ستانداردێکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلە نووسینانەی لە کاتی میرنشینی باباندا پەیڕەو دەکران،چونکە پێش ئەوە بە دیالێکتی هەورامی گۆرانی_بوو،لە هەمان کاتدا ئەم هەوڵانە بنچینەیەکیا درووست کرد و تا ڕادەیەک بازنەی زمانی نوسینیان فراوانکرد.

_ململانێی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و سەرقاڵکردنی میرە کوردەکان کاتێک بە شەڕ و کاتێکی تر بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوانیاندا بووە مایەی بە فیرۆچوونی کاتێکی زۆر لەسەر حیسابی بنیادنانی دەوڵەت و بووژاندنەوەی ،ئەمانە هەمیشە خەریکی دروستکرنی بەربەست بوون لەبەردەم میرە کوردەکاندا ،کورد لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد و چارەنووسی نادیار بوو.

دووری خــــوازەیی نێــوان میرنشـــینەکان لە ڕووی بیرکـــردنەوە و بەڕێــوەبردنی میرنشینەکان ،بووە مایەی زەقکردنەوەی شێوە زاری ناوچەیی ،ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی زمانی کوردی هەبوو، نەیتوانی کورد لە دەوری زمانێکی یەکگرتوو کۆبکاتەوە،ئەگەر ڕۆڵی شاعیرەکان نەبوایە، زمانەکە پەرتەوازەتر دەبوو.

شاعیرەکان لە خۆشویستنیان بۆ میرەکانی میرنشینی بۆتان و بابان ستایشیان کردوون ، و بە پەرۆش بوون بۆیان،چونکە وەکو شاعیر درکیان بە مەترسیەکانی سەر میرنشینەکان کردووە،شیعرەکانیان بوونەتە بەڵگەی مێژوویی و لە زۆر کاتدا پشتیان پێ دەبەستریت، زۆرترین شیعر لە لایەن سالمی ساحێبقران بووە، ئەمە جگە لە وەڵامنامەکەی بۆ چامە شیعرییەکەی نالی کە کتێبێکی مێژووییین بۆ خۆیان.

**سەرچاوەکان :**

**بە زمانی کوردی**


١. بژار عوسمان احمد(٢٠٢٢)،ژیانی مەحوی لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بڵاوکردنی دوو شیعری مەحوی بە زمانی عوسمانی بۆ یەکەمجار،گۆڤاری ئاژین، ژمارە ٣،سۆران.

٢. تەحسین ئیبراهیم دۆسکی(٢٠١٨)،شەرحا دیوانا مەلایێ جزیری،بەرگێ ئێکێ،کۆمەڵگەها فەرهەنگی یا ئەحمەدی خانی،سۆران.

جویس بلاو و ئەوانی تر،(٢٠١٥)،سێ وتار لەسەر ئەدەبیاتی کوردی،وەرگێڕانی: حسێن محەمەد زادە،پەخشانگای زانستی کۆلێج،سنە.

٣. جەمال نەبەز(٢٠١٩)،میری کورد_میر محەمەدی ڕەواندزی ناسراو بە میری کۆرە،وەرگێڕانی:سەردار محەمەد عەلی ڕەواندزی،چ١،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر.

٤. دیوانی حاجی قادری کۆیی(١٩٨٦)،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا،پێداچونەوەی:مەسعود محەمەد.

یوانی سالم(٢٠١٥)،بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم،بنکەی ژین،سلێمانی.

٥. دیوانی مەلای جزیری(٢٠١٤)،شەرحی هەژار،پەخشانگای پانیز،تهران.

٦. دیوانی نالی(١٩٧٦)،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم،محمدی مەلا کەریم پیاچۆتەوە،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا.

٧. سدیق سالح(٢٠٠٥)،سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ،یەکەم بەرگ،بنکەی ژین،چاپخانەی شڤان،سلێمانی.

٨. سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د.)(٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان،جەوهەر کرمانج کردوویە بە کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی.

٩. سەلام ناوخۆش(٢٠١٩)،پەخشانی ئیسلامی کوردی_١٥٩١_١٩٢١،چاپی یەکەم،سلێمانی.

١٠. شرفخانی بدلیسی(١٩٧٢)،شرفنامە، وەرگێڕانی:هەژار،چاپخانەی نعمان،نەجەفی پیرۆز.

١١. عبدالفتاح علی یحیی(١٩٨٨)،بورجا بەلەک د جزیرا بۆتان دا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە ١١٧،بەغدا.

١٢. عمر عبدالرحیم(١٩٨٥)،بە بۆنەی تێپەڕبوونی دووسەدساڵەی سلێمانیەوە،گۆڤاری کاروان،ژمارە ٢٩،هەولێر.

١٣. عوسمان دەشتی(د.)(٢٠٢١)،سالمی ساحێبقران_باس و لێکۆڵینەوە،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

١٤. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ(د.)(١٩٧٣)،عەلی بەردەشانی_ژیان و بەرهەمی،گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات،ژمارە ١٦،بەغدا.

١٥. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ(د.)(١٩٨٨)،ئەمین زەکی و ئەدەب،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە ١١٩،بەغدا.

١٦. فەرهاد پیربال(٢٠٢١)،تورک بە دیدی کورد : کێیە؟ کورد بە دیدی تورک :چیە؟،چاپخانەی مایا،سلێمانی.

١٧. کامەران موکری_محەمەد ئەحمەد تەها(١٩٨٤)ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،بەشی یەکەم،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر.

١٨. کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)(٢٠١٩)، کۆبەرهەمی ئەحمەد موختار جاف،چ١،ئینشاراتی ڕۆژ،سنە.

١٩. کاوس قەفتان(د.)(١٩٨٥)،چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوی بابان_سۆران_بۆتان،د.کەمال مەزهەر ئەحمەد پێشەکی بۆ نوسیوە،چاپخانەی الحوادث،بەغدا.

٢٠. کریس کۆچێرا(٢٠٠٦)،کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا،وەرگێڕانی:حەمەکەریم عارف،چ٣،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

٢١. کەمال مەزهەر(١٩٨٣)،مێژوو،

٢٢. مارف خەزنەدار(د.)(٢٠١٠)،ب٣،نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم_١٨٠٠_١٨٥٠،چ٢،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

٢٣. مارف خەزنەدار(د.)(٢٠١٠)،مێژوی ئەدەبی کوردی،ب٢،سەدەکانی چواردەم_هەژدەم،چ٢،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

٢٤. محمد امین زەکی(٢٠٠٥)،کورتەی مێژووی کورد و کوردستان،د.کەمال مەزهەر پێشەکی نوسیوە،چ٢،بەغدا.

٢٥. محەمەد حەمە باقی(٢٠٠٢)،میرنشینی ئەردەلان _بابان_سۆران_لە بەڵگەنامەی قاجاریدا_١٧٩٩_١٨٤٧ز ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

٢٦. محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی(شەپۆل)(١٣٦٤)،ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست،چاپخانەء مهارت،تهران.

٢٧. محەمەد عەلی قەرەداغی(٢٠١٠)،بەرکوتێک لە شیعری سالم،چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم_پاشکۆیەکی دیوانی نالی.
٢٨. محەمەد نووری عارف(د.)(٢٠٠٧)،فەرهەنگی دیوانی شاعیران،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٢٩. محەمەدئەمین زەکی بەگ(١٩٣١)،خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان،ب١،بەغدا.
٣٠. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس(٢٠١١)،یادی مەردان ،بەرگی یەکەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٣١. نەوشێروان مستەفا ئەمین(١٩٩٨)،میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا،چ٢،سلێمانی.
٣٢. ی.ئی.ڤاسیلیەڤا(١٩٩٧)،کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)،وەرگێڕانی:ڕەشاد میران،هەولێر.
٣٣. ئاراس محەمەد سالح(د.)(٢٠٢٢)،نالی و زمانی کوردی،گۆڤاری ڕامان،ژمارە ٢٩٥_٢٩٦، هەولێر.
٣٤. ئارام عەلی مستەفا(پ.ی.د.)(٢٠١٩)،ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی(مەستورەی کوردستانی)مێژونوس و نووسەر(١٨٠٥_١٨٤٧ز)ژیان و سەردەمەکەی،گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی،بەرگی٥،ژمارە ٢.
٣٥. ئاکۆ بورهان(٢٠٢٢)،مێژوی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا،چاپی دووەم،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.
٣٦. ئەتەش سەبری(٢٠٢٢)،کۆتایی سەربەخۆیی کورد_ڕووخاندنی میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق،گۆڤاری ئاژین،ژمارە ٣،سۆران.
٣٧. ئەحمەد باوەڕ(٢٠١٧)،مێژووی خانەقی _مێژووی میرایەتی باجەڵان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی،چاپخانەی تاران.
٣٨. ئەحمەد تاقانە(٢٠١٠)،شێخ ڕەزای تاڵەبانی_کەڵە شاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،چ٢،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٣٩. ئەمین عەلی موتابچی(١٩٧٣)،شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی،گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ،ژمارە ١٦،بەغدا.

**بە زمانی عەرەبی**

٤٠. ابراهيم خليل أحمد(١٩٩٢)،حركة التربية و التعليم في موسوعة الموصل الحضارية،المجلد الرابع،الموصل.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

_جلادت بدرخان(١٩٩٨)،الحياة الجامعية في كردستان،ترجمة:هجار ابراهيم،مجلة متين،العدد٧٥،دهوك.

٤١. جليلي جليل(١٩٨٧)،من تاريخ الامارات في الامبراطورية العثمانية _في النصف الأول من القرن التاسع عشر،ترجمة:محمد عبدو النجاري،بيروت.

٤٢. حسين ناظم بيك(٢٠٠١)،تاريخ الامارة البابانية،ترجمة:شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس،ط١،مطبعة وزارة التربية،أربيل.

٤٣. صلاح هروري(٢٠٠٠)،امارة بوتان في عهد الأمير بدرخان ١٨٢١_١٨٤٧_دراسة تاريخية_سياسية،ط١،مطبعة خبات،دهوك.

٤٤. عبدالفتاح علي يحيى(١٩٨٥)،بوتان و البوتانيون و الاغنية الكردية التاريخية،مجلة كاروان،العدد ٢٩،أربيل.

٤٥. عزالدين مصطفى رسول(د.)(١٩٧٩)،أحمد خاني_١٦٥٠_١٧٠٧_شاعرا"،مفكرا"،فيلسوفا"،و متصوفا"،بغداد.

٤٦. فوآد حمة خورشيد(١٩٨٣)،اللغة الكردية _التوزيع الجغرافي للهجاتها،مطبعة الوسام،بغداد.

٤٧. كاميران عبدالصمد الدوسكي(٢٠٠٦)،كردستان في العهد العثماني _في النصف الأول من القرن التاسع عشر ،ط١،الدار العربية للموسوعات،بيروت،لبنان.

٤٨. كاوه فريق أحمد(١٩٨٥)،الحالة الثقافية في كوردستان،مجلة كاروان،العدد ٣٥،أربيل.

٤٩. مارتن فان بروسن(١٩٩٨)،المجتمع الكردي _العرق_القومية _مشاكل اللجوء،ترجمة: عزالدين البيرموس،مطبعة الشريعة.

٥٠. مالميسانژ(١٩٩٨)،بدرخانيو جزيرة بوتان و محاضر اجتماعات الجمعية العائلية البدرخانية،ترجمة:شكور مصطفى،أربيل.

٥١. محمد الخال(د.ت)،الشيخ معروف النودهي،بغداد.

٥٢. ن.أ.خالفين(١٩٦٨)،الصراع على كردستان_المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر،ترجمة:د.أحمد عثمان أبوبكر،بغداد.

٥٣. أحمد بن الملا محمد الزفنكي(١٩٥٩)،العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري،ج٢ ،مطبعة رافدين ،قامشلو.

٥٤. ستيفن هيمسلي لونكريك(١٩٨٥)،أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،ط٦ ، بغداد.

**به زمانى فارسى**

٥٥. عبدالقادر ابن رستم باباني(١٣٦٦)،تاريخ و جغرافياى كردستان موسوم به _سير الاكراد،چاپخانهء ارزنك،تهران.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

**الملخص:**

ان الكرد أقاموا امارات متعددة على أرض كردستان و كانت كل امارة ذات سيادة مستقلة ،أو شبه مستقلة،أدت كل امارة من الامارات دورا" بارزا" سياسيا" و اجتماعيا" في التاريخ الكردي ،مثل الامارات:بوتان،بابان ،أردلان،سوران،هكاري،بهدينان و موكرياني.

ان عملية التعليم في ظل هذه الامارات الكردية كانت في المساجد،و المساجد له دور كبير في التعليم و يمثل مركزا يتمحور حوله طالبي العلم ،و كانوا يتعلمون اللغات أيضا الى جانب المعرفة الدينية،و خاصة اللغات الفارسية و العربية لان مسيرة التعلم كان يعتمد على المصادر الفارسية و خاصة امهات الكتب مثل:كلستان و بستان ل_سعدي الشيرازي و أشعار حافظ ،و الثقافة العربية خاصة النحو و الفقه و الشريعة و الأدب و العروض العربي،و الشعر عند الكرد هو العنصر الوحيد الذي كتب باللغة الكردية منذ القرن الثاني عشر ، و لكن المكاتبات بين الامراء باللغة الفارسية على الأكثر و اللغة العربية أحيانا،مع ان للامراء الكرد دور بارز في المسيرة التعليمية لأن أكثرية الامراء كان لهم خلفية ثقافية و بعضم يكتبون الشعر أيضا، أو لهم المامات فنية .

و لكن عملية التدوين جاء متأخرا من هذه الناحية ،لذلك نجد في طيات النصوص التاريخية أسطر حول عملية و أماكن التدريس و التعلم ،و لا يوجد مصادر مستقلة يخبرنا عن سير التعليم و كيفية اجراءها في ذلك الوقت،من أجل البحث عن الحلقات المفقودة للنصوص الخاصة بالتعليم،خصصنا البحث ل(( ثقافة اللغة و الأدب الكردي في ظل امارتي بوتان و بابان))،و يتكون البحث اضافة الى مقدمة و مدخل ، مناقشة: اللغة و الأدب كوجه آخر للامارات الكردية و بالأخص امارتي بوتان و بابان_هذا مع عرض أهم الاستنتاجات و قائمة المصادر و ملخص البحث باللغتي العربية و الانجليزية.

**كلمات الدالة:** *الامارات الكردية، الثقافة، الأدب الكردي،التعلم، احمد خاني، نالي ،التعليم الديني*

**Abstract:**

The Kurds established a number of emirates on the land of Kurdistan, and each emirate was sovereign, independent, or semi-independent. Each of the emirates played a prominent political and social role in the Kurdish history. Those were the emirates of Botan, Baban, Ardalan, Soran, Hakkari Bahdinan, and Mokeriani.

Education under these Kurdish emirates was in the mosques, which great role in education as they represented a center around which the seekers of knowledge revolve. People used to learn languages in mosques in addition to religious sciences, especially the Persian and Arabic languages because a good number of the important sources were in Persian, for example, Gulistan and Bustan by Saadi Al-Shirazi, the poetry of Hafez, and the Arabic books on culture, grammar, jurisprudence, Sharia, literature, and prosody. The Kurdish poetry has been the only thing written in the Kurdish language since the twelfth century. However, correspondence between the princes were in the Persian language at most and the Arabic language sometimes. The Kurdish princes had a prominent role in the educational process because most of them

had a good cultural background and some of them also wrote poetry, or took interest in arts.

Nonetheless, the recording process came late in this regard. We may find in historical texts some lines about the teaching process and the places of teaching and learning, but there are no independent sources telling us about the progress of education and how it was conducted at that time. In order to find the missing parts in the texts related to education, we devoted this research to the culture of Kurdish language and literature in the time of the emirates of Botan and Baban.

The research consists of an introduction and a discussion about language and literature as another aspect of the Kurdish emirates, especially the emirates of Botan and Baba. There is also a section about the most important conclusions, then the research end with a list of references and the abstract in Arabic and English.

**Keywords:** *Kurdish emirates, culture, and literature; learning; Ahmed Khani, Nali; religious education.*

# ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان لە گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا
# میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان بەنموونە

**پ. ی. د. لوقمان رەئوف عەلی**
بەشی کارگێڕی کار- پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان (سلێمانی) / هەریمی کوردستانی عیراق
**پ. ی. د. سروشت جەوهەر حەویز**
بەشی زمانی کوردی- فاکەڵتی پەروەردە- زانکۆی کۆیە/هەریمی کوردستانی عیراق

**پۆختە:**

ئەم توێژینەوە بەناونیشانی(ڕۆڵی میرنشینە کوردییەکان لە گەشەسەندنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا میرنشینی ئەردەلان و بابان بە نموونە) باسکردنە لە ڕۆڵی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان لە گەشەسەندنی ئەدەبیات و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا، بەمانایەکی تر کارکردنە لەسەر ئەو هەوڵ و کارانەی ئەم دوو میرنشینە لە پێناو هەنگاونان بەرەو شارستانییەت و ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی و سود وەرگرتنیان لە کایە جیاوازەکانی میرنشینەکەدا، جگە لەمەش تۆمارکردن و پاراستنی مێژوو ئەدەبیاتی کوردو خستنەگەڕی توانا مرۆییەکان، لەپێناو رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگە.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە هەموو ئەو هەوڵ و کارانەی لەسەرەتای میرنشینی ئەردەڵان و بابان دا، لەپێناو گەشەدان بە بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری دەناسێنێت، جگەلەمەش ئەو بەرهەمانەی کە لەم میرنشینانە ماوەتەوە، ئەگەرچی کەمن، بەڵام بەنرخ و گەوهەرن و بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی ڕێبازی کلاسیکی کوردی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *میرنشین، ئەردەڵان، بابان، ڕۆڵ، ئەدەب، ڕۆشنبیری.*

**پێشەکی:**

ڕۆشنبیری ئاوێنەیەکە باری کۆمەڵایەتی و بیری هەر گەلێک بەپێی قۆناغەکەی پیشاندەدات و دەبێتە هۆکارێک بۆ خستنەڕوو و ناساندنی پێکهاتەو بەهاکانی، بەمەش یەکەیەکی ڕێکخراوەو کار لەسەر بەرز ڕاگرتنی زمان و ئەدەب و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە دەکات، هەر بۆیە کە باس لە ڕۆشنبیری لە ناو هەردوو میرنشینی ئەردەلان و بابان دەکەین، ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بە شارستانییەت و ئەو هەنگاوانەی کە لەرێگەیەوە بوونەتە ناسنامەی میرنشینەکان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

ئەم تـوێژینەوەیە باسـکردنە لە ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری لە بونیادنـانی رۆشـنبیری لەم دوو میرنشـینەو گەشـەدان بە کـۆمەڵگەو هۆشـیاری مرۆڤەکـان، بەتـایبەتی میرەکـان، لەپێنـاو ناساندنی نیشتمان و هەستکردن بە تاک و ئازادی و بەشداریکردن لە ژیانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەو هەوڵدان بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی خێڵەکی بۆ شارستانییەتی.

میرنشـینە کوردییـەکان لەگـەڵ دروسـتبوون و گرتنەبـەری دەسـەڵات، بـە گشـتی کاریان بۆ کۆی پرسەکان کردووە، یەکێک لەم کارانەش شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بووە.

میرنشینی ئەردەڵان بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی خۆی، چەند هەنگاوی گرنگ و کەشی لە باری بۆ ئەدەب ئەدەبیات و ڕۆشنبیری ڕەخساندوە، لەلایەک لەپێناو هۆشیاری و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە، لەلایەکی ترەوە نیشاندانی ناسنامەی میرنشینەکە بووە.

بەهەمان شێوە میرنشینی بابان لەماوەی فەرمانڕەوایی میرنشیتنەکەدا، هەرچەندە مـاوەی دەسـەڵاتیان لـە چـاو میرنشـینی ئەردەڵانـدا زۆر نـەبووە، بـەڵام زمـان و ئـەدەبی کـوردی پەرەسـەندنێکی باشی بـەخۆوە دیـوە، ئەمەش بەهـۆی ئەوەی لەلایـەک دروسـتکردنی کەشـی ئەدەبی و شیعریی، لەلایەکی ترەوە ئەدەب یەکێک بووە لە بنەماکانی فێربوون و فێرکردن.

ئامانجی لێکۆڵینەوە: دیاریکردنی ڕادەی گرنگیدانی میرنشینەکان بە ئەدەب و ڕۆشـنبیری ، ڕۆڵـی میرنشـینەکان لە گەشـەکردنی ئـەدەب بەگشـتی و مزگەوتەکـان وەک سـەرچاوەی خوێنـدەواری و ڕۆشـنبیریی بەتـایبەتی، دەرخسـتنی ڕادەی بەهێـزی ئـەدەبی سـەردەمی میرنشینەکان، ناساندنی شیعرو ئەدەبیات و دیاریکردنی بنەماکانی لەم قۆناغەدا. ناسـنادنی هەوڵی میرەکان، لەپێناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی.

ڕێبـازی لێکـۆڵینـەوە: لـە نوسـینی ئـەم لێکۆلینەوەیـەدا پـەیڕەوی ڕێبـازی مێژوویـی ، وەسفی شیکاری کراوە .

ئەم لێکـۆڵینـەوەیە کـار کـردنە لەسـەر ڕۆڵـی میرنشـینەکانی ئەردەڵان و بابـان، لـە بارەی گەشەی ئەدەب و گرنگیدان بە شیعرو برەودان بە بواری ڕۆشنبیری، بۆیـە پێکـدێت لـە دوو بەش:

لە بەشـی یەکەمـدا بـاس لەڕۆڵـی میرنشـینی ئەردەڵان و سـەرچاوەی گەشـەو فـراوان بوونی ئەدەب و ڕۆشنبیری و مێژوو، ئاین و قوتابخانە.....تاد لـەم سـەردەمانەدا دەکـات، لـە بەشـی دووەمیشـدا بـاس لـە گەشـەپێدانی ئەدەبـی میرنشـینی بابـان دەکـات لەگـەڵ سـەرچاوەی گەشەو فراوان بوونی ئەدەب و ڕۆشنبیری و شیعرو ڕۆڵی شیعر لەم میرنشینانە دەکات، لەگەڵ کردنەوەی شوێنی تایبەت بە چالاکی و هاندانی خەڵک و ڕۆڵی لەسەر ڕۆشنبیری هاووڵاتییـان و خستنەرووی پێگەو ڕۆڵی هەریەکە لەم میرنیشینانە، پاشان بەراوردی هەردوو میرنشینەکە لەم ڕاونگەوە کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**یەکەم: ڕۆڵی میرنشینی ئەردەڵان لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردیدا**

میرنشینی ئەردەڵان یەکێک بوو لە میرنشینە کوردییەکان و حکومەتێکی نیمچەسەربەخۆ بووەو نزیک بە( ٧٠٠ساڵ) (١١٦٩ -١٨٦٧) فەرمانڕەوایی بەشێک لە کوردستانی کردووە. تاوەکو بەر لەدامەزرانی شاری سنە لە ساڵی( ١٦٣٦ز)، ناوەندی حکومەتەکەیان زۆرتر هەورامان، قەڵای پاڵەنگان و قەڵای مەریوان بووە)( عبدالصمد، "نور الانوار فی کرامات ذراری سیدالمختار ، ١٣٦٩)

میرنشینی ئەردەڵان یەکێک بووە لە میرنشینە بە هێزەکانی کورد، چونکە بەدرێژایی فەرمانڕەوایی خۆی، دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە، چونکە زۆر ناوچەو شاری خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی، جگەلەمەش سکەی خۆیان هەبووە و سەردەمێک بە تەواوی سەربەخۆبووەو تا ماوەیەکی زۆر بە هیچ شێوەیەک لە وتارەکانیاندا باسی هیچ کەسێکیان تێدا نەکردووە و بەناوی خۆیانەوە وتاریان خوێندووەتەوە، واتە نە بەناوی سوڵتانی عوسمانییەوە، نەبە ناوی شای سەفەوییەوە، وتاریان خوێندووەتەوە، واتە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەست و سەربەخۆ بوون، بەڵام هەندێک کاتیش بەهۆی هاتنی هەندێک میری لاواز و بێ توانا و ناکۆکی ناوخۆ، بەرەو لاوازی چوون و لە دوای ماوەیەکیش هەر بەو هۆیەوە چونەتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی سەفەوی و تا ساڵی (١٨٦٨ز) بە تەواوی لەناوچووە.

لە دوای ساڵی (١٦٣٩ز) ڕێکەوتنی زەهاو، کوردستان بە تەواوی بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکی لە ژێر دەستی دەوڵەتی سەفەویەوەو بەشەکەی تریشی لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی مایەوە، هۆزەکانی کەلهوڕ و ئەردەڵانیش بوونە بەشێک لە سەفەوی و تەنها ناوچەی ئامێدی و جزیرە بۆ ماوەیەکی باش بە نیمچە سەربەخۆیی مابوونەوە.

میرنشینی ئەردەڵان بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە حوکمرانی کردووە، لەگەڵ ئەو ململانێ و ناکۆکیانەش کە هەبوون، بەڵام وەک پێگەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی میرنشینەکە، کۆمەڵێک ئەرک بووبوونە بنەمای حوکمرانی میرنشینەکە، لەوانە (خوێندن، ڕۆشنبیری، ئابوری، سەربازی، ......تاد) ئەگەرچی حکومەت، یان میرەکان خۆیان نەبووبوونە کارئەکتەری سەرەکی و ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکییەکان هەبوو لە گەشەسەندن و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و ڕۆشنبیری، چونکە بەشێک لە میرو کوڕەکانیان خۆیان هەم خوێندەوارو ڕۆشنبیر و هەم شاعیرو نوسەر بوون.

کەواتە میرنشینی ئەردەڵان لەپێناو گەشەدان بە بواری ڕۆشنبیری و پێگەی کەسی خوێنەوارو شارەزا، چەند هەنگاوێکی گرتوەتەبەر:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**یەکەم: نوسینەوەی مێژوو**

لەسەردەمی ئەم میرنشینەدا یەکێک لەو خاڵە دیارو چالاکانەی کە سەریهەڵدا، یاخود بوونی هەبووە، درێژەدان بوو بە نوسینەوەی مێژوو، یان نوسینی کتێبی مێژوویی لە دوای شەرەفخانی بەدلیسییەوە، بەمەش ئەم هەنگاوە دەچێتە ڕیزی ئەو هەنگاوە دیارانەی، کە مێژوو نوسە دیارەکانی جیهان و ڕۆژهەڵات ، وەک زەینەفون و سترابۆن و .....تاد لەبواری مێژوودا گرتویانەتەبەر، چونکە"بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا مێژوونوسانی کوردستانی ئەردەڵان ڕێبازی شەرەفەدین خان بەتلیسییان درێژەپێداو وێرای نوسینی پاشەرۆک لەسەر شەرەفنامە، چەندان مێژوو و جوگرافیای میرنشینی ئەردەڵان نوسیوە"(بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان، ٢٠٠٥: ١٧) لەناو ئەم کارە مێژووییانەشدا مێژونوسێک سەریهەڵداوە، کە پێشتر وێنەی نەبووە، ئەویش مێژوونوسێکی ژن بووە و بە پاڵپشتی بنەماڵەو خێزانەکەی و کەشی لەباری میرنشینەکە، مێژووی ئەردەڵانی نوسیوە، بۆیە"مەستورە بەنوسینی مێژووی ئەردەڵان، بە یەکەم ژن دەژمێردرێ، کەلەسەر ڕێبازی میر شەرەفەددین ڕۆیشتووە"( بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان: ١٧) ئەم ڕۆڵەی مەستورە وەک ژن لەو سەردەمانەی کە ژن بەتەواوی لە ژێر باری داب و نەریت و لایەنە کۆمەڵایەتییەکاندا خەفەکرابوو، ئەم کارانەی کردووە، ئەمەش ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆڵی میرنشین و هاوسەرو خێزانەکەی دەردەخات، لەوسەردەمەدا بە زمانی (کوردی، عەرەبی و فارسی) بەرهەمی هەبووە.

ئوگینا واسیل ئاوا وەرگێری (مێژووی ئەردەڵان) بۆ ڕوسی لە بارەی مەستورەدا دەڵێ"لە تیرەو هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، ئافرەتێکی دیکەی وەک مەستورە، کە هەم شاعیرێکی بەتواناو مێژوونوسێکی لێهاتووبووە، وێنەی نەبووە، بەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ژنی ڕۆشنبیری وەک مەستورەی بەخۆوە نەدیووە)( قەرەداغی،دیوانی مەستوورە،٢٠٠١: ١١) ئەم بۆچوونەش ڕۆڵ و پێگەی مەستوورەی ئەردەڵان دەردەخات کە لەو تەمەنە کەمەیدا پێشکەشی کردووە.

ئەوەی ئەم کارەی گرنگ و بە بایەخ کردووە، ئەوەیە کە تا ئەو سەردەمە، لەلایەک کاری لەم شێوەیە نەکرابوو، لەلایەکی ترەوە مێژوو لە قاڵبی گێڕانەوە دەرنەچووبوو، بەڵام لەم سەردەمەدا مێژوو بووبە زانست و نوسین و کارکردن لەسەر بەڵگەو ڕووداوەکان، جگەلەمەش یەکێکی تر لە هۆکارەکان، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە مەستورە دەڵێت"هەر لەسەرەتای خوێندەواری خۆمدا کتێبی مێژووییم زۆر دەخوێندەوەو هۆگری بابەتە مێژووییەکان بووم"( بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان : ١٨)

سەبارەت بە وردی و باسکردن لەڕووداوەکان، ماجدی مەردۆخ ڕۆحانی دەڵێت"خەسرەوخانی گەورە لە ساڵی (١١٧٠) بۆتە حاکمی کوردستان، لەولاشەوە کە دەزانین محمد ئاغا ساڵی (١٢٥٠)عەمرەی خوای کردووە، ئەمەشمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەوری نەوەد ساڵ ژیاوە، کەسێ لە مێژووەکەی مەستورە وردبێتەوە، دەبینێ کە ئەو کتێبە وردبینییەکی زۆری لە ڕووداوەکانی شەست حەفتا ساڵی پێشتر لە ژیانی نوسەرەکەدا هەیە، بێ شک هۆکاری سەرەکی ئەم تایبەتییە محمدئاغایە"( بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان :٢٤) کەواتە میرکانی ئەردەڵان بە گشتی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەوە ڕۆڵیان لە هاندان و ڕۆشنبیرکردندا هەبووەو بەرهەمەکەشی ئەم شاکارانەیە، کە بوونەتە بارستایی ئەدەب و مێژووی کوردی.

جگەلەمەش میرنشینی ئەردەڵان دووەمین میرنشینی کوردە، کە دەکەوێتە دوای میرنشینی بەتلیس و مێژووی فەرمانڕەوای خۆی بە ڕێکوپێکی تۆمارکردبێ، ئەگەر بیرەوەرییەکانی (مەئموون بەگی کوری بێگە بەگ) وەک لە مێژووی فەرماڕەوایانی ئەردەڵان، بەیەکەمین سەرچاوەی مێژوویی وەربگرین، کە ساڵی (٩٨٥-١٥٧٧ز)، واتە (٢٠) ساڵ پێش تەواوکردنی شەرەفنامە – ١٥٩٦) نوسیبێتی، ئەوا میرنشینی ئەردەڵان دەبێتە یەکەمین میرنشینی کوردی کە مێژووەکەی لەلایەن مێژوونوسانی ئەردەڵانەوە سەرلەبەری نوسرابێتەوەو مەستورە شەشەمین کەسە کە مێژووی ئەردەڵانی نوسیوەتەوە، واتە لەدوای(مەئموون بەگ، شەرەفخان، مەلا محمد شریف، محمد ئیبراهیم ئەردەڵانی، خەسرەوبەگی ئەردەڵان) ( بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان : ٧٧)

جگە لەمانەش ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان (١٧٧٥-١٨٢٤ز) خەسرەوخانی ناکام (١٨٠٠-١٨٣٢) دەستیان بە نوسینەوەی مێژووی فەرمانڕەوای ئەردەڵان کردووە، هەروەها لە شاری سنە کە پایتەختی میرنشینەکەبوو، بە دەیان شوێنەوار هەن، کە سەردەمەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی ئەردەڵان، لەگەڵ ئەمەشدا لاسایی و کاریگەری سەفەوی و زەندی و قاجەرەکانی پێوە دیارە، بۆیە لە بواری ئەدەبیات و مێژوودا بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕەوتی ئەم سەردەمانەدا هەنگاویان ناوە، بۆ نموونە"لەبواری نوسیندا تەنیا لە نێوان ساڵانی (١٢١١ک م تا ١٣١٩ک م) شەش کتێبی بە نرخی مێژوویی بە ناوی (زوبدەتول تواریخ)، (لوبول تەواریخ)،(تاریخ ئەردەڵان)، (حەدیقەی ئەمانوڵلاهی) ،(حەدیقەی ناسری)، (توحفەی ناسری)دەنوسرێت، تا بزوتنەوەی مێژوونوسی سەردەمی قاجارەکان لە کوردستان دووبارە بەرهەم بێتەوە. کەمن ئەو تەقەلایە ناوئەنێم (بزوتنەوەی مێژوونوسی سنە" (بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان : ١١٦)، بەدەر لە کەسە نوسەرو مێژوونووسەکان(میرەکانی ئەردەڵان لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوە مێژوونوسانیان بە نوسینەوەی بنەماڵەی ئەردەڵان ڕاسپاردووە .( حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان بابان سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ٢٩:) جگەلەمەش پاراستنی چەندین دۆکۆمێنت و بەڵگەی بەبایەخ و نوسین لای ئەم میرنشینە، بووەتە خەم و بەرپرسیاریەتی ڕۆشنبری و ئەدەبی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دووەم ئەدەب:

لەسەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا ئەدەب و کاری نوسین، گرنگی زۆری پێدراوە، لەلایەک لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی رۆشنبیرو ئەدەب دۆست، لەلایەکی ترەوە بەخشینی سیمایەکی رۆشنبیری بە میرنشینییەکە، بۆیە هەم لەناو دەسەڵات، هەم لەو شوێنانەی کە وەک شوێنی خوێندن و زانست بەکارهاتوون، ئەدەب یەکێک بووە لەبابەتەکانی پێگەیاندن.

ئاشکرایە کە مەستورە نەیویستووە شوو بە خەسرەوخان بکات، لەم بارەوە میرزا عەلی ئەکبەر، مونشی دەڵێت"مەستورە لە هەموو بارێکەوە خۆی وەک پیاو دەزانی، نەیدەویست ئەو مێردکردنە قبوڵ بکات و تا ئەوەی خوالێخۆشبوو خەسرەوخان بە بیانوی جۆربەجۆر باپیری بەرێزو باوکی هێژای مەستورەی خستە بەندەوە، بێجگە لەمەش پەنجاهەزار تمەنیانی لێیان وەرگرت، بەڵام مەرجی رزگاربوونیان لە بەندیخانە بەوەدانا کە ئەوکیژەی بۆ مارە بکەن"( بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان :١٩).

ئەگەر هاوسەرگیرییەک بەم مەرامەوە گرێدرابێت، ئەی ئەوە چ هۆکارێک بوو وای لە مەستورە کرد، کە بە هێزترین شین بۆ هاوسەری بە شیعر بنوسێت، لە مێژووی شیعری شینی هاوسەردا، کەواتە دوای هاوسەرگیری و ناسینی خەسرەو وەک کەسێکی رۆشنبیرو شاعیر و رەخساندنی گەشەی ئەدەبی و شیعریی، ئەو مەبەست و نیازە خراپەی گۆڕی بۆ ناسین و بەقەدری مەستورە، بۆیە لە ناو کۆشک و دەسەڵاتدا کەشی ئەدەبی و کتێبخانە رۆڵێکی گرنگیان پێداوەو بە هۆشییەوە مەستورە، بە پشتیوانی هاوسەرەکەی توانیویەتی هەم شیعری باش بنوسێت، هەم لە بوارەکانی تریشدا رۆڵی هەبێت، چونکە(خەسرەوی والی کە هاوسەری مەستورە بووە شیعری نوسیوەو نازناوی (ناکام)بووە)( ببادیە، استاد ملا محی الدین ساڵحی، ١٣٨٠)، بەمانایەکی تر ئەگەر میرانی ئەردەڵان رۆشنبیر نەبوونایە، ئەوا کەسێکی رۆشنبیری وەک خەسرەوخانی لێهەڵنەدەکەوت، بۆیە کۆڕو کۆبوونەوەو شیعرو وتارو...تاد سیمایەکی دیاری میرنشینییەکەبووە.

لەبواری ئەدەبی دا  مەستورەی ئەردەڵانی کتێبێکی تایبەت کردووە بە نوسەرانی کورد کە ناوی ناوە (مجمع الادبا) (بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان :٢٥) ئەمەش ئەوە دەردەخات کاری ئەدەبیات و نوسین یەکێک بووە لە کارەکانی میرنشین، بەو پێیەی ئەم هەموو نوسەرو شاعیرەی تێداهەڵکەوتون، لەلایەک میرنشین پاڵنەربوو، لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی ئەمانەش مزگەوت و ژینگە رۆشنبیرییەکە بووە.

محمد عەلی قەرەداغی دەڵێت"مەستورە زۆرێک غەزەلی ناسک و رەوانی لێ ماوەتەوە، هەندێک لە شیعرەکانی بۆ مێردەکەی (خەسرەوخانی والی)گوتووە، کە ئەویش شاعیربووەو شیعریان گۆڕیوەتەوە" (قەرەداغی،دیوانی مەستوورە،٢٠٠١: ٩)، هەروەها رۆخانی دەڵێت(مەستورە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

زۆرێک غەزەلی ناسک و ڕەوانی لێ ماوەتەوە هەندێک لە شیعرەکانی بۆ هاوسەرەکەی (خەسرەوخانی والی) گوتووە، کە ئەویش شاعیربووەو شیعریان گۆڕیوەتەوە)( ڕۆخانی، مێژووی ناودارانی کورد، ٢٠١١: ٣٦٣) "ژیانی مەستورە لەسەردەمی گەشەو ناوبانگی میرەکییە کوردییە فیودالەکانی ئەودەمە بووە. کە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ گەشەی ئەواندا گەش بوو، لەگەڵ هەرەسی ئەوانیشدا بوکایەوە" (بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان : ٣٥). ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە حەرەمی دەسەڵاتدا، شیعرو ئەدەبیات بایەخی زۆری پێدراو لەو ڕێگەیەوە شاعیرو ڕۆشنبیریان پێگەیاندوە، ئەم کلتورەش لای گەلانی ئێران هەبووە، بۆ نموونە لەسەردەمی (فەتحعلی شای قاجار)دەیان شاعیری ژن لە حەرەمیدا کۆڕیان بەستووە، لەمەش گرنگتر هەر سێ ژنەکەی (تادس خان، دڵشاد خان، کانی باجی) شاعیری دەرباری شاپورن، ئەمە جگە لە چەند شاعیرێکی تر، بۆیە ڕۆڵی ژن و شاعیر لە میرنشینی ئەردەڵاندا، لە ژێر کاریگەری و نزیکی ئەم سەردەمانەدا، شیعرو ئەدەبیات گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوەو ئەستێرەی درەوشاوەش مەستورەی ئەردەڵانییە، یاخود (ئەمانوڵلاخانی) ئەردەڵان (١٨٢٥) بە چاوێکی وردبین تەماشای زانست و ئەدەبی دەکرد، بارەگای والی جێگەی شاعیرو نوسەرو زانایان بوو) (خەزنەردار،ب٤، ٢٠٠١: ١٢)، یان لەسەردەمی (خەسرەوخانی کوڕی ئەمانوڵلا )ی ئەردەڵان بوو بە نێوەندێکی گرنگ و گەورەی شیعرو ئەدەب، والی خۆی شاعیرێکی ناسراوبوو. (خەزنەردار،ب٤، ٢٠٠١: ١٢)

محمد عەلی قەرەداغی دەڵێت" خاتوو مەستورە وەک لە دەستنوسەکانیدا دەردەکەوێ، هەموو شێوە خەتێکی زۆر جوان نوسیوەو دیارە لەم بوارەشدا دەستێکی باڵای هەبووە"(قەرەداغی،دیوانی مەستوورە، ٢٠٠١: ٩)، کەواتە مەستورە جگە لەئەدەب و مێژوونوسین، خەتخۆش و جواننوسی سەردەمی خۆی بووە، جگەلەمەش لەناو بنەماڵەکەیدا شاعیرو نوسەری تر هەبوون، بۆنموونە میرزا فەتحوڵلای خورەم وەزیری کە مامی دایکی مەستورە بووەو سەرداری خەسرەوخانی گەورەبووە، بەڵام پاڵی داوەتە لوتفعەلی خانی زەندەوە، دواتر دەکەوێتە چنگی ئاغا محمد خان و چاوی هەڵدەکۆڵێ، بۆیە ڕووداوەکاتە شیعر نوسین و شاعیرێکی زۆرباشی لێ دەرچووە بە تایبەتی)( بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان:٢٥)جگەلەمیش میرزا عبدالباقی(شیدا) پورزای بابی مەستورە، شاعیرێکی باشبووەو لە سەردەمی خۆیدا، کەسی بە شاعیر نەزانییوە.( بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان :٢٥)

**سێیەم: ئاین:**

لەبەرئەوەی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی فێرکردن لە مێژووی کورددا، بریتی بووە لە خوێندن لە مزگەوت و بنکە ئاینییەکان، بۆیە مزگەوت ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پێگەیاندن و فێرکردن و پاراستنی دەقەکان، جگەلەمەش میری میرنشینەکان، لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی میرنشینەکان، گرنگی و بایەخیان پێداوە، بۆیە لە کۆی میرنشینە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردییەکاندا گرنگیدان بە مزگەوت و تەریقەتەکان خاڵێکی دیار بووە، چونکە ئاین و ئاینداری باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا، لەسەردەمی میرنشینی ئەردەڵانیشدا، چەندین مزگەوتی گەورەو جیاواز کرانەوەو کران بە قۆناغی جیاوازی خوێندن، بەوەی لە فەقێیایەتیەوە بۆ بوون بە ئیمام و وتاربێژ، لەم سۆنگەوە(مزگەوتی داروئحسان کە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری، هەروەها کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە )(باقی، ٢٠٠٢، ٣٢) مزگەوتی دارولئیحسان لەسنە یەکێک بووە لە بنکە سەرەکی و گەورەکانی خوێندن و وەک ئاست لە ئاستی زانکۆدا بووە بۆ بڕینی ئاستی خوێندن، چونکە بڕوانامەی بە زانابوون داوە بە دەرچووەکانیان، مەردۆخی دەڵێت"(مزگەوتی دار ئەلئحسان بە مزگەوتی جامیع (گەورە) ناسراوە، چەند گوندی ئاخلچیان و چەند باخێکی لەسەر وەقفکراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بژێوی فەقێکان و مامۆستایان و مجەوری مزگەوتەکە کراوە، بەڵام ئەو داهاتە بۆ خۆشگوزەرانی کەسانی دیکە بەکاردێت.( مەردۆخ ، مێژووی کوردو کوردستان،٢٠١١ : ٢٨٨) هەروەها دەڵێت" لە شارو گوندەکانی دەوروبەرو قەزاکانی سەر بە سنە زیاتر لە هەزار شێخ و مزگەوتمان هەیە، ژمارەی مزگەوتەکانی شار بریتین لە (٥٢) مزگەوت) ( مەردۆخ،مێژووی کوردو کوردستان،، ٢٠١١: ٢٨٧)جگەلەمەش مەستورەی ئەردەڵانی لە کتێبی (عەقاید)ی وەک(ڕۆشنبیرێکی عارف شێوە ئیسلام ناسێکی خاوەن بیروباوەڕبوو، (بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان :٢١) بڕوام وایە پەروین ئیعتسامی شاعیری دیاری فارسی کە پلەو پایەیەکی لە میژووی ئەدەبی ئێراندا بۆ دانراوە، هەمان ڕێگەو کاری مەستورەی ئەردەڵانی ئەنجامداوە .

مەستورە کتێبێکی بەناوی(شەرعیات)یان(رسالەی شەرعییە)نوسیووەو یەکێکە لەو کتێبانەی کە دەخرێتە بواری زانستی ئیسلامی لە کوردستاندا)( بیر ئانینی مەستورەی ئەردەڵان:٤٣)، کتێبی(شرعیات)ی مەستورە لە ساڵانی (١٢٥٥-١٢٦٢) نوسراوە، مەستورە دەڵێت"لە ڕۆژێکدا کە گلۆڵەی بەختم لە بێ وەفایی دەوران کەوتبووە لێژی، کۆشکی بەختم بەدەستی گەردوونی نا لەبار رووخابوو" (بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان:٤٨) ، هەموو ئەمانەش هۆکارەکەی رەخساندنی کەشی رۆشنبیری بووە لەلایەن میرانی میرنشینەوە،بۆیە بە هۆی بایەخدانی میرنشین بە بواری ئاین و زانا ئاینییەکان کەسێکی وەک (شێخ عبدالقادری مهاجر) یەکێک بووە لە زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی لە ساڵی (١٢٣٩) دەستی بە وانە وتنەوە کردووە لە مزگەوتی(دارو ئەلئحسان)، بەڵام لە ساڵی ١٢٧٠ بە هۆی هاتنی فیتنە سنە جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە سلێمانی و ساڵی (١٣٠٥)، کۆچی دوایی دەکات.( بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان:٤٦)،_مزگەوتی والی یەکێکی ترە لەو مزگەوتانەی سنە و بە (دار ئەلئەمان) ناسراوە، والی (١٢٦٨) لە لایەن ئەمانوڵلاخان بنیادنراوە، هەروەها چەندین مزگەوتی تر وەک (هاجەرە خاتوون)، هەموو ئەمانەش بەپێی ئاست و پێگەی خۆیان رۆڵیان هەبووە.

جگەلەمەش لەمەسەلە ئاین و ئایندارییشدا، تەریقەتی نەقشبەندی ڕۆڵێکی دیارو کاریگەریان هەبوو لە پێگەیاندنی فەقێ و زانای ئاینی لەم سەردەمەدا و سەردەمی دواتریشدا، بەشێوازێک زۆر کەس و مەلاو زانان و نوسەرو شاعیریان پێگەیەندوە.

**چوارەم قوتابخانە:**

قوتابخانەش ئەگەرچی هەندێک درەنگ سەریهەڵدابێت، بەڵام شانبەشانی مزگەوتەکان رۆڵی خۆیان گێڕاوە، بۆ نموونە لە شاری سنە و دەوروبەری نزیکەی (٢٠ بیست) قوتابخانە بوونی هەبووە، هەروەها(بارودۆخی مەعریفەو ئەساسی مەعریفی کوردستان تارادەیەک سەرنجڕاکێشە، چونکە کەسانی چینی یەکەم، کەلە شوێنێکی کۆمەڵگەدان و دەسەڵاتی کوردستان لە دەستی ئەواندایە، نە خوێندەوارو هیچ بەهرەیەکی زانستی و ئەدەبیان نییە، ئەم چینە دژی مەعریفەو پێشکەوتنن و ناخوازن کوڕەکانی کۆمەڵگە پێش خۆیان بکەونەوە، لەبەرئەمە زانست بە دژی دین و ئیسلامیەت دەناسێنێت و بە چەندین بیانوی جۆراوجۆر لەمپەر لە ڕێگەی خوێندن و پێشکەوتن دروست دەکەن.) (مەردۆخی، مێژووی کوردو کوردستان،٢٠١١ : ٢٩٤) ئەگەرچی لەپێناو مانەوە لەدەسەڵات و دروستنەبوونی کەست بەتوانا ڕێگری کرابێت، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا توانیویانە چەندین کەسی بەتاوانا دروستبکەن، تەنانەت لە خودی میرنشێنەکانیشدا رۆڵیان هەبووە.

**دووەم: ڕۆڵی میرنشینی بابان لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردیدا**

میرنشینی بابان لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، هەوڵیانداوە بنەمایەک بۆ زانست و رۆشنبیری بونیادبنێت، چونکە بە پێگەی میرنشین و دەسەڵاتیان داناوە، هەربۆیە هەمیشە ڕێزیان لە مەلاو زاناکان گرتووەو لەهەر شوێنێک بەڕادەی پێویست ئاوەدانی لێبووبێت، مزگەوت و حوجرەیان کردووەتەوەو موچەو هاوکاری بۆ دابینکردون و کتێبخانەیان بۆ کردوونەتەوە، دەرئەنجامی ئەم هەنگاوەش چەندین مەلاو زانای رۆشنبیری وەك مەلا حەیدەری مۆکەبەیی، مەلا محەمەدی ئیبن الحاج هەزارمێردی، مەلا عەبدولای بێ تووشی، شێخ حسێنی گڵەزەردەی، شێخ مارفی نودێ، شێخ عەبدولای خەرپانی، موفتی زەهاوی، مەلا خدری نالی، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی ..تاد پێگەیشتوون و رۆڵیان لە بوارە جیاوازەکاندا هەبووە.

میرنشینی بابان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بەهەمان شێوەی میرنشینی ئەردەڵان هەوڵیداوە، پێگەی خوێندن و رۆشنبیری بەهێزبکات، لەڕێگەی کردنەوەی مزگەوتەکان و گرتنە ئەستۆی خەرجی و بەرپرسیاریەتییەکان، بۆ نموونە د.مارف خەزنەدار دەڵێت"لە سەدەی شازدەو پاش دابەشکردنی کوردستان لە (جەنگی چاڵدێران ١٥١٤) بیری ڕزگاری نەتەوایەتی بە شێوەیەکی تازە چرۆی دەکرد، مەبەستمان لەسەر کوردایەتییە لە ناوەوە، واتە هەوڵی مەلا کوردەکان، بۆ بەکوردی کردنی زانستە ئیسلامییەکان، ئەگینا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەوڵ و کۆششی دەرەوەش لە ناوەوەیە، بۆیە کوردی نوسین وەکو ئەو بزوتنەوە ڕۆشنبیریەی کە ژاپا لە ئەرزەڕوم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە سەرۆکایەتی دەکرد"( خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی ١،٦٧:٢٠٠١)

جگەلەمەش هەر لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە میرنشینی بابان توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ لەرووی رۆشنبیری و دەسەلات و....تاد ببینێت، یەکێک لە هۆکارەکانی سلێمان پاشای گەورەی قەلاچۆلان لەخواترس بووەو گرنگییەکی زۆری بە مزگەوت و خویندن داوە، لەسەردەمی مەحمود پاشاوە تاوەکو سالی (١٨٣٤) زمان و ئەدەبی کوردی زۆر پەرەیسەندووە، ئەم ئەزموونەش لەگەڵ گەورەبوونی میرنشینەکەو گواستنەوەی بۆ سلێمانی فراوانتربوو، بۆیە(شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستبوونیدا گەلێک شت پێکهات، شار لەسەر بناغەی زانین و شارستیانیەتی دروستکرا، بەچەشنێک کە لە شاری تازە پێشکەوتوو بچێت و هونەری ئەرخیتێکچەری ئەو سەردەمەی رۆژهەلاتی تیادا بەکارهێنرا)( رەسوڵ، سەرنجێ لە زمان و ئەدەبی یەکگرتوو،١٩٧١: ٢٦)ئەم هەنگاوەش لەپێناو بەخشینی سیمایەکی شارستانیەت بە سلێمانی، دوابەدوای ئەمەش مەسەلەی خوێندن و رۆشنبیری کارێکی سەرەکی و پێویستە بگیرێتەبەر، لەم بارەوە د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت( لەرووی زانست و خوێنەوارییشەوە هەر لەسەرەتاوە چەند مزگەوت دروست کراو مزگەوتی گەورە بوو بە مەڵبەندی خوێندن و بەسەرپەرشتی پاشای بابان و لە پارەی میرنشینی رێ و شوێن بۆ گوزەرانی سەدان فەقێ دانرا، کە لە هەموو کونجێکی کوردستانەوە دەهاتن)( رەسوڵ، سەرنجێ لە زمان و ئەدەبی یەکگرتوو ، ١٩٧١،:٣٠)

هەروەها د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت(فەقێی زانستخوازو زیرەک بۆ خوێندن، مەلای لێهاتوو و هەڵکەوتوو بۆ دەرس وتنەوە روویان کردە ئەم مەڵبەندە، دیسان ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو مەلا گەورانە لە کوێوە هاتوون و بۆچ؟ چۆن هەندێکیان لەسلێمانیدا پێگەیشتن و بەناو هەموو ولاتانی ئیسلامیدا ناوبانگیان بلاو بووەوە، هەر لەم بارەیەوە کێشەی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بەشقلێکی پێشکەوتنی شار دەزانرێ) (رەسوڵ، سەرنجێ لە زمان و ئەدەبی یەکگرتوو ،١٩٧١ :٣٠)، کەواتە مزگەوتەکان و خوێندن لەم شوێنانە و هەوڵدان بۆ هێنانی مامۆستاو کەسی بەتوانا، یەکێک بوو لە هەوڵەکان بۆ گەشەسەندنی رۆشنبیری و خوێندەواری، لەم بارەوە د. عیزەدین مستەفا دەڵێت(گەر شێخی نۆدێ لەدەوری باباندا بەیەکێ لە کۆڵەکەکانی زانست بزانرێ، ئەوا کاک ئەحمەدیش لەم دەورەدا بەوەی تەریقەت و زانینی لەیەکدا، وایکرد کە ئەم مەشخەڵە نەکوژێتەوە، تەنانەت بەڵگە زۆرە کە پاش روخانی بابانیش هەر بە کوردی دەرسی دەوتەوە) (رەسوڵ، سەرنجێ لە زمان و ئەدەبی یەکگرتوو ،١٩٧١ :٣٥)، چونکە هەم لە قەلاچۆلان رۆڵی هەبوو لە بواری ئاینی و زانستیدا، هەم لەگەڵ گواستنەوەو دروستکردنی مزگەوتی گەورەدا رۆڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەبوو، چونکە برایم پاشا لەگەڵ خۆی هێنای بۆ شاری سلێمانی و کردی بە مامۆستای مزگەوتی گەورە.

جگەلەمەش بەدەر لە مامۆستا، هەوڵیانداوە سەرچاوەی بەنرخ و پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەستەبەربکەن، هەربۆیە (میرەکانی بابان پیاوی خەت خۆشیان دەنارد بۆ هەر شوێنێک، کە بیانبیستایە کتێب، یاخود دەسخەتێکی بەنرخی لێیە، خەرجی ئەوکەسە و هاتوچۆیان دەدا، کە جاری وا بووە ساڵێکیان پێچووە هەتا دەهاتنەوە،چونکە ئەوسا چاپخانە نەبووەو هاتوچۆش بەپێ یان ئاژەڵ بووە، دەچوون بۆ تاران و بەغداو قاهیرەو سەنعاو شام، تابوونە خاوەن گەورەترین کتێبخانە لەکوردستاندا، لەگەڵ دروستکردنی سلێمانیدا هەمووی هێنرایە مزگەوتی گەورەو شێخ مارفی نۆدێیان کردە مامۆستا و سەرپەرشتی کتێبخانە، تا وای لێهات هەموو خەڵکی دەهاتن بۆ فێربوون)( میرنشینی بابان (zaniary.com)

لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم میرنشینەدا، زمان و ئەدەبی کوردی زۆر پەرەیسەند، لەلایەک نوسین و خوێندەواری زۆر بوو، لەلایەکی تریشەوە نوسەرو شاعیر هەڵکەوتن، بۆیە دەرئەنجامی ئەم هەوڵدان و پەرەسەندنەش قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بە کرمانجی خوارو بەرابەرایەتی نالی و سالم و کوردی هاتەئاراوەو دواتریش شاعیرانی لوتکەی وەک مەحوی هاتنەئاراوە، لەم روانگەشەوە نوسین و ئەدەبیات لە دیالێکتی گۆرانەوە گۆڕراوەو کرمانجی خواروو بوو بە زمانی ئەدەب و نوسین و زۆر لە شاعیرانی تریش هەر لەسە ئەو ڕێچکەیە ڕۆیشتن و پەیڕەوییان کرد و پەرەیان بەو زمانە ئەدەبییە دا، بەشێوازێک تاوەکو ئەمڕۆ ئەو بنەما پتەوەی ئەم کەسانە دایاننـاوە، هەر لە گەشەو بەرەوپێشچووندایە،بۆیە بەگشتی ئەو فێرخوازانەی ڕۆڵیان هەبوو لەبەرەوپێشچوونی رۆشنبیری لەم سەردەمەدا، بەهۆی:

١) بواری ئەدەبی:

ئەگەرچی ئەوەی وەک مێژوو لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە دەخرێتەروو، دواجار دەرئەنجامی خوێندن بووە لەمزگەوتەکان و لەم ڕێگەیەوە هانگاویان بۆ نوسین و شیعر ناوە، بۆنموونە لە کۆتایی سەدەی شازدە و لەساڵی(١٥٩١) عەلی تەرەماخی زانستی سەرفی عەرەبی بە کوردی نوسیوەتەوە، جگە لەمەش (شێخ مارفی نۆدێ) (١٧٥٣-١٨٣٨)بۆ مەبەستی فێرکردنی زمانی عەرەبی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی بە قسەی کێش و قافیەدار دانا بۆ ئەحمەدی کوڕی (کاک ئەحمەدی شێخ ١٧٩٢-١٨٨٧) فێری عەرەبی ببێ، لە پاشاندا چووە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی ئاینی لە هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستان، جگە لە میش ( ( مەلا یونسی هەڵکەتەینی) کەلەساڵی(١٧٨٥) مردووە، سێ نامەی لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زانستی صەرفدا، بە کوردی نوسیوە ( تصریف، ظرف، ترکیب) (خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی ١: ٦٩)

لەگەڵ بەسلێمانی هەر لە سەرەتاوە پێگەیەکی گەورەیش خوێندەواری دروستکرد، ئەگەرچی لە سەردەمی میرنشینی بابان چەندین مزگەوت و حوجرە و خانەقای تێدابووە کە مامۆستایانی گەورەی وەك (شێخ مارفی نۆدێی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ عومەر قەراغی) لەو مزگەوت و حوجرانە گەورەبوون و دواتر بوونەتە مامۆستا بۆ نەوەکانی دوای خۆیان، هەم ڕێچکەو بنەمای شیعرو ئەدەبیاتیان بونیادناو زاری دیالێکتی کرمانجی خواروویان کردە زاری نوسین و ئەدەبیات، لەناو ئەم کەسایەتیانەشدا کە ئەنجامی ئەم پرۆسەی فێربوون و ڕۆشنبیریکردنی میرنشینی بابان بریتین لە کەسانی وەک نالی، سالم، کوردی و بە شیعرەکانیان مێژوویەکی گەورەی ئەدەبیاتیان تۆمارکردوە، بەڵام پێش ئەمەش مزگەوتی لێبووەو بە پێی پێگەی خۆی ڕۆڵی هەبووە.

جگەلەمەش مەولانا خالید یەکێکە لەو ئەستێرە هەرە گەشانەی کە لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا هەتاهەتایە دەدرەوشێتەوەو بەبێ شک بەرزترین هۆنەری کوردی سەدەی خۆیەتی، بەڵام لەبەرئەوەی هۆنراوە کوردییەکانی بەتەواوی کۆنەکراوەتەوە، لەبەرئەوەیە کەمتر لە وێژەی کوردیدا ناسراوەو کەمتر باسی لێوەکراوە)، جگەلەمەش گەلێک هۆنراوەی بە زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی نوسیوە.( بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، ٢٠٠٨: ٥٥٤) لەم بارەشەوە (د. مارف خەزنەدار)دەڵێت(شێخ خالید دەستی شیعری هەبوو، نازناوی شیعری (نووری) بوو، شیعری فارسی زۆربوو، لە پلەیەکی بەرزدابوو، بەڵام شیعری کوردی (دیالێکتی گۆرانی زۆر کەم بوو) (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی ،ب٣: ٢٦)

بەدەر لەوەی مزگەوت و مەلاکان کاریان لەسەر ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی خەڵکی کردووە ( بابانییەکان زمانی کوردییان کردبووە زمانی میرنشین و خوێندن لە پاڵ زمانەکانی تری وەک فارسی و عەرەبی، بەوپێیەی زمانی زانست و مەعریفەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیان بە زمانی تورکی نەداوە)( عبدالصمد، کوردستان العثمانیه فی النصف الاول من القرن التاسع العشر، ٢٠٠٠: ٤٨)، کەواتە ئەوەی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەهێزبوونی زمانی کوردی و گەشەکردنی بیری و کلتوری میرنشینەکان بوون، چونکە د. مارف دەڵێت(بەم جۆرە دەبینین قوتابخانەی ئاینی دورەپەرێز وەستاوە لە زمانی کوردی و کلتوری کورد، بەڵام ئەوەندە هەبوو، دڵسۆزی و هەستی بەشێک لەو خوێندەوارانەی کەلەم قوتابخانە ئاینییە دەرچوون، ئاوڕیان لە زمانی کوردی و خوێندەواری نەتەوەکەیان داوەتەوەو نوسینیان کردووە بەکوردی)(خەزنەدار، بەرگی١ ،٢٠٠١: ٦٩)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک

لە میرەکان و دەسەڵاتدارەکان، هەوڵیانداوە منداڵەکانیان خوێنەوارو ڕۆشنبیربن، لەم بارەوە د.مارف دەڵێت"گەلێ لە بنەماڵە کاربەدەست و دەوڵەمەندەکانی کورد مامۆستاو میرزای تایبەتیان بۆ فێرکردنی منداڵیان ڕادەگرت، زۆرجار هەر ئەم مامۆستاو میرزایە دەوری نوسەر، یا سکرتێری دەبینی لەلای ئەو کاربەدەستەگەورەیە، ماڵ و دیوەخان و کۆشک و سەرای ماڵەگەورەکان هەمیشە ئەمجۆرە خوێنەوارانەیان لێ بوو، وەکو سەراو دیوەخانی والیانی ئەردەڵان و هی تریش"(خەزنەدار،بەرگی١ ،٢٠٠١: ٧٠)

لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکەکەی لەگەڵ ئەوەدابوو کە فێری خوێندن و خوێندەواری ببێت و لایەنی ڕۆشنبیری بەرەوپێش ببات، هەربۆیە(د.مارف خەزنەدار)دەڵێت"شاری سلێمانی یەکێکە لەو ئاوەدانیانەی کوردستان، خەڵکەکەی بە هەوەس و چاو بەبزەو پێکەنینن، حەز بە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقاو ڕابواردن دەکەن، گەلێ ئاوازی شیرین و گۆرانی میللی سەرزاری کوردەواری لەوێ سەریهەڵداوە، قسەی نەستەقێک لە ناو کۆمەڵی کورددا هەیە دەڵێ: (گۆرانی لە سابلاغ (مهاباد)لە دایک دەبێ و لە سلێمانی پێدەگا). پاشاکانی بابان بایەخێکی زۆریان بە گۆرانی و مۆسیقا دەدا و بە چاوێکی گرنگ تەماشایان دەکرد، لە دیوەخانی خۆیاندا کۆڕی مۆسیقا و گۆرانیان دەبەست)(خەزنەدار،ب٣، ٢٠٠١: ١٩)لە ئاهەنگەکانیشدا بەشدار دەبوون (ڕیچ)لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەوگۆرانیانەی لەو ئاهەنگەدا بیستومەو وشەو ئاوازی هەموویان وێنەی غەم و نالەباری و جگەرسوتان بوون) (خەزنەدار،ب٣، ٢٠٠١: ١٩).

لەراستیدا جگە لەئەدەب و نوسین لەسەردەمی بەشاربوونی سلێمانی، بەشێوەو جۆری جیاواز کار لەسەر لایەنەکانی تر کراوە، لەم بارەوە (د. مارف خەزنەدار)دەڵێ: (هونەری شانۆگەری لە سلێمانی بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ناوەوە بوو، لە بەهاراندا هەر سنفێک لە سنفەکانی بازاڕ سەردانی دەرەوەی شاریان دەکرد، یاسایەکیان هەبوو، یەکێک دەبوو بە پاشا جلی پاشایان لەبەر دەکرد، وەزیرو کاربەدەستیان بۆ دادەنا ....)(خەزنەدار،ب٣، ٢٠٠١: ١٩) جگەلەمەش تەنها گرنگی و بایەخیان بەمانە نەداوە، بەڵکو لەبارەی بایەخدان بەدەستنوس: (خەزنەدار)دەڵێت: (هونەری دەرهێنانی دەسنووس لە ناوچەی سلێمانی لە کن فەقێ و مەلاکان پێشکەوتوبوو، ئەمە جگە لە دەسنووسی تۆماری زانستەکانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامی، بەڵکو دەرهێنانی هونەری دەسنووسە، لەو کتێبانەی ناوەڕۆکەکانیان چەند پەراوێزێکیان هەیە، هەر پەراوێزەی بریتییە لە کتێبێکی سەربەخۆ) (خەزنەدار،ب٣، ٢٠٠١ :١٩)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر، بەشێکی سەرەکی و گرنگ بوون و ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە تەواوی کایەکاندا، بۆیە لەپێناو گەیاندنی مەبەستەکان و گواستنەوەی ئەزموونەکان، ئەدەبی فۆلکلۆر یەکێک بووە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆکارەکانی پەروەردەو فێرکردن و بایەخی زۆری پێدراوە، لەم روانگەوە (د. مارف خەزنەدار)دەڵێ:(لە ناوچەی سلێمانی (بابان) و کەرکوک(گەرمیان)و هەموو ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان سنە(ئەردەڵان) سابڵاغ(مهاباد) و هەولێرو ڕواندز(سۆران)لە سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، ئەدەبێکی میللی سەرزاری دەوڵەمەند بە شیعرو پەخشان لە ناوەوە بوو. ناوچەی سلێمانی لەو ڕۆژگارەدا لە هەموو لایەکەوە دیالێکتی گۆرانی دەورەی دابوو) (خەزنەدار،ب٣: ٣١)

یەکێکی تر لەو کەسایەتیانەی کە رۆڵی هەبووە لەئەدەب و رۆشنبیریکردندا بریتی بووە لە شێخ حسێنی قازی (١٧٩٥-١٨٦١) شاعیر، زانای ئاینی و نوسەری کوردی سەدەی هەژدە و نۆزدەیە خاوەنی چەندین کتێبی فارسی، عەرەبی و کوردییە، لەوانە (مەولوونامە)یەتی.

٢) ئاین:

بەوپێیەی گەلی کورد بەگشتی ئاینی ئیسلام بووەتە ناسنامەی ئاینی، بۆیە میرەکان بایەخی زۆریان پێداوە، جگەلەمەش وەک رێگەیەک بۆ فێربوون و پێگەیاندنی هاوولاتیان سەیریان کردووە، (د.مارف خەزنەدار)دەڵێت:(یەکەم مەڵبەندی خوێندەواری لە ناو نەتەوە موسڵمانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مزگەوت بوو، خوێندن بە شێوەیەکی گشتی بە زمانی عەرەبی بوو، لە کوردستان و ولاتانی ئیسلامدا مزگەوت وەک جێگەی عیبادەت بیناکرا، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندەوارانی پێدەگەیاند، مەرج نییە ئەوەی لە حوجرە بیخوێندایە دەبوو بە مەلا، بۆیە دەبینین هەر مەبەسی عیبادەت و خوێندنی زمانی عەرەبی و زانستییە ئیسلامییەکان بوو دەیبرد بۆ ئامانجێکی دیکە، ئەویش پێگەیاندنی کەسی خوێندەواری بوو)(خەزنەدار،بەرگی ٣: ١٨)

دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی هەر لە دروستکردنی شاری سلێمانییەوە لە سەردەمی بابانەکاندا لە حوجرەی فەقێ و مزگەوتەکانەوە دەستیان پێکرد و هاتن لەگەڵیدا تا سەردەمی عوسمانییەکان.( بابان،سلێمانی شارەگەشاوەکەم،٢٠١٢: ١٣٤)

دیارە مزگەوت وێڕای ئەوەی کە شوێنێکی ئاینی پیرۆز و شوێنی عیبادەت و خواپەرستی و زانستە، شوێنێکی گرنگی خزمەتگوزارییشە و لە گوندەکاندا بەتایبەتی ئەرکی دیوەخان و میوانخانە و شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بووەو لە شۆڕشی گەلەکەشماندا مزگەوت هەمیشە لانە و جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە، کوردیش وەک میللەتێکی موسوڵمان بایەخ و گرنگی داوە بە مزگەوت و هەمیشە لەگەڵ دروستکردنی دێهاتەکان و لە ئاوەدانکردنەوەیان دا مزگەوتیان دروستکردووە. بێجگە لە مزگەوت لە سلێمانی تەکیە و خانەقاش هەبووە، تەکیە بۆ قادرییەکان کە حاجی شێخ مارفی نۆدێ هێناویتیە ناوچەی سلێمانییەوە و لە بنچینەدا شێخ قادری گەیلانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دایمەزرانـدووە. خانەقـاش بـۆ نەقشـبەندیەکانە کە مەولانـا خالیـد هێنـای کە ئەویش لە مەولانا عەبدوڵلای دەهلی وەریگرتبوو.

لە سـاڵی (١٨٢٠) مسـتەر ریـچ کە هـاتووە بـۆ سـلێمانی دەڵێـت: (سـلێمانی پێـنج مزگەوتی تێدابووە، وەک(مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین،مزگەوتی (عەزیزئاغای مەسرەف) لە ناو بازاڕ (بابان،سلێمانی شارەگەشاوەکەم،٢٠١٢: ٤٤١)، بۆیە سلێمانی دوای دروستبوونی بووبە مەنزڵگاو مەڵبەنـدی دوو پیـاوی ئـاینی پیـرۆز، کە هەریەکەیش بـوون بە ڕابەری ڕێڕەوێکـی ئاینی (قادری و نەقشبەندی)( بابان،سلێمانی شارەگەشاوەکەم،٢٠١٢: ٤٧)

ئەم هەنگـاوەش دەرەوەی شـارو شـوێنە دوورەکانیشـی گرتـۆتەوە، وەک مەدرەسـەی دینی (شاە غازیە) ئەحمەد پاشا لە کەرکوک دروستی کرد، بەڵام جۆری خوێنـدن و ئاسـتی پێگەیاندنەکەیان جیاوازبوو، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە بووە، کە خزمەتکردنی مامۆستایانی ئاینی لەبەرچاوگیراوە.

( هەر میرێکـی بابـان هـاتبێ خزمەتـی مامۆسـتاو پیـاوی ئـاینی و زانایانی لە پێش هەمـوو شـتێکی دانـاوە، بـۆیە بەهـۆی خـزمەت و هانـدانەوە ئەو زانـا گەورانە لە نـاوچەی سـلێمانیدا هەڵیانـداوە)( بابان،سـلێمانی شارەگەشـاوەکەم،٢٠١٢: ١٠٥)لە ڕاستیشـدا پـاڵنەری ئـاینی زیـاتر زاڵبـووە بـۆ بەردەوامـی خوێنـدن و پێگەیانـدن، چـونکە بەپێـی فەرمـوودە هەرکەسێک ڕێگەی زانست بگرێتە بەر، خوا هەمووی بە خێرو چاکە بۆ دەنوسێ.

حاجی شێخ مارف و مەولانا خالید هاوچەرخی یەک بوون و کاتێک کە میستەر ریچ هاتووەتە سلێمانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەحمود پاشای باباندا، باسی ئەم دوو زاتە گەورەیە ئەکات. مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی لە نامیلکەیەکی بەنرخدا کە لە ساڵی ١٩٣٨ دەری کـردووە بەنـاوی (التعریـف بمسـالجد السـلیمانیە و مدارسـها الـدینیە) بـاس لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی ئەکات کە تا ئێستا ماون.

شـێخ مـارفی نـۆدی لە سـاڵانی (١٧٤٩ – ١٨٣١) لە سـەردەمی سـلێمان پاشـا ژیـاوە (صـابر، النـودهی وجهـوده النحـویە، ٢٠٠٠) یەکێـک بـووە لەو کەسـانەی کە بـێ گوێـدانە سـەختی ژیـان و بـارودۆخی نـاوچەکە لە مزگەتەکـان (حوجرەکان)دەسـتی بە خوێنـدن کردووەو بەسەرکەوتووی پلەکانی بڕیووە، هەرچەندە ئەم شوێنانە شوێنی فەرمی حکومی نەبـوون، بەو مانـایەی مۆڵەتیـان هەبووبێـت، بەڵام وانەکـان لە مـزگەوت و حوجرەکانـدا دەخوێنران (رشید، الشیخ معروف النودهی البرزنجی و رحلە العلمیە فی کوردستان، ، ٢٠٠١: ٥١٥) لە فێرخوازەکانی بریتین لە کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ موفتی زەهاوی، شێخ بابارسوڵ بەرزنجی، شێخ حسێن قازی) ئەمە جگە لە چەندین بەرهەم لە بواری ئـاینی و زمانەوانی و ئەدەبی، جگەلەمەش میرەکانی بابان (گرنگیان بە زانست و زاناکان داوەو پرس و ڕایان لە کاروباری میرنشیندا پێکردوون و لە کۆبونەوە زانستییەکاندا بەشداریان پێکراوەو ڕێزیان

لێ گیراوە، بەپێی ئاستی زانست و توانایان و هەندێک جاریش نێردراون بۆ دەرەوەی کوردستان، بەمەبەستی هێنانی سەرچاوەی زانستی دەگمەن، کە تائێستا لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی هەندێکیان پارێزراون، هەروەها خوێدنگەی تایبەتیان بۆ کردونەتەوە.)(د.کمال طاهر: ٥١٦)

مەولانا خالیدی نەقشبەندی یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە لەرێگەی خوێندنی مزگەوت و حوجرەکانەوە پێگەیشتووەو لە ئەنجامی ئەنجامدانی چەند گەشتێکی ئاینی بۆ سنە و تاران و پاشان هیندستان. لە وڵاتی شام پێگەو پایەی میری بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە، لەوانە،ئاینی و نزیکەی هەژدە پەڕاوی سەبارەت بە فقهی ئیسلامی ڕێ و ڕچەی ئیسلام بە زمانی عەرەبی و فارسی نوسیوە.( بۆرەکەیی ،مێژووی وێژەی کوردی، ٢٠٠٨: ٥٥٣)، لەم ڕوانگەوە مزگەوت و قوتابخانە، یاخود (مەدرەسە)ی مزگەوتەکان و ژووری فەقێ و مەلاکان بوون، بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا)(ئیجازە) پێدانی فەقێ بووە، کە خوێندنی تەواوکردووە لەسەر دەستی مامۆستاکانیاندا، مامۆستاکانیش هەبوون لە ئاڕادەی بە کالۆریۆسدا بوون، هەبوون لە ئاڕادەی ماستەرو دکتۆرا.(بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ٢٠١٢ :١٣٥)

لەراستیدا (ئامانج لە مزگەوت و حوجرە لە دوای بە ئیسلامبوونی کورد بۆ مەبەستی ئاینی بووە، بۆیە حوجرەی خوێندنی مزگەوتی کوردەواری دەیویست ئەم ئامانجانە بهێنێتە دی :

١- ئامادەکردنی مەلا بۆ پێش نوێژی و وتارخوێنی و ئامۆژگاری خەڵکی .

٢- پێگەیاندنی مەلای گەورەی وا، کە ناوبانگیان تەنیا لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو لە هەموو گێتی ئیسلام دەنگیاندایەوە.

لەبەشی دووەمی ئەم خوێندەوارانە ئەم کەسانە پەیدابوون .

١- بەشێکی کەم لەم خوێندەوارە گەورانە خوێندەواری خۆیان، کە مەلایانە بووە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاندووەو شیعرو نوسینیان بە زمانی کوردی هێناوەتە ناوەوە .

٢- بەشێکی کەمتریش لەمانە هەموو ژیانی خوێندەواریان بۆ زمان و ئەدەبی کوردی تەرخانکردبوو، پلەی زانستی ئاینیان لە لوتکەدابووەو لە ڕیزی خوێندەوارە هەرە گەورەکان بوون)( خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ٦٤)بەدەر لە مزگەوتەکان حوجرەکایش بەشێکی جیاوابوون لەناو مزگەتەکان و ئەمەیان تایبەتکردبوو بە فەقی، یان ئەوانەی خوێندویانە، نەک تەنها پەرستش، لەم بارەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێت(حوجرە لە مزگەوتدا هەم جێی ژیان، هەم وانە وتنەوە بووە، لە دەرەوەی مزگەوت وەک لە دوکان یان ژووری لاێک هەبووە، ئەمە قوتابخانەی ئاینی بووە، لە هەموو شارو گوندێک هەبووە)( خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکولینێن کوردی

٢٠٠١: ٦٤)یــاخود دەڵێت"(هەتــا منــداڵی مەلاو شــێخە گەورەکــان خۆشــیان دەنێــردرانە قوتابخـانەی مەلای تـر بـۆ خوێنـدن، پلەکـانی خوێنـدن لە قوتابخـانە ئاینیەکانـدا وەکـو لای خوارەوە بوو:

١- پلەی سەرەتایی: دەستی بە خوێنـدن دەکـردو قوتابیـان پـێ دەوت، فێـری ئەلـف بێـی عەرەبـی دەکران.

٢- پلەی سوختەیی: پلەی فێربوونی سەرەتاکانی دەستوری عەرەبییە، ئینجـا دەسـتی دەکـرد بە سەرەتاکانی فقهە.

٣- پلەی موستەعیدی : دەستی دەکرد بە فێربوونی زاراوەی زانستی قورس.

لەپـاش تەواوکـردن باوەڕنـامە (اجـازە)ی وەردەگـرت و دەبـوو بە مەلا.)( خەزنەدار، مێــژووی ئەدەبــی کــوردی، بەرگــی یەکەم، ٢٠٠١: ٦٦)، د. مــارف خەزنەداردەڵێت:((بەڕاســتی دەتوانین پایەی خوێنـدەواری لە هەر وڵاتێـک لەدەورانـی پێش سـەدەی بیسـتەم بە پێـی زۆری و کەمـی مـزگەوت بەراورد بکەیـن، هەروەک لە ئێسـتادا قوتابخـانە نیشـانەی خوێنـدەوارییە و پێشکەوتنی کۆمەڵێکی ئادەمیزاد بە ژمارەی قوتابخانە بەراورد دەکرێ)( خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ٣، ٢٠٠١: ١٨).

جگەلەمەش(مەلا ئەبوبەکر پاش ئەوەی لە سەفەرێکی دوورودرێژ لە وڵاتی میسر و شام و عەرەبستان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان لە قوتابخانەی (جامع سور) کە ئەمیـر حەمـزەی بابــانی دروســتی کردبــوو، خــۆی بە دەرس وتــنەوە خەریــک دەکــات و میرەکــانی بابــان عادەتێکیـان بووە لە زانایـانی ئـاینی ڕێزیـان دەگـرت، هەر لەو قوتابخانەیشدابوو کە کتێبـی (ئەلــوزوح)ی نوســی کە یەکــێکە لە ســەرچاوەکانی نــامیلکەی شــەرعیاتی مەســتورە)( بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان :٤٢).

هەروەهـا د. مـارف خەزنەدار دەڵێت" لە شاری سلێمانیدا گەلـێ یادگـاری بە نرخـی پاشـاکانی بابـان تـا ئێسـتا مـاونەتەوە، ئەو یادگـارانە لەو مزگەوتـانە دەبینـین، کە دروسـتیان کـردوون، هەر لەو مزگەوتـانە گەلێـک شاعیری کـورد پێگەیشـتوون، ئەمەش وەنەبـێ تەنهـا لە شـار بـووبێ، بەڵکـو لەهەمـوو ناوچەکـانی وڵاتـی سـلێمانی مزگەوتەکـانی شـار لەلایەن پاشاکانی بابانەوە سەپەرشتی دەکران و لە خەزێنەی میرنشین هەرچی پێویست بوایە پێیـان دەبەخشرا"( خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ٣، ٢٠٠١ ، ١٨)

٣) خوێندگە:

یەکەم فێـرگە کە بابانییەکـان بنیادیـان نـابێ، فێـرگەی شـارە بچـوکەکەی (مەرگە)بــووە، چــونکە لە ســەردەمی فەقــێ ئەحــمەدی دارەشــمانەدا ئەم مەرگەیە یەکەم مەڵبەنـدی میرنشـینەکە بـووە، فەقـێ ئەحـمەد بـۆ خۆشـی هەر پەروەردەی فێـرگەو مەدرەسـەی دینی بووە، کەسانی وەک ئیبراهیم کوڕی مەولانا ئەحمەدی ئـالانی زانـای بەناوبانـگ و مەلا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

عومەر ئەنجامی ئەم فێرگەبوون).( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،٢٠١٢، ١٣٨)، دواتر کاتێک لە سالانی (١٦٤٤)ز ماوەت بەیەکجاری بۆتە مەڵبەندی میرنشینی بابان، ئەم شارە خوێندنگەی تێدابووە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانستدا، مەلا موسا کە نازناوی (علامە الزمان) بووە، مودەرسی ئەم مەدرەسەیەبوو)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ٢٠١٢، ١٣٨)(جگە لەمیش لە دێی مەرویَ لە هەرێمی ئالان و نزیک ماوەت فێرگەی مەزن و ئاوەدانی لێبووەو کۆمەڵێک مودەرسی تێدابووە. جگە لەمەش (مەدرەسەی بێتوش و گەناو و بەلاتا، شوێنی فێربوون و زانستی ئەو ڕۆژگارە بوون، هەروەها خوێندنگەی گوندی کەنارو ڕەشەکانی و شابادین و بالخ و موکەبەو قەرەداغ و بیارە .....تاد، هەروەک چۆن مەدرەسەی خورماڵ و بەرزنجە دوو مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژگارە بوون و هەمیشە جمەیان هاتووە، لە مەلاو فەقێ)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٣٩)، دواتر لە قەلاچوالانیش لە سالی (١٦٦٩ز) دەسەلاتی میری بابان زیاتر پەرەی سەند، لەسەردەمی سلێمانی و بەبەدا باری ڕۆشنبیری و زانست زۆر لە گەشەو پێشکەوتندابووە، هەر لە ڕۆژگاری ئەمدا قوتابخانەکانی قەلاچوالان سەریانهەڵداوە و بۆ هەریەکیان مەلاو مودەرسیان داناوەو کتێبخانە بەنرخەکەش بەرەو پێشچووەو بەکتێبی نایاب و بەقیمەت دەوڵەمەندکراوە، هەر لەم سەردەمەدا قەلاچوالان چەند مودەرسێکی بەناوبانگی هەبوون لەوانە (مەلا محەمەدی غەزالی و مالا جامی چۆڕی و شێخ محمد وەسیمی گەورە، کە شێخ حەسەنی گڵەزەردە یەکێکە لە قوتابییەکانی)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٣٩) کەواتە ئەم زانان و مودەڕسانە لەو سەردەمەدا لە چ شوێنێک پێگەیەنراون، ئەو سەرچاوانەی کە بوونەتە هۆی پێگەیاندنیان لە کوێ بوون، کەواتە بوونی ئەم زاناو مودەڕسە دیارانە، بەڵگەی گرنگیدان و بایەخدانە بە مزگەوت و خوێندنگەو ڕۆشنبیری لەو سەردەمەدا.

مەلا مەحمود دەڵێت: ( بەڕاستی چەرخی زێرین و پێشکەوتوو بۆ ڕۆشنبیرو زانست، سەردەمی سلێمان پاشای گەورە بوو، کە بە سلێمان پاشای مقتول بەناوبانگە، کەلە دەوروبەری (١٧٥١ز) بووەتە فەرمانڕەوای بابان و زۆر هەوڵی خزمەتکردنی زانست و زانایانی داوە .( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٤٠) کەواتە هەریەکەیان بەپێی سەردەمی خۆی هەوڵی بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتکردنی خوێندنگەو مامۆستایان و قوتابیان داوە.

لەسەردەمی بابانەکان کۆمەڵێک خوێندنگە هەبوون، بێگومان جۆری ئەم خوێندنگانەش بەپێی شوێن و کاتەکان ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە، بەگشتی ئەم خوێندنگانەش بریتین لە :

١- خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی قەلاچوالان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

هەرلەیەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی بابانەکانەوە دەستی پێکردووەو زانای گەورەو بەناوبانگ دەرسیان وتۆتەوە وەک(مەلا برایمی بەرزنجی، مەلا محمد وەسیمی گەورە، مەلا جامی چۆڕی، ....تاد)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،٢٠١٢ ،٤٨)

٢- خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی:

پاش گواستنەوەی پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە خوێندنگەو بنکەی سەرەکی فێربوون. بەتایبەتی لە ساڵەکانی (١٧٨٥-١٨٢٢) بە جۆرێک پەرەی سەندووەو لە گەشەدابووە، کە ژمارەی قوتابییە پلەبەرزەکانی گەیشتە (٧٠)حەفتا و زیاتر، ئەمە جگە لە قوتابی سەرەتایی، باشترین بەڵگە بۆ ئەم ڕاستییە کتێبەکەی (شێخ مارفی نۆدێ) خۆیەتی، کە بۆ والی بەغدادی نوسیوە)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،١٤٢)دوای گواستنەوەکەش شێخ مارفی نۆدێ لە قەڵاچوالانەوە هاتە سلێمانی و بوو بە مامۆستای مزگەوتی گەورە، بووە مەرجەع بۆ هەموو کاروبارێکی دین، جگە لەوانەش بوویە رابەری ڕێڕەوی قادری و مزگەوتی گەورە بوو بە مەرکەزێکی ئەم ڕێڕەوە )( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،٤٨)

٣- خوێندنگەی مزگەوتی ئەورەحمان پاشا:

ئەم مەدرەسەیە دواتر بە مەدرەسەی (شێخ ئەبوبەکر) دواتر بە مەدرەسەی مزگەوتی (باباعلی) ناسراوە، پاشا لە گەڕەکی گۆیژە دروستیکردووە، بۆ ماوەیەک ڕاوێژو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و زانستی پێشکەوتووبووە)، یەکەم مامۆستای، زانای بەناوبانگ (عەبدولکەریمی بەرزنجی)بووە، چەندین زاناو ڕۆشنبیرو شاعیرو ئەدەب دۆست پێگەیشتوون وەک : مەلا برایمی بیارەیی، شێخ عەلی بەرزنجی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کە دواتر بۆتە مامۆستای مزگەوتەکە.( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،١٤٥)

٤- خوێندنگەی خانەقای مەولاناخالیدی نەقشبەندی:

دروستکردنی مزگەوتی گەورە لەلایەن ئیبراهیم پاشا، هەروەها مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمین ) دواتر خانەقای مەولانا خالید لەلایەن ئەحمەد پاشاو مزگەوتی (شێخ ئەورەحمانی ئەبوبەکر ( بابە عەلی قەرەداغی)و مزگەوتی سەید حەسەن لە لایەن ئەورەحمان پاشاوە دروستکران (بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٠٨) ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ هۆشیاری و خوێندەواری کردنی خەڵکی.

ئەم خوێندنگەیە (محەممەد پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا لە دەوروبەری ساڵی(١٨١٧) بۆ مەولاناخالیدی نەقشبەندی دروستیکرد، زۆر موڵک و ماڵی لەسەر وەقف کرد تاوەکو پێداویستی مامۆستاکان و قوتابیانی پێ دابینبکرێ، بەیەکێک لە مەڵبەندە گرنگەکانی ڕۆشنبیری و خوداناسی جیهانی ئەو سەردەمە دانراوە لە هەموو لایەکەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەڵک ڕووی تێکردووە، تەنانەت لە وڵاتانی تریش خەڵکی بۆ هاتووە.( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٤٥)

٥- خوێندنگەی مزگەوتی سەید حەسەن:

ئەم مزگەوتە ئەورەحمان پاشای بابان دروستیکردووە (١٧٨٩-١٨١٣) ماوەیەکیش بەناوی خۆیەوە بووەو هەر خۆشی بوو کە دەرسی تێدا دەوتەوە، بۆ دابینکردنی خەرجی و پێداویستی، زەوی و زارەکانی ( کانی مسلم) و (کانی دۆمان) و چل دوکانی لەسەر وەقف کردووە، چوار خانوشی بۆ مودەرس و مەلاو مجەورو بانگبێژ بونیادناوە، مەدرەسەکە شەش ژووربووە، چواری بۆ فەقێ و قوتابییەکان تەرخان کراوە، نالی یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەم خوێندنگەیە)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم،١٤٦)

٦- خوێندنگەی مزگەوتی موفتی لە سلێمانی:

یەکێک بوو لە مەڵبەندکانی ڕۆشنبیری سلێمانی سەردەمی بابان و نیمچە زانکۆیەکی گەشەدارو پڕ قوتابی و زانا بووە)( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٤٧)

٧- خوێندنگەی مەڵکەندی:

پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی بابانەکاندا بایەخی پێدراوەو (مەلا ئەورەحمانی نۆتشە و مەلا ئەحمەدی کوڕی) بەڕێوەیان بردووەو دەرسیان تێدا وتۆتەوە.

٨- خوێندنگەکانی حاجی حان و حاجی شێخ ئەمینی خاڵ.

جگە لەم مەدرەسانە، حوجرەش شوێن و قۆناغێکی خوێندن بووە، بۆیە سەردەمی بابانەکان چەندین حوجرە بوونیان هەبووە، جگە لە حوجرەکان، چونکە دەیان حوجرە لەمزگەوت و ماڵان و شوێنی تایبەتدا هەبوون، مامۆستا بە پارەیەکی کەم کە لە کەس وکاری هەر قوتابییەکی وەردەگرت، حوجرە بریتیبوو لە تەنها ژوورێک کە بەپێی توانای مەلاکە دەگۆڕا و جۆری دەرس وتنەوە زۆر فەرقی هەبوو، بەزۆری یەکەیەکە دەرس بە قوتابی دەخوێنرا، بەڵام هەندێ حوجرەی کۆن هەبوون، وەک حوجرەی(مەلا عەزیزی زلزلەیی، کە پیاوێکی وەک ئەمین زەکی خوێندویەتی ، خواجە ئەفەنی و (١٨٦٠-١٨٩٠)، حاجی مەلا ... تاد) گەلێ حوجرەش هەبوون ژن داینـاون وەک (مەلا فاتم، ناجییەخان، مەلا ئامینە، مەلا رەعنا).

باسکردن لەم مزگەتانەش لەپێناو دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی مزگەوتەکان و بایەخ پێدانی میرەکانە بە خوێندن و خوێندەواری و ناساندنی نەوەیەکی نوسەرو ڕۆشنبیرە، کە دەرئەنجامی ئەم قۆناغەی میرنشینەکان بووە.

٤- کتێبخانە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەر لە سەرەتاوە لە قەڵاچوالان لە ناو مزگەوتی قەڵاچوالاندا کتێبخانەیان کردۆتەوە، هەر بۆیە دوای بنیادنانی شاری سلێمانی گواستویانەتەوە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی، وەک:

١- خوێندنگەی مزگەوی گەورەی قەڵاچوالان کتێبخانەیەکی بەناوبانگی هەبووە.

٢- کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لەگەڵ دروستکردنی، (شێخ مارفی نۆدێ) دەرسی تێدا وتۆتەوەو ئەمینداری کتێبخانەکەش بووە، هەردەم لە کتێبخانەکەدا بووە، چونکە میرەکانی بابان بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە چاودێری خوێندنگەو قوتابخانەیان دەکرد، لە هەر شوێنێک بیانبیستایە کە کتێبخانەی نایاب هەیە، چەرچی و پیاوی خۆیان دەنارد، ئەوانە دەگەیشتنە بەغداد و موصل و وان و ئیستەنبوڵ و مەککەو مەدینەو قاهرە و دیاربەکرو یەمەن و سەدەها زەرکەفتی نایاب و بێ وێنەیان ڕاگواستووە.( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٤٣)، جگەلەمەش(ئەحمەد پاشا دوا میری بابان کە برایە ئاستانەدا لە وێوە بە والیەتی ناردیان بۆ یەمەن، لەوێوێشەوە پەیتا پەیتا دەستنوس و کتێبیان دەنارد بۆ کتێبخانەی مزگەوتی گەورەو کتێبخانەکانی تری مزگەوتەکان دەنارد، تەنانەت کتێبی (مسالک الابصار ) لە باسی مێژوودا (١٤) بەرگ بووە لە هیچ شوێنێکی تر دەستنەدەکەوت هەمووی ناردەوە بۆ سلێمانی).( بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ١٠٦ )

ئەگەر ئەم مەدرەسەو مزگەوت و حوجرانە فێرخوازێکی کەمیشی پێگەیاندبێت، دەستەبژێربوون و هەریەکەیان لە بوارێکی دیردا بوونەتە ئەستێرەیەکی گەشی ئەدەبیات و رۆشنبیریی کوردو سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ لێکۆڵەران لە بوارە جیاوازەکاندا.

بەراورد لە نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان لە ڕوانگەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرکردنەوە

یەکەم: لێکچوون

١- لە هەردوو میرنشینەکەدا میرەکان کاریان بۆ پێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری کردووە.

٢- لە هەردووکیاندا میرەکان خۆیان ڕۆڵەکانیان خستۆتە بەرخوێندن و کاریان لەسەر ئەدەب و زانست کردووە.

٣- هەردووکیان داهاتیان بۆ بواری ئەدەب و ئاین خەرجکردووە.

٤-لەهەردوولا مزگەوت و حوجرەو مەدرەسە بونیادنراوە، بەمەبەستی خوێندن و ئایندارى و رۆشنبیریی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**دووەم: جیاوازی**

١- میرنشینی ئەردەڵان زووتر و زۆرتر برەوی بە لایەنی ڕۆشنبیری داوە، ئەمەش بەهۆی پەیوەندی و نزیکی لە شاکانی قاجارو سەفەویەکان و لەم ڕوانگەوە کاریگەریان لە سەر میرنشینەکە هەبووە.

٢- لە میرنشینی ئەردەڵاندا مێژوو نوسین و ئەدەب بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر کراوە، بەڵام لە میرنشینی باباندا زیاتر کار لەسەر شیعر کراوە.

٣- ڕۆشنبیرو زاناکانی میرنشینی ئەردەڵان، کاریگەریان لەسەر ڕۆشنبیرو مەلاکانی میرنشینی بابان هەبووە.

**ئەنجام:**

١- لە میرنشینی ئەردەڵاندا بەرهەم و کاری ئەدەبی و ڕۆشبیری گەلانی ئێرانی ڕەنگیداوتەوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری شارستانییەتی ئێرانەوە بووە، لەگەڵ ئەمەشدا یەکێک لە کارە لەپێشینەکەیان گرگیدان بووە بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی

٢- میرنشینی بابان بە هۆی درەنگ بەشارکردنی شاری سلێمانی و کەمی ماوەی دەسەڵاتی، کەمتر بەرهەمی ئەدەبی و کاریگەری لەسەر بووە، لەگەڵ ئەمەشدا کاریان لەسەر ڕۆشبیری و گەشەکردنی ئەدەبیات کردووە.

٣- هەردوو میرنشین مزگەوتیان کردۆتە شوێنی پەرستن و خوێندەواری و پێگەیاندنی ڕۆشنبیر.

٤- کۆڕو شیعر خوێندنەوە یەکێک بووە لە خواست و کارەکانیان لە هەردوو میرنشین و لە کۆشکەکانیاندا سازیانکردووە.

٥- مەستورەی ئەردەڵانی یەکەمین ژنە لە مێژوودا، کە مێژووی تۆمار کردبێت.

٦- گرنگیدان بە مزگەوتەکان و دیاریکردنی چەند مزگەوتێک بە پێی پێگەو ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، وایکردووە چەندین شاعیری بەناوبانگمان لە ئەدەبی کلاسیکدا بێتە بەرهەم.

٧- گرتنەئەستۆی خەرجی مزگەوتەکان، لەپێناو پێگەیاندنی خوێندەواری و ڕۆشنبیر لە هەردوو میرنشینەکەدا.

**سەرچاوەکان:**

١- بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان، ڤستفالی مەستورەی ئەردەڵان، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- بابان، جەمال ، سلێمانی شارەگەشاوەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم،٢٠١٢.

٣- بۆرەکەیی، سدیق ،مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

٤- ڕۆخــانی، باباشــێخی مەردۆخ ، مێــژووی نــاودارانی کــورد، و:ماجــدی مەردۆخ ڕۆحــانی، کوردستان ، سنە ،٢٠١١.

٥- ڕەسوڵ، د.عزەدین مستەفا ، سەرنجێ لە زمان و ئەدەبی یەکگرتوو ،چاپخانەی سلمان الاعظمی،بەغدا،١٩٧١.

٦_خەزنەدار، د.مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

٧- خەزنەدار، د.مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨- خەزنەدار، د.مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

٩- حەمە باقی، محەمەد ، میرنشینی ئەردەڵان بابان سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٢.

١٠- قەرەداغــی، مــحەمەد عەلــی ،دیــوانی مەســتوورە،دەزگای چــاپ و بڵاوکــردنەوەی ئــاراس، هەولێر،٢٠٠١.

١١-مەردۆخ، شێخ محمد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کوردو کوردستان، وەگێرانی زانەر محمد، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

بیانی:

١- سید عبدالصم، د توداری"نور الانوار فی کرامات ذراری سیدالمختار" سنندج، ١٣٦٩.

٢- ببادیە، سرود، استاد ملا محی الدین سالحی، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٨٠.

٣- صابر، محمد، النودهی وجهوده النحویه، مطبعه جامعەالصلاح الدین ،ط١، ٢٠٠٠.

**نامەی ماستەر:**

١- عبدالصمد، کامیران ، کوردستان العثمانیه فی النصف الاول من القرن التاسع العشر، رساله ماجستیر،جامعه الصلاح الدین، ٢٠٠٠.

**گۆڤار:**

١- رشید، د.کمال طاهر ، الشیخ معروف النودهی البرزنجی، و رحله العلمیه فی کوردستان، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ١، ژمارە١، ٢٠٠١.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**الملخص:**

تصف هذه الدراسة دور كل من إمارة أردلان و بابان في تطوير الأدب و نشر الثقافة خلال فترة حكمهما، و بعبارة أخرى، العمل على جهود هاتين الإمارتين للتحرك نحو الحضارة وتنوير الناس والاستفادة من الجوانب المختلفة للإمارة، بالإضافة إلى تسجيل وحماية تاريخ الأدب الكردي.

أهمية هذا البحث هي أن كل هذه الجهود والإجراءات في بداية الإماره اردلان و بابان من أجل تطوير الادبيات و الاثقافه، بالإضافة إلى ذلك، لا تزال الأعمال في هذه الإمارات ، على الرغم من أنها قليلة ، لكنها ذات قيمة و ضرورية وأصبحت المبدأ الرئيسي للمنهج كلاسيكي كردي.

**الكلمات الرئيسية:** *الاماره، أردالان ، بابان ، لغة ، الأدب ، الثقافة.*

**Abstract:**

This research is about the role of the two emirates of Ardalan and Baban in the development of literature and the spread of culture during their rule, in other words, work on the efforts of these two emirates in order to move towards civilization. Protecting Kurdish literature and using human resources in order to create a favorable environment for the development of society.

The importance of this research is that it introduces all these efforts at the beginning of the Ardalan and Baban Emirates in order to develop literature and culture.

**Key words:** *Empire, Ardalan, Baban, Roll, Literature, Culture.*

# ڕەنگڤەدانا بەرخومدانا کەلا دمدم د فۆلکلۆرێ کوردیدا و بەراوردکرنا ئەوێ لگەل ژێدەرێن دیرۆکی

**پ. د. حسین عثمان عبدالرحمن**

پشکا زمانێ کوردی- ڤاکولتییا زانستێن مروڤایەتی- زانکویا زاخو/ هەریما کوردستانا عیراق

**پۆختە:**

ئەدەبیات ب چەمکێ خوە یێ بەرفرەهڤە، ب قۆناغێن جیاواز، گەلەک بابەتان ب خوەڤە دگریت و لسەر گەلەک تەوەران ڕادوەستیت و خوە ل گشت بوار و ڕویدانێن جڤاکی دکەتە خودان، ڕەخنەگر ژی ب پشتبەستن ب تیۆرێن ڕەخنەییێن جۆراوجۆر، ژ گۆشەنیگایێن جیاواز، کار لسەر ئەوان تەوەر و ناڤەڕۆکان دکەت، هەتاکو بشێت لایەنێ دروستێ ڕویدانان، هەست و هزر و دیتنێن نڤیسەران ئاشکرا بکەت. ئێک ژ ئەوان بابەتێن کو بوویە ناڤەڕۆکا ژانرێن ئەدەبی و خوە ل ڕویدانێن مێژوویی کریە خودان، ئەدەبێ بەرخومدانێیە. ب بوچوونەکا دی ئێک ژ ئەوان داستانێن نەتەوەییێن کوردان، داستانا (کەلا دمدم)ە کو ب درێژاهییا ڕویدانێ یێ چوویە د هزر و بیرێن کورداندا و بوویە ئالاڤێ گەلەک داستان، چیرۆک، ڕۆمان، بەیت، هوزان و سترانان.

بابەت ل ژێر ناڤێ (**ڕەنگڤەدانا بەرخومدانا کەلا دمدم د فۆلکلۆرێ کوردیدا و بەراوردکرنا ئەوێ لگەل ژێدەرێن دیرۆکی**) هاتییە بەرهەڤکرن. بێگومان ئەڤ جۆرە بابەتە بەهرا پتر د ژانرێ داستانیدا، ڕۆلێ خوە دگێریت و ڤەگێر ب وەسفێن ڕیالیستییا تێکەل ب خەیالێ، ئەوان ڕویدانان ڤەدگێریت.

لەوڕا ئەڤ ڤەکۆلینە ب فۆکسخستن ل سەر تەوەرێ (بەرخومدانێ) دێ ل ئەڤێ ڕویدانا مێژوویێ ڤەکۆلیت و ب پرسیارێن؛ ئایا د داستانێدا پرسێن نەتەوەیی هاتینە باسکرن؟ ئایا تەوەرێ بەرخومدانێ یێ زالە؟ ئایا ئەڤ داستانە تێکەلی ڕویدانێن خەیالی بوویە؟ ئەڤ داستانە ب چ شێوە د فۆلکلۆرا کوردی و د ژێدەرێن مێژوویيدا ڕەنگڤەدایە؟ و ...هتد، دێ پتر ئەڤێ داستانێ ڕووهنکەتن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *داستان، کەلا دمدم، بەرخومدان، خانێ لەپزێرین، عەبدال خانێ موکری.*

**پێشەکی:**

هزرا بەرخومدانێ هەردەم پەیوەست بوویە ب ئازادی و خوەڕزگارکرنێڤە. واتە ب هەر شێوەیەکی بیت، تاک ژ بن بارێ نەهامەتی و دیلی، ژ بن بارێ داگیرکارییا هزری و

مەزهەبی، ژ بن باریٚ چەمکێن مەترسیدارێن رامیاری و ئابووری و ...هتد و هەر فشارەکا دەرەکی یان ناڤەکی بیت. کەواتە هەر پێنگاڤەکا ژ بۆ دەرچوون ژ بن ئەوی بار و فشاری دهێتە هاڤێتن، بزاڤەکا گرنگ و جهیٚ پویتەدانێیە.

**١. ناڤۆنیشانیٚ ڤەکۆلینیٚ:**

ئەڤ ڤەکۆلینە ژێر ناڤیٚ (رەنگڤەدانا بەرخودانا کەلا دمدم د فۆلکلۆریٚ کوردیدا و بەراوردکرنا ئەویٚ لگەل ژێدەرێن دیرۆکی) هاتییە بەرهەڤکرن.

**٢. گریمانا ڤەکۆلینیٚ:**

گریمانا سەرەکییا ئەڤیٚ ڤەکۆلینیٚ، ئەنجامێن بەراوردکرنا داستانا کەلا دمدما فۆلکلۆری و ژێدەرێن دیرۆکییە، کو تا چ رادە نێزیکی ئێکن و چ زێدەیی یان کێمکرنەک دناڤبەرا ئەواندا هەیە. هەروەسا رێژا راستییا ژێدەرێن دیرۆکی د باسکرنا بەرخودانا قارەمانێن کەلا دمدم چەندە؟

**٣. ئەگەریٚ هەلبژارتنیٚ:**

ئەگەریٚ سەرەکییٚ هەلبهارتنا ئەڤیٚ ڤەکۆلینیٚ، هویر بوونە د کویراتییا ناڤەرۆکا رویدانێن داستانا کەلا دمدمدا و چەوانییا بەرگری و بەرخودانا ئەوانە.

**٤. سنووریٚ ڤەکۆلینیٚ:**

سنووریٚ ڤەکۆلینیٚ، چارچووڤیٚ رویدانێن داستانا کەلا دمدم، هەر ژ دەستپێکیٚ هەتا دویماهیکێیە و پێکۆل هاتییەکرن د ئەویٚ چارچووڤێدا راستییا گشت رویدانان نیشان بدەت.

**٥. پرسا ڤەکۆلینیٚ:**

پرسا سەرەکییا ئەڤیٚ ڤەکۆلینیٚ، خالا ب هەڤ گەهشتنا هەر دوو ڤەگێرانێن فۆلکلۆری و ژێدەرێن دیرۆکی د ڤەگێرانا رویدانێن داستانا کەلا دمدمدایە.

**٦. رێبازا ڤەکۆلینیٚ:**

ئەڤ ڤەکۆلینە ل دویڤ بنەمایێن رەخنا دەرەکی و ب پشت بەستن ب هندەک ژ بنەمایێن رەخنا مێژوویی، کار ل سەر ئەڤیٚ ڤەکۆلینیٚ کرییە.

**٧. پەیکەریٚ ڤەکۆلینیٚ:**

ڤەکۆلین ژبلی پۆختە ب هەر سیٚ زمانان و پێشەکییٚ، ژ دوو بەندان پێکهاتییە؛ بەندیٚ ئێکیٚ باس ل ئەدەبیاتا بەرخودانیٚ و بنەمایێن ئەویٚ دکەت و د بەندا دوویێدا رەنگڤەدانا ئەوان بنەمایان د داستانا کەلا دمدما فۆلکلۆری و ژێدەرێن مێژوویی هاتییەکرن. ل دویماهیکیٚ ژی ب ئەنجام و لیستا ژێدەران ب دویماهیک دهێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەندێ ئێكێ:

A. ئەدەبیاتا بەرخودانێ: Literature Resistance

خویایە كو بەرخودان، ب واتایێن: بەرگری، سەرهلدان، خەباتا بێ ڕاوەستیان، بەرڤانی ژ دۆزەكا پیرۆز و سەرنەچەماندن ل هەمبەر هەر هێزەكا دژبەر دهێت؛ لێ وەك ئەدەبیات؛ بریتییە ژ وەسفا شەڕ و شەڕكەران ل هەمبەری داگیركەران. یان بەرهەنگاربوونەكا نەتەوەیی ل هەمبەر گشت زێدەگاڤییێن دەرەكی یان زۆرداریا ناڤخۆیی، ب پشتبەستن ب هزرا نەتەوەیی و هێزا ناڤخۆیی، ب هەمی چین و توێژ و ڕەگەزانڤە.

هەرچەندە ئەڤ كارە د دەمەكێ دیاركریدا و ب هێزەكا چەلەنگڤە دهێتە ئەنجامدان، لێ ئەگەر خوەڕاگربوون و پالپشتی لگەل نەبیت، بەرخودان بەر ب شكست و ژناڤچوونێ دچیت و گشت خەباتكار ب خائین و گشت خائین ب خەباتكار دهێنە هژمارتن. زێدەباری ئەڤێ چەندێ هەڤدژیا بیروباوەرێن ڕامیاری، ئابووری، پەروەردەیی ژی ڕەنگە هەبن و ببنە هۆكارێن بەرخودانان و وەك دژبەر ئەو هزرێن چەوت و شاش بهێنە ڕەدكرن. هەلبەت گشت ئەڤ دژبەرییە و بەرەنگاربوونە وەك ئەدەبیات، دچیتە د چارچووڤەیێن ژهەڤ جیاوازێن (چیرۆك، داستان، ئەفسانە، ستران، ڕۆمان...هتد)ندا.

ئێك ژ ئەوان ژانر و شێوازێن تایبەت ب هزرێن بەرخودانێڤە، داستانە؛ سەبارەت داستانێ ژی دهێتە گۆتن كو " بریتییە لە چامەیەكی چیرۆكئامێزی پڕ لە سروود و پێهەلدان، كە ڕووداوی پالەوانبازی دەگێڕێتەوە، وەسفی سەركێشی ئەفسووناوی و سەرسوڕهێنەر دەكات و پالەوانەكانی مرۆڤی ئازا و لە خۆبردوو و سەركەوتوون لە مەیدانی جەنگ و ژیاندا، پشت بە ڕەگەزی سەرسوڕهێنەر و لە عەقلبەدەر و خەیال دەبەستێت، لەگەل ڕەگەزەكانی واقعی ئاوێزانیان دەكات و كارێكی مەزنی لێ بەرهەم دەهێنن." [1]

د هەر بەرخودانەكێدا پەیامەكا ناڤخۆیی و پەیامەكا دەرەكی یان جیهانی هەیە، د پەیاما ناڤخۆییدا ڕزگاربوونا نەتەوەیەكییە و د پەیاما جیهانیدا ژی ڕابوون و كۆلنەدان و خوەنەچەماندن ل هەمبەر دوژمن و داگیركەرانە. كەواتە " پێویستییەكانی ئەدەبی بەرگری (جەنگاوەر) و (پەیڤ) و (جەنگە) و بێ ئەمانە ئەدەبی بەرگری بوونی نییە." [2] زێدەباری هندێ كو د ئەدەبیاتا فۆلكلۆرێ كوردیدا ژی جەخت لسەر ئەڤێ چەندێ هاتییە كرن كو د گۆتنێن مەزناندا هاتییە: (شەڕ داوەتا مێرانە.) یان ژی (بەرخێ نێر بۆ سەربڕینە.) هەردەم تاكێ كورد یێ هێلایە د بەرهەڤی و ئامادەباشییا بەرخودان و شەڕیدا.هەلبەت د ئەدەبیاتا داستانییا بەرگرییێدا، نابیت ژبیر بكەین كو دەستخستن لسەر لایەنێ هەست و سۆزییا خوینەری، هێزا بەرگری و كاریگەرییا ئەوان پەیڤ و دەستەواژان زۆرتر لێدكەت، لەورا هندی نڤیسەر یان هوزانڤان ڕاستەوخۆ بچیتە د ناخێ ڕویدانانەدا و جۆرێ بەرخودان و بەرگرییێ وێنە بكەت و د وەسفێن خوەدا،یارییان ب پەیڤان بكەت و ڕیالیستێ تێكەلێ خەیالەكا بهێز



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

و نەكویر بكەت- ب ڕەنگەكی كو نەبیتە ئەفسانە- كاریگەرییا هزر و مەرەما ئەوی دێ زێدەتر بیت و پەیام دێ زویتر گەهیتە خوینەری و گوهداری و كاریگەری ژی دێ پتر لێهێت.

لێ داستانا قارەمانییێ چییە؟ " ئەو داستانانەن، كە وێنەی شەڕ و جەنگ و بەرخودانی ڕۆلەكانی نەتەوە پیشان دەدات، كە لە پێناو مافی ڕەوای گەل و نەتەوەكەی یان بەرژەوەندی گشتی خەبات دەكات. ئەم داستانانە لە مێژووی هەر نەتەوەیەكدا خاوەنی پلە و پایە و ئاستێكی بەرزی وەرگرتنیان لە لایەن كۆمەڵەوە هەیە"[3]كەواتە داستان هەلگرێ پەیاما ئازادی و سەرخوەبوونێیە د چارچووڤەیێ شەڕ و بەرخوەدانێدا و هەر نەتەوەیەك ب شانازیڤە ئەڤان داستانان ژ بۆ نفشێن خوە ڤەدگێڕیت و دپارێزیت، هەتاكو د هیچ سەردەمەكیدا، ئازادییا نەتەوەییا ئەوان نەكەڤیتە د مەترسییێدا.

**B. بنەمایێن ئەدەبیاتا بەرخوەدانێ، د داستانا نەتەوەییا (كەلا دمدم)دا:**

١. بەرپرسیارەتی

٢. پاراستنا بیروباوەرێن ئایینی و مەزهەبی

٣. خەلاتێ شەهید بوونێ

٤. وەسفا مێرانی و بوێرییێ

٥. وەسفا قارەمانێ سەرەكی

٦. وەسفا چەك و شێوازێ لێكدانا شەڕكەران

٧. وەسفا جهێ شەڕی

٨. بیرتیژی و بلیمەتییا سەركردێ بەرخوەدانێ

٩. هەبوونا خائینان

١٠. هاندانا بەرگرییێ

١١. وەسفا زولم و زۆرداریا دوژمنی

١٢. تولڤەكرن

١٣. دەست دانەهێلان ژ بەرخوەدانێ

١٤. پاراستنا ناموسێ

١٥. گەشبینی و هیڤی ب پاشەڕۆژێ

١٦. هەڤخەمی لگەل هەژاران

١٧. بەرخوەدانا ڕیتمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بەندێ دوویێ:

**A. ڕەنگڤەدانا بەرخوەدانا کەلا دمدم د فۆلکلۆرێ کوردیدا و بەراوردکرنا ئەوێ لگەل ژێدەرێن دیرۆکی**

ڤەگێران و باسکرنا ڕویدانان، د ئەدەبیاتێدا، ژانر و چارچووڤەیێن خوە یێن تایبەت هەنە. ئێک ژ ئەوان ڕێکێن کو ڤەگێڕ ژ بۆ گەهاندنا هزر و مەرەمێن خوە دگریتەبەر، داستانەو هەر وەکی هاتییە گۆتن؛ "هەر هزرەک، خەیالەک، بابەت و ڕویدانەک کو ژ هەژی ڤەگێڕانێ بیت، داستانە، ... کەواتە ڕویدانەکا ڕیالیستی، خەیالییە کو ل دویڤ ڕێکخستنا دەمێ ڕویدانێ، دهێتە گۆتن."[4] و هەر ژ بەر ئەڤێ چەندێ دێ شێین بێژین، وەک چارچووڤەیەکا مەزن، دێ شێت ببیتە هەلگرا ڕویدانێن ڕیالیستی و ڕویدانێن خەیالی و ب تێکەلکرنا ئەڤان ڕویدانان، خوینەری پتر ب خوەڤە گرێ ددەت؛ ب ڕەنگەکی ب باسکرنا ڕویدانێن ڕیالیستی، خوینەری نێزیکی ڕویدانان و ب باسکرنەکا خەیالی، خوینەری دهینیتە دناڤ ڕویداناندا؛ ب شێوازەکی کو خەیالێن نقیسەر و خوینەری تێکەلی هەڤ دبن.

ئێک ژ ئەوان داستانێن قارەمانییێن د ئەدەبیاتا کوردیدا سەنگ و بهایەکێ زۆر هەی و ڕویدانێن خەیالی و ڕیالیستییێن داستانی، تێکەلی هەڤبووین و ب درێژاهییا ژیێ خوە، خوینەرێ کورد ب خوەڤە گرێدای، داستانا (**کەلا دمدم**)ە.

داستانا کەلا دمدم، داستانەکا بەرخوەدانا ڕیالیستی مێژوویییە کو دناڤبەرا سالێن١٦٠٩ و ١٦١٠دا ل کەلا دمدم و ژ لایێ (ئەمیرخانێ برادۆست)ی یێ ناڤدار ب (خانێ لەپزێرین) و (ئەبدال خانێ موکری)ڤە هاتییە تۆمارکرن[5].ئەڤ داستانە ب داستانەکا خوەڕاگری، کۆلنەدان، بەرگری ژ ئاخ و نەتەوا کورد دهێتە نیاسین و ب درێژاهییا دیرۆکێ د سینگێ تاکێن نەتەوەپەرستدا هاتییە پاراستن و بوویە پشکەک ژ ئەدەبیاتا فۆلکلۆر، کلاسیک و نوییا کوردی و د ستران، هوزان، چیرۆک و ڕۆماناندا ڕەنگڤەدایە.

ئەرکێ ئەڤێ ڤەکۆلینێ، دیارکرنا هندەک لایەنێن بەرخوەدانا کەلا دمدمە د داستان و سترانێن فۆلکلۆریدا. هەژییە بێژین کو ئەڤ داستانە ب گشتی تێکەلی ئەفسانە و بابەتێن خورافی بوویە، لێ ب گشتی ڕویدان و کارەسات و بەرخوەدانێن قارەمانانەیێن خانێ لەپزێرین و هەڤالێن ئەوی ب دروستی هاتیینە نیشاندان.

**B. بنەمایێن بەرخوەدانێ د داستانا کەلا دمدمدا:**

**١. بەرپرسیارەتی:**

ئەگەر ئەم لسەر بنەمایێن ئەدەبیاتا بەرخوەدانێ بڕاوەستین، ڕاستەوخۆ هزرا سەرەکی دێ بەر ب تەوەرێ (بەرپرسیارەتییێ)ڤە چیت، کو ئێک ژ خالێن هەرە گرنگێن ئەدەبیاتا بەرخوەدانێیە. چونکی بەرپرسیارەتی ب خوە بەرخوەدانەکە ل هەمبەر داگیرکەران؛ هزرێن شاشێن بەلاڤبوویی د جڤاکیدا و ئاڤاکرن و دروستکرنا جڤاکەکێ نموونەیی، ژ بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیهانا نموونەیی، د چارچووڤەیێ مرۆڤایەتییێدا. لەورا دێ شێین ببێژین هزرا ڤەهاندنا ستران، بەیت و هوزانێن ئەڤێ داستانێ ب خوە، بەرخوەدانا ڤەگێرپیە، کو د چرکەساتێن هزرا ئەڤی کاریدا، هەستێ نەتەوەییێ خوە بەرجەستە و دیارکرییە.

بۆ نموونە (فەقییێ تەیران/ ١٥٤٩-1631) د نڤیسینا بەیتا کەلا دمدمدا و تاکەکێ نەتەوەییێ بەرپرسیار،ب ئەڤی رەنگی ئەڤی داستانی ڤەدگێریت و پشتی چەندین دێران ــ ٢٤ دێرــ دێ چیتە سەر بابەتێ سەرەکی:

رابوو خانێ زێرین زەندە
صوبحێ ڤەکر دەربەندە
خەلقێ جندی دخوەندە
رەشـاندن زێـر و قەنـدە
زێـــڕ و خلـــعەت دا وانە
کامل کو بوو دیوانە
گۆ هەر چی ب ئیمانە
صوبحێ وەرنە مەیدانە[٦]

ڕاسـتەوخۆ بـاس ل سـەرهلدانا خـانێ لەپزێڕین و چەوانییا سـەرەدەریکرن لـگەل سەربازێن خوە دکەت.

هەلبەت د درێژاهییا داستانێدا گەلەک جاران مفا ژ هزرا ئایینی وەرگرتییە و وەک بەرخوەدانەک ل هەمبەری هێزا دوژمنی بکار هینایە. بۆ نموونە ل دووماهیکا شەڕی و کوشتنا خانی و هەڤالێن ئەوی، دبێژیت:

شەهید بوون چوون ژ خودێرا
ئەڤ رەنگە گۆڤەند گێرا
خـان و ئەڤ خەلقێ وێـرا
بەحەشـت و حـوری ژێـرا
...
هەمـی کوشـتن ب خـوەران
شـەهید بـوون چـوونە باغان
...
وان حەمـی روو سـپی بـن
مـوقیم ل نـک نەبـی بـن
دجەننەتـا بـاقی بـن
مەهـدەرچیێ (فەقـی) بـن[٧]

**٢. پاراستنا بیروباوەرێن ئایینی و مەزهەبی:**

حەلال کـریە طاهـایێ
مەزهەبێ ڤە بکێـر نـایێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم دمـــرن نــائێنە رایـــێ
ئـاخرەت خۆشترە ژ دونیـایێ
قەدا ل دونیـــایێ ب کـەڤــی
دێ رووڕەش بـن لـنـک نەبی
قەبوول نەکن ڤی مەزهەبی
حەمیـــان گـۆ بــلا ڤەبـــی
...
ل ســـەر خـــاطرا عـــوممەرە
د ری یـــــا پێغەمـــــــبەرە
خــوە بکــن کەر بــکەرە
رووسپی بن دا د مەحشەرە[8]

هەلـبەت هوزانڤـان دوو گۆشـەنیگایان د ئەڤێ بەرخوەدانێدا بەرجەسـتە دکەت. یا ئێکێ باسکرنا داستانێیە و یا دوویێ فۆکس خستە لسەر مەزهەبێ داگیرکەران، کو بێگومـان نەهێلانا بەلاڤکرنـا مەزهەبەکێ جیـاواز ژ یێ خـوە و ئەوی مەزهەبیـرەددکەت، ڕاستەوخۆ دچیتە د چارچووڤەیێ بەرخوەدانێدا. هەرچەندە نابیتژبیر بکەین کو د پەرتوکا مێژوویيدا و ژ گۆشەنیگایا ئایینیڤە، ب دەمارگیرییا مەزهەبی هاتییە باسکرن.[9]

**٣. خەلاتێ شەهید بوونێ:**

شەهید بن تەرکا دنێ کن
نـاڤەکێ ژ خـوەڕا چـێکن
بەسســە کەلـێ ئاسـێکن
ڕابـن ڤێکـڕا هەر لـێکن[10]

خویایە ژ پڕ بهاترین بنەمایێن جیهانا ئیسلامێ، شەهیدبوونە د ڕێکا خودێدا. هەر ل سـەر ئەڤی بنەمایی، هانـدانا شەڕی و بەرگریکرن ژ ئـاخ و ناموسـا خوە، بەرزتـرین خـالا بەرخوەدانێ و شەهیدبوون د ئەڤێ ڕێکێدا ژی، دیاری و خەلاتەکە ژ لایێ خودێڤە. زێدەباری هنـدێ کـو ڕێـژا بەرخـوەدان و خۆڕاگرییـا ئەوان د کەلێـدا ب ئەڤێ ڕاددا شـەهید بـوونێ، ب مەزنترین پلەیا باوەریێ دزانیت.

**٤. وەسفا مێرانی و بوێرییێ:**

ژ خـــالێن دیتـــرێن بەرخـــوەدانێیە کـــو ڤەگێـــڕ زۆر ب جـــوانی وەســـفا مێرانـــی و خوەگوریکرنـا خـانێ لەپزێـڕین و گشـت ئەوان کەسـان دکەت، ئەوێـن د کەلێـدا لـگەل خانی بەرگریکرین:

"شـێرەک بـن بیشـێ نـڕیە
نـــڕین ژ شـــێری هـــاتیە
خانێ سۆر چوو شەڕی وییە
بنـــێ بیشـــی ســـەکنیە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شـێرێ مەزن دەرکەفتیـیە

خـان وی شـێری خـۆریە

شاهێ عەجەم زۆر ترسیە"[11]

هەر ئەڤ بوێرییە بوو ئەگەرێ هندێ کو دورهێلێ دەستهەلاتدارییا ئەوی زێدە ببیت و شاە ب خوە پویتەی ب ئەوی بکەت:" پشتی کو ئەمیرخان مولەتا زڤرینێ بۆ دەڤەرا خۆ وەرگرتی، ئەو دلسوزی و پویتەدانا کو شاهی پێکری، بوو ئەگەر کو ڕۆژ بۆ ڕۆژی پلەیێن پێشڤەچوونێ ببڕیت و لسەر هەموو هەڤکویفێن خۆ بلندتر لێبهێت.ئەوی چەند دەڤەرێن دیتر ژ میرێن کوردان یێن سەر ب دەولەتا ئوسمانیڤە ستاندن و ئێخستنە ژێر چەنگێ خۆ." [12]

یان دەمێ وەرسفا خان و سەربازێن ئەوی د کەلێدا دکەت:

تۆپێد مەزن گرەگـرە

برجێد بەلەک خرەخرە

ڕەودا شـێران نرەنـرە"[13]

هەلـبەت (شـێر) وەک وەسـفا سـەرکردەیی، چـاڤچنووک نەبـوون، دلوڤـانی، خوەگووریکەر، هێز و خۆراگرێ، گەلەک جاران د ئەڤێ داستانێدا، ژ لایێ ڤەگێڕانڤە هـاتییە دووبـارەکرن و خـان ب گشـت سـوپایێ خـوەڤە و هەروەسـا ئەو شـێرە ژنـێن د ئەوێ کەلێدا ژی هەر ب شێر هاتینە وەسفکرن.

**٥. وەسفا قارەمانێ سەرەکی:**

ژ بـۆ بلنـد کرنـا ورە و ئازایەتییـا شـەڕکەرێن خـوە، قارەمـانێ سـەرەکی بـاس ل زیرەکـاتی، مێرینـی و ب جەرگبوونـا خـوە د مەیـدانا شـەڕیدا دکـەت، لەورا ئەو ب خوەپەسـنا خوە دکەت و ژ بۆ شەڕ و بەڕەڤانییێ، هەڤالێن خوە هان ددەت:

ئەز خـــانم خـــانە میـــرە

سـەرێ مـن سـندانێ تیـرە

سـینگێ مـن مەرتالێ شیرە

ئەز خـــانم خـــانێ میـــران

سـەرێ مـن سـندانێ تیـران

سینگێ من مەرتالێ شیران[14]

خـــانم خـــانێ لەپزێـــرینم

مەلەڤـــانێ بەحرێـــت شـــینم

مێڤـــانێ شـــاهێ ئەمیـــنم[15]

یـان دەمـێ خـان عەبـدال وەسـفا خـوە دکـەت و خـوە وەک خـانێ مـوکری، ددەتە نیاسین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەز خانم خانێ موکری مه

ڕەقاســـەیێ ب مســـری مه

مێڤـــانێ خەلیفـــێ× مه[١٦]

**٦. وەسفا چەک و شێوازێ لێکدانا شەڕکەران:**

ئەڤ خالە بەندە ب جۆرێ چەکان و چەوانییا خوە لێکدان و بەرهەڤبکرنێ بۆ شـەڕیڤە. لەورا ژ بـۆ ئەڤـێ چەنـدێ ڤەگێـڕ ب دروسـتی جۆرێ خـوە لێکـدان و چەکێن شـەڕکەران نیشـان ددەت و د پرۆسێسـا شـانازیکرنا خـوینەران ب قارەمـانێن داسـتانێن خـوە، پێنگاڤەکا ب هێزتر دهاڤێژیتن:

کۆمێـد لاویـان وێ ڕابـوون

سـیلاح ل مـلان دوتـا بـوون

ڕەختـێ زێـڕین گرێـدابوون

کومزری سەردا کێشا بوون

پشت دەرگەهان ڕاوەستا بوون

هیڤیا ئەمرێ خانان مابوون[١٧]

...

خـان ژ کەلـێ هـاتە دەرە

جەوشـەنەک زێـڕین ل بەرە[١٨]

**٧. وەسفا جهێ شەڕی:**

د وەسفا کەلا دمدمدا، چ ژ بۆ ترسا دوژمنان و چ ژ بۆ بلند کرنا وەرەییا شـەڕکەران و نیشـاندانا شـارەزایی و بلیمەتییا کـوردان د ئاڤاکرنـا کەلێـدا، وەسـفێن جـوان و شـێوازێ دروستکرنا کەلێ داینە دیارکرن:

دمـدم ئینـا بەر کـۆلانێ

پـاله و فێـرس بەردانـێ

چێـدکەن جهـێ مەیـدانێ

...

پێنسەد مرجن پێنسەد لهاز

سەر دمدمی بوو گازەگاز

...

خانێ کوردان وێ چێدکرن

بەر سمتن رساس تێ دکرن

دا خـوە بەر تۆپـان بگـرن[١٩]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٨. **بیرتیژی و بلیمەتییا سەرکردێ بەرخوەدانێ:**

بێگومان ئەڤە ژی ب ئێک ژ خالێن هەرە گرنگ د داستانێن بەرخوەدانێدا دهێتە هژمارتن، چونکی ڕاستەوخۆ بەندە ب ڕێبەرایەتییا سەرکردەیڤە و ڕێڕەو و پاشەڕۆژا بزاڤا بەرخوەدانێ، د جۆرێ هزرکرن و پلانێن ئەوی دایە.

بۆ نموونە دەمێ ل گەل پاشای دچیتە نێچیرێ و پاشا ل خەو دچیت و خان دمینیتە هشیار و مێشەک ژ دفنا پاشای دەردکەڤیت و ... هتد، پشتی ژ خەو ڕادبیت و باس ل ڤەدیتنا خەزینەکێ، د خەوا خوەدا دکەت، خان ئەوی سەردادبەت:

خەون نیـــنە ئەو خەیـــالە
خەیـــالا خـــزینە و مـــالە
خەونە رۆژکا پووچ و بەتالە
...
شـاهی بێـژم تەعبیـر چییە
خەونـــرۆژکە تە دیتیـــیە
خەونێـد رۆژێ تەعبیـر نییە
بەر شـاهی بەرزە کـــریە[٢٠]

ب ئەڤێ چەندێ و ل دویڤ پلانا خوە یا دەستپێکی دچیت و دەمێ دزڤرنەڤە کۆشکێ، خانب بیرتیژییا خوە و ب هەجەتا گوستیرکێ، خاترا خوە ژ پاشای دخوازیت و بەر ب ئەوی جهێ پاشا لێ نقستی دزڤریتەڤە:

بەرەک ژ کەلەکێ راکریە
کولـۆزەک ژێ دەرکەفتیـە
دەرێ کولـــۆزێ ڤەکـــریە
کـــاخەزەک تێـــدا دیتـــیە
کاخەز سەر ئێک نڤیسیە
خـانی کـاخەز هەلگـرتیە
پـاخلا چەپـێ حەشـاندیە
لـۆت بەر لـۆتێ بشـکفتیە
هــات و گەهشــتە شــاهیە
هەمـی ژ شـاهی ڤەشارتیە[٢١]

کو بێگومان ئەڤە بەردەوامییا پلانا خانییە کو ب پلان و بیرتیژییا خوە، پێنگاڤ ب پێنگاڤ بەر ب ئارمانجا خوەڤە دچیت.

هەلبەت ئەڤ چەندە د ڤەگێڕانا مێژوویا (ئەسکەندر بەگێ مۆنشییێ تورکمان)ی د پەرتوکا (عـالەم ئـارایێ عەباسی)ا ئەویژیـدا، دەمێ بـاس ل بیرتیـژی و زیرەکاتییا خـانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

دکەت، ڕاستەوخۆ بەرخوەدان و بەرگرییا نەتەوەییا خانی باسدکەت. هەرچەندە ڕاستەوخۆ پەسنا زیرەکی، بیرتیژی، بهێزی و بلیمەتییا خانی دکەت:

" ئەمیرخان ژی ب سەرڤە خۆ وەکو کەسەکێ فیدایی نیشا ددا و ب ژێرڤە ژی ژ دەمارگیریا مەزهەبی و یان شەرارەتا ناخێ، دگەل میرێن قزلباش یێن وێ دەڤەرێ، کەرب و کین هەلگرتبوو و خەیالا سەربەخۆیی و خوەسەریێ کەفتبوو د مێشکێ ویدا. "[٢٢]

یا خود دەمێ هزر د ئاڤا کرنا کەلێدا دکەت، دایکا خانی ئامۆژگارییا ئەوی دکەت کو:

رۆژێکە ژ یێد خودێ دایێ
دایکا خانی دبێتە خانی
تو رابە هەرە دیوانا شایی
ئەردی ژێ بخوازە هندی چەرمێ گایی
...
خانی گۆت: هەرێ شایی هەرێ شایی
بدە من ئەردی تەمەد چەرمێ گایی
ئەردێ مە سیران سەر ڤەدایی
دا بکەم نژیار و ئاڤایی
دا نەمینم بێ دوومایی[٢٣]

و پاشا ژی گۆهدارییا داخوازییا ئەوی دکەت و ئەوی عەردی ددەتێ:

من دا تە ئەرد تەمەد چەرمێ گامێشە
بۆ خوە بکە کۆلکێ مێشە
بێ قەرقەشە و بێ ئارێشە[٢٤]

لێ د ژێدەرێن مێژوویدا چیرۆکا ئاڤاکرنا کەلێ، ب ڕەنگەکێ دیترە:

" ئەمیرخان داخواز ژ شاه عەباس کر کو مۆلەتێ بدەتێ قەلایەکا ب هێز بۆ بەرسینگگرتنا هێرشێن ئوسمانیان ئاڤا بکەت، چونکی کالا ئورمێ (توپراق قلعه) کو ژ ئاخێ هاتبوو چێکرن بەرگری تێدا نەدهاتە کرن. ئەسکەندەر بەگێ مونشی دنڤیسیت کو هزرا (سەربەخوویی و ئیستبدادی) ل جەم ئەمیرخان پەیدا ببوو، لەورا بەری بەرسڤا داخوازا وی بگەهیت، دەست ب چێکرنا ڤێ کەلێ لسەر چیایەکێ بلند ل ١٨ کیلومەتریا رۆژئاڤا ئورمێ کر، کو د بنەرەتدا کەلەکا سەردەمێ ساسانیان و ژ دوو کەلا پێک دهات بناڤێن دمدم و جمجم. "[٢٥]

یان ژی دەمێ شاه، پشتی گەلەک شکەستنان، وەک فێلەکێ تانجا خوە بۆ خانی دهنێریت و داخواز دکەت بکەتە سەرێ خوە، لێ خان ئەوی تانجی دشکێنیت و ب توندی بەرسڤا شاهی ددەت :



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەز وی تانجی قەبوول ناکەم
خوە ژ خودێ و رەسوول ناکەم
کورمانجیێ بێ ناڤ ناکەم[٢٦]

هەلبەت ئەڤ چەندە ل دویماهیکا شەڕی و دەمێ خوە ڕادەست دکەن، بەری ژ کەلێ بهێنە دەری، پیلانەکێ دادڕێژن و خانێ لەپزێڕین و خان عەبدال ب مەرەما کوشتنا پاشا و جێگرێ ئەوی ژ کەلێ دهێنە خوار " خانێ کوردان لەشکەرێ خوە هەمی بەر دەرگەهێ کەلێ کۆم کر و پیلانا خوە بۆ وان گۆت. گۆت ئەم دێ ب رەنگێ تەسلیمبوونێ دەرکەڤن. پاشی دێ ل ناڤ خیڤەتێن عەجەمان بەلاڤ ببین. ئەز دێ بچم بن خیڤەتا شاهی، خانێ موکری ژی دێ بچیت بن خیڤەتا خەلیفە. دەما من شەرهەلێخست، هوون ژی دەست ب شیری بکەن. هەتا دەنگێ شیرێ من نەهێت کەس دەست ب شەری نەکەت."[٢٧]

دێ سـەر خیڤەتـان بەلاڤ بـن
سـپێدێ دگەل دەنگـێ مـن رابـن
ب خەزایـێ جـان فیـدا بـن
...
وەکی مێڤانی بەلاڤ بن سەر خیڤەتانە
ژ خـوە نەڤەکەن چەکـانە
بـاوەرێ نەدەن ڤـان سـانە[٢٨]

ئەڤ چەندە و پیلانا خانی د ژێدەرێن مێژوویێدا ژی هاتییە دووپاتکرن: " هەر دوو خانێن کورد، ئەمیر خانێ لەپ زێرین و خان ئەبدالێ موکری، پیلانەک دانا بوو کو دناڤ قزلباشاندا دەمەکێ گونجایی پشتی کوشتنا میر و سەرکردێن وان خۆ رزگار بکەن یان ب مێرانی بهێنە کوشتن. هەر دوو نڤیسەرێن کو برەنگەکێ بەرفرەە رووданا کەلا دمدم نڤیسینە، ئانکو ئەسکەندەر بەگێ مونشی و مەلا جەلالەدینێ یەزدی مونەجەم باشیێ شاه عەباس، بەحسێ ڤێ پیلانا خانێن کورد دکەن. و د نڤیسن کو ئەڤ بابەتە، ژ ئەنجامێ ڤەکۆلینا دگەل گرتیێن کورد، پاش کوشتنا خانان، ب دەست وان کەفتبون."[٢٩]

**٩. هەبوونا خائینان:**

ئەڤ خالە تەمام بەروڤاژییا خالێن بەرەڤانییێە. چونکی هندەک جاران، د ڕێڕەوا بەرخـوەدان و بەرەڤەنیکرنێـدا، خـائینەک سـەرهلددەت و ژ بـۆ بەرژەوەنـدییێن خـوەیێن تاکەکەسی،ب دژی نەتەوە و هەڤالێن خوە ڕادبیت و هەڤکارییا دوژمنان دکەت:

نـێ مەحمـوودێ ئالەکـانی
کولکەک بێت سەر ئەزمانی
بـوو خەریمـێ مـالا خـانی
حـالێ خانـان کـر بەیـانی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو مەحموودکێ باب نەمایی
کاخەزەک تیرێ پێچایی
ئاڤێتە خیڤەتا شایی[30]

بێگومان ئەڤ جۆرە کەسە نە جهێ باوەرییا خوەییانە و نە یێ دوژمنان و ژبەر هندێ یان ژ لایێ خوەییان، یان ژ لایێ دوژمنانڤە دهێتە کوشتن و ب خرابترین شێوە دهێنە سزادان:

شاهی گۆت دێ بینن و دێ بینن
تۆپا مەزنن هون خشینن
مەحموودکی تێ بحەشینن
برجێد کەلێڤە پەقینن
دا چ جار خولام سەرێ
باخوویێ خوە ڤێ نەیینن[31]

هەرچەندە ئەڤ ڕویدان و خیانەتە د ژێدەراندا نەهاتیە باسکرن و ب تنێ باس ل هێرشێن بەردەوامێن قزلباشان بۆ سەر کەلا ( سولق) کو ئاڤا کەلێ دابین دکر و دهێتە گرتن و سەرئەنجام پشتی شەڕێن دژوار ل گولانا سالا (١٦١٠)ێ، بورجێن کەلێ و سەروکانییا ئاڤێ دکەڤیتە دەستێ قزلباشاندا، هاتییەکرن.[32]

**١٠. هاندانا بەرگرییێ:**

د ئەڤێ خالێدا، هەبوونا وریان زۆر یا گرنگە، کو بێگومان خانێ لەپزێرین د دروستکرنا وەریاندا گەلەک یێ شارەزا بوویە، بۆ نموونە ل دەستپێکا شەڕی و پشتی دوژمنی کەمپا خوە دانای، کورێ ئەوی (عەبدال بەگ)ی بەرێ خوە دا دوژمنی و تڕسیا:

" هەوارە ئەڤ چ زەمانە
چ عەجەمە دۆر مە دگرن
ژ خیزێد چەمان پترن
ژ بەلگێد دارا بۆشترن

لەوڕا خانێ لەپزێرینی گۆت

" عەڤدال بەگ بابۆ نەتڕسە
ئەو عەجەمن پڕ حنێرن
خیڤەتا خالی ڤەدگرن
هند سەمەرن، هند حێشترن
هند شڤانن، هند گاڤانن
هند خەربەندێد دەوارانن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەمی تێرا بابێ تە نابن
عەسکەر نینە بازرگانە
تێت ژ وەلاتێ سۆرانە
بابێ تە پلنگێ چیانە"[٣٣]

یان دەمێ خوارن و ڤەخوارن گەلەک کێم بووی، دێهلەک لبەر دیوارێ کەلێ زا و ئەوی ژی ژ شیرێ ئەوێ، فرینێ ماستی چێکر و بۆ شاهی فرێکر، هەتاکو ئەوان ب خاپینیت و ورەیا دوژمنی بینیتە خوارێ و یا خەلکێ کەلێ زێدە بکەت. هەلبەت سەرەڕای خالا ورەیێ، ئەڤ حیلەیە دچیتە د چارچووڤەیێ بیرتیژیێدا، چونکی شاە دبێژیت:

مەرەم پێ ئەوە، ئەو زەلام و خزمەتكارێن ل دەوروبەرێن ئەوان، گەلەك كەسێن ب رێكوپێك بوون، زێدەباری هندێ كەسێن خودان ئاخفتن خۆش و باش و گۆتنێن جوان و لێكدای بوون، ئانكو وەسفا ئەوان دكەت ب دیتنا خانی ئەو كەسێن گەلەك باشبووینە ئەوێن خزمەتا ئەوان دكر، ئانكو باسێ دەستەیا باش یا خزمەتكارێن دەوروبەرێن میری دكەت و ل گۆرەی دیتنا ئەوی ئەڤ چەندەژی ل دویڤ میری و شێوازێ میری دمینیت، میر دشێت كەس و كاربدەستێن باش دەردۆرێن ئەوی بن و میر دشێت كەس و كاربدەستێن خراب ل دەردۆرێن ئەوی بن. هەر د بەردەوامییا گۆتنێن خۆ دا خانی پتر باسێ تاجدینی دكەت و دبێژیت:

تاجــدین دوو بــرا هــەبوون د قــەللاش

مانەنـــدی دو شـــاهبازێ جـــەمماش

دائـــم دلـــێ دوژمنـــــان دســـۆتن

یـــەك عـــارف و یـــەك چـــەكۆ دگـــۆتن

ئــەمما وی ژ جوملــە خــاص و عامــان

ژەو چەنـــدی بـــرا و بابـــا و مامـــان

لاوەك كریـــوو بـــرا ژ بـــۆ خـــوە

نـێ ئــەز غەلــەطم چـرا ژ بــۆ خــوە

(خانى، ٢٠٠٥، ٨٢)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لڤێرێ خانی باسێ تاجدین و برایێن ئەوی دکەت پەسنا ئەوان دکەت، مەرەما خانی تاجدین و برایێن ئەوی ژ ئەوان کەسێن باشن ل دوروبەرێن میری و کارێن باش ئەنجامددەن و ب باشی د خزمەتا میریدانە.

د وەسفا کەسێن خرابدا ئەوێن ل دوروبەرێن میری، ئەحمەدێ خانی (بەکرۆک)ی دکەتە نموونە و ئەوی ب ئیبلیسی وەسفدکەت، ل گۆرەی گۆتنا ئەحمەدێ خانی، بەکرۆک بوویە ژێدەرێ گەلەک خرابی و کارێن خراب، هەروەسا بوویە ئەگەر میر گەلەک کارێن خراب ئەنجامبدەت، دەمێ دبێژیت:

(القصـــە) ب ئقتضـــائێ خلقـــەت
میـرێ ب کـەمال و عـزز و رفعـەت
ڕاگـــرت ژ بـــۆ خـــوە دەرگەڤانـــەک
فـــەتتانێ زەمانـــە صـــەی پصـــانەک
دائـــم ل دەرێ وی قـــاپۆچی بـــوو
قـەللاع و قـەلاش و قـاوەچی بـوو
ئـــەمما ب نەســـەب نەمـــەردێ بوهتـــان
بـــەلکی موتەوولـــدێ ژ بوهتـــان
ئەصـلێ وی دبـێن ژ مـەر گەڤـەڕ بـوو
مـەحچا وی بەشـەر ب شـۆر و شـەڕ بـوو
نـــاڤێ وی مونـــافقی بـــەکر بـــوو
بـــەلکی ژ بـــەلووقیا بـــەتر بـــوو
مـــەنناع و موذەبـــذەبین و ئبلـــیس
خـــەدداع و خەبەربـــەزین و تـــەلبیس
شـــاگردێ شـــەئامەتا وی شـــەیطان
شـــەرمەندە ژ گوهتنـــا وی بوهتـــان

(خانی، ٢٠٠٥، ١٦٨ و ١٦٩)

### ٤-٤ دابونەریتێن میران:

د مەم زینا ئەحمەدێ خانیدا، هندەك جاران ب شێوەیەکیڕاستەوخۆ و هندەك جاران نەڕاســتەوخۆ باســێ گەلــەك دابونــەریت، هــزر و تێگەهشــتنا میــرێن ســەردەمێن کــەڤن دهێتەکرن. ئێك ژ ئەوان ل دەستپێکا داستانا مەم و زینێ بۆ مە دیاردبیت ئەوژی دەمێ باسێ ئەسل و نەژادێ میرێ بۆتان دکەت و ل گۆرەی گۆتنا خانی میرێن کوردان پتریا جاران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەسل و نەژادێ خۆ نەدزڤڕاند بۆ کوردان بەلکو خۆ د گەهاندنە سەحابی و جەنگاوەرێن کەڤن، ب تایبەت دەمێ دبێژیت:

ئەجناسێ ملـەل موطیـع و مونقـاد
ئەسـلا وی عەرەب ئەمیـرێ ئەکـراد
تەختێ وی جزیـر و بەختێ مەسعوود
طـالع قەوی و مەقـامێ مەحمـوود
رۆم و عەرەب و عەجەم د فەرمـان
مەشـهوور ب نـاڤێ میـرێ بوهتـان
ئابـاتێ عظـام و جەد و والـد
مەنسـووب و موسەلسـەلێ د خالـد

(خانی، ٢٠٠٥، ٧١)

دەمێ ئەم ئەڤان دێران دبینین، بۆ مە دیاردبیت کو خانی دبێژیت میرێن بۆتان ئەسل و نەژادێ خۆ د گەهاندە (خالد کورێ وەلید) و د گۆتن ئەم د ئەسلدا عەرەبین، دیارە ل ئەوی سەردەمی بۆ ئەوان شانازی بوو و هەر ل سەر ئەڤی بنەمایی خەلکێڕێز لێگرتییە، خانی ژی بۆ مە وەسا ددەتە دیارکرن کو ئەڤ نەریتە د کەڤندا ل جەم میرێن کوردان هەبوویە و ژ نەریتێن هەرە گرنگ بوویە ل ئەوی سەردەمی.

ئێک ژ نەریتێن دیێن خانی بۆ مە ددەتە دیارکرن ئەوژی (نێچیر)ە، کو د کەڤندا دگۆتنێ (نێچیرا شاهانە) یانژی (نێچیرا میری) مەرەم پێ ئەو نێچیرەیاکو میر دچوونێ. د سەردەمێن کەڤندا سالێ جارەکێ میر بۆ ماوێ چەند ڕۆژەکان دچوونە نێچیرێ، د ئەڤان نێچیراندا سەرباز، مرۆڤێن مەزن و جەنگاوەرێن زیرەك ل گەل میری دچوون، خانی بۆ مە ددەتە دیارکرن کو ئەڤ نەریتە ل جەم میرێن کوردانژی هەبوویە و دبێژیت:

کەر کەر د چەرین ل کووە و دەشتان
رەف رەف دفـڕین د نێـڤ بهشـتان
(القصـه) ب ئقتچـا زەمـانی
بـوو فرصـەتێ عـەیش و کـامرانی
فەصـلا بگـەڕن ل گەشـت و سـەیران
نێچیـرێ بکـن ژ وەحـش و طـەیران
میـرێ کـو فەلـەك مـوطیعێ فـەرمان
گـۆ: صوبحە نەبوویە قەومێ بوهتـان
ڕابەسـتی سـلاح و گـورز و شمشـیر
(بالجملـه) د گـەل مـە بێنـە نێچیـر

(خانی، ٢٠٠٥، ٢٠٨ و ٢٠٩)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خانی ب تێروتەسەلی باسێ ڕێوڕەسم و دابونەریتێن چوونا نێچیرێ دکەت، ل دەستپێکێ دبێژیت سەردەم بۆ سەردەمی کەیف و خۆشییێ ببەن کو مەرەم پێ وەرزێ بوهارێیە و دەمێ نێچرێیە. دبیت ل ئەوی دەمی بارودۆخ گونجایی بوویە لەوما فەرمان ل مللەتێ خۆ کر و گۆتێڕابن ئەم بچینە نێچیرێ، هەموویان چەك، شمشێر و پێدڤیاتییێن خۆیێن نێچیرێ ئامادەکرن، ل ئەوی دەمی ئەم دشێین بێژین میری نە ب تنێ داخوازکر ل گەل بچنە نێچیرێ، بەلکو ئەڤ چەندە کرە فەرمان:

حاضر نەبتن کەسەك د صەیدێ
ئەو دێ بمرت د بەند و قەیدێ
خەلقێ کو حەتا ب صوبحێ کاذب
حاضر کربوون بساط و راتب
فەجرێ کو نەمایە وان عەلامەت
ڕابوو د وێ شەهرێ دا قیامەت
میران فکرن عوقاب و بازی
شێران دبرن پلنگ و تازی

(خانی، ٢٠٠٥، ٢٠٩)

ل ئەوی دەمێ میران فەرمان ددا، خەلك هەموو مژویلی ئامادەکارییێن نێچیرێ دبوو هەتا بەرێ سپێدێ، ژبەرکو هەر کەسەکی نەچیت دێ هێتە سزادان، دەمێ دبوو سپێدە هند خەلك ئامادە دبوو هەروەکی قیامەتڕابووی، هەروەسا باز و تاژی و گیانەوەرێن تایبەتب نێچیرێ ل گەل خۆ دبرن و خەپسە و قەرەبالغەکا زێدە چێدبوو، هەتا ئەوی ڕاددەی کەس د باژێڕیدا نەما و هەموو ل گەل میری چوونە نێچیرێ، دشێین بێژین خانی ب شێوازەك گەلەك جوان و بالکێش باسێ ئەڤی نەریتێ نێچیرێ دکەت زێدەباری باسکرنا مەزناتی و شکۆمەندییا میری، تشتێ گرنگ ل ڤێرێ خانی دڤێت ب ئاشکەرایی بۆ مە بدەتە دیارکرن کو نەریتێ نێچیرێ ل دەڤ میرێن کوردان هەبوویە و ڕۆژەك هەبوو هەموو خەلك ب شێوەیەکرێکوپێك ل گەل میری دچوونە نێچیرێ. د فەردەوامییا گۆتنێن خۆدا خانی دبێژیت:

دەررندە و ئادەم بەهائم
فەردەک قە نەما د شەهری قائم
دام و دەد و ئادەمی و حەیوان
طفل و صەبی ئاشڤان و رەزڤان
(القصە) قەبیلەیا رجالان
(فی الجملە) کەسەک نەما د مالان
بوو حەشر گەهەک ل صەیدێ گاهان
شەفقەت نەکرن ل پێ گوناهان

(خانی، ٢٠٠٥، ٢٠٩)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئێك ژ نەریتێن دیێن بالكێش، ئەوێن ئەحمەدێ خانی بۆ مە باسدكەت، ئەوژی سەرەدەرییا میرێن جزیرا بۆتان ل گەل گیانەوەران، دەمێ میر ژ نێچیرێ دزڤریت، خانی باسێ سەرەدەرییا میری ل گەل ئەوان گیانەوەران دكەت ئەوێن ل نێچیرێ هاتینە گرتن، دەمێ دبێژیت:

میر گۆ كو ڤەكن ئەڤان غەزالان
پابەند مەكن ئەوان شەپالان

تێك بەردەنە باغی وان وەكی گەیر
دا ئەم بكرن هەرۆ ل وان سەیر

خەلقێ كو غەزال و گوور و خەرگووش
خوەش گرتی ل سەر مل و دەر ئاغووش

ئانین هەمی میری تژژی رەز كر
ئاغول كو شڤانی تژژی پەز كر

(خانی، ٢٠٠٥، ٢٢٨ و ٢٢٩)

دەمێ میر ژ نێچیرێ دزڤریت، داخوازێ ژ خەلكی دكەت ئەو غەزالێن گرتین پێ پابەند نەكەن و بەردەنە ناڤ ناخچەی داكو ئەم هەر رۆژ تەماشەی ئەوان بكەین و چێژێ ژ دیتنا ئەوان ببەین، فەرمان ل خەلكی كر ئەو گیانەوەرێن گرتین هەموویان بەردەنە د ناڤ باخچەیێ ئەویدا، باغێ میری ژی تژی گیانەوەربوو،رەوش و جوانییەكا دیتر دا باخچەی، ئەڤە بۆ مە وەسا ددەتە دیاركرن كو میرێن كەڤن حەز ژ كوشتنا گیانەوەران نەدكر، هەتاكو دەمێ دچوونە نێچیرێ و ئەو گیانەوەرێن بۆ چێژێ گرتین ئازاد دكرن، نەدهێلا خەلك بكوژیت، ئەڤجا ئەگەر وەسا بیتیان نە، خانی بۆ مە هۆسا ددەتە دیاركرن.

ئێك ژ نەریتێن دیتر ئەوێن كو خانی باسدكەت كو ب دیتنا ئەوی ل جەم میران هەبوویە، ئەوژی یاریا (شەترەنج)ێیە، ب دیتنا خانی و ل گۆرەی ئەو تشتێ گەهشتییە ئەوی، د كەڤندایاریا شەترەنجێ بوویە نەریتەك گرنگ ل جەم میران و گەلەك جاران شەرتانێ ل سەر ئەڤێیارییێ دكرن و هندەك جارانژی مینا جۆرە شەرەكی بوو د ناڤبەرا دوو كەساندا، ل ڤێرێ خانی ب تایبەت باسێ ئەوی دەمێ دكەت دەمێ میری بریاردایاریا (شەترەنجێ) ل گەل (مەم)ی بكەت و ل گەل هندێ مەرجانژی بۆ دادنێت. رۆژا بەری هنگی میر بریارێ ددەت كو سوباهی دێیارییێ كەن و خانی دبێژیت:

روونشت و گۆتە پیشەكاران
هوون گازی بكن نەدیم و یاران

تەنها مەمێ ژ مەرا بخوونن
تاجدینی ل گەل برا مەخوونن

پشتی چەند دێرەكان خانی دبێژیت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

ئەو چەند شەراب و قەند و شەككەر
ئەو چەند گولاب و مسك و عەنبەر
ئینان و د مەجلسێ گەڕاندن
كەیفێ د خوە سەر ب سەر گهاندن
ئەنجامێ تەكەللوم و خەبەردان
كێشا كو ب ساطرەنج و نەردان
میر گۆتە مەمێ ب كین و كەربە
ئیرۆ مە د گەل تە جەنگ و حەربە
ڕابە ژ مەڕا وەرە موقابل
بێ شەك ب تە ڕا ئەزم موجادل
شەرطێ مە د گەل تە ئەی سەرەفراز
هەر چی تە د ڤێ ژ بۆ مە دلخواز

(خانی، ٢٠٠٥، ٢٤٤ و ٢٤٥٠)

دیارە ئەڤێ چەندێ ژی دابونەریتێن خۆ هەبووینە، لەوما میرڕۆژا بەری هنگی مەمێ ئاگەهدار دكەت و ئەو جهێ كو دێیاری لێ هێتەكرن هاتە ئامادەكرن و جۆرەها جۆرێن مسك و عەنبەران لێ هاتنە ڕەشاندن، خەلك ژی هاتە خواندن بۆ ئامادەبوون و تەماشەكرنا یاریا ئەوان ژبلی تاجدینی و برایێن ئەوی، هەروەسان دبێژیتە مەمێ ئەگەر توو ل سەر من ب سەركەڤتی تە چ دڤێت دێ دەمە تە و تە خەلاتكەم. ئەڤ نەریتنە و چەندین نەریتێن دیتر خانی بۆ مە ددەتە دیاركرن وەكی (خۆشگوزەرانی، یاری، مۆسیقا، كەیف و خۆشی، ئاهەنگ و شەهیان و ...هتد) كو د ناڤ میرێن سەردەمێن كەڤندا هەبووینە.

**ئەنجام:**

١) ل گەلەك جهان د داستانا مەم و زیندا، خانی پەسنا میران كرییە ب تایبەت میرێن میرگەها بۆتان.

٢) د مەم و زینا خانیدا شكۆمەندی و مەزناتییا میران دهێتەدیتن و هندەك جاران باشێ شكۆمەندییا میرگەهان ژی هاتییەكرن.

٣) ئەحمەدێ خانی نە ب تنێ پەسنا میران كرییە، بەلكو گەلەك جاران ڕەخنێ ل گەلەك دابونەریتێن میران دگریت ب تایبەت ئەوان میرێن ل سەردەمێ بوویەرا مەم و زینێ دەسەلاتداربوون.

٤) ژ گرنگترین دابونەریتێن میرێن سەردەمێن كەڤن ئەوێن ئەحمەدێ خانی باسكرین (نەژاد، نێچیر و یاریا شەترەنج)ێ بوون.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

**لیستا ژێدەران:**

**أ. ب زمانێ کوردی:**

١. ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، بەرهەڤکرن: تەحسین ابراهیم دوسکی، دەزگەهێ سپیرێزێ چاپ و وەشانێ، چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢. حەیدەر لەشکری، دەسەڵاتی میری کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، گۆڤاری شانەدەر، ژ: ٩ ، ١٩٩٩.

٣. د.سەلاح محەمەد سەلیم هروری، میرگەها بۆتان، دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤. کامەران جەمال بابانزادە، دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لە هەردوو سەدەی ٨ و ٩ ك/ ١٤ و ١٥ ز، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٥. کامەران عەزیز عەبدوڵلا، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٦. کورد و کوردستان لە ئنسکلۆپیدیای تورکیدا (قاموس ئەعلامی تورکی) ، وەر: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، بێچاپخانە، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. محەمەد جەمیلرۆژبەیانی، مێژووی حەسنوەیهی و عەییاری، دار الحریه للطباعة، ط١، بغداد، ١٩٩٦.

٨. میر شەرەفخانێ بەدلیسی، شەرەفنامە، وەر: مامۆستا هەژار، دەزگای چەپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێهەم، بێ چاپخانە، هەولێر، ٢٠٠٦.

**ب . ب زمانێ عەرەبی:**

**پەرتووک:**

١. د.فرست مرعي، الامارات الكردية في العصر العباسي ٣٥٠ – ٥٥١١/٩٦٠ – ١١١٧م، دار سپیرێز للطباعة و النشر، الطبعه الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥.

٢. زرار صديق توفيق، الكورد فى العصر العباسي و حتى مجئ البويهيين، مؤسسه موكرياني للبحوث و النشر، الطبعه الاولى، مطبعة مؤسسة ئاراس، أربيل، ١٩٩٤.

٣. قادر محمد حسن، الامارات الكوردية فى العهد البويهي – دراسة فى علاقاتها السياسية و الاقتصادية (٣٣٤ – ٤٤٧ ە/ ٩٤٥ – ١٠٥٥ م) ، مؤسسه موكرياني للبحوث و النشر، الطبعة الاولى، مطبعة رۆژهەلات، أربيل، ٢٠١١.

٤. محمد أمين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الان، ترجمة: محمد علي عوني، جزء الاول، الطبعة الثالثة،بيروت، ١٩٨٥.

٥. المطران اسحق ساكا، السريان ايمان و حضارة، الجزء الرابع، الطبعة الاولى، حلب، ١٩٨٣.
٦. معالي محمد أمين زكي، تاريخ الدول و الامارات الكردية فى العهد الاسلامي، ترجمة: محمد علي عوني، الطبعه الاولى، مطبعه السعادة، مصر، ١٩٤٨.

گۆڤار:

١. كونيرەش، انتفاضةيزدان شير البوطاني (١٨٥٤ – ١٨٥٥)، مجلة متين، العدد ٥٧، تشرين الاول، دهوك، ١٩٩٦.

ج – ب زمانێ فارسی:

٢. كليم الله توحدي، حركت تاريخي كرد به خراسان،ج ١، ط١، مشهد، ١٩٩٢.

سايتێن ئينتەرنێتی:

١. د. قبات شيخ نواف الجافي، إماره بوطان..جوهره الإمارات الكردية: https://sotkurdistan.net/

## الأمير والإمارة في منظور خاني

**الملخص:**

وصف ومدح الامراء منذ القدم كانتا من احدى المقاصد الرئيسية للقصيدة، ولكن مع مرور الزمن، شهدت تلك المقاصد تغييرات كبيرة، ويمكننا أن نشاهد هذه التغييرات والتطورات في الأدب الكوردي عامة و في القصيدة خاصة، ويمكننا أن نقول بأنها قد بدأت بوصف ومدح الامراء واتجهت نحو نقد الامراء وأعوانهم، وفي معظم مراحل الأدب الكوردي كان لهذا الموضوع أهميته الكبيرة وخاصة في مرحلة الشعر الكلاسيكي .

وقد أهتم الكثير من الشعرا الكلاسيكيين الكورد بموضوع وصف ومدح الامراء وتحدثوا عنه بأشكال مختلفة، ويمكننا أن نبين هذا التغير بشكل واضح عند الشاعر خاني، حيث حاولنا أن نعرف إلى أي مدى قام بمدح الامراء و الى أي مدى قام بنقدهم، وهل تمكن خاني أن يتحدث عن الأخلاق والعادات السلبية والايجابية عند الامراء بشكل مطلوب؟ الى أي حد أهتم بهذا الموضوع؟ ولذلك حاولنا أن نكتب بحثا تحت عنوان (الأمير والإمارة في منظور خاني) لكي نبين التغييرات والإبداعات التي انجزه خاني في هذا الموضوع، وفي هذا البحث تم الاعتماد على المنهج (الوصفي والتحليلي).

**الكلمات المفتاحية:** *الامير، الامارة، خاني، امارة بوطان، مم، زين.*

**Mir and Mirdom in Khani's Vision**

**Abstract:**

Since antiquity the praising of Mirs has been one of the themes of poetry but with the passage of time, this has changed. In Kurdish literature and specifically in poetry, this change has been clearly observed. That is to say praising Mirs has shifted to criticizing them and their valets. This has been one of the essential aspects of Kurdish poetry, particularly in the classic poetry .

In Kurdish classic poetry, many poets commended Mirs and addressed them in a variety of ways. This shift is clearly observed in Khani's poems. In this study, an attempt will be made to figure out to what extent Ahmede Khani praised Mirs and to what degree he criticized them. Has Khani been able to successfully address the ethics and bad and good traits of Mirs? How much attention did he pay to this subject matter? Therefore, we attempted to conduct a study under the title of "Mir and Mirdom in Khani's Vision" to prove the shits and creativity adopted by Khani. Descriptive analytical approach is employed in this study.

**Keyword**: *Prince, Principality, Principality of Bhutan, Khani, mam, zeen.*

# ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان لە ئەدەبی کوردیدا

م. ی. نێچیروان جاسم ولی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەرێمی کوردستانعێراق

**پوختە:**

لە سەردەمی میرنشینی باباندا زۆر گرنگی بە بواری زانست و فێربوون و ڕۆشنبیری دراوە. لە پاڵ ئەوەی ئەدەبی میللیی کوردی لە کۆمەڵگەی ئەو ڕۆژگارەدا پێگەی خۆی هەبووە, لەگەڵ ئەوەشدا چەندان کەڵە شاعیری خاوەن دیوان و شیعری بەرز هاتوونەتە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردییەوە و ئەدەبەکەیان بووژاندووەتەوە. ئەدەبی ئەو ڕۆژگارە لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە سیمای تایبەتی خۆی هەبووە. بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعری کوردیی سەردەمی بابانەکان سەرەڕای ئەوەی لەخۆگری مەبەستە شیعرییەکانی وەک: دڵداری, سۆفیزم, سروشت, داشۆرین...هتد بووە, بەڵام ئاوڕیشی لە کەسایەتییە ناودار و ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارەش داوەتەوە و شاعیران تێڕوانین و بۆچوونی خۆیان بە شیعر لەبارەی ئەو کەسایەتی و ڕووداوانەوەوە خستووەتە ڕوو. بەمەش شیعری کوردیی سەردەمی بابانەکان بووەتە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی ئەو ڕووداوانەی لەو سەردەمە مێژووییەدا ڕوویان داوە.

شاعیران وەک کەسانی ڕۆشنبیر و ئاگاداری سەردەمەکەیان بوونەتە گێڕەرەوەی بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەرزەمینەی تێیدا ژیاون و لە ناواخنی شیعر و دووتوێی دیوانەکانیاندا تۆماریان کردووە و بەشێک لە مێژوویان بۆ ئێمە نووسیوەتەوە. لە ڕوانگەی پەیوەندیی پتەوی نێوان مێژوو و ئەدەب و بەرجەستەبوونی کەسایەتی و ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی بابان لە ئەدەبی کوردیدا ئەم توێژینەوەیەمان تەرخان کردووە بۆ نیشاندانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان لە ئەدەبی کوردیی ئەو سەردەمەدا.

ئەو دەقە شیعرانەی ئەو سەردەمە چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی یەکێک لە میرنشینە کوردییە ناودارەکانی مێژووی نوێی نەتەوەکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و دەبنە تەواوکەری ئەو مێژووەی لە پەرتووکە مێژووییەکاندا نووسراوەتەوە و هەندێک ڕووداوی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و چەند گۆشەیەکی ژیانی بەشێک لە کەسایەتییەکانی میرنشینەکەمان دەخەنە بەرچاو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *میرنشینی بابان، ئەدەبی میللی، شیعر، کەسایەتی، ڕووداو*

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوە ڕووناکی دەخاتە سەر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ڕووداوەکانی سەردەمی میرنشینی بابان لە ئەدەبی میللی و شیعری بەرزی شاعیرانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا و ئەو دەقە ئەدەبییانە شی دەکاتەوە, کە بارودۆخی میرنشینەکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و ئەو مێژووەی لە ناخی ئەو دەقانەدایە هەڵیدەهێنجێنێت و یارمەتیمان دەدات بۆ ڕۆشنکردنەوە و تۆمارکردنی چەند لایەنێکی مێژووی نەتەوەکەمان.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە دەقی ئەدەبی کوردی هاوبەشی پێ بکات لە نووسینەوەی مێژووی میرنشینێکی گرنگی کورد, ئەویش میرنشینی بابانە.

سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە: بریتییە لە بەیتی میللی و شیعری بەرزی شاعیرانی سەدەی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بە زاری گۆران و کرمانجی ناوەڕاست.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:

تەوەرەی یەکەم: بنەماڵەی بابانییەکان و دامەزراندنی میرنشینی بابان

تەوەرەی تەوەرەی دووەم: ڕووخاندنی میرنشین

بەشی دووەم:

تەوەرەی یەکەم: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان لە ئەدەبی میللیی کوردیدا

تەوەرەی دووەم: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی بابان لە شیعری بەرزی کوردیدا

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین, خستوومانەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەرەی یەکەم: بنەماڵەی بابانییەکان و دامەزراندنی میرنشینی بابان**

وشەی بابان وەک چەمکێک, کە بووەتە ناوی ئەو بنەماڵە فەرمانڕەوایەی مێژووی کورد و دواتریش بووەتە ناوی میرنشینێک بۆچوونی جیاوازی لێ هاتووەتە کایەوە, بە جۆرێک:

١_ بۆچوونێک پێی وایە (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە) توانیویەتی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ناسناوی (بەبە, بابە, باب)ی بۆ خۆی داناوە و کەسایەتی و پێگەی پێ بەرز بووەتەوە و دوای خۆی (سلێمان بەبە) لەسەر ڕێچکەی باوکی ڕۆیشتووە. (بابان, ١٩٧٦, ٣٥).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

٢_ ڕایەکی دیکە ئەوە دەخاتە ڕوو, کە میرەکانی بابان ((خۆیان بە بەگزادەی تیرەیەکی عێلی کرمانج داناوە گوایە ناویان (بەبە_بابان) بووە)). (قەفتان, ٢٠٠٤, ٣٠٣). خاوەنی ئەو ڕایە بۆچوونێکی دیکەش باس دەکات, کە وشەی بابان لە ((خانەدانی بەبەی پێشووی موکری وە یا ڕاستەوخۆ لە (بابە سولەیمان) ناوداری خانەوادەییەوە داهاتووە)). (قەفتان, ٢٠٠٤, ٣٠٣).

٣_ بۆچوونێکی دیکە بنەچەی وشەکە بۆ ئایینی یارسانی دەگەڕێنێتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ((پێدەچێت لە سەرەتاوە بابانەکانیش لە پێگەی ئایینییەوە ئەو پلەوپایەیان دەستکەوتبێت. (پیر نەزەر) یەکێک بووە لە میرانی بەرایی میرنشینەکە, بە پێشگری (پیر) ناوی هێنراوە)). (بابانزادە, ٢٠١٢, ١٤٨).

٤_ بۆچوونێک ئەوە ڕوون دەکاتەوە وشەی بابان بۆ ((میر (پیربۆداق) دەگەڕێتەوە کە دامەزرێنەری میرنشینەکەیە)). (محەمەد,٢٠٢٢, ١٢٤).

جگە لەم بۆچوونانە بۆچوونی دیکەش هەیە, هەریەکەیان ڕیشە و بنچینەی ناوی بابان بۆ وشەیەک دەگەڕێننەوە.

لەبەر ئەوەی میر (((بۆداق بەبە) سەرداری یەکەمی بابانە)) (قەفتان, ٢٠٠٤, ٣٠٣). بۆیە بووەتە ناوی بنەماڵە و ناوی میرنشینەکەش و لەو کاتەوە زیاتر ناوی بابان بڵاو بووەتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ((سەرهەڵدانی دەوڵەتی صەفەویدا ٩٠٧ک/١٥٠١ز و وەرچەرخانی دەوڵەتی عوسمانی بە لای فراوانخوازیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوای جەنگی چاڵدێران. ئیتر ئەم ناوچەیەش وەکو هەموو شوێنەکانی تری کوردستان لە ستراتیجی گشتی هەردو هێزی گەورە بایەخی پەیدا کرد. ناوی بابانیش تێکەڵاوی ڕووداوەکانی ناوچەکە بوو)) (ئەمین, ١٩٩٨, ٣٥)).

ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە و دەوروبەری کوردستانی ئەوسا ڕۆڵی هەبوو لەوەی ناوی بابان بڵاو ببێتەوە, بە جۆرێک بڵاوبوونەوەی ناوەکە لە ڕووی سەردەم و جوگرافیاوە ((لە سەدەی دەیەمی کۆچییەوە هەم وەکو ناوی ئێل بۆ هەندێ لەو تیر و هۆزانەی لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووک و ڕوباری سیرواندا ئەژیان و هەم وەکو ناوی شوێن بۆ هەندێ لەو شوێنانەی کەوتبووە ئەم ناوچەیە وەکو: پشدەر, مەرگە, سورداش, سەرچنار, شارباژێڕ, شارەزور, قەرەداخ بەکارهاتووە)) (ئەمین, ١٩٩٨, ٣٥)).

کەواتە وشەی بابان کە بۆ بنەماڵەی بابان دەگەڕێتەوە, بەڵام ((بنج و بناوانی خێزانی بابانەکان نادیارە)) (بەسڕی, ٢٠٠٢, ١٦). واتە سەرەتا و سەرهەڵدانیان بە تەواوی دیار نییە. ئەم بنەماڵەیە بناغەدارێژەر و دامەزرێنەری میرنشینەکەن و بنەماڵە و خانەوادەی بابان ((سەرجەم پێنج خانەدان بوون, سەرەتای حوکمیان لە سەدەی نۆیەمی کۆچییەوە دەست پێکردووە)) (قەفتان, ٢٠٠٤, ٣٠٣). واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتاکانی سەدەی شازدە لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی ئەویش میرنشینە دەرکەوتوون. ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

میرنشینە پێنج بنەماڵە فەرمانڕەواییان کردووە. هەر یەک ئەم بنەماڵانەش لە ڕووی شوێن و سەردەم و چەندێتی و چۆنییەتیی فەرمانڕەواییەوە لە یەکتر جیاواز بوون.

**بنەماڵەی یەکەم (١٥٠١_١٥١٦):**

میر بۆداق کوڕی ئەبدال بەگ دامەزرێنەر و یەکەم فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی بابانەکانە. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا ((بناغەی میرنشینەکەی چەسپاندووە و هەوڵێکی زۆری داوە قەڵەمڕەوی بابانەکان بەرفراوان بکات و بە کەسێکی ئازا و نەبەرد و پیاوەتی و سەرکەوتوو وەسف کراوە)). (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٢٦). قەڵەمڕەوی میرنشین لە سەردەمی ئەم میرەدا لە ((گوندی دارەشمانەوە لە قەزای پشدەری لیوای سلێمانی دەستی پێکردووە و هێزە شەڕکەرەکانی کۆ کردووەتەوە بۆ دەستگرتن بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەکانی دەوروبەری)) (الوائلي, ٢٠١٢, ٧٤).

ئەو فراوانخوازییەی میر بووە هۆی ئەوەی ((مەڵبەندی لارجانی لە زەرزا ساند و سیوی لە سۆران جودا کردەوە و سندوسی لە قزڵباش پاک کردەوە و قەڵای مارانی ساز دایەوە و بە میر لیوای خۆی سپارد و هۆزەکانی موکری و بانەی_ بە خواهێشت و بەزۆری_ خستە بەر فەرمانەوە و شارباژێڕی لە دەست ئەردەڵان دەرێنا و خستیە سەر وڵاتی خۆیەوە و هەر مەڵبەندێ کە سەندبووی, کوێخا و گزیری سەر بە خۆی لێ دانان و تەپڵ و ئاڵای دادگەری و سەربەخۆیی, ئاوازەی دا و شەکایەوە و کەرکووکی سەر بە بەغداشی کردە باجدەری بابان و پاسەوانی لەسەر دانان)) (بەدلیسی, ٢٠٠٦, ٣٥٨). میر لە فراوانخوازییەکەی بەردەوام دەبێت و بە مەبەستی داگیرکردنی میرنشینی سۆران هێرش دەکاتە سەریان و میری میرنشینەکە هەڵدێت, بەڵام جارێکیان (پیر بۆداق لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانیدا دەچن بۆ ڕاو, سەیدی کوڕی شا عەلی هێرش دەکاتە سەریان و خۆی پیاوەکانی دەکوژێت لە ١٥١٤)) (الوائلي, ٢٠١٢, ٧٤).

لەبەر ئەوەی میر کوڕی نەبوو, بۆیە فەرمانڕەواییەکە بۆ برازاکەی ((بە ناوی میر بۆداق کوڕی ڕۆستەم بڕاوەتەوە)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٢٧)). ئەم میر بۆداقە میرێکی بێ دەسەڵات و بێ توانا بووە و نەیتوانیوە جێگەی مامی پڕ بکاتەوە, بۆیە ((لەبەر دەستەوەستانی, ئاغا و نۆکەرانی بەردەستی لە فەرمانی دەرچوونە دەر و لە پاش دوو ساڵ مەزنایەتیکردن پڕ لە کەمایەسی, لە داخان وە زگی دا و وەچەی بابان لە ئارادا نەما و نۆکەران جێیان گرتنەوە)). (بەدلیسی, ٢٠٠٦, ٣٥٩). بە مردنی ئەو میرە بنەماڵەی یەکەمی بابانییەکان کۆتایی هاتووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بنەماڵەی دووەم (١٥١٦_١٥١٩):**

دوای مردنی میر بۆداق کوڕی ڕۆستەم میرێکی دەرەوەی بنەماڵەی یەکەم دەسەڵات دەگرێتە دەست, ئەویش پیر نەزەر کوڕی بارامە. ئەم میرە دامەزرێنەری بنەماڵەی دووەمی بابانەکانە و میرێکی ئازاد و سەربەست و دادپەروەر و دەست کراوە بووە, لەبەر ئەوە ((هەموو ژێر دەستانی لە دەست و پێوەندییەوە هەتا سوپایی و ڕەشایی و بۆرە پیاو و بەناو و بێ ناو, لە دڵ و هەناوەوە خۆشیان ویستووە و سەرکەوتنی ئەویان لە خوا ویستووە)) (بەدلیسی, ٢٠٠٦, ٣٥٩) و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میرە سنووری میرنشینەکەی فراوان کردووە و ((کفری خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە)). (حسین, ٢٠٠٠, ١١) و خستوویەتییە سەر میرنشینی بابان. بە مردنی ئەم میرە میرنشینەکە دەبێتە دوو بەش و هەر بەشێکی کوڕێکی فەرمانڕەوایی کردووە.

**بنەماڵەی سێیەم (١٥١٩_١٥٣٣):**

بە مردنی میر پیر نەزەر بنەماڵەی سێیەمی بابانییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە میر سلێمان کوڕی پیر نەزەرە, کە ناوچەیەکی گەورەی فەرمانڕەواییەکەی باوکی لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە. لەگەڵ براکەی, کە ناوی میر ئیبراهیم بوو ((ماوەیەکی زۆر پێکەوە نێوان خۆش و دۆستی گیانی بوون. لە ئەنجامدا دوو زمان و کەتن گێڕان خۆیان دەناو خزاندن و لە یەکتریان ترازاندن و دۆستایەتی بوو بە دوژمنی و بەگژداچوونەوە)) (بەدلیسی, ٢٠٠٦, ٣٦٠). ئەم دوژمنایەتی و ململانێیە بەوە گەیشت ((میر سلێمان میر ئیبراهیمی لە ١٥٢٨ کوشت و بەشی ئەوی لە وڵاتی بابان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە)) (الوائلي, ٢٠١٢, ١٢٨).

**بنەماڵەی چوارەم (١٥١٩_١٥٣٣):**

میر ئیبراهیم دامەزرێنەری بنەماڵەی چوارەمی بابانەکانە, سەردەمی ئەم میرەش هاوکاتە لەگەڵ بنەماڵەی سێیەمی بابانەکان, لەبەر ئەوەی بە مردنی پیر نەزەر میرایەتی بابان لەنێوان میر سلێمان و میر ئیبراهیم دابەش دەکرێت و میر ئیبراهیم ناوچەیەکی کەمتری لە میر ئیبراهیمی برای بەر دەکەوێت. لە سەرەتادا هەردووکیان بە ئاشتی و تەبایی ژیاون, بەڵام لەبەر ململانێ و ناکۆکیی نێوان هەردووکیان لە ساڵی ١٥٢٨ میر ئیبراهیم دەکوژرێت و سێ کوڕی لە پاش بەجێ دەمێنێت: ((حاجی شێخ و میرە و میر سولەیمان. حاجی شێخ لە پاش کوژرانی بابی, زێد و هەمەدەمی بەجێ هێشت و ڕووی کردە وڵاتی عەجەم و چووە شا تەهماسپ, بەڵام زۆر ڕووی خۆشی لە شا نەدی و بە نائومێدی گەڕایەوە)) (بەدلیسی, ٢٠٠٦, ٣٦٠). ئەم میرە میرێکی بەدەسەڵات و خاوەن هێز بووە و سێ جار هێرشی سەفەوییەکانی شکاندووە. ئەم میرە لە کاتی سەردانێکی بۆ بەغدا لە ڕێگەدا کەوتووەتە بۆسەی کوردانی ناوچەی مەرگە و کوشتوویانە (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٢٩). لەم شەڕەدا میرەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

برایشی لەگەڵیدا کوژراوە و پاشان سلێمانی برای مردووە و دوای خۆی دوو کوڕی بەناوەکانی بۆداق و سارم بەجێ هێشتووە.

دوای کوژرانی حاجی شێخ، بۆداقی کوڕە گەورەی ((لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانوونی کرایە فەرمانڕەوای میرنشینەکە و بە شێوازێکی ڕێکوپێک وڵاتی بەڕێوەبرد و یەکسانی و دادپەروەری بڵاو کردەوە)) (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٢٩). دوای ماوەیەک حسێن بەگی کوڕی میر سلێمان داوای میرایەتی کردووە، بەڵام میر بۆداق ئامادە نەبووە دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی ببێت، هەرچەندە حسێن بەگ بە یارمەتیی میرنشینی بادینان دەسەڵاتی گرتە دەست. لەو سەروبەندەدا لە لایەن عوسمانییەکانەوە بەڵێنی پێ درا و میرنشینەکەی پێ بەخشرایەوە (بەدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٦١). لە بەرانبەردا حسێن بەگ چووە ئەستەنبوڵ و ئەویش متمانەی سوڵتان سلێمان قانوونی وەرگرت، بەڵام میر بۆداق ملکەچی لادان نەبوو لە میرایەتی، بۆیە سوڵتان فەرمانی بە بایەزید دا بۆداق بکوژێت و سەرەکەی بۆ سوڵتان بنرێت (الوائلي، ٢٠١٢، ١٢٨).

پاش کوژرانی میر بۆداق لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە ((میر خدر بەگ کوڕی سلێمان بەگ فەرمانڕەوایەتیی میرنشینی بابانی لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە پێدرا)) (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٣١). ئەم میرە لەبەر ئەوەی تەمەنی بۆ میرایەتی بچووک بووە، لەبەر ئەوە دوای ئەوەی ((میرە بەگی موکری لە قزلباش هەڵگەڕاوە و هاتە بەر فەرمانی عوسمانی. ناوچەی مەرگە لە خدر بەگ سێندرایەوە و درا بە یەکێک لە کوڕانی و لەسەر ئەمە بۆ ماوەیەک شەڕ و هەرا لەنێوان خدر بەگ و میرە بەگ دەگەڕا، لەو بەینە خدر بەگ بەر مەرگ کەوت)) (بەدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٦٤).

بە کۆتاییهاتنی سەردەمی خدر بەگ فەرمانڕەوایی بنەماڵەی چوارەمی بابان کۆتایی هاتووە و دواتر بە دەسەڵات گرتنەدەستی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی پێنجەمی بابان دەست پێدەکات.

**بنەماڵەی پێنجەم (١٦٥٠_١٨٥١):**

فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بە دامەزرێنەری بنەماڵەی پێنجەمی بابان دادەنرێت و بەو سەرکەوتنەی بەسەر کوڕەکانی کاکەمیردا ناوچەی مەرگە و پشدەری یەک خستەوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاند و ((میرنشینەکەیشی گوێزایەوە بۆ گوندی دارەشمانەی ناوچەی پشدەر)) (نازم بەگ، ٢٠١٢، ٢٣). کەواتە فەقێ ئەحمەد ناوەندی فەرمانڕەوایی بابانی لە مەرگەوە بۆ دارەشمانە گواستەوە و ((فەقێ ئەحمەد ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی پەیدا کرد و دەستوپێوەندی زیاد کردن و چەند ئاوەدانییەکی خستە ژێر دەستەوە، بانگی بنەماڵەی بابان و زیندووبوونەوەی بە کوردستاندا بڵاو کردەوە)) (حوزنی، ٢٠١١، ٤٦٢).

فەقێ ئەحمەد میرێکی ئازا و دلێر بووە و لە ساڵی ١٦٦٣ لە چەند شەڕێکدا بەشداری کردووە و ئازایەتی و نەبەردیی خۆی نیشان داوە, کە بووەتە جێگەی سەرنجی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و بەفەرمی گوندی دارەشمانە و ناوچەی پشدەریان پێ بەخشیوەتەوە. (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٣٢). فەقێ ئەحمەد جێگەی متمانەی عوسمانییەکان بووە, بۆیە ئەمە هاندەری بووە بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی و مەبەستە فراوانخوازییەکەی و ((لە بەشی ئێرانەوە ناوچەکانی گەورک و مەنگوڕ و مامش و وجاخ و هەروەها لە لایەکی تریشەوە ناوچەی بیتوێن هەتا دەگاتە کۆیسنجەق خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە, بۆ ئەمە قەت خوێنی نەدەرشت, چونکە لەبەر عەدالەت و کردەوەی شیرینییەوە خەڵکی خۆیان دەکرد بچنە ژێر سایە و دەسەڵاتییەوە)) (خەزنەدار, ٢٠١٤, ٣٧). فەقێ ئەحمەد سیاسەتێکی دادپەروەرانەی پەیڕەو دەکرد و لای خەڵک خۆشەویست بووە و خاوەنی ڕۆشنبیریی سەردەمی خۆی بووە, بە مردنی فەقێ ئەحمەد, بۆداقی کوڕی جێگەی گرتەوە.

میر بۆداق دوای باوکی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی گرتە دەست و لە ئازایی و نەبەردی و دلێری و دادپەروەری هاوچەشنی باوکی بووە, بە جۆرێک ((پەیتا پەیتا خەڵکی و عەشائیری ئاکۆ و بلباس و ئالان و ماوەت هاتنە ژێر دەسەڵاتییەوە و بەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ سنووری وڵاتەکەی و نفوزی خۆی پەرەی سەند)) (قەفتان, ١٩٦٩, ١٦). ئەم فراوانخوازییە وای کرد ((ناوەندی حوکمڕانی گواستەوە بۆ ماوەت)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٣٣).

میر بۆداق ئاگاداری بارودۆخی خەڵکی سەر بە میرنشینەکەی بوو بەو پێیەی ((زستانان لە دارەشمانە دائەنیشت..., بەڵام بەهاران و هاوینانی لە ماوەت ئەبردە سەر, نیازیش لەم کردەوەیەی تەنیا ئاووهەوا گۆڕین و خۆشەویستیی سروشت بوو, بەڵکو نیازی لەمە ئەوەش بوو ئاگای لە حاڵ و دۆخی میللەتەکەی بێت)) (قەفتان, ١٩٦٩, ١٧) بەم کارە سۆز و سەرنجی گەلەکەی بۆ خۆی ڕادەکێشا.

بە مردنی میر بۆداق, فەرمانڕەوایی کەوتە دەستی میر سلێمانی کوڕی, ئەم میرەش میرێکی ئازا و خاوەن دەسەڵات بووە و لە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی بووە, چونکە ((دوای ئەوەی دەستی بەسەر ناوچەکانی قزلجە و سرۆچکدا گرت, جڵەوی هەڵمەتەکانی ڕووەو قەرەداغ و بازیان و شارەزوور وەرگێڕا, بە داگیرکردنی ئەم ناوچانەش چوارچێوەی حوکمی خۆی فراوان کرد)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٣٤). بە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکی لێهاتوو و چاکساز بووە, بۆیە ((بابا سلێمان بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی میرنشینی بابان هەژمار دەکرێت)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٣٤). یەکێک لەو بۆچوونانەی کە باس لە بنچینەی ناوی بابان, وشەکە بۆ ئەم (بابا سلێمان)ە دەگەڕێنەوە.

هەوڵەکانی ئەم میرە بە ئاراستەی سەربەخۆخوازی بووە, دەیویست بگاتە دامودەزگایەکی سەربەخۆ. داگیرکردنی میرنشینی ئەردەڵانیش هەنگاوی یەکەمی ئەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

مەبەستە بووە و دەوڵەتی عوسمانی سڵی لێ دەکردەوە و دەترسا بەتەنیا هێرش بکاتە سەری (قەفتان, ٢٠٠٦, ١٠_١١). ئەم میرە نەک تەنیا لەگەڵ عوسمانییەکان, بەڵکو لەگەڵ ئێرانییەکانیش لە ململانێدا بوو, ئەمەش لە ڕوانگەیەکی ئایینی و مەزهەبییەوە بوو ((وای دەبینین خیانەتکاران بەرانبەر دین و سووکایەتی بە مەزهەب دەکەن, لەم خاڵەوە وای بۆ دەچوو دوژمنایەتیکردن و شەڕ لەگەڵکردنیان ئەرکێکی دینی سەرشانیەتی)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٣٥). هۆکاری سەربەخۆخوازی و فراوانخوازی وای لەم میرە کرد پایتەخت و ناوەندی دەسەڵاتی لە ماوەتەوە بۆ قەڵاچوالان گواستەوە, لەبەر ئەوەی قەڵاچوالان شوێنێکی تا ڕادەیەک سەخت و دژواری هەبووە و دوژمن نەیتوانیوە بەئاسانی داگیری بکات.

دوای فەرمانڕەوایی سلێمان پاشا, چەندان میری دیکە درێژەیان بە فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی بابانییەکان داوە, هەندێکیان میری خاوەن دەسەڵات و توانا بوون. جگە لە لایەنی سەربازی, خەریکی ئاوەدانکردنەوەی میرنشینەکە و فراوانخوازی بوون, هەروەها میری بێ توانا و لاوازیش هاتوونەتە سەر دەسەڵات, ئەمەش وای کردووە میرنشینی بابان چەند ساڵێک بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٣٩). هەرچی قەڵاچوالانی پایتەختە تازەکەی میرنشینە, ئەوا پتر لە سەد ساڵ مەڵبەندی میرنشینی بابان بووە, تا لە ساڵی ١٧٨٤ ئیبراهیم پاشا شاری سلێمانی ئاوا کرد و کردی بە مەڵبەندی میرنشین, قەڵاچوالان ڕووخێندرا و خەڵک داروپەردووی خانووەکانیان بۆ ئاواکردنی خانووە نوێیەکانیان لە سلێمانی هێنا (یوسف, ٢٠٠٢, ٥).

قەڵاچوالان سەرەڕای گرنگی قەڵاکەی و بایەخی شوێنەکەی, بەڵام هەندێک کەموکورتی هەبوو, چونکە لە شوێنێکی چەپەک و لاڕێ و دوور لە ڕێگای هاتوچۆ بوو, وزەی پەرەسەندن و گەورەبوونی نەبوو, نزیک ئێران و لە ژێر چەپۆکیدا بوو (بابان, ٢٠١٢, ٢٦_٢٧). ئەم هۆکارانە وای لە یەکێک لە میرەکانی بابان کرد بیر لە دروستکردنی شارێکی نوێ بکاتەوە بۆ کردنی بە پایتەختی میرنشینەکە, لەبەر ئەوە ئیبراهیم پاشا, کە بنیاتنەر و دروستکەری شاری سلێمانی بوو, سەردەمی منداڵی لەبەر چەند هۆیەکی ڕامیاری لە بەغدا ژیاوە, بۆیە ((لە شوێنێکی (دواکەوتووی وەک قەڵاچوالانی ئەوسای لە چاو بەغدای ئەو ڕۆژەدا) هەڵی نەکرد, لە ڕاستیدا دەشیویست ناو و شۆرەتێک بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی وەدەست بهێنێت ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەی برایم پاشا قەڵاچوالان بەجێ بهێڵێت و بێ لەم دیو شاخی گۆیژەوە لە دامێنیدا لە نزیک دێی (مەڵکەندی)ی ئەوسادا لە ساڵی (١٧٨٤) شاری سلێمانی دروست بکات)) (بابان, ٢٠١٢, ٢٧).

دوای ئەوە شار فراوان بووە و ((دانیشتووانی قەڵاچوالان دوو هەزار ماڵ زیاتر دەبوون, خۆ ئەگەر نەڵێین گشتیان, دەڵێین زۆربەیان قەڵاچوانیان جێ هێشتووە و ئەوانیش دوای پاشا کەوتوون و هاتوونەتە سلێمانی, هیچ گومان لەوەشدا نییە, کە لەملاولاشەوە هەر خەڵکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بۆ هاتووە)) (بابان, ٢٠١٢, ٤٢). بەم جۆرە شارەکە ئاوەدان کراوەتەوە و خانوو و مزگەوت و خانەقا و بازاڕ و لەشکرگا و بەندینخانە و بازاڕ و گەرماو ...ی تێدا دروست کراوە. لەوە بەدواوە بووەتە ناوەندی زانست و فێرکردن و ڕۆشنبیری و ئەدەب و سۆفیزم و میرەکانی بابان تا ڕووخاندنی میرنشینەکە تێیدا فەرمانڕەواییان کردووە.

**تەوەرەی دووەم: هۆیەکانی ڕووخاندنی میرنشینی بابان:**

چەند هۆیەک بۆ ڕووخاندنی میرنشینەکە هەبوون, ئەمەش بۆ دوو لایەن دابەش دەبن:

**أ_ هۆکارە ناوخۆییەکان:**

هەندێک لە هۆکارەکانی ڕووخاندنی میرنشینی بابان پەیوەست بوو بە ناوخۆی میرنشینەکە و ناکۆکیی نێوان میرەکان و بنەماڵەی بابانەکان.

١_ هەڵکەوتەی جوگرافیی میرنشین: سەرەڕای ئەوەی لە مێژووی میرنشینەکە و لە سەردەمی جیاوازدا چەند پایتەختێکی هەبووە, کە دواترینیان سلێمانی بوو. بەشێکی ئەم جێگۆڕکێیە لەبەر دەسەڵاتگرتنە دەست بووە لە لایەن پاشای تازە و هەروەها تا لە هێرشی دوژمن دوور بن, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە مەترسیی دوژمن ڕزگاریان نەبووە, لەبەر ئەوەی شوێنی میرنشینەکە بە جۆرێک هەڵکەوتبوو, کەوتبووە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی.

٢_ناکۆکیی ناوخۆیی: لەگەڵ ئەوەی میرەکانی بابان, بەتایبەتیش میرەکانی دوایین بنەماڵە, هەموویان لە چوارچێوەی یەک خانەوادە بوون و خزم و کەسوکاری نزیکی یەکتری بوون, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێی توندیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو بۆ دەسەڵات گرتنە دەست و بەشێک لە میرەکان سوپای عوسمانی و ئێرانییان دەهێنایە سەر یەکتری و پیلانیان لە دژی یەکتری دەگێڕا بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی و کورسیی دەسەڵات بۆ خۆیان بێت, بۆ نموونە ئەو کاتەی مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان خەریکی شەڕ بوو لەگەڵ محەمەد پاشای سۆران ((سلێمان بەگی برای مەحموود پاشا, دەستی خۆی وەشاند و هەندێک لە سوپای کاکی هەڵگێڕایەوە و هات لەسەر کورسیی براکەی دانیشت)) (بابان, ٢٠١٢, ٨٣).

٣_ بایەخنەدان بە پێویست بە لایەنی سەربازی: هەرچەندە لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانی سەربازگە دروست کراوە, بەڵام زۆربەی میرەکان وەک پێویست بایەخیان بە بواری سەربازی نەداوە بە مەبەستی بەرگریکردن لە میرنشینەکە. تەنیا ((ئەحمەد پاشای بابان نەبێت کە ئەویش لە کۆتاییەکانی سەردەمی میرنشینەکە بووە و پێڕانەگەیشت سوپایەکی تۆکمەی تەواو بەرهەڵستی سوپای عوسمانی پێ بکات, کە هەرچەندە مەشق و زانستی نوێی جەنگی فێری سوپاکەی کردبوو)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٨٧).

ب_هۆکارە دەرەکییەکان:

جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکانی ناو میرنشینەکە هەندێک هۆکاری دەرەوەی میرنشینەکە هەبوو، کە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕووخاندنی میرنشینەکە و دەسەڵاتیان.

١_ پەیاننامەی دووەمی ئەرزڕۆم: ئەم پەیاننامەیە لەنێوان نوێنەرانی هەردوو عوسمانی و ئێرانی و بە چاودێری دەوڵەتە گەورەکانی: بەریتانیا و ڕووسیا ئیمزا کرا (ئەمین، ١٩٩٨، ١٩٩). ئەم پەیاننامەیە لە هەشت مادده پێکهاتبوو بە مەبەستی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە و لە ماددەی دووەمی پەیاننامەکەدا هاتووە: ((دەوڵەتی ئێران بەتوندی بەڵین دەدا کە واز لە هەموو خواستەکانی حۆی بەرانبەر شار و ویلایەتی سلێمانی بهێنێت)) (ئەمین، ١٩٩٨، ٢٥٨). بەمەش کاربەدەستانی ئێرانی یارمەتیی میرەکانی بابانیان نەدەدا، کە پێشتر چەندان جار هانایان بۆ بردبوون.

٢_ سیاسەتی بەناوەندیکردنی دەسەڵات: میرنشینە کوردییەکان لەنێویشاندا میرنشینی بابان سەر بە والیی بەغدا و دەوڵەتی عوسمانی بوو و لەسەر پاشای بابان پێویست بوو لە کاتی شەڕدا پاڵپشتی والیی بەغدا بێت و ((سوپا بنێریت بۆ یارمەتیدانی کە داوای دەکرد، ساڵە و ساڵیش شتێک خەرجی بۆ ئاستانە بڕوات)) (بابان، ٢٠١٢، ٦٧). کەواتە میرنشینەکان جۆرێک لە سەربەخۆییان هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوی سیاسەتی بەناوەندیکردنی دەسەڵاتی کرد و ئەمەش بووە هۆی کۆتاییهێنان بە میرنشینەکان.

٣_ململانێی میرنشینی بابان لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی دیکە: لەبەر ئەوەی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان هاوسنوور بوو لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی دیکە بە تایبەتی ((ململانێ و شەڕی نێوان میرنشینی بابان لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵان بووە هۆی لاوازی زیاتری میرنشینەکە)) (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٨٨). هەروەها عەبدولڕەحمان پاشا هێرشی کردە سەر میرنشینی بادینان و تەفروتونای کرد، (خەسرەو، ١٩٥٧، ٢٦).

هەموو ئەو هۆکارانە وای کرد میرنشینەکە بەرەو بێهێزی بڕوات و والیی بەغدا هێرش بکاتە سەر میرنشینەکە و لەو کاتەدا ئەحمەد پاشا ڕای کرد بۆ ئێران و لەوێوە چوو بۆ ئەستەنبوڵ و پاشان عەبدوڵڵا پاشا کراوە بە قائمقامی سلێمانی و دوای چوار ساڵ بۆ بەغدا بانگ کراوە و بۆ ئەستەنبوڵ نێردراوە (قەفتان، ٢٠٠٩، ٢٤٤). بە جۆرە میرنشینەکە لە لایەن عوسمانییەکانەوە ڕووخێنراوە و سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان و دوای عەبدوڵڵا پاشا، دەسەڵاتداری تورک بوونەتە فەرمانڕەوای شارەکە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بەشی دووەم:**

کەسـایەتییە دیارەکـان و ڕووداوە گرنگەکـانی مێـژووی کـورد جـگە لەوەی لە لایەن مێژوونووسـانەوە لە دووتـوێی کتێبە مێژووییەکـان تۆمـار کـراون, بەڵام بەشـێکی ئەو کەسـایەتی و ڕووداوانە چـوونەتە نێـو دیـوانی شـیعر و دێـڕی شـاعیران و بەیتـی بەیتبێـژان و بوونەتە بابەتی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆش. واتە ئەو کەسایەتی و ڕووداوانە بوونەتە کەرەستە و نـاوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکـانی میللەتەکەمـان و لە ڕێـگەی ئەو دەقە ئەدەبییـانەوە بە بەشێک لە مێژووی نەتەوەکەمان ئاشنا دەبین.

ئەدەبـی کـوردی لە کـۆنەوە جـگە لە ئەرکـی ئیسـتاتیکی و چێژبەخشـین, کۆمەڵێک ئەرکی دیکەشی بەجێ هێناوە یان کۆمەڵێک ئەرکی دیکەی پێ سپێردراوە, یەکێـک لەو ئەرکـانەش تۆمـارکردنی ڕووداوەکـانی مێـژوو و پیشـاندانی کەسـایەتییە مێژووییەکانی کورد بووە, کە ئەمەش بووەتە تۆمارێک دەکرێت لەوێوە سەیری ئەو دەقە ئەدەبییانە بکەین و هەندێک لە ڕووداوەکانی لێوە هەڵبهێنجێنین.

بارودۆخی میرنشینی بابان بووەتە کەرەستە و بابەتی زۆر ژانری ئەدەبی کوردی, بە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی و بەرزیشەوە. هەندێک لە شاعیرانمان لە ڕۆژگاری میرنشینەکە ژیـاون و ڕووداوەکـانی ئەوێ ڕۆژیـان تـێکەڵ بە هەسـت و سـۆز و خەیـاڵی شـاعیرانەی خۆیـان کردووە و لە دوو توێی دیوانەکانیان ڕەنگرێژیان کردووە و هەندێک لەو شاعیر و نووسەرانە لە دوای سـەردەمی بابانەکـان هـاتوون بەشـێک لەو ڕووداو و کەسـایەتییانەی میرنشـینەکەیان لە شیعرەکانیان یادداشت کردووە, لەوانە: حەمدی, قانع..هتد.

لە فۆلکلـۆری کوردیـدا: بەیتـی کـاکەمیر و کـاکەشێخ لە بەشـێک لە مێـژووی بابانەکـان دەدوێت و سـەبارەت بە ژانـری چیرۆک دەکرێت ئـامـاژە بە چیرۆکـی (دوانـزە سـوارە مەریوان) و (مەحموود ئاغای شیوەکەڵ)ی پیرەمێرد و (مـامە یـارە)ی جەمـال بابـان بـدەین و لە شانۆنامەش شانۆنامەی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)ی تەڵعەت سامان نموونەیەکی بەرچاوە.

**تەوەرەی یەکەم: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی میرنشینی لە ئەدەبی میللیی کوردیدا:**

مەبەست لە ئەدەبی میللی ((ئەو ئەدەبەیە, کە بە شێوەیەکی ئاسان ئامادە کراوە, لە تێگەیشـتنی زۆریـنەی خەڵکـی نـزیکە, سـەرزاری بێـت, یـان نووسـراو, خـاوەنەکەی ڕۆژگارەکەی دیارە, بە فۆڕمی جۆراوجۆر گوزارشت لە پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکات)) (عەبـدوڵلا, ٢٠١٤, ٩٣) ئەدەبـی خـاوەنەکەی دیـارە و شـەقڵی سـەردەم و کـاتی هـاتنە ئـارای دەقەکەی پێوە دیارە. واتە دەبێتە بەڵگەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی لە ڕووی شوێنیشەوە کـاریگەریی نـاوچە و دیـالێکتی نـاوچەکەی پێوە دەبینرێت. زمـانی نووسـینی ئەم فـۆڕمە ئەدەبییە زمانێکی ئاسانە و زۆرینەی خەڵک تێی دەگەن, لەمەوە ئەدەبی بەرز جیا دەبێتەوە, چـونکە ئەو وردەکـاری و چنیـنە نـاوازەیەی لە دەقەکـانی ئەدەبـی بەرزدا هەیە لە ئەدەبـی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میللیدا بەرچاو ناکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی میللی بەشێکی گرنگی ئەدەبی نەتەوە پێکدەهێنێت و زۆر لایەنی مێژوویی ئەو سەردەم و بارودۆخەی تێدا هاتووەتە ئاراوە بۆمان روون دەکاتەوە.

یەکێک لەو ژانرانەی ئەدەبی میللی, کە گرنگییەکی زۆری هەیە, بەیتە. ئەم ژانرە وەک ژانرێکی هونەرێکی شیعری خۆماڵییە ((زمانی میللییە و ڕستەی ساکارە و زۆربەی خەڵک تێی دەگات, کێشی خۆماڵی (سیلاب)ە و قافیەی ڕەنگاوڕەنگە و لەسەر بنجی بەند (کۆپلە) دادەمەزرێت)) (خەزنەدار, ٢٠١٠, ١٩١). بە هۆی ئەوەی زمانی دەربڕینی سادەیە, بۆیە ((هیی سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی هونەری بەرزە)) (عەبدوڵلا, ٢٠١٤, ١٩١).

یەکێک لەو بەیتانەی بووەتە تۆمارێکی گرنگی بارودۆخی سەردەمی بابانەکان, بەیتی (ئەوڕەحمان پاشای بابان)ە, کە خاوەنەکەی (عەلی بەردەشانی)یە (١٧٦٧_١٨٠٩). ئەم بەیتە میللییە لە ڕووی قەوارەوە زیاتر لە (٢٩٤) دێڕە و بە زمانێکی سادە و تا ڕادەیەک ناوچەیی نووسراوە. لە ڕووی کێشەوە لەسەر کێشی خۆماڵی (٧ بڕگەیی)یە و سەرواى ڕەنگاوڕەنگە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ((بەتەواوی ئاوێنەی دەوری بابانە, هەر ئەوە نییە کە تەنیا لە ڕووی ڕووداو و شەڕ و کارەساتی ڕۆژانە دەرخستن و نەخشە کێشانەوە بووبێتە ئاوێنە, بەڵکو لە ڕووی بیروڕا و جۆری بیرکردنەوە و هەستی خەڵکی دەربڕین و خستنە ڕووی مەسەلە گرنگەکانی سەردەمیشەوە)) (ڕەسووڵ, ١٩٨٠, ٥٥).

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لەو بەیتەدا, چەند گۆشەیەکی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولڕەحمان پاشامان پیشان دەدات, کە بەردەشانی خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە.

بەردەشانی لە سەرەتای بەیتەکەدا جگە لەوەی خۆی دەناسێنێت, لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی پاشا دەکات:

ئەزم عەلی بەردەشانی
لەنگم نەکەی لە زمانی
بەیتێ دەڵێم بە ڕەوانی
مەدحی پاشای کوردستانی (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٢_٢٢٣)

ئەم وەسفەی بەردەشانی بۆ عەبدولڕەحمان پاشا کردوویەتی لەوەوە هاتووە ((ئەم میرە بەهێزترین و ئازاترین میری بابان بوو)) (بابان, ٢٠١٢, ٧٣). هەروەها ئەم میرە هەردەم ویستی فراوانخوازی هەبووە و هەوڵی داوە زۆرترین ڕووبەر بخاتە ژێر قەڵەمڕەوەکەیەوە.

بەردەشانی زیاتر مەبەستەکەی ڕوون دەکاتەوە و ئەو پاشایەمان پێدەناسێنێت:

مەردە عەبدولڕەحمان پاشا
پاشای بەبان, جیهانگیری



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕەنگ ڕۆستەمی, زاڵی پیری

لەنێوان میران, پاشا میری (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٣)

خاوەنی بەیت عەبدولڕەحمان پاشا لە ئازایەتیدا بە ڕۆمی زاڵ دەیچوێنێت, ((ئەم پاشا گەورەیە لە هەرە پاشا گەورەکانی میرنشینی بابان دەژمێردرێت, کە ناوی بە زرنگی و نیشتمانپەروەری دەرکردووە)) (خەسرەو, ١٩٥٨, ٢٦) و ئەم میرە لە ساڵی ((١٧٨٩ پلەی میری میرانی پێ بەخشرا)) (بابان, ٢٠١٢, ٧٤), بۆیە بەردەشانی بەو چەشنە دەریدەخات کە لەناو میرەکان دیارە.

بەردەشانی خۆی وەک ئامۆژگاریکەرێکی پاشا دەردەخات, کە پاشا لە بەغدا یاخی ببێت, چونکە والیی بەغدا چوار ساڵ پاشای لە بەغدا هێشتبووەوە, بۆیە بەردەشانی پێی دەڵێت گوێ لە ڕاوێژی ئەو بگرێت:

تەحا بە ڕا و تەگبیری

ڕانابوێرم بە فەقیری

ناکەم خزمەتی وەزیری

نانی دەستێنم بە شیری (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٣)

ئەمە جۆرە هاندانێکە بۆ ئەوەی پاشا لە بەغدا دوور بکەوێتەوە و زیاتر سەربەخۆیی بپارێزێت و گرنگیی بە میرنشینەکەی بدات. لەو سەروبەندە و لە ساڵی ١٨٠٤ لەسەر داوای والیی بەغدا, عەبدولڕەحمان پاشا بە سوپاکەیەوە ڕووی کردووەتە بەسرە و زوبێر بۆ بەرەنگاربوونەوە جووڵانەوەی وەهابییەکان, هەرچەندە زۆربەی سوپاکە لە گەرما و تێنوێتییەدا خنکان, بەڵام بەسەرکەوتوویی بۆ سلێمانی گەڕایەوە و نەچووە لای والی (بابان, ٢٠١٢, ٧٤).

بەردەشانی ئەم هەڵوێستەی پاشا بەرز دەنرخێنێت و بە جۆرێک لە یاخیبوون و سەربەخۆخوازی دادەنێت:

یاغی دەبم ئینشائەڵڵا

تەوەکول و تەعالەڵڵا

ئافەرین و بارەکەڵڵا

هەی کورە بەبەینە هەڵڵا (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٣)

لەو کاتەی عەبدولڕەحمان پاشا و سەلیم بەگی برای بۆ حیللە نێردراون و لەوێ دەست بەسەر کرابوون, محەمەد پاشا فەرمانڕەوایی کۆیە و هەریری پێ درابوو. عەبدولڕەحمان پاشا ئەمەی پێ ناخۆش بوو, بۆیە لە هەلێک دەگەڕا تا لەوی ببات, ئەوە بوو والی داوا لە عەبدولڕەحمان دەکات لە کەرکووک ئامادە بێت, ئەویش ((بە هێزەکانییەوە لە مەنزڵگەی بەت (بەط)ی نزیکی خورماتوو, کە باریان لێ خست, هێرشی بردە سەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

محەمەد پاشای ناوبراو و تاقمەکەی, محەمەد پاشای لەگەڵ گەورە پیاویدا کوشت)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٢٠٤_٢٠٥). بەردەشانی بەو جۆرە ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە:

بەبە هاتن بە لمێشت
غیرەتیان دەبەست لە پشت
حەمەد بەگی کۆییان گوشت
دەستی لە بەغدایە شووشت
کوشتنی بە چ قەرار بوو
پاشای بەبان سەردار (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٤)

لەم شەڕەدا محەمەد پاشای کۆیە نەک هەر خۆی و پیاوەکانی لەناو چوون, بەڵکو ((هێزەکەشی زۆر بەخراپی تێکشکاند ... هەموو کەلوپەلێکی سەفەر و چەک و چۆڵێکی جەنگی لێ برا (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٢٠٥). بەردەشانی بەم چەشنە ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو:

کۆیی گیران کێ هەڵات
لەوان کۆیی دە بەدبەخت
خەلاس ناکەن ڕوحی سەخت
ئەسپ و ئێستر ڕەشمە ڕەخت
کەلەپوور و ماڵی نەغد
وەرگیران نەخت بە نەخت (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٥)

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی والیی بەغدا سوپا بنێرێتە سەر عەبدولڕەحمان پاشا, بۆیە ((ئەویش خۆی بۆ ئامادە کرد لە دەربەندی بازیاندا, هەرواش بوو, چەند ڕۆژێکی نەبرد سوپای عەلی پاشا هات و خالید بەگی برای برایم پاشا و ئامۆزای ئەوڕەحمان پاشا خۆی لەگەڵیاندا, لەوێشدا شەڕێکی گەرم هەڵگیرسا, ئەوڕەحمان پاشا بۆ ئەوەی زیاتر خەڵک نەدا بە کوشت و وڵات وێران نەبێن بەرەو سلێمانی گەڕایەوە و لەوێوە بۆ سنە و میرنشینی بابان بەم جۆرە درایە دەست خالید پاشا)) (بابان, ٢٠١٢, ٧٤). بەم جۆرە بەردەشانی لەسەر زاری والیی بەغدا باسی دەسەڵات گرتنە دەستی خالید پاشا دەکات:

یا خودای ئەوەل و ئاخیرەتێ
خالید پاشان بۆ بخەلەتێ
دایدەنێین بە حاکمی دەوڵەتێ
ئەو لێی دەبینێ فرسەتێ (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٧)

بەردەشانی باسی ئەو کوشتارە زۆرە دەکات, کە سوپای والیی بەغدا و خالید خستیانە ناو خەڵکەوە:

وا نابێ فێڵی وەزیران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

چەند کەسی کوشتن بە شیران
شیران نەیکردن قوتار
پیاوی کۆم و پیر و خوار    (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٣١)

ئەم شەڕ و کوشتارە زۆرە لە تۆڵەی ئەو شکستە گەورەیە بوو, کە سوپای عەبدولڕەحمان پاشا تووشی سوپای والیی کردووە لە پردێ, بۆیە بەردەشانی لە باسی ئەو شەڕەدا  و زیانی دوژمن دەڵێت:

لێی بە قڕ چوو هەزار کەس
هەزار کەس لێی بوو بە قڕ
لە زێیەی دابوو بێ بڕ
نقومبوون وەک کدووی خڕ    (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٢٩)

شکستی عوسمانییەکان بە جۆرێک عەبدولڕەحمان پاشا ((بەشێکی گەورەی لێ لەناوبردن و ئەوانەی دیکەش پەرش و بڵاو بوونەوە و هەڵاتن. زۆربەی هەڵاتووەکانیش کە خۆیان بە ئاوی زێ دا ژێر ئاو کەوتن)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٢٠٨).

ئەنجامی ئەو شکستە هێرشی عوسمانییەکانی بە هاوکاری خالید پاشا بۆ عەبدولڕەحمان پاشا لێ هاتە کایەوە:

لەشکر دەشکا خوار و ژوور
بەجێی هێشتن کەلەپوور
ئینتیقامی پردی سوور
ئینتیقامی شا و میران    (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٣١)

دوای ئەو شکستە, عەبدولڕەحمان گەیشتە سنە و گوزەرانی دابین کرا زیاتر لە جارێک نێردراو ڕەوانەی لای عەلی پاشا کرا, تکاکاری بوون پلەوپایە و فەرمانڕەوایی بۆ عەبدولڕەحمان پاشا بگێڕێتەوە, بەڵام عەلی پاشا ڕەت کردەوە. بەردەشانی لەسەر زاری فەرمانڕەوای ئەوسای ئێران دەڵێت:

پیاوی دەنێرمە ڕەجایە
خزمەت وەزیری بەغدایە
پیاوی هاتووە بە موتڵەق
گەییە کن شای دەقاودەق
شام! بۆت بکەم قسەی هەق
وەزیر وەکو بەردی ڕەق    (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٣٣)

بەردەشانی جگە لە باسی عەبدولڕەحمان باسی سەلیم بەگی برایشی دەکات, کە لەو ڕۆژگارە ڕۆڵی هەبووە:

سەلیم بەگ میری میران

پەسەندی شا و وەزیران

چەند کەسی کوشتن بە شیران

ڕوو وەرناگێڕێ لە تیران (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٣٩)

بەردەشانی باس لە کوژرانی سەلیم بەگ لە شەڕێکدا دەکات و سەرەخۆشی لە عەبدولڕەحمان پاشا دەکات:

ئەی هاوار میرمان ئەنگوات

پاشا سەرت سەلامەت (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ٢٣٩)

بەردەشانی لە ڕێگەی بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بابان هەندێک گۆشەی ژیانی عەبدولڕەحمان پاشا و سەردەمەکەی و بارودۆخی میرنیشنەکەیمان پیشان دەدات, هەرچەند زیاتر جەختی لەسەر عەبدولڕەحمان پاشا کردووە, هەر ئەمە وای کردووە لە بەیتێکی دیکەشدا بە ناوی (ڕاوێ پاشای) باسی چوونە ڕاوی عەبدولڕەحمان پاشا دەکات و لە دوورەوە شینە شاهۆی دیوە:

ڕەحمان پاشا خۆی سەرڕاوە

لە دوورەوەی دەدین شاوە (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ١٢٠)

بەردەشانی باسی خانەدانی و سورچاکی پاشا دەکات:

هات بەیداغ و تەپڵ و بازی

پێنجسەد سواری دەکارسازی

کێ مەردە بە خۆی دەنازی

پاشا پێی دەکات ڕمبازی (بەردەشانی, ٢٠٠٦, ١١٧)

ئەم بەیتەش هەندێک لایەنی دیکەی ژیانی عەبدولڕەحمان پاشای لە ئاوێنەی ئەدەبی کوردی بۆ خستینە پێش چاو و کەمێک ئەو کەسایەتییەی پێ ئاشنا کردین.

**تەوەرەی دووەم: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی بابان لە شیعری بەرزی کوردیدا:**

شاعیرانی کورد ئەوەندەی بۆیان لوابێت لە دووتوێی دیوان و لە چوارچێوەی دەقە شیعرەکانیاندا باسی سەردەمەکەی خۆیان کردووە. ئەگەر شیعری کوردی لە سێ سەدەی ڕابردوو بە نموونە وەربگرین, دەبینین زۆر ڕووداوی مێژوویی ئەو ڕۆژگارانەی بۆ تۆمار کردووین, بە جۆرێک ((ئەگەر بڕیار بێت پشت بە سەرچاوەیەکی بەهێزی مێژووی کۆنمان ببەستین, دەبێت شیعری کلاسیکی بخەینە بەرایەوە, لەنێو هەر دیوانێکدا مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی کەموزۆر بەرچاو دەکەوێت)) (عەبدوڵلا, ٢٠٢٢, ٦). لەبەر ئەوە دیوانی شاعیرانمان دەتوانن ڕۆڵیان لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی مێژووی میللەتەکەماندا هەبێت و بۆشایی و کەلێنێک لە مێژوومانددا پڕ بکەنەوە. لە کاتێکدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەشێک لەو شاعیرانە لەناو ڕووداوەکان یان لە نزیکەوە ئاگاداریی ئەو ڕووداوانە بوون و هاوسەردەمیان بوونە و نەیانتوانیوە لە ئاستیاندا بێ هەڵوێست بن, بۆیە هەستی خۆیان بە شیعر دەربڕیوە, بەڵام ئەوەی باسیان کردووە گێڕانەوەیەکی ڕووتی مێژوو نییە, بەڵکو شیعرەکانیان بە ڕەنگی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕەنگرێژ کردووە.

بارودۆخی سەردەمی میرنشینی بابان بووەتە هەوێنی چەندان پارچە شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغەی ئەدەبی کوردی و زۆر وێنەی ئەو ڕۆژگارەمان پیشان دەدەن. میرەکانی بابان لە پاڵ ئەو هەموو ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی و ئەو هەموو شەڕانەی لەگەڵ سوپای عوسمانی و ئێرانیدا کردوویانە, بەڵام بەپێی توانای خۆیان و بارودۆخی ئەو سەردەمە ((هەر میرێکی بابان هاتبێت خزمەتی مامۆستا و پیاوی ئایینی و زانایانی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە)) (بابان, ٢٠١٢, ١٠٥). بۆ ئەم مەبەستەش مزگەوت و حوجرەیان کردووە و مووچە و بژێویان بۆ مەلا و مامۆستا و فەقێیەکان دابین کردووە و تەنانەت مامۆستایان لە شوێنەکانی دیکەوە بۆ وانەگوتنەوە هێناوە. ئەمە بووەتە نەریتێک و ((نەوە بە دوای نەوەی میرانی بابان ئەم ڕەوشتەیان پیادە و پەیڕەو کردووە, جا بە هەر شێوەیەک بووبێت, چۆن بۆیان گونجابێت, بوە شێوەیەکی گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەیان بەم ڕەوشە داوە)) (سەید قادر, ٢٠٢١, ٥١).

ئەم ڕەفتار و ڕەوشتەی بابانییەکان وای کردووە شاعیرانی ئەو سەردەمە ئەو نەریتە بەرز بنرخێنن و ستایشی میرەکان بکەن, بۆیە حاجی قادر (١٨١٦_١٨٩٧) ستایشی میری میرنشینەکانی کوردستان دەکات:

حاکم و میرەکانی کوردستان      هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون      سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون

(حاجی قادر, ١٧٠٧, ١٨١)

شێخ ڕەزا (١٨٣٦/١٨٣٧_١٩١٠) لە ستایشی میرانی باباندا دەڵێت:

سائیل بە غینا نائیل ئەکا بەخششی کەمتان

ئالی بەبە یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان

(شێخ ڕەزا, ٢٠١٠, ٨٦)

دڵسۆزی و پەرۆشیی میرانی بابان بۆ زانایان و بایەخدانیان بە زانست و فێربوون وای کردووە خوێندەوار و زانستخواز لە میرنشینەکەدا زۆر بن, لەبەر ئەوە نالی لە وەسفی پایتەختی میرشینەکەدا دەڵێت:

ئەهلێکی وای هەیە هەموو ئەهلی دانشن

هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور (نالی, ١٣٨٩, ١٩٣)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم بایەخدانانەی میرەکان بووەتە هۆکارێک شاعیران تێکەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆیان ببن و ئەمەش لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە, چونکە هەندێک شاعیرانی سەردەمی بابان بەتایبەتی سالم و کوردی, کە ئامۆزای یەکدین و ڕووداوەکانی میرنشینەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەریانەوە هەبوو, چونکە بنەماڵەکەیان ((دەستڕۆیشتوو بوون و هەمیشە لە دەسەڵات و لە بابانەکانەوە نزیک بوون)) (دەشتی, ٢٠٢١, ١٣). نەک هەر هێندە, بەڵکو کوردی سەرۆکێکی بەڕێوەبەر و بەرپرسیاری دەسەڵاتی بابان بووە لە قزڵجە, هەروەک سالمی ئامۆزای کوردیش بە وەها کارێک بووە لە شیوەکەڵ (مستەفا, ٢٠١٠, ٢٨٩).

کەواتە شاعیران ئەو ڕۆژگارە ئاوێتەی ڕووداوەکانی نیشتمانەکەیان بووبوون و بە شیعر زۆر لایەنی ئەو سەردەمەیان بۆ دەرخستووین.

١_ عەبدولڕەحمان پاشای بابان: ئەم میرەی بابان میرێکی سەرکەوتوو و سەربەخۆخواز بووە, بۆیە ((داوای لە بابی عالیی ئەستەنبوڵ کرد لە جیاتی بەغدا ڕاستەوخۆ باج بە ئەستەنبوڵ بدات)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٧٠) ئەمە واتە لە ژێر فەرمانی والیی بەغدا نەبێت, لەبەر ئەوە ئەم ویستە سەربەخۆخوازییە وای کردووە ((گێچەڵی زۆری پێ بکەن و شەڕ و ڕووداوی زۆر سەخت و خوێناوی لە ناوچەی بابان ڕوو بدات)) (حەمە باقی, ٢٠٠٢, ٤٢). لێهاتوویی عەبدولڕەحمان پاشا وای کردووە لەناو زنجیرەی میرەکانی بابان بە یەکێک لە درەوشاوەترین سەردەمەکانی بابان دابنرێت.

والیی بەغدا ئەم میرەی لە ساڵی ١٧٩٧ بانگ کرد بۆ بەغدا و چوار ساڵ لەوێ هێشتییەوە و لەوێوە ناردیە حیللە و دەستبەسەری کرد (بابان, ٢٠١٢, ٧٤). ئەو کاتەی عەبدولڕەحمان پاشا لە حیللە بوو, ڕەنجووری (١٧٣٤_١٨٠١) ئەم ڕووداوەی تۆمار کردووە:

شەهزادێ جە نەسل بەگزادەی بابان
جە نەوەی ئۆجاغ مالیک ڕیقابان
والی ویلایەت گشت کوردستانەن
ئیسم شەریفش عەبدوڕەحمانەن
ستارەی بەختش قیران نەحسەن
جە حیلەی دنیا نە حیللە حەبسەن (ڕەنجووری, ١٩٨٣, ٢٠٦)

شاعیر باس لە مەزنیی پاشا دەکات بە نەوەی بەگزادەی بابان و والیی کوردستان ناوی دەهێنێت, لەبەر ئەوەی هەمیشە هەوڵی داوە میرنشینەکەی سەربەخۆ و بەرفراوان بێت, بۆیە ((دەسەڵات فراوانی سنووری میرنشینەکەی لە ڕۆژگاری ئەودا تا ڕادەیەک لەوە دەچوو کە پاشای هەموو کوردستان بێت)) (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٧٠). شاعیر ئەم پاشایە بە بێبەخت دادەنێت, چونکە لە حیللە دەستبەسەر کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کاتێک سوڵتان مەحموودی دووەم بووە دەسەڵاتداری عوسمانی فەرمانی لابردنی سلێمان پاشای والیی بەغدا درا، بەڵام ((سلێمان پاشا یاخی بوو لە تورکەکان و بۆ دامرکاندنەوەی ئەمەش بابی عالی فەرمانی دا بە ئەوڕەحمان پاشا ئەویش بە لەشکرێکەوە چووە سەری و بەغدای داگیر کرد)) (خەسرەو، ١٩٥٧، ٢٧). پاشا بەغدای لە یاخیبوون پاراست و شارەکە کەوتەوە ژێر فەرمانڕەوایی ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان. لە پاداشتی ئەم کارە عەبدولڕەحمان پاشا فەرمان دەرچوو ببێتە والیی بەغدا، بەڵام ناوبراو ئەم فەرمانەی ڕەت کردەوە و ((پاشایەتیی نیشتمان و میرنشینی خۆی نەگۆڕییەوە بە والێتیی بەغدا)) (خەسرەو، ١٩٥٧، ٢٧). شێخ ڕەزا ئەم سەرکەوتن و ڕەتکردنەوەی والێتییەی لە دێڕە شیعرێکدا خسووەتە ڕوو:

به زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا

سولەیمانی زەمان ڕاستت ئەوێ باوکی سولەیمان بوو (شێخ ڕەزا، ٢٠١٠، ٩٥)

شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت پاشا بە ئاسانی بەغدای خسووەتە ژێر دەستی خۆیەوە و تووڕی هەڵداوە و نەیویستووە، بۆیە باوکی سولەیمان، کە مەبەست عەبدولڕەحمان پاشایە، بەڕاستی لە هێز و سەخاوەتدا وەک سلێمانی پێغەمبەری سەردەمی خۆیەتی.

٢_ سەردەمی فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا: لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەواییی عەبدولڕەحمان پاشا و پێش ئەوەی بمرێت ((سەرانی عەشایەر و پیاوماقوڵان و کوێخای گوندەکان کۆبوونەوە و مەحموود بەگی کوڕە گەورەیان بەجێنشینی ئەوڕەحمان پاشا هەڵبژاردووە)) (حەمە باقی، ٢٠٠٢، ٦٩). پاش ئەوە بۆ ئەوەی بەڕەسمی لە لای والیی بەغداوە بناسرێت ((نووسراوێکیان بۆ والیی بەغدا نووسی. والیی بەغدا ئەوساکە سەعید بەگ بوو، میری نوێی بابانی پەسەند کرد و پلەی میری میرانی پێبەخشی)) (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٧٥).

ڕۆژگاری ئەم میرە بە یەکێک لە سەردەمە لاوازەکانی فەرمانڕەوایی بابان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەو شەڕ و ناکۆکی و ململانێیە زۆرەی لە ناوەوە و دەرەوەی میرنشینەکە هەبوو، کە میرنشینەکەی بەتەواوی لاواز کردبوو و وای کردبوو ((میر مەحموود نەیدەتوانی میرنشینەکەی لە دەستتێوەردانی هەر یەکێک لە والیی بەغدا و کاربەدەستانی ئێرانیی قاجاری بپارێزێت)) (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٧٥). ئاکامی ئەم دەستتێوەردانانە بووە هۆی مەحموود پاشا چەند جارێک لە پاشایەتی لا ببرێت.

لە دیوانی مستەفا بەگی کوردیدا (١٧٨٢_١٨٥٩) لە ژێر ناونیشانی شیعرێکدا نووسراوە: کارەساتی ڕووخاندنی مەحموود پاشای بابان، ئەم شیعرە باسی یەکێک لەو جارانە کردووە، کە مەحموود پاشا لە فەرمانڕەوایی دوور خراوەتەوە.

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر

ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر

(کوردی, ٢٠١٠, ١٣٦)

شاعیر لابردنی پاشا وەک ڕۆژی دوایی وێنا دەکات, ئەمەش دەرخەری ئەوەیە شەڕ و کارەساتێکی زۆر ڕووی داوە, چونکە زۆربەی لابردنی میرەکان بە شەڕ بووە.

شاعیر ساڵی ڕوودانی ئەو کارەساتەی تۆمار کردووە:

ثەبتی تأریخی لە نێو بەحری حوروفا ئەلەمە

سەر بە سەر سەیری بکەن سەیرە هەتا سەر یەکەدەر

خەوە یان وەسوەسەیە یا کە بە ڕەئیولعەینە

ئەم عەلاماتە کەوا دێنە ئەبەمەددی نەظەر

(کوردی, ٢٠١٠, ١٣٦)

نیوە دێڕی سێیەم ئەگەر بە ڕینووسی کۆن بنووسرێت و بەپێی حیسابی پیتی ئەبجەدی دەکاتە ساڵی ١٢٣٩ی کۆچی ئەمەش بەرانبەر لەگەڵ ١٨٢٤ی زایینی, کە کارەساتەکە لە سلێمانی قەوماوە (مستەفا, ٢٠١٠, ١٤١). ئەم کارەساتە بەو جۆرە ڕووی داوە, کە داود پاشای والیی بەغدا ((لەو ساڵەدا (١٨٢٤) محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای برازای بە هێزێکەوە ناردە سەری, مەحموود پاشا توانی بەرگری و شەڕی نەمابوو, ولاتەکەی وێران بوو, ناچار ڕووی کردە لای قزڵجە. (بابان, ٢٠١٢, ٨٢_٨٣) بەم پێیە مەحموود پاشا لە میرنشینەکە دوور خراوەتەوە و کوردی ئاواتەخواز بووە بگەڕێتەوە:

دائیما دەستی دوعا بەندم و شایەد زوو زوو

(شا)ی سەفەرکەردیی من بێتەوە بێ عیجز و ضەرەر

(کوردی, ٢٠١٠, ١٣٦)

یەکێک لە سیما دیارەکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی مەحموود پاشا شەڕ و ململانێی بوو لەگەڵ عەبدوڵلا پاشای مامی, بە جۆرێک چەندان جار سوپای بێگانەیان هێناوەتە سەر یەکتری, بۆیە ئەمە وا لە کوردی دەکات بڵێت:

ئەهلی تەقوا لێرە بۆ گەردش, ئەگەر بوونە هەوێن

زەڕپەرست لەملان و شیعری گێرەشێوێنیش لەوێن

جووتەزا, مام و برازا شیر لە یەکدی ساو دەدەن

جارێ دەرباری ئەمان و و گا لەوێ بارێ لەمێن

(کوردی, ٢٠١٠, ٤٢٧)

ئەمە دەرخەری ئەو هەمـوو نـاکۆکی و ناتەبـاییە زۆرەی نێـوان مەحمـوود پاشـا و عەبـدوڵلا پاشـایە, کە هەریەکەیـان جارێـک عوسـمانییەکان و جارێـک ئێرانییەکانیـان هێنـاوەتە سەر یەکتری و لەسەر ئەمە ڕەخنەی لێ گرتوون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی مەحموود



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاشا (خۆی و عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمانی برای, چووبوونە لای خواناسی گەورە (شێخ خالیدی سلێمانی) و هەرسێکیان سوێندیان خواردبوو, کە لایەنگر و پشتیوانی مەحموود پاشا بن)) (ڕیچ, ٢٠١٢, ١٥٢), بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەبدوڵڵا پاشا هەر دەستبەرداری پیلانگێڕان دژی مەحموود پاشا نەبووە, ئەمەش بەتەواوی بووبووە هۆی لاوازکردنی میرنشینەکە و زیان گەیاندن بە دانیشتووانەکەی.

٣_ هاتنە سەر تەختی ئەحمەد پاشا: دوای مردنی سلێمان پاشا, ئەحمەد پاشای کوڕی فەرمانڕەواییی میرنشین وەردەگرێت. ئەم میرە کەسێکی وریا و ئازا و دادپەروەر بووە. نالی (١٨٠٠_١٨٧٧) لە شیعرێکدا باسی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و دەسەڵاتگرتنە دەستی ئەحمەد پاشا دەکات:

تا سولەیمانان نەبوونە سەدری تەختی ئاخیرەت

ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

(نالی, ١٣٨٩, ٣٨٢)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەتا سلێمان پاشا لەو دونیادا نەبووە جێنشینی تەختی پاشایی, ئەوا لەم دونیادا ئەحمەد پاشا تەختی پاشا بۆ ئامادە نەکرا.

چەند ساڵێکی کەمی سەردەمی فەرمانڕەواییی سلێمان پاشا دەشێت بە هۆی ((مەرگی بەرودوای فەتح عەلی شا و عەباس میرزا کوڕی تا ڕادەیەک و بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ساڵە, دەستتێوەردانی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان کەمتر کردبێتەوە, بەو بۆنەیەشەوە شەڕ و دوژمنایەتیی ئەندامانی بنەماڵەی بابانیش خاو بووبێتەوە)) (حەمە باقی, ٢٠٠٢, ١١٩) ئەمە بووەتە هۆکارێک دادپەروەریی سلێمان پاشا دەربکەوێت و (نالی)یش دەڵێت:

قیسسە بێ پەردە و کینایەت خۆشە, شاهی من کەوا

عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو (نالی, ١٣٨٩, ٣٨٣)

شاعیر ساڵی مردنی سلێمان پاشا و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن کوڕەکەیەوە لە دێڕێکدا تۆمار دەکات:

شاهی من جەم جا ((نالیا)) (تاریخ جم) تەئریخیە

دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

(نالی , ١٣٨٩, ٣٨٥)

بە کۆکردنەوەی ئەو ژمارانەی بەرانبەر هەر پیتێکی گرێی (تاریخ جم) دانراون دەکاتە ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی, ئەمەش بەرانبەر ساڵی ١٨٣٨ی زایینییە, کە ساڵی مردنی سلێمان پاشا و چوونە سەر تەختی ئەحمەد پاشایە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤_ سوپای بابان لە سەردەمی ئەحمەد پاشا: دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا دەستبەکار دەبێت زیاتر بایەخی بە ڕێکخستن و چەسپاندنی کاروباری میرنشینەکەی و بەرقەراربوونی ئاسایش داوە, لەبەر ئەوە ((لەسەر شێوەی نوێ ٤ تیپی هەزار کەسی پێکهێناوە و پلەی سوپایی دیاری کردوون)) (حەمە باقی, ٢٠٠٢, ١٢٠). ئەم شێوازە لە دامەزراندنی سوپا و دروستکردنی سەربازگە و ڕاهێنانی سەرباز لەوەو پێش بەو جۆرە نەبووە, چونکە ئەحمەد پاشای بابان لە سەرچنار سەربازگەی دروست کردبوو و لە فەرەنساوە پسپۆڕی بۆ ڕێکخستنی سوپاکەی و مەشقپێکردنیان هێناوە و لەگەڵیشیدا چەکی نوێی بۆ دابین کردبوون (بابان, ٢٠١٢, ٦٢). نالی لە شیعرێکدا باسی ئەو سوپایەی کردووە و دەڵێت:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن (نالی, ١٣٨٩, ٣٥٠)

شاعیر باسی ئەو کەسانە دەکات, کە لەنێو سوپادان و دەرباری ئەحمەد پاشان, ئەو کەسانە هەڵبژێردراون, بۆیە بوونەتە هۆی دەنگوباس و هەرا لەنێو مەملەکەت و بوونەتە کەسانی خۆشەویستیی نێو سوپا.

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن

حەلقە کە دەبەستن وەکوو خەرمانەیی ماهن (نالی, ١٣٨٩, ٣٥١)

شێوەی ڕێکوپێکی ئەم سوپایە لە ڕەوەستانیان دەردەکەوێت, کە شاعیر وا وێنای دەکات لە کاتی ڕاوەستاندا وەک هێڵی ڕووناکی ڕێک و ڕاستن و لاری و خوارییان تێدا نییە, کە بە ئەڵقەش دەوەستن وەک خەرمانەی دەوری مانگ وان.

کوردیی شاعیر باسی لایەنێکی دیکەی ئەو سوپایە دەکات و دەڵێت:

بە (حاضر باش)ی فەوجی غوصصەی نالەم

وەکو زیلەی ئەوەڵ شەیپوورە ئەمشەو (کوردی, ٢٠١٠, ٤٩٦)

(حاضر باش) فەرمانێکی سەربازییە و گرێی (فەوجی غوصصە) زیاتر ئەوەی ڕوون کردووەتەوە, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سوپای بابان ئەم فەرمانەی عوسمانی تێدا بەکارهێناوە (مستەفا, ٢٠١٠, ٩٥)

شێخ ڕەزا لەبارەی ئەو سوپایەی بابانەوە دەڵێت:

لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا

سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

(شێخ ڕەزا, ٢٠١٠, ٩٥)

شاعیر باسی کۆمەڵێک چەمکی وەک (تابوور, عەسکەر, مۆزیقە, نەققارە) دەکات, کە ڕێکوپێکی سوپاکە دەردەخات و واتە مارشی سەربازی هەبووە و ئامێرە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مۆسیقاییەکانی تێدا بەکارهاتووە ئەمەش ((بەڵگەی بوونی سوپا و لەشکری ڕەسمی و خاوەن سیستەمی سەربازی بووە)) (صالح, ٢٠١٩, ١٤٠_١٤١) کەواتە ئەو سوپایەی ئەحمەد پاشا ئەو کات پێکیهێنابوو, تایبەتمەندییەکانی سوپایەکی سەردەمییانەی تێدا بووە.

٥_ شەڕی نێوان عەبدوڵڵا پاشا و والیی سنە: عەبدوڵڵا پاشا برای ئەحمەد پاشا بوو و لە سەردمی ئەحمەد پاشای برایدا یەکێک بووە لە کەسە دەسەڵاتدارەکانی نێو بنەماڵەی بابان. ئەحمەد پاشا کە گرنگییەکی زۆری بە ئاسایشی میرنشینەکەی داوە, بۆیە ئەوانەی نیازی تاوانیان هەبوو لە شار دەرفەتیان پێ نەدەرا و دەچوونە دەرەوەی شاری سلێمانی و ((خۆیان لەناو خێڵاتی هەورامانـدا دەشاردەوە, ئەو سەرخێڵانە کە تاوانباران پەنایان بۆ دەبردن, ملکەچی ئەحمەد پاشا نەدەبوون و ئەوانەیان بە دەستەوە نەدا)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٣٧٣). لەبەر ئەوە ئەحمەد پاشا هێزێکی ناردە هەورامان و ئەم هێزە دارەکانی هەورامانی بڕییەوە و خانووەکانیان ڕووخاند, کاتێک ئەم هەواڵە بە دەسەڵاتدارانی ئێران گەیشت ((والیی سنە بە هێزێکی گەورەوە هێرشی بردە سەر سلێمانی, کە ئەحمەد پاشا بەوەی زانی, هێزێکی بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵا پاشای برای نارد بۆ بەرەنگاریی هێزە هێرشبەرەکە. هەردوو هێزەکە لە مەریوان بە یەک گەیشتن و چەند شەڕێک لەنێوانیاندا ڕووی دا, بە تێکشکان و پاشەکشەی والیی سنە کۆتایی پێهات)) (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٣٧٤). شێخ ڕەزا ئەم شکستەی والیی سنەی لە دێڕێکدا تۆمار کردووە:

کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد

ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفڵی دەبستان بوو

(شێخ ڕەزا, ٢٠١٠, ٩٥)

شێخ ڕەزا لە ساڵی (١٨٣٦ یان ١٨٣٧) لە دایک بووە, بەو پێیە ئەو سەرکەوتنەی عەبدوڵڵا پاشا ساڵی ١٨٤٢ یان ١٨٤٣ بووە.

٦_ ڕووخاندنی میرنشین: کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بابان لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە بوو, دەکرێت بڵێین پەیانامەی دووەمی ئەرزڕۆم لە ١٨٤٧ یەکێک بوو لە هۆکارە کاریگەرەکان بۆ ڕووخاندنی میرنشینەکە, لەبەر ئەوەی ئەم پەیماننامەیە ((بناغەی سیاسەتی هاوبەشی هەردوو دەوڵەتی داڕشت. پاشاکانی بابان ئیتر بواری موناوەرەو ئەمبەر و ئەوبەریان نەما)) (ئەمین, ١٩٩٨, ١٩٩). لەو سەروبەندەدا والیی بە سوپاکەوە هێرشی کردە سەر میرنشینەکە. سەرەتا ئەحمەد پاشا زۆر متمانەی بە سوپاکەی هەبوو, چونکە لە پێنج تابووری مەشقپێکراو و هێزە خێڵەکییەکان پێکهاتبوو (نازم بەگ, ٢٠١٢, ٣٧٤) هەردوو سوپاکە لە نزیک کۆیە بە یەک گەیشتن و والیی بەغدا داوای ڕێکەوتنی کرد, بەڵام ئەحمەد پاشا ڕەتی کردەوە. بە هۆی بڵاوبوونەوە هەندێک دەنگۆ لەنێو سوپای میری باباندا, لە ئەنجامدا سوپاکەی شکستی هێنا و پەرتەوازە بوو و خۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پەناهەندەی ئێران بوو و لەوێوە ڕووی کردە ئەستەنبوڵ. (محەمەد, ٢٠٢٢, ١٨٤). بەم جۆرە فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی بابانەکان کۆتایی پێهێنرا و میرنشینەکە ڕووخێنرا.

ئەم ڕووداوە کارێکی یەکجار گەورەی کردووەتە سەر دڵ و دەروونی شاعیران و بە شیعر گوزارشتیان لەو بارودۆخە کردووە. سالم (١٨٠٥_١٨٦٩) لە چەند شیعرێکدا وێنەی ئەو ڕۆژگارەمان پێ نیشان دەدات:

تورکی قورصی خۆر کە طالع بوو, طولووعی کرد بە ڕەقص

کەوکەبەی ماهی موڕادی ئەهلی بابان بوو نیهان

(سالم, ٢٠١٥, ٥٢٦)

شاعیر ئاماژە بەوە دەدات کاتێک خۆری دەسەڵاتی تورکەکان هەڵهات و مانگی فەرمانڕەوایی بابان ئاوا بوو. سالم لە باسکردنی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بابان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

صاعیقە و بەرقی نەدامەت ظوڵمەتی دا شەرق و غەرب

بەردەبارانە بە مەخصووصی لەسەر موڵکی بەبان

(سالم, ٢٠١٥, ٥٢٦)

شاعیر بەوردی ئەوە دەستنیشان دەکات, ڕۆم و عەجەم, ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕۆڵیان هەبووە لە ڕووخاندنی میرنشینەکە, ئەمەش لەبەر ئەوەی ((سالم زۆر هۆشیارانە وێنەی ئەو ڕۆژگارەی گرتووە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە)) (صالح, ٢٠١٩, ١٠٦).

کوردیی شاعیر بەتەواوی لە دەسەڵاتی تورکەکان پەشێو و بێزار بووە و دەڵێت:

عەجەب مەگرە نە هەر ڕۆی ڕۆی عەجەممە

پەشێوی ظوڵمی ڕۆمی نانەجیبم (کوردی, ٢٠١٠, ٣٠٧)

ئەو بارودۆخە تازەیە بووەتە هۆی پەرێشانیی خەڵک و داروەدستە و نزیکەکانی بنەماڵەی بابان و سالم دەڵێت:

بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصەی موڵکی بابانن

لە بێ دادیی فەلەک هەر یەک سەراسیمە و هەراسانن

(سالم, ٢٠١٥, ٥٧٦)

ئەو کەسانەی, کە وا گرفتار و داخدارن یەکجار زۆرن لە میرنشینەکە و خۆیان بە بێکەس دەزانن:

لە بابانا گرفتارن, پەرێشان خاطر و بێ کەس

بە جەمعییەت سیەهبەختانە وەک گێسووی خوبانن

(سالم, ٢٠١٥, ٥٧٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردیەکان

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی میرنشینەکە زۆر خەفەتبارن, بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەندێک کەس لەو سەردەمە بەو بارودۆخە تازەیە خۆشحاڵ بوون:

لە ئەوضاعی سولەیمانی, ئەوانەی شاد و ئاسوودەن

لە فەرعا نوطفەیی حەیضن, لە ئەصڵا جینسی شەیطانن

(سالم, ٢٠١٥, ٥٨٧)

سالم ئاماژە بەوە دەدات ئەوانەی بەو بارە سەخت و ناخۆشەی پایتەختی میرنشین دڵشاد و خۆشحاڵن, لە ڕەگەزی شەیتانن و لە نوتفەیەکی پاک نین. ئەو کەسانەی سالم بەو چەشنە باسیان دەکات, ڕوونی دەکاتەوە مەبەستی چ جۆرە کەسانێکە:

لە ئەصڵا بانیی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون

لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا, سەراسەر, میثلی مەڕوانن

(سالم, ٢٠١٥, ٥٨٧)

ئەوانەی ئاژاوەگێڕن و دڵخۆش بەو بارودۆخە کاسبەکانی شارن, کە لە ئاژاوەگێڕیدا وەک (مەڕوانی کوڕی حەکەم)ن, کە لە مێژووی موسڵماناندا لە زیاتر لە سەردەمێکدا ڕۆڵی خراپی گێڕاوە.

٧_ بەرگریکردنی عەزیز بەگ: لە کاتی داگیرکردنی سلێمانی و ڕووخاندنی میرنشینی بابان, هەندێک لە دانیشتووانی میرنشینەکە خەریکی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی تورک بوون. یەکێک لەو کەسانە عەزیز بەگ بوو. ((عەزیز بەگ کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و برای مەحموود پاشا و سلێمان و مامی ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشا بوو)) (ئەمین, ١٩٩٨, ١٩٨). لەو کاتەی تورکەکان هێرشیان هێناوەتە سەر سلێمانی, عەزیز بەگ سەری بۆ دانەنواندوون و بەربەرەکانێی کردوون. سالم باس لە ئازایەتی و نەبەردیی عەزیز بەگ لەو ڕۆژگارەدا دەکات و دەڵێت:

جیهان گەر ڕووبەڕووی من بێ, بە خوونڕێزی ظەفەر نابا

دەکەم بۆ حیرزی جان و دڵ بە چالاکی پەنا پەیدا

(سالم, ٢٠١٥, ١٦٤)

شاعیر ئەوە دەخاتە ڕوو ئەگەر لەو بارودۆخە سەختەدا هەموو جیهان بەرەو ڕووم بێن بۆ کوشتنم, ئەوا ناتوانن, چونکە پەنایەکی ئازا و لێهاتووم هەیە, کە عەزیز بەگە. هەرچەندە ناوبراو ئازا و قارەمان بووە, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو, بۆیە سالم دەڵێت:

وەلێ طالیع نەبوو, پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا

بە مەردانی دلاوەر, حاصلی کۆشش, جەفا پەیدا (سالم, ٢٠١٥, ٧٢)

لەبەر ئەوەی شاعیر داوا لە خودا دەکات, بە هۆی عەزیز بەگەوە میرنشینی بابان بەها و ڕەواج پەیدا دەکات:

خودایە موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە، سا لوطفێ
به ئیکسیری وجوودی ئەو بکا وەک موو بەها پەیدا

(سالم، ٢٠١٥، ٧٣)

عەزیز بەگ لە سەردەمی عەبدوڵڵا پاشادا دەسەڵاتداری بازیان بووە، شەی تورکەکانی کردووە، بەڵام ((هاوڕێکانی عەزیز بەگ خیانەتیان لێ کرد و ئەنجام عەزیز بەگ شەڕەکەی دۆڕاند، لەگەڵ قادر بەگ بە دیلی گیرا)) (مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٢٣).

کوردی تێڕوانینی خۆی لەبارەی عەزیز بەگەوە دەخاتە ڕوو:

مەجنوون ئەگەر لە جوانیی لەیلا ناوی کرد
من شێتی تاکی جوانیم و لاوی مەردی پاک

(کوردی، ٢٠١٠، ٢٦٤)

شاعیر عەزیز بەگ وەک لاوێکی مەرد و پاک باس دەکات، ئەمەش پێچەوانەی بەشێک لە هاوڕێکانی بووە، کە ناپاکییان لەگەڵی کرد.

سالم زیاتر جەخت لەسەر ئازایەتیی عەزیز بەگ دەکاتەوە و دەڵێت:

شێری بێشەی موڵکی بابان بوو عەزیز، ئەمما دریغ
وەک گڕێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان

(سالم، ٢٠١٥، ٥٤٨)

شاعیر پێی وایە هەرچەندە عەزیز بەگ شێری بێشەی میرنشینی بابان بوو، بەڵام ڕیزی گەلەکەی شێواو بوو، بۆیە وەک گرێیەکی شل زوو هەڵوەشایەوە.

٨_ فەرمانڕەواییی عەبدوڵڵا پاشا لە ژێر سایەی عوسمانییەکان: دوای ڕووخاندنی میرنشینی بابان لە ساڵی ((١٨٤٨ نەجیب پاشای والیی بەغدا، ئەحمەد پاشای بابانی بە یەکجاری لێ خست و عەبدوڵڵا پاشای برای لە جێگای ئەو دانا بە قائیمقامی سلێمانی)) (ئەمین، ١٩٩٨، ٢٠٠). هەرچەندە پێش ساڵی ئاماژەپێدراو عەبدوڵڵا پاشا بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوای بابان کردبوو. بە لابردنی ئەحمەد پاشا، سلێمانی بووە شارێکی ڕاستەوخۆ سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و میری میرنشین بوو بە قائیمقام و بەم جۆرە بارودۆخێکی تازە هاتە ئاراوە.

موڵکی بابان پڕ لە غەوغا، خاکی کوردستان خەراب
مایەیی فیتنە و فەساد و ماجەرا بوو ئاسمان (سالم، ٢٠١٥، ٥٢٠)

ئەو بارودۆخە تازەیە بە جۆرێک بووە کە میرنشینەکە پڕ لە ئاژاوەیە و خاکی کوردستان وێران بووە و بێ بەختییەکەیان بووەتە هۆی فیتنە و ماڵوێرانی.

ئەو سەردەمەی عەبدوڵڵا پاشا دەسەڵاتداری سلێمانی بوو، ناوبراو تەنیا بە ڕووکەش دەسەڵاتدار بوو، هەموو کاروبارێک هەر ژێر دەستی تورکەکان بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردی پێی دەڵێت، کە لەسەر ڕێچکەی میرەکانی پێشتر فەرمانڕەوایی بکات:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

حاكمی چا بە، طەریقی عەدلداری پێش گرە
چونكە حوكمت ڕادەبووری حەیفە زۆرداری مەكە

(كوردی، ٢٠١٠، ٣٣)

شاعیر ئەوە دەردەخات میرەكانی پێش ئەو، میری دادپەروەر بوون و پێویستە ئەویش وەك ئەوان بێت، دیارە فەرمانڕەواییكردنی ناوبراو دوور بووە لە دادپەروەری، بۆیە شاعیر ئەوەی بە بیر هێناوەتەوە، كە ستەمكار نەبێت و لەبارەی دەسەڵاتەكەیەوە گلەیی لێ دەكات:

حاكمی نابێ بە دادی بێكەساندا ڕابگەی؟
داوی دڵ دەپسێ، والی شاد، لەگەڵ حاشا دەكەی

(كوردی، ٢٠١٠، ٢٧٠)

شاعیر داوا دەكات بە فریای بێكەسان ڕابگات، لە كاتێكدا كە دەسەڵاتەكەی والیی خۆشحاڵ دەكات و حاشا لەوانی دەكەیت. كوردی لەو گلەییە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

تۆ كە سوڵتانی جیهان و پادیشاهی عالەمی
دادی مەظلوومان بپرسە، حەیفە بێدادی مەكە

(كوردی، ٢٠١٠، ١٥)

ئەمەش هەر دیسان نادادیی فەرمانڕەوایی ئەو سەردەمە نیشان دەدات.

٩_ لابردنی عەبدوڵڵا پاشا و ئاوارەبوونی بابانەكان: دوای ماوەیەك لە فەرمانڕەوایی پاشا، بەڵام لە ساڵی ((١٨٤٩ نامیق پاشا والیی بەغدا، عەبدوڵڵا پاشای بانگ كرد بۆ بەغدا، لەوێ گلی دایەوە، ئیسماعیل پاشای دانا بە قائیمقامی سلێمانی)) (ئەمین، ١٩٩٨، ٢٠٠). ئەو دەسەڵاتە ڕووكەشە لە سەردەمی عەبدوڵڵا پاشا هەبوو، ئەویش نەما و ڕاستەوخۆ سلێمانی لە لایەن توركەكانەوە بەڕێوە دەبرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشای برای و كەسانی دیكە سەر بە میرنشینی بابان لە سلێمانی دوور خرانەوە (بابان، ٢٠١٢، ١٠٠).

ئەو بارودۆخە سەرنجی شاعیرانی ڕاكێشاوە و بە شیعر هەڵویستی خۆیان دەربڕیوە. یەكێك لەوانە سالمە، بۆیە دەڵێت:

لەو ساوە حاكمی بە ستەم دەربەدەر كرا
نەیدیوە كەس لە چیهرەیی كەس جەوهەری هونەر

(سالم، ٢٠١٥، ٣٣٣)

شاعیر ئاماژە بەوە دەدات لەو كاتەی فەرمانڕەوایی بابان دەربەدەر كران، هێز و توانا بە ڕووی هیچ كەسەوە دیار نەماوە. سالم بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

جوز گاهی ئاە و گریە لە ئەییامی ڕۆمییا
نەمدیوە وا ببێ لە فەرەحدا لەبێ بەشەر (سالم، ٢٠١٥، ٣٣٤)


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لەو ڕۆژگارەی کە تورکەکان دەسەڵاتیان گرتووە دەست مەگەر بۆ هاوار و گریان نەبێت, دەنا کەس بۆ خۆشی و پێکەنین دەمی ناکاتەوە.

ئەو بارودۆخە تازەیە بووە هۆی ئاوارەییی میران و شاعیران و تەنانەت خەڵکی ئاساییی میرنشینەکە, بۆیە کوردی دەڵێت:

لە ئەستانەی غەریبی و بێ کەسیدا

کە بێ ئاستانەیی سەرباری من بوو (کوردی, ٢٠١٠, ٤٤٢)

شاعیر لەو دێڕەدا ئاماژەدان بە ئاوارەیی و نامۆییی ئەحمەد پاشا لە ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی.

هەر لەبارەی ئەو بارودۆخەوە کوردی دەڵێت:

ڕوو لە قیبلەی مصطفەفایە دڵ بەرەو ئەستانەیە

ئاستانەی ئەحمەد موختاری بابانی دەوێ (کوردی, ٢٠١٠, ٢٦٩)

ئەمەش دەرخەری ئاوارەبوونی ئەحمەد پاشایە و ئەوە نیشان دەدات, پاشای ناوبراو پەیوەندیی بە شاعیرانەوە هەیە.

ئەحمەد پاشا, کە لە ئەستەنبوڵ بووە, لەوێ دەسەڵاتدار و خاوەن پلەوپایە بووە و ((گەلێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد کە لەوێ بوون ئاموشۆیان دەکرد و ستایشی پیاوەتی و یاریدەدانی خەڵک و ڕووخۆشییان بە شیعر هۆنیوەتەوە)) (بابان, ٢٠١٢, ١٠١_١٠٢). هەر لەبەر ئەوەش شێخ ڕەزا لە ستایشی ئەحمەد پاشادا دەڵێت:

یەعنی هەمنامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا

فەخری دین, کانیی حەیا, بەحری کەرەم کۆهی وەقار

(شێخ ڕەزا, ٢٠١٠, ٥٧)

لێرەدا شاعیر ئەحمەد پاشا بە دەریای بەخشش و چیای گەورەیی نیشان دەدات, کە لە ئەستەنبوڵیش بەخشش و مەزنیی خۆی هەبووە.

سالم بە هۆی ئەو بارودۆخەوە نالەبارەوە بۆ دەرەوەی نیشتمان سەری خۆی هەڵگرتووە و دەڵێت:

الوداع ئەی موڵکی بابان الوداع

الوداع ئەی جایی جانان الوداع

موستەعیدم بۆ بیلادی رافضی

الوداع ئەی ئەهلی ئیمان الوداع (سالم, ٢٠١٥, ٣٩٨)

ئەو بارودۆخە کە هاتبووە ئاراوە شاعیری ناچار کردووە بە نابەدڵی و خەمبارییەوە بەرەو ئێران بکەوێ ڕێ.

ئەو ڕۆژگارە تازەیەی بابان بوو بووە هۆی ئەوەی تەنانەت خەڵکی ئاسایی ڕوو بکەنە دەرەوەی بابان و لەوێش پەرێشان و سەرگەردان بن, بۆیە حاجی قادر دەڵێت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران

بە هەیئەت تێی گەیم کوردە بە شێوەی ئەهلی کوردستان

کە چوومە خدمەتی پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای؟

لە کام لا هاتووی؟ گریا گوتی بابان، گوتم: بابان؟

کەواتە ئەو کوردانەشی کە بە هۆی بارودۆخی تازەی بابانەوە ئاوارەی دەرەوەی نیشتمان بوون زۆر دڵتەنگ و خەمبارن.

١٠_ موژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا: پاش ئەوەی عەبدوڵڵا پاشا لە فەرمانڕەوایی لا دەبرێت و بۆ ئەستەنبوڵ دوور دەخرێتەوە. عەبدوڵڵا پاشا ((لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی (قرم)دا لەنێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٥٤)دا، ڕێگەی پێدەدرێت کە بگەڕێتەوە بەغدا، تا بێتەوە کوردستان و بەناوی جیهادەوە لەشکر کۆ بکاتەوە و بۆ پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی، نەبادا ئێران کەڵک لەم هەلە وەربگرێت و پەلاماری خاکی دەوڵەتی عوسمانی بدات)) (ئەمین، ١٩٩٨، ٢٢). لەو کاتەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە عەبدوڵڵا پاشا لە ئەستەنبوڵ دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە دەسەلاتداری سلێمانی، بەلام والیی بەغدا ڕەشید پاشای گوێزلگلی (چاویلکە لە چاو) لای خۆی دەیهێڵێتەوە و لە بەغدا گلی دەداتەوە، بۆ ئەمەش دوو بیانووی هەبوو:

یەکەم: گەڕاندنەوەی میرێکی بابان بۆ ناوچەکە ئەوە دەگەیەنێت دەسەلاتی تورک لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە سەرکەوتوو نەبووە.

دووەم: ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی گەورەکانی کورد ئەم هەلە بقۆزنەوە و لە دەوڵەت هەڵبگەڕێنەوە (ئەمین، ١٩٩٨، ٢١١).

سالم ئاگاداری ئەو دەنگۆیە بووە و بە شیعرێک باس لە هەواڵی هاتنەوەی عەبدوڵڵا پاشا دەکات و دەڵێت:

پێی وتم شەو لە کونجی میحنەتا، واضیح، سرووش:

وا چراغی دوودمانی ئەهلی بابان هاتەوە (سالم، ٢٠١٥، ٨٣٣)

شاعیر ئاماژە بەوە دەدات دوێنێ شەو سرووشیان پێداوە، کە چرای بنەماڵەی بابان هاتەوە تا تاریکیی دەسەلاتی تورکەکان بڕەوێنێتەوە، ئەو چرایەش لە ئەستەنبوڵەوە دێتەوە:

بەرق وەش بۆ موڵکی مەورووثی لە قوسطەنطینەوە

حاکمی مەنفی بە ئەمری صەدر و سوڵطان هاتەوە

(سالم، ٢٠١٥، ٨٣٤)

سالم دڵنیا نییە لەو دەنگۆیەی بیستوویەتی بۆیە دەڵێت:

من بە شەک دەموت: نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دڵ وتی: سالم یەقینت بێ, بە قورئان هاتەوە

ئەهلی دانش, حاتەمی بەخشش بە ئەبجەد کەن حیساب

با نەڵێن: کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە؟!

(سالم, ٢٠١٥, ٨٤١)

شاعیر بە گومانەوە لە گەڕانەوەی عەبدوڵلا پاشا دەدوێت, هەرچەندە لە لایەن دڵییەوە دڵنیایی وەرگرتووە. کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیە لەو شیعرەدا دیاری کراوە, بەوەی بەپێی لێکدانەوە و کۆکردنەوەی پیتە ئەبجەدییەکان دەکاتە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی ئەویش بەرانبەر بە ساڵی ١٨٥٤ی زایینی. لەو سەروبەندەدا والیی بەغدا عەبدوڵلا پاشا بۆ ئەستەنبوڵ دەنێرێتەوە, بەمە ناوبراو نابێتەوە دەسەڵاتداری سلێمانی و ئەو مۆزدەیەی شاعیر نایەتە دی.

**ئەنجام:**

١_ بارودۆخی میرنشینی بابان کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر شاعیرانی ئەو ڕۆژگارەوە هەبووە, بەشێکی زۆریان هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوون و لەو ڕۆژگارەدا ژیاون.

٢_ شاعیران ستایشی کارە باشەکانی میرەکانیان کردووە و ڕەخنەیان لە ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوانیان گرتووە و ناڕەزاییان دەربڕیوە.

٣_ ئەو دەقانەی بەردەستن باسی بارودۆخی میرنشینی بابان دەکەن لە سەردەمی میرەکانی بنەماڵەی پێنجەمی بابان.

٤_ عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ئەدەبی میللی و شیعری بەرزی شاعیران باسی کراوە.

٥_ جگە لە باسکردنی میرەکان, ڕووداوە گرنگەکانی میرنشینەکەش لە دەقەکان ئاماژەیان پێ دراوە.

٦_ ڕووخاندنی میرنشین بارودۆخێکی سەخت و ناخۆشی بۆ شاعیران هێناوەتەوە کایەوە و بە شیعر گوزارشتیان لە ناڕەزاییبوونی خۆیان کردووە.

٧_ بەشێک لە شاعیران بە حیسابی کۆکردنەوەی پیتە ئەبجەدییەکان ساڵی هەندێک لە ڕووداوەکانی نێو میرنشینیان بۆ تۆمار کردووین, لەوانە: دەست بەسەرداگرتنی بەغدا لە لایەن عەبدولڕەحمان پاشا, مردنی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا, مۆزدەی گەڕانەوەی عەبدوڵلا پاشا...هتد.

**سەرچاوەکان:**

الوائلي, عبد ربه سكران ابراهيم (٢٠١٢)، تاريخ الامارة البابانية الكردية دار الثقافة والنشر الكردية, بغداد

ئەمین, زیاد محەمەد (٢٠٠٦)، دیوانی بەردەشانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، چاپەمەنیی خاك
بابان، جمال، اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، الجزء الاول، مطبعة المجمع العلمي، بغداد
بابان، جەمال (٢٠١٢) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
بابان، جەمال (٢٠١٨)، بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی
بابانزادە، کامەران جەمال (٢٠١٢)، دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لە هەردوو سەدەی (٨ و ٩ک_ ١٤ و ١٥ز دا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
بەدلیسی، میر شەرەف خان(٢٠٠٦)، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
بەسری، میر(٢٠٠٢)، ناودارانی کورد، و: عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
حسين، سعدى عثمان (٢٠٠٠)، إمارة بابان في النصف الأول من القرن الثامن العشر، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل
حەمە باقی، محەمەد (٢٠٠٢)، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر
حەمە بۆر، محەمەد مستەفا (٢٠١٠)، دیوانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
حوزنی، حوسێن (٢٠١١)، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
خەزنەدار، عەلی (٢٠١٤)، میرنشینی بابان، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروخ
خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
خەسرەو (١٩٥٧)، قارەمانی میرنشینی بابان عبد الرحمن پاشا، هیوا، بەغدا
دەشتی، عوسمان (٢٠٢١)، سالمی ساحێبقران_ باس و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
ڕەسوول، عیزەددین مستەفا (١٩٨٠)، شیعری کوردی_ بەرهەمی شاعیرانی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا
ڕیچ، کلۆدیۆس جمیس (٢٠١٢)، گەشتانەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، دهۆک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەید قادر، شاهۆ عوسمان (٢٠٢١)، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی
صالح، ئاراس محەمەد (٢٠١٩)، سلێمانی لە شیعری شاعیرانی سەدەی نۆزەدا، چاپی دووەم، ناوەندی سارا، سلێمانی
شارەزا، کەریم مستەفا، سەردار حەمیران (٢٧٠٧)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە
عەبدوڵلا، ئیدریس(٢٠١٤)، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
عەبدوڵلا، ئیدریس(٢٠١٤)، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
عەبدوڵلا، حەیدەر (٢٠٢٢)، ئەدەب وەک مێژوو، هەولێر، هەولێر
عەبدولکەریم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، فاتیح (١٣٨٩)، دیوانی نالی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە
فیدا، محەمەد (١٩٨٧)، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا
قەفتان، تۆفیق (١٩٦٩)، مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغدا
قەفتان، سالح (٢٠٠٩) سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی
قەفتان، کاوس (٢٠٠٦)، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان و سۆران و بۆتان، چاپی دووەم، ئۆفسێتی ڕاز
محەمەد، ئاکۆ بورهان (٢٠٢٢)، مێژووی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
مستەفا، شوکور (٢٠١٠)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
مەلا کەریم، عەبدولکەریمی مودەڕریس، فاتیح عەبدولکەریم محەمەد (٢٠١٥)، دیوانی سالم، سلێمانی
نازم بەگ، حسێن (٢٠١٢)، مێژووی میرایەتیی بابان، و: حسێن حەسەن کەریم، سدیق سالح، بنکەی ژین، سلێمانی
یوسف، عبد الرقیب (٢٠٠٢)، قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینی بابان، هەزارمێرد، هەولێر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

## الإنعكاس الأوضاع إمارة بابان في الادب الكوردي

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم ب(الإنعكاس الأوضاع إمارة بابان في الادب الكوردي) يتكون من المقدمة وفصلين ونتائج البحث و قائمة المصادر.

حاول البا حث في ا لمحور الأول للاف صل الأول أن يظ هر تأريخ الأ سرة البابا نية وتأ سيس إمارتهم في كوردستان. الأسرة البابانية كانت أ سرة عريقة حكمت كورد ستان حوالي ثلا ثة قرون تقريبا من خلال خمسة أسر المتتالية. ركز الباحث في المحور الثاني للافصل الأول عن ا سباب إلغاء الامارة و قسمت الاسباب الى الاسباب الداخلية والخارجية.

في ا لمحور الأول للاف صل الـ ثاني تـ سلطنا الـ ضوء عـ لى كيف ية الإنع كاس الأ حداث والأ شخاص التابعة إ مارة با بان في الأدب الـ شعبي الـكوردي. وفي ا لمحور الـثاني للافـصل الـثاني نبين الإنعكاس الأو ضاع أ مارة في الـ شعر الـكوردي خلال ثلا ثة قرون الما ضية و نذكر نماذجية الـ شعرية لتوضيح الموضوع.

وفي اخر البحث نشيرنا ألى اهم نتائج البحث ا لتي حصلنا علي خلال هذا البحث و بعد ذلك يأتي قائمة المصادر.

**الكلمات الدالة:** *إمارة بابان, الأدب الشعبي, الشعر, الأوضاع, الشخصية*

**Abstract:**

This research is tagged with (Reflection of the conditions of the Baban Emirate in Kurdish Literature) and it consists of an introduction, two chapters, research results and a list of sources.

In the first axis of the first chapter, the Researcher tried to show the history of the Baban's family and establishment of their emirate in Kurdistan. The Baban's family was an ancient that ruled Kurdistan for almost three centuries through five successive families. The researcher focused in the second axis of the chapter on the reasons for the abolition of the Emirate, and the reasons were divided into internal and external reasons.

In the first axis of the second chapter, we shed light on how the events and people of Baban Emirate are reflected in Kurdish folk literature. In the second axis of the second chapter, we show the reflection of the situation in Kurdish poetry during the past three centuries, and we mention the poetic models to clarify the subject.

At the end of the research, we refer to the most important research results that we obtained during this research, and after that comes the list of sources.

**Keywords**: *Baban Emirate, Popular Literature, Poetry, Personality, Accident.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# رولێ میرێن هوزانڤان د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیا سەریدا
## - میرگەهێن بەهدینان و هەکاری وەك نموونە-

**د. پروین رووف هادی**
پشکا زمانێ کوردی- کولیژا زمانان- زانکویا دهوك/ هەرێما کوردستانا عیراق

**پۆختە:**

ئەدەبیاتا کلاسیکیا کوردی دناڤ باوەشا میرگەهێن کوردیدا سەرهلدایە، لەورا ئەڤێ قوناغا دیروکیا مللەتێ کورد ب شێوەیەکێ گشتی کاریگەریا خوە ل سەر ئەدەبیاتا کلاسیکیا کوردی و هوزانڤانێن کورد هەبوویە، نەخاسمە هندەك ژ میرێن کوردان سەرەڕای حوکمرانی و دەستهەلاتدارییا میرگەهێن خوە گرنگییەکا مەزن ب ئەدەب و رەوشەنبیریێ دایە، تەنانەت کو هندەك ژ وان رولەکێ مەزن د نڤیسین و ڤەهاندنا هوزانێدا هەبوویە و خودان بەرهەم و دیوان بوون.

ئەڤ ڤەکولینە جەخت ل سەر پەیدابوونا قوناغێن ئەدەبیاتا کلاسیکیا کوردی ل دویف میرگەهێن کوردی دکەت، هەورەسا ئەو میرێن هوزانڤان و دیارکرنا رۆلێ وان دبیاڤێ ئەدەبیات و رەوشەنبیرییێدا، دیسان ئەزموونا شیعرییا ئەڤان میرێن هوزانڤان دهێتە دیارکرن و هوزان و بەرهەمێن وان ژلایێ روخسار و ناڤەروکێڤە دهێنە دیارکرن، و ئایا دناڤ بەرهەمێن واندا بەرژەنگێن سیاسی و حوکمرانیێ دیارن یان ژی سەربورا وان یا هوزانکی دووری سیاسەت و دەستهەلاتداریێ بوو؟ یان ژی ل دویف رێباز و شوپا هوزانڤانێن مەزن چ ل سەردەمێ خوە یان یێن بەری خوە چووینە، و ئەو ب کێژ هوزانڤانێن مەزنێن کورد یێن هەڤچاخ یان بەری خوە کاریگەر بووینە؟

ل دووماهیێ گرنگیا ڤەکولینێ د وێ چەندێ دایە، کو دبیت خوینەر نزانیت کو هندەك ژ هوزانڤانێن کلاسیکیێن کورد میر بوون و قوناغەك ژ ژیانا خوە ژبو دەستهەلاتداریێ تەرخان کرینە، لێ دبیاڤێ ئەدەبیدا ژی دەستەکێ دەستهەل هەبوون تایبەت د نڤیسینا هوزانێدا، و دڤێ ڤەکولینێدا دێ رولێ وان ب باشتر هێتە دیار کرن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەدەبیاتا کلاسیکی، میرگەهێن کوردی، میرێن هوزانڤان، بەهدینان، هەکاری.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

**پێشەکی:**

ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیا سەری دهێتە هژمارتن ئێک ژ قوناغێن سەرەکی و گرنگ د مێژوویا سەرهلدانا ئەدەبیاتا کوردیدا، دیروکا ڤێ ئەدەبیاتێ ل گەل دیروکا میرگەهـ و دەولەتێن کوردی سەرهلدایە و دناڤ ڤان میرگەهاندا هندەك ژ میران ژبلی سیاسەت و فەرمانڕەواییا میرگەهان رۆلەکێ باش د بیاڤێ ئەدەبیاتێدا گێڕایە، نەخاسمە رۆلێ وان میرێن هوزانڤان د میرگەهێن بەهدینان و هەکاری. ئەڤ ڤەکولینە دێ روناهیێ بەردەتە سەر رۆلێ میرێن ڤان هەردوو میرگەهان د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجییا سەریدا.

**ناڤونیشانێ ڤەکولینێ:** ڤەکولین ل ژێر ناڤونیشانێ (رۆلێ میرێن هوزانڤان د ئەدەبیاتا کلاسیکییا کرمانجیا سەریدا بەهدینان وهەکاری وەك نموونە).

**ڕێبازا ڤەکولینێ:** ئەڤ ڤەکولینە ل دویف ڕێبازا وەسفی شروڤەکاری هاتە ئەنجامدان.

**ئارمانجا ڤەکولینێ:** دیارکرنا لایەنێ رەوشەنبیری و رەوشا ئەدەبیاتی ل دەف میرێن هوزانڤان د میانێ حوکمرانیا واندا ل میرگەهێن کوردی.

**پرسیارێن ڤەکولینێ:** ئایا رەوشا ئەدەبیاتا کرمانجیا سەری دناڤ میرگەهێن کوردیدا ب چ رەنگ بوویە؟ ئایا میرێن کورد بتنێ گرنگی ب بەلاڤکرنا زانست و زانینێ دایە یان ژی رۆل د ڤەهاندنا هوزانێدا هەبوویە؟ ئەرێ ڤان میرێن هوزانڤان بەرهەم هەبووینە؟ ئەرێ د کیژ میرگەهێن کوردیدا پتر میرێن هوزانڤان هەبوون و خودان هوزان و دیوان بوون؟ ژێدەر و سەرچاوەیێن وان بو ڤەهاندنا هوزانێ چنە؟ ئایا بەرژەنگێن حوکمرانیا وان د بەرهەمێن واندا دیارن؟

**ئاستەنگێن ڤەکولینێ:** ئەڤ بابەتە ئێك ژ وان بابەتانە، کو هەتا نوکە ژێدەر و سەرچاوەیێن کێم ل سەر هەنە؛ ژبەرکو بەهرا پتر ژڤان میران سەرەڕای کو ژێدەر و زانیارییێن دیروکی ل سەر هەنە لێ زانیارییێن ئەدەبی ل سەر وان زور دکێمن، هەتا هندەك ژ وان هوزانڤانان هەتا نوکە بەرهەمێن وهان نەهاتینە دیتن و دبیت ل پاشەروژێ دیار ببن.

**پەیکەرێ ڤەکولینێ:** ڤەکولین ژ دەروازەیەکێ و دوو تەوەرێن سەرەکی پێکهاتیە، تەوەرێ ئێکێ بەحسێ میرێن هوزانڤان یێن میرگەها بەهدینان د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجییا سەریدا هاتیە کرن، تەوەرێ دووێ تایبەتە ب میرێن هوزانڤان یێن میرگەها هەکاری د نڤیسین و دانانا دیوانان ب زمانێ کوردیدا.

**دەروازە:**

پشتی ژناڤچوونا دەولەتا عەبباسی وەلاتێن موسلمانان ل سەر هژمارەکا دەولەت و میرگەهێن جوراوجور دا دابەش بوون و دناڤ واندا چەندین میرگەه ل کوردستانێ بوون، دناڤ کوچکێن وان میرگەهاندا هژمارەك ژ هوزانڤان و ئەدیبان هەبوون، د پەرتووکا


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

شەرەفنامەدا هاتیە کو باپیرێ وی میر شەرفخانێ بەدلیسی ددەمێ دەرکەفتن و شەڕاندا هژمارەکا مەزن ژ هوزانڤان و ئەدیبان دگەل خوە دبرن.

ددەستپێکا سەدەیێ شازدێدا کوردستان دکەڤیتە ل ژێر دەستهەلاتا دەولەتا عوسمانیدا ئەوژی پشتی میرێن کوردان ل سالا ١٥١٥ پەیمانەك دگەل سولتانێ عوسمانی گرێدای تێدا دانپێدان ب سەربەخوییا میرگەهێن کوردی د چوارچووڤێ ئیمپراتوریا عوسمانیدا هاتە کرن، د بەرامبەردا میرێن کورد پشکداریێ د شەرێن دەولەتا عوسمانی دژی دوژمنێن وێدا بکەن(هروتی، ٢٠٠٨، ل٦٣)، لێ هەرچەندە کوردستان ب فەرمی بوو پارچەیەك ژ ڤێ دەولەتێ لێ وەلاتێ کوردان نەکەفتە ژێر کاریگەریا زمانێ تورکی ئەوژی ژبەر دوو ئەگەران: ئێك: هەتا وی سەردەمی و دەمەکێ درێژ پشتی هینگێ ژی زمانێ فارسی زمانێ هوزان و ئەدەبیاتێ بوو نەکو زمانێ تورکی و یا دووێ: ل گورەی پەیمانا کوردان کو میرێن کورد دگەل دەولەتا عوسمانی گرێدای دەستهەلاتا عوسمانی مافێ دەستێوەردانێ دکاروبارێن میرگەهێن کوردیدا نەبوو، لەورا میرگەهێن کوردان ژلایێ میر و حاکمێن کوردان ڤە دهاتنە برێڤەبرن وان گرنگی ب ئاڤاکرنا مزگەفت و مەدرەسەیان ددا و زانا و مەلا ژ ناڤخو و دەرڤەی کوردستانێ دئینان، ئەڤێ چەندێ کاریگەریا ل سەر پەیدابوونا گەشەکرنەکا زانستی و ئەدەبی هەبوو، هەر دڤی دەمیدا دەستپێکێن نڤیسینێ ب زمانێ کوردی پەیدا بوو (دوسکی، ٢٠٠٨، ل٢٦).

هەرچەندە بەدلیسی ئاماژەدایە کو هوزانڤانێن کورد ل سەدەیێ ٩ کوچی/١٤زهوزان ڤەهاندینە، لێ ئەوی ناڤێ چ ژ وان هوزانڤانان نەئینایە، ئێکەم هوزانڤانێ کورد ئەوێ ناڤێ وی د ژێدەراندا هاتی میر یەعقووب بەگێ زرکی یە ئەوێ میراتیا ل میرگەها دەرزینی دکر و ل سالا ١٥٧٩مریە و بو ماوێ ٢٥ سالان حوکم کریە. شەرەفخان دیار دکەت کو ئەڤ کەسە مروڤەکێ سوفی بوو و د هوزانێن ویدا رامانێن (الوحدة المطلقة) ددیار بوون (بدلیسی، ٢٠٠٦، ج١، ص٢٣٩)، پتریا هوزانێن وی ب زمانێ کوردی بوون لێ بەرهەمێ وی د بەرزەنە و هەتا نوکە نەهاتینە دیتن، ب ڤی رەنگی ل سەدەیێ ٩-١٠کوچی/ ١٥-١٦زایینی دەستپێکا ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیبا سەرییە و ئەڤ ئەدەبیاتە بو ئێکەمین جار دناڤ میرگەهێن کوردی و ل سەر دەستێ میرەکێ کورد پەیدا بوویە.

هەر د قوناغا دەستپێکا کلاسیکێن کرمانجدا دشێن ئاماژەیێ ب هندەك هوزانڤانێن دی بدەین کو ب تنێ هوزانەك یان چەند دانەیەك ژ بەرهەمێن وان گەهشتینە مە وەك حەمیدی شاعرێ کوچکا میرێ بەهدینان سولتان حسێن بەگی (مرن ١٥٧٣ز) (دوسکی، ٢٠١٩، ل٢٣) و ئەحمەدێ کاتب کو نڤیسەرێ دیوانا میر قوباد بەگێ بەهدینان(مرن١٥٨٤) بوو (بادی، ٢٠٢١، ل٢٥٠). پشتی ڤێ قوناغێ چەندین هوزانڤانێن دی دهێن وەکی مەلایێ جزیری، فەقیێ تەیران و عەلیێ حەریری ئەحمەدێ خانی و مەلا رەمەزانێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

عەبباسی هاتن کو ئەڤە ب دروستی قوناغا داهێنانا ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجییا سەرییە (گولی، ٢٠١٦، ل٤٠)، پشتی هینگێ ب ١٠٠ سالان ئانکو ل نیڤا دووێ ژ سەدەیێ ١٨ و نیڤا ئێکێ ژ سەدەیێ ١٩ هوزانڤانێن کرمانجی د قوناغا چاڤلێکرنێڕا بورینە، ئانکو چاڤلێکرنا هوزانڤانێن بەری خوە، وەك پەرتوویێ هەکاری چاڤ ل مەلایێ جزیری کریە و فەق رەشیدێ هەکاری بو فەقیێ تەیران و حارسێ بەدلیسی بو فەقیێ تەیران. (دوسکی، ٢٠٠٤، ل٨-٩)

**١- رولێ میرێن هوزانڤان یێن میرگەها بەهدینان د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیدا**

دسەردەمێ نویدا بیاڤێ ئەدەبیاتێ نەخاسمە هوزانێ بەلاڤبوونەکا باش ب خوەڤە دیتیە و بوویە جهێ گرنگیدانەکا مەزن ژلایێ میرێن هەمی میرگەهـ و دەولەتێن کوردانڤە، و "پێشڤەچوونەکا خورت هاتە مەیدانێ و کارتێکرنەکا بهێز ژلایی ئەوان میر و پاشایانڤە لێ هاتە کرن ب پەیدا کرنا ژێدەرێن زانستی و ئەدەبی ل بەردەستێ وان یان ژی ب دانا خەلات و دیاریان ئەوێن بو هەمی تەخ و چینێن جڤاکی دهاتنە پێشکێش کرن، نەمازە چینا هوزانڤانان، لەڕا دێ بینین هوزانڤان دەرکەفتن و داهێنان د بەرکارێ خوەدا دکرن". (دێرەشی، ٢٠١٥، ل٢٨)

ئاشکەرایە میرگەها بەهدینان پێگەهـ و مەلبەندەکێ رەوشەنبیری یێ مەزن بوو دهەمبێزا وێدا کو پایتەختێ وێ باژێرێ ئامێدیێ بوو، پویتەپێدانەکا مەزن ب بەلاڤکرنا زانست و زانینێ دهاتە دان، لەوڕا چەندین مەدرەسەیێن زانستی و ئایینی هاتینە ڤەکرن مینا مەدرەسەیا قوبەهان و سەییدخان و مورادخان و ئیمام قاسم و مەیدان و مزگەفت مەزن(ریکانی٢٠٢٠، ، ١٢-٢٠). هەر سەبارەت ئەڤێ چەندێ بەدلیسی دبێژیت کو "بەهدینان جهێ زانان و چاکێن دیندارە، لەوڕا میرێن بەهدینان گەلەك مەدرەسە و مزگەفت ئاڤا کرینە کو خەلکێ زانان و پرپەرهەم بەرێخوە ددەنێ و مفایێ ژ زانستێ د وان مەدرەسەیاندا دبینن".(البدلیسی، ٢٠٠٧، ج١، ص١٣٦)، ئێك ژ وان قوتابخانەیێن رۆلەکێ بەرچاڤ د رێڤەبرنا ئەدەبیاتا ڤێ دەڤەرێ هەبوو مەدرەسەیا قوبەهان بوو ئەوا ژلایێ میر سولتان حسێنێ وەلی هاتیە ئاڤاکرن کو "مینا زانینگەهەکا خواندنێ یا مەزن بوو ل هەمبەر زانینگەها ئەزهەر یا مسری بوو و پەیوەندی دگەل هەبوو و هژمارەکا مەزن ژ پەرتووك و ژێدەرێن زانستی تێدا هەبوون" (بادی، ٢٠٢١، ل٤٦).

ژڤەرێژا ئەڤا بووری هەر زوی چەندین هوزانڤان دناڤ میرگەها بەهدیناندا پەیدا بوون ؛ ژبەرکو ئەڤ ڤەکولینە تایبەتە ب وان هوزانڤانان کو میرێن میرگەهێ بوون، لەوڕا دێ ب کورتی ئاماژەیی ب هندەك هوزانڤانێن پێشەنگێن بەهدینان دەین کو بووینە بەرێ بناخەی ژ بو هوزانا کلاسییکی ل ڤێ میرگەهێ وکەڤنترینێ وان هوزانڤانەکە ب ناڤێ (حەمیدی) کو د سەردەمێ سولتان حسێنێ وەلیدا ژییایە و هوزانەك ژ ٢٨ مالکان ب زمانێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

(کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی) ڤەهاندییە. هەروەسا هوزانڤان ئەحمەدێ کاتب کو نڤیسەرێ میر قوباد بەگی بوو و هوزانەك بتنێ ژ بەرهەمێ وی گەهشتیە مە و ئەڤ هەردوو هوزانە ژ کەسێن نزیکی میران بوو( دوسکی، ٢٠١٩، ل٢٣و١٢٨)، هەر ل سەدەیێ شازدە ئاماژە ب میرێ بەهدینان قوباد بەگی هەنە کو هوزان ڤەهاندبن لێ هەتا نوکە ئەڤ هوزانە نەهاتینە دیتن (کەشکول،www.qalamos) ، هەروەسا ل ناڤەراستا سەدەیێ ١٧ مەلا رەمەزانێ عەبباسی پەیدا بوو، کو ژ ناسناڤێ وی دهێتە زانین کو ئەو ئەندامەکی مالباتا میرێن بەهدینان بوو و ژ بەرهەمێ وی ژی ب تنێ ئێك هوزان گەهشتیە مە(گولی، ٢٠١٦، ل٤٢)، و ژڤان نموونەیان دهێتە زانین ژمارەیەکا باش ژ هوزانڤانان ل بەهدینان پەیدا بووینە و خودان بەرهەم بوون، لێ ژ بەر بارودوخێ کوردستان تێدا بوری ناڤێن گەلەگ ژ وان و بەرهەمێن ون نەگەهشتینە مە.

١- **محەمەد تەییار پاشا**: ئێك ژ میرێن هوزانڤان یێن کلاسیك ل میرگەها بەهدینان و دناڤبەرا ١٧٨٤-١٨٢١ز ژیایە، ناڤێ وی ب دروستی محەمەد تەییار کوڕێ ئیسماعیل پاشا کورێ بەهرام پاشا کورێ زوبەیر کوڕێ کورێ سەعیدخانێ دوویێ کوڕێ یووسف بەگی کوڕێ سەعیدخانێ ئێکێ کوڕێ سەییدخان کوڕێ قوباد بەگ کوڕێ سولتانی حسێنێ یێ ناڤدار ب حسێنێ وەلی یە(ریکانی، ٢٠١٩، ل٦٦٧).

محەمەد تەییار بچووکترین کورێ ئیسماعیل پاشای بوو، پشتی مرنا بابێ وی ل سالا ١٧٩٨ وەسیەت کر کو ئەو دەستهەلاتێ ل میرگەهێ وەربگریت، و هەر تشتەك بکەڤیتە ژێردەستێ وی، لێ ئەڤ چەندە بوو ئەگەرێ نەڕازیبوونا برایێ وی موراداخانی و ژ ئەنجامێ ڤێ چەندێ ململانێیەکا دژوار دناڤبەرا واندا پەیدا بوو و د ئەنجامدا موراداخانی شیا هەر دوێ سالێدا تەییار پاشای لابدەت، و تەییار پاشا بەرەڤ کەلا قومرێ ل دەڤەرا بەرواریان چوو و خوە ئاسێ کر و پشتی چەندین شەڕان دووماهیێ ل سەر وێ یەکێ رێکەفتن، کو موراداخان ببیتە میرێ ئامێدیێ و محەمەد تەییار پاشا ببیتە میرێ ئاکرێ، پاشی دناڤبەرا سالێن ١٨٠٠-١٨٠٤ ببوو میرێ دهوکێ، و ل سالا ١٨١٣ میرێ زاخو بوو(ریکانی، ٢٠١٩، ل٦٥٩).

ئەو دەمێ میر محەمەد تەییاری تێدا ژیای قوناغەکا پڕی زانست و ئەدەبیات بوو، ل باژێرێ ئامێدیێ هژمارەکا زانایێن مەزن بەرچاڤ بوون وەك: مەلا مەحموودێ بەهدینی و مەلا یەحیایێ مزووری و مەلا صالحێ ئاکرەیی و کومەکا هوزانڤانێن کلاسیك ژێ پەیدا بوون، مینا مەلا مەنسوورێ گێرگاشی و بەکر بەگێ ئەرزی و سەیفیێ شوشی و گەلەکێن دی (بادی، ٢٠٢١، ل ١٣٨-١٣٩). ژلایەکێ دیڤە ڤەکرنا قوتابخانە و ناڤەندێن زانستی ژلایێ میرێن ئامێدیێڤە و هاندانا وان ژبو بەلاڤکرنا زانستێن شەرعی و ئایینی و ئەدەبی پێنگاڤەکا مەزن بوو دهاتە دیتن، لەورا دێ بینین کو میر محەمەد تەییار ژ ڤێ رەوشێ بێ ئاگەهـ نەبوو و ڤی هوزانڤانی وەکی گەلەکێن دی شەیدایێ مەلایێ جزیری بوویە و ژ ئەنجامێ ڤێ چەندێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دانەیەك ژ دیوانا وی ب رێنڤیسەكا جوان و ب دەستێ خوە نڤیسیە و ل دووماهیا دەستنڤیسا خوەدا ب ڤی رەنگی خوە دایە نیاسین:" حقیر التقصیر محمد طیار بن اسماعیل باشا العباسی أصلاً العمادی وطناً". ئەڤ دەستخەتە ل سالا ١٢١٣ك/١٨١٥ز نڤیسیە ول پەرتووكخانا مەلا تەهایێ كورێ شێخ مەزهەرێ مایی هاتیە پاراستن. (محمد طیار باشا، ١٢٣١مش، ل١٤٥).

دەربارەی ئەزموون و سەربورا وی یا ئەدەبی گەلەك زانیاری بەردەست نینن، لێ ژ هوزانێن وی یێن بەردەست دهێتە زانین كو هوزانڤانەكێ دەستهەل و شارەزایە. مەلا ئەنوەرێ مایی د پەرتووكا (أكراد فی بهدینان) دبێژیت" محەمەد تەییار پاشا هوزانڤان و تورەڤان بوویە، وی هوزان ب زمانێن كوردی و فارسی هەنە، ئەز ل سەر هندەك هوزانێن وی یێن كوردی ب رێنڤیسا وی یا جوان هەلبوویمە و من دیتیە كو د نازك و جوان و ب ریتمەكت خوەشە، وی هندەك هوزانێن مەلایی جزیری كرینە پێنج خشتەكی و داهێنانا خوە یا شعری ب جوانترین خەمل دیار كریە".(المایی، ٢٠١١، ص٢٢٠-٢٢١).

محەمەد تەییار پاشای د هوزانین خوەدا ناسناڤێ (غەریبی) بو خوە هەلبژارتیە، سەبارەت ئەگەرێ هەلبژارتنا ئەڤی ناسناڤی دوو بوچوون هەنە، هندەك دبێژن ژبەركو ئەوی بو ماوەیەكی ژ باژێرێ خوە دوور بوویە لەورا ناسناڤێ (غەریبی) هەلبژارتیە، لێ ب باوەریا سەعید دێرەشی دبێژیت كو محەمەد تەییار پاشا میراتگرێ شەرعیێ میرگەها بەهدینان بوول ێ دەلیڤە و كاودانان نەهێلایە ئەو ب میراتیێ شاد ببیت، لەورا ئەوی خوە د وەلاتێ خوەدا ب (غەریب) و تەنگەزار دیتیە(دوسكی، ٢٠١٩، ١٤٧؛ دێرەشی، ٢٠١٧، ل٩).

هەروەسا ڤی هوزانڤانی هژمارا (٩٢) وەك ناسناڤەكێ دی بو خوە هەلبژارتیە و ئەڤ هژمارە ل دویف هژمارا حسابا ئەبجەدی دبیتە هژمارا پەیڤا (محەمەد) كو ناڤێ هوزانڤانییە(بادی، ٢٠٢٠، ل ١٦٣).

ژبەرهەمێن ئەڤی میری، ژبلی نڤیسینا دانەیەكا جوان ژ دیوانا مەلایێ جزیری، دیوانەكا شیعرییا تەمام هەیە، كو ژ ٩٢ لاپەران پێكهاتیە و هوزانێن وێ ل دویف ئەلفوبێیا ئەبجەدی هاتینە رێزكرن، و سەرجەمێ هوزانێن وی ١٥٢ هوزانن كو ٩٢ ژێ قەسیدەنە و ٣٢ چوارینن و ٢٨ ژی پێنج خشتەیینە. (دوسكی، ٢٠١٩، ل١٤٧).

ل دووماهیا دیوانا خوە نڤیسەرێ دەستخەتی ئەڤ گوتنە ب زمانێ فارسی نڤیسیە" تمام شد غزلیات جانفدای غمزدای غریبی قدس سرە العزیز، كمالات أو از شرح مستغنی است چنانكە مشهورند= غەزەلێن جانفیدایێ خەمگینێ غەریبی (قدس سره العزیز) ب داوی هات، شروڤەیا رەوشا وان یا هێژا پێدڤی نینە چونكە ئەو ب خوە گەلەك بناڤودەنگن".(دوسكی، ٢٠١٩، ل١٥٠).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەكولینێن كوردی

محهمهد تهیاری پاشای پتریا هوزانێن خوه ب زمانێ فارسی نڤیسینه، ژ سهرجهمێ هوزانێن وی بتنێ (٩) هوزان ب زمانێ کوردینه و یێن دی ب فارسی ڤههاندینه، پێنج ژ هوزانێن کوردی پێنج خشتهکینه کو چوار ژ وان ل سهر غهزهلێن مهلایێ جزیرینه و یا پێنجێ ل سهر غهزهلهکا پهرتوویێ ههکاری ڤههاندییه، ئهڤه رامانا وێ ئهوه کو زور ب مهلایێ جزیری داخبار بوویه، ههروهسا هوزانێن پهرتوویێ ههکاری ژی کو ل وی دهمی میراتی میرگهها ههکاری دکر گههشتبوونه دهستێ وی و ئهوی ئاگهه ژ هوزانڤانێن سهردهمێ خوه ههبوو.

ب گشتی میرێن بهههدینان بایهخدانهکا مهزن ب مهلایێ جزیری دایه، نهخاسمه ئهو میرێن هوزانڤان کو ژێدهر و سهرچاوهیێن وان بوویه د ڤههاندنا هوزانێدا، سهبارهتێ ڤێ چهندێ دکتور محهمد عهلی قهرهدلغی دبێژیت" بایهخدانی میرانی عیمادییه به دیوانی مهلایی جزیری ئهو بایهخدانهی که دوو فلیقانه و دووسهرهیه و له لایهکهوه زانا و کهلهمهلامانی ئهو سهردهمه ههر کهسێ ل ئاستی خویهوه به شێوهیهك له شێوهکان خزمهتی پارچهیهك یان چهند پارچهیهك یان بگره سهرجهمی شیعرهکانی مهلایی جزیریان کردووه و به بیروبوچوونی خویان شهرحیان کردووه و مانایان لێکداوهتهوه".(قهرهداغی، ٢٠٠٦، ل٩).

بو نموونه د پێنج خشتهیهکێدا ل سهر هوزانا مهلایێ جزیری دبێژیت:

بێ غهمێ عشقێ (غهریبی) چ حاصل ژێ مهلێ
دلبهرا عشوه پهری زولف و سهلاسل ژ مهلێ
مهششها نازك و مهستانه وبر دل ژ مهلێ
هاته دهستێ مه د رهقصێ ودگو: بل ژ مهلێ
دهست ب کهس دی د سهمایا کو (مهلا) تێ نادم (دوسکی، ٢٠١٩، ل ١٦١)

ههر د پارچه غهزهڵهکا دیدا د چوارچووڤێ پێنج خشتهکی ل سهر غهزهلهکا مهلایێ جزیری ڤههاندییه شیایه ب هوزانا خوه یا بهێز دهربرینێ ژ بابهتێ عشق و ڤیانێ بکهت:

ب غهریبی دلێ مهسروور صیفهت
رهقصی سهرخوهش و مهخموور صیفهت
مهستیا بادهئێ ئهنگوور صیفهت
ڤ (مهلێ) سوڕ پهرییا حور صیفهت
سهد مهلك دهست ب دهستن چهپ و راست

(دوسکی، ٢٠١٩، ل ١٥٩)

ههروهك دیار بووی کاریگهریا مهلایێ جزیری ل سهر محهمهد تهییاری ئاشکرایه و دبیت ژ ئهگهرێ ڤێ کاریگهری و داخباربوونێ دهست ب ڤههاندنا هوزانێ کربیت نهخاسمه ئهوی دانهیهك ژ دیوانا جزیری ب دهستخهتێ خوه نڤیسیه، د هوزانێن ویدا دیار دبیت کو وی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

هەولدایە ژلایێ شێواز و دارێتنا هوزانێڤە چاڤ ل جزیری بکەت و گەلەك پەیڤ و زاراڤ ژ جزیری وەرگرتینە. کەواتە جزیری ئیلهام و ژێدەرێ وی یێ شیعری بوویە.

ژلایەکێ دیڤە د پێنج خشتەکییەکا دی ل سەر غەزەلەکا میرێ هەکاری مستەفا بەگی ڤەهاندییە و تشتێ سەرنجراکێش دڤێ هوزانێدا تێکهەلکرنا بەرهەمێ دوو میرێن هوزانڤانە، ئێك ل بەهدینان و یێ دی ل هەکاری:

دوو ئەفعان رەنگێ رەشتوزن سەرێ زولف

دوو هندو مەستێ جانسوزن سەرێ زولف

دوو جادوو سحرئاموزن سەرێ زولف

ژبادێ صوبحێ ئالوزن سەرێ زولف

وەیا مەستن ژ بێهنا مسکێ ئەذفەر

نزانم ئەڤ چییە دەردێ هناڤان

مە نینە صەبر و راحەت وەقت و گاڤان

(غەریبی) ئەم کەتن وان بەند و داڤان

یەقین (پەرتۆ) نەظەر کربوو ل چاڤان

کو ما مەستە وەکو مەخموور و ئەبتەر

(دوسکی، ٢٠١٩، ل١٥٧).

دیارە ئێك ژ ساخلەتێن ڤەهاندنا قالبێ پێنج خشتەکی ئەوە، کو هوزانڤانێ ئێکێ یێ کاریگەرە ب هوزانڤانێ دووی و دناڤ ئەڤی میرێ هوزانڤاندا دیار دبیت کو ئەو ب پلا ئێکێ ب مەلایێ جزیری کاریگەرە و ب پلا دووێ ب پەرتۆیێ هاکاری داخبارە.

هەروەك بەری نوکە هاتیە دیارکرن کو ناسناڤێ خوە یێ شیعری کریە غەریبی؛ ژبەرکو ماوەیەکێ ژ ژیانا خوە دووری بازێرێ ئامێدیێ بوراندیە و ئەڤ هەستێ غەریب و دەربەدەریێ رەنگڤەدانا خوە دناڤ هوزانا ویدا کریە:

ژارم ژ دەستێ فورقەتێ      دیسا ل من سەردا غەمان

کوشتم ب دەردێ حەسرەتێ      من صەبر و طاقەت قەط نەمان

راحەت مەبر یەکسەر ژ دەست      جوهنێ خومار و مەی پەرەست

رەشمار ب گەڕ هاتن د مەست      هەژیان ل دور سەلوا جوان

و ل دووماهیا ڤێ شیعرێ فیغان و فەریادێن خوە ژ دەردێ زەحمەت و نەخوەشییا دوور بوونێ ددەتە دیارکرن:

فەریاد و ئەفغان من غەریب      هەر تێن ژ بەر جەورا رەقیب

مە ژ زەحمەت و هیجرا حەبیب      نالی گەهانە ئاسمان

(دوسکی، ٢٠١٩، ل١٥٣)

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەڤ جورە هوزانا دچیتە دچوارچووڤێ هوزانا (خەریبیێ)دا و ئیکە ژ وان بابەتان، کو ژ کەڤندا هوزانڤانێن کلاسیک د هوزانێن خودا باس کرینە" ئەڤ خەریبییە ژ جهی یان دەمی، ئەڤ هەستکرنە پشتی دوورکەفتن و ژێکجودابوونێ دهێت، هەروەسا پتر ژ هەمی مروڤان هوزانڤان خودان هەستەکێ نازکە و ئەو دزانیت ب دروستی بشێت ئەڤی هەستێ گرێدای ب بیرهاتنێن ویڤە ل هەر جهەکی و هەر دەمەکی وەسف بکەت".(دوسکی، ٢٠٢٢، ل٢٩٢)

هەر ژ کاریگەریا ڤێ خەریبیا خوە بو باژێرێ ئامێدیێ د هوزانەکا خودا ب زمانێ فارسی داخوازێ ژ بایێ سپێدێ دکەت کو سلاڤێن وی دگەل خو بو خوەشتڤیێن وی ل باژێری ببەت:

ای نسم سحر امروز مبارك بادی

که نویدی برخسته ز یاران دادی

من نمی دانم که تاتار رسیدی امروز

یا که از جانب احباب سر عمادی

(دوسکی، ٢٠١٩، ل١٤٨-١٤٩)

(ئەی بایێ سپێدێ ئەڤرو تو بایەکێ پیروزی، تە مزگینیەك ژ یاران بو من ئینایە، ئەز نزانم کو تو ئەڤرو وەك تەتەر هاتی یان ژلایێ خوشتڤیێن ل سەرێ ئامێدیێ؟).

هەروەسا بابەتێ پێگوتنی ژی دهوزانێن ویدا دیارن، مینا ئەو هوزانا ب مرنا شێخ عەبدولرەحمانێ شۆشی گوتی و تێدا ئاماژە ب سالا مرنا وی ژی دایە:

مفخر صوفیه عبدالرحمن

مردم باصره انسانی

فیض باب از مدد شیخ قصیر

ناهج و معتقد گیلانی...

غفر الله له مولانا

الباری بالرحمه و الرضوان

زین تغابن بطلب لفظ غرام

سال تاریخ وفاتش دانی

(دوسکی، ٢٠١٩، ل١٤٧)

و پەیڤا غرام ب حسابا ئەبجەدی ل هەمبەر سالا ١٢٤١مش/١٨٢٦زایینی دهێت و ئەڤە سالا مرنا شێخ عەبدولرەحمانێ شۆشییە.

تشتی بالکێش ئەوە کو دهوزانێن محەمەد تەییاریدا هیچ بەرژەنگێن سیاسی و حوکمرانییا وی ناهێنە دیتن، لێ بتنێ د هوزانەکا خودا ئاماژە حوکمێ برایێ خوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

مورادخانی دایە دەمی هاتیە سەر تەختێ میراتیا میرگەها بهدینان، هەرچەندە ژ ژێدەرێن مێژوویی دهێتە زانین کو پەیوەندیێن هەردوو برایان نەخوش بوون، لێ د ڤێ هوزانێدا دهێتە زانین دبیت پشتی کوهەردوو برا پێکهاتبن ئەڤ هوزانە ڤەهاندبیت؛ چونکە ژ بابەتێ هوزانێ دیارە کو کەیفخوەشی پێڤە دیارە و داخوازا پاراستنا برایێ خوە و ب سەرکەفتنا وی ژ خودێ دخوازیت، لێ د دێرەکێدا گلەییێ، دکەت کو ئەو بو ئاهەنگا دانانا مورادخانی بو سەر تەختی نەهاتیە ڤەخواندن! و ئەڤ هوزانە ژی ب زمانێ فارسی ڤەهاندییە:

مژده باد ای دل که دیگر نوبت عشرت رسید
غنچه اقبال و دولت د عمادی بشکفید
یعنی نجل پادشاه کامران سلطان مراد
پرور دین محمد صاحب بخت سعید...
آیت (فالله خیر حافظاً) حرزش بود
رایت (نصر من الله) پیش او باد برید
چونکه عمری شد غریبی من دعاگویم مدام
شرط نبود از وفاداری فراموشم کنید

(دوسکی، ٢٠١٩، ل١٤٨).

مزگینی بو تە ئەی دل کو ئێدی نوبەتا خوەشیان هات و پشکوژا ئیقبالێ و دەولەتێ ل ئامێدیێ بشکفت، ئانکو سولتان موراد کورێ مەزنێ پاشایێ کامیران، پەیرەوێ دینێ محەمەدی و خودانێ بەختێ شاد... ئایەتا (فالله خیر حافظاً) وی بپارێزیت و ئالایێ (نصر من الله) ل دەف وی وەکو نامەبەرەکی بیت، ئەی غەریبی ئەڤە تەمەنەکێ ئەز بەردەوام دوعایان دکەم، مانە مەرجە کو ژ وەفاداری هەوە ئەز ژبیر نەکربام!)

**٢- میر ئیسماعیل پاشا کورێ میر محەمەد تەییار پاشا:**

ئەڤ میرە دناڤبەرا سالێن ١٨٢٢-١٨٣٢ میراتی ل کەلا ئاکرێ دکر، ل سالا ١٨٣٦ ئیسماعیل پاشای میراتیا میرگەها بەهدینان وەرگرتیە و هەتا سالا ١٨٤٢ بەردەوام بوو، ئانکو ئەو دووماهیک میرێ بەهدینانە، پشتی کەفتنا میرگەهێ ژی ئەو چەندین پوست د دەولەتا عوسمانیدا وەرگرتبوون، دناڤبەرا سالێن ١٨٥١-١٨٥٢ و بو ماوەیێ سالەکێ ببوو والیێ شەهرەزورێ پاشی ڤەگەریا بەغدایێ و ل سالا ١٨٦٣ هەر بو ماوەیێ سالەکێ ببوو قایمەقامێ باژێرێ مووسل و ل ١٨٦٩-١٨٧٠ ببوو موتەسەرفێ (پارێزگەرێ) کەربەلا.(رێکانی، ٢٠٢٢، ل١١٧-١٢٠

سەبارەت رۆلێ وی وەکو هوزانڤان و نڤیسەر، ئیسماعیل ئێک ژ وان میران بوو کو گەلەک گرنگی ب نڤیسنیا ئەدەبیات و هوزانێ دایە و بەلگە ژی بو ڤێ چەندێ ئەوی دانەیەک ژ دیوانا مەلایێ جزیری ب دەستێ خوە نڤیسیە، هەروەسا ئەوی هوزانێن چەندین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

هوزانڤانێن کلاسیك یێن کورد و فارس و تورکان ب دەستخەتەکێ جوان نڤیسیە، وەکو دیوانا فوزوولی و مەولانا ب زمانێ تورکی و حافزێ شیرازی و جامی و سەعدیێ شیرازی ب فارسی و هوزانێن لاغەری ب زمانێ کوردی. لێ ئەوی هەولا نڤیسینا هوزانێ نەدایە و بتنێ هەتا نوکە ئێك هوزانا وی ب زمانێ فارسی هاتیە دیتن و ب گوتنا (من کلام اسماعیل العباسی) ئاماژە دایە کو ئەڤ هوزانە ژ ڤەهاندنا وی ب خویە. و ددێرا دووماهیا وێدا هاتیە:

گفتم اش سمع کن این پند مشو با افسون

هرچە داری شە من دارد و تاج اش افزون

(اسماعیل پاشا، دەستنڤیس، ١٢٦٠مش).

**دوو: رولێ میرێن میرگەها هەکاری د ئەدەبیاتا کلاسیکیا کرمانجیا سەریدا:**

ب گشتی دناڤ دیروکا ئەدەبیاتا کلاسیکیا کوردیدا، نەخاسمە ئەدەبیاتا کرمانجییا سەریدا، قوناغەك ژ ئەڤی ئەدەبیاتی دناڤ باوەشا میرگەها هەکاریدا پەیدا بوویە، لەورا دێ بینین کو هژمارەك ژ میرێن هەکاری، ژبلی میراتی و دەستهەلاتا سیاسی گرنگی ب زانست و زانین ب تایبەتی د بیاڤێ ئەدەبیات و نڤیسین و هوزانێ دایە، هەتا کو هندەك ژ وان دیوانەکا تەمام یا هوزانێ هەیە و هندەك ژوان چەندین پارچەیێن هوزانێن وان هاتینە دیتن، لێ ژبەر کاودان و باروودوخێن نەخوش و نالەبار یێن کوردستانێ بەرهەمێ وان بەرزە بووینە، لەورا دڤێ ڤەکولینێدا دێ هەول دەین ئەڤ قولاچکا تاریا دناڤ ئەدەبیاتا کرمانجییا سەریدا روون بکەین ب دیارکرنا رۆلێ میرێن هەکاری دڤەهاندنا هوزانێدا و بابەت و ناڤەرۆکێن هوزانێن وان دیار بکەین.

کومەکا مەزن ژ میرێن میرگەها هەکاری گرنگی و پویتەیەکا مەزن ب زانست و زانینێ ب گشتی و ئەدەبیاتێ ب تایبەتی داینە، و هندەك ژ وان دەستەکێ باش د نڤیسینا هوزانێدا هەبوو، هەر ئێك ژ وان ل دویف زانیارییێن بەردەست و بەرهەمێن وان ئەوێن بەردەست دێ ئاماژە ب رۆلێ وان دەین.

**١- میر عمادەددینێ هەکاری:** ئێك ژ وان میرێن هوزانڤانە کو بو ماوەیەکێ دناڤ میرگەهەها هەکاریدا حوکم کریە، ناڤێ وی عمادەددین کورێ یەحیا بەگ کورێ زەکەریا خان بەگییە، دناڤبەرا سالێن ١٦٣٤-١٦٣٩ حوکم کریە.(گولی، ٢٠١٧، ص٧٥-٧٦)، و هەروەك میرزا محەمەدێ یازچی دبێژیت ئەو "میرەکێ خودان شیان د میرگەهەکە بهێزدا بوو"(یازجی، ٢٠١٢، ٦٧). دەمێ بابێ میر عمادەددینی مری هێشتا ئەو و برایێن وی زاروك بوون، و هەروەك د ژێدەراندا هاتی مام و کەسوکارێن وی ستەمەکا مەزن لێکرن و ئەو بو ماوەیەکێ درێژ دناڤبەرا دەولەتا عوسمانی و سەفەوی و میرگەهێن کوردیدا دەربەدەر بوو، لێ ل سالا ١٦٣٣ شیا باژێرێ جولەمێرگێ کو پایتەختێ میرگەهێ بوو بستینیت و خوە وەك میر راگەهاند.(یازجی، ١٤٠١هـ.ش، ٢١، ص٧٠٤- ٧٢١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

ئەڤ میرێ هوزانڤان هەڤچاخێ مەلایێ جزیری بوو، دیارە پەیوەندییەکا هەڤالینی یا بهێز دناڤبەرا واندا هەبوو،بەلگە ژێ ئەو دانوستاندنا هوزانکییە ئەوا دناڤبەرا هەردوویاندا کو ددیوانا مەلایێ جزیریدا دهێتە دیتن. ئەڤ دانوستاندنا هوزانکی دهێتە هژمارتن وەك ئێکەم دانوستاندنا هوزانکی د ئەدەبیاتا کوردیدا دناڤبەرا مەلایێ جزیری و میرەکێ هوزانڤاندا هاتیە ئەنجامدان، ئەڤی میری شیایە ددارشتن و ڤەهاندنا ئەڤێ هوزانێ وەسا بهێز داریژیت، کو ئاستێ هوزانا خوە بگەهینیتە ئاستێ هوزانا مەلایێ جزیری.

ددەستپێکا هوزانێدا جزیری ب سلاڤەکا گەرم دەستپێدکەت و پەسنا میری عیمادەددینی دکەت و وی هێژای هەمی ناسناڤێ بەرز و بلند دبینیت:

سەلاما مـن ثـەناخوانی سەحەرگەهـ گەوهەر ئەفشان بت

ب خدمەت عەرض سولتانی عـەبیر و عەنبـەر ئەفشـان بـت

ب صوورەت ئەمرێ سولطانی سـەرئەلقابێ زەرئەفشـان بـت

(جزیری، ٢٠٢٢، ٣١١)

میر بەرسڤا وی ب سلاڤەکا پڕی بێهنێن خوەش و گولاڤان ددەت کو دلێ مروڤان پێ خوەش بیت، ل ڤێرێ دیار دبیت کو میر عمادەددین ب دیتنا جزیری کەیفخوەش بوویە:

سـەلاما صـانعی قـادر مەلا دا پێ موعەططەر بی

موفەڕڕەح بت مە لێ خاطڕ پەیاپەی لێ موکەڕڕە بێ

ژجامـا خـاطرێ عـاطڕ مـە ژێ ئایینـە ئـەنوەر بێ

[خانی، ۲۰۰۸: ٤٧].

لەبری ئەوەی کە خانی بڵێت (بێ پار، بێ بەش)، هاتووە وشەی (بەهرە)ی نەرێ کردووە و مەبەستە ناشیرینییەکەی پێ داپۆشیووە و پۆشاکێکی یوفیمیزمانەی شاراوەی بەبەردا کردووە. خانی هەر لەو بەیتە شیعریانەی کە هۆکاری نوسینی "مەم و زین"ی تێدا باس کردووە، گەلێک پەیڤی دیکەی یوفیمیزمی بەکارهێناوە، کە دەتوانین هەندێکیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بخەینە ڕوو وەکو: (یتیم) کە لەبنەڕەتدا بۆ مەبەستی بێ باوکی بەکاردێت، بەڵام خانی بۆ مەبەستی بێ خودانی کوردان بەکاری هێناوە؛ واتە نەبوونی سەرکردەیەك یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمەش ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییەی خانی دەردەخات کە نوێنەرایەتی کورد و میرەکانی کردووە لە کاتێکدا کە دەسەڵاتیان نەماوە و دوچاری پەرتەوازە و لەناوچوون هاتوون.

فی الجمله نه جاهل و نزانن　　بلکی د سفیل و بی خدانن

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٨].

پەیڤی (سەفیل) لە بنەرەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای ((هەرزە، سوک، گرزە، حیزە بخۆ، کنۆس، جیوەلەک، هەرچی و پەرچی، دلسڤک، وەینەک، بەترف، بلّح، دوون، نزم))دێت [موکریانی، ٢٠٠٥، ١٩٨] دێت. وەلێ لەم دەقەدا بەکاریگەری کەرەسەکانی رستە و مانای کۆنتێکستی دەکرێ ببێژین لەبڕی (چارە رەش، بێ بەختی) بەکارهاتووە. لە هەردووك باردا پەیڤی (سەفیل) بە یوفیمیزمێکی شاراوە هەژمار دەکرێت و هۆکارە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ململانێی زمانی و کەنفلیکت و شەڕانگێزی و دوورکەوتنەو ە لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان.

| | |
|---|---|
| گردی هبویا مەژی خدانک | عالی کرمک لطیفه دانک |
| علم و هنر و کمال و اذعان | شعر و غزل و کتاب و دیوان |
| اڤ جنس ببا لباوی معمول | اڤ نقد ببا لنک وی مقبول |
| من دی علما کلام موزون | عالی بکرا لبان گردون |

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٨].

خانی لەم بەیتانەدا ئاماژە بە نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سیاسی دەکات. نوسەر زۆر بە وردی و لێزانانە وەسفی حاڵی کوردان لە بێ سەرکردەیی و دەوڵەتێکی کوردی دەکات، هەروەها بە ئەگەرەوە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدرکێنێت و، دووردەکەوێتەوە لە ململانێی زمانی و شەڕانگێزی سیاسی و نایەوێت دەستەواژە و دربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان بە زەقی بەکار ببات، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری عوسمانی زەفەری پێ نەبەن. خانی ئەو ڕەخنەیە بەوە ئاراستە دەکات کە ئەگەر ئێمە سەرکردە و کیانێکمان هەبوایە و سەرپەرشتی ئەو نوسینەیان بکردبا، ئەوا من لەوەی ئێستا هەیە جوانتر و پرچێژتر دەمنوسی و ئەدەب و شیعرم دەگەیاندە بڵندترین پایە لەسەر ئەدەبیاتی دوژمنانمان، ئەمەش هەمدیس ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییەی خانیمان بۆ دەردەخات کە لە غیابی میرنشین و میرە کوردەکان بووەتە ئەرکی سەرشانی ئەو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢ – ٢ – شرۆڤەکردنی دەستەواژە یوفیمیزمییەکان وەکو بابەتە ئەڤینی و کۆمەڵایەتییەکان لە"مەم و زین"دا:**

ئەگەر چی تا ئێرە شیکردنەوەی ئەو چەمکە یوفیمیزمیانە بوو کە لە پەیام و ئایدۆلۆژیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خانیدا هەبوو، کە وەکو گوتاری میر و میرنشین شرۆڤە کرا ، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە بابەتە ئەڤینی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو "مەم و زین"یش دەکرێ بە ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانە لێکبدەینەوە و لەم بابەتەشدا گەلێك پەیڤی "یوفیمیزم" لەبری دەستەواژە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان بەکارهاتووە، کە لێرە بەدوا هەوڵدەدرێت دەستنیشان بکرێن.

خانی لە باسی جوانی ئەڤینیدا جیاوازی لەنێوان خۆشەویستی و هەوەسبازیدا دەکات و دەڵێت:

لی عاشق و بوالهوس جدانه	هن فائده خواز ژبووی جانان

[خانی، ٢٠٠٨: ٥٧].

بەکارهێنانی وشەی (بوالهوس) لەبری ~~نەزان~~ چاولەدەر، ناڕاستی لە دڵداریدا بەکارهاتووە. دەکرێ ئەم پەیڤە وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا هەژمار بکرێت. بەم دەربڕینە نووسەر خۆی بەدوورگرتووە لە دەربرینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان.

هرچند کو بیحد و قیاس بون	عامی و خوادم و خواص بون

[خانی، ٢٠٠٨: ٥٨]

خانی هەوڵیداوە پەیڤی (خوادم) لەبری (خزمەتکاران) بەکاربێنێت. ئەم وشەیە دەشێ وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەرچی ئەم دوو پەیڤە بۆ یەك مانا و مەبەست بەکاردێت، وەلێ لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا وشەی (خادم) پەسەندترە، هەروەکو ئەو کەسەی کە خزمەتی مزگەوت دەکات پێی دەڵێن (خادمی مزگەوت). هەربۆیە نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی بێگانە لەبری پەیڤێکی رەسەنی کوردی بخوازێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ململانێی زمانی و کەمکردنەوەی لایەنی نەرێنی.

باژیر و کلات و خانی بردان	تشبیه بە نژدیان و جردان

[خانی، ٢٠٠٨: ٦١]

خانی لە باسی گۆڤەند و نەورۆزدا، تایبەت لەم دێڕەدا پەیڤی (نژدەیان – نەژدییان) مەبەست لێی کەسانی خراپ و تالانکەرە. نەژدی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەمانای ((نزیک، ماڵی تالانی)) دێت [هەژار، ٢٠١٠: ٨٨٣]. بۆیە دەکرێ (نژدەیان) وەک یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت، چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە هەوڵی تالانکردن دەدەن.

اتراب و کواعبی دعذرا	مردان و مراهقی دزیبا

[خانی، ٢٠٠٨: ٦١]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خانی له وەسفی ئافرەت و جوانیاندا پەیڤی (کەواعب)ی عەرەبی لەبڕی سینگی ئافرەت بەکاردێنێت. لەزمانی عەرەبیدا یەکێک لەواتاکانی کەواعیب ((مەمک قیتان))ە [خانی، ٢٠٠٨: ٧٠]. بێگومان ئەمجۆرە دەربڕینە ناراستەوخۆیە دەبێتە یوفیمیزمێك لەجۆری شاراوە. هەروەك ئاشکرایە کە وشە سێکسییەکان دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە تابۆ، بەکارهێنان و دانانی پەیڤی دیکەی خۆماڵی یان بێگانە لەشوێنیان دەبێتە یوفیمیزم. بۆیە نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی عەرەبی بەکاربێنێت و خۆی بەدووربگرێت لە دەستەواژە تابۆ و دیسفیمیزمییەکان.

وی گوت دو شهلوند شداد ایرو لقی خلقی بونه جلاد

[خانی، ٢٠٠٨: ٦٣]

لەم دێڕەدا پەیڤی (شداد) لەبڕی زاڵم بەکارهاتووە. نووسەر هەوڵیداوە لەبڕی وشەی ڕەسەنی کوردی، پەیڤێکی عەرەبی بەکاربێنێت، مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و شەڕانگێزی و بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمەکانە. بۆیە ئەم دەربڕینە وەك یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی هەژمار دەکرێت.

هن مؤتلفن هنك مخالف هن مختلفن هنك مؤالف

[خانی، ٢٠٠٨: ٦٤]

بەکارهێنانی پەیڤی (مخالف) لەبڕی وشەی دژ بەکارهاتووە. مەبەست لێی هەندێك لە دوژمن و ناحەزانی کوردانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ناوی نەبردوون. ئەمجۆرە دەربڕینە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، هەروەها هۆکارە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی دەستەواژە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان و دوورکەوتنەوە لە ململانێی سیاسی.

ئاخر کو ژ حدی چویە در جور جوری لمە عاقبت نمادور

[خانی، ٢٠٠٨: ٦٩].

بەکارهێنانی وشەی (جەور) لەبڕی ستەم وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا بەکارهاتووە. بێگومان ئەمجۆرە دەربڕینە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و دەربڕینە تابۆ و دیسفیمیزمییەکان، ئەمە جگە لەوەی پەیامە سیاسییەکەش لە شەڕانگێزی بە دووردەبێت.

هرچی وە حباندی ای پریزاد حسناوە دکت ژبووە منقاد

[خانی، ٢٠٠٨: ٦٩]

پەیڤی (مونقاد) لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای (بەگوێ، فەرمانبەر، باربەر، گوێ لە مست) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ٤٠٧]. ئەم دەربڕینە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، هۆکاری ئەوەی ئەوەی کە لە بڕی وشەی خۆماڵی نووسەر پەنای بردووەتە بەر پەیڤی عەرەبی ئەمەش دورکەوتنەوەیە لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی

تابۆ و دیسفیمیزمییەکان. ئەمە جگە لەوەی وشە عەرەبییەکە کاریگەری نەرێنی کەمترە لە وشە ڕەسەنە کوردییەکە.

وی دلە بی فصال محتال صبحی خوە کهاندە پیش رمال

[خانی، ٢٠٠٨: ٧٣].

(دلە) مەبەست لێی فێڵبازە، بۆیە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە. نووسەر بەمجۆرە دەربڕینە خۆی لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان بەدوورگرتووە. هەروەها ئەمجۆرە یوفیمیزمە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و ململانێی سیاسی و شەڕانگێزی. هەروەها پەیڤی (رمال) کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە بەمانای ((فاڵچی، خیزفرۆش، زیخ فرۆش)) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ١٧٦]. لەم دەقەدا زیاتر مانای یەکەم مەبەستە، نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی عەرەبی لەبری پەیڤێکی خۆماڵی کوردی بەکاربێنێت، کە مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە دەربڕینە تابۆییەکەیە، چونکە وشەی (فاڵچی) لە زمانی کوردیدا بە هۆکاری ئایینی و کلتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، واتایەکی نەشیاو و دەربڕینی بە ئاشکرا ناپەسەندە و بە تابۆ هەژماردەکرێت. بۆیە دەکرێ ببێژین (رمال) وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماردەکرێت.

قارورە و حقە نشتر و کیس هلکرتن اوا خبیثە تلبیس

[خانی، ٢٠٠٨: ٧٥]

وشەی (خەبیث) لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیدا وەرگیراوە و بەواتای (شتی زۆر پیس، زۆرخراپ) دێت. بەو مانایەی دەبێتە دیسفیمیزم، چونکە کاریگەرییە نەرێنییەکەی زیاترە لە وشە خۆماڵییە کوردییەکە. پەیڤی (تلبیس) کە بەمانای ((پێ لەبەرکردن، ڕووکێش کردن، شاردنەوە)) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ٩٢]. وەلێ لەم دەقەدا بە واتای (خۆڵ لەچاوی خەڵککردن، چەواشەکاری، فێڵبازی) دێت. واتە ئەم وشەیە دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی هەژماربکرێت، چونکە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی سیاسی و شەڕانگێزی و خۆ بەدوورگرتن لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان.

دائم لدری وی قابوجی بو قلاع و قلاش و قاوجی بو

[خانی، ٢٠٠٨: ٩٣]

(قلاع) مەبەست لێی کەسانی خراپە و لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای ((هەڵکێش، هەڵکەن، لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنەر)) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ٣١٠]. وەلێ لەم دەقەدا مانای لێکسیکی و مەبەست لەیەکەوە دوورن. پەیڤی (قلاع) دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت، چونکە مانای مەبەست بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەهاتووە، کە مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکانە. هەروەها وشەی (قلاش) لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەواتای ((بێکارە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هیچ و پووچ، بێ باک، بێمار، ڕووت)) دێت [سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە]. پەیڤی قلاش بەهەمان شێوە یوفیمیزمێکی شاراوەیە، هۆکارە بۆ خۆپاراستن لە دەربڕینی تابۆ و دیسفیمیزم و دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکتی زمانی و شەڕانگێزی سیاسی.

مـأذون بـکە طـورة دطـرار داحکم بکن لشاھـ و خوندکار

[خانی، ٢٠٠٨: ٩٧].

پەیڤی (طرار) کە لە بنچینەدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای ((ڕێگر و دز)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ١٣٢]. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان، بەمەستی دروست نەبوونی کەنفلیکت و ململانێی سیاسی پەنای بردووتە بەر بەکارهێنانی وشەی بیانی لەبڕی پەیڤی ڕەسەن و خۆماڵی کوردی. واتە وشەی طرار دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە.

سیف و رطب وانار بستان لیف و ذقن وانار پستان

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٠].

پستان کە بەواتای ((مەمک)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ١٥٤]. وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا لەم دەقەدا بەکارهاتووە. بەمەبەستی خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی دەستەواژە تابۆییەکان، تایبەت لە وەسفی لەش و لاری ئافرەتدا، بەهۆکاری کۆمەلایەتی نووسەر پەیڤی (پستان)ی بەکارهێناوە.

زینا کو دوصد پری پرستار حورا کو ممو ژبو گرفتار

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٤]

لەم دەقەدا (پرستار) بەمانای خزمەتکار دێت، وەلێ لە فەرهەنگدا بە واتای(( خەمخۆر، یاریدەدەری نەخۆش)) دێت [هەژار، ٢٠١٠: ١١٨]. کەواتە وشەی (پرستار) لەم نیوە دێرە دا یوفیمیزمە، چونکە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لەم حاڵەتە دەروونییەی کە لەلای تاك لە کاتی بەکارهێنانی وشەی (خزمەتکار) دروست دەبێت. بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لەم واتا تابۆییە، وشەی پرستاری بەکارهێناوە. هەروەها واتای بەکار هاتوو و لێکسیکی ئەم پەیڤە لەیەکترەوە دوورن، جۆری یوفیمیزمەکەش شاراوەیە.

البتە خوە دی بکت حراست ناکت چو قبوليا نجاست

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٥].

(نجاست)یش یەکێکە لەو پەیڤە یوفیمیزمیانەی کە شاعیر بەکاریهیناوە، کە مەبەست لێی (پیسی)یە، هەروەها لە فەرهەنگدا بەواتای ((گلاوی، پیسی))هاتووە.[نظام الدین، ٢٠٠٠: ٧١٣]. خانی لێرەدا بۆ ئەوەی خۆی لە وشە تابۆکان ڕزگار بکات، وشەیەکی عەرەبی هێناوە و مانا فەرهەنگییە ئاشکرایەکەی پێ داپۆشیووە و یوفیمیزمێکی شاراوەی لێ هەڵێنجاوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یعنی خبری دهردو یاران نمام و حسود و حیلەکاران

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢١].

لەم دێرە شیعرەدا (نمام) بە واتای (دووزمانی)دێت، ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لەفەرهەنگیش بە مانای ((قسەگێڕەوە، قسەچین، پاشدوو، دووڕوو)) هاتووە [موکریانی،٢٠٠٥: ٤٢٩]. خانی لەبری قسەیەکی تاڵ بە مانا کوردییەکە، وشەیەکی عەرەبی هێناوە و یوفیمیزمێکی شاراوەی دروستکردووە، چونکە واتا کوردییەکان دەبنە تابۆ و جۆرێك لە کەنفلیکتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

سی دست ژ میر برن تمامی مفسد فکری ژوی مقامی

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢٤].

خانی وەك هەموو جار لە دربڕینەکانیدا هەوڵیداوە تا بکرێ خۆی لە قسە زبر و تاڵەکان لابدا و تابۆکان بە توێکڵێکی شیرینی یوفیمیزمانە پەردەپۆش بکات، لەم دێرەشدا بە ئاشکرا دیارە کە خانی وشەی (مفسد) کە وشەیەکی عەرەبییە و بەکاری هێناوە، بە واتای ((دووزمانی، خراپی، گەندی))[موکریانی،٢٠٠٥: ٣٩٤]. هەروەها جۆری یوفیمیزمەکەش شاراوەیە.

رابونە ممی دوصد غضنفر مم رابویە پی بدست خنجر

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢٥].

(غضنفر) یەکێکی دیکە لە وشە یوفیمیزمییەکانی مەم و زینی خانییە، کە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی بە واتای ((شێر)) هاتووە.[نضام الدین، ٢٠٠٨: ٥١٠]. گومان لەوەدا نینە کو ل ئیدیۆمی زمانێ کوردیدا یەکێك لە ماناکانی شێر دڕندەیە، خانیش لەم دێرە شیعرەدا بە واتای دڕندە (غضنفر)ی بە کارهێناوە و نەیویستووە ڕاستەوخۆ پەیڤە تابۆیەکە پێشان بدات، بەڵکو لە ڕێگای خواستنی وشەیەك لە زمانێکی تر یوفیمیزمێکی شاراوەی خستۆتە ڕوو.

مسمار کرن بدو ژ غفلت هشیار کرن عدو بصولت

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٣].

وشەکانی (دوژمن، ناحەز، نەیار، بەدخواز، بەرچەپ) لە فەرهەنگدا لە بەرامبەر پەیڤی (عدو)هاتووە[موکریانی،٢٠٠٥: ٢٥٩]. لێرەدا خانی لەبڕی بەکارهێنانی ئەو پەیڤە تابۆییانە هاتووە لە زمانی عەرەبی (عدو)ی وەرگرتووە و بەرگێکی شاراوەی یوفیمیزمانەی پێ بەخشیووە. هەروەها پەیڤی (بصولت)لە هەمان ئەو دێرە شیعرە، بە مانای ((هێرش، هێز، توانایی، هەڵمەت، زەبر و زەنگ، سام، هەڵکوتانە سەر))دێت[سەرچاوەی پێشوو: ٢٣٣]. کە بە هەمان شێوەی پێشو خانی یوفیمیزمێکی شاراوەی بە خواستنی وشەیەکی عەرەبی لە بڕی هەموو ئەو پەیڤە تابۆیانەی لەسەرەوە باسمان کرد بەکارهێناوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خصی کونشی ببی مقابل       درمان چیه شربتا هلاهل

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٥].

لەم دەقەدا پەیڤی (شربت) لەبڕی ژەهر خواستراوە وەك یوفیمیزمێكی شاراوە. هەروەك دەزانرێت ڕاستەوخۆ ناوهێنانی وشەی ژەهر دەبێتە تابۆ. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدووربگرێت لە دەربڕینی راستەوخۆ بەمەبەستی دووركەوتنەوە لە دروستبوونی كەنفلیكت و ململانێی زمانی.

استادی دڤیتن و تامل       اخفاء و تغافل و تحمل

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٥].

لە دەقی "مەم و زین"ی خانیدا گەلێك تەكنیكی جوانكاری و یوفیمیزمی لە خۆ گرتووە، یەكێكی تر لەو وشانەی بۆ دەربڕینێكی جوان بەكاری هێناوە پەیڤی (تغافل)ە كە لە فەرهەنگدا بە واتای((ناخۆشكردن، خۆنابەلەد كردن، خۆناشارەزاكردن، خەلەتان)) دێت [موكریانی، ٢٠٠٥: ٨٧]. بەڵام لە دێرەدا لە بری وشەی (خۆگێل كردن) هاتووە، لە بنەڕەتدا وشەیەكی تابۆیە و خانی لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەكانی بۆ ئەوەی كەنفلیكت دروست نەبێت كەسایەتی خۆی لە وشەی نەشیاو و نابەجێ بپارێزێت، هاتووە یوفیمیزمێكی شاراوە یان ئاشكرای بە پێی مەرج و هۆكارەكانی بەكارهێناوە.

تەصنیع كرنوی هندە تەشنیع       بەستن وی ل شیرێ شبهێ تەرصیع

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٥].

لەم دەقەدا نوسەر هەوڵیداوە پەیڤێكی عەرەبی لەبری وشەیەكی ڕەسەنی خۆماڵی كوردی بەكاربهێنێ، بە مەبەستی پەردەپۆشكردن و خۆبەدووركرتن لە ململانێێ زمانی وەك لە پەیڤی (تەشنیع) كە لە بنچینەدا لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای (( جنێودان، كاری ناشیرینكردن))دێت [موكریانی،٢٠٠٥: ٨٢]. یەكێك لە شێوازەكانی بەكارهێنانی یوفیمیزم وەرگرتنی وشەی بێگانەیە و دانانییەتی لە شوێنی وشە خۆماڵییە ڕەسەنەكە، بە مەبەستی كەمكردنەوە و لابردنی لایەنە نەرێنییەكان. بۆیە دەكرێ بڵێین ئەم پەیڤە یوفیمیزمێكی شاراوەیە.

اڤ كرب والم اگرتە ناڤی       زینی و ممی ژدل خوە باڤی

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٦].

(الم) وشەیەكی دیكەی یوفیمیزمی شاراوەیە كە خانی لەم دێرەدا بەكاریهێناوە و، لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای((ئێش، ئازار،سوێ، دەرد، ئۆف، سروشك، ئەشكەنجە))هاتووە[موكریانی، ٢٠٠٥: ٣٧]. ئەم جۆرە خواستنە وادەكات واتا تابۆییەكەی لە ڕواڵەتدا كاڵ ببێتەوە و مانا یوفیمیزمیەكەی زاڵتر ببێت.

میرن هەنە عاقلن عزیزن       لی سادە دلن د بی تمیزن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٧].

لەم دێرە شیعرەی خانی لە مەم و زیندا وشەی (بی تمیزن)مان بە بەر چاو دەکەوێت کە لەبنەڕەتدا لە (تمیز)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەواتای ((جیاکردنەوە، پالاوتن، لێککردنەوە)) لە فەرهەنگدا هاتووە [کریم،٢٠٠٦: ١٤١]. نوسەر لەم دەقەدا هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی پێشگری (بێ) وشەی تمیز نەرێ بکات و واتاکەی پێچەوانەی واتا بنەڕەتییەکەی پێشان بدات. لەو حاڵەتەدا دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، چونکە لەم دێرەدا لەباسی (میر)ەکاندا پەیامێکی سیاسی لە پشتەوەیە و، هەر بۆیە هاتووە سەرەتا بە پیاهەڵدان بە میرەکان دەستی پێکردووە و ویستوویەتی لە پاڵ ئەمەشدا ڕەخنە لە کەم و کوڕییەکانیان بگرێت و، لە چوارچێوەی وشەی بێ تەمیزدا ئەوە بخاتە ڕوو کە ناتوانن چاکە و خراپەی خۆیان لێک جیا بکەنەوە.

هرچی کو دبیژنی غرض دار       باور دکن او براستی خوار

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٧].

لێرەدا خانی پەنای بۆ بەکارهێنانی وشەی (خوار) بردووە، کە وشەیەکی خۆماڵی کوردییە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و بە واتای (( چەوت، نالەبار لە دۆستی و مامەڵەدا))[هەژار، ٢٠١٠: ٢٤٧]. ئەمەش دەوڵەمەندی و شارەزایی خانی پێشان دەدات لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و، بۆیە گەلێکجاریش لەبری پەنابردنە بەر وشەی بێگانە، پەیڤی پەتی کوردی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری واتا تابۆییەکان وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا بەکارهێناوە. کە مەبەست لێی ڕەخنە گرتنە لە خراپ بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەوکاتی میرنشین.

دسپیرنە ڤان کسان اموری       او تیخنە دولتی قصوری

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٧].

وشەی (قصوری) کە لەم دێرەدا بە واتای (کەم و کوڕی یان گەندەڵی) هاتووە و لە فەرهەنگیش بە واتای ((کورتهێنان، بەشنەکردن)) دێت[کەریم،٢٠٠٦: ٩٦٨]. بەگشتی خانی زۆر زانایانە یاری لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پەیڤانە بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی یوفیمیزم دەکات، لێرەشدا کە دەقەکە خۆی باس لە کەم و کوڕی دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمە دەکات و پەیڤی (قصوری) بە ئامانجی ڕەخنەگرتن بەکار دەهێنێت، بەڵام دوور لە شەڕانگێزی و کاردانەوەی خراپ. بۆیە دەکرێ ئەمەش وەکو یوفیمیزمێکی شاراوە هەژمار بکرێت.

او سرمە دچاڤ وی تە کشا       حتا توندی وی دل نە اشا

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٨].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم دێڕەدا وشەکانی (سرمە )کە بە واتای (کل) دێت و (کشا) بە مانای (ڕژان، هاتنەخوار) هاتووە، وەك دەگوترێت ئەستێرە کشان، هەردوو پەیڤەکە بەیەکەوە (سرمە کشا)یان (سرمە کشان) واتا کلی لە چاو هاتە خوارێ، ئەمەش بە گریان و فرمێسك ڕشتن ئەو کردارە ڕوودەدات، لێرەدا خانی لەبڕی گریان و فرمێسك هاتووە ئەو دوو وشەیەی بەکار هێناوە، چونکە تەواو مانای دێرەکە ئەوەیە کە دەڵێ: (( تە ئەو کل د چاڤی وەراند، هندی تو نەدیتی دلێ وی یێ تەنا بوو، وەکو تو دیتی دەست ب ژانا کر)[خانی، ١٩٩٠: ٣٣٤]. ئەمەش وادەکات کە بڵێین نوسەر وشەیەکی کوردی بۆ مەبەستی دەربڕینێکی یوفیمیزمییانەی ئاشکرای بەکارهێناوە و، نەیویستووە ڕاستەوخۆ باسی گریان و فرمێسك بکات کە جۆرێک لە حاڵەتی ناخۆشی دەروونی دروست دەکات.

وان ترک کرن سرای فانی    او چونە جهان جاودانی

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٠].

جاوید، جاویدان کە لە فەرهەنگدا بە مانای((بەردەوام، دایم، دایمی، هەمیشە، هەمیشەیی، هەتاهەتایی، نەمر، پایەدار))دێت، جاویدان لە بنەڕەتدا لە وشەی (جاڤیتان)ی پەهلەوییەوە هاتووە.[ پور، ٢٠٠٨: ٤٢٩]. ئەم وشەیە لەبری (مردن) لەلایەن خانی بەکارهێنراوە، چونکە کۆی واتای دێرەکە پێمان دەڵێت:(( وان دنیا هێلا و چونە ئاخرەتێ))[خانی، ١٩٩٠: ٣٤٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نوسەر بۆ ئەوەی وشەی مردن بەکار نەهینێت و ڕەچاوی حاڵەتی دەروونی بەرامبەر لەم کارەساتە بکات، هاتووە جاویدانی کردۆتە یوفیمیزمێکی شاراوە و جۆرێك لە ئیستاتیکای بە شیعرەکەی داوە.

اینامە دری ژ ڤی حجابی    اڤ زرە گهاندە افتابی

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤١].

(حجاب) کە لە فەرهەنگدا بەمانای ((پەردە، چادر، شەرم، ئابڕوو)) [موکریانی، ٢٠٠٥: ١٢٣].هاتووە، بەڵام نوسەر لەم دێرە شیعرەدا بۆ مەبەستی نەدیتن و تاریکایی بەکاریهێناوە و مانای یوفیمیزمی شاراوەی بەبەردا کردووە.

شاهم بمرا مبە منازع    از بومە بحصیا خوە قانع

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٢].

خانی لەم دێرە شیعرەدا لە بەکارهێنانی وشەی (منازع) واتای (کێشە و بەربەستی) بەرجەستە کردووە، کە لە بنەڕەتدا بە مانای ((ناکۆکی، ڕکابەرایەتی، بەربەرەکانێ، کێبڕکێ))دێت[کەریم،٢٠٠٦: ١٣٤٩]. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە نوسەر وەك لە زۆربەی بەکارهێنانە یوفیمیزمییەکاندا وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە لە بابەتی وەسیەتی زین بۆ میردا وشەی منازعی بەکارهێناوە و، نەیویستووە کە وشە تابۆ

کوردییەکان بەکاربهێنێت و، جۆرێک لە قسە ڕەقی زین بەرامبەر میر پێشان بدات و بەمەش یوفیمیزمێکی شاراوەی دروست کردووە.

داضن نەبری کو اڤ مثالە　　یاقول ضعیفە یا بطالە

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤٦].

خانی لێرەدا هاتووە لەبری وشەکانی بێ بنچینە و بێ ناوەڕۆک، وشەکانی (ضعیف و بطال)ی بەکارهێناوە، بێگومان بەکارهێنانی پەیڤەکانی (بێ بنچینە و بێ ناوەڕۆک) دەچنە خانەی وشە تابۆکان، بۆیە لەم سۆنگەیەوە خانی ئەم دوو وشە عەرەبییەی هێناوە و جۆرێک لە سوککردنی باری دەروونی بە بەرامبەر بەخشیووە و بە یوفیمیزمێکی ئاشکرا دایپۆشیوون.

زین بو سببی جنونیاتە　　میر بو سببی زبونیاتە

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٧].

وشەکانی (جنون و زبون) لەو دێرەدا یوفیمیزمن، لەبەر ئەوەی لە بری دەربڕینەکانی ((شێت و بێدەسەلات یان کز و لاواز یان بێچارە و فەقیر))هاتووە[هەژار، ٢٠١٠: ٣٨٥]. لێرەدا باسێکیتر دێتە پێشەوە و پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە ڕووی ئەدەبییەوە یوفیمیزمییەکەی باس بکەین دەچنە چوارچێوەی ئاشکرا، بەڵام ئەگەر بە ڕوویەکی گشتی وەریبگرین ئەوا جنون هەر ئاشکرا دەمێنێتەوە، بەڵام زبون دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە.

اڤ میر و وزیر یا مجازی　　اڤ شعبدە و خیال بازی

[خان،٢٠٠٨: ١٤٨].

پەیڤی (شعبدە) لەم دەقەدا لەبڕی فێڵکردن بەکارهاتووە. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدوور بگرێت لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان. وشەی شعبدە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی بەمانای ((هەڵەپاسی، ساختەچییەتی، جەربەزەیی، فرت و فێل)) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ٢١٦]. پەنابردنە بەر بەکارهێنانی پەیڤ و دەستەواژەی بێگانە لەجیاتی دەربڕینە خۆماڵییەکان لە بنەڕەتدا یەکێکە لە شێوازەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم. بۆیە دەکرێ ببێژین پەیڤی شعبدە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە.

میری کو مرن هبت نە میرە　　معزولی هبت اوی اسیرە

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤٨].

لەم دەقەدا (معزولی) بەمەبەستی لەکاردوورخستنەوە دەربڕاوە. خانی هەوڵیداوە بە سود وەرگرتن لە زمانی عەرەبی خۆی بەدووربگرێت لە دەربڕینە تابۆ و ناپەسەندەکانی کۆمەڵگە. پەیڤی (معزولی) لە زمانی عەرەبیدا بەواتای ((دەرکراو، لەکار لادراو)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ٢١٩]. بۆیە ئەم دەربڕینە وەك یوفیمیزمێکی شاراوە دەکرێ هەژماربکرێت. کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

نووسـەر هەوڵیـداوە بەشـێوەیەکی شـاراوە و ناراسـتەوخۆ پەیـامی نەمـان و مردنـی میـر و کاربەدەستان بخاتە ڕوو.

حیوان صفت ام بکین زنای　　بیهودە د مسکنی فنایی

[خانی،۲۰۸: ۱٤۹].

وشـەی (زینـا) کە لەبـڕی سـێکس کـردن لەدەرەوەی خێزانـداری بەکاردێـت، بەکاریگەری ئـایینی ئیسلام هـاتۆتە نێو زمـانی کـوردی و نووسـەر هەوڵیـداوە لەبەر لایەنـی شـەرم و کـاریگەری کلتـوری کـۆمەڵایەتی خـۆی ببورێـت لە دەربـڕینە تـابۆیی و دیسفیمیزمییەکان سەبارەت بەم باسە. بۆیە پەنا دەباتە بەر یوفیمیزمێکی ئاشکرا.

تردامن و سرنگون و مردود　　شرمندە بچینە پیش معبود

[خانی،۲۰۰۸: ۱٤۹].

(تـردامن) لەجیـاتی داوێـن پیسـی بەکارهـاتووە. هەروەکـو ئاشـکرایە یەکێـك لە جۆرەکـانی بەکارهێنـانی یـوفیمیزم؛ بـریتییە لە وشـەیەکی ڕەسـەنی خۆمـاڵی لەجیـاتی دەربڕینێکـی تـابۆیی یـان دیسـفیمیزمی هەمـان زمـان. بەو مانـایەی خـانی ئەمجـارە لەجیـاتی پەنـابردنە بەر زمـانی عەرەبـی و فارسـی هەوڵیـداوە سـود لە زمـانی کـوردی ببینێـت. دەکـرێ ببێـژین وشـەی تەردامەن وەک یـوفیمیزمێکی ئاشـکرا هەژماردەکرێـت. پەنـابردنە بەر ئەم یوفیمیزمەش بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی و شەرم دەگەڕێتەوە.

اوژی د ریا مدا شهیدە　　تحقیق بکن کو او سعیدە

[خانی،۲۰۰۸: ۱۵۲].

لەم دەقەدا پەیڤـی (شـهید) وەك یـوفیمیزمێکی ئاشـکرا لەجیـاتی تـابۆی مـردن و کوشـتن بەکارهـاتووە. وشـەی شـەهید لەبنەڕەتـدا لە زمـانی عەرەبـی و بەکـاریگەری ئـایینی ئیسلام هاتۆتە نێو زمـانی کـوردی و وەرگیـراوە. نووسـەر لێرەدا بەبەکارهێنـانی وشـەی شـەهید هاوکـات پەیڕەوی کلتـوری ئـایینی ئیسـلام و ڕەچـاوی بـاری دەروونـی بەرانبەر و بەرزکـردنەوەی پایەی عیشق لەنێو کلتوری کوردیدا دەکات.

زنهـار ژ مشـهدا کـو مـم تـی　　البـتە ژ مرقـدا کـو ام تـی
گاڤا کو دچینە نیڤ صعیدی　　کلبی مە بتن لبر وصیدی

[خانی،۲۰۰۸: ۱۵۲].

پەیڤەکـانی (مـرقەد، مشـهەد، صـعید) وەک یـوفیمیزمێکی شـاراوە لەجیـاتی وشـەی (گـۆڕ) خواسـتراون. ئەوەی جێگـەی سەرنجە هەریەکە لەم وشانە لەبنەڕەتدا لە زمـانی عەرەبـی وەرگیـراون (مەرقەد، مەشـهەد) ((قەبـر، جێـی خەو)) [خـانی، ۲۰۰۸: ۲۲۷]، (صـەعید) ((قەبـر)) [خـانی، ۱۹۹۰: ۳۸۳]. هەروەکـو ئاشـکرایە وشـەی گـۆڕ یەکێکە لە دەربـڕینە تابۆییەکـان لە کلتـوری کوردیـدا، بۆیە نووسـەر هەوڵیـداوە سێ وشـەی جیـاوازی بـۆ هەمـان واتـا بەکاربێنێـت،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەچی پەیڤی (گۆڕ)ی نەدرکاندووە. ئەم نمونەیە وامان لێدەکات کە بڵێین خانی زۆر وردبووە لە هەڵبژاردنی پەیڤە یوفیمیزمییەکان. هەمدیس هەوڵی جدی خانی لەم دوو دێڕە بەدەردەکەوێت لە خۆپاراستن لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان.

القصه شهید عشق جلاد　　مقتول ستم قتیل بیداد

[خانی،٢٠٠٨: ١٥٣].

(بیداد) کە بەمانای (زاڵم، جەلاد) دێت. خانی هەوڵیداوە خۆی لەم دەربرینە تابۆییانە ببوورێت، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن و دوورکەوتنەوە لە واتا تابۆییەکە. وشەی بیداد دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت. هەروەك دەزانرێت پەیڤەکانی زاڵم و جەلاد زیاتر مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە و بۆ کەسانی خاوەن دەسەڵات بەکاردێت. لەم سۆنگەیەوە خانی نەویستووە ڕاستەوخۆ کاربەدەستان بە زاڵم ناوزەند بکات، بۆیە بەشێوەیەکی نەرمتر و بە وشەی بیداد هەوڵدەدات کەنفلیکت و شەرانگێزی سیاسی ڕوونەدات.

کای ماللک مللک جسم و جانی　　از باغچه و تو باغبانی

[خانی، ٢٠٠٨: ١٥٤].

لەم دێرە شیعرەدا نوسەر وشەی (باغچە)ی لە زاری زینەوە بەکارهێناوە و بە پێی واتای تەواوی دێرەکە بێت ئەم وشەیە لەبەرامبەر هەموو ئەندامەکانی لەشی خۆی درکاندووە و، بە مەمی گوتووە کە من باغچەمە و تۆش باغەوانی. خانی ئەم وشەیەی بۆ مەبەستی یوفیمیزمێکی شاراوە لە بەرانبەر چەندین پەیڤ لە لەشی مرۆڤ بەکاربردوە و مەمیش کە کراوەتە (باغبان)؛ واتە خاوەنی زین و هەموو ئەندامەکانی لەشی. خانی زۆر زانایانە هاتووە ئەم دەربڕینە جوانەی دروست کردووە و، ڕەچاوی کلتوور و داب و نەریتی کوردەواری و ئیسلامیشی کردووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی وشەیەکی یوفیمیزمیانەی وەها.

**ئەنجام:**

١ - گوتاری "میری بۆتان" لە چوارچێوەی "مەم و زین"ی "ئەحمەدی خانی"دا بابەتێکی نوسراو و ئاماژەپێکراوی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو خانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ؛ بیرورا و ئایدۆلۆژیاکان لەژێر ئەو پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە مەم و زیندا هەیە دەربڕیووە.

٢ — زۆربەی دەستەواژە یوفیمیزمییە بەکارهاتووەکان لە گوتاری میری بۆتان لە چوارچێوەی "مەم و زین"ی خانی دا بەشێوەی خوازراو لە زمانی بێگانە وەرگیراون. کە زمانەکانی عەرەبی بە ژمارە یەک و فارسی بە ژمارە دوو لە ڕیزی ئەو زمانانەن کە خانی وشەی لێ خواستوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٣ – بەشی هەرە زۆری ئەو وشە یوفیمیزمیانەی بەکارهاتوون، یوفیمیزمی شاراوەن.

٤ – ئەو پەیڤ و دەستەواژانەی بۆ مەبەستی یوفیمیزم لەم دەقەدا بەکارهاتوون، بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و شەڕانگێزی بووە، هەروەها ڕەچاوکردنی باری دەروونی بەرانبەر و خوێنەریش، یەکێکی دیکە بووە لە بەکارهێنانی یوفیمیزم.

٥ – هۆکارەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم لەم دەقە ئەدەبییەدا بریتیبوون لە هۆکاری( ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری).

**لیستی ژێدەرەکان:**


١- پوور، هەژار عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر (فارسی - کوردی) بەرگی یەکەم و دووم، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢- حوسێن، ڕێژنە مەعروف (٢٠١٠). ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣- خانی، ئەحمەد(١٩٩٠). مەم و زین، ڤەکولین و شرۆڤەکرنا: محەمەد ئەمینێ ئوسمان، چاپخانەی جاحظ، چاپی یەکەم، بەغداد.

٤- خانی، ئەحمەد (٢٠٠٨). مەم و زین، پێشەکی و لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- خانی، ئەحمەد (٢٠٠٨). مەم و زین، پەراوێزنووسینی: هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٦- شەمس، هێمن عەبدولحمید (٢٠٠٦). شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ماستەرنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٧- فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣). تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨- کەریم، رزگار(٢٠٠٦). فەرهەنگی دەریا (عەرەبی - کوردی)، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی مەهارەت، چاپی یەکەم، تاران.

٩- مستەفا، موحسن حسێن (٢٠١٣). یۆفیمیزم د زمانێ کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

١٠- موکریانی، گیو (٢٠٠٥). فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگێکی (عارەبی – کوردییە)، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١- مەعروف، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣). ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٢- ناوخۆش، سەلام (٢٠١٢). بەریەککەوتنی زمانەکان (کۆمەڵە نووسینێکی زمانەوانی)

١٣- نظام الدين، فاظل (٢٠٠٧). فەرهەنگی شیرین (عەرەبی - کوردی)، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم، سلێمانی.

١٤- هاشمی، ابراهیم بن مصطفی (١٩٤٣). جواهر البلاغة فی المعانی والبیان و البدیع، طبع الأول، بیروت.

١٥- هەژار، عبدالرحمن شرفکندی (٢٠١٠). هەنبانە بۆرینە فرهنگ (کوردی - فارسی)، چاپخانەی انتشارات، چاپی شەشەم، تاران.

١٦- ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا (٢٠١٢). کاوە "فەرهەنگی فارسی – کوردی" بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

17- Allan. K & Burridge. K. (2006). Forbidden Words Taboo and Censoring of Language. Cambridge: Cambridge University Press.

18- Wardhaugh, R. (2006). An Introduction to Sociolinguistics. Massachusetts: Blackwell Publishing Ltd.

19- Fernandez, E. C. (2018). "Euphemism as A Discursive Strategy in US Local and State Politics", Journal of Language and Politics, 40(1), pp. 5-26.

20- Ожегов, С. И. (2012).Толковый Словарь Русского Языка: терминов и фразеологических выражений. Москва: Московское издательство Мир и образование.

21- Сеничкина, Е.П. (2008). Словар эвфемизмов русского языка. Москва: Флинта: наука.

## استخدام حسن التعبير في خطاب أمير بوتان في سياق " مەم وزين " لأحمدي خاني التأثير و الانعكاس

**ملخص:**

حسن التعبیر، کمفهومٍ لغوي في علم اللغة التطبيقي، مصطلحٌ يسمح باستخدام كلماتٍ جميلةٍ وجذابةٍ بدلاً من الكلمات والعبارات المكروهة والمحظورة في المجتمع؛ لأسباب دينية أو سياسية أو اجتماعية أو غير ذلك، وتركّز هذه الدراسةُ على هذا الفن اللغوي، وتكمن أهميتها في أن حسن التعبیر يُستخدم كثيراً في مجالات متعددة في الحياة، ويأتي الأدب والفن على رأس هذه المجالات، حيث يميل الأدباء كثيراً إلى استخدام العبارات حسن التعبیر لإيصال رسائلهم بصورة غير مباشرة، بحيث تعطي نفس المعنى الذي يريده الأديب ولكن بعبارة مرنة، مع مراعاة المشاعر، والابتعاد عن الكلمات المحظورة، وبتعبير آخر: حسن التعبیر هو التعبير عن المعنى المرّ بالكلمات الماتعة.

ولا شك أن "مەم و زین الخاني"، كعملٍ أدبيٍّ رفيعٍ، لا يخلو من الأساليب والتعابير المُتَلَطِّفة، واختيارُ هذا الموضوع يعود إلى أهمية حسن التعبیر في الأدب بصورةٍ عامةٍ، وفي "مەم وزین الخاني" بصورةٍ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خاصةٍ؛ لأن هذا العمل الأدبي يعكس خطاب أمير بوتان، وتحاول هذه الدراسة تحليل خطاب الأمير، والتركيز على التعابير المُتَلَطِّفة من منظور المنهج التحليلي المعجمي الدلالي، وكذلك إظهار دور التعابير المُتَلَطِّفة في إيصال الرسائل السياسية، ومدى تأثيرها في تقليل الآثار السيئة للتعابير المكروهة والمستهجنة، ومن هذا المطلق تم تقسيم الكلمات المعجمية على عدة مجموعات، مثل: استعارة الكلمات من اللغات الأجنبية، واستخدام المجاز، والجناس، ومن النتائج المتوخاة من هذا التحليل لخطاب الأمير هو استخدام واستعارة الكلمات من اللغات الأجنبية كالفارسية والعربية؛ لغرض الانصراف عن استخدام التعابير النابية والمكروهة، وبالتالي إخماد نار العداوة السياسية.

**الكلمات المفتاحية**: *حسن التعبير، خطاب أمير بوتان، مەم وزين أحمدي خاني، ديسفيميزم ، تابو.*

## The Role of Euphemism in the Discourse of the Prince of Botan in the Context of Ahmedi Khani's "Mem û Zin"

**Abstract**:

Euphemism as a linguistic concept in practical linguistics which allows the use of beautiful and attractive statements instead of unpleasant, taboo and prohibited words and phrases in societal milieu, be it religious, political, social reasons, etc. The significance of this study is that the use of euphemism is used in many areas of life, so literature and art are not exempt from it. The writer often resorts to euphemisms to convey her/his message indirectly within a different form, in a more flexible manner, taking into consideration the emotional aspects thus avoiding the use of forbidden words.

Mam and Zin of Khani, as a literary work, is not devoid of euphemisms. The reason for choosing this title is due to the importance of using euphemisms in literature, especially Ahmedi Khani's "Mem û Zin", because it reflects the discourse of the Prince of Botan. In this study, based on the method of semantic lexical analysis, an attempt is made to identify and analyze the discourse of the Prince of Botan in terms of the use of euphemisms. The role and significance of euphemisms in conveying political messages is presented as well. Hence, to what extent do euphemisms dispel taboo expressions and dysphemism? For this purpose, an attempt has been made to divide the lexical statements into several groups, such as borrowing words from a foreign language, using metaphors and perception. One of the consequences of this interpretation of the discourse of the Prince of Botan in this literary text is the use and borrowing of words from foreign languages, such as Arabic and Persian to avoid taboo expressions and dysphemisms.

**Keywords:** *Prince of Botan discourse, Ahmedi Khani's "Mem û Zin", Euphemism, Dysphemism, Taboo.*

# هەولێن شێخ حەسەنێ ئادانی (١١٩٤ – ١٢٤٦)ز بۆ چێکرنا قەوارەیەکی سەربەخۆ
# (ل دویف ئەدەبیات و کەلتووری ئێزدیان)

**کۆڤان رێسان حەسەن**

سەرۆکاتییا زانکۆیا دهۆك/ هەرێما کوردستانا عیراق

**شمال خمو خضر**

زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی/ هەرێما کوردستاناعێراق

**پوختە:**

شێخ حەسەنێ کورێ ئادی (یێ دوویێ) کورێ ئەبو بەرەکات کورێ سەخەر کورێ موسافر یێ ناڤدار ب (شێخ حەسەنێ ئادانی)، ل دەوروبەرێن سالا (١١٩٤)ز ژ دایکبوویە، هزرمەند و نڤیسەر بوو، پەرتووکا پیرۆزیا ئێزدیان (جەلوە) نڤیسییە و گەلەک قەول و بەیتێن ئێزدیان ڤەهاندینە کو ب شێوەیەکی زارەکی ب رێکا قەولبێژ و ئۆلدارێن ئێزدیان هەتا رۆژا مە یا ئەڤرۆ ژ بەرەباب بۆ بەرەبابی هاتینە ڤەگوهاستن و وەکە تێکستێن پیرۆز هاتینە زانین، هەروەسا ئەو وەک بابچاک ژی دهێتە بناڤکرن، لەورا د ناڤ ئێزدیاندا وەک کەسایەتییەکا پیرۆز هاتییە ناسکرن و مەزارگەهـ بۆ هاتینە ئاڤاکرن و مریدێن خۆ هەتا ئەڤرۆ ژی دناڤ ئێزدیخانێدا هەنە.

پشتی شێخ حەسەنێ ئادانی ڤیایی قەوارەیەکی سەربەخۆ ئاڤا بکەت، جڤاتەک ب ناڤێ خۆ ل لالش دامەزراند کو ژ چل کەسایەتی و دەروێش و بابچاکان پێکدهات، ئەڤ چەندە بوو بەرێ بنیاتێ ژ بۆ ریفۆرمکرنا گەلەک لایەنێن دینی و کارگێرییێن ئێزدیان و پلە و پۆستێن دەولەتبوونێ ل هەرەمێ ئایینییێ ئێزدیان زێدەکرن، وەک: شێخێ وەزیر، میر حەج، پێشئیمام، نەقیب، چاویش، خزنەدار و رەوانەکرنا تاووسێ (هێمایەکێ پیرۆزێ ئێزدیانە) و قەوال و ئۆلداران بۆ ناڤ ئێزدیان ل سەر ئاستێ کوردستانا مەزن ب مەبەستا خرڤەکرنا باجێ و خورتکرنا پەیوەندیان دناڤبەرا ئێزدیاندا و پێکڤەگرێدانا وان ب پەرستگەها لالشڤە.

ژبەر ئەنجامدانا کار و ریفۆرم و ب هێزکرنا پێگەهێ خۆ، بەدرەدین لۆلۆ والیێ موسل (١٢٠٩-١٢٦٢)ز، ژێ ترسیایە و ب هەول و بزاڤێن خۆ بوویە هەڤرکێ سەرسەختێ ژناڤبرنا ڤی کیانی، ئەو ب چێکرنا لالشێ تۆمەتبار کرییە بۆ جهگرتنا مەکەهێ وەکو بەهانەیەک بۆ ژناڤبرنا ڤی کیانی، هەر ب ڤێ رێکێ سەرکەفتن ئینایە و هەولێن شێخ حەسەن ژ ناڤبرینە، ئەو ل سالا (١٢٤٦)ز ب دەستێن هەڤرکێن خۆ ل موسل هاتییە سێدارەدان،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نەخاسمە ژی ئەڤە د دەمەکیدا بوویە کو شێخ حەسەنێ ئادانی و مالباتا وی هەڤڕکی دگەل ناڤخوەیا ئێزدیان ژ چقێ شەمسانییێ لسەر دەستهەلاتدارییا ئێزدیان و لالش هەبووینە و ئەدەبیات و کەلتوورێ ئێزدییان ئەڤان بوویەر و ریفۆرم و هوورگلییان دناڤ خۆدا پاراستییە.

د ئەنجامدا دیار دبیت کو شێخ حەسەنێ ئادانی ڤیایە قەوارەیەکی سەربەخۆ یێ کوردی ل کوردستانێ ئاڤا بکەت، سەنتەرێ وێ ل لالش و دەوروبەران بیت و دەڤەرێن دی پێکڤە گرێدەت دا کو خەلک د هەمی رەهند و ئالییێن ژیانێدا ب سەرفرازی دناڤ مللەتاندا ل رۆژهەلاتا ناڤین بژیت، لێ هەڤڕکییا ناڤخۆییا ئێزدیان و نە هاریکاریکرنا کوردێن دی چونکی بەدرەدین لۆلۆ وەکو کارەکی دژی ئیسلامێ دابوو خویاکرن ئەڤ هەولێن وییێن نێزیکی ئاڤاکرنێ بووین ژ ناڤبرن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *شێخ حەسەنێ ئادانی، قەوارەیێ سەربەخۆ، نووژەنکرن، باوەری، ئەدەبیاتا ئێزدیاتییێ، بەدرەدین لۆلۆ.*

---

**پێشەکی:**

ئەڤ ڤەکۆلینە یا لژێر ناڤێ (هەولێن شێخ حەسەنێ ئادانی (١١٩٤ – ١٢٤٦)ز بۆ چێکرنا قەوارەیەکی سەربەخۆ- ل دویف ئەدەبیات و کەلتوورێ ئێزدیان) ژ پێشەکی و دوو پشکان پێکدهێت، د پشکا ئێکیدا کو گرێدایی ژیانا شێخ حەسەنێ ئادانییە، بەحسێ ژیانا جڤاکی، ئایینی، رەوشەنبیری و ئەدەبی دکەت. پشکا دوویێ: میرگەها ئادیان و هەولێن شێخ حەسەنێ ئادانی ژ بۆ بنیاتنانا سەربەخۆ ژلایێ کارگێری، پەیوەندیان، ئابووری، لەشکەری، هەڤڕکییا شێخ حەسەنێ ئادانی و بەدرەدین لۆلۆیێ موسلی و ژ ناڤچوون و ئەگەرێن ژ ناڤچوونا کیانێ سەربەخۆ، هەروەسا سەرژنوویی ئاڤابوونا میرگەهێ بخۆڤەدگریت.

**پشکا ئێکێ:- ژیانا شێخ حەسەنێ ئادانی**

**١. ژیانا جڤاکی**

حەسەن کورێ ئادی کورێ ئەبولبەرەکات کورێ سەخەر کورێ موسافرێ هەکارییە. (الکتبي، ١٩٧٣، ل٣٣٤)، هەکار ژی ب دوو واتایان، ئێک: وەکو دەڤەر (ابن خلکان، ١٩٧٢، ل٢٥٤) دوو: وەکو ئێل (بدرخان، ١٩٣٣، ل١٥)، (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ل١٦٤) هەتا نها هەکاری وەکو ئێل ل ناڤ ئێزدیان ل دەڤەرا شێخان هەیە.

د قەولێ (قەندیلا) دا ناڤێ وی و بابێ وی وەسا دهێت:

میران ژ مەلك شێخسن پرسی یە،

ئەو شێخسنێ ئیبن ئادی یە. (Hecî, 2002, l.329)



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژ بەر کو ژ چقێ ئادانییێ ژ چینا (شێخ) بوویە، لەورا ناسناڤێ (شێخ) و (ئادانی) چۆیە دگەل ناڤێ وی و بوویە (شێخ حەسەن، شێخ حەسەنێ ئادانی). د قەسیدا شێخ عەبدلقادر هاتییە:

شیخادی، مەلک شێخ سن ب شێخینی قەبلاند،

عەرش و کورسی بۆرا خەملاند. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب٢، ل٦٧٧)

لێ گەلەك جاران ئێزدی ناڤێ وی سڤك دکن و (شێخ سن) بکاردئینن. ل ڤێرێ، تێکەلی دگەل ناڤێ خوداوەندێ (سن/ سین) دروست دبیت، خوداوەندێ (سن/ سین) گەلەك ژ شێخ حەسەن کەڤنترە و د داستانا گلگامێشدا ژی ناڤی وی هاتییە (الهيتي: ١٩٩٥) ئەڤ خوداوەند ل جەم سۆمەریان ب (سوین) و ل جەم ئەکەدیان ب (سین) ب خوداڤەندێ هەیڤێ هاتییە ناسکرن. (لابات و سنايزر: ٢٠٠٦، ل٣٢٩)، لێ دەمێ ئێزدی سورێ د بەدەنا شێخ حەسەندا دبینن ب فریشتە دهەژمێرن، هەر ب وی خوداوەندی بناڤدکەن. د قەولێ کوفیادا هاتییە:

کۆڤیا تەیە مەزنە،

لێ جەما دبوون مۆمنە،

پیرێ لبنانۆ زەینەت ب سورا مەلک شێخ سنە. (البسطامي، ٢٠٠٠، ل٣٨)

سەبارەت جهێ ژ دایکبوونا وی، دیرۆکنڤیس دبێژن: ((ئەو ل گوندەکی ب ناڤێ لالش ژ دایکبوویە.)) (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ل١١٦) هەروەسا دیرۆکنڤیس (ياقوت الحموي) لالش وەکو گوند دزانیت. (الحموي، ١٩٧٧، ب٥، ل٢٨) ئەو گوندەک بوو سەر ب پەرستگەها لالشڤە، نها بتنێ شینوارێ گوندی د دیارن. تێکستێن ئێزدیاتییێ ژی وێ چەندێ دسەلمینن کو شێخ حەسەن ژ لالشە هەروەکو د قەولێ سلاڤ و سەد سلاڤ دا هاتی:

شێخێ منۆ ژ لالشێ،

قەولێ تە ئەم خلاس کرین ژ خشێ. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٥٨)

دیارە شێخ حەسەن ل لالش و دەوروبەران ژیایە، چونکی هەتا ڤێگافکێ پاشماوەیێن وییێن ژیانێ وەکو ئاڤاهی ل لالش مایینە، هەرەوسا ژی گوندێ وی ب ناڤێ (حەسەنی) ل سێرییانا ناحیا باعەدرێ و قەزا شێخان و ناحیا ئەلقوش هەیە و مەزارێ وی ژی لێ هەیە و توافا وی ژی دکەن و گوندەکی دی هەر بناڤێ (شێخ حەسەن) دناڤبەرا گوندێ پیر موس و گوندێ خورکێدا مایە، لێ نها موسلمان تێدا دژین.

سەبارەت دیرۆکا ژ دایکبوونا وی، نڤیسەر میهرداد ئیزەدی دبێژیت: ((لە دایکبوی دەوروبەری ساڵی ١١٩٥ز))یە. (ئیزەدی: ٢٠٠٢، ل٦٦)

شێخ حەسەنێ ئادانی، گەلەک ناسناڤ هەبووینە، هەر سەردەمەکی و د هەر گهۆرینەکا د سەر کەسایەتی و ژیانا ویدا هاتی ((ناسناڤ ل گۆرەیی وی بارودۆخی هەلبژارتییە یان بۆ هاتییە گۆتن.)) (شەمۆ، ٢٠١٢) دیسان هندەك ناسناڤ وەکو سالۆخدان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ستاییش د ناڤ ئەدەبیاتا ئایینێ ئێزدیاندا بۆ هاتینە گۆتن، چ ژ ئەوان ناسناڤان بێ ئەگەر و بنەما نەبووینە، واتە: پترییا ناسناڤێن بۆ وی هاتینە گۆتن ژ زیرەکی و شیانێن وی بووینە، دبیت د هندەک ژ وان ناسناڤاندا زێدەرۆیی هاتبیە کرن، چونکی هندەک ژ وان ستاییش و سالۆخەتدانن، ژ ناسناڤێن وی: شێخ حەسەن، شێخ سن، مەلك شێخ سن، شێخێ حەسەنی سولتان، شێخێ حەسەنی فەقیر، شێخێ حەسەنی سەید، شێخێ حەسەنی مەزن، شێخێ حەسەنی دل بریندار، شێخێ حەسەنی ئەحمەر، شێخێ حەسەنی جەلال، شێخێ حەسەنی ئەسەد، برینداری مێران، میرێ قەلەندەران (Hecî, 2002, l. 320-322) باخۆ، هۆستا، خوندکار، شێرەسوار (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٥٨-٤٦٩) شێخێ سونەتێ، شێخێ سورێ، شێخ سنێ شێخا (ن)، شێخ سنێ باب گول (Hecî, 1996, l. 58) خودانێ سدقێ، خودانێ خلمەتێ، خودانێ قەلەم و دەفتەرێ، (حەبیب الله)، خەتخوون، شێخێ شفاتێ، ئیمامێ زەمانی. (حەجی: ١٩٩٧، ل١٣٤ - ١٣٧) شێخێ کوردا و (تاج العارفین). (الکتبي، ١٩٧٣، ل٣٣٤). هەروەکو د قەولێ شێخێ حەسەنی دا هاتی:

شێخێ حەسەنی مەزنە،

بابێ قەلپێ مۆمنە،

قاپییا مرازا یا مەلک شێخ سنە،

ئەو جییێ گلیان و گازنە. (البسطامي، ٢٠٠٠، ل٢٨)

شێخ حەسەن ب مەزناهییا خۆڤە بوویە جهێ مراز حاسلکرنێ و دەرگەهێ وی بۆ هەر کەسەکییێ ڤەکری بوویە ئەگەر گازندە گەهاندبنێ.

سەبارەت خێزانا وی، ناڤێ چەند زارۆکێن وی ماینە، ئەو ژی: ((شێخ موس، شەرفەدین، ئیبراهیمێ ختمی، شێخێ ئێتیمان.)) (جندي، ١٩٩٨، ل٦٢) نقیسەر (عزەدین باقەسری) دبێژیت (زەینەدین) ژی کورێ وییە. (باقسري: ٢٠٠٣، ل١٤) ئەڤ زارۆیێن وی د ناڤ ئێزدیاندا د پلەیا بابچاکاندانە و مەزار و نیشانگەهێن وان ل پەرستگەها لالش و دەڤەرێن ئێزدیان هەنە، هەتا ڤێگافکێ ژی ژ وێ بنەمالێ و مریدێن وی ل ناڤ ئێزدیان هەنە.

## ٢. ژیانا ئایینی

ژیانا شێخ حەسەن یا ئایینی چەند لایەنەکان ب خوەڤە دگرت، وەک: دەروێش (قەلەندەر)، بابچاک، خودان (خوداوەند)، فریشتە. د لایەنێ سۆفیگەرییێدا ئەوی شەش سالان خوە د چلەخانێدا خلوە کرییە، ئەو ژی پەرستگەهەکا بچووکە د هندروو پەرستگەها لالشدا دیرۆکەکا دوویر و درێژ هەیە و بۆ بەری زایینێ ڤەدگەریت. (یووسف، ٢٠٠٢، ل٦-١٢) جهێ خلوەیا بابچاکان بوویە و چلەیێن هاڤین و زڤستانێ رۆژی گرتینە و ئەدەبیاتا ئایینی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڤەهاندینە و گۆتینە، شێخ حەسەن ژی ئەڤ چەندە ئەنجامدایە، د ڤی بواریدا ((ئەو نە کێمی ئیبن ئەلعرەبی و حەلاج و ئیبن روشد بوویە.)) (الدوسكي: ٢٠٠٧، ل١٨)

شێخ حەسەن وەکو بابچاک ((خاسەکی ئێکجار گەش و پایە بلندە د نێڤ خاسێد ئێزدیادا.)) (سلێمان و جندی، ١٩٧٩، ل١٢٣) گەلەک مەزار ل دەڤەرێن ئێزدیان هەنە، ژ وان: مەزارەکی وی ل پەرستگەها لالش ل نێزیکی کانییا سپی، ل دەڤەرا باشیك و بەحزانێ (مطر: ٢٠٠٥، ل٣٢٧) ل گوندێ مشرفێ ل بابیرێ، ل گوندێ قەسرکێ، ل گوندێ رکئاڤا و گوندێ کەلەبەدرێ ل کۆمەلگەها شاریا، ل گوندێ بۆزان، ل گوندێ حەسەنییێ ل باعەدرێ، ل گوندێ بێبان، ل قەزا شێخان. (ابو روژ: ٢٠٠٠، ل١٣٩) ل گوندێ مەحموودا ل کۆمەلگەها مەهەتێ و ل گوندێ گابارا ل قەزا شنگالێ. (الحسني: ١٩٨٧، ل١٢٢) ل گوندێ داکا مەزن هەنە، ئەڤە هەمی ل هەرێما کوردستان و عێراقێ، هەروەسا مەزار و نیشانگەهەکا وی ل باکوورێ کوردستانێ ب تایبەتی ل ئاقارێ باتمانێ ل گەلییێ هەشیشانێ و گوندێ هەجرێ ب ناڤێ شێخ سن و مەزارەکی دی ب ناڤێ شێخێ حەسەن ل ئاقارێ ئێلەهێ ل گوندێ بازیوانێ، ئێك ژی ل گوندێ زێوێ د قونتارا چیایێ رەماندە هەنە. ئانکو ل باکوورێ کوردستانێ ب تنێ پتر ژ چار مەزارێن وی هەنە، سالانە ل بەر گەلەک ژ ڤان مەزارگەهان تواف و هەلکەفتێن ئایینی دهێنە گێران.

تێکستێ (درۆزێ) کو تێکستەکی رێبەرییێ خاس و بابچاکین ئێزدیانە، جهەکی ژیانا وی کو گوندێ (حەسەنییێ)یە د سەلمینیت:

ب قەدرێ جڤاتا بۆزا...

شێخ حەسەن ل حەسەنیێ،

بەر کەرەمەتا شێخ مەهمەدی دۆغاتی و حەگی فێرس کەی. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب٢، ل٩٦٣)

هەر ژلایێ ئایینیڤە، شێخێن شێخ حەسەن و مریدێن وی ب بەرفرەهی ل دەڤەرێن ئێزدیان مایینە و ئەو دبنە شێخێن میرێن ئێزدیان، واتە: دبنە شێخێن شێخان.

ژلایێ باوەرییێڤە، شێخ حەسەنێ ئادانی ب خودانێ پێنووس و دەفتەرێ دناڤ ئێزدیاندا دهێتە ناسکرن، ئانکو ئەوی زانییە بخووینیت و بنڤیسیت:

د دەستێ مەلک شێخ حەسەندا قەلەما ئیمانێ،

شێخوبەکر سەکنی لسەر بەرێ سکانێ. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٥٠٣)

لەورا ژی تەمامکرن بۆ هەمان کارێ وی ب (خەتخوون) هاتییە بناڤکرن، مەزارەك ب ناڤێ خەتخوون ل گوندێ بۆزان هەیە و زارۆکێن بچووك ل بەر ڤەدشێرن.

ئێزدی ل وێ باوەرێنە شێخ حەسەن سوڕ (سوڕا باتنێ/ حلول) هەبوو، ئانکو ڤەگوهاستنا ساخلەتێن خودایی ژ بۆ لەشێ مرۆڤی، لەوران ژی ناسناڤێ (مەلك) دایینە پال ناڤێ وی و ب (مەلك شێخ سن) ب ناڤ کرینە، دەمێ پەیڤا (مەلك) دگەل ناڤێ خاس و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بابچاكەكى دئينن؛ ل وى دەمى ئێزدى وى مينا (فريشتە) ناس دكن. (خيراڤايى: ٢٠٠٨، ل١١١)، ئانكو ((پيرۆزييەكێ د دەنێ و د ئينە رێزا ملياكەتا.)) (سلێمان و جندى، ١٩٧٩، ل١٢٢)

چى بازيەكى مەزنە،

وێ كەفتييە داڤا منە،

من نەدزانى سوڕا مەلك شێخ سنە. (سلێمان و جندى، ١٩٧٩، ل١٤٣)

**٣. ژيانا رەوشەنبيرى و ئەدەبى**

شێخ حەسەن، ئێك ژ هزرمەند و نڤێسەرێن خودان شيان بوو، ((وێژە و تێكستێن دەروێشى و خودێناسيێ و لايەنگر و مريدێن خۆ هەنە.)) (الكتبي، ١٩٧٣، ل٣٣٤)، هەروەسا شەش سالان خۆ د چلەخانێدا خلوەكرييە و پەرتووك نڤيسينە ((زانا و وێژەوان و هونەرمەند بوە، خاوەنى گەلێك نوسراويش بوە. لە زانست و دەروێشكاريى دا. شەش سالێك لە سەر يەك چوەتە پەناوە و خەريكى دانانى نوسراوێك بوە، كە ناوى ناوە (الجلوه لاهل الخلوه)، ئەو نوسراوە تا ئيستايش وونە و نە دۆزراوەتەوە.)) (فتاح: ١٩٦٩، ل١١) تێكستێن پيرۆزێن ئێزديان ڤێ چەندێ د سەلمينن:

مەلك شێخ سن جەلەوێ دخوينە

چەندى لێ دمەيزينە

مێرەكى ژ خوە مەزنتر نابينە (خەلەف: ٢٠٠١، ل١٥٦)

شێخ حەسەن كەسايەتييەكا وەسا بوو گەلەك شانازى ب خۆ برييە و ژ بۆ وان بابەتێن د جەلوێدا نڤيسين كەس ژ خۆ مەزنتر و شارەزاتر نە ديتييە، ئەڤ خۆ مەزن ديتنە د دەمەكيدا بوويە كەسى باوەرى ب هندێ نەبوويە كو كورد د شێن تشتێن باش بنڤيسن و ئەنجامبدەن، ئانكو ئەڤ چەندە وەكو بەرسڤەكێ بوويە و د هەمان دەمدا بۆ كوردان بخۆ ژى بوويە كو ل همبەر خەلكەكى خۆ كێم نەبينن، لێ هەلبەت لسەر بنەمايەكى زانستى، ئەڤ چەندە د هۆزانا كلاسيكدا ژى ديار دبيت ل دەمێ مەلايێ جزيرى داخوازێ ژ كوردان دكەت هۆزانێن وى بخوينن و بەرێ خۆ نەدەنە بەرهەمێن فارسان.

سەبارەت ناڤەرۆكا پەرتۆكا وى، كەس چ ژێ نزانيت، لێ ديسان بۆچوون هەنە ((بە تەواوى تەرخان كراوە بۆ روون كردنەوە و جۆرى پێشاندانى و چۆنيەتى خوداوەندەكەيان ئەوى ناوى تاووسى مەلائيكەتانە.)) (وەهبى بەگ، ٢٠١٠، ل٥٤). نڤيسەر (صديق دەمەلوجى) دبێژيت: ئەگەر جەلوە ب كۆپييا خۆيا رەسەن گەهشتبا مە؛ دێ مە گەلەك تشتێن دى لسەر شێخ حەسەن زانيبانە. (دەمەلوجى، ٢٠١٠، ل١٤٧) هەر د ڤێ بياڤيدا (د. كاميران محەمەد نەبى) دبێژيت: شێخ حەسەن ((ب فەلسەفەيەكا (ب هزرەكا) كوردانەيا خۆمالى ڤيايە د مرۆڤ و، جيهانى و، هەبوون و، سروشتى بگەهيت و. بزانيت كا چاوان درست بوينە؟!!))



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردى

(نەبی: ٢٠٠٥، ل٣٨) دهێته گۆتن کو شێخ حەسەن ژبلی ڤێ پەرتووکێ گەلەک پەرتووکێن دی ژی دانایینە، بەلێ مخابن نەماییەنە و ب ئەگەرێ هەوێن شەری یێن د سەردەمێ بەدرەدین لۆلۆدا ب سەر پەرستگەها لالشدا هاتین ژناڤچووینە. (الدملوجي، ٢٠١٠، ل١٤٧)

تیکستێن ئێزدیاتییێ د سەلمینن شێخ حەسەن ل جەلسا کانیا سپی د رووینشت و خواندن و نڤیسین دکر:

چەندی دلێ من دکەت حسێبێ،

گیانێ من گۆری مەلک شێخ سن رونێتە جەلسا کانییێ،

وێ دکێشت قەلەمێ وێ دخونت کتێبێ. (سلێمان و جندی، ١٩٧٩، ل١٧٧)

هەروەسا ناڤێ وی دگەل یێ شیخ هادی و شێخ شەمس لسەرێ دەستخەتێ مشوورا (پیر خەتی پسی پیر بۆتار) دهێت، ئەو مشوورا د وی سەردەمیدا ل جەلسەیا کانیا سپی ل پەرستگەها لالش هاتییە نڤیسین. (سلیمان، ١٩٩٤، ل١٠٣) ژ تێکستێن ئێزدیاتییێ دیار دبیت هەر ژ کەڤندا قەولبێژان یا ڤیایی بەرێ مللەتان و پاشی ئێزدیان بدەنە خواندن و نڤیسینێ دا د ژیانا خۆدا د سەرکەفتی بن، ئێزدی د هەمی داخوازی و دوعایێن خۆدا د گشتگیرن، واتە؛ دوعایێن خێرێ ل دەستپێکێ بۆ بەرامبەری خۆ پاشان بۆ خۆ دخوازن، لەورا ژی دبێژن: یارەبی تو هەفتی و دوو ملەتان بسترینی، پاشی مە، د قەولێ فەرزا دا ژی هاتییە:

دبێژمە وە گەلی مللەتا،

بگرن قەلەما مەلک شێخ سن و ڤان خەتا،

مەلک شێخ سن دێ ل وە کەت نەجاتا.

دبێژمە وە گەلی ئۆمەتێ،

بگرن قەلەما مەلک شێخ سن و ڤێ خەتێ،

مەلک شێخ سن دێ ل وە کەت نەجاحەتێ. (شەمسانی، ٢٠٢٢)

ژبلی بەرهەمێن وی، د ناڤا ئەدەبیاتا دینێ ئێزدیاندا گەلەک تێکست ب کەسایەتی و کار و بوویەرێن وی هاتینە ڤەهاندن، هەروەسا ناڤێ وی ب شێوەیەکێ گەلەک بەرفرەهـ د تێکستێن دیدا دهێتە دیتن.

ئەڤە هندەک ژ وان تێکستانە ب وی هاتینە ڤەهاندن، وەک: قەولێ مەلک شێخ سن (سلێمان و جندی، ١٩٧٩، ل١٢٣-١٢٦)، قەولێ سلاڤ و سەد سلاڤ، قەولێ شێخێ حەسەنی (البسطامي، ٢٠٠٠، ل٢٨-٢٩)، قەولێ فروارا مەلک شێخ سن، قەولێ مال و مێرا، قەسیدا کەس نەتێ. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٥٧-٤٩٣) هەبوونا گەلەک تێکستێن تایبەت ب کەسایەتی و شیانێن شێخ حەسەنڤە بەلگەیەکە لسەر گرانییا هێزا کەسایەتییا وی لسەر دەڤەرێ ب گشتی و ئێزدیان ب تایبەتی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەسا ناڤێ وی ژی د هژمارەکا زۆر یا تێکستێن ئەدەبیاتا ئایینێ ئێزدیاندا هاتییە، ژ وان: قەولێ قەرەفرقان، قەولێ خودانێ مالێ، قەولێ قازی عەسکەر (قەولێ ئاشقۆ)، قەولێ ئەبابەکرێ ئۆمەرا، قەولێ شەرفەدین، قەولێ شێشمس (قەولێ مەستم ژ قەدەهێ)، قەولێ شێخ و ئاقوب، قەولێ ئۆمەرخالا و هەسن چناری، قەولێ ستیا ئێس، قەولێ بەیگۆیا، قەسیدا عەبدولقادر، قەسیدا ناسردین (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١: ل١٩٧، ٣٦٤، ٣٨١، ٤٢١، ٤٧٣، ٥٠٠، ٥١٢، ٥٣٥، ٥٤٦. ب٢: ٥٨٠، ٦٧٧، ٦٨٠)، قەولێ کۆفیا (البسطامي، ٢٠٠٠، ل٣٧-٤٠)، قەولێ هەسەدێ ئال تەوری (سلێمان و جندی، ١٩٧٩، ل٧٤-٧٩)، دوعایا ئۆغرێ، خزێمۆک (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب٢، ل١٠٤١، ١٠٥٠)، لاڤژ (حەسەن، ٢٠٠٠، ل١٥) و شەهدا دینی. (جندی، ١٩٩٨، ل١٥٤)

**پشکا دوویێ:- میرگەها ئادیان و هەولێن شێخ حەسەن ژ بۆ بنیاتنانا قەوارەیەکی سەربەخۆ**

ئێزدیان د چارچۆڤەیێ میرگەهاندا دەستهەلاتداری ل دەڤەرێن خۆ کرییە، شەرفخانێ بەدلیس د پێشەکیا شەرەفنامێدا بەحس ل وان میرگەها کرییە یێن ئێزدییان سەروەرییا وان دکر، وەک: میرگەها دونبلی، مەحموودی، کلس. لێ د پێشەکیا شەرفنامێدا ناڤێ میرگەها داسن و خالتیا هاتییە.

مەلا جەمیل رۆژبەیانی د پەرتووکا (چوار دەولەتی کوردی)دا باسێ فەرمانرەوایا دونبولی (دوملی) ل تەورێز و دوروبەرێن وێ دکەت و دبێژیت: ئەم دونبولییانە لە بنەرەتا زمانیان گورانی و رچی (رەگی) ئایینیان (ئێزەدی = یەزیدی) بووە بۆ زۆر هەرێم پەلییان وەشاندووە لە قووچانی خوراسانەوە تا دەرسیم و ئاگری داغ و هەر لە چیای داسن و دەشتی شام و سنجارەوە کەوتوونە ئازەربایجان و تەفلیس گورجستان. (رۆژبەیانی، ٢٠٠٠، ل١٠).

میرێن عەشیرەتا دنبلی، د بنیاتدا ئێزدی بووینە، پشکەک ژ ئەوان باوەر گهۆربووینە و پشکا دی لسەر باوەرییا خۆ مانە. (البدليسي، ٢٠٠٦، ل٢٩٣) وەک ژێدەر ئاماژێ پێدکەن کو (میرنشینی دونبوڵی) وەک حکومەتێکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست، کە مەڵبەندەکەی شاری (خۆی) بووە لە پەیڕەوانی ئێزدی بوون.)) (ئەنوەر، ٢٠١٨، ل٤٣) لسەر میرگەها مەحموودی ژی شەرەفخانێ بەدلیسی دیاردکەت عەشیرەتێن ل دوروبەرێن مووسل هەر ئێک ژ داسنی، خالتی، بسیانی (البسیانیە) و هندەک ژ بەختیا، مەحموودی و دونبلی لسەر باوەرییا ئێزدیانە. (البدليسي، ٢٠٠٦، ل٦٠) هەتا نها ژی ئەڤ ئێل د ناڤ ئێزدیاندا مایینە. ((ئێزدیان پشکداری د دامەزراندنا گەلەک میرگەهێن کورداندا کرییە، لێ مخابن دورووبەران هەردەم هەول د دان و پلان دادرشتن بۆ ژناڤبرنا وان میرگەهان.)) (زیان، ١٩٩٩، ل٧٢) هەر ژبەر هندێ ((حوکومدارییا گەلەک ژ ڤان میرگەهان ژ بازێرەکی نە پتر بوو، ژبلی میرگەها شێخان کو لسەر شوونوارێ میرگەها داسن هاتبوو دامەزراندن.)) (بۆزانی، ٢٠١١، ل١٥) لدویف بۆچوونا هندەک نفیسەران ((دگۆتنە ئێزدییێن شێخان ب تنێ داسنی.)) (جەعفەر، ١٩٩٩، ل١٠٨)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

١. میرگەها ئادیان (شێخان)

ئەڤ میرگەهە درێژەپێدانا میرگەها داسنیان بوو، دەڤەرێن دکەڤنە دناڤبەرا زابێ مەزن و خابوور دیجلەدا بخۆڤەدگریت، ئەڤ میرگەهە ل شێخان بوویە ((بنەکۆکا ئێزدیان ل بادینان ل شێخان بوویە، ئەڤ دەڤەر لاندکا پەیدابوونا ئایینێ وان بوویە، سەرەڕایی هەبوونا وان ل گەلەک دەڤەرێن دی، بەری میرگەها بادینان ئەو ژ کۆمەکا ئێلان پێکدهاتن دگۆتنێ: هەکاری.)) (آمیدي، ٢٠٠٠، ل١٩٧) ئەڤ میرگەهە د سەردەمێ شیخادییێ موسافر و شیخادییێ دوویێدا بەرفرەهـ بوویە هەتا گەهشتییە سنوورێن موسل، لێ مەغولان شیخادییێ دوویێ گرتییە و ل سالا ١١٢٢ز بوویە جانگۆری، پشتی وی کورێ وی (شێخ حەسەن) درێژی ب ڤێ میرگەهێ دایە. (جزیري، ٢٠١٩، ل٧٣) ل وی دەمی هندەکان چ ژ قاتانییێ، یان شەمسانییێ دڤییا شێخ حەسەن ژ مەزناتی و سەرۆکاتییێ بێخن، شێخ فەخرێ ئادیان وەکو زانا و قەولڤانەکی هەرە دیارێ ئێزدی ژ شەمسانییێ ئەڤ چەندە پێ نەخۆش بوو و تێکستەک بناڤێ (سلاڤ و سەد سلاڤ) ڤەهاند و تێدا خۆ کێمکر، ب ڤێ خۆ کێمکرنێ، ئەو ڕایی و تەگبیرێن دژی شێخ حەسەن ژناڤبرن:

سلاڤ و سەد سلاڤ،

هەی مەلەکۆ شیرین کلام،

یا مەلک شێخ سن! تو باخۆ، ئەز بم غولام. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٥٧-٤٥٨)

ل ڤێرێ، شێخ فەخرێ ئادیان وەکو ڕێزگرتن خۆ کێمی شێخ حەسەن کرییە، د راستییێدا ئەو زانا و مەزنەکی هەرە دیارێ ئێزیدخانێ بوو، هەر ئەڤ رۆلێ کاریگەرێ شێخ فەخرێ ئادیان بوو ب کەسایەتییا خۆ یا بهێز و زانا بوویە ئەگەرێ سەرەکییێ ل هەڤهاتن و پێکهاتنا چینێن ئێزدیان و شەر و نەخۆشی دناڤبەرا واندا ب داوی هاتی (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٦١-٤٦٣)، چونکی بەری هینگێ هەڤڕکی و کوشتن دناڤبەرا واندا دروست ببوو، هەر ژ بەر ڤێ چەندێ، ئەوی تێکستێ (شێخێ حەسەنی سولتانە) (البسطامي، ٢٠٠٠، ل٢٨-٢٩) ژێ گۆت. ئانکو ((شێخ حەسەن جیێ بابێ خۆ شیخادیێ دووێ گرت بۆ سەرۆکاتی و ڕێبەریا ئێزدیان.)) (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٨٩) ناڤێ ڤێ میرگەهێ، د سەردەمێ شێخ حەسەندا بناڤێ (ئادانییێ) بوو. (باقسري، ٢٠٠١، ل١٨) چونکی ئەو ڕێبەر و سەردارەکی مەزن بوو و ئێزیدخان پێ سەکنی و ستارە دبوو:

ئەسەح، تو مەلک شێخ سنی،

سەردارەکی مەزنی،

سونەتخانە ب ناڤێ شیخادی و مەلک شێخ سن سەکنی. (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٦١)

پاشی کورێ وی (شەرفەدین) ل سالا (١٢٤٦)ز، بوویە میرێ چیایێ شنگالێ و وەلاتێ خالتانییێ ل باکووورێ کوردستانێ و چەندین کاروبار لێ ئەنجامداینە (بازو، ٢٠١٧، ل٩٨)، ژ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وان: گرنگیدانا ب چاندنا داران، عمبارکرنا ئاڤێ، زێدەکرنا شکەفتان، زاڤکرنا زێرەڤانان، گرنگیدانا ب دراڤی و دروستکرنا سندۆقەکێ، دەرئێخستنا سیستەمێ باجێ (دەهێکییێ). (بازو، ٢٠١٧، ل١٠٢) هەتا نها ژێ شێخێن شەرفەدینان ل ناڤ ئێزدیان هەنە، سەرەڕایی هندێ ((پێشیمامێ بابێ شێخ و پێشیمامێ عەشیرا چێلکان ژ بنەمالا شەرفەدین دهێنە راکرن.)) (رەشۆ، ٢٠٠٤، ب١، ل٤٧٩)

**٢.هەولێن شێخ حەسەن ژ بۆ بنیاتنانا قەوارەیەکی سەربەخۆ**

**٢-١.ژلایێ هەرەمیڤە**

شێخ حەسەنێ ئادانی، زێدەتر وەکی دەرویش و بابچاک و خودانێ پەرتووکا پیرۆزیا ئێزدیان (جەلوە) دهێتە ناسکرن، لێ ئەوی هزرێن نەتەوەیی و سیاسی ژێ هەبووینە، شێخ حەسەن ((رێبەریا ئێزدیان کرییە و داخازا دەستهەلاتداریەکە سەربەخۆ ل کوردستانێ کرییە.)) (سلۆ: ٢٠٠٥، ل١٥٥) ئانکو ل بەر بوو کیانەکی سەربەخۆ، یان ژێ بێژن: دەولەتەکا رامیاری دامەزرینیت (الرويشدي، ١٩٧١، ل٣٦) ئەڤ چەندە ژ ئەنجامدانا کارێن وی دیار دبیت، ژ وان: هندەك پلە د جڤاتا ڕۆحانیدا زێدەکرن و بۆ هندەکان ژێ ناسناڤ زێدەکرن، ئانکو هەرەمێ ئایینی و جڤاکی سەرژنوویی دارژتەڤە و ریفۆرم کر، وەکی: وەزیر، نقیب، پێشیمامێ مەلک شێخ سن، چاویش، خزنەدار. (Hesen, 2010, l. 3-4) و هەر ئێک ژ وان خودان ئەرکێن خۆیێن تایبەت و دیارکرینە، و ب ڤی رەنگی:

